# بەرەو بنەماگەلێکی تازە و هاوچەرخ بۆ فیقهی ئیسلامیی

## بناغەکانی یاساسازیی لە بواری باری کەسیەتیدا

وەصیەت ـ میرات ـ پایەداریی و قیوامە ـ هاوسەرگیریی و چەندیەتیی لە هاوسەرگیریدا ـ مولکولیەمین ـ دەس لەیەك بەردان و تەلاق ـ پۆشاك

**(بەرگی یەکەم)**

**نوسینی: د.محەممەد شەحرور**

**بەکوردیی کردن: ئیبراهیم میکە عەلی**

ناساندنی کتێب ...

ناوی کتێب: بەرەو بنەماگەلێکی تازە و هاوچەرخ بۆ فیقهی ئیسلامیی،بەرگی یەکەم.

نووسین ............... د.محەممەد شەحرور

بەکوردیی کردن ...... ئیبراهیم میکە عەلی

بابەت .............. ڕەخنە و چاکسازیی لە هزری ئاییینییدا

تیراژ ............... ٥٠٠

چاپخانەی .......... حەمدی

نەخشەی بەرگ ..... ڕەوشت محەممەد

ساڵی چاپ ......... ٢٠٢٠

ژمارەی سپاردن .... لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی ( )
ی ساڵی ٢٠٢٠ پێ دراوە.

## بەناوی خواوەندی بەخشندەی میهرەبان

﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ الرّوم/٣٠.

﴿قَالَ يَاقَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِنْ كُنتُ عَلَى بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّي وَرَزَقَنِي مِنْهُ رِزْقًا حَسَنًا وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَى مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ﴾ هود/٨٨ .

**سوپاس و دەسخۆشیی .....**

**- سوپاس و دەسخۆشیی و پێزانینی گەرم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە یارمەتیدەرم بوون لە تەواو کردن و بەچاپ گەیاندنی ئەم بەرهەمەدا.**

**- هەروەها بۆ هەموو خوێنەرێکی خۆشەویست کە کاتی دەبەخشێت بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە.**

سەرنج ڕاکێشانێکی پێویست

پێم خۆشە سەرنجی خوێنەری خۆشەویست ڕابکێشم بۆ ئـەوەی کە: هەموو ئەو بابەتانەی لە کتێبەکانی پێشترماندا هاتوون و لـە هەنـدێ بابەتدا لەگەڵ ناواخنی ئەم کتێبەماندا ڕێك نایەنەوە، هەموویانمان لەم کتێبەدا ڕاس کردوونەتەوە.

چوونکە ئەو ڕەویە و مەنهەجەی کە ئێمە پەیڕەویی لێ دەکەین، خۆی پەنجە دەخاتە سەر ئەو خاڵانەی کە نـەساز و نـەگونجاون و بـەبێ نازکردن و خۆلادان، پەردەیان لـەسەر لا دەدات و هەوڵـی چـارەسەریـان دەدات، بـەمەبەستی گـەیشتن بـە تێگەیشتنێکی بـاشتر و گـونجـاوتـریـش، شەرم نـاکـەین لە پـێداچوونـەوە و خوێندنەوەی دووبارەدا بۆ نووسینەکانمان،

**محەممەد شەحرور**

# پێڕستی بابەتەکان


پێشەکیی وەرگێڕ ........................................ ٧

پێشەکیی چاپی چوارەم ........................................ ١١

پێشەکیی ........................................ ١٣

**بەشی یەکەم:** بوونی بنەڕەتیی و تێپەڕبوون بەکاتدا و گۆڕانی سەرەمرە ............... ١٩

**الله چییە؟** ........................................ ٤٢

بوونی بنەڕەتیی و تێپەڕبوون بەکاتدا و گۆڕانی سەرەمرە ........................ ٥٥

بوونی بنەڕەتیی و گۆڕانی سەرەمرە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێدا ... ٧٦

**بەشی دووەم:** بەرەو بنەماگەلێکی تازە بۆ یاساسازیی و تەشریع

(تێپەڕبوونی فیقهی ئیسلامیی بە مێژوودا) ........................................ ٨٩

ئەو هۆکارانەی بوونەتە خوازیار بۆ خوێندنەوەی هاوچەرخ ........................ ١١٢

لەبارەی ئەوەوە کەپێی دەگوترێت: زانستی هۆکارەکانی دابەزین ........................ ١٢٠

هۆکارەکانی پشت دانانی زانستێك کە ناونراوە (هۆکارەکانی دابەزین ـ أسباب النزول) ..... ١٣٢

بناغە و بنەڕەتەکانی خوێندنەوەی هاوچەرخ ........................................ ١٩٢

**بەشی سێیەم:** پەیامی پێغەمبەرایەتیی و ئەو بابەتانەی کە لە خۆی گرتوون ......... ٢١٥

لە بارەی سوو (**الربا**) و خێرات (**الصدقات**) ەوە ........................................ ٢٣٦

خوێندنەوەیەك بۆ ئایەتی: دزیی ـ **السرقة** ........................ ٢٥٨

**بەشی چوارەم:** سوننەتی پەیامهێنیی و سوننەتی پێغەمبەرایەتیی ................ ٢٧٥

سوننەت لە کەلەپووردا ........................................ ٢٨٠

سوننەت لە دابەزێنراوی بەجێدا: **یەکەم: محەممەد** وەك پیاوێکی ئاسایی ................ ٢٨٤

**دووەم: محەممەد** وەك پەیامهێن ........................ ٢٨٦

**سێیەم: محەممەد** وەك پێغەمبەر ........................ ٣١٤

پوختەی باس و بابەتی سوننەتی پەیام هێنیی و سوننەتی پێغەمبەرایەتیی .......... ٣٢٢

**بەشی پێنجەم:** یەکسانیی و هاوتایی ـ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی و هاوتایی .......... ٣٢٥

١ـ یەکسانیی ژمارەیی ................................ ٣٢٦

٢ـ یەکسانیی لە کۆمەڵگەکاندا .......................... ٣٢٧

کۆمەڵگەی مەدەنیی چارەسەرە ................................ ٣٤٢

شورا و دیموکراتییەت و چەمك و تێگەیشتنی کۆدەنگیی (ألإجماع) ................ ٣٥٣

## پێشەکیی وەرگێڕ

بەکوردیی کردنی ئەم کتێبە لەو باوەڕەمانـــەوە سەرچاوە دەگرێت کە، سوود وەرگرتن لە مەعریفە و زانینی کەسایەتیی و گەلانی تـریش، هیچ جیاوازییەکی نیە لە سوود وەرگرتن لە توانا ناوخۆییەکانی خۆمان، چوونکە مەعریـــفەی مرۆڤیـی، دواجار هەمووی یەکێکە، بۆیە لە کاروانی نووسین و وەرگێڕانمدا، سوودم لە نووسین و زانینـی هەڵکەوتوانی گەلانی تری وەك: فارس و عـــەرەب و چـــەندن نووسەر و هەڵکـەوتـەی ئـەوروپییش وەرگرتووە، چ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بێت، یـان لـە چاپکراویی سەربـەخۆدا، بـەرهەمم کردوون بـەکوردیی و بڵاوم کردونەتەوە.

ئەم کتێبـەی بەردەسی خوێنـەری بـەڕێزیش، کتێبێکـی عەرەبییە و نووسینی کۆچکردووی ڕەحمەتیی: د.**محەممەد** شەحرورە، نـاوی کتێبە عەرەبییـەکە (**نحو أصول جديدة للفقه الإسلامي**)ە، بەکوردیـی ناوم لێنـاوە (بەرەو بنەماگـەلێکی تـازە و هاوچەرخ بۆ فیقهی ئیسلامیی)، لە وەرگێڕانەکەیدا چەندم بۆ کرابێت هەوڵم داوە نووسینێکـی ڕەوان و نـەرموو نیـان بێت، بەڵام دواجار چوونکە بابەتەکە لە بەشـی یەکەمدا فەلسەفیـی و لە بەشەکانی تریشیدا فیکریی و زانستییە، هەر کەمێك وشکیـی پێوە دیارە، چوونکـە زمانی فیـکر و فەلسەفە و زانست و زانین، تـایبـەتمەندیـی خۆی هەیـە و جیـایـە لـە زمانـی ئەدەبیـی و ڕۆمـان و چیرۆك و مێژوو...تاد، بۆیە پێویستە خوێنەر پێشینەیەکـی مەعریفیی هەبێت، ئەوجا دەس ببات بۆ ئەم چەشنە نووسینانە.

ئەگەر تۆی خوێنەری خۆشەویستیش، ویستت سوود لەم کتێبە ببینیت، هەوڵ بدە لەسەرەتاوە و لـەسەرخۆ لـەگەڵیدا بڕۆ، بـۆ ئـەوەی ئـاشنـا ببیـت بـە ڕەواڵی نووسینـەکـەی نووسەر و وەرگێڕانەکەی منیش و ئەو وشە و ڕستە و چەمکانەش کەتیایاندا بەکار هێنراون.

چوونکە لە زمانی وەرگێڕانەکەدا، چەندین وشە و دەستەواژەم بە مەبەستی تایبەتەوە بەکارهێناون و تێکەڵ کردنیان زیان لە تێگەیشتنی بابەتەکان دەدات، بۆ نموونە: لە وەرگێڕانەکەماندا، خوا، جیایە لە خواوەند. دابەزێنراوی بەجێ، جیایە لە قورئان. پەڕاویش جیایە لە پەیام. پەیامهێنیش، جیایە لە پێغەمبەر. مرۆڤیش، جیایە لە بەشەر.

خاڵێکی تریش کە بەپێویستی دەزانم سەرنجی خوێنەری بۆلا ڕابکێشم بریتییە لەوەی کە: نووسەر بەسروشتی کاری خۆی، کاتێك ڕەخنە لە هەر بابەتێك دەگرێت و دەیەوێت قسەو دیدی خۆی وەك جێگرەوەیەك بخاتە ڕوو، نایەت یەکسەر دیدەکەی خۆی پێش بخات، بەڵکو پێشەکیی ڕەخنەیەکی ورد و بابەتیی و هەمەلایەنە لەو شتە دەگرێت کە بەلایەوە ناپەسندە، دواتر و لەبڕگەیەکی سەربەخۆدا، دیدەکەی خۆی دەخاتە ڕوو.

ئەم کارەی نووسەریش وای کردووە کە (هەرچەندە لە چەندین جێگەدا داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکات بەهۆی درێژە پێدانی تاوتوێ و ڕەخنەکانیەوە)، ئەگەر خوێنەر بە نەفەسێکی درێژەوە بڕیاری خوێندنەوەی نووسینەکانی نەدات، ماندوو دەبێت لە خوێندنەوەکەیدا.

نموونەی ئەم ڕاستییەش لەم کتێبەدا جێبەجێ بووە، بۆیە پێویستە خوێنەر (وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا) لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا، کە بەش و بابەتێکی سەربەخۆیە (بەڵام وەك زەمینە خۆش کردن بۆ دوای خۆی پێویستە)، ماندوو نەبێت، تا دەگاتە لاپەڕە ١١٣، ئەوجا دەبینێ، نووسەر پاش ئەو ڕێگەخۆشکردنانەی پێشەوە، لەوێ دید و خوێندنەوەکانی خۆی دەخاتە ڕوو.

پێویسە بڵێم: سەبارەت بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی نووسەر بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبەی، لە ساڵی ٢٠١٤ ز لە ڕێگە گۆڕینەوەی نامەی ئەلکترۆنیەوە، داوای ڕەزامەندیی نووسەرم کرد بۆ وەرگێڕانی کتێبی (پوکاندنەوەی سەرچاوەکانی توندوتیژیی و تۆقاندن)، بەڕێزی بەو پەڕی سنگ فراوانیەوە، ڕەزامەندیی بۆ وەرگێڕانی سەرجەم نووسینەکانی بۆ کوردیی، دەربڕیی و

داوای کرد و هیوای خواست کە: لە کتێبی **(الإسلام والإیمان)** ە وە دەست بـــکەم بەوەرگێڕانی کتێبەکانی و دواتر ئەم کتێبەی کە ئێستا لە بەردەستی بەڕێزتایە وەربگێڕم.

بـەڵام لــەبــەر ئەوەی من لــە وەرگێڕانــی کتێبی (پوکـــاندنەوەی...) زۆر ڕۆشتبـــووم و بۆ هەلومەرجـی کۆمەڵگــەی خۆشمان وەرگێڕانـــی ئەوکتێبەم زیـاتر لا مەبەست بوو، نەمتوانی داواکەی ئەو جێبەجێ بکەم و لــە کتێـبی **(ألإسلام والإیمان)**ە وە دەست پـــێ بکـــەم، بــەڵام خۆشبەختانە بۆ کتێبـــی دووەم، چوومەوە سەر ڕاسپاردەکەی ئەو و ئــــەم کتێبـــەم هەڵبژارد بۆ وەرگێڕان، پێشتریش لەگەڵ کتێبی(پووکاندنەوەی سەرچاوەکانی...)دا و لە بەشی یـەکەمی کتێبەکەدا، کتێبی **(دلیل القراءة المعاصرة للتنزیل الحکیم)**ی نووسەرم وەرگێڕاوە و هەردووکیانم لە یەك بەرگدا لە چاپ داون، چوونکە ئەو نوسخەی من وەرم گێڕا، هەردوو کتێبـەکە پێکەوە بوون و منیش پێکەوە وەرم گێڕان و پێکەوەش چاپم کردن.

هەروەها نامیلکەی (قەزاوقەدەر چەند چەمکێکی ئاوەژووکراو) کە لە بنـەڕەتدا بابـــەتێکی سەربەخۆی نووسەرە و لە ئینتەرنێتەوە بڵاوی کردوەتەوە، من لە شێوەی نامیـــلکەیەکدا وەرم گێڕاوە و لە چاپم داوە.

واتە: بەم کتێبـــەوە، ئەمە دەبێتــە چوارەم بەرهەمی نووسـەر، کـە من وەریدەگێڕم، خواوەند توانا و تەمەن بدات، تا بتوانم درێژە بەم کاروانە دەدەم.

دەقی ڕەزایەتنامـەکـەی بــەڕێزی بەم شێوەیـە بوو: {**نود إعلامکم بموافقة الدکتور شحرور علی ترجمة کتبه للکوردیة، مع تمنیاته بأن تـکون الافضلیة لکتابه (الإسلام والإیمان)** و **(نحو أصول جدیدة للفقه الإسلامي)** } واتە: پێمان خۆشە ڕەزامەندیـــی دکتور شەحرورتان پێ ڕابگەیەنین لەبارەی وەرگێڕانی کتێبـــەکـانیـــەوە بۆ زمانی کوردیی و هیـــواشـی وایــە سەرەتـــا، هەردوو کتێبی **(الإســـلام والإیمان)** و**(نحو أصول جدیـدة للفقه الإسلامـــي)**، پێش بخرێن لــە پرۆسەی وەرگێڕانـــی کتێبەکانیدا.

بەڵام بەداخەوە کاتێك دەسم کرد بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە، پاش چەند ڕۆژێك نووسەری بەڕێز کۆچی دوایی کرد و بەجێی هێشتین، بۆیە لێرەوە داواکارم خواوەند هەوڵەکانی لێ وەرگرتبێت و پاداشتیی نەبڕاوەی بداتەوە لەسەریان.

ئیبراهیم میکە عەلی

سلێمانی/ ٨/٨/٢٠٢٠

## پێشەکیی چاپی چوارەم

پێشتر ئەم کتێبە بەناوی (**نحو أصول جديدة للفقه الإسلامي ـ فقه المرأة**) و لەساڵی ۲۰۰۰ز لە لایەن **دارالأهالي** ەوە لە شاری **دیمشق**، لە چاپ دراوە و بڵاو کراوەتەوە، پاشان لە ساڵەکانی ۲۰۱۵ و ۲۰۱٦ز لە شاری **بیروت** و لەلایەن **دارالساقي** ەوە، دوو جاری تر چاپ کراوەتەوە.

لە ساتەوەختی دەرکەوتنی ئەم کتێبەوە تا ئێستا، چەن کتێبێکی ترم نووسیوە، گرنگترینیان بریتین لە: (**السُنة الرَّسولية والسنة النَّبوية، الدِّين والسُّلطة، أم الكِتاب وتَفصيلها**)، تا دواجار کتێبی (**الإسلام والإنسان**)م نووسیی.

بەم شێوەیە و لەگەڵ بەردەوام بوونمان لە پەیڕەو کردنی ڕەویە و مەنهەجەکەماندا لە خوێندنەوەی هاوچەرخدا، ڕۆژ بەڕۆژ باوەڕمان دامەزراوتر و بەهێزتر دەبێت بەڕاستیی و دروستیی ئەو ڕەویە و مەنهەجە، لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوت کردنیدا لەگەڵ دەقەکانی دابەزێنراوی بەجێدا.

شانازیی ئەم سەرکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاکامانەی کە تا ئێستا پێی گەشتووین، بەتایبەت لەو بوارەدا کە پەیوەستە بە خستنە ڕووی بنەماگەلێکی تازە بۆ تەشریع و ڕێساسازیەکی ئەوتۆ کە مۆرکێکی مرۆڤانەی جیهانیی لەخۆ بگرێت، لەم سۆنگە و ڕوانگەیەوە بە باشمان زانیی هەستین بە پێدا چوونەوە و هەموار کردنی چەند بابەتێك کە لە چاپەکانی تری ئەم کتێبەدا هاتبوون، ئەم پێدا چوونەوە و هەموارکردنەوەیەش لە چوار چێوەی خوێندنەوەیەکی تازەی ئەوتۆدایە کە زیاتر لە جاران بەرچاو ڕۆشنترین.

لەم چاپە نوێیەدا چەند ڕاسکردنەوە و پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتیی کراوە لە کتێبەکەدا، لە لایەك ڕێکخستنەوە و ڕیزبەندیی بەشەکانی گۆڕاوە و لەلایەکی تریشەوە پێداچوونەوە و

ڕاسکردنەوەی ڕیشەیی و بنەڕەتیی کراوە بۆ چەن بابەتێکی بەتەواوەتی، چوونکە پێدا چوونەوەمان کردووە بە دید و دونیا بینیماندا بۆ بابەتی **(السنة الرَّسولية والسنة النَبويَّة)**.

بەدیدێکی تازەتریشەوە بابەتی میراتمان خوێندوەتەوە و جیاواز لەوەی پێشوو خستومانەتە ڕوو، لەگەڵ ئەم خوێندنەوە تازەیەدا، هەستاوین بە دەس نیشانکردنیی واتا و مەفهومی هەریەك لە **(الكِتَاب)** و**(الفَريضَة)**.

بە هەمان شێوە بابەتی هاوسەرگیریمان بە وردتر باسکردووە، چەن بابەتێکی تازەشمان بۆ زیاد کردووە کە پێشتر باسیان لێوەنەکرابوو، وەك: بابەتی **(مولك االيَمين، الطلاق، الأم العازبة)**، بەم هۆکارانەوە و لەسەر ئەم بنەمایە، ناوی کتێبەکەمان گۆڕیی، تا ناوەکەی گونجاو تر بێت لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا. پاش دڵنیابوونمان لە گرنگیی و بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دامەزراندن و پایەدارکردنی تێگەیشتنی هاوچەرخ بۆ دەوڵەتی مەدەنیی، بە پێویستمان زانی هەروەك چۆن لە کتێبە پێشوەکانماندا خستبوومانە ڕوو، لێرەش بیخەینەڕوو و جێبەجێی بکەین، بەتایبەت پاش ئەوەی کە بینیمان شۆڕشەکانی جیهانی عەرەبیی بێ ئاکام مانەوە،چوونکە پێش بەرپاکردنی شۆڕشەکان لەوچەند وڵاتەدا پڕۆژەیەکی فیکریی هاوچەرخی لەم چەشنە نەخرابوویە ڕوو، بەو پێیە دڵنیا بووین کە پێوییستیی خستنە ڕووی ئەم پڕۆژەیە بوەتە خواستێکی گرنگوداواکراو.

بەیرووت

٢٠١٧/١١/٢

## پێشەکیی

چوارده سەده و چەن ساڵێك تێپەڕ بوو بـــەسەر بەپێغەمبەر بوونی محەممەد دا، پەیامهێن (سلاوی لەسەر) ساڵــی ٥٧٠ز لـــەدایـــك بووە و ساڵــی ٦٣٢ز کە دەکاتە ساڵی ١٠ك وەفاتی کردووە، ئێستـــە ئێمـــەش لە سەدەی ٢١ زاینیداین، پاش ئەوەی کە دوونیا خەریکە دەبێتە گوندێکـــی بچکۆلە، ئایا هێشتـــا مافـــی خۆمان نییـــە بپرسین: ئایا ڕاستاندن و ئاسەواری ئەم پەیامەی کە چوارده سەده و کەسرێکە هاتـــووە، لەکوێدایە؟ بەتایبەت کە ئێمەی باوەڕدار بەو پەیامە، هەمیشە پاش خوێندنەوەی قورئـــان و پەیامەکەی، لەبەر خۆمانەوە دەڵێین: **صَدق اللهُ العَظيم، وَصَدقَ رَسُولُه الكَريم، ونَحن على ذلك لَمِنَ الشاهدين؟!**

### ئێمە بەڕاستیی و بەکردار باوەڕمان وایە کە:

١ـ پەیامەکەی محەممەد، کۆتا پەیـــامـــــــی ئـــەو ئیسلام و ئایینەیە کە: بە نووح دەستی پێ کردو و بە محەممەد کۆتایــــــی هات، لـــە نێـــوان ئەم دوانەشدا هەموو ئەو پەیامانە هاتوون کە ئێمە بـــاوەڕمان بەهەموویـــان هەیە و جیاوازیـــــــی ناکەین لە نێوانیاندا (سلاو لەسەر هەموویان).

٢ـ پەیامەکەی محەممەد،کۆتـــا پەیـــامە و هەروەها خۆیشـــی بەندەی خواوەند و پەیامهێنی ئەو بوو، دوای ئەویش هیچ پەیامهێنێك نیە و نابێت.

٣ـ پەیامەکەی محەممەد، پەیامە بۆ هەموو دانیشتوانی سەرزەویـــی بەگشتیـــی، بە وشکانیی و ئاویەوە، بە دەشت و چیـــاو دارستان و بیابانەکانیەوە، بـــە سپیـــی پێست و ئـــەسمەر و ڕەش پێستیەوە، بە سوور و سپیی و گەنم ڕەنگیانەوە.

٤ـ پەیامەکەی محەممەد،پەیامێکە بۆ هەموو هۆز و نەتەوەکان لەسەر ڕووی زەویی، بە عەرەب و تورك و کورد و ڕۆم و... تاد، تایبەت نییـــە بە نەتەوەیەکەوە و نەتـــەوەکانی تری لێ بـــێ

بەش بکرێت، هەروەها تایبەت نیە بە زمانێك یان نەژادێکەوە و ئەوانی تری لێ بێ بەش بکرێت.

٥ـ پەیامەکەی **محەممەد**،بەو پێیەی کە کۆتا پەیامە، پەیامە بۆ هەموو سەردەمێك کە تا ڕۆژی دوایی بەدوای سەردەمیی هاتنیدا بێت، هەروەها تایبەت نییە بە خەڵکی سەدەی حەوتەمی زاینیی و چەند سەدەیەکی تری دوای ئەو سەدەیە.

ئەم باوەڕەشمان لە بنەڕەتەوە، پشت ئەستوورە بە باوەڕمان بەوەی کە، هەموو ئایەتەکانی پەیامیی ئاسمان و دابەزێنراوی بەجێ، لە خواوەندەوە بۆ پەیامهێن (سلاوی لەسەر) هاتووە، وەك دەفەرموویێت: ﴿**مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا**﴾ **الاحزاب/٤٠**. واتە: **محەممەد** باوکی هیچکام لە ئێوە نیە و پەیامهێنی خواوەندە و کۆتایی پێ هێنەری پەیامهێنانە و خواوەندیش لە هەموو شتێك بە ئاگاو زانایە.

﴿**وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ**﴾ **الانبياء/١٠٧**.

واتە: تۆمان بۆ هیچ مەبەستێك نەناردوە بێجگە لەوەی کە سۆز و بەزەیی و ڕەحمەت بیت بۆ هەموان.

دەپرسین ئایا لەڕوانگە و پێگەی ئەم باوەڕەمانەوە، مافی خۆمان نییە بپرسین: کوا ڕاستاندن و میسداقیەتی ئەم پەیامە... نەك بە تەنها لە شارەکانی مەککە و یەسرب، بەڵکو لە تۆکیۆ و پاریس و مونتریاڵ، نەك تەنها لە سەدەی حەوتەمدا بەتەنها، بەڵکو لە سەدەی دەیەم و بیستەم و تا دەگاتە سەدەی نەوەدەمیش؟

مافی خۆمان نیە بپرسین: ئایا ئەوەی کەلە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و وتار و گوتارەکانەوە دەیبسین و دەیبینین و دەیخوێنینەوە، بریتییە لەو ئیسلامەی کە وەك ئایینێکی تاکناسیی، بوونی تایبەتیی خۆی هەیە؟

یان مەبەسیان ئەو ئیسلامە مێژوویییەیە کە لەپێك هێنان و دارشتنیدا، سەردەمانێکی مێژوویی رۆڵیان هەبووە و دواجار لە ژێر کاریگەریی، هەندێ جار کۆمەڵایەتیی و هەندێ جار سیاسیی و چەندین جاریش مەزهەبیی ئەوسەدانەدا رەنگرێژ کراوە و دارێژراوە؟

ئەگەر لەوەڵامی ئەم پرسیارەماندا بگوترێت: (زۆریشن ئەوانەی کەوا دەڵێن) ئیسلام شتێکە و ئەوەی ئێمە دەیبینین و دەیبیسین شتێکی ترە، یان ئەگەر بگوترێت: ئیسلام شتێکە و موسڵمانان شتێکی ترن، ئەم چەشنە قسانە لای ئێمە، تەنها یەك واتا و مانایان هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی کە: ئیسلام ئایینێکی تیۆریی و نەزەریە و لە بۆشاییدایە و تەنها لەسەر لاپەڕی کتێبەکاندایە و بەس، کتێبەکانی سەدە ئاڵتونیەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام و کتێبەکانی تەفسیر و صیحاح و مەسانید و سونەنەکان، بەو هەموو جیاوازیی و ناکۆکیی و تەلیسم و لوغز و گرفتانەوە کە ئەو کتێبانە پێوەی دەناڵێنن.

دەپرسین ڕاستاندن و ڕاستیەتی پەیامەکەی **محەممەد** (سلاوی لەسەر) لەکوێدایە؟!

کوا ئەو ئیسلامەی کە چواردە سەدە لەمەوبەر، وەك وەحیی و نیگایەك دابەزێنرایە سەر دڵی **محەممەد** پێغەمبەر... وە ئایا ئەو ئیسلامە ئێستا لەکوێیە و چۆنی پەیدا بکەین؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە گرفتێکی تەواو گەورەیە، ڕووبەڕوو بوونەوەی پرسیارەکانیش گرفتێکی لەو گەورەترە.

ئەگەر ئێمەش (وەك ئەوان) بڵێین: ئیسلام بریتییە لەو دۆخەی کە باوەڕداران بە پەیامەکەی **محەممەد** تیایدا ژیان بەسەر دەبەن، ئەوا ئەو دۆخ و هەلومەرجەی ئەوانی تێدان تووشی شڵەژانمان دەکات،چوونکە بەداخەوە لەسەر گۆی زەمیندا هیچ ئومەت و گەلێك، لەوان کەساس تر و ڕووت و ڕەجاڵ تر و ناکۆکتر نییە، ئەو هەلومەرجەی کە ئومەی **محەممەدیی**

تێیــدا دەژیــی، زەقترین پێچــەوانــە و دژی ئــەو ئایەتەیە کە دەفــەرموویێت: **﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ... ﴾ ال عمران/ ١١٠.**

واتە: (ئێوە گێڕران بە باشترین ئومەت کە لەناو خەڵدا سەری هەڵدابێت، ئەویش تەنها بەهۆی ئەوەوە کە فەرمان دەکەن بەچاکە و ڕێگریی دەکەن لە خراپە و باوەڕدەهێنن بە خواوەند...). ئەگەر بیشڵێین: بڕۆن بەهەموو جیهانـدا بگەڕێن بەدوای ئیسلامدا، لەناو گەلانی تردا بگەڕێن بەدوای بەها باڵاکانی و ڕەوشتە بەرزەکانیــدا، دونیامان لێ دەهێننە دەنگ و هاوار دەکەن و دەڵێن: چۆن ئیسلام لەلای گەلان و نەتـــەوەکانی ترە، لــەکاتێکدا کە ئەوان باوەڕیان نییە بە پێغەمبەرایەتیی **محەممەد** و ئیمانی پێ ناهێنن؟

ئەگەر مەسەلەکە نە ئەوەی ئێوە بێت و نە ئەوەش کـــە ئێمە گوتمان، ئەی ئیسلام لەکوێیە و چۆنی پەیدا یکەین و لە کوێ بۆی بگەڕێین؟

لە زانکۆ و حەوزەکانــی: ئەزهەر و زەیتونە و نەجەف... یـــان لـــە مەککە و قوم و بەغدا و قودس؟

ئـایـا لە ڕوانگـە و بەچاوی شافعیـی ومالك و سادقـەوە، بـــەدوای ئیسلامدا بگەڕێین، یان بە چاوی خۆمان و لەمرۆماندا کە تیایدا دەژین؟ ئایا ئیسلام لە کتێبەکانەوە بخوازین، یان لە هەلومەرجی ژیان و واقیعەوە؟

ئەگەر بڵێین: لــە هەلومەرجی ژیان و واقیــعەوە، مەبەستمـان کـام هەلومەرجــی ژیـانە و کام واقیعەمان مەبەستە؟

هــەلومەرجی ژیان لـــە سەدەی حەوتی زاینییـدا، یان هەلومەرجــی ژیان لە سەدەی بیست و یەکەمدا؟

تا دواجار دەگەینە ئەوەی کە بڵێین: پێویستە پرۆسەی بەدواداگەڕان و توێژینەوەکەمان، لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنمانەوە بۆ ئەو پەڕاوە دەسپێبکات، ئەو پەڕاوەی کە لە هیچ ڕوویەکەوە نارێکیی و نادادیی تێدا نیە.

لەم حاڵەتەشدا ڕووبەڕووی چەندین گرفت دەبینەوە کە ناهێڵن هەوڵ بدەین لە ڕێگەی توێژینەوە و بەدوادا چوونەوە بۆ ئایەتەکانی ئەو پەیامە، ئیسلام بدۆزینەوە.

پێویستە ئەو ڕاستییەش بڵێین: کە هەموان باوەڕیان بەوە هەیە کە ئێمە باوەڕمان پێیەتی و لەم چەند دێڕ و دەربڕینەی ڕابوردوودا خسمانەڕوو، هەردوولامان باوەڕمان بەڕاستیی ئەوە هەیە کە دەفەرموێت: ﴿**وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ**﴾ **الانبیاء/١٠٧.**

هەمووشمان باوەڕمان بەو فەرموودانەی پەیامهێن هەیە کە بە هەموو خەڵك دەڵێت: من پەیام هێن و بژاردەی خواوەندم بۆ هەمووتان بەگشتیی. باوەڕیشمان بەوە هەیە کە پەیامەکەی **محەمەد**، کۆتا پەیامە و شیاوە بۆ هەموو سەردەم و هەموو شوێنێك تا ئەو کاتەی قیامەت بەرپا دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕێگە نادەین بە هیچ قسەیەك ئەگەر پێشتر سەرانی پێشین نەیان گوتبێت، هەروەها ڕێگە بەهیچ تێگەیشتنێکی تازە بۆ پەیامی خواوەند نادەین، ئەگەر لە دەرەوەی تێگەیشتنی تەبەری و ئیبنوکەسیر و سیوتیەوە بێت، دانیش نانێین بە هیچ ڕا و بۆچوون و ئیجتیهادێکدا ئەگەر لە یەکێك لە کتێبەکانی کەلەپووردا نەهاتبێت! ئەوان لەڕووی تیۆریی و نەزەرییەوە باوەڕیان بەو ئایەتە هەیە کە دەفەرموێت: ﴿**كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ...**﴾ **آل عمران/١١٠.**

بەوپەڕی وردیی و سەرنجەوە باوەڕیان هەیە بەداگرندەیی و شمولیەتی کرداری (**کُنتم**) کە ڕابوردوو ئێستە و داهاتوو دەگرێتەوە، بەڵام بەکردار، گوتەی خواوەند کە (کنتم)ە، واجێبەجێ دەکەن کە گوایا تەنها ڕابوردوو دەگرێتەوە، وە وادەکەن گوایا: (**خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ**) تەنها

بریتیە لە ئوممەی سەدە ئاڵتونی و سەرەتاکانـــی سەرهەڵدانی پەیامـــی **محەممەد** و هیچ ئوممە و گەلێك دوای ئەوان بۆی نییە بڕوانێت و سەرنج بدات و تێبگات و شیـــکار و بەدواداچوونی بۆ هیچ دەقێك هەبێت.

لەمەش زیاتر دەڕۆن، گەشە کردن و خوازیارانـــی گـەشەکردن و نویٚ خوازیـی، بە کافر دەزانن و، بۆ جێبەجێ کردنی گونجاویەتیی پەیـــامەکەش، داوای گەڕانەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو دەکەن، گەرچی بە زەبری هێزیش بووە، بۆ ئەوەی کە خەڵك و هەلومەرجی ژیانیان لە سەدەی بیست و یەکەوە بگێڕنەوە بۆ سەدەکانـــی حەوت و هەشتی کۆچـــی، بیـــریان چووە کە گۆڕانی مێژوو و تێپەڕبوونی کات، لە گەشەی بەردەوامدایـــە و ناوەستێت، چ بـگات بەوەی کە بەرەو دواوە بیگێڕنەوە! ئەمەش لە ڕەوش و یـــاسا و سوننەتـــی خواوەندە و هیچ چـــەشنە گۆڕانێکیش بۆ ڕەوش و سوننەتەکـــانـــی پـــەیدا نابێت. پێشتر گوتمان: وەڵامدانەوەی ئەو پرسیـــارانەی کـــە خستنمانە ڕوو، گرفتێکی زۆر گەورەیە، ڕووبەڕوو بوونەوەشیـــان گرفتێتکـــی لەو گەورەترە، ڕووبەڕوو بوونەوەش کاتێك دەبێت کە دەست بخەینە سەر کلیلەکانی کردنەوەی ئەو گرفت و گرێ کوێرانە، لەوانەیە دیارترینی ئەو کلیلانە بابەتی: (**الكَينونة، السَيرورة، الصَيرورة**) بێـت. واتە : بوونی بنەڕەتیی و تێپەڕبوون بەکات و گۆڕانیی سەرەمرە.

# بەشی یەکەم

## بوونی بنەڕەتیی و تێپەڕبوون بەکات و گۆڕانی سەرەمرە

## (الكَينونة، السَيرورة، الصَيرورة)

واتا و تێگەیشتن لە: بوونی بنەڕەتیی و تێپەڕبوون بەکات و گۆڕانیی سەرەمرە:

١ـ تێگەیشتن لەواتای هەریەك لە کردارەکانی: (کانَ، سارَ، صارَ ـ هەبوو، تێپەڕیی، بووبە).

بەو پێیەی کە بوونیی بنەڕەتیی سەرەتای بوونە، تێپەڕبوونیش بەکاتدا بریتیە لە جولە و تێپەڕبوونیی کات، گۆڕانیی سەرەمرەش بریتیە: لەو ئاکامەی کە بوونە بنەڕەتیەکە دوای تێپەڕبوونی بەکاتدا پێی گەشتووە، بەم پێیە ئەم سێ کردارە، پێشتر و سەرەمرەش، تەوەرەی فەلسەفە و بڕبڕەی پشتی هەموو توێژینەوە ئیلاهیی ولاهوتیی و سروشتیی و مرۆییەکان بوون.

چوونکە ناوی کەینونە و بوون (Da-sein,being) لە (کانَ) هەبووە وە وەرگیراوە، سەیرورە و تێپەڕبوون بەکاتیش (process) لە (سَارَ) تێپەڕبوون بەکاتەوەیە، کە بریتییە لە جولەی تێپەڕبوونی کات، کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤەوەیە، بە هەمان شێوە (گۆڕانکاریی سەرەمرە ـ werden-becoming) یش لە (صَارَ)ەوە وەرگیراوە، یان ڕاستره بڵێین: یەك ڕیشەیان هەیە.

لێرەدا بابەتێکی زۆرگرنگ هەست پێدەکەین، کە بریتییـــە لە هاوملبوون و پەیوەست بوونی نێوان ئەم سێ تەوەرەیە، بەشێوەیەك کە هەریـــەك لەو تەوەرانە بەدوور لە دوانەکەی تر بوونی نابێت.

بۆ نموونە: (السَيرورة)، بەو پێیەی کــە بریتییـــە لــە جوڵەی کات، ئــەگەر ئەم جوڵەیە بەسەر بوونی هەبوویەکــی جولاّودا نەســـەپێت، ئەوا(ســـەیرورە و جوڵە و تێپەڕبوونی کاتەکــە) لە بۆشاییدا دەمێنێتەوە و واتایەکی نابێت.

چوونکە بوونی ئەو هەبووە جولاّوە، دواجار بەهۆی تێپەڕ بوونیەوە بەکاتدا وکاریگەر بوونیەوە بەو کاتەوە، ئــەوجا دەتوانێت لــە بــارێکەوە بگۆڕێت بۆ بــارێکـــی تر و صەیرورە و گۆڕان ڕووبدات، گۆڕانــی بەردەوامیش کاتێك ڕوودەدات هەبوویەك بوونی هەبێت و تێپەڕبوونی کاتی بەسەردا جێبەجێ ببێت.

ئــەم ڕاستییانەش وامان لێدەکــەن، سووربیــن لەسەر ئەوەی کە هیچ بوونێك بەبێ گەشەکردن نییە و نابێت، بەهەمان شێوە هیچ گەشەکردنێکیـــش ڕوونـــادات بــەبێ بوونــی بـــوونەوەر و هەبوویەك.

بابەیەکەوە سەرنجی ئەم هێڵکارییــە بدەین کە لەسەر بنەمای بۆشاییی داڕێژراوە، تا بە هۆیەوە لە چوارچێوەی نمونەیەکی ئەوتۆدا کە شایستـــەی تێگەیشتن و گشتاندن بێت، گوزارە و ئاماژە بدەین بەو سێ تەوەرەیە:




لەم سێ تەوەرەیـــەوە کە بەشێوەی ئەو هێڵکاریـــەی سەرەوە خستمانـــە ڕوو، دەشێ تاوتوێی چۆنیەتیی تێگەیشتن لە بوونی سروشتیی (گەردوون) تێبگەین.هەروەها دەتوانین لەم ڕێگەیەوە لە جوڵەی کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان تێبگەین.

چوونکە بوونی بنەڕەتیی لە بوونیی گەردوونیدا، بریتیە لەو بوونە ماددیەی دەرەوەی هەست و ئاگایی مرۆڤ.

سەیرورەش بریتییـــە لەکات و جوڵـــەی کات، واتە: جوڵـــەی کات یان تێپەڕبوونی کات، کە بەشێوازێك پەیوەستە بە ماددەوە، کە لێك جیاکردنەوەیان ئەستەمە.

بەڵکو ئەگەر تەوەرەی صەیرورە و گۆڕانـــی بەردەوام لە بەرچاو نەگریـــن، ئەم تێگەیشتنـــە تێگەیشتنێکی دووڕەهەندیی دەبێت و قەتیس دەبێت لە دووتەوەرەدا.

ئەگەر بەمەبەستی ئاسانکردنی لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردن، بتوانین لەڕووی تیۆرییەوە قسە و باس بکەین لە بارەی هەردوو تەوەرەی: مادده و کات (**الكَينونة و السيرورة**) ەوە، بە دڵنیاییەوە ناتوانین لەڕووی کردارییەوە ئەو کارە بکەین، چوونکە لێرەدا تەوەرەی سێیەم هەیە کە لە ئاکامی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەوەیە کە لەنێوان مادده و کاتدا هەیە، کە بریتییە لە گەشەسەندن و گۆڕان لە (**كانَ** ـ هەبوو)، لە دۆخی سەرەتاوە بۆ (**صَارَ** ـ بووبە) لە دۆخی دووەمدا.

ئەگەر بوون و گەردوون بئاخێنرێتە هەردوو تەوەرەی (**الكَينونة و السَيرورة**) بوونی بنەڕەیی و تێپەڕبوون بەکاتەوە و لە گۆڕان و گەشەسەندن بوەستێنرێت، ئەوا ئەو کات بوون و گەردوون لەسەر دۆخێکی تایبەت جێگیر دەبوو، هیچ چەشنە گۆڕانێکارییەك نەدەهاتە گۆڕێ و دیاردەی مردنیش هەڵدەگیرا و نەدەما، چوونکە مردن ئەو گۆڕانکاریەیە کە لە کەینوونە و بوونیی گیانەوەراندا دێتە ئاراوە و ڕوودەدات.

بەڵام بوونەوەرە نازیندووەکان (ئەوانەی گیانلەبەر نین) گۆڕانکاریی تیایاندا تەنها لە ڕووکار و شێوە و دۆخیاندا ڕوودەدات، ئەم ڕاستییەش لەم ئایەتەدا نومایان دەبێت کە دەفەرموێت:﴿**كلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ...** ﴾ **القصص/٨٨**.

واتە: هەرچی شتە چارەنووسیی بەرەو مردن و ڕۆیشتنە، بێجگە لەڕووی خۆی.

هەروەها ئەم ئایەتەش ئەو ڕاستیە پشت ڕاس دەکاتەوە کە دەفەرموێت: ﴿**كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ**﴾ **آل عمران/١٨٥و الانبياء/٣٥و العنكبوت/٥٧**. واتە: هەموو نەفس و گیانلەبەرێك مەرگ دەچێژێت.

ئەو یاسای تیاچوون و هلاکە، هەموو هەبووێك بێجگە لە خواوەند دەگرێتەوە، چوونکە ئەو پێش هەموو هەبوویەك هەبووە و هەر دەشمێنێتەوە.

ئەم یاسایەش لە هەردوو تەوەرەی تێپەڕبوون بەکات و گۆڕانی سەرمەڕەوە سەرچاوە دەگرێت.[1]

پوختەی بـــابەتەکە دەبێتە ئەوە کە: هەردوو تەوەرەی (بوونی بنەڕەتیی و تێپەڕبوون بەکاتدا) وەك دۆخ و ئاستێـــك، ئاوێنـــەی بالاّ نومـــای بوون و گەردوونـــن، بەهەموو پێـــکهێنەر و پێکهاتەکانیەوە.

بەلاّم تەوەرەی (گۆڕان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر) بریتییـــە لەو گۆڕان و جێبەجێ بوونەی کە بەردەوام لە گەردووندا دێتە گۆڕێ و ڕوودەدات.

ئـــەمەش بە ڕوونـــیی دەبینـــین هەرلـــە ساتەوەختـــی تەقینەوە سەرەتاییەکەی گەردوونەوە تا ئێستاش، ئەو کاتـــەی کە تەنـــها (فۆتۆن ـ photon) ەکان کە وردیـــلە تەنی تیشکین، دەرکەوتن و دواتر هەندێکیـــان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتوو و بوون بە (هایدرۆجین)، پاشان بوون بە (هیلیۆم) و دواتریش بەرەو چەند ڕەگەز و توخمێکـــی سەرەکیـی و دواتر کۆبوونەوەی ئەو توخمە سەرەکیانە بۆ ئەوەی چەندین پێکهاتەی نائەندامیی(**غیر عضوي**)بەرهەم بهێنن، پاشان بەرەو پێك هێنانی گیراوە و پێکهاتـــەی ئەندامیـی، دواجاریـش بەرەو پێکهێنانـــی بوونەوەر و گیانلەبەری زیندوو لە سەرەتایتریـــن شێوەیـــاندا (یەکە سەرەتاییەکانی خانە)... تالەئاکامدا وەك قۆناغی سەرەتـــا، مرۆڤ لـە دۆخ و قۆناغی بـــەشەر (**بَشَر**) دا لـــەسەر گۆی زەوی سەری هەلّدا، دواتر گەشەی کرد و چوویە قۆناغی (**إنسان**) ەوە، ئیـــتر لەو ڕۆژەوە تائێستا ئەم بوون و گەردونە، بە بوونی بنەڕەتیی (**كَينونَة**) و، تێپـــەڕبوون بـەکات (**سيرورة**) و، گۆڕانـــی سەرەمڕ (**صيرورة**) وە، بەبێ وەستان بەردەوامە.

ئەگـــەر هـــەردوو تـــەوەرەی: بوونـی بنـــەڕەتیـی و گۆڕانکـــاریی سەرەمڕەش وەرگرین، لەو حاڵەتەدا، دۆخ و شێوەیەکمـــان دێتە دەست، کە جوڵـــەی کـــات، یاخود تێپەڕبوون بەکاتـی

[1] سەیری **التفسير الكبير** ی فەخـــری ڕازیـــی بەرگی ٢٥، لاپەڕە ٢٢ ـ ٢٤ بکە، لەڕاڤەی ئایەتی ٨٨ ی **القصص** دا قسەیەکی جوان و بەکەڵکی هەیە.

نابێت، ئەوکات بوونی بنەڕەتیی و گۆڕانی سەرەمرە،پێکەوە دەلکێن و سەیرورە و تێپەڕبوون بەکات تیایاندا ڕوونادات، ئەوجا کات کاریگەریی و جێکەوتەی خۆی لەدەس دەدات و واتایەك بۆ کات نامێنێتەوە، بەو هۆیەشەوە بوونە گشتیەکە و هەموو هەبووەکان، دەبنە شێوەگەل و چەند یاسایەکی جێگیری ئەوتۆ، کە نەدەگۆڕێن و نەگەشە دەکەن و نە تیایش دەچن.

ئەم دۆخە لە پەیامی ئاسمانیدا بە: بەهەشت و دۆزەخ، گوزارەی لێ کراوە و ناوی براوە، چوونکە لەوێ جێگیریی و نەمریی هەیە و کات لەوێ واتایەکی تری هەیە، جیاواز لەو واتایەی کە ئێمە لێرە دەیزانین.

ئەم واتایەش لە چەندین ئایەتدا ئاماژەی پێکراوە کە دیارترینیان بریتیە لەم ئایەتە: ﴿**فَأَمَّا الَّذِينَ شَقُوا فَفِي النَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيق* خَالِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتْ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ إِلَّا مَا شَاءَ رَبُّكَ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِمَا يُرِيدُ**﴾ **هود/١٠٦و١٠٧**. [(١)]

ئەگەر سەرنج بدەین لەو وەسف و وێنایەی کە لە دابەزێنراوی بەجێدا لە بارەی بەهەشت و دۆزەخەوە هاتووە، واتای جێگیریی و بەردەوامیی تێدا دەخوێنینەوە، واتە: بوونێکی بنەڕەتیی لەگۆڕانی سەرەمرەدا بەبێ جوڵەی کات (**كينونة وصيرورة بلا سيرورة**).

بوون ⟵ جێگیریی بوونەوەر ⟵ دیاردەیەك ⟵ جێگیریی دیاردەکە.

بەڵام ئەم دۆخەش پێویستی بە پەیوەندییەکی توند و تۆڵ و چاك هەیە لە نێوان: مادده و کاتتدا، هەروەها پێویستی بەشێوەیەکی تازە هەیە بۆ بوونی ماددیی، واتە: بوون لەو حاڵەتەدا دۆخێکی جیاوازی پێویستە لەوەی کە ئێستا تێیدایە. ئەم دوو پێداویستیەش

[(١)] سەیری **التفسير الكبير** ی فەخری ڕازیی بەرگی ١٨ لاپەڕە ٦٣ ـ ٦٥ بکە، لەڕاڤەی ئایەتی ١٠٧ ی **هود** دا قسەیەکی جوان و بەسوودی هەیە.

(پەیوەندیی توند و تۆڵی نێـوان مادده و کات + شێوه و پێکهاتەی تازه بۆ بوونیی ماددیی) لە دابەزێنراوی بەجێدا بەدی دەکەین، لە ژێر هەردوو ناونیشانی: بەرپا بوونی ڕۆژی دوایی ـ **قیام الساعة**، فووکردن بە صوردا ـ **نَفخُ الصُّور**.

چوونکە فوکردن بە صووردا واتـە: خێراکردنـی جوڵـە و تێپـەڕبوونـی، بوونـە بنەڕەتیـەکەی گەردوون، بـەرەو گۆڕانکارییـەکـی ئـەوتۆ کە لـە سەر داروپەردوو و پاشماوەکانـــی ئەم بوونە گەردونیەی ئێستا، بوونێکـی بنـەڕەتیـی تازەی ئەوتۆ بێتە کایەوەکە: تێپەڕبوون بەکاتی تێدا نەبێت.

ئەم پرۆسەیـــەش بریتیـــە لەو مردن و ڕۆشتنەی کە ئایەتی ٨٨ ی سورەتی (**القصص**)، باسی دەکات و دەفەرمووێت: ﴿**كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ**﴾.

ئەو مردن و ڕۆشتنەی کە لەم ئایەتـەدا هاتووە، مانای تیاچوون و نەبوون (**عَدَم**) ناگەیەنێت، بەڵکو مردن و ڕۆیشتن و گۆڕانی شتـــەکان و هەبووە پێشووەکانــە، بۆ ئەوەی لە پرۆسەیەکدا بوون و بوونەوەری تازەیان لێ دروست بکرێتەوە، بەشێوازێك کە ئەو گۆڕانکارییە دۆخێکی لێ بەرهەم بێت کە جێگیر بێت و گۆڕانی بەسەردا نەیەت، تەوەرەی گۆڕانـی سەرەمرەش، گوزارە لە واتای بنەڕەتیـی بوون دەکـــات و هەر ئەوەش مەبەستـــە لە بەدی هێنانی بووندا (**الغائية في الوجود**).

لێرەوە تێدەگەین کەئامـانج لە تەقینەوە یەکەمەکە (Big Bong) لە دوا گۆڕانکاریی خۆیدا، بریتیە لە تەقینـــەوەی دووەم کە فوو کردنـــە بە صوردا. دواجار تێدەگەین کە هەر بوونێکی بنەڕەتیی بەبێ گۆڕانکاریی سەرەمرە، بریتـی دەبێت لە بوونێکی بێ مەبەست و بێ ئامانج و بێ حیکەمەت.

گۆڕانی سەرەمرە

یاسای نکوولّیی و نکوولّیی لە نکوولّیی، ململانێی دژ بەیەکەکان لەیەك ساتدا
بریتیە لە A و غەیری A﴿مضغة مخلقة وغير مخلقة﴾ گلّمێنراوێکی دروسکراوو و درووست نەکراو

تێپەڕبوون بەکاتدا

بەلاّم ئەگەر بۆ گواستنەوەی خالّی A لەسەر تەوەرەی بوونی بنەڕەتیی، تەنها بەشێوەی زەینیی هەردوو تەوەرەی: (تێپەڕبوون بەکات و گۆڕانی سەرەمرە) وەربگرین و بوونی بنەڕەتییش بە چەسپاویی و نەگۆڕیی وەرگرین، ئەوکات بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوە لەڕووی زانستیەوە ئەستەمە.

چوونکە تێپەڕبوون بەکاتدا، جولّە و کاتە پێکەوە، گەر وا نەبێت و ئەو دوانە پێکەوە نەبن، ئەوا لە دۆخی جێگیری جولاّودا، تەوەرەکە مانا و واتای خۆی لەدەس دەدات، واتە: خالّی A هەر بە A دەمێنێتەوە، هەروەها گۆڕانی سەرەمرە ئامانج و خالّی کۆتاییە، واتە: خالّی A دەبێت بە A، یاسای بگرە و بەردە وجەدەلی بنەڕەتیی کە بریتییە لە یاسای نکوولّیی و نکوولّیی لە نکوولّیی (**قانون النفي ونفي النفي**)، واتە: A بریتییە لە A لە هەمان کاتیشدا بریریتیی نییە لە A، ئەمە ئەو یاسایەیە کە پێی دەگوترێت یاسای ململانێی دژبەیەکەکان.

بۆیە بەهۆی هەبوویێکەوە نەبێت، کە لە بەرگی بوونی بنەڕەتیدا بێت، ناتوانین و ناگونجێت قسە لەسەر بوونیی: بنەڕەتیی و تێپەڕبوون بەکاتدا، بکەین، گۆڕانە

سـەرەمڕەکە بەو بوونەوە ئالاوە، بۆیە ئەگەر ئەو نەبێت، ئیتر چیی تێپەڕ ببێت بەکاتدا و چیی بگۆڕێت؟

بۆنموونە: ڕەنگی سوور، کاتێـك هەیە، کە بئالێت بە شتێکەوە وەك: کلاو، پێلاو، گوڵ... تاد.

پەیامـی ئاسمان و دابەزێنراوی بەجـێ بە هیـچ شێوەیـەك ئـەم سێ تـەوەرەیـەی لەیەك جیا نەکردونەتەوە، نەك هەر ئـەوە، بـەڵکو لێك ئـالان و هاومل بوونیـانـی چەسپاندووە، وەك دەفەرموویت: ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِنْ مُضْغَةٍ مُخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِنُبَيِّنَ لَكُمْ... ﴾ **الحج/٥.**

واتە: ئەی خـەڵکینـە ئەگەر گومانتان هەیە لە زیندوو بوونەوە، ئەوا بزانن کە ئێمە ئێوەمان لەگڵ دروست کردوە و دواتر لە گوژمە ئاوێك و دواتر لە پەیوەستە و هەڵواسراوێك و دواتر لە گڵمێنراوێکی دروستکراو و دروست نەکراو، تا بۆتان ڕوون بکەینەوە.

هەروەها دەفەرموویت: ﴿وَفِي الْأَرْضِ قِطَعٌ مُتَجَاوِرَاتٌ وَجَنَّاتٌ مِنْ أَعْنَابٍ وَزَرْعٌ وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَى بِمَاءٍ وَاحِدٍ﴾ **الرعد/٤.**

واتە: لە زەویدا چەن پارچەیەکی لێك نزیك و باخاتێـــك لە ترێ و شینایی و دارخورمای لێك چوو لێك نەچوو، هەن کە بەیەك ئاو ئاودێریی دەکرێن.

بوونی بنەڕەتیی لە ئایەتی یەکەمدا،بە ڕوونیی دیارە و بەدی دەکرێـــت وەك دەفەرموویـــت: ﴿**خَلَقْنَاكُمْ مِنْ تُرَابٍ** ﴾ واتە: ئێوەمان لە گڵ بەدیی هێناوە.

هەروەها تەوەرەی تێپەڕبوون بەکات، بەڕوونیـی دەردەکەوێت لە گوێزانەوەی بوونیی گڵەوە بۆ ئاو و گوژمە ئاو.

گۆڕانی سەرەمڕەش لە هەمان پرۆسەی گۆڕینیی گڵەوە بۆ ئاو نومایان دەبێت، تا لەوێوە زنجیرەیەکی تر دەست پێ بکات کە تیایدا و لە ڕێگەیەوە گوژمەئاو (**نُطفة**)ەکە، ببێتە بوونی بنەڕەتیی و دەست بکات بە جوڵە و تێپەڕبوون بەکاتدا، تادواتر ببێتە پەیوەستە و هەڵواسراو (**علقَة**)، دواتریش لە ڕێگەی زنجیرەی سێیەمەوە، ببێت بە گلێنراو(**مُضغة**)و... هەروەها بەرەو پێشەوە.

پاش ئەم شیکارە وردە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە بۆ ئەم سێ ئاستە، ئێمە لە بەردەم ئەم حاڵەتانەی خوارەوەداین:

## ٢- بوونی بنەڕەتیی (**بوون**) + تێپەڕبوون بەکاتدا (**کات**)، بەدەر لە گۆڕانی سەرەمڕە (**لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر**).

بوون بەم شێوەیە دەبێتە بوونێکی بێ جوڵەی بێ مەبەست و بێ ئامانج، ئەگەر کاتیش بوونی هەبێت تیایدا، ئەوا واتایەکی تری هەیە کە خاڵییە لە جێگۆڕکێ و هیچ چەشنە گەشەکردنێکی نابێت، چونکە ئەم پرۆسانە هەموویان پەیوەستن بە گۆڕانی سەرەمڕەوە و ئەگەر گەردوون بەم شێوەیە بوایە، ئەوا نەدەکرا ڕۆژی دوایی و بەرپا بوونی فوکردن بە صوردا بوونیان ببێت.

بۆیە لە ئایەتی پێنجی سورەتی حەجدا بەڵگەی هێنایەوە لەسەر زیندوو بوونەوە و بەرپا بوونی ڕۆژی دوایی، ئەو بەڵگە هێنانەوەشی لەو ڕێگەیەوە هێنا کە لە تەوەرەی گۆڕانی سەرەمڕەوە دەستی پێکرد و دواتر پەیوەستی کردەوە و دایە پاڵ هەردوو تەوەرەی: بوونی بنەڕەتیی و تێپەڕبوون بەکاتدا (**الكَينونة و الصَيرورة**).

بۆیە دەبینین کە یاسای دژبەیەکە ناوخۆییەکان لە یەك هەبوودا (مەبەستمان لەم یاسایەش، یاسای نکوولّیی و نکوولّیی لە نکوولّییە) تاکە یاسایەکە، کە دەبێتە بەڵگە لە سەر بوونی ڕۆژی دوایی.[1]

چوونکە هەرکەس باوەڕی بەڕۆژی دوایی هێنا، ئەوا لەو ڕێگەیەوە و پێشتر باوەڕیشی بە بوونی خواوەند هێناوە.

هەر لێرەوەیە ئێمەش پێمان وایە کە: باوەڕ بەخوا و باوەڕ بەڕۆژی دوایی، لانی کەمی ئیسلام پێك دەهێنن.[2]

ئایەتەکانی قورئان بەڕوونیی ئەوەیان خستوەتە ڕووکە،هەرکەسێك باوەڕی نەبێت بە ڕەهەندی گۆڕانی سەرەمەرە، ئەوا کفری بە خواوەند کردووە، لەو ئایەتانە ئەم چەند ئایەتەیە: **﴿... فَقَالَ لِصَاحِبِهِ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَنَا أَكْثَرُ مِنْكَ مَالًا وَأَعَزُّ نَفَرًا * وَدَخَلَ جَنَّتَهُ وَهُوَ ظَالِمٌ لِنَفْسِهِ قَالَ مَا أَظُنُّ أَنْ تَبِيدَ هَذِهِ أَبَدًا * وَمَا أَظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً وَلَئِنْ رُدِدْتُ إِلَى رَبِّي لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِنْهَا مُنْقَلَبًا * قَالَ لَهُ صَاحِبُهُ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلًا﴾ الكهف/٣٤ـ٣٧.**

واتە: لەکاتێکدا کە گفتوگۆی دەکرد لەگەڵیدا گوتی بە هاوڕێکەی: من سەروەت و سامان وهۆز و پشتیوانم لە تۆ زیاترە، ئەو کە ستەمکار بوو لەگەڵ خۆشیدا، چووە ناو باخەکەیەوە و گوتی: هەرگیز پێشبینیی ئەوە ناکەم ئەمەی کە هەمە،لەپڕ و بە تەواوی تیا بچێت و لە دەستی بدەم، هەروەها گومان نابەم کە ڕۆژی دواییش بەرپا ببێت، وە ئەگەر بیشگەڕێنرێمەوە بۆلای پەروەردگارم، لەوێ باشتر لەوەی چاوەڕێی دەکەم دەستم دەکەوێت، هاوڕێکەشی لە میانی گفتوگۆکەی لەگەڵیدا پێی گوت: ئایا تۆ کوفر دەکەیت بەوەی کە تۆی لە گڵ بەدیی هێناوە و پاشان لە گوژمە ئاوێك و دواتر کردیتیە کەسێکی ڕێك و ڕاوەستاو؟

---

[1] سەیری کتێبمان **الكتاب والقرآن ـ قراءة معاصرة**، لاپەڕە ٢٣٤ و دواتر بکە.

[2] سەیری کتێبمان **ألإسلام والإيمان ـ قراءة معاصرة**، لاپەڕە ١١٣ و دواتر بکە.

پیاوی یەکەم نکوولّیی دەکرد لە تەوەرەی گۆڕانی سەرەمرە لە باخەکەیدا، لەکاتێکدا کە چووە ناو باخەکەیەوە و ستەمی لە خۆی کرد و گوتی: پێشبینی ناکەم ئەمەی کە هەمە لەپڕ و بە تەواوەتی تیا بچێت و لەدەستی بدەم، بەم کارەشی نکوولّیی کرد لە یاسای: ﴿**كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ**﴾، هەروەها بەم کارەی نکوولّیی کرد لە بەرپا بوونیی قیامەت و کوفری پێ کرد، کوفر کردن بە رۆژی دواییش،کوفر کردن بەبالادەست و خاوەنی ئەو ڕۆژەی لێ دەکەوێتەوە، ڕێك وەك چۆن باوەڕبوون بە خواوەندی بالادەس، باوەڕبوون بە بەرپا بوونی قیامەت و ڕۆژی دوایی لێ دەکەوێتەوە.

هەر لێرەشەوەبوو کە هاوڕێکەی بە ڕەخنە و سەر سوڕمانەوە بەرپەرچی دایەوە و پێی گوت: ئایا تۆ کوفر دەکەیت بەوەی کە تۆی لەگەڵ بەدیی هێناوە و پاشان لە گوژمە ئاوێك و دواتر کردیتیە کەسێکی ڕاوەستاو؟

پێی گوت: ئایا نکوولّیی لە تەوەرەی گۆڕانیی سەرەمرە دەکەی، لە کاتێکدا کە بوونیی خۆشت لەم دۆخ و حاڵەتەدا لەئاکامی ئەو گۆڕانە سەرەمرەوەیە؟

ئایا خواوەند تۆی لەگەڵ بەدیی نەهێناوە... پاشان گڵەکە گۆڕا و بووبە ئاو، پاشان لەوێوە بۆ گۆڕانێکی دووەم و دواتر بۆ گۆڕانی سێەم و چوارەم و دەیەم، تا دواجار ببیتە کەسێکی ڕێکوپێك و ڕاوەستا و لەسەر دووقاچ؟

تۆ چۆن نکوولّیی لە تەوەرە و پرۆسەیەك دەکەیت کە خۆت یەکێکیت لە ئاکامەکانی ئەو پرۆسەیە و بەهۆی ئەوەوە هاتویتەتە بوون، کەچیی ئێستا نکوولّیی دەکەیت لەوەی کە هەمان ئەو پرۆسەیە دەستیی بگات بەو باخەت، کە تۆ وادەزانیی و واگومان دەبەیت هەتاهەتایە دەمێنێتەوە و تیاچوون ڕووی تێناکات.




وانازانم ئەمەی کە هەمە هەرگیز تیا بچێت (نکوولّیی کردن لە تەوەرە و پرۆسەی گۆڕانی سەرەمڕە)

**٣ـ** بوونـــی بنەڕەتیـــی (**بوون**) + گۆڕانی سەرەمڕە (**گۆڕان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر**)، بەبێ تێپەڕبوون بەکاتدا (**کات**).

واتە: گوزەر کردن لە بوونیـــی بنەڕەتیـــەوە بۆ گۆڕانـی سەرەمڕە، بەدەر لە جوڵە و کات، بە واتایەکی تر بەرپا بوونی ڕۆژی دوایی و قیامەت.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ئەم حاڵەتە، واتە: ئەو دوو تەوەرەیە(بوونـی بنـەڕەتیی و گـۆڕانی سەرەمڕە)، بەبێ و بەدەر لە تەوەرەی تێپەڕبوون بـەکـاتدا، لــە هیچ شتێکدا بوونیـــی نیە، بێجگە لە تیشك و ڕووناکییدا.

چوونکە ڕۆشنایـــی و تیشك لە فۆتۆن و شەپۆل پێك دێت و تەنها یەك ئاکاری ئەرێنی هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی کە: ڕۆشن دەکاتەوە و ڕۆشن ناکرێتەوە (**يَنيرُ ولا يُنار**).

بەواتایەکـــی تر هیچ فۆتۆنێك نییـە کە ئێمـە بتوانین ڕووناکیـی و تیشکـــی بخەینـە سەر، چوونکە خۆی لە خۆیدا تیشك و ڕۆشناییە.

پێویستە بزانین و لــە بیرمان بێت کــە، فۆتۆن تەنـــها، کـەینونە و صەیرورەیــە، واتە: تەنها بوونـــی بنەڕەتیی و گۆڕانی سەرەمڕەیە، بەبێ سەیرورە و کات و تێپەڕبوون بەکاتدا.

کەواتە فۆتۆن، یان هەیە یان لە بنەڕەتەوە بوونــی نییە، چوونکە کات لە جیهانــی تیشك و ڕۆشناییدا یەکسانە بـە صفر، هەر تـەنێکیـش بـەخێرایی ڕووناکیـی بڕوات، ئەویش دەبێتە ڕوناکیی و بەهای کات لە ئاست ئەو تەنەدا نامێنێت (T= ٠).

حاڵەت یان دۆخــی: بوونــی بنەڕەتیــی و گۆڕانی سەرەمرە، بەبێ و بەدەر لەکات، تەنها لە تیــشکدا هەیە، چوونکە تیــشك یەکەم توخم و ڕەگەزە کە لە گەردووندا و لە ساتەوەختــی تەقینەوەکەدا، پێك هاتووە و لەوەوە پرۆسەی گۆڕانــی سەرەمرەی گەردوون دەستی پێکردووە لە فۆتۆنەکان توخم و ڕەگەز و یەکەی یەکەمی گەردوون کە بریتییە لە هایدرۆجین پێکهات، پاش پێکهێنانی هایدرۆجین، ڕۆشنایی دەرکەوت، چوونکە هایدرۆجین گەشانەوە و درەوشانەوە قەبوڵ دەکات و دەدرەوشێتەوە.

پێویستە بزانین کە ڕۆشنایــی مل نادات بەگۆڕان و گۆڕان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر قەبووڵ ناکات، بەڵکو وەك گوتمان ئەو: یان هە یان نییــە، هەروەها لە بوونیــدا تەنها یەك تەشك و شکڵی هەیە و ناگۆڕێت، خێرایی جێگیریشی بریتییە لە بەرەو ئامانج چوونەکەی **(الغائية)**.

هەموو تــەنێکیش کــە بــە خێرایی ڕۆشنایــی، ڕێگــە ببڕێت و بڕوات، ئـەوا ئەویش دەبێتە ڕۆشنایی و درێژە بەکاروانی بەرەو ئامانج ڕۆیشتن دەدات و ملی ڕێگە دەگرێتە بەر.

٤ـ تێپەڕبوون بەکاتدا (**کات**) + گۆڕانی سەرەمڕە (**گۆڕان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر و بەرە و ئامانج چوون ـ الغائية**)، بەبێ بوونی بنەڕەتیی.

لەم دۆخ و حاڵەتەدا، یاسای ململانێی دژبەیەکەکان لە یەك شتدا، دەردەکەوێت، ئەویش بریتییە لەوەی: ئەو شتە لەیەك حاڵەتدا خۆیەتی و لەهەمان کات و حاڵەتدا، غەیری خۆیشیەتی، ئەویش بریتیە لە یاسای نکوولێی و نکوولێی لە نکوولێی، کە لەپشتی ئامانجگەراییەوە حەشار دراوە. واتە: تەقینەوە گەردوونیەکە پێش خۆی، هەرچی هەبوو و نەبوو، هەمووی سڕیەوە و نکوولێی لە بوونی هەر شتێك لە پێش خۆیەوە کرد.

بەرپا بوونی ڕۆژی دوایی و فووکردن بە صوریشدا نەفیی و نکوولێی کردن و سڕینەوەیەکە بۆ نەفیە یەکەمەکە، کە خۆی لە خۆیدا بریتییە لە ئامانج گەرایی (**الغائية**).

لێرەدا و بە کۆتایی هاتنی تەوەرەی گۆڕانی سەرەمڕە و گەیشتنی بە ئامانجی کۆتایی خۆی، کارکردی ئەم یاسای دژبەر و دژبەیەکانە پوچەڵ دەبێتەوە، بەڵام لەم گەردوونەدا و تا پێش بەرپا بوونی قیامەت، بەردەوام یاسای نکوولێی و نکوولێی لە نکوولێی (**النفي ونفيُ النفي**) ئەو یاسا بنەڕەتیەیە کە ئامانج گەرایی و غائییەتی تیا شاراوەتەوە، ئەو ئامانج گەراییەی کە لەیەکەم ساتەوەختی تەقینەوە یەکەمەکەوە بوونی هەیە، تا تەقینەوەی گەردوونیی دووەم.



هەرکەس ئەم یاسایــە پشت گوێ بخات، دەکەوێتە قولایی چەق بەستنەوە و جولەی نامێنێت، واتە: دەکەوێتـــە شیرك و کوفرەوە، چوونکە دان نانێت بە بوون و بەرپابوونــی ڕۆژی دوایی و زیندوو بوونەوەدا.

هەر لێرەشەوەبوو کە بیری مارکسیـی چەمکی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیی وەك جێگرەوەیەك بۆ چەمکـــی ڕۆژی دوایـــی و زیندووبوونەوە خستەڕوو، بەڵام نەیدەزانـــی ئەو کۆمەڵگەیەی کە چاوەڕێی دەکەن، ئەگەر پرۆسەی سڕینەوە و نکوولیی کردنی بوونی ماددیی، پێشی نەکەوێت، ناگونجێت بێتە بوون، واتە: ئەو نکوولیـی لێ کردنەی کە لە ساتەوەختی تەقینەوە گەردوونییە یەکەمەکەوە لە ماددەدا بوونی هەیە، بۆ ئەوەی ئەم تیا بچێت و بوونێکی ماددیی تر بەچەند یاسایەکی ماددیی تازەوە جێگـــەی بوونە پێشووەکە بگرێتەوە و مرۆڤیش لەو بوونە تازەیەدا زیندوو بکرێتەوە، ئەم نەفیـی و نکوولیـی کردنــەش بۆ ئــەم نەفیـی و نکوولیی کردنە، بۆیە ناگونجێت: چوونکە چۆن دەبێـت کۆمەڵگـــەیـــەکـی مرۆڤیـــی کە خۆی لە خۆیدا ئامانج بێت، بهێنرێتە کایەوە، لە کاتێکدا دیاردەی مردن بەردەوام بێت و بوونی هەبێت؟

پێشتر باسمان کرد کــە ڕۆشنــایـی تاکە بوونێـکە خۆی لە خۆیـدا ئامانجگەرایە، لەم بارەیەوە ئایەتیشمان هەیە کە دەفەرمووێت: **﴿اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ النور/٣٥.**

ئیتر چۆن وێنای کۆمەڵگـەیــەکـی مرۆڤــی بکەین کە توانای ئەوەی تێدا بێت خۆی لە خۆیدا ببێتە کۆمەڵگەیەکی ئــامانجیـی و لـەگـەڵ ئەوەشدا دان نەنێـت بە بابەت و تەوەرەی گۆڕانی سەرەمرەدا، لەکاتێکدا کەخۆی هێشتـا و بەردەوام، ملکەچی یاساکانی سەیروره و تێپەڕبوون بەکات و تیاچوون و مردن بێت؟ [1]

[1] هەروەها خستنە ڕووەکەی کۆتایـــی مێژووی فۆکۆیاما کە کۆتایی بە تێپەڕبوونی کات هێنا و مێژووی وەستاند و پێی وابوو سەرکەوتنی سیستەمی ڕۆژئاوایی کۆتایی مێژووە.

پێشتر مرۆڤایەتیی وێنای کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنایی کردووە کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە گیانەوەری نورانیی و ڕۆشنەوەبووی ئامانجگەرا بوون (فریشتە).

دواتر مارکسیەت هات تاوەکو وێنەی کۆمەڵگەیەکی دونیایی ئامانجگەرای فریشتەیی ئەوتۆمان بۆ بکێشێت کە نە بگرەوبەردە و نە دژبەیەکیی تێدابێت، بێئاگا لەوەی کە ئەم گەردوونە خۆی لەسەر دژبەیەکیی و بگرەوبەردە ڕاوەستاوە، هەروەها بێئاگابوون لەوەی کەکاری فیکر و بیر، بریتیە لە لادانی دژبەیەکیی لە هەبووەکاندا.

هەر ئەوەبوو وای کرد کە کۆمەڵگەی سوشیالیستیی بەو شێوەی کە مارکس و هاوڕێکانی وێنەیان کێشابوو، کۆمەڵگەیەکی خەیاڵیی و خەیاڵپڵاویی ڕووتی ئەوتۆ بوو کە لەهیچ جێگەیەك و بەهیچ شێوەیەك نەدەگونجا پێك بهێنرێت.

ئامانجی مێژووی مرۆڤایەتیی بەلای مارکسیزمەوە بریتییە: لەو گۆڕان و صەیرورە مرۆڤایەتییەی کە گوایا دەبێتە کۆتایی مێژوو و خۆی لە کۆمەڵگەی شیوعیی و سوشیالیستیدا دەبینێتەوە.

بیری سوشیالیستیی لە بری ئەوەی نکوولیی لە مێژووی مرۆڤایەتیی بکات، هات نکوولیی لە مرۆڤایەتیی خۆی کرد، لە کاتێکدا کە مرۆڤ بوونێکی ئاشکرا و کردارییی هەیە، هەروەها لەبری ئەوەی نکوولیی لە مێژوو بکات، هات نکوولیی لە ئازادیی کرد، تا لە ئاکامدا ئازادیی مرۆڤایەتی بە شێوەیەك تووشی قەیران بوو، کە هاوشێوەی نەبووە لە مێژوودا.

بەڵام پەیامی ئاسمان لەگەڵ خۆیدا ساز و هاوئاهەنگ بوو، هەروەها لەگەڵ بوونی ماددیی و هەبووەکاندا ڕاسگۆبوو، چوونکە نیگایەکە لە بەدیهێنەری گەردوون و جەدەل و بگرە و بەردە و ئامانج گەراییەوە، ئەو پەیامە تاکە ڕێنومایییە کە نە لە ناو خۆی خۆیەوە و نە لە دەرەوەی خۆشیەوە هەڵەی لێ ناوەشێتەوە.

ژیانی مرۆڤ و ئازادیـی و خۆشگوزەرانیـی لە ژیاندا، ئامانجێکـی دونیاییـە، بەهەشتیش ئـامانجێکـی دوارِۆژە، خەیر و شەرِیش بەشێوەیـەك پەیوەسن کە جیا کردنەوەیان ئەستەمە، هیچکامیـان نکوولّیـی لـەوی تریان ناکات، بەلّکو ململانێـی لـەگـەلّدا دەکـات، ئەمەش پەیوەستـە بەدیاردەی مردنەوە، واتە: بوونی بگرە و بەردە و جەدەلی مرۆڤ و بوونی گەردوون، پەیوەستن بەبوونی دیاردەیـەکەوە کە ناوی مردنە، لەم بارەیەوە ئەم ئایەتە دەخوێنینەوە: ﴿**كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَنَبْلُوكُمْ بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ**﴾ **الانبياء/ ٣٥.**

واتە: هەموو نەفس و زیندەوەرێـك مردن دەچێژێت و بەهۆی خراپـە و چاکە (**الَشرّ والخَير**)ەوە رِووبەرِووی سەختییەکانی ژیانتان دەکەینەوە و گەرِانەوەشتان بۆلای ئێمەیە.

لێرەوە تێدەگەیـن لەو ئامانجەی کەپەیـامی ئاسمان بۆمان وێنا دەکات لە بارەی چارەنووسی بوونی گەردوونیـەوە و پێمان دەلّێت: ئـامانـج و رِووگەکە، بەرەو دوارِۆژ و زینـدوو بونەوە و ژیـانێکی تری جیـاوازە، هەروەهـا ئـامانجی دونیایـی و نزیکـی مرۆڤیـش بریتیـە لە ژیان و ئازادیی، ئامانجی دووریشی بریتیە لە بەهەشت.

ئەگەر کەسێکیش پێمان بلّێت: یـاسای نکوولّیـی و نکوولّیی لە نکوولّیی (**النفي ونفي النفي**) ناگونجێت و رِێك نایەتەوە لەگەلّ لۆژیك و ژیرییـدا،کاتێك لۆژیك دەلّێت: (A بریتیە لە A و، B یش بریتیە لە B)، بۆیە ناگونجێت وەك ئەو یاسایـە دەلّێت: لەیەك کاتدا A بریتیی بێت لە A و لە هەمان کاتدا بریتیش بێت لە B.

تۆکە دەلّێیت: A ی A یە و لە هەمان کاتدا غەیری A یشە، ئەمە چۆنە؟

دەلّێین: ئێمە کاتێك ئەم سێ ئەگەرەمان رِاڤە کرد:

أ ـ بوونی بنەرِتیی (**بوون**) + تێپەرِبوون بەکاتـدا (**کات**)، بەبێ گۆرِانی سەرەمرِە (**لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر**).

ب ـ بوونی بنەڕەتیی (**بوون**) + گۆڕانــی سەرەمڕە (**گۆڕان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر**)، بەبێ تێپەڕبوون بەکاتدا (**کات**).

ج ـ تێپەڕبوون بەکاتدا (**کات**) + گۆڕانـی سەرەمڕە (**گۆڕان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر و بەرەو ئامانج چوون ـ الغائية**)، بەبێ بوونی بنەڕەتیی.

ئەوکـات گوتمان: ئەم سێ تەوەرەیە: (**الكَينونــــة، السَيرورة، الصَيرورة**)، پێویستـــــە هەمیشە پێکەوەبن و ناگونجێت لێك دا ببڕێن، وەك ئەگەرێکیـش گوتمان: لەوانەیە یەکێك ڕای جیاوازی هەبێت لە بارەی ئەم پێکەوە بوونەیان.

بۆ وەڵامی ئەو ئەگەرەش گوتمان: لەو حاڵەتەدا دەبێت یەکێك لەو سێ ئەگەرە قەبووڵ بکەین، چوونکە ئەو سێ ئەگەرە چوارەمیـــان نیـە و ئەگـــەری تر قەبووڵ ناکەن، لە شوێنـــی خۆیدا هەوڵماندا ڕاڤەی ئەوە بکەیـن کە، ئەستەمە بتوانیـــن هیـچکام لەو سێ ئەگەرە وەربگرین و پشتیان پێ ببەستین.

بۆ نمونە: کاتێك ئەگەری سێیەمان وەرگرت کــە پێــی وایە: هەبوویـــەك دەتوانێت بە هەردوو تەوەرەی: تێپەڕبوون بەکات و گۆڕانی سەرەمڕە،(بەبێ بوونی بنەڕەتیی)پێك بێت و بێتە بوون.

ئەم ئەگەرەمان لە ڕوانگــەی زەینیـــی و تیوریەوە وەرگرت، هەر ئەو کاتیش گوتمان: بوونێکی لەم چەشنە ئەستەمە و ناتوانێت بێتە بوون.

هەستـاین تــەوەرەی بوونـــی بنەڕەتیمان کەنار خست بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە کە لە یاسای جەدەل و بگرەوبەردەدا، یاسای نکوولێــــی و نکوولیی لــە نـکوولێی، بنـەڕەتە و کاریگەریی بنەڕەتیی هەیە، یاسایەك کە سەرەمڕە بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێت، ئەمەش دژایەتیـــی نییە لەگەڵ ژیریـی و بنەمای ناسنامە و چییەتی (**الهَويةُ والماهية**)، بەو پێیەی کە لۆژیك بریتییە لە

یاساکانی ژیریی و ئاوەزی مرۆڤ، چوونکە لە چییەتیی شتەکان و دیاردە و پەیوەندیی ڕەگەز و توخمەکان لەگەڵ یەکدا دەکۆڵێتەوە.

لۆژیك لەیاساکانی هۆگەرایی (السَببية) و پەیوەندیی سەرەتا و دەسپێکەکان بە ئاکامەکانەوە و پەیوەندی ئاکامەکان بە دەسپێکەکانەوە دەکۆڵێتەوە.

لێرەدایە کە دەکرێت ئاکامە لۆژیکیـــەکان ڕاست بن یان ناڕاست، پێوەری دەرخستنی ڕاستیی و ناڕاستییان و دۆزینەوەشیان، بریتییە لە: چییەتیی گەردوون و بوون و واقع.

وەك گوتمان: مادام لۆژیك و ژیریی لە چییەتیی شتەکان و دیاردەکان دەکۆڵێتەوە، بەو هۆیەوە تەوەرەی بوونیی بنەڕەتیی و (كَينونة)، تەوەرەیەکی بناغەییە و ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە، بە چەشنێك کە لۆژیك بەبێ ئەو کار ناکات،ڕاستتر وایە بڵێین: لۆژیك و ژیریی بەبێ ئامادەبوونی هەرسێ تەوەرەکە پێکەوە، ناتوانێت کار بکات.

بۆ ئەوەی لۆژیك و ژیریی بەپێـــی یاساکانی خۆی کار بکات، پێویستە بوونەوەر و هەبوویەك بوونی هەبێت و لەسەر داڕشتـــەیەکی دیاریی کراو و لە جێگە و خاڵێکی دیاریکراودا و لەناو تەوەرەی گۆڕانی سەرەمڕەدا و لەسەر یاسای تێپەڕبوون بەکاتدا کاربکات و هەڵ سوڕێت.

لێرەوە دەتوانین قســـەکەمان کورت و پوخت بکەینەوە و بڵێیـــن: یاساکانـی لۆژیك و ژیریی، ناتوانن و بۆیان نییە جێگەی یاساکانی جەدەل و بگرەوبەردە بگرنەوە، چوونکە یاساکانـــــی لۆژیك بـــەرهەمی عـــەقڵ و ئـــاوەز و فـامی مرۆڤن، بەڵام یاساکانی جەدەل و بگرە و بەردە، یاسای بوونی بابەتیی و گەردوونین.

یاساکانی ئاوەز و ژیریش لەسەر بنەماکانـــی شوناس و چییەتی و ڕەد کردنەوەی دژبەیەکیی، داڕێژراون و بەو ئاکامە دەگەن کە A بریتییە لە A و B یش بریتیە لە B، چوونکە خاڵێکـــی

دیاریی کراو وەردەگرن لــەسەر خاڵێکــی تر لــە تەوەرەی تێپەڕبوون بەکاتدا لە خاڵێکــی تر لە تەوەرەی گۆڕانی سەرەمڕە.

هەموو ئەمەش هیچ دژایەتییەکــی نییــە لەگەڵ یاساکانی جەدەل و بگرەوبەردەدا کە کێڵگە و مەودای کاریان لە چوار چێوەی بواری بەڵگــە هێنانەوە لەسەر ئامانجگەرایی و گەشە و گۆڕان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تردایە، لەکاتێــکدا کە مەودای لۆژیــکیش لــە چوارچێوەی شیکــاری دیاردە و ڕەگەز و توخمە جیاوازەکاندایە و پشت بــە یاساکــانــی شوناس و چییـــەتی و ڕەد کردنەوەی دژبەیەکی دەبەستێت.

دواجار پێویستە ئەو ڕاستییــە ڕوون بکەینەوە و بڵێین: هەرکەس پێی وابێت دژبەیەکیی هەیە لە نێوان هەریەك لە: یاساکانـــی جەدەل و یاساکانی لۆژیکدا، پێویستە بزانێت لە هەڵەیەکی بنــەڕەتیدایــە، چوونکــە جــەدەل و بگرە و بــەردە یــاسایــەکــە، بــەڵام لۆژیك بریتییە لە چەن بنەمایەك کــە بەرهەم و ئــاکــامی عەقڵ و ژیرین و پارێزراون لە هەڵە، یەکەمـــی ئەو بنەمایانەش بریتیە لەیاسای ڕەدکرنەوەی دژبەیەکیی.

ئــەگــەر کــەسێکیش بڵێت: یــاسای جووتیــەتیی (**الزَوجيَّــة** ـ کاریگەریی و کــاردانــەوە و کاریگەربوونی دوولایەنە) و یاسای دژبەیەکەکان کوا؟

دەڵێین: ئەو لە بۆشاییدایە.

کاتێك لەسەر هەرسێ تەوەرەکانی: (بوونی بنەڕەتیـــی، تێپەڕبوون بەکاتدا، گۆڕانی سەرەمڕە) دیاردەیەك وەردەگرین، لــەو کــاتــەدا یــاساکــانــی دژبــەیەکەکان لەو دیاردەیەدا دەردەکەون، یاساکانی هاوجوتەکانیش لە پەیوەندییەکانی نێوان هەبووەکاندا دەردەکەون.

واتە: یاسای نکوولّیی و نکوولّیی لە نکوولّیی لە بوون خۆیدا بوونی هەیە، بەلاّم یاساکانی هاوجووتەکان و دژبەیەکەکان، لە شتە جیاواز و هەمەچەشنەکان و دیاردە جیاوازەکاندا دەردەکەون.

ئەگەر کەسێکیش بلّێت: ئەگەر یاسای نکوولّیی و نکوولّیی لە نکوولّیی بواری گۆڕانکاریی و ئامانجگەراییە و ئەگەر گەردوونیش بەپێی قسەی تۆ لە فۆتۆنەکانەوە دەستی پێکردبێت و دواتر لە ڕەگەزی ئەو هایدرۆجینەوە کە بەهۆی گۆڕانی بەردەوام و سەرەمرەوە گۆڕابێت بۆ چەند ڕەگەزی تر، لەو حالّەتەدا بوونی هایدرۆجین لەگەردوونی ئێستادا چۆن لێك دەدەیتەوە؟ بۆچی ئەویش لە پرۆسەی گۆڕانەکەدا نەگۆڕاو وەك خۆی مایەوە؟

واتە: بۆ هەموو هایدرۆجینەکە نەگۆڕا و نەبوو بە ڕەگەزێکی ترو، ئەم بڕەی کە ئێستا لە گەردوندا هەیە چۆن مایەوە؟

ئەگەر بۆچوونەکەی تۆ ڕاستە، ئایا ڕاستتر وانەبوو کە هەمووبوون ئێستا ئۆرانیوم بوایە؟

منیش لە وەلاّمی ئەو پرسیارانەدا دەلّێم: گۆڕان و صەیرورە، دوو چەشن و بەشی هەیە: گۆڕانی کەلّەکەبوو، لەگەلّ گۆڕانی گەشەکردوو.

لەم دوو چەشن و بەشەوە پلەبەندیی و پاشان هەمەچەشنیی پلەکراو، لە چوارچێوەی یەك چەشندا هاتە کایەوە، چوونکە ئەگەر ئەم پلەبەندییە نەبوایە، ئەوا گەردوون دەبووە گەردوونێکی یەك ڕەهەندیی تاك گەرای نەجولاّو، لەو حالّەتەدا گۆڕان خۆی دیار نەدەماو بوونی نەدەبوو، چوونکە تەوەرەی گۆڕانی سەرەمرە بریتییە لە تەوەرەی پلەبەندی.

بابەتەکە بەپێی ئەوەی لەلای من ڕوون بوەتەوە، خەریکە بلّێم: لە ڕەنگەکان دەچێت، وەك چۆن ڕەنگی سوور، دەیان پلەی هەیە و ڕەنگی زەردیش و شینیش، دەیان پلەیان هەیە، هەروەها ڕەنگ و ڕوخساری مرۆڤەکانیش.

ئەگەر بهاتبایەو هەموو قۆناغەکانی تێپەڕبوون بەکات و گۆڕانی سەرەمرە، بە هەردوو چەشن و بەشەکەیانەوە (کەڵەکە بوو و گەشەسەندوو)، لەگیـــانەوەرە زیندووەکاندا نەمایە، ئەوکات مرۆڤ دەبووبە تاکە بوونەوەری زیندوو لەسەر گۆی زەویدا و هەرسێ تەوەرەی بوونی بنەڕەتیی و تێپەڕبوون بەکاتدا و گۆڕانی سەرەمرە، تیایدا یەکیان دەگرت و دەبوویە خودا.

لەم ڕوونکردنەوەیەدا کە خستمانە ڕوو، وەڵامی تێدایـە بۆ ئەو پرسیارکارەی چ بە ڕاستی بێت یاخۆ لەبەر خۆیەوە و بێهودە بپرسێت: بۆچــی هەموو دروسکراوەکــان بــەیــەك پلــە و ڕێژە گەشەیان نەکرد؟

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەڵێین: گۆڕانی سەرەمرە پەیژە و پلەیەکی کەڵەکە بووە، نەك تەنها یەك ئاستی جوڵاو، بەڵکو چەند ڕووکار و ئاستێکی هەیە.

ئــەگــەر وابوایـە، گۆڕانـی سەرەمرە نکوولّیــی لــەخۆی دەکرد و هەروەهــا نـکوولّیشــی لە ئامانجگەرایــــی لەهەموو بووندا دەکرد، دواتر خواوەندیش نکوولّیی لە خۆی و نەفی بوونیی خۆی دەکرد.

ئەم بابەتەش لە ڕێگەی ســێ تەوەرەکەی (بوونــی بنەڕەتیــی، تێپەڕبوون بەکاتدا، گۆڕانـی سەرەمرە) وە، پەلکێشمان دەکات بۆ تێگەیشتن لە چەمکی خودا(إله).

**الله: بوونی بنەڕەتیی، تێپەڕبوون بەکاتدا، گۆڕانی سەرەمرە.**

ئەگــەر توانیمان چەمکــەکــانــی (بوونـی بنەڕەتیـی، تێپەڕبوون بەکاتدا، گۆڕانی سەرەمرە) جێبەجــێ بکەین بەسەر بووندا، ئایا دەتوانین بەهەمان شێــوە جێبەجێــی بکەین بەسەر بەدیهێنەری بوونیشدا؟

پێویستە لە بیرمان بێت کە یەکێك لە (ناوە جوانەکانـی) ئەو، کە خۆی پێناساندووە، بریتییە لە (**الموجود ـ** هەبوو)، هەرچەندە ئەو گەورەترە لە هەر چەشنە وەسف و سەنایەك.

## الله چییە؟

چۆنی لێ تێبگەین؟

چۆن باوەڕ بهێنین کە ئەو پەروەردگار و پەرستراوە؟

لێکۆڵینەوە لە الله لێکۆڵینەوەیەکی تـایبەتە بــە بوون و هەبووێکـی ژیر و عـاقڵەوە، ئەوەش پێگەیەکی بەرزترە لەپلە بەندیی زانینەکانی پەیوەست بە بوونی نافامیدە و نا عاقڵەوە.

بۆ نمونە: هەنگ وەك هەبوو و بەدیهێنراوێکــی نـافامیدە، ئــەزانێت چۆن هەنگوین دروست دەکات، بەڵام نازانێت کە ئەزانێت چۆن هەنگویــن دروست دەکات، گەر بهاتباو ئەم ڕاستیەی زانیبا، گۆڕانکاریی دەکرد لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی هەنگوینەکەیدا و گەشەی پێدەدا.

بۆیــە دەپرسین ئــەو هەبووە کێیە کــە: ئــەزانێــت هەمووشتێك ئـەزانێت و هەموو گۆڕان و گەشەیەکی شتەکانیش لە دەستی ئەودایە و بەدەستـی ئەوە و توانستی بە سەریدا دەشکێت و دەشتوانێت دەستی تێوەردات؟

ئەویش تەنها (**الله ـ** خواوەند)ە.

بەڵام (**الله**) کێیە و چییە؟

**الله ـ پەروەردگار ـ پەرستراو**

کاتێك لێکۆڵینەوە دەکەین لە الله و خۆشمان هەبوویەکـــی زیندوو و ژیریـــن، نابێـت وا بیر بکەینەوە کە هەر دەبێت لە ڕێگەی تەوەرەکانی: بوونی بنەڕەتیی، تێپەڕبوون بەکاتدا، گۆڕانی سەرەمڕە، لە الله تێبگەین، چ لە خۆمان و چ لە گەردوونیشدا.

بەوپێیەی کە ئێمە توانا و لێهاتنەکانمان لەلایەکەوە بەحوکمـی ئەو سێ تەوەرەیە سنورداره و لـەلایەکیشەوە بەپێی ئەو ئـاستە مەعریفیەی کـە پێـی گـەشتووین، ناچارین لەدوو بواری مەعریفیدا لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بکەین:

**١ـ الله خۆی لە خۆیدا**، لەم بوارەدا وەك بوون و هەبووێکـی سەربەخۆ، خۆی لـــە خۆیـدا الله یەو هەیە.

**٢ـ الله سەبارەت بە ئێمە (وەك بوونەوەرێکی زیندووی ژیر و فامیدە)**، لەم بوارەدا ئەو وەك هەبوویەك کە لە ڕێگە و بەهۆی بوونەوەرە ملکەچەکانەوە بۆ تەوەرەکانـی (بوونی بنەڕەتیی، تێپەڕبوون بەکـاتدا، گۆڕانـی سەرەمڕە)، هەست بـەبوونـی دەکرێـت و دەرك دەکرێـــت، ئەو پەروەردگار و پەروەرێن و پەرسراوە.

سەبارەت بە بواری یەکەم واتە: الله خۆی لەخۆیدا، لەم حاڵەتەدا تەنها بوونێکـــی بنەڕەتیی و ڕەهایە، واتە: بوونێکی ڕەهای ئەوتۆیە کە خۆی بۆ خۆی هەیەو بوونی لە هیچـــی ترەوە وەر نەگرتووە و لەژێر کاریگەریی هیچکام لە سێ تەوەرەکانیشـــدا نییە، هەربووە و هەیە و هەر دەشبێت، هەموو ناوەپیرۆزەکانیشی لە بوونی خواوەندانەی خۆیدا، یەکێکن و هیچ جیاکاریـی و بەرتەرییەك بوونی نییە لە نێوانیاندا، بۆ نمونە: ئێمە هەرگیز نابێـت وا بیربکەینەوە و بڵێین: کە الله ئاگای لە خۆیەتی و لە خۆی تێدەگات و هەست بەخـۆی دەکات، چوونکە ئەگەر وا بیر بکەینەوە، ئەوکـات ئەوە دەگەیەنێت کـە ئاگایـــی ئەو، بەرز ترە لە خۆی و زاڵە بەسەریدا، هەروەها گەروا بیربکەینەوە، سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کە گوایا ئاگایی و(**وعي**)، ئەو شتێکە

و بوونی خۆیشی شتێکی ترە، ئەوکات خۆی بوونێکی بنەڕەتییە و ئاگاییشی دەچێتە خانەی هەردوو تەوەرەی بوونی بنەڕەتیی و تێپەڕبوون بەکاتەوە (**لأصبَحت ذاتُه كَينونةٌ، ووعيُه كَينونةٌ وسَيرورة**)، ئەوکات دەبێت کەرت بوونی بێت بەسەردا(کە هەرگیز شتی وا ڕوو نادات).

ئەگەر بیشلێین الله عەقلّ و ژیرییەکی پەتییە (ئاگاییەکی ڕووت)، ئەو کات دەکەوینە هەمان ئاستەنگەوە و الله مان لیّ دەبێتە نەبوویەك لە خۆیدا، ئەم تێگەشتنەش (ئاگاییەکی ڕووت)، لە هیچ جێکەیەکدا جێی نابێتەوە و لە هیچ مەنزومەیەکدا پێگەی نییە.

ئەمەش ڕێك ئەو دۆخە بوو کە موعتەزیلە تێی کەوتن و پێیان وابوو و دەیان گوت: الله ژیرییەکی پەتیی و ڕووتە و لە ئاکامدا خۆی لە خۆی تێناگات، بەم کارەشیان دابەشیان کرد بەسەر خۆی و ئاگاییەکەیدا (وعيٌّ) و(ذات).

بەهۆی ئەم دیدگا و تێڕوانینەشیانەوە بوونە دوو دەستەوە:

**دەستەی یەکەم: نکوولّیی لە ئاگایی کرد و دانی بە بوونی خۆیدا نا (نفى الوعي وأبقى الذات).**

**دەستەی دووەم: نکوولّیی لە خۆی کرد و دانی بە بوونی ئاگاییدا نا (نفى الذات وأبقى الوعي) و بەهۆی نکوولّیی کردن لە زاتی خۆیەوە، نکوولّییان لە سیفات و ئاکارەکانیشی کرد.**

هەردوولاش لەم ئایەتانەوە ئیلهامیان وەردەگرت و لەوێوە هەنگاویان هەڵدەگرت کە دەفەرمووێت: **﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ البَصِيرِ﴾ الشورى/١١**.

هەروەها ئایەتی: **﴿مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِنْ وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَهٍ إِذًا لَذَهَبَ كُلُّ إِلَهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ المؤ منون/٩١**.

واتە: هیچ شتێك وەك هاوشێوەی ئەو نییە، ئەو بیسەر و بینایە.

واتە: الله منداڵی بۆ خۆی بڕیار نەداوە و هیـچ پەرستراوێکیشـی لەگەڵ نییـە، گەر هاوتا و پەرسراوی تری لەگەڵ بوایـە، ئەوا هەریـەك لەو هاوتا و پەرسراوانە، دەستیان دەگرت بەسەر ئەو بەدیهێنراوانەدا کە دروستیان دەکردن و لـەوێوە ململانـێ و سەر و خوار لـە نێوانیاندا سەری هەڵدەدا، پاکیی و بێگەردیی بۆخواوەند لەوەی کە باسی دەکەن.

وایان داناوە گەر کەسێك بیەوێت لـە خواوەند تێبگـات و هەست بە بوونی بکات، پێویستە سەرەتا وێنـای بکـات، وێنـا کردنیش سەبارەت بە الله ئەستەمە، چوونکە سەردەکێشێت بۆ چواندن و پەیکەرکاری بۆی، بۆ ڕێگـە گرتن لـەوەش، گـەشتنـە ئەوەی کـە نـکوولێـی لە سیفات و ئاکارەکانی بکەن، چوونکە پێیان وابوو ئەو بوارە دەرگایەکە بۆ وێنا کردن و چواندن و پەیکەر گەرایی، هەر لێـرەشەوە بوو کە مێژوو، ناسناوی (**أهلُ التَنْزِيه**) ی بڕی بەسەریاندا، واتە خەڵکێك کە باوەڕیان بە بێـگەردیی و پاکیـی بۆ خواوەنـد هەیە، تەنانەت لەو ئاکار و سیفەتانەش کە دراونەتە پاڵی، وەك ئاماژەیەك بۆ ئایەتی: ﴿**سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ**﴾.

لە بەرانبەریشەوە کـەسانێك وا تێدەگـەن یـان وا تێگـەشتوون لـە دابـەزێنراوی بەجـێ، کـە ڕووکـارەکـەی چۆنە هەر بـەو شێـوەیە باوەڕیان پێ هێناوە، واتە: عەرش بریتیە لە بارەگا و کەژاوە، ئیستیوا بریتیە لە دەس بەسەراگرتن،(**يَدْ**) دەستە و(**عَينْ**) هەر چاوە، لەوێوە باوەڕیان وایەکە: خواوەند ئەبیـنێت و ئەشبینرێت، ئەبسێت و توڕەش دەبێت، خۆش ویستن و ڕق لێ بونەوەشی هەیە، بۆ هەموو ئەم دیدگا و باوەڕەشیـان، پشتیـان بەم ئایەتە دەبەست: ﴿**فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ**﴾ **غافر/٥٦**.

واتە: پەنا بگرە بە خواوەند، ئەو بیسەر و بینایە.

هەروەها ئایەتی: ﴿**إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ**﴾ **الفتح/١٠**.

واتە: ئەوانەی پەیمانت پێ دەدەن، پەیمان بە خواوەند دەدەن و دەستی خواوەندیش لەسەر دەستیانەوەیە.

کەس و دەستەی واش هەبوون ڕێگەیان بە چواندنی خواوەند داوە و ئەو کارەشیان بە تەجسیم و پەیکەرکاری دانەناوە، بەڵگەشیان بۆ ئەم بۆچوونەیان ئەوەبووە کە خواوەند مرۆڤی بە شتگەلێك وەسف کردووە، کە خۆیشی هەر بەو شتانە وەسف کردووە، وەك لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿**إِنَّا خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِنْ نُطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَاهُ سَمِيعًا بَصِيرًا**﴾ **الانسان/٢**.

واتە: ئێمە مرۆڤمان بەدی هێناوە لە گوژمە ئاوێکی لیخن و لێڵ و هەوراز و نشێوی زۆری لە ڕێگەدایە، دواتر کردمانە بیسەر و بینەر.

ئەوەشیان دەکردە بەڵگە کە مرۆڤ بەو پێیەی کە دروسکراوە، ناتوانێت لە شتێك تێبگات و بیناسێت بە بێ ئەوەی دەرکی بکات.

هەروەها پێیان وابوو مرۆڤ ناتوانێت دەرکی شتێك بکات، تا لە زەینیدا وێنای نەکات، ناتوانێت شتێکیش وێنا بکات کە هیچ ئاکار و نیشانەیەکی نەبێت، دواجار باوەڕیان وابوو کە خواوەند لە چەن پارچەیەك پێك هاتووە، بەمەش نکوڵییان دەکرد لە تاك و تەنهایی و یەکتایی خواوەند.

لە ڕاستیشدا کاتێك ئێمە دەڵێین: خواوەند تەنها بوونێکی بنەڕەتییە (**کَینونة فَقط**)، لێرەوەیە پێمان وایە کە: تێپەڕبوون بەکاتدا و گۆڕانی سەرەمرە، لەوەوە دەردەچێت، نەك بەشێك بێت لەو، ئەم تێگەیشتن و لێکدانەوەیەشمان، بیرۆکەی (**حلولْ**) و یەکپارچەیی بوون بەرپەرچ دەداتەوە و ڕەدی دەکاتەوە.

کاتێك تێپەڕبوون بەکات و گۆڕانی سەرەمرە، بە بێ بوونێکی بنەڕەتیی نایەنە بوون و ناتوانن بن، ئەوکات ئێمەش لەبارەی خواوەندەوە لەم گەردوونەدا تێناگەین و ناتوانین تێبگەین.

دابەزێنراوی بەجێ لە چەندین جێگەدا ئەم خاڵەی ڕۆشن کردوەتەوە وەك دەفەرمووێت:

﴿وَكَانَ اللَّهُ سَمِيعًا بَصِيرًا﴾ ـ ﴿إِنَّ اللَّهَ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾

﴿وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ ـ ﴿إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾

واتە: خواوەند بیسەر و بینابوو ـ خواوەند ئەوە بیسەر و بینایە .

خواوەند لێ خۆشبووی بەبەزەیی بوو ـ خواوەندە کە لێ خۆشبووی بەبەزەییە.

بەم پێیە دەر دەکەوێت کە خواوەند بوونێکی بنەڕەتییە، هەروەها ئەو خۆی لە خۆیدا و بەدەر لە هەردوو تەوەرەی: تێپەڕبوون بەکات و گۆڕانی سەرەمەڕەو، بەدەر لە کاریگەرییەکانی کات و جوڵەی بەرەو ئامانج چوون، ئەو بیسەر و بینەر و لێ خۆشبووی بەبەزەییە.

بەلای خواوەند خۆیەوە، بوونی بنەڕەتیی تەنها خۆیەتی، بەڵام بوونی بنەڕەتیی ئەو سەبارەت بە ئێمە و بەلای ئێمەوە، بریتییە لە ناوە جوانەکانی.

بۆیە لە سەرانسەری دابەزێنراوی بەجێدا نابینین ناوی (الله) بەتەنها و بەبێ یەکێك لە ئاکارەکانی هاتبێت، لەم ئاکارانەدا خوایەتیی و پەروەردگارییەتی ئەو نومایان دەبێت و دەدرەوشێتەوە.

خواوەند خۆی لە خۆیدا الله و خوایە، واتە: گوتەی شکۆمەندی (**لفظُ الجَلالة**)، بەڵام سەبارەت بە ئێمە کە هەبوویەکی زیندووی ژیر و دارای عەقڵین، ئەو لێخۆشبووی بەبەزەیی و ڕۆزیی بەخش و پەروەردگار و پەرسراوە.[1]

خواوەند خۆی لە خۆیدا، چاو ناتوانێت بیبینێت و دەرکی بکات، چوونکە چاوەکان لە خانەی گۆڕانی سەرەمەڕەدان، لە کاتێکدا کە خواوەند خۆی لە خۆیدا هیچ شتێك وەك هاوشێوەی نیە،

[1] سەیری **موسوعة الاسماء الحسنى** بەرگی ٢ لاپەڕە ١٥ بکە، **دکتور أحمد الشرباصي**.

چوونکە ئەو خۆی لە خۆیدا تەنها بوونێکی بنەڕەتییە، لە کاتێکدا هەرچیی هەبوو و هەرچیی شت هەیە، بەدەر لە ئەو، هەموویان، بوونــی بنــەڕەتیــی و تێپــەڕبوون بەکــات و گۆڕانــی سەرەمەڕەن.

هەروەها ئەو خۆی لەخۆیدا هەیە، نەك بەهۆی هیچی ترەوە، بەڵام هەرچی هەبووی تر هەیە، بەهۆی غەیــری خۆیانەوە هەن و پەیــدابوون و پەیــدا دەبن و سەرەتا و کۆتاییــان هەیــە و ملکەچی کات و گۆڕانن لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر.

لێرەدا کەسێك دەپرسێت: پێش ئەم بوونە گەردوونیەی ئێستا چی هەبوو؟

نەبوون (عَدَم) هەبوو، یان خواوەند؟

لە وەڵامدا دەڵێم: هەردووکیان پێکەوە.

دیسان دەپرسێتەوە و دەڵێت: ئایا ئەوە دان نان نییە بە دوانەییدا؟

منیش لە وەڵامدادەڵێم: لەڕووی زمانەوانییەوە ڕاستە دوانەییە، بەڵام لەڕووی بوونگەرایی و وجودیەوە (بوونی بنەڕەتیی بەتەنها) هەر یەکێکە.

پێویستە ئێمە لە ڕێگەی هەست و هەستەوەرەکانمانــەوە پێناسەی (عَدَم) نەبوون، بکەین، نەك لە نەبوون خۆیدا، چوونکە نەبوون، نەخۆی هەیە و نە بوونی بنەڕەتیشی هەیە.

ئەگەر بوونیی بنەڕەتیی خۆی لە خۆیـدا بریتیـی بێت لــە خواوەنــد، ئــەوا نــەبوون، زانستی خواوەندە بە بوونەوەرەکان، پێش بەدیهێنانیان.

هەموو بەدیهێنراوەکان بە دیاردە و یــاسا و پــەیوەندییەکــانیــانەوە لە زانستــی خواوەندداـ، ئــامــاژەگــەلێکن بــەبێ ئــامــاژەبۆکراو (دلالاتٌ دونَ مَدلول)، لــەکــاتــی بــەدیهێنان و دوای بەدیهێناندا، ئاماژەکان بەرە بەرە ئاماژە بۆکراوە ماددییەکانیان وەرگرت.

هاوكێشەیەكمان هەیە دەڵێت: ٢+٢=٤، ئەگەر هاتیـــن و ژمارە ٢ مان لێ دەركرد و دامان ماڵیی لە هەرچیی ئاكار و پەیوەندییەكانی هەیە،دەبێتە نەبوون(عَدَم)، ژمارەیەك بەبێ بوونیی بنەڕەتیـی، ئەوكات هاوكێشەكە دەبێتە حاڵەتێكـی نـەبوون (حاڵەتێك لە ژێریـی و زانینـــی ڕووت) و داماڵڕا و لە هەموو بونێكــی بنەڕەتیـــی، لێرەوە بوو كە پێشتر گوتمان: زانیاریی خواوەند پەتیی و ئەبستراكت و ڕووتە: ﴿وَأَحْصَى كُلَّ شَيْءٍ عَدَدًا﴾ **الجن/٢٨**.

واتە: هەموو شتێكمان بە ژمارە سەرژمێریی كردووە.

گوتمان: بیركـاریـــی كـەشخەترینـی ناو هەموو زانستـــەكانە، چوونكە بریتیـــیە لە چەند پەیوەندییەكی پەتیی و ڕووت، هەروەها بریتییە لە ئاماژە گەلێك بەبێ ئاماژە بۆكراو.

زانایانی بیركاریـــی لە پەیوەندییـــە داماڵڕاوەكان دەكۆڵنەوە، زانایانـــی سروشتیش بە بەشە هەمەچـەشنەكـانی سروشتەوە، لــە بوونـی بنەڕەتیـی ئەو پەیوەندییـانە لەگەڵ گەردووندا دەكۆڵنەوە، بەو كارەشیـان ئەو لێكۆڵیـــنەوە ڕووت و پەتییـــانە دەگۆڕن بۆ ئاماژە و ئاماژە بۆكراو (**يُحولون البَحث المُجرّد إلى دالٍ و مدلول**).

بەدڵنیاییەوە هێما و ئاماژەی پەتیی و داماڵڕاوی بیركـاریـی، خۆی لـەخۆیـدا هێمایـەكی بێهوودەیە، ئەو بێهوودە بوونەی لەكۆڵ نابێتەوە تا هێماكە نەكرێت بەبەر بوونێكی بنەڕەتیدا.

لــەم ڕوانگــەیــەوە دەڵێین: خواوەند زمانـی گفتوگۆی نییە، ئەو نە عەرەبە و نە ئینگلیزە و نە تورك، چوونكە هێما و نیگـای زمانەوانیـی لــە خۆیدا بــە تــەنها نیگا و هێمایەكـــی بێهــودەی ئاماژەكارە، مانا وەرناگرێت تا نەكرێت بە بەر ئاماژە بۆكراوێكدا.

لە زمان و زانستی بیركاریی داماڵڕاو و ڕووتەوە، ڕۆڵی وشەمان بۆ دەردەكـەوێت لە بەراورد كردنی ئاماژە و ئاماژە بۆ كراودا، هەر بەو هۆیەوە دەتوانیـــن لەو واتایە تێبگەیـــن كاتێك خواوەند دەڵێت: ببە، یەكسەر ئەو شتە دێتە بوون، كە ویست و مەبەستی خوای لەسەر بێت.

لەو ڕێگەیەوە مانای ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە: کەلیمات و گوتەکانی خواوەند، بریتین لە حەق و دادگەریی و بریتین لــە بوونێکـی دیاریکراو و دەسنیشانکراو، واتە: بریتین لە گۆڕان و گواستنەوەی ئـاماژەیــەکــی بێواتا و بێهودە بۆ ئاماژەیەکـی یــەکلاکــەرەوەی ئــەوتۆ کــە ئاماژەبۆکراوەکەی دیاریکراوە و بریتییە لە وشە (**كَلِمَة**).

ئەو بوونەش کە بریتییە لە کەلیمات و وشەکانــی خواوەند، بوونێکی یەکلاکەرەوە و دورە لە بێهوودەیی، ئەمەش ئەو بۆچوونـە پوچەڵ دەکــاتەوە کـە پێی وایــە گــەردوون لــە ڕێــگەی ڕێککەوت و بێهودەییەوە هاتوەتە بوون، چوونـکـە ڕێککـەوت تــەنــها لە داماڵڕاو (**المجرّد -** abstract) دا ڕوو دەدات، نەك لە بوونەوەرە هەبووەکاندا.

هەندێ جار ئەم حاڵەتە لــە ڕەفتــاری مرۆڤەکانیشدا هەستی پێ دەکەین، کاتێك کە وشەکان ئاماژە بۆکراوەکانیان لەدەس دەدەن و لەواقع و لە بەرانبەریانەوە هیچ نامێنێت، ئەوکات ئەو شتانە دەبنە نەبوون (**عَدَم**)، واتە: دەبنە چەن بیروڕایەکی بێهودە و بێ واتا.

لەوانەیە ئاهەنگ و گردبوونەوەکانی هەندێ لە گوتــار بێژەکان، یان هەندێ لەو گوتارانەی کە لە ڕۆژانی هەینیدا پێشکەش دەکرێن، باشترین نموونە بن، بۆ ئەم ڕاستییەی کە باسمان کرد.

ئەوەش کــە گوتمان خواوەند حەق و دادگــەریـی و بوونیی بنەڕەتییە و خۆی لە خۆیدا بوونیی هەیەو بوونـەوەرەکــانیشـی بە دادگەریــی و حەق، بەدی هێناوە، واتە: خواوەند ڕاستیــــی و حەقیقەتێکــی بــابــەتیی ڕەهایــە و خۆی لە خۆیــدا هەیە و بوونـــی هەیە، بەدیهێنراو و هەبووەکانیش هەرچەندە بوونیان ڕاستییەکیی ڕەهایە، بەڵام بوونەکەیان بەهۆی غەیری خۆیان و دەرەوەی خۆیانەوە هەیە و وابەستەی ئەون، هەروەها پەیوەندیی بــەدیهێنراوەکــان لــەگەڵ خواوەندی بەدیهێنەردا، پەیوەندی قسەیە بە قسەوکەرەوە (**عَلاقةُ الكَلامِ بالْمُتَكَلِم**)، قسەیەك کە لەوەوە دەردەچێت، نەك بەشێك بێت لەو.

بەواتای ئەوەی کە هەر سێ تەوەرەی (بوونی بنەڕەتیی، تێپەڕبوون بەکاتدا، گۆڕانی سەرەمرە) لە سروشتی بەدیهێنراوەکانن و وشە و کەلیماتی خواوەندن.

گرفتی گەورەمان لە گەردووندا بریتییە لە: گرفتی ئاگایی و تێگەیشتنی بەدیهێنراو و هەبووەکان و ئاشنا بوونیان لەگەڵ ناسناوەکانی خواوەندا، چ لە خۆیاندا و چ بەهۆیانەوە.

هەرچەندە ئاگایی و تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ گەردوون لە چوار چێوەی گۆڕانی سەرەمرەدا، ملکەچ و لە ژێر کاریگەریی گۆڕانی سەرەمرەدایە و ئەو کاریگەرییەش بەردەوامە، بەڵام گرفتە گەورەکە، کە گرفتی زانین و مەعریفەیە، هەر ماوەتەوە و بەردەوامە.ناسینی خواوەند لە ڕێگەی خۆیەوە ئەستەمە، لە ڕێگەی ناسناوە جوانەکانیەوە نەبێت ناگونجێت بناسرێت، بەو پێیەش کە مرۆڤ تەنها لە ڕێگەی قەڵەم و پێنووس (جیاکاریی ـ **التمیّز**) ەوە دەکرێت فێر ببێت و بزانێت، بۆیە خواوەندیش ناسناو و ناوە جوانەکانی خۆی، لە خۆی، بۆ ئێمە جیاکردوەتەوە، نەك بۆ خۆی، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە و بەهۆی ئەو ناسناوانەوە بیناسین، هەبووەکانیشی لە ڕێگەی گۆڕانی سەرەمرەوە لەیەکتر جیا کردوونەتەوە، چوونکە ئەگەر پەیژە و پلەکانەی گۆڕان نەبوایە، نە لێك جیاکردنەوە و نە ناسین، بوونیان نەدەبوو.لێرەوەیە کە دەڵێین: گۆڕان و گەشەی هەبووەکان لەخۆیاندایە، هەبووەکان هاو ئاواز لەگەڵ یەکتردا، بێگەردیی خواوەند پشتڕاس دەکەنەوە لەوەی کە وەك ئەوان لە خانەی گۆڕاندا بێت، واتە: ئەو نییە لە ژێر ڕکێفی گۆڕان و جێگۆڕکێدا، مەبەست لە تەسبیحاتی گەردوون ئەمەیە.چوونکە یاسا و تەوەرەی صەیرورە و گۆڕانی سەرەمرە واتە: یاسای (نکوولیی و نکوولیی لە نکوولیی ـ **النفيّ ونفيُّ النفي**) بریتییە لە هاوئاوازیی و تەسبیحات و جوڵەی هەموو بوون و گەردوون پێکەوە، بەڵام جوڵە و تەسبیحی ژیرمەندانە ئەوەیە کە: نکوولیی کردنێکی ژیرانەیە لەوەی کە خواوەند هاوتا و نەوە و هاو شێوەی هەبێت.

## وێنا کردنی مرۆڤ بۆ خواوەند، لەژێر کاریگەریی گۆڕانی سەرەمڕە و صەیرورەدایە

مرۆڤی سەرەتایـی خواوەندی وا وێنا دەکرد، کە لە ناو ئەستێرە و دیاردە سروشتییەکاندا نومایان دەبوو، ڕێگـاکـانـی وێنا کردنی مرۆڤەکانیش بۆ خواوەند زۆر و هەمەچەشن بوون، واتە: وێنای مرۆڤی سەرەتایـی بۆ خواوەند لە چەمکەکانی: پەروەردگاریەتیی و پەرستراویی ـ **الرّبوبية والألوهية** وە سەرچاوەیان گرتووە، ئەم دوو چەمك و تێگەیشتنەش، بە تێپەڕبوونـی کات مل کەچ و ژێرباری گۆڕان و گۆڕانی سەرەمڕەبوون.

لەم سۆنگەیەوە مرۆڤ وا گومانی بردووە کە دیاردە و هێما سروشتییەکان کە بەرجەستەبوون و لە بەرچاو و ئاگایی مرۆڤدا ئـامادەییـان هەبووە، وای زانیوە ئـەم دیاردە سرشتیی و هەبووە ماددییانە، بڕیار و سەرەنجامی مرۆڤیـان بەدەستە و هەموو خۆشیی و ناخۆشییەکانی ژیان بە دەستی ئەوانە، بۆیە بە پەروەردگـاری خۆی زانیـون و قوربـانیی و نیـایشیشی بۆ کردوون تـا ڕەزامەندییان بە دەس بهێنێت و لـەو ڕێگـەیـەشەوە بە پەرستراوی خۆی زانیون، تا قۆناغ بە قۆناغ ئاگایی مرۆڤ گەشەی کرد و گەشتە قۆناغی یەکتا پەرستیی.

نهێنی بانگەوازی پێغەمبـەرانیش تـەنها لـەوەدا بووە کـە هەوڵیـان داوە هەردوو چەمکـی پەروەردگاریی و پەرستراویی ـ **الألوهية والرّبوية**، لە زەینی مرۆڤەکاندا ڕاس بکـەنەوە، بۆیە تاك ناسیی و تاك پەرستیی کرۆکی بانگەوازی پەیامهێنـان بووە بەگشتیـی: ﴿**وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنْ الْخَاسِرِينَ**﴾ **الزمر/٦٥**.

واتە: دڵنیابە نیگا نێردراوە بۆ تۆ و بۆ ئەوانـەی پێش تۆش، گەر بێت و هاوتا بڕیار بدەیت بۆ خواوەند، کردەوەکانت پوچەڵ دەبنەوە و مایە پوچ دەبیت.

سەرەتـا مرۆڤ بەشەرێـك بوو، واتــە: هەبوویـەك بوو لـە پێپلیـکانەی گۆڕانـــی سەرەمڕەی گەردووندا، دەپرسین خواوەند چی بەو بەشەرە بەخشیوە تا ببێتە مرۆڤ؟

وەڵامەکە بریتییە لەوەی کە: یاسای بنـــەڕەتیـی بیر و هزری پێبەخشی، واتە: یاسای نەبوونی دژبەریی (**غیابُ التَناقض**)، بەواتایەکی تر سەرەتای پەیوەندیی هێمایی نێوان ئاماژە و ئاماژە بۆکراوی پێبەخشی، بۆ ئەوەی لـــە جیهانـــی دەسنیشانکردن و جیهانیی پەیوەندیی سروشتیی نێوان ئاماژە و ئاماژەبۆکراوەوە بپەڕێتـەوە بۆ جیهانیـی داماڵین و ئەبستراکت و پەتیی بوون، جیهانی پەیوەندیی هێمایی نێوان ئاماژە و ئاماژەبۆکراو (**الدالّ والَمدلول**).

هەتا ئێستاش مرۆڤ خۆبەخۆ زمان وەردەگرێت و فێـــری دەبێت، نەك لە ڕێگەی پشتاوپشت و باوانیەوە، بەڵام کۆ ئامرازی دەنگیی لە باوانیەوە وەردەگرێت.

لێرەوە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ بوون و سەرەتـــای پـــەیوەندیـی هێمایـــی نێوان دەنگ و ئاماژە بۆکراوەکان (لەگەڵ سەرەتای داماڵین وپەتیکردن لە یـــاسای نـــەبوونیـــی دژبەریی) سەرچاوەی گرت و دەستی پێکرد.

لەم ڕوانگەیەوە دەڵێین: ئادەم، باوك و پەروەردەکاری مرۆڤە، نەك زایـــەندەی بەشەر (**آدم ابُ الإنسان ولَيس والِد البَشر**).[1]

بە ڕستەیەکی تری کورت: خواوەند ئامرازی بیرکردنـــەوە و ئـــامرازی پـــەیوەندیـــی و زمان و یاسای نەبوونیی دژبەریی لە بیرکردنەوەدا، بەخشـی بە مرۆڤ، ئەمەش مانای ئەو ئایەتەیە کە خواوەند ڕووبە فریشتەکان فەرمووی: ﴿**إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ**﴾ **البقرة/٣٠**.

واتە: ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن.

دوای ئـــەوە ئیتر مرۆڤ ملـی ئەو ڕێگـــە سەخت و دژوارەی گرتـەبەر تا گەشتە ئەم دۆخەی کە ئەمڕۆ لە سەریەتی.

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی جیاوازیـــی نێوان **ألأب والوالد** سەیری بەشی سێیەمی کتێبمان **ألإسلام والإيمان - منظومة القيم** لاپەڕە ٢٦٦ و دواتر بکە.

یاسای نەبوونی دژبەیەکیی، بناغەی ئەو لۆژیکەیە کە کاروباری فکر و بیرکردنەوە ڕێك دەخات، لە ڕێگەی ئەم یاسایەوە مرۆڤ گەشتە یاسای هۆکاربوون **(قانون السَببية)** ئامرازەکانی پەیوەندیش بەهۆی گەشەسەندنی ئامرازەکانی بیر و بیرکردنەوەوە گەشەیان کرد، بەو پێیەی کە ئەمانیش هەردووکیان وەك تەواوی هەبووەکانی تر ملکەچ و ژێرباری گۆڕانی سەرەمڕەن، زمانەکان گەشەیان کرد، زمانی وا هەیە لەناو چووە و هەیشە زیندووە و لە گەشەی بەردەوامدایە، هەیشە تازە لەدایك بووە، واتە: ئێمە بە ڕوونیی گۆڕانکاریی زمانەکان دەبینین، هەروەك چۆن گۆڕانی سەرەمڕەی تەواوی هەبووە زیندووەکانی تر دەبینین، گەر بهاتایە و تەواوی دانیشتوانی سەرگۆی زەویی یەك زمانیان هەبوایە، ئەوکات ئامانجگەرایی لە زمانەکاندا بوونی نەدەما، هەروەها گەر بهاتباو یەك گیانەوەر لەسەر گۆی زەوی هەبوایە وگیانەوەرەکانی تر لەناو چوونایە، ئەوکات ئامانجگەرایی لە بوون و بەدیهێنانی مرۆڤدا نەدەما و مانایەکی نەدەبوو.

پاش ئەم تاوتوێکردنە دواجار دەگەینە سەر ئەم پرسیارەی خوارەوە:

بەلای مرۆڤی ژیری بەئاگاوە کە خۆی دەزانێت کە دەزانێت، (بوونی بنەڕەتیی و تێپەڕبوون بەکاتدا، گۆڕانیی سەرەمڕ ـ **الكَينونة، السَيرورة، الصَيرورة**)، چین و واتایان چییە؟

# بوونی بنەڕەتیی، تێپەڕبوون بەکاتدا، گۆڕانی سەرەمڕە ـ لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا

## ١ـ کۆمەڵگەکانی بوونەوەری ژیر و فامیدە

هاووڵاتیی و مرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵگایانە، پەیوەندیی ئاگایانە دەیانبەستێت بەکەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاکەکانی ئەم چەشنە کۆمەڵگەیە، لە کات تێدەگەن، بوونی بنەڕەتیی تیایاندا مرۆڤ خۆیەتی، تێپەڕ بوونیی کاتیش تیایاندا بریتیە لە مێژوو، گۆڕانی سەرەمڕەش بریتیە لە پرۆسەی گەشەسەندنیان، لەم ڕوانگەیەوە دەڵێین: خاڵی دەسپێك و سەرەتا لەم سێ تەوەرەیەدا لە بواری بوون و هەبوونی مرۆڤەوە، بریتیە لە ئادەم، وەك باوك و پەروەرشیاری مرۆڤ و باوکی مێژوو، مێژووی مرۆڤایەتیی و بوونی بنەڕەتیی و تێپەڕبوون بەکات و گۆڕانی سەرەمڕە و پەیوەندیی هەموو ئەمانە پێکەوە، بەهۆی ئەوەوە و لەوەوە دەستی پێکرد.



گەر تەوەرەی بوونی بنەڕەتیی نادیدە بگرین و بیسڕینەوە، ئەوا مرۆڤ و مێژوویش لەگەڵیدا دەسڕێنەوە (بەڵام کات هەردەمێنێتەوە)، لەو حاڵەتەدا گۆڕانکاریی بەسەر بوونی مرۆڤدا دێت و دەبێتە گیانەوەرێك لەخانەی ئاژەڵاندا و بەسەر پێپلیکانە و پەیژەی گەشەسەندندا بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە و مێژووش دەگۆڕێت و دەبێت بە کاتێکی فیزیایی داماڵراو و پەتی لە هەموو شتێك... کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەستەمە.

بەڵام تەوەرەی تێپەڕبوون بەکاتدا، ناکرێ و ناگونجێت نکوولیی لێ بکرێت و نادیدە بگیرێت، چوونکە مێژوو کاتە، کاتیش هەبوویەکی بابەتییە لەدەرەوەی خواستی ئێمەوە، بەڵام مێژوو بریتییە لە تێگەیشتنی ئەو هەبووە بابەتیە، بۆکات.

مرۆڤ دەتوانێت لە ئاگایی خۆیەوە ئەو هەبووە ببینێت، بەڵام بەلای گیانەوەری نائاگا(**غیر واعي**)ەوە، مێژوو و جووڵەی مێژوو، هیچ بایەخ و واتا و بەهایەکی نیە.

تەوەرەی گۆڕانی سەرەمڕە(**صَيرورة**)، گرفتە گەورەکە لێرەدا حەشاردراوە، دووراییی و ڕەهەندێکە لەوێوە جڵەوگیریی لە مرۆڤ و ویست و خواستەکانی دەکرێت، هەروەها ئەو تەوەرە سێیەمەیە کە گەشەسەندنی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیی تێدا دەبینین کە لە یەك کات و سەردەمدا ڕوو دەدات، بەڵام لە چەندین جێگە و شوێنی جۆراوجۆردا (ئەمەیە پێی دەڵێین: جووڵەی گەشەی مێژوویی).

گەر ڕەهەندی دووەم (تێپەڕبوون بەکاتدا)و، سێیەمیشی بخەینە پاڵ کە (گۆڕانی سەرەمڕە)یە، دەبێتە ئەوەی کەپێی دەڵێین: گەشەی مێژوو، یان ئەو گۆڕانە مێژووییەی کە مرۆڤ کاریگەرییەکی بنەڕەتیی هەیە لە خێراکردن یاخود خاووخلیچ کردنیدا.

تەوەرەی گۆڕانی سەرەمڕەش، یاخود ئەوەی کەپێی دەڵێین: تەوەرەی سێیەم، ڕەهەندێکی یەکجار گرنگە، چونکە جێگە و شوێنی ئەرك بەسەرادانی مرۆڤایەتی و کێڵگەی لێکۆڵینەوە

و بەدوادا چوونەکانی مرۆڤایەتییە، جێگەی سەر سوڕمان نیە کە سەرنج دەدەین هەموو چیرۆکە قورئانیەکان بە دەوری ئەم ڕەهەندەدا دەخولێنەوە، بەو پێیەی کە کێڵگە و بواری کردار و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤایەتیە.

کرداری مرۆڤانە پێش ئەنجامدانی لە ڕەفتاردا، لە جیهانیی ئەگەرەکاندا بوونی هەیە، بەڵام پاش ڕوودان و کردنیی لەلایەن مرۆڤەوە، دەچێتە خانە و جیهانی جێبەجێکراوەکانەوە، چوونکە کات، سەرەڕای ئەوەی کە خانەی ویست و بژاردەی مرۆڤەکان و کێڵگەی ئامانجی بژاردەکانی و دەسنیشان کردنی پاداشت یان سزایە، هەرگیز بەرە و پاشەوەش ناگەڕێتەوە.

دابەزێنراوی بەجێش جەختی کردوەتەوە لەسەر گرنگیی و بایەخی لێکۆڵینەوە لەم ڕەهەند و لەبارەیەوە دەفەرموویت: ﴿**لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُوْلِي الْأَلْبَابِ**﴾ **یوسف/ ١١١**.

واتە: لە چیرۆك و بەسەرهاتەکانیاندا پەند و ئامۆژگاریی هەیە بۆ خاوەن ژیرییەکان.

هەروەها: ﴿**قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ ثُمَّ انظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ**﴾ **الانعام/ ١١**.

واتە: بڵێ: بگەڕێن بەزەویدا و ببینن ئەوانەی کە، هەوڵی بەدرۆ خستنەوەی پێغەمبەران و پەیامەکانیان داوە، چارەنووسیان چۆن بووە و چییان بەسەر هاتووە.

ئەم ئاست و پێگەیە، پێگەی یاسای نکوولێی و نکوولێی لە نکوولێی (**قانون النفي ونفي النفي**) ە، چوونکە هەردوو ڕەهەندی: کات و گۆڕان (گۆڕانی مێژوویی) لەخۆ دەگرێت.

دابەزێراوی بەجێ چەند بابەت و پێگەیەکی لەم ئاستەدا داناوە، گرنگ ترینیان بریتین لە:

## أ- بابەتی تاکناسیی و تاکپەرستیی:

تاکناسیش کەوتوەتە ژێرباری گەشەی مەعریفیەوە، لە نومایان کردنەوە گەشەی کرد بۆ داماڵراویی و پەتییەتی (**مِنَ المُشَخَصِّ الى المُجَرد**)، لە چەند خواییەوە، گەشەی کرد بۆ تاك

خوایی و تاك ناسیی، لەم پێگە و ئاستەدا لەڕووی بابەتییەوە، تەواوی پلە جۆراوجۆرەکان دەبینین و هەستیان پێدەکەین، لە بت پەرستییەکی سروشتگەراوە، کەمەبەست لێی دیاردە سروشتیەکان و ئەستێرەکان و گەلە ئەستێرەکانە، بەرەو بت پەرستیەکی پەیکەر پەرستیی، هەروەها بەرە و بت پەرستی پەرستنی پێشینان، ئەم چەشنەش لە سەردانیکردنی گۆڕەکانیان و قوربانی کردندا بۆیان بەرجەستە دەبوو، لەم پلە بەندیەشدا سەرنجی ئەوە دەدەین کە سەرکەوتنەکە پلەبە پلەیە، بە چەشنێك لەهەموو پلە و ئاستێکدا، چەن شوێنەوارێکی ئاست و پلەی پێش خۆی بەدیی دەکەین.

لەم ڕوانگەیەوە دەبینین دروشمی تاك ناسیی(لاإله إلا ألله) سادەترین وگرنگ ترین دروشمە بەلای هەموو کەسەوە: ئیتر ئەو کەسە ئەندێشمەند و پیتۆڵ بێت، یان زانایەك یان کەسێکی ئاسایی یان تەنانەت نەزانێکیش بێت.

ئەم دروشمە ترۆپك و سەرتۆپی ئیسلامە بەگشتی.

## ب ـ بابەتی بەها باڵاکان:

ئەم بابەتە مل کەچ و لە ژێرباری گەشەی کەڵەکەبووندایە، بۆیە بەها باڵاکان ڕەنگوبۆی کەڵەکە بوون و نیشتنە سەریەکی ڕابوردوویان پێوە دیارە.

هەرلە چاکە کردنەوە لەگەڵ باوك و دایکەوە بیگرە، تا دەگاتە دە ئامۆژگاریەکە و چەندین بەهای جوانی تریش کە دواتر زیادکران بۆ پەیامەکەی **محەمەد** کەپێشتر نەبوون.

## ج ـ بابەتی پەیڕەو و شەریعەت و یاسازی :

ئەم بابەتەش، بە جێ گۆڕکێ و زیادوکەم کردن، لە ژێر کاریگەریی گەشەی نێوان شەریعەت و پەیامە ئاسمانیەکاندا بووە.

ئەگەر ئاست و ڕووبــەری، بوونی بنــەڕەتیــی (کە بریتیە لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان) لەگەڵ تێپەڕبوون بەکاتدا (کـە دەکـاتە مێژوو)، بــەبێ گۆڕانــی سەرەمرە وەرگرین، ئەوکات دەبینین کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی کۆمەڵگەیەکـــی چەق بەستووی سڕبووی بێ جوڵەیە و کاتی بەسەردا تێدەپەڕێت، بەبێ هیچ چەشنە گۆڕان و گــەشەیەك و دەبێتــە قەڵای دواکەوتن و بەدبەختی، واتە: دوای ئەوەی تەوەرەی سێیەم، کــە تــەوەرەی گۆڕانــی سەرەمرە (الصَیرورة) یە لەدەست دەدات، دەبێتە کۆمەڵگەیەکی ڕووتەختی سادەی دوو ڕەهەندیی ئەوتۆ کە هیچ ئامانجێکـــی نەبێت.

ئەم حاڵــەت و دۆخەش بــەڕوونیی لــە کۆمەڵگــەکــاندا هەست پــێ دەکەین، کۆمەڵگــە گەشەسەندووە پێشکەوتوەکان، ســێ ڕەهەندین و کۆمەڵگە چەق بەستوو و سڕبووەکانیش دوو ڕەهەندین.

هەر چەشنە ڕووبەڕوو بونەوە و کێبەرکێیــەکیش لــە نێوان ئەم دوو چەشنە کۆمەڵگەیەدا بێتە ئاراوە، ئەوا هەر کۆمەڵگە سێ ڕەهەندیــەکــە لــەسایەی توانــا و لێهاتنەکــانیەوە، براوە و باڵادەس دەبێت بەسەر کۆمەڵگە دوو ڕەهەندیەکەدا.

دابەزێنراوی بەجێش بۆ ئەوەی ئاهێکمـان بێنێتەوە بەبەردا، دێت و بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە: بێجگە لە بەهەشت، هیچ کۆمەڵگەیەك نابێت دوو ڕەهەندیـــی بێت، چونکە بەهەشت خۆی کۆتا ئـامانجە و کۆمەڵگــە دونیــاییەکــان هەموویــان ئامرازن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بۆیە پێویستە هەریەکەیان سێ ڕەهەندەکــەی تێدا بێت و پیــایدا تێپــەڕێت، هەرکۆمەڵگەیەکیش هەریەك لەو سێ ڕەهەندە فەرامۆش بکات، ئەوا بەدەستی خۆی چاڵ هەڵ دەکەنێت بۆ خۆی و ڕەوڕەوەی مێژوو بەجێی دەهێڵێت، بەرەو نەمان ملی ڕێگــە دەگرێتە بەر و لــە ژێر تیشکــی خۆردا جێگەیەك بۆ ئەو کۆمەڵگەیە نامێنێتەوە، ئامانجە دونیاییەکەش مانایەکی نامێنێتەوە لە بوونیدا.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە و دەپرسێت: کۆمەڵگە عەرەبییەکان حاڵیان چۆنە و لەکوێی ئەم هاوکێشەیەدان؟

وەڵامەکەی بەم شێوەیە دەبێت: چەند کۆمەڵگەیەکی سادەی دوو ڕەهەندین، ڕەهەندی بوونی بنەڕەتیی (کَینونة ـ چونکە هەن و بوونیان هەیە)، هەروەها ڕەهەندی تێپەڕبوون بەکاتدا (السَیرورة ـ چوونکە لەڕووی مێژوویشەوە بوونیان هەبوە و مێژوویان هەیە).

بەڵام ڕەهەندی گۆڕانی سەرەمرەیان (الصَیرورة) فەرامۆش کردوە و بوونی نیە لە ناویاندا، بەو هۆیەشەوە لە ژیانیاندا واتای ئامانجگەراییان لەدەست داوە و بوونەتە کۆمەڵگە گەلێکی پەژموردەی لاواز و دەستەمۆ و ژێردەستە و هەموو خواست و پێداویستیی و هێزێکیان لەو ناوەندە ژیارییانەوە وەردەگرن کە لەسەر ڕێڕەو و سکەی تەوەرەی سێیەم دەڕۆن.

## ٢ـ چۆنیەتیـــی هەڵسوكەوتـــی كۆمەڵگـــە عەرەبیـــەكان لەگەڵ گۆڕانـــی سەمرە (الصَیرورة) دا ؟

كەلتور و فەرهەنگی عەرەبیی (بە ئیسلامیی و نەتەوەیی و ماركسیی و لیبراڵەوە) چۆن كۆی ڕەهەندی سێەمی لە كەلتورەكانی ترەوە وەرگرت؟

### أـ گۆڕانی سەمرەی زانستیی:

بەدرێژایی چەندین سەدە لەمەو پێش، هەموو داهێنان و پێشرەوتە زانستیەكانـــــی بواری: پزیشكیی، ئەندازەیی، فیزیایی، كیمیـایی، بیركـاریـی، هەموویـــان بەرهەموو دەسكـەوتـی كۆمەڵگەكانی تر بووە.

ئێمە بەرهەمهێنی مەعریفە و زانین نین، بەڵكو تا ئەوكاتەی كە مەعریفەش وەك شتەكانی تر هەر لە كەلتورەكانی تری دەرەوەی خۆمانەوە وەربگرین، تا ئەو كاتە هەر بەكاربەر دەبین.

لـــەم ڕووەشەوە زۆریـی ژمارەی زانـــكۆكـــان و دەرچووەكانیان، سەرت لێ تێك نەدات، چونكە ڕاستە زانكۆكانمان زانین و مەعریفە دەخوێننەوە بەسەر خوێندكارەكانیاندا، بەڵام فێریان ناكەن چۆن بەرهەمی بهێنن.

### ب ـ گۆڕانی سەرەمرەی تەكنەلۆجیی:

لەم بوارەدا،بەدڵی خۆت قسە بكە و خەمت نەبێت، خەریـكە بڵێم لەمەدا بەتەواویی صفرین، هیچ چەشنە بەرهەمێكمان لەم بوارەدا نیە، چوونكە نەك هیچمان بەرهەم نەهێناوە، بەڵكو لە بنەڕەتـــەوە هیچ بـــەشدارییـــەكـــیشمان نـــەبوە لـــە بـــەرهەم هێنـانـی مەعرفە و زانینی ئەم گەشەسەندنەدا.

بەشێوەیەك لەژێر هەژموونی ئەو گۆڕان و گەشەسەندنەداین، کە تەنانەت ژووری نوستنەکانمان و گەرماوەکانیشمان مۆرکی ئەوانی پێوەیە.

هەر لە کومپیوتەرەوە بیگرە تا دەگاتە باڵەفڕ و فڕۆکەکان، تا دەگاتە خۆڕەو و کارەبا و پاڵاوتنی ئاو و ڕێگاوبان و پرد و باڵەخانە بەرزەکانمان و ئامێرە پزیشکیی و زانستیەکانی بەردەستمان و چەك و جبەخانەکانی سەربازیمان و... تاد، هیچی بەرهەمی خۆمان نییە، چونکە لە بنەڕەتەوە دەسبەرداری گۆڕان و گەشەی زانستیی بووین و لەدەستمان داوەو لەوێشەوە بێبەش بووین لەهەر چەشنە بەرهەموو گەشەیەکی تەکنەلۆجیی.

ئەم چەند ئاستە دیاریی کراوەی گۆڕان و گەشەش کە بەدەستمان گەشتووە، وەك گوتمان: لە کەلتورەکانی ترەوە بۆمان هاتووە و پێمان خۆش بێت یاخود نا، ئەرکی سەرشانمانە بە مەمنونیەوە وەری بگرین و بەکاری بهێنین، چونکە ژیانمان بەبێ ئەو بەرهەمانە نزیکە لە ئەستەمەوە.

بەهۆی ئەمەشەوە هەم بووینەتە کۆیلەی ئەو کەلتورانە و هەمیش بارین بەسەریانەوە.

## ج ـ گۆڕانی سەرەمرە لە بواری زانستە مرۆییەکاندا:

پایەی سێیەمی سێکوچکە و سێپاکە و پەتا و درمی هەموو دەرد و نەخۆشیەکان لێرەدایە، چوونکە ئەم زانستانە باس لە ڕەفتار و ڕۆڵ و کاریگەریی مرۆڤ دەکەن، بەداخەوە ئێمە لەم بوارەشدا هێشتا لە ئاستێکی ڕۆشنبیریی زەبوون و لاوازداین.

لێکۆڵەران، زانستەکان دابەش دەکەن بەسەر دوو بەشدا: سروشتیی و مرۆیی، پاشان زانستە سروشتیەکان دابەش دەکەن بەسەر دوو بەشدا: بنەڕەتیی پەتیی و جێبەجێکراو.

بەلاّم بەبۆچونی ئێمە ئەم دابەشكردنانە تەنها لەڕووی واتاییەوەن و بۆ ئەوەبوون كە كارئاسانیی بكەن لە لێكۆڵینەوە و پۆلێن كردن و پێناسە كردندا، چوونكە هەموو زانستێك دوو ڕووكاری هەیە: ڕووكارێكی بنەڕەتیی پەتیی كە لە چییەتیی زانستەكە دەكۆڵێتەوە، ڕووكاری دوەمیش باس و لێكۆڵینەوە لە بارەی جێبەجێ كردنی زانستەكە و جێكەوتە و شوێنەوارەكانی دەكات.

لەم ڕوانگەیەوە ئێمە وادەبینین تەنها (فەلسەفە و بیركاریی) دوو زانستە بنەڕەتیەكەن، چوونكە فەلسەفە لە چەمكەكان دەكۆڵێتەوە و بیركارییش لە ئامرازەكان، بێجگە لەم دوو زانستە، ئیتر هەموو زانستەكانی: دەروونناسیی و لۆژیك و كۆمەڵناسیی و ئابووریی و یاسازیی و ڕامیاریی و زانستەكانی كات و شوێن (مێژوو جوگرافیا)، هەموویان زانستی پراكتیكیی و جێبەجێ كردنن.

با سەرنج بدەین و بزانین لە بەش و ئاراستە جیاوازەكانی كۆمەڵگە عەرەبیەكاندا، لەبەر ڕۆشنایی ڕوداوەكانی گۆڕانی زانستە مرۆییەكاندا چی دەگوزەرێت!

**- بەشی یەكەم:** بریتیە لەو بەشەی كە لە بواری زانستە مرۆییەكاندا هەڵگری كەلتوور و فەرهەنگی ئیسلامییە و لە گردبوونەوە و خستنەڕووەكانیاندا بانگەشە و بانگەواز بۆ ئەو كەلتور و فەرهەنگە دەكەن كە زانینەكانی لە سەدەكانی سەرەتای كۆچیەوە و لە ڕێگەی تێپەڕبوونی كات و گۆڕانی بەردەوامەوە پێك هاتوون، گوایا ئەم كەلتوورە، بنەڕەتیی و نەگۆڕە و پێویستە هەرواش بمێنێتەوە، بەلای پەیڕەوانی ئەم بەشەوە، نابێت ئەم فەرهەنگە بخرێتە ژێر بارو و كاریگەریی تێپەڕبوون بەكات و گۆڕانی سەرەمەرەوە، لێرەوە و بەهۆی ئەم پاڵنەرەشەوە، دەبینین سیاسەت و كۆمەڵناسیی و یاساو حەڵاڵ و حەرام، بەپێوەری ئەو فەرهەنگ و كەلتورە هەڵ دەسەنگێنن، چونكە بەلایانەوە وایە كە ئەو فەرهەنگە بناغەی چەسپاوە، هەر ئەمەش وایكردوە ئەم جۆرە كەسانە هەرچەندە لە سەدەی بیستویەكیشدا

دەژین، بەڵام فەرهەنگێکی دوورەهەندیی سادەی ڕووتـەختیان هەبێت، فەرهەنگ و کەلتورێك کـە مێژووی تێـدا جێگیر و گۆڕانـی تێـدا وەدەرنراوە، بۆیـە واشیـان کردوە، تـا پرۆسـە سیاسیەکەیان لەسەر بنەمای حاکمیەت و حوکمڕانیـــی خوا دابمەزرێنن، پاشان خۆیان دەکەنە نوێنەری خوا لە حوکمڕانیەکەیـدا، لـە کـاتێکدا کـە خواوەند بوونێکی بنەڕەتیی ڕەهایە و ئەمانیش بوونێکی بنەڕەتیی و تێپەڕبوو بەکات و گۆڕانی بەردەوامدان.

پرۆژەی کەلەپوورگەرایی لە پێگەی (پارێزگاریـی لە کەلەپوور) و (پارێزگاریی لە شوناس) ەوە هەنگاوی هەڵگرتووە، زانستـە مرۆییەکـانی پشتگوێ خستووە و هیچ بایەخێکیشی نەداوە بە فەلسەفە و زانستە جێبەجێکارییەکانـــی، دروشمی (هەرکەس سەربکاتە زانستیی لۆژیك کافر دەبێت ـ **من تمنطق تزندق**) ی بەرز کردەوە، هەوڵیدا دژایەتیـی و نـاکۆکیـی نێوان فـەلسەفە و خستنەڕوو و پرۆژە ئیسلامییـەکـان بـەهێز و ڕیشەدار بکـات، تـا وای لێهات خەڵك بەچاوی سوك و بێ بایەخەوە سەیـری فـەلسەفـەی دەکرد و بـە کـات بەفیڕۆدانیـان دەزانیی، سەرەڕای ئەوەی کە فەلسەفەی ئیسلامیی لە سەردەمیی ئاڵتوونیی ژیاری عەرەبیی ئیسلامیدا گەشەی کرد.

ئێمە بەڕوونیی هەست بە نەبوون و لەدەستدانـی ڕەهەنـدی ڕۆشنبیریی مرۆیـی هـاوچەرخ لـەو پرۆژانەدا دەکەین، بۆ نمونە: دژایەتیی نێوان فیقهی ئیسلامیی و یاسای باری شارستانیی، ئەم دژایەتیـــی و نـــاکۆکییـــە وای کـردووە کـە زانستـــەکانـی دەروون زانیـی و سەرژمێریی و کۆمەڵناسیی و ئابووریی، بەلای هەوادارانی پرۆژەی ئیسلامییەوە هیچ بایەخێکیان نەبێت، ئەو هەوادارانەی کە تەوەرەی سێیەم (گۆڕانـی سەرەمڕە) یان پشت گوێ خستوە و بەلایانەوە بایەخی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لـە هەوڵـی ئـەوەدان پـارێزگـاریی لە بوونـــی بنەڕەتیـــی و تێپـــەڕبوون بەکـاتدا بکـەن بـەبێ گۆڕان، پـاش ئـەوەی کـە مێژوو و گـۆڕانەکانیان لە ساتەوەختێکی دیاریکراوی سەدەکـانی سەرەتـای کۆچییـــەوە ڕاگرت و ئـــەو دۆخـەی ئـەو سەردەمەیان کردە بناغە و پێوەرێکی ئەتۆ کـە هەتاهەتایـە ڕووداوەکانـی دوای خۆی، بەودا

بپێورێت، ئێستاش پەلەقاژەیانە بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاریی لە بوونی خۆیان بکەن و کات تێپەڕێنن و بمێننەوە، بەم هۆیەوە و لە ئاکامی ئەو بڕیارە هەڵەیەوە کەلتوور و ڕۆشنبیریی عەرەبیی بوویە کەلتوور و فەرهەنگێکی فشۆڵی لاوازی ئەوتۆ،کە ئەستەمە بتوانێت خۆی لە بەرانبەر هەژمونی کەلتوورە سێ ڕەهەندییەکانەوە ڕابگرێت.

هەروەها دەبینین چۆن سەریان لێ شێواوە و سەغڵەت بوون و لە هەوڵدان تا هەرچۆنیان کردووە پارێزگاریی لەم کەلتور و فەرهەنگە لاوازە بکەن:

أ ـ دێن و جەخت دەکەنەوە لەسەر بەرپا کردنیی: نوێژ، ڕۆژوو، حەج، لە کاتێکدا ئەم سرووتە ئایینیانە جێگیرن و ناچنە خانەی کەلتوورەوە، بەڵکو تەنها شوناسی هەواداریی و پەیڕەویی کردنن لە پەیامی محەممەدیی، بیریا چووە ئەوەی کە دەچێتە خانەی کەلتوورەوە یاسازیی و مافەکانی مرۆڤە.

ب ـ دێن و چەند بابەتێکی تریش زیاد دەکەن و دەیاندەنە پاڵ شەعائر و سرووتەکان، وەك بابەتی، بالاپۆشیی شەرعیی، لەکاتێکدا بابەتی بالاپۆشیی و خۆداپۆشین، بابەتێکە پەیوەندیی بە داب و نەریتەوە هەیەو هیچ پەیوەندییەکی نییە نەبە ئیسلام و نەبە ئیمانەوە، لە گەڵ ئەوەشدا هاتوون کردوویانە بە دروشمێکی سیاسی.

ج ـ دێن و لە پرۆژە و خستنەڕووەکانیاندا، ئازادیی و مافەکانی مرۆڤ پشت گوێ دەخەن و هەرچیی بیردۆزەی ئابووریی هەیە پشت گوێی دەخەن و نادیدەی دەگرن.

د ـ دەرخستە و تەرحی حاکمیەتی خوا دەخەنەڕوو، بەم تەرحەش هەرچیی چەمك و بنەما و بژاردەی مرۆیی هەیە دەیپێچنەوە و ڕەدی دەکەنەوە.

ئەم هەنگاوانەش هەمووی لە خانەی سڕینەوەی بەرەو ئامانج ڕۆیشتن و ئامانجگەرایی گشتیدایە و بەڕەد کرنەوەی ڕەهەند و تەوەرەی، گۆڕانی سەرەمڕەی مێژوویی، مێژووش

دەسڕێتەوە، لەم هەنگاوە مەترسیدارانەدا، بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکان و دامەزراوە ئایینییەکان، جیاوازییان نییە و لە هەمان ئاراستەدان.

تاکە جیاوازییەك لە نێوان ئەو دوانەدا هەبێت، تەنها دروشمی (حاکمیەتی خوا ـ **حاكميةُ الله**) یە، دامەزراوە ئایینییەکان لەژێر دروشمی (گوێ ڕایەڵیی فەرمانڕەوا)دا ملکەچی دەسەڵاتی سیاسین، بەڵام بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکان لە سێبەری دروشمی (حاکمیەتی خوا) دا هەوڵی گرتنەدەسی دەسەڵات دەدەن.

ئەگەر پرسیاریان لێ بکرێت لە بارەی ئامانجیان لەم هەموو هەوڵانەیاندا، (هەرچەندە ئەوان دان بە بوونی ئامانجگەراییدا نانێن و نا دیدەی دەگرن) لە وەڵامدا دەڵێن: تاکە ئامانجی سەرەکیمان دوارۆژە.

ئامانج و ئامانجگەرایی دونیایی هیچ بایەخ و پێگەیەکی نییە لە بیرکردنەوە و پرۆژەکانیاندا.

بەڵام لە هەمووی خۆشتر لەم بابەتەدا، هەڵوێستیانە لە بەرانبەر گۆڕانی بەردەوامی تەکنەلۆجیی ڕۆژئاوادا، ئەو پێشڕەوت و ئاکامە جوانانەی کە بە ناچاریی دانی پێدا دەنێن و قەبوولی دەکەن، بەڵام قەبوولّ کردنەکەیان پاش یەك سەدە لە بێنە و بەرە و تاوتوێ کردن لە بارەی کێشە و گرفتێکی گەورەوەیانەوە کە ئەویش بریتیی بوو لەوەی کە ئایا: بەکارهێنانی بەرهەمەکانی ئەو پێشکەوتنە وەك: پانیۆڵ، ڕادیۆ، تەلەفزیون... تاد، حەڵاڵە یان حەرامە؟!

ئێمە دڵنیاین کە دونیا کێڵگەی دوارۆژە، هەروەك چۆن باوەڕمان هەیە بە پاداشت و سزا لە ڕۆژی دواییدا، بەهەمان شێوە باوەڕیشمان وایە کە دونیایەك نییە بەبێ دوارۆژ، لەوێشەوە باوەڕمان هەیە کە دوارۆژیش بەبێ دونیا بوونی نییە.

لەم ڕوانگەوەیە دەڵێیــن: دوارِۆژ ئامانجی کۆتــایــی کــاروانی گۆڕانی سەرەمرەی گەردوونە، هەروەها دەڵێین: ئـامانجی دونیــایی ژیـانی دونیـا، دانانی بناغەی دوارِۆژە، بەڵام ئەو ئامانجە دونیاییە چییە؟

بە پێی ئەم ئایەتە ئامانجی دونیایی، بریتیە لە پەرستنی خواوەند: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِي﴾ **الذاريات/٥٦.**

واتە: مرۆڤ و پەریم بۆ هیچ مەبەستێك بەدی نەهێناون بێجگە لە بەندایەتیی.[١]

ئازادیی مرۆڤەکانیش لە پەرستنیاندا بۆ خواوەند، بریتییـە لەوەی کە پڕ بەدڵیان و بە تەواوی قەناعەتی خۆیانەوە، یان گوێڕایەڵیی دەکەن، یان سەرپێچیـــی دەکەن، دواجار ئەمەیە واتای تەواوی، دەرباز بوون و ئازادیی، لە ناچارکردن و ڕووگیربوون و زۆرەملێ.

گومانیش لەوەدا نییە کە ئاستی گوێڕایەڵیــی و سەرپێچیش، جۆراو جۆرە و لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و بە پێی پـەراوێزی ئــازادییەکــە دەگۆڕێت، ئەم جیــاوازییـەش هەمەڕەنگییەك دەنەخشێنێت کە بەجوانیی هەستیی پێ دەکەین، بێگومان تەکنەلۆجیاو پێشکەوتنەکانیشی، کاریگەریی بەرچاویان هەیە لە ڕەخساندن و فراوان کردنـــی ئەو پەراوێزی ئازادییەدا، هەروەك چۆن پێشکەوتنی بواری گواستنەوە و گەیاندن، ڕۆڵێکی بەرچاو و زۆری هەبووە لە ئازادیـــــی جوڵەو جێگۆڕکێی مرۆڤ و بەندەکانی خواوەندا، تا دواجار بووە هۆی پەرەسەندنـــی فرەیی و هەمەڕەنگیـی لە نێوانیانـدا، ئەم ئەنجامەش ئەم ئـایـەتانـە پشڕاس دەکــاتەوە: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ﴾ **هود/١١٨.**

---

[١] کە دەڵێین بەندایەتیی مەبستمـان نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەج نییە وەك هەوادارانی کەلتوورە دوو ڕەهەندییەکە دەیڵێن، بەڵکوو مەبەستمــان هەموو کردارێکــە کــە مرۆڤ بەڕەزامەندیـی یان بە سەرپێچیی دەیکات. بۆ زیاتر لەم بارەیەوە سەیری **ألإسلام والإيمان ـ منظومة القيم** لاپەڕە ١٤٠ و دواتر بکە.

واتە: ئەگەر پەروەردگاری تۆ ویستی لەسەر بووایە، هەموو خەڵکی دەکردە یەك ئوومەت، بەڵام بەردەوام ئەوان جیاوازن.

**﴿وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ الْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ ﴾ الانعام/ ١٦٥.**

واتە: ئەو ئەوەیە کە گێڕاونی بە میراتگری یەکتر لە زەویدا و هەندێکتانی چەن پلەیەك بەرز کردوەتەوە بەسەر هەندێکتاندا.

**﴿وَاللَّهُ فَضَّلَ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ فِي الرِّزْقِ ﴾ النمل/٧١.**

واتە: خواوەند لە ڕزق و ڕۆزیدا فەزڵی هەندێکتانی داوە بەسەر هەندێکتاندا.

بە دڵنیاییەوە ئەو کەلتورە دوو ڕەهەندییەی کە دان نانێت بە تەوەرە و ڕەهەندی سێیەم (گۆڕانی سەرەمرە) دا، کەلتورێکی داخراوە، چوونکە دەیەوێت لە سەر ڕەواڵ و شێوازی کەسانێك ژیان بەڕێوە ببات کە ئەو کەسانە لە مێژوودا ژیاون، ئەم کەلتوورە پەرسشی کەسێکی لا گەلاڵە بووە و دەیەوێت ئێستای مرۆڤایەتیی لەو چەشنە ژیان و پەرستنەدا دابڕێژێتەوە کە کەلتوری کەسێك یان کۆمەڵێك یان نەوەیەك بووە لە ڕابوردوودا.

ئەو مرۆڤەی هەڵگری ئەم چەشنە کەلتوور و فەرهەنگەیە، مرۆڤێکی تاکڕەو و ستەمگەری لێ دەردەچێت، چوونکە کەلتوور و فەرهەنگی لەم چەشنە، بەزەبری هێز و سەپاندن و زۆرە ملێ نەبێت، ناتوانێت بەردەوام بێت، لەبەر ئەوەی کە دان نانێت بە گۆڕانی مێژوویيدا و عەقڵ و ژیریی دەکوژێت و ڕۆڵی ناداتێ.

هەموو ئەو کتێبانەش کە دەخرێنە بەردەمان، لەبارەی مونکەر و نەکیر و سزای ناوگۆڕ و ترسوبیمەکان لە بارەی ڕۆژی دواییەوە، هیچ نین بێجگە هۆکار و هەوڵێك بۆ دەسبەسەرا گرتنی عەقڵی خەڵك و ترساندنیان.

نەمان بینیوە هیچ گەلێکی تر وەك گەلی عەرەبی موسڵمان، بەچۆکدا هاتبێت لە بەردەم ترساندن و ئیرهابی فیکریی و مادیدا، ئەو گەلەی کە لەژێر کاریگەریی و زەبری ئەو ترس و تۆقاندنەدا هیچ بەرهەم و کردارێکی لەخزمەتی مرۆڤایەتیدا نەماوە و نییە.

ئەو دروشم و هاوارانەش نەتبەن بە هەڵەدا کە لە ژێر دروشمیی (بێداریی ئیسلامیی) دا بەرز دەکرێنەوە، لە ڕاستیدا ئەوە پێنوێن و ئاماژەیەکی ئاشکران بۆ بەردەوام بوونی، مت بوون و سڕ بوون، نەك بێداریی، چوونکە هەر بێداریی و شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی، پێویستە لە بێداریی و شۆڕشی بیر و گۆڕین و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی چەمك و تێگەیشتنەکانەوە دەس پێ بکات و داوا بکات لە هەوادارانی خۆی و خەڵکیش بەگشتیی، تا واز بێنن لەو تێگەیشتن و چەمکانەی کە تەمەنێکیان تێپەڕاندوە و لە ئەزموونی کەسانێکن کە خۆیان و سەردەمەکەشیان تێپەڕیوون.

هەروەها وریای ئەوەبە و دیاردەی سەرلەنوێ چاپکردنەوەی کتێبەکانی کەلەپور بەبەرگێکی جوانی خەڵتینەرەوە، نەتبات بە هەڵەدا،بە هەمان شێوە بەپۆل دەرچوانی زانکۆ بیانییەکان لە بواری زانست و تەکنەلۆجیاشدا، نەت خەڵەتێنێت، چوونکە ئەوانیش ڕەهەندی مرۆییان پشتگوێ خستووە، بۆنموونە: پزیشکێك لە بەریتانیا دەرچووە و بڕوانامەی بەدەس هێناوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبینیی، زۆر بە ڕووداریی و مکوڕیی باسی مونکەر و نەکیرت بۆ دەکات، یان لە بارەی پاڵەوانە بەهێز و کەڕوڵاڵەکەی ناو گۆڕەوە قسەت بۆ دەکات، کە ئەرکی ئەوەی پێ سپێردراوە لاشەی ئەوانە پچڕپچڕ بکات کە میزیان بە پێوە کردووە، یان لە بارەی ئەوەوە قسەت بۆدەکات، گوایا حیکمەت و دانایی خواوەند لە دروسکردنی ژناندا، قەتیسە لەوەدا کە ژنان فیتنە و گێچەڵێکی شەیتانین و بۆ گیانی پیاو دروسکراون و زۆرینەی دۆزەخیانیش لە ژنانن، یان دێت و بەهەموو قەناعەتیەوە باسی ئەوەت بۆ دەکات کە پلەی ویلایەت، بەلای خواوە لە پلەوپایەی پێغەمبەرایەتیی بەرز ترە، یان باوەڕیی وایە و باسی ئەوەت بۆ دەکات کە فلانە وەلیی (قدَس اللهُ سرِّه) لە ڕێگەی لنگی شەرواڵەکەیەوە، قسەی

کردووە لـــەگەڵ سەران و سەحنەکـانی کۆشکی سپیـدا، یـان دەڵێت: دیموکراتییەت داوێکە لە داوەکانی مرۆڤە شەیتانەکان و هەرکـەس بـاوەڕی پێـی هەبێت گومڕا و کــافرە، پێـــی وایە، ئـــازادیـــی ڕادەربڕین، دەرگـــای بەرەڵایـی و بێئابڕوویـی دەکاتەوە و ڕێزگرتنیش لە ڕای بەرانبەر، بوار دەدات بە بێباوەڕ و مولحیدەکان تا قسەی خۆیان بکەن!

ـ **بەشی دووەم:** ئەمانیش لیبراڵیەکانن بە پێچەوانەی بەشی یەکەمەوە، بەتەواویی کەلتور و فەرهەنگی ئوومە بەگشیی، وەلا دەنێن و لە بنەوە ڕەگە مێژووییەکانـــی کەلتور و فەرهەنگی کۆمەڵگــەکــانیان دەبڕن و لـــە بواری زانستە مرۆییــەکاندا، دەسدەگرن بە تەوەرە و ڕەهەندی سێیــەمەوە، بـــەو شێوەی کـــە لـــەڕۆژئـــاوادا هەیـــە، واتـــە: پرۆسـەی ڕسواکردن و بەسووك سەیرکردن، جێبەجێ دەکـــەن و بەبێ هیچ داهێنـــانێك ئەو گۆڕان و گـــەشەسەندنــــەی کـــە ڕۆژئـــاوا بەدەستی هێنـــاوە، دەیلکێنن بـــە بوون و مێژووی عەرەبییـــەوە، لـــەکـاتتێکدا وەك پێشتریش گوتمان: جیاکردنەوەی هیچکام لەو سێ ڕەهەند و تەوەرەیە و دابڕینیان لە یەکتر ئەستەمە.

لەم ڕەفتارەیاندا هیچکام لە نەتەوەپەروەر و نیشتمانپـــەروەر و خۆجێییەکان جیاوازییان نییە.

ـ **بەشـی سێەم:** سۆشیالیستە مارکسییەکـان، ئەوانەی کە بەبێ ڕەچاوکردنیی دەمەدەمێ و جەدەلی مرۆڤ و بیریی مرۆیی و کۆمەڵگەمرۆییەکان لەبارەی مێژووەوە، بیردۆزەی مارکسییان وەرگرت و هەوڵیان دا وەك ڕەهەندی سێیـــەم بۆ کەلتوور و فەرهەنگـــی عەرەبیی جێبەجێی بکەن.

یەکەم شتێك کە لەم بیردۆزەدا دانیان پێدانا و کـــاریان لـــە سەرکرد، بریتی بوو لە نکوولێـــی کردن لە بوونیی خواو ئیلحاد، وەك بڵێی: نکوولێـی کردن و ئیلحاد، خۆی لـــە خۆیدا ئامـــانج بێت.

**- بەشی چوارەم:** نەتەوە پەروەرەکـان، ئەوانەی کـە تـەوەرە و ڕەهەندی سێیەمی کەلتورە ڕۆژئـاوایی و ڕۆژهەلاتییە جۆراوجۆرەکـانیـان وەرگرت و کـاریـان لـەسەر کرد، لیبرالّـی و مارکسیەکانیشیان لەگەڵدا بوون، بەلاّم هیچ گرنگییەکیان بە ئیسلام نەدەدا و ئەم ئەرکەیـان بەجێهێشت بۆ دامەزراوە ئایینییەکان.

لە ڕاستیدا ئەمان توانییان چەند دەسکەوتێکی ئەرێنی بەدەست بهێنن، وەك: سەربەخۆیـی هەندێ لەو ولاّتانە.

سەرچاوەی هێزی ئەمان لە ڕەهەندی نەتەوەیی عەرەبیدا بوو، کە ڕەهەندێکـی پابەرجاو و پایەداربوو لە هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵگەکاندا، بەلاّم ڕەهەندی سێیـەم (گۆڕانی سەرەمرە) ئامادەیی نەبوو تیایاندا، واتە: کەلتورەکەیان هەر بە کەلتورێکی ڕووتەختی دوو ڕەهەندیـی مابوویەوە، هیچ وێناکردن و دونیابینییەکیـان لـەبارەی یـاسـاسازیی دوارۆژ و پەیوەندییـە مرۆییەکانەوە نەخستەڕوو، چوونکە چەمکی ئازادیی بەلایانەوە چەمك و تێگەیشتنێکـی لێڵ و تەموو مژاویی بوو.

کاتێك کە تـەوەرەی گۆڕانـی سەرەمرە واتـای گەشەسەندنی کـەڵـەکەبوو لـە خۆدەگرێـت (سڕینەوەی چەند چەمکێك/ زیاد کردنی چەند چەمکێك/ گەشەدان بە چەند چەمکێك)، بۆیە دەبێت هەست بکەین بە پێویستیمان بە فەلسەفەیەکی عەرەبیی و ئیسلامیی و زانستێکـی کەلامی هاوچەرخ، بۆخستنەگەڕی ئەم تەوەرە سێیەمەی کە چەقی کار و ویست و داهێنانـی عەقلّ و ژیریی مرۆڤە.

وەك دەزانین فەلسەفـە دایکی زانستەکـانـە، هەروەهـا دەزانین، فـەلسەفـە ئـەو زانستەیە کـە گرنگیی بە بابەتە سەرەکییەکان و چەمکە گشتییەکان دەدات، بەلاّم بەداخەوە ئەم زانستە لە سەردەمی **(إبن رُشد)** ەوە وەستا و لە گەڵیشیدا ڕۆشنبیریی و فەرهەنگی عەرەبیـی وەستاوە،

بەڵکو ڕاسترە بڵێین: لە سەردەمی غەززالیەوە وەستا، کە کتێبی (**تهافت الفلاسفة**) ی نووسی و بەهۆیەوە ناونرا (**حُجة الإسلام**).

لە هەموو ژیار و شارستانییەتێکدا بەش و لایەنێك هەیە، مۆرکێکی مرۆیی گشتیی هەیە و موڵکی تایبەتی هیچ گەل و کەلتورێك نییە، بۆ نموونە: زانستی بیرکاریی لە سەرەتادا، تەنها گرنگیی بە چوار کردە ژمێرياریيەکە دەدا، بەڵام گەشەی مێژوویی هات و زانستی ئەندازەی شیکاریی و شیکاریی بیرکاریی و بەستەبەندیی و کۆمەڵەکانی بۆ زیاد کرد، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم زیادکردن و گەشە پێدانە، چوار کرداره ژمێرياریيە بنەڕەتییەکەی نەسڕیەوە، بەڵکو سوودی لێ وەرگرتن و کردنیە پشتیوانەیەکی بنەڕەتیی بۆ پرۆسەی گەشەسەندنەکە و وەك چرایەك سوودی لێ وەرگرتن بۆ تێگەیشتن لە دۆڵ و نشێوەکانی گەردوون.

بۆیە ئەگەر بێین و هەردوو تەوەرە و ڕەهەندی: بوونی بنەڕەتیی و گۆڕانی سەرەمرە، وەرگرین و کاریان لەسەر بکەین و ڕەهەندی: تێپەڕبوون بەکاتدا، پشتگوێ بخەین، ئەم کارەمان ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە دەمانەوێت مێژوو بسڕینەوە و کات ڕابگرین و ڕۆڵ و کاریگەریی گرنگی مێژوو لەبەرچاو نەگرین، واتە: ئەوکات دەمانەوێ: (هەبوو ـ كانَ) و (بووبە ـ صارَ) وەرگرین و (تێپەڕیی ـ سار)، نادیدە بگرین، نمونەی ئەم حاڵەتە زۆر بە ڕوونیی لە چیرۆك و بەسەرهاتی (هاوڕێیانی ئەشکەوت) دا هەست پێدەکەین کە دەفەرمووێت: ﴿**نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُمْ بِالْحَقِّ إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ آمَنُوا بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى * وَرَبَطْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا فَقَالُوا رَبُّنَا رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَنْ نَدْعُوَ مِنْ دُونِهِ إِلَهًا لَقَدْ قُلْنَا إِذًا شَطَطًا * هَؤُلَاءِ قَوْمُنَا اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ آلِهَةً لَوْلَا يَأْتُونَ عَلَيْهِمْ بِسُلْطَانٍ بَيِّنٍ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا * وَإِذِ اعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ فَأْوُوا إِلَى الْكَهْفِ يَنْشُرْ لَكُمْ رَبُّكُمْ مِنْ رَحْمَتِهِ وَيُهَيِّئْ لَكُمْ مِنْ أَمْرِكُمْ مِرْفَقًا * وَتَرَى الشَّمْسَ إِذَا طَلَعَتْ تَتَزَاوَرُ عَنْ كَهْفِهِمْ ذَاتَ الْيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَتْ تَقْرِضُهُمْ ذَاتَ الشِّمَالِ وَهُمْ فِي فَجْوَةٍ مِنْهُ ذَلِكَ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ مَنْ يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِي وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ وَلِيًّا مُرْشِدًا * وَتَحْسَبُهُمْ أَيْقَاظًا وَهُمْ رُقُودٌ وَنُقَلِّبُهُمْ ذَاتَ الْيَمِينِ وَذَاتَ الشِّمَالِ وَكَلْبُهُمْ بَاسِطٌ ذِرَاعَيْهِ بِالْوَصِيدِ لَوِ اطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ مِنْهُمْ فِرَارًا وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا * وَكَذَلِكَ بَعَثْنَاهُمْ لِيَتَسَاءَلُوا بَيْنَهُمْ قَالَ قَائِلٌ مِنْهُمْ كَمْ لَبِثْتُمْ قَالُوا لَبِثْنَا**

**يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالُوا رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثْتُمْ فَابْعَثُوا أَحَدَكُمْ بِوَرِقِكُمْ هَذِهِ إِلَى الْمَدِينَةِ فَلْيَنْظُرْ أَيُّهَا أَزْكَى طَعَامًا فَلْيَأْتِكُمْ بِرِزْقٍ مِنْهُ وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا * إِنَّهُمْ إِنْ يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ يَرْجُمُوكُمْ أَوْ يُعِيدُوكُمْ فِي مِلَّتِهِمْ وَلَنْ تُفْلِحُوا إِذًا أَبَدًا * وَكَذَلِكَ أَعْثَرْنَا عَلَيْهِمْ لِيَعْلَمُوا أَنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَأَنَّ السَّاعَةَ لَا رَيْبَ فِيهَا إِذْ يَتَنَازَعُونَ بَيْنَهُمْ أَمْرَهُمْ فَقَالُوا ابْنُوا عَلَيْهِمْ بُنْيَانًا رَبُّهُمْ أَعْلَمُ بِهِمْ قَالَ الَّذِينَ غَلَبُوا عَلَى أَمْرِهِمْ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيْهِمْ مَسْجِدًا﴾ الكهف/١٣ ـ ٢١.**

ئەو لاوانەی باوەڕیان بە پەروەردگاریان هێنابوو، بانگەوازی گەل و نەتەوەكەی خۆیان كرد تا باوەڕ بە تاكوتەنهایی خواوەند بهێنن و پشت هەڵكەن لە بت و پەیكەرە داتاشراوەكان، لەبەرانبەردا كاربەدەستانی كۆشك، لێیان هاتنە دەنگ و ناچاریان كردن هەڵبێن، بۆیە ڕوویان كردە ئەشكەوتەكە و سێ سەد ساڵ خەویان لێخرا، واتە: بەلای ئەوانەوە و سەبارەت بەوان، كات وەستا، بەڵام بۆ خەڵكی تری سەردەمەكەیان،كات بەردەوام بوو لە تێپەڕیندا و نەوەستا.

كاتێك خەبەریان بوویەوە، بینییان ئەو بیروباوەڕەی ئەمان بۆپاراستنی، سەری خۆیانیان هەڵگرت، بە تێپەڕبوونی كات، بڵاو بوەتەوە (گۆڕانی سەرەمرە)، بەڵام دواجار ئەمان نەیانتوانی لەگەڵ هەل و مەرجە تازەكەدا هەڵكەن، بۆیە مردن.

لەم چیرۆك و بەسەرهاتە قورئانییەدا باشترین وەڵامدانەوە هەیە بۆ ئەوكەسانەی كە دەڵێن: هاوەڵان جیل و نەوەیەكی نموونەیین و دوبارە نابێتەوە، بۆ ئەو بەڕێزانە دەڵێین: بەڕاستیی ئەوان بە ڕەچاوكردنی كات و گۆڕانكارییەكانی سەردەمەكەیان، نەوە و نموونە و دەستەیەكی جوان و هەڵكەوتووی سەردەمی خۆیان بوون، بەڵام ئەگەر خواوەند ئەوان ئێستا زیندوو بكاتەوە و بێنەوە ناومان، ناتوانن هیچ كارێكمان بۆ بكەن، بەڵكو ئەوە خۆمانین كە پێویستە بەتەنگ خواستەكانی خۆمان و سەردەمەكەمانەوە بین، چوونكە ئێمە زادەی كات و گۆڕانكاریی و هەل و مەرجەكانی سەدەی بیستویەكین و بەتواناترین لە هەر نەوەیەكی تر تا لە بوون و هەلومەرجی ژیانی ئێستای خۆمان تێبگەین.

ئەمەش مەرج نییە ئەو مانایەی لێوەربگیرێت کە ئێمە باشترین لەوان و باوەڕ و پارێزکاریی و مرۆڤ دۆستیمان لەوان زیاترە، بەڵکو تەنها ئەوەیە کە ئێمە خۆمان باشتر لە گرفتەکانمان تێدەگەین و دەشتوانین وەڵام و چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە.

لەوانەیە باشترین نمونەی دۆخی دوو ڕەهەندیی، (واتە: بوونی بنەڕەتیی و گۆڕانی سەرەمرە، بەبێ و دوورلە تێپەڕبوونی کات) فلیمەکانی وێنە جولاوەکان (animation) بێت، ئەوانەی کە گەورە و بچووك دەخەنە پێکەنین، یان چیرۆکەکانی خەیاڵی زانستیی کە هەموان سەرسام دەکەن، وێنە جولاوە فشۆڵەکان وا وێنای بوون و واقع دەکەن کە هەیە، یاریی دەکەن بە هێڵی گۆڕانەکە و بەشێوەیەکی کارتۆنیی ئەوتۆ وێنەی دەکێشن کە هەموان بخاتە پێکەنین، بەڵام یاساکانی کات و شوێن لەسەر تەوەرەی تێپەڕبوونی کات پشتگوێ دەخەن، چەن ڕووداوێك دەخەنە ڕوو، بەڵام یاساکان ڕێگەی ئەوەیان پێ نادەن تا لەسەر واقعەکە ڕووبدات، نمونەی ئەم حاڵەتە: پڵنگە مۆرەکە دەچێتە ناو ئامێری وشککردنەوەی پۆشاکە شۆراوەکان و پاشان لە شێوەی خورییەکی تۆپەڵکراوی نەرمدا، پاش ئەوەی بەتەواوەتی وشك کراوەتە، دێتە دەرەوە.

بەڵام چیرۆکەکانی خەیاڵی زانستیی، وێنەی گۆڕانی سەرەمرەی گیانەوەر و درسکراو و داهێنراوەکان دەکێشێت، بەبێ ئەوەی بۆمان ڕوون بکەنەوە کە ئەم گۆڕانە لەسەر پلیکانەی کات چۆن ڕوویدا، وەك ئەوەی چیرۆکی مرۆڤێکمان بۆ دەگێڕنەوە کە خاوەنی مێشکێکی گەورەیە، لە وێنەکەدا وا دەنەخشێنرێت کە، کللەسەری لەسەر حسابی جەستەی گەورە بووە، ئەم مرۆڤە سەرزلە لەباتیی قسەکردن بە زمان، بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی، سوود لە بیرۆکە و داڵغە دروستکردن بۆ بەرانبەرەکەی وەردەگرێت و، لە ڕێگەی بلورە تیشکێکەوە دەگەڕێت بە ناو گەردوون و ئەستێرە و هەسارەکانیدا، ئەو بلورە تیشکە، مرۆڤە سەرزلەکە لەناو خۆیدا شیدەکاتەوە، تا دەیگەیەنێتە ئەو شوێنەی کە بۆی دەچێت و لەوێ دیسانەوە دروستی دەکاتەوە، ئەم گۆڕانە زۆرەشش، هەمووی لە ماوەی کەمتر لە چرکەیەکدا ڕوودەدات، واتە: کەمتر لە چاو تروکانێك.

دواجار ئەگەر هەردوو ڕەهەند و تەوەرەی: گۆڕانی سەرەمڕە و تێپەڕبوون بەکاتدا، وەرگرین و ڕەهەندی بوونی بنەڕەتیی پشگوێ بخەین، ئەوکات ئێمە لەبەردەم حاڵەتێکدا دەبین کە بەهیچ شێوەیەك بوونیی نابێت لە واقدا، ئەم هەوڵی وێناکردنەشمان هەوڵێکی داماڵراو و تەجریدییە و تەنها بەمەبەستی تاوتوێ کردنە، وەك ئەوەی بمانەوێت تاوتوێی هێڵی تێپەڕبوونی مێژوو و ئامانجگەرایی مێژوویی بکەین و وا دابنێین کە بوونی بنەڕەتیی خاڵێکە، یان مەبەستمان بێت تاوتوێی گەشەی زانستەکان بکەین، بێین و مێژوو و بەرواریك دابنێین بۆ گەشەی زانستی پزیشکیی و مێژوویك بۆ فیزیا و گواستنەوە و گەیاندن و مێژوویك بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەتان، هەروەها مێژوویك دیاریی بکەین بۆ سەرهەڵدانی فقە و... تاد، لێرەوە تێدەگەین کە بۆچی چیرۆکە قورئانییەکان نیوەی دابەزێنراوی بەجێیان داگرتووە، چونکە ئەو چیرۆکانە گەشەی یاساسازیی و ڕەوشت و تاك ناسییان لەخۆ گرتووە، کە ئەمەش گرنگترینی ئەو لایەنانەیە کە بایەخیان هەیە بۆ مرۆڤی بەئاگا بەهەموو ڕەنگ ونەژادەکانیەوە و گرنگییان پێدەدات.

## بوونی بنەڕەتیـــی و گۆڕانـــی سەرەمڕە لـــە هەڵســـوکەوت کردن لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێدا

دابەزێنراوی بەجێ وەك نیگایەك لەلایەن خواوەندەوە هات بۆ سەر دڵی پەیامهێنی مەزن (سلاوی لەسەر)، کە پێغەمبەرایەتیی و پەیامی لەخۆ گرتبوو، هەروەك چۆن ئەو پەیـامە بوویە کۆتایی پێهێنەری پەیامەکانی ئیسلام، کـە پێشتر بەسەر یـەکتر و بەدوای یـەکدا لە ڕێگەی پەیامهێنەکانەوە هاتبوون بۆ مرۆڤایەتیی بەگشتیی.

ئەو ئیسلامەی کەبە نووح، دەستیی پێکرد و پاش ئەوەی زانین و مەعریفە و یاساکان و مرۆڤ و مرۆڤایـەتیی گـەشەیـان کرد، ئەوجـا بە محەممەد کۆتـایی پێهات، مرۆڤایەتیـی گەشتـــە ئاستێك کە ئیتر بتوانێت بەهۆی ژیریی و ئەزموونەوە پشت بە خۆی ببەستێت و دوای کۆتا پەیامهێن، چیتر پێویستـــی بە هیچ وەحیی و نیگـا و پەیامێـــك نەبێت، چوونـکە زانکۆ و ناوەنـــدەکانی توێژینەوەی زانستیی بوونـــە میراتگر و جێگرەوەی پێغەمبـەر و (شُهداء) ەکان و ئەنجومەنی یاسا دانان و پەرلەمانەکانیش بوونەمیراتگر و جێگرەوەی پەیامهێنەکان، واتە: بـە کۆتـایی هـاتنی سەردەمی پێغەمبـەرایـەتیی، سەردەمیی چاودێریـی دەرەکـی و باڵادەستیی پیاوانی ئاینیـــی و ئیمامەکانیش بەسەر مرۆڤەوە کۆتایی هات.

ئێمە شایەتی دەدەین کە هیچ پەرساوێك نییە بێجگە لە خواوەند (لا إله الاّ الله)، بـــــەڵام شایەتی دانی شایەتێك، نەك شایەتیدانی شەهیدێك، ئەمەش یەکێکە لە پایە چەسپاوەکانـــی ئیسلام، بەهەمان شێوە شایەتـــی دەدەین، محەممەد (سلاوی لەسەر) و پەیامهێنـــــــی خواوەندە، بەڵام دیسان شایەتیدانی شایەتێك نەك هی شەهیدێك، ئەمیش یەکێکە لە پایـە و چەسپاوەکانی باوەڕ و ئیمان، هەروەها باوەڕمان وایە کە دابەزێنراوی بەجێ لە سەرەتایەوە تا کۆتایی، بەدەق و واتا و ناوکرۆکیەوە، وەحیی و نیگایە و لە خواوەندەوە هاتووە، بۆیـــــــە پێویستە تایبەتمەندییەتی خۆی هەبێت تا لە هەموو پەیامەکانـــی پێش خۆی جیای بکاتەوە،

تایبەتمەندییەك کەلــە خۆیدا بێت، نــەك لــە دەرەوەی خۆیەوە، ئەو تایبەتمەندییــەش بریتییە لەوەی کە کۆتا پەیام و کۆتاییپێهێنــەری هەموو پەیامەکانــی ترە، ئەگەر ئەو تایبەتمەندیەمان تێدا بەدی کرد، ئەوا دەڵێیـــن: موقەددەس و زیندووە، واتە: لە زیندوەوە بۆ زیندوەکانە، بەڵام دەبێ بزانین موقەددەس چییە؟

کاتێك پەڕاوی بەجێ دەکەینەوە دەبینین: خواوەند ناسناوێکــی جوانی هەیە بەناوی **(القُدّوس)**، واتە: لە توانایدا هەیە زیندووبکاتەوە.

هەروەها ئەم ئایەتەش دەخوێنینــەوە کە دەفەرموویێت: ﴿**وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ**﴾ **البقرة/٨٧**.

کاتێك زیندووکردنەوەی مردوو بە ویستی خواوەند، یــەکێـك بێت لەو بەڵگـانەی کە خواوەند بەخشیی بە عیسا، لەم بەڵگەیەوە تێدەگەین کە **(مُقدّس)** واتە: زیندوو، لەوێشەوە تێدەگەین کە هەر دەقێکی زیندوو و ئاکاریی زیندوویەتیی هەبێت، دەقێکی پیرۆز و **(مُقدّس)**ە.

بەم پێیــە، دابــەزێنراوی بــەجێ، پیرۆز و موقەددەسە، چوونـکە ئاکــاری ژیانــی هەیە و بۆ زیندوانی خاوەن ژیرییش هاتووە، نەك بۆ مردوان.

ئەگەر مرۆڤێك لەجوڵە و ژیاندا بێت و ژیریـــی سڕ نەکرابێت، بڕوانێتە ئەو پەیامە، وادەزانێ دوێنێ دابەزیوە و بۆ ئەو هاتووە... بۆ؟

چوونکە دابەزێنراوی بەجێ خۆی لەخۆیدا بوونێکــی بنەڕەتییە، لەلایەن خوایەکەوە هاتووە کە ئەویش بــەهەمان شێوە خۆی بوونێکی بنــەڕەتییــە لــە خۆیدا، بۆیــە بــەدەر لە گەردوون و دیاردەکانی ناو گەردوون، ناگونجێت لێی تێبەگەیـــن و ڕاڤەی بکەین، هەروەها لەڕێگەی ناوە جوانەکانی خواوەندەوە کــە لــەناو دیــاردە و بەدیهێنراوەکــانــی گــەردووندا دەدرەوشێنەوە و نومایان دەبن، دەتوانین لێی تێبگەین.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بوونیی گشتیی و گەردوون، بێجگە لە خواوەند خۆی، کەس ناتوانێت بەتەواویی ببینێت و پێناسەی بکات، ئەوەی ئێمە دەیتوانین تەنها ئەو ناسین و شارەزابوونە ڕێژەییە جوڵاوەیە کە لە ڕێگەی گۆڕانی پلەبەپلەیی مەعریفیەوە دەستی دەخەین.

ئامانج لە زانین و مەعریفەش بریتییە لە نزیك بوونەوە لە خواوەند لەڕووی ناسینیەوە، نەك گەیشتن پێی.

لەپێناو ئەو نزیك کەوتنەوەیەشدا هەموو دیاردە سروشتییەکان ژێرباری ویست و خواستی خۆمان دەکەین و پلەبەپلە بەکاریان دەهێنین، ئیتر ئەو بەکار هێنانە لە چاکەدا بێت یان لە خراپەدا، جیاوازیی نیە.

دابەزێنراوی بەجێش بەو پێیەی کە خۆی لەخۆیدا بوونێکی بنەڕتییە، هیچکەس بێجگە خواوەند خۆی، ناتوانێت بەتەواوەتیی لێی تێبگات بەشێوەیەك، کەئیتر لیَ تێگەیشتنی تر هەڵنەگرێت، چوونکە پەرجوو و ئعجازەکەی لە خۆیدایە.

لێرەوەیە کە دەڵێین: هیچ کەس ناتوانێت، بەڵکو کەس بۆی نیە، دارای تێگەیشتنی گشتیی بێت بۆ دابەزێنراوی بەجیَ بە وردودرشتیەوە، گەرچی ئەو کەسە پێغەمبەر و پەیامهێنیش بێت، چوونکە گەر وابێت دەبێتە هاوبەشی خواوەند لە زانیارییە گشتیەکەیدا، دەبێتە هاوبەش لە بوونە بنەڕەتییەکەیدا (خواوەند بەدوورە لەوەی کە دەیلێین لەبارەیەوە).

یان ئەوەی کە دەڵێن قورئان دانراوی **محەممەد**ە و ئەو دوورە لەو تۆمەتەی کە زانا بەڕێزەکان و دامەزراوە ئاینییەکان ناڕاستەوخۆ بۆی هەڵدەبەسن، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرت کە لەبارەی دابەزێنراوی بەجێوە دەیانگوت: خواوەند دەڵێت: (قال الله)، و وا ڕاڤەیان دەکرد کە گوایا **محەممەد** (سلاوی لەسەر) دانەری قورئانە!

دەپرسین ئایا ئەو ئاماژە و پێنوێنانە چین کە ڕێنوییمان دەکەن و پێمان دەڵێن: کە دابەزێنرا و خۆی لە خۆیدا بوونێکی بنەڕەتییە (كَينونة في ذاته)؟

لەوەڵامدا دەڵێم: جێگیریی دەقەکە ڕێنوماییمان دەکات بۆ ئەو تێگەیشتنەمان، یان بەواتایەکی تر: جێگیریی (ذِکْر) لەو داڕشتە زمانەوانیەیدا کە پێی دەربڕراوە.

دابەزێراوی بەجێ، وەك چۆن لەیەکەم جارەوە و لەسەدەی حەوتەمدا دابەزیوە و خوێنراوەتەوە، ئەمڕۆش بەهەمان شێوە دەردەبڕرێت و(نُطق) دەکرێت و دەخوێنرێتەوە، وە هەمان ئەو دابەزێراوەیە کە دابەزێنرایە سەر دڵی ئەو پەیامهێنە عەرەبەی کە وەك گەیەنەرێکی دەسپاك و وردەکار و مکووڕ لەسەر گەیاندن و ڕاگەیاندنی بەخەڵك وەك خۆی و بەوشێوەی کە دابەزیوە، چوونکە دەقی زمانەوانیی دەربڕراو(مَنْطُوق) ی دابەزێنراو، ئەو شێوە و شکڵە جێگیرەیە کە ناکەوێتە ژێر کاریگەریی گۆڕانی سەرەمرەی گەردوون و هەروەها ناکەوێتە ژێر کاریگەریی تێپەڕبوونی کاتەوە، بۆیە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ **الحجر/٩**.

واتە: ئەوە ئێمەین کە (ذِکْر) مان دابەزاندووە و هەر ئێمەشین کە پارێزەری دەبین.

ئەگەر سەرنج بدەین گوتوویەتی: **ذِکر**، نەیگوتووە پەڕاو یان قورئان یان فورقان.[1]

پێشتر گوتمان کە دابەزێنراوی بەجێ، خۆی لە خۆیدا بوونێکی بنەڕەتییە، بەڵام ئەی ئایا سەبارەت بەئێمە چییە؟

واتە: مرۆڤ و کۆمەڵگە مرۆڤیەکان کە خۆیان دیلی دەستی گۆڕانی سەمرە و تێپەڕبوون بەکاتدان، چۆن دابەزێنراوی بەجێ بخوێننەوە و چۆنی لێ تێبگەن؟

[1] بۆ جیاکاریی زیاتر لەبارەی ئەم چەمك و دەستەواژانەوە سەیری کتێبمان **الكتاب والقرآن ـ قرءة معاصرة** لاپەڕە ٢٣٤ و دواتر بکە.

ئایا خوێنەرێك کە خۆی لە ژێرکاریگەریی گۆڕانی سەرەمرە و تێپەڕبوون بەکاتدا بێت، لە دەرەوەی ئەو گۆڕان و تێپەڕبوونە بەردەوامەوە، دەتوانێت دابەزێنراوی بەجێ بخوێنێتەوە و لێی تێبگات؟

سەدەی حەوتەمی زایینیی جیایە لە سەدەی دەیەم و بیستەم و چلەم، تێگەیشتن و ئاستی مەعریفیی خەڵکەکەیان و ئامرازە مەعریفیەکانی و گرفتە کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و ڕامیاریی و ئاستەنگە مەعریفیەکانی، هەر سەدەیەك لەو سەدانە، جیایە لە تێگەیشتن و ئاست و ئامرازە مەعریفی و گرفتە کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و ڕامیارییەکانی خەڵکی هەریەك لەو سەدانە، خەڵکی هەریەك لەو سەدە و سەردەمانەش، دابەزێنراوی بەجێ بە پێی ئاستی مەعریفیی و گرفت و ئاستەنگەکانی خۆیان دەخوێننەوە و خوێندویانەتەوە، چەند تێگەیشتن و شتی تازەی تێدا دەدۆزنەوە، کە پێشتر کەس ئەو تێگەیشتن وشتەی نەدۆزیوەتەوە، هەرکات باس لە جێگیریی دەق و گۆڕاویی و جوڵەی واتا و بگرەوبەردەی نێوان دەق و ناوەرۆك دەکەین، مەبەستمان ئا ئەمەیە.

ئەوەی کە مرۆڤ دەیبینێت و ئەوەشی کە نای بینێت، ئەوەی کە مرۆڤ لێی تێدەگات و ئەوەشی کە لێی تێ ناگات، بەپێی دابەزێنراوی بەجێ، هەمووی پەیوەستە بەو دژواریی و ئیشکالیەتەوە، کە ئەو لەبیری چارەسەریدایە، هەروەها ئەو سیستەم و ئاستە مەعریفیەی کە پەیڕەویی ئەکات لە چارەسەری پێشهات و ئاستەنگەکانیدا، لێرەوەیە کە دابەزێنراوی بەجێ هەمیشە تایبەتمەندیی و ئاکاری خوێندنەوەی هاوچەرخی هەیە و خوێندنەوەی هاوچەرخ هەڵدەگرێت.

تۆ وەك خوێنەرێك، کاتێك لە خاڵێکی دیاریکراوی مێژوودا دەوەستیت و خاوەنی چەندین ئاستەنگی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیی و مەعریفیت، لەو حاڵەتەدا تۆ لە دابەزێنراوی بەجێ کە دەقێکی زمانەوانیی جێگیر و نەگۆڕی هەیە، بەچەشنێك لەچەن بابەتێکی تێدەگەیت وغەیری

تۆش بەپێـــــــی گۆڕانی هەل و مەرجی ژیانی، بەچەشنێکی تر لێیان تێدەگات، تەنها لێرەدا لۆژیك و یاساکانی بەکار دەهێنین.

بۆیە هەرکەس چوار کردە ژمێریاریەکـــانی، بۆنمونە: لە جێبەجیٚ کردنی حوکم و فەرمانەکانی میراتدا بەکار هێنا، هەرلە چوارچێوەی ئەو زەمینــــە مەعریفیەدا لۆژیك (مَنطِق) یش بەکار دەهێنێت، هەرکەسیش لەمرۆدا هەولّی جێبەجیٚ کردنـــی، هەمان فەرمانەکانی میرات بدات کە لە هەمان ئەو ئایەتانەی دابەزێنراوی بـــەجێدا هاتوون و بەتـــەنیشت ئـــەوەشەوە سوود لە کردە ژمێریارییەکان وەر بگرێت، کە بریتین لە شیکاری بیرکاریـی و هێما و کۆمەڵەکان واتە: بیرکاریی نویٚ، ئەوا بەو کـارەی لۆژیکی لە چوارچێوەی زەمینە مەعریفیـە تـــازەکـــەدا بەکار هێناوە.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە یەکەم بێعەقلّ و نەفام و بێمێشك بوە و دووەم هەڵکەوتوو و ژیر و عـاقلّ، یان یەکەم دووڕوو و دووەم پارێزکار و خواناس.

ئەم ئاکامە بەسەر ئەو دووکەسەشدا دەبڕێت کە یەکەم: بەچاوی خۆی و بەبیٚ سود وەرگرتن لە هیچ ئـــامێرێك، سەیری گەردوون دەکـــات و دەبینێت و دەلّێت: گەردوون لە چوار تـوخم پێك هـاتووە: ئـــاو، گلّ، هەوا، ئـاگر، دوەمیش سوود لـە ئــامێــری گــەورەکـــەر و شیکـــارکـەر وەردەگرێت و زانیاریەکانی لەوەی یەکەم زۆرتر و وردتر و فراوانترن، بینینــــی کەسی دووەم بۆ گەردوون لەبینینی کەسی یەکەم بەرینتر دەبێت و پێـمان دەلّێت: کە گەردوون لە چەن ڕەگەز و توخمێکی سەرەتایی هایدرۆجین و دواتر یورانیوم پێك هاتووە.

هەردووکیان لەگەیشتن بە ئاکامەکانیاندا لۆژیکیان بەکار هێنا، بەلاّم هەریـــــەکەیان بە ئاکام گەلێك گەشتن کە لەوەی تریان جیاواز بوو، چوونکە ئاستی مەعریفی و زانینی کەسی یەکەم، نزمتر و بـەر تـــەسکتر بوو لـــەوەی کـــەسی دووەم، هیچ گرفتێکیـش نیە ئەگەر ببینین لەچەن

ڕوویەکەوە خاڵی هاوبەش هەبێت لە تێگەیشتنەکانیاندا، چوونکە زانینی مرۆڤایەتیی مۆرکی گەشەکردن و کەڵەکەبوونی سەریەکی هەیە، واتە: یەك کاروانە، بەڵام بەقۆناغی جیاجیا.

ئەگەر لەسەر ئەم بناغە و بنەمایە مامەڵە بکەین لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێشدا، ئەتوانین گرفت و ئاستەنگە سەختەکان چارەسەر بکەین، وەك ئیشکال و دژواریی فیقهیی لە یاساسازیدا و دژواریی فەلسەفە لە زانستی کەلامدا.

یەکەم: ئێمە پێویستمان بە فەلسەفەیەکی ئیسلامیی هاوچەرخی ئەوتۆ هەیە کە بتوانێت بگاتە ئاستی خستنەڕووە فەلسەفییە هاوچەرخەکان.

دووەم: پێویستمان بە فیقهێکی هاوچەرخ هەیە.

سێیەم: پێویستمان بە بەرزبوونەوە و بەرەو پێشەوەچوون هەیە لە بواری یاسازیدا، نەك لەبواری سرووت و شەعائیرەکاندا.

بەم شێوەیە دژواریی و ئاستەنگەکانی: ئازادیی و دەوڵەت و کۆمەڵگە و پێشکەوتن و دیموکراتیەت و مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنیمان چارەسەر دەبن.

ئێمە پێویسمان بەداڕشتنی بناغە و بنەماگەلێکی تازە هەیە بۆ هەریەك لە زانستەکانی: کەلام و فیقه.

لەم بوارەدا ئەو بەشەی ناوی لێنراوە: ئیجتیهادی کراوە (**الاجتهادُ المَفتُوح**) سەرت لێ تێك نەدات و دڵی پێ خۆش نەکەیت، ئەو ناونیشانە بێجگە لە دروشمێکی ڕووت بۆ بازاڕ گەرم کردن، هیچی تر نییە، چوونکە ئێمە قسە لەسەر، سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بنەما و بناغە و ئصولەکان و پێشکەش کردنی چەند تێگەیشتنێکی تازە دەکەین بۆ ئایەتە موحکەمەکان (New Concepts)، وەك بۆچوون و بیردۆزەی سنورەکان (**الحدود**) لە

یاساسازیدا، هەروەها ئـەو بیرۆکـەیەی کـە پێی وایـە، سوونەتیی قسەیـی (**السُنة القولية**)، وەحیی نیە، هەروەها ئەو بیرۆکەیەی کە پێی وایە کۆدەنگی (**الإجماع**)، کۆدەنگیی زیندووەکـانـە نـەك مردووەکـان، هەروهـا ئـەو بیرۆکەی کـە پێـی وایە: قیاس و بەراورد، بریتییـــە لە پێشکەش کردن و خستنەڕووی بەڵگەکان نەك بەراورد کردنی شاهد لەسەر نادیار و غایب. [1]

---

[1] پێشکەوتنـــی زانین و زانراوەکانی مرۆڤ، واتە: گۆڕانی زانین و مەعریفە لە ڕێگەی تێپەڕبوونی کاتەوە، لەدوو ئاراستەدا ڕوودەدات:

أ ـ پێشکەش کردنی سیستەمێکـــی مەعریفیی تازە لە چوارچێوەی بوارێکی مەعریفیی دیاریکراودا، ئەمەش بە پێشکەش کردنی بیردۆزە و بیرۆکەی نوێ (New Concepts) دەکرێت کە پێشتر لەم بوارەدا بیرۆکـەی لەو چەشنە نەبووبن، نموونەی ئەم چەشنە (کوبرنیکوس)ە، بیردۆزەی ئەوەی خستە ڕوو کە زەوی چەقـــی گەردوون نییە، بەڵکو زەویـــــی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە، ئەمەش شۆڕشێکی بەرپا کرد لەبـــــواری گەردوون ناسییدا، هەروەها (باستور) کە بیردۆزەی بوونی گیانەوەرە وردەکانی خستە ڕوو کە لە ڕێگەی وردبینەوە نەبێـــت نابینرێن و هۆکاری زۆربەی نەخۆشییەکانیشن، یان (ئیسحاق نیوتن) کە بیردۆزە و تێگەیشتنی کێشی زەویی و گەردوونی میکانیکیـی خستەڕوو، هەروەها (تشارزل داروین) کە بیردۆزەی گەشە و خۆسازاندن و هەڵبژاردنی خستە ڕوو، وە(ئەلبێرت ئەنیشتاین) کە بیردۆزەی ڕێژەیی گشتیی و تایبەتی خستە ڕوو،هەروەها (مندلیف) کە خشتەی ڕەگەزەکانی لە سروشتدا خستە ڕوو.

ب ـ پێشکەش کردنی ئامرازگەلێکـــی مەعرفیی تازە (New Tools) و بەکار هێنانیان بۆ دۆزینەوەی بابەتگەلێکی تازە کە پێویستیان بە ڕاڤە و لێکدانەوەیە، ئـەمەش ڕێك ئەوەبوو کـە گـالیلۆ کردی، کـاتێك تلسکۆپـی بەکارهێنـا و سەیری ئاسمانی پێکرد. ئەگەر بەراوردی نێوان ئەو ئامرازە تازانە و ئەو بەرهەمانە بکەیـــــن کە بە هۆیانەوە دۆزراونەتەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە گەشەسەندنی ئامرازە مەعریفییەکان لەڕووی چەندییەتیـەوە زۆر زیاترە لە گەشەی سیستەم و بیرو بیردۆزە تازەکان. ئەگەر بەراوردی ئەو بیرۆکـە تازانە بکرێت کـــە لـــە ماوەی پێنج سەد ساڵـــی دواییدا پێشکەش کراوون، دەبینین ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن. بەڵام ئەگەر ئامرازە تازەکان بژمێرین، دەبینین لە ژمارە نایەن. سەبارەت بە زانستە تیۆرییەکانیش، دەبینین ڕیازیات زانستی کارگێڕییە، فەلسەفەش زانستـــی تێگەیشتن و چەمکەکانە، هیچ سەیر نییە ئەگەر پەیوەندییەك هەبێت لە نێوانیاندا. ئەمەش ڕێك ئەو جیاوازیەیـــە کە لە نێوان (کوبرنیکوس) کە بیردۆزەی تازەی لە بارەی گەردووناسییەوە پێشکەش کرد و لەنێوان (گالیلۆ) دا کـە ئـامرازی تازەی بەکـار هێنـا لە تێڕوانینـی گەردووندا. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە ڕیازیات ئامرازێکی مەعریفیی ڕووتە و پشت بە لۆژیك دەبەستێت و واز لە دژبەریی دەهێنێت. گرنگترین ئامرازی مەعریفی کەلە سەدەی بیستدا داهێنرا، بریتیـــی بوو لە کومپیوتەر کەهاوکارمان بوو لە چارەسەری ئەو گرفتانەماندا کە بەبێ بوونی ئەو ئەستەم بوو بتوانین چارەسەریان بکەین.

بەپێی ئەوەی کە پێشتر خستمانە ڕوو، بنـاغەو بنـەمایـەکی بنـەڕەتیمان دێتـە دەس کە بریتییەلـە: ئیجتیهاد و خۆخەریك کردن، کـە ئـەمەش تەنها لـە دەقە پیرۆزەکـاندا دەبێت (**الإجتهاد يكون في النص المقدّس حصراً**).[1]

ئەو قسەیەش کەلـەبارەی بنـەمای (**لاإجتها في ما ورد فيه النص**)ەوە دەکرێـت، بـەلای ئێمەوە هیچ پێگەو بایەخێکـی نییـە، ئـەگەر کـەسێکیش بلێت: تۆ لە دەرەوەی دەقەوە ئیجتیهاد دەکەیت؟ لەوەلامدا پێی دەلێم: ئەگەر دەقێك لە بەردەستما نەبێت ئیتر بۆ ئیجتیهاد بکەم؟ لەکاتی نەبوونیی دەقدا یاساساز بۆی هەیە بە خواستی خۆی یاسا دابنێت.

تەنها لەم ڕێگەیەوە و بەم هۆیەوە و لـەژێر دروشمی (**لاإله إلاّالله، محمّد رسول الله**)دا و بە پەیڕەو کردنی بەهابەرزەکـان و ڕێوڕەسمە پەرستشیـە جێگیرەکـان کە لە پەیامهێنەوە (سلاوی لەسەر) پێمان گـەشتوون، دەتوانین ببینـە خـاوەنی فەلسەفە و فقهی ئیسلامیـی تـازە و هاوچەرخ و بەردەوامیی مێژوویی خۆمان و دانەبڕانمان لە پێشینانمان زامن بکەین.

بەدەر لەمە لە مامەڵە و ڕێساسازیی و تەشریع،هیچ پێویست ناکات وابزانین ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێمە پێویستمانە ڕێك وەك ئەوە بێت کە لە سەدەکانـی ڕابوردوودا پەیڕە و کراوە و باو بووە، چوونکە ڕاستبوونی هەر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و ئیجتیهادێك، ئەوە پشتڕاسی دەکاتەوە کە ئایا ئەو ئیجتیهادە چەند لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی ئەو دەمەدا ڕێك دێتەوە و ڕاستاندنی بۆ دەکرێت، چوونکە ئیجتیهادی ڕاس ئەوەیە کە لەگەڵ هەل و مەرجی ژیانی سەردەمەکەیدا ڕێك بێتەوە و وەلامی گرفتەکانی بداتەوە، بەواتایەکی تر: ڕادەی تێگەیشتنی لێکۆڵەر لەو هەلومەرجەی کە تێیدا دەژی، ڕاست و هەڵـەبوونی لێکۆڵینـەوەکـەی دیاریی دەکات. هەر

---

[1] تەنانەت با ئەو دەقە ئەمەش بێت: ﴿**لِلذَّكَرِ مِثلُ حَظِّ الأنثَيَينِ**﴾ کە لە خۆیـــدا بەڵگەی یەکلاکەرەوەیە و بۆ غەیری خۆی یەکلاکەرەوە نییە، خوێنەر دواتر سەرنج دەدات چۆن لەم کتێبەدا بەسوود وەرگرتن لە ئامرازی مەعریفیـــی تازە بەڵگەمان لەسەر ئەو بابەتە هێناوەتەوە.

ئەمەشە ڕێژە و ڕادەی سەرکەتن یان شکست هێنانی پەرلەمانەکان دیاریی دەکات لە یاساسازییەکەیاندا، چەندە یاساکان گونجاو و پڕاوپڕبن لەگەڵ هەلومەرجی بابەتیی کۆمەڵگەکان و وەڵامی گرفتەکانیان بدەنەوە، بەو ڕێژەو ڕادەیە دەتوانین بڵێین: فلانە پەرلەمان سەرکەوتوو بوە لە پرۆسەی یاساسازییەکەیدا.

لۆژیك بەتەنها خۆی بەس نییە، چوونکە ئاکامی لۆژیکیی دەگونجێ ڕاس بێت و دەشگونجێت درۆبێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەردووکیان لۆژیکیی و مەنتیقین.

بۆ ئاماژە کردن، ڕێزمان و یاساکانی زمان بەتەنها خۆیان بەس نین، بە نەحوو سەرف و شیکار و ڕێزمانیشەوە.

شیکار و ئیعراب باس لە ڕووکار دەکات، بەڵام ئەو واتا و مەبەستەی کە قسەکەر دەیەوێت بیگەیەنێتە وەرگر، ئەوە ڕەوانبێژییە.

ڕەوان بێژیش جوانکاریی نییە، بەڵکو گەیاندنە بۆ واتا و مەبەستێك، ڕێك کورتترین ڕێگە و ڕەوانترین شێوازەوە، ئەمەش دواتر لە لێکۆلینەوەماندا لەبارەی ئایەتەکانی میراتەوە باسدەکەین.

پاش ئەم شیکارە ورد و درێژەی کە لەبارەی: بوونی بنەڕەتیی و تێپەڕبوون بەکات و گۆڕانی سەرەمرە وە و، هەروەها لە بارەی بوونی بنەڕەتیی دابەزێنراوی بەجێوە کردمان، تێدەگەین تاکە لایەنێك کە مافی ڕاستاندنی گوتەی خواوەندەی هەیە، تەنها ئەو هێڵە تێروپڕ و تەواوەی تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی سەرەمرەی مرۆڤایەتییە بە گشتیی، هەر لە ئادەمەوە تا ئەوکاتەی کە دوارۆژ بەرپا دەبێت، ئەمەش ئەو ڕاستییەیە کە ئەم ئایەتانە دەیخەنە ڕوو: ﴿**قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ**﴾ **آل عمران/١٣٧**.

واتە: پێش ئێوە چەند سەردەمانێك تێپەڕیوون، بگەڕێن بە زەویدا و سەیر بکەن و بزانن چارەنووس و سەرەنجامی درۆزنان چۆن بووە.

هەروەها ئایەتی: ﴿**قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ**﴾ **العنکبوت/٢٠**.

واتە: بلّێ بگەڕێن بە زەویدا و سەیر بکەن چۆن بەدیهێنان دەستی پێکرد.

نە مێژووی عەرەبیی و نە دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامیی و نە فەقیهەکان و تەنانەت نە هاوەڵان و نە شوێن کەوتوانیشیان بە تەنها، ناتوانن ڕاتاساندن و ڕاسبوونی گوتەی خواوەند و دابەزێنراوەکەی بسەلمێنن، چوونکە بە هەموویانەوە چەن خاڵ و وێستگەیەکن لەسەر ڕێڕەوی مێژووی عەرەبیی ئیسلامیی، یان چەن خاڵ و وێستگەیەکی بچوکتر لەسەر ڕێڕەوی مێژووی مرۆڤایەتیی.

بەدڵنیاییەوە لێکۆڵینەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیی و تێڕامان لە هێڵی ڕێڕەوی ئەو مێژووە بە ئاستە جۆراوجۆرەکانیەوە، دەتوانێت میسداقیەت و ڕاستاندن و ڕاسیەتیی دابەزێنراوی بەجێ بۆ ئێمە و خەڵکانی تریش بسەلمێنێت، ئەمەش پەلکێشمان دەکات بۆ ئەوەی جیاکاریی بکەین لە نێوان: گوتەی خواوەند و وشەکانیدا (**التفریق بین کلامِ الله و کلمات الله**).

دابەزێنراوی بەجێ وتەی ناڕاستەوخۆی خواوەندە، جبریل بە دەنگ و دەربڕین و زیکر و لەڕوی زمانەوانیەوە، دای بەزاندوەتە سەر دڵی پێغەمبەری عەرەبی (سڵاوی لەسەر)، بەڵام وشە و کەلیماتی خواوەند، بریتین لە بوون بەهەردوو بەشەکەیەوە: گەردوونیی و مرۆڤیی.

هەروەها بریتین لەو یاساو ڕێسایانەی کە کاروباری گەردوون ڕێك دەخەن و دەیبەن بەڕێوە بە هەردوو بەشەکەیەوە، لەڕێگەی تێگەیشتنمانەوە بۆ وشە و کەلیماتەکانی خواوەند، دەتوانین لە وتەکەشی تێبگەین، واتە: ڕاستاندن(**مصداقیة**)ی گوتەی خواوەند (پەیامە ئاسمانییەکان) لە ڕێگەی وشە و کەلیماتەکانیەوە (بوونی بابەتیی و گەردوونیی و مرۆڤیی)

نەبێت دەرناکەوێت، ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە ئەوەیە کە لە گوتەکانی تێبگەین، ناتوانین ئەوەش بکەین تا لەڕێگەی یاساوڕێساکانیەوە لە وشە و کەلیماتەکانی، لە بوونی گەردوونیی و مرۆڤیدا نەکۆڵینەوە. بەڵام تێگەیشتنمان لەو یاساوڕێسایانەش ملکەچی تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی سەرەمرەیە، بینا لەسەر ئەمە دەڵێین: تێگەیشتنمان بۆ گوتەی خواوەند تێگەیشتنێکی گەشەسەندوی ناجێگر و گۆڕاوە، لەکاتێکدا کە گوتەی خواوەند خۆی جێگیر و نەگۆڕە لە بوونێکی بنەڕەتیدا وەك دەقێك.

# بەشیی دووەم

## بەرەو بنەماگەلێکی تازە بۆ یاساسازیی و تەشریع

## (تێپەڕبوونی فیقهی ئیسلامیی بە مێژوودا)

لـە سەرەتای سەرهەڵدان و بەپێغەمبەربوونیـی **محەممە**دەوە، عـــەرەبەکان چەند هۆزێکی پەرتەوازەبوون، هەرهۆزێك بۆ خۆی بواری کــار و چالاکیــی ڕۆژانـەی تایبەت بەخۆی هەبوو، شوان کارەیـــی و هەڵکوتانەسەر و تالآنیکردن، پیشە سەرەکییــە باوەکان بوون لە ناویاندا، بەتەنیشت ئەمانەشەوە بزافی بازرگانیش هەبوو، بەڵام ئەم بزافە بەشێوەیەکـــی سەرەکیی لە ناو شاری مەککە دا چڕ بوبوویەوە، کشتووکاڵیش لە تائیف و یەسرب و یەمەن دا هەبوو.

هەرچەندە لــەو دەمەدا عەرەبــەکان دەوڵەتـــی ناوەندییان نەبوو، بەڵام بە وردیی ئاگایان لە دەوروبەری خۆیان بوو و دەیـانزانـــی چی دەگوزەرێت لــە دەورووبەریـاندا، دەیانزانی کە پایە سەرەکییەکانی سیستەم و دەوڵەتە ناوەندییەکانی دەورووبەریان، لەسەر بەکۆیلەکردنی خەڵکە ڕەشوو ڕووتەکـەیـان ڕاوەستـاوون، هەرچەندە چەمك و تێگـەیشتنـی کۆیلایەتیـــی لـە نـاو عەرەبەکانیشدا لـە ڕێگــەی جەنگ و هەڵــکوتانەسەر و کڕین و فرۆشتنیـــی کۆیلەکانەوە لە بازارەکانی **النَخاسة** دا، کەبازارگەلێکـــی تایبەت بە کڕین و فرۆشتنیی کۆیلە و کەنیزەکەکان بوو، باو و بەربڵاوبوو.

ڕاستە کــە عــەرەبەکان پەڕاکەندە و پەرتەوازەبوون، بەڵام سەربەست و ئازادبوون و نەدەبوونە پاشکۆی هیچ کەسێك، سیستەمـــی کۆمەڵایەتییش لە ناویاندا لەسەر بنەمای: خێزان، تیرە، هۆز، دامەزرابوو و بەڕێوەدەچوو.

بۆنموونە: قورەیش لــە دە تیرە پێك دەهات، یەکێکیــان نەوەی هاشم بوو کــە لــەگــەڵ خێڵی ئومەییــە دا، سەربــە خێڵی عەوف بوون، **محەممەد**یش لــەمــان بوو و وەك زۆربــەی پیــاوانی هۆزەکەی، پیشەی شوانکارەیی و بازرگانیی دەکرد.

بەڵام لەڕووی ڕەوشتییەوە، ئەمانیش وەك هەموو عەرەبەکانی تر، دەمارگیرییان هەبوو بۆماڵبات و تیرە و هۆزەکــەیــان، دەسکراوە و ڕاسگۆ و سینەساف بوون، لـە هەڵسووکەوتیاندا هیچ چەشنە دووفاقییەکیان تێدا نــەبوو، بۆ نموونە: دوڕوویی ـ **نفاق** ـ لــە مەککــەدا بوونیی نەبوو، باسی دوڕوویی و دوڕووەکانیش لەو ئایەتانەدا هاتووە کە لە مەدینەدا دابەزیوون.

هاوسۆزیی و پابەندیی خێزانییش لــە قۆناغی مەککــەدا، یــارمەتیدەربوو بۆ پــاراستنی پێغەمبەر، هەڵوێستەکانی (**أبوطالب، المطعم بن عَدي**) بەنموونە.

خەڵکی شاری مەککــە لــە قۆناغی یەکــەمدا پێغەمبــەریــان لا ڕاسگۆ بوو و دانیــان بە ڕاسگۆییەکەیدا دەنا، بەڵام لە بانگەوازەکەیدا تەنها لایەنی سیاسی و ڕامیاریان دەبینی و جێگەی بایەخیان بوو، واتە: لایەنی سەروەریی و سەرداریی بنەماڵە و هۆزەکەیان، بێ ئەوەی بیریان بەلای ئەوەدا بڕوات کە ئەم بانگەوازە دەتوانێت لە داهاتوودا دەوڵەتێکیی ناوەندییان بۆ بونیاد بنێت.

لێرەوە دەتوانین تێبگەین لە ئاستی دونیابینی و بیرکردنەوەیان لە بارەی بابەتەکەوە، دەچوون تەماعی سەروەت و سامان و ڕابەرایەتی خێڵیان دەخستە بەردەمی و تاکۆتایی قۆناغەکە، بیریان لەکوشتنیی یان دەسگیرکردن و زیدانیکردنی نەدەکردەوە، تەنانەت کاتێکیش بیریان لە بژادەی کوشتن کردەوە، بەشێوەیەك پلانیان بۆ داڕشت کە ئەگەر بیشیکوژن خوێنەکەی لە ناویاندا گوم ببێت، ئەمەش لە ترسی نەوەی هاشمدا نەبوو، بەڵکوو لە ترسی ئەو نەنگیەی کە بەهۆی کوشتنەکەیەوە یەخەی دەگرتن.

لەڕووی بیروباوەڕەوە عەرەبەکانی مەککە بت پەرست بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانیان دەنا بە بوونی خواوەند و پەرسراوی تاکوو تەنیادا، بەلایانەوە وابوو کە بتەکان تەنها هۆکارێکن بۆ نزیك خستنەوەی ئەمان لەو پەرسراوە تاکو تەنهایە.

بەڵام لـەڕووی فیکیریی و ئایینیـەوە، عـەرەبەکـان بـەڕووی دەوروبـەریـاندا کراوەبوون و بەرانبەریان پێ قەبووڵ دەکرا.

نمونەی ئەم ڕاستییەش: عەرەبـی وا هەبوو گـاوور و هەش بوو جـولەکە و هەشیانبوو لەسەر شەریعەتە پێشووەکان و هەشبوو بتپەرست، هیچکام لە پەیڕەوانی ئەم پێکهاتانە، هەستی بە نەنگیی و شەرم نەدەکرد لەئاست و لەبەرانبەر ئەوی تریانەوە.

زمانەکـەیـان کـە زمانیـی عەرەبیـی بوو، لەگەشەسەندندا گەشتبووە ئاستێکی ئەوتۆ کەلە توانایدا ببێت واتاو مانای چەمکە ئاسمانییەکانی ناو پەیامە محەممەدییەکە لەخۆ بگرێت.

ئەم تایبەتمەندییانەی کە لەکاتی دابەزینی دوا پەیامیـی ئاسماندا، بۆعەرەب هاتبوونەکایەوە، کە دیارترنیان بریتیی بوون لە: شانازیکردن بە سەربەستیی و سەربەخۆیی خۆیەوە، بێزاریی لە ژێردەستەیی و دەسەمۆ نەبوونی بۆ دەورووبەری، ڕێزگرتن لە بەرانبەر و هەڵکردن لەگەڵیدا، بەپیرۆز سەیرکردنی مەردایەتـی و ڕێزگرتن لە میوان و بەهانەوەچوونی لێقەوماو و پابەندبوون بە بەڵێن و پەیمانەوە، هەموو ئەمانە پێکەوە بوونە هۆی ئەوەی شایستەیی ئەوەیان ببێت ببنە هەڵگری پەیامە ئاسمانییەکە.

ئەو ئاستەنگەی کـە لەبەردەمیـاندا مابوویـەوە و ڕێگەی لێ دەگرتن، بریتیی بوو لە گرفتی ڕابـەرایەتیی و دەسەڵاتی سیاسیی و سەرکردایـەتیی، کـە بـەدەستی کام خێزان و بنـەماڵە و تیرە و هۆزەوە بێت.

چوونکە پێشتر دەسەلاَت و ڕابەرایەتی لەنێوان سەرۆك هۆزەکاندا دابەش کرابوو، واتا و تێگەیشتنی ڕێکخراو لە دەوڵەت و دەسەلاَتی ناوەندیی لە ناویاندا بوونی نەبوو، بەو هۆیەوە هیچ ڕێکارێکی دارایی یان ملدان بەدەسەلاَتی ناوەندیی و کۆبوونەوە لە دەوری هێمایەکی دیاریکراو بوونیان نەبوو تا ڕابەرایەتیی بنەماڵە و تیرە و هۆزەکان لەخۆ بگرێت، هەموو ئەم چەمك و تێگەیشتنانە دوور بوون لە ئاگایی سیاسیاسی عەرەبەکان.

لەڕووی کۆمەلاَیەتیشەوە بابەتی کۆیلایەتیی (چ بە کڕین و فرۆشتن یان دیل گرتن بێت)، لە ئاگایی کۆمەلاَیەتییاندا بە چالاکیی بوونی هەبوو.

چوونکە بژێوویی ژیانیشیان لەسەر شوانیی و هەڵکوتانەسەریەك و بازرگانیی بوو، کشتووکاڵ و پیشەدەسییەکانیش بەدەست غەوارە و چینە هەژارەکەی کۆمەڵگەکەیانەوە بوو، ڕۆڵی ئافرەت لە ژیانیاندا، ڕۆڵکی لاوەکیی بوو، لە هەموو حاڵەتێکدا ژن دەدرایە پاڵ پیاو و بەبێ پیاو بوونی نەبوو، چەمکی وەلیی ئەمر و سەرپەرشتیاری کاربەدەست، پێش سەردەمی دابەزینیش هەر بەرکار و پایەدار بوو لە ژیانیاندا.

بۆنموونە: خەدیجەی کچی خوەیلد، هەرچەندە خاوەنی ماڵ وسامان و بازرگانیی و بڕیاری سەربەخۆی خۆی بوو، بەلاَم کاتێك پێغەمبەر (سلاَوی لەسەر) پێش بە پێغەمبەربوونی ویستی خوازبێنی و داوای بکات، لەگەڵ شاندێك لە پیاوانی نەوەی هاشمدا هاتە داوای و لەلایەن پیاوانی نزیك و خزمانی خەدیجەوە پێشوازییان لێکرا و داخوازیی و هاوسەرگیرییەکە سەری گرت و کۆتایی هات.

تائێستا و ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، هەژموونی تێگەیشتنی (وليُّ الأمر) و بڕیاربەدەستیی نێرینە و پیاوان لە کاروباری تایبەتیی مێینە و ژناندا، زاڵە بەسەر ئاگایی و تێگەیشتنی کۆمەلاَیەتیماندا.

سەبارەت بە ئازادیی بیروڕا و ئازادیی ڕادەربڕینیش بەلای عەرەبەکانی ئەوەدەمەوە، بە پێویستی نازانم زۆری لەبارەوە بڵێین، چوونکە هەواڵی بازاڕەکان و چالاکییەکانی بۆنەکان لەو بارەیەوە زۆرن لە بەردەستماندا، شاعر و هۆنەرێك کە سەربە ماڵێکی دیاریکراو بوو، دەچووە سەرسەکۆ و هۆز و تیرەیەکی دەبردە ئاسمان و هۆز و تیرەیەکیشی ڕسوا و نغرۆی زەویی دەکرد، لەوانەیە پڕواتاترینی ئەو قسانەی کە لەو بارەیەوە دێنە ناو خەیاڵمانەوە، ئەم قسەیە بێت کە خاوەنەکەی دەڵێت: هۆزی قورەیش، بەهۆی ئاو گێڕانەوە بۆ حاجییەکان و خزمەت کردنیانەوە بۆ کەعبە و پەیامێکەوە کە بۆیان هاتبوو، خۆیان هەڵدەکێشا بەسەرماندا، تەنها لە هەڵبەست و شعر گوتنا نەبێت کە زەبوون بوون لە ئاستماندا، تا دواجار، کوڕی ئەبو ڕەبیعە هات و لەهەموو شتێکدا بوونە باڵادەس بەسەرمانەوە.

نامەوێت لەم بارەیەوە زۆر بڵێم، چوونکە خەڵکانی تر زۆرتریان گوتوە لەم بارەیەوە، دەمەوێ جەخت بکەمە سەر چەند خوو و تایبەتمەندییەکی ئەو نەتەوە و خەڵکەی کە پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) لە ئەستۆی ئەوان و بە هۆی ئەوانەوە و بە پشت بەستن بەوان، دەوڵەتێکی ناوەندیی ساوای پێك هێنا و شاری مەدینەی کردە پایتەخت بۆ دەوڵەتە ساواکەی، تا لەوێوە بتوانێت هەموو دورگەی عەرەبیی لەخۆبگرێت، خۆی لەناویدا پێغەمبەر و پەیامهێن و دامەزرێنەری دەوڵەت بوو، ئەم سێ لایەنەشی لەکەسایەتی خۆیدا، پێکەوە گرێ دابوو و تێکەڵی کردوون لەگەڵ یەکتردا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبیسین ئەبووسوفیان لە ڕۆژی ئازادکردنی شاری مەککە دا ڕووبە عەباس دەڵێت: دەسەڵات و پاشایەتی برازاکەت چاك گەورە بووە!

ئەو گرفت و کێشەیەی کە لە ساتەوەختیی کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە سەری هەڵدا، گرفت و کێشەی پێغەمبەرایەتی و پەیامهێنی یان ئەوەی کەکێ ببێتە پێغەمبەر و پەیام هێن، نەبوو، چوونکە هیچکەس گومانی لەو بارەیەوە نەبوو و ئەو بابەتە جێگەی پرسیار نەبوو بۆکەس.

تەنانەت جەنگەکانی هەڵگەڕانەوە (الرِّدة)، جەنگی سیاسیـــی و سنورپارێزیی بوون و هەوڵێك بوون بـــۆ ڕێگری کردن لـــە جیـــابوونـــەوە و پارێزگـــاریـــی کردن لە دەوڵەت و یەکپارچەیـــی دەوڵەتەکە.

گرفت و کێشەی بنەڕەتیی، گرتنەدەسی دەسەڵات و بە میرات بردنی حوکمڕانیی دەوڵەتەکە بوو، هەریەك لە لایەنەکان هاواری دەکرد و دەیگوت ئەو میراتگری بەحەقە بۆ گرتنەدەســـی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە و هەوڵیشـــی دەدا لـــە ڕێگـــەی چەن ئایەت و حەدیسێکەوە ڕەوایەتی بدات بە داواکەی، هەریەك لە چەمکەکانی: پێغەبەرایەتی و پەیامهێنی و حوکمڕانی تێکەڵ بوون بەسەریەکدا، بۆیە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شێواز و ڕووکار و ڕێکارێك بۆ شەرعیەت و ڕەوایەتی دان بەدەسەڵات، بووبووبە گرفتی گەورەیان، بەو پێیەی کە پێشهاتەکە تازە بوو لە ناویاندا و پێشتر کاری لەسەر نەکرابوو، تێپەڕاندنی زۆر قورس و گران بوو لە سەریان، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، چارەسەری ئەم پێشهاتەش پەیوەست بوو بە تێگەیشتنەکانیانەوە لەبارەی خێزان و بنەماڵە و تیرە و هۆزەوە، لە بەرانبەریشەوە، بۆگرتنە دەسی دەسەڵات، ڕووکار (وَجْه) یکی ئایدیۆلۆجیی زۆر پێوست بوو.

ئەگەر سەرنج بدەین لە هیـــچ ئایەتێکدا دەقێکـــی یـــەکلاکـــەرەوە شك نابەیـــن بۆ شێوازی حوکمڕانیی و بەڕێوەبردنی دەسەڵات و دەوڵەت، یان بەمیرات گرتنە دەسی دەسەڵات، تەنها یەك ئایەت نەبێت کە بریتییە لە: ﴿ **وَوَرِثَ سُلَيْمَانُ دَاوُودَ وَقَالَ يَاأَيُّهَا النَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ الطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِنْ كُلِّ شَيْءٍ إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْفَضْلُ الْمُبِينُ** ﴾ **النمل/١٦.**

واتە: هەروەها سولەیمان میراتی لە داوود گرت و گوتی: ئەی خەڵکینە فێری تێگەیشتن لە دەربڕینەکانی پەلەوەران کراوم و لە هەموو شتێکیشم پێ دراوە، ئەمەش زێدە ڕێز و زێدە بەخششێکی ئاشکرایە.

لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەشدا ڕای جیاوازیان هەبوو، هەیان بوو دەیگوت: تەنها سەروەت و سامان و دەسەڵات دەگرێتەوە، چوونکە پێغەمبەرایەتیی پێدراوێکی بنەڕەتییە و بە میرات نامێنێتەوە بۆکەس، هەشیان بوو دەیگوت:

مەبەستی پێغەمبەرایەتییەکەیە، کەسانی تریش هەبوون، بە گوتەیەکی بەربڵاوی پێغەمبەر، بەرپەرچی دەدانەوە و دەیان گوت: پێغەمبەر(سڵاوی لەسەر) گتویەتی: ئێمە گرۆی پێغەمبەران میراتمان لێ نابرێت. (1)

بەڵام هەموویان خۆیان لادەدا لەوەی کە هەوڵ بدەن ئەم ئایەتە وەك بەرگێکی ئایدیۆلۆجی و بەڵگەی ڕەوایەتی پێدان بۆ گرتنەدەسی دەسەڵات بەکار بهێنن، چوونکە پێغەمبەر منداڵی نێرینەی لێ بەجێ نەماوە، تاوەك سولەیمان ببێتە میراتگری باوکی.

لێکۆڵەرانی دابەزێنراوی بەجێش، بێجگە لە ئایەتەکانی پەیوەست بە میرات و گوێڕایەڵیی وەلی ئەمر، پاساوێکیان بۆ ڕەوایەتی دان و بەبەرا کردنی بەرگی شەرعیەت بۆ گرتنەدەسی دەسەڵات نەدۆزیوەتەوە، کە هەردووکیشیان لەبارن بۆ ئەو مەبەستە.

پێغەمبەریش بەو پێیەی دامەزرێنەری دەوڵەت و سەرکردە و ڕابەریشی بوو، بەپێی ئایەتەکانی بواری میرات، کەسە نزیکەکانی میراتی ڕابەرایەتیی، لێ دەگرن، ئەمە ئەو بەرگە ئایدیۆلۆجییەبوو کە عەباسیەکان پاش ئەوەی واتای (وَلَدْ) یان لەئایەتەکەدا قەتیس و تایبەت کرد بە (کوڕ) ەوە و ئەو قسەیان چەسپاند کە دەڵێت: (**البِنتُ لاتحجِب**) واتە: کچ ڕێگە ناگرێت لە بەشەمیراتدا، بۆ گرتنەدەسی دەسەڵات و ڕەوایەتیدان بەکارەکانیاندا، بەکاریان هێنا، لەبارەی ئایەتەکەی سورەتی (**نَحْل**) یشەوە، ئەو واتایەیان کردە باو کە میرات، سەروەت و دەسەڵاتیش دەگرێتەوە، بەم کارەشیان توانییان (**فاطمة**) ی کچی پێغەمبەر و نەوەکانی، وەك

(1) سەیری **التفسیر الکبیر** ی ڕزیی بەرگی ٢٣ لاپەڕە ١٨٦ بکە.

میراتگرێك لە یاریەکە بکەنە دەرەوە و عەلییشیان وەك ئامۆزا کردە دەرەوە، چوونکە تا مام وەستا بێت مامۆزا هیچی ناکەوێت.

سەبارەت بە گوێڕایەڵیی (**أولي الأمر**) یش ئومەویەکان لەسەر ئەم بنەغەیە حوکمڕانیەکەیان دامەزراند، ئەمەش ئەو واتایەیە کە ئەمڕۆ ناوی لێنراوە سیاسەتی ئەمری واقع و دیفاکتۆ، ئەم بنەمایە هەڵگەڕانەوە بەڕووی دەسەڵاتداردا قەدەغە دەکات، ئەو دەسەلاتدارەی کە دەستی گرت بەسەر حوکدا و توانی دەسەڵاتی بسەپێنێت (ئیتر کێشە نییە ئەو کەسە کێیە) گوێڕایەڵیی پێویستە و هەڵگەڕانەوە و لەفەرمان دەرچوونیشی حەرامە.

هەروەها ئەوەشیان دایە پاڵ پێغەمبەر گوایا گوتویەتی: گوێڕایەڵیی حوکمڕان پێویستە گەرچی سەروەت و سامانیش داگیر بکات و قامچیش بدات لە پشتتان، بەهەمان شێوە برەویان دا بە قسەی (**الطاعة لمن غَلب ـ** گوێڕایەڵیی بۆ باڵادەستە) و کردیانە بیانوویەك بۆ ڕەوایەتیدان بە حوکم و دەسەڵاتەکەیان.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێش دەسەلاتی ئومەویەکان و بۆ سەردەمی کۆچی دوایی پێغەمبەر، دەبینین کە هیچکام لەو بەرگ و پاساو و بیانوانە لە ململانێکەدا بوونیان نیە.

کاتێك ئەو کۆچی دوایی کرد، پشتیوانان و کۆچکەران (**الأنصار و المهاجرون**) لە ئارادا بوون: پشتیوانان هەیان بوو لە هۆزی ئەوس بوو و هەشیان بوو لە هۆزی خەزرەج، کۆچبەرانیش لەهەر دە تیرەکەی قورەیشیان تێدابوون.

هاوەڵانیش بەگشتیی و لە هەردوو بەرەکە، هەموویان لەگەڵ پێغەمبەردا ژیابوون و گوێیان لە قسەکانی بووبوو و هەڵسوکەوتەکانیشیان بینی بوو.

ئەوەی لەکەپرەکەی خێڵی ساعیدەدا ڕوویدا، تەنها پرسێکی سیاسیی بوو و ناکۆکییەکە لە نێوان کۆچبەران و پشتیوانانداندا چڕ بووبوویەوە، سەرەڕای ئەوەش، نابینین کەسێك ئەوقسەی

پێغەمبەری کردبێتە بەڵگە کە گوایا گوتویەتیی: (**الأئمةُ مِن قُريش - پێشەواکان پێویستە لە قورەیش بن**)، بەڵکو تەنانەت قسە و بگرەوبەردەکانیش لە چوارچێوەی ئەوە دەرنەدەچوون کە کێ پێشینەی هەیە لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەدا و ڕۆڵی هەبووە لە دامەزراندنی پایەکانی دەوڵەتەکەدا، تەنانەت پشتیـوانـان لـەو ڕۆژەدا، ئەگەر عومەری کوڕی خەتـــاب بۆ یەکلا کردنەوەی ناکۆکییەکە دەسپێشخەریـی نـەکردایـە لـە پەیماندانداندا بە ئەبوبەکر، ئەوان ڕازیی دەبوون بەوەی کە حوکمڕانـی لـە نێوان پشتیوانـان و کۆچبەراندا بە نۆرە بێت، بۆیە سەعدی کوڕی عوبادە ئامادە نەبوو پـەیمان بدات بە ئـەبووبەکر و بەهۆی نەخۆشیـەکەیەوە ژێرپێیان خست و حسابیـان بۆ نەکرد و دواتـر لە **حوران** و لە سەردەمی خەلافەتی عومەردا کۆچی دوایی کرد، وایان بڵاوکردەوە گوایا جنۆکە کوشتویەتی.

لەکۆتاییەکانی سەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتاب دا، دەوڵەت گەورە بوو و داهات و دەسکەوتی زۆر وەك لافـاو دەڕژایـە ناو شـاری مەدینـەوە، ڕەگەزێکی تازە هاتە ناو پرۆسەکەوە کە بریتیی بوو لە سەروەت و سامان.

پاشان خەلافەت گوێزرایەوە بۆلای عوسمان و وردە وردە دیاردەکانی دەمارگیریی خێزانیی بە ڕوونی بە دەسەڵاتەوە دەردەکەوتن، لەوێوە عوسمان دەستی دایە دامەزراندن و دانانی کەسە نزیکەکانی، بەڵام نەك لەسەر بنەمای دەسپاکیی و لێوەشاوەیی، یان خزمەت و ڕابووردووی پاك، بەڵکو لەسەر بنەمای خزمایەتیی و نزیکایەتیی.

لەوانەیە دانانی برا دایـکیـەکـەی (**عبدالله بن أبـي سرح**)[1] لەسەر خەراج و خەزێنەی میسر، یەکێك لەو بەڵگە زۆرانەبێت کە لەم بارەیەوە هەن.

---

[1] ڕوون و ئاشکرا و بڵاوە کە ئەم عبداللە یە لەسەردەمی پێغەمبەردا هەڵگەڕاوەتەوە و پێغەمبەر لە ڕۆژی گرتنەوەی شاری مەککەدا خوێنی حەڵاڵ کردووە و دواتر گەڕاوەتەوە و تۆبەی کردوەتەوە.

ئەوکات دەوڵەت پێویستیی زۆری بە ماڵ و سامان نەبوو، پاش دەسبەسەرا گرتنی شامیش بەکۆڵوبار سەروەت و پارە دەهاتــە بەردەست، باش وابوو والییـــەکان زۆر پێداگرییـــان لە کۆکردنەوەی پارە و سەپاندنی باجەکاندا نەکردایە و باشتر بوو دڵنەوایی خەڵکی ناوچەکانیان بکردایە، بەڵام **إبن أبي سَرح** و هاوشێوەکانی، هیچ ئامانجێکیان نەبوو بێجگە لە زیاد کرنی دەسکەوت و باج، ئیتر گوێیـــان لەوە نەبوو چی ڕوودەدات و چـــی بەدوادا دێت، لەوانەیە باشترین شت کە ئەم ڕاستیەمان بۆ ڕوونتر بکاتەوە، ئەو گفتوگۆیـــەی نێوان (**عَمر بن عاص** و **إبن أبي السرح**) بێـت، عـەمری کوڕی عاص، ئەو کەسەبوو کە پێشتر و دوای دەسبەسەراگرتنی میسر، هەردوو دەسەڵاتی: سەرپەرشتی سەربازان و کۆکردنەوەی داهاتی میسریشی لە ئەسۆدا بوو و عوسمان لەکاری خست و دووری خستەوە و ئیبنو ئەبی سەرحی لە جێگەیدا دانا، ئیبنو ئەبی سەرح، دێت و ڕووبە عـەمری کوڕی عاص بەلاقرتییەکـەوە دەڵێت: ئەی عـەمر دوای تۆ، حوشترەکە هاتە شیردان، عـەمریش پێی گوت: بەڵام بەچکەکەی لەبرسا مرد.

واتە: ئێوە هەمـوو شیرەکەتان دادۆشی و بەشی بێچووە شیرەخۆرەکەتان نەهێشتەوە.

ئەم زۆر بوونی سەروەت و سامانە بووبە هۆی لەدایك بوونی چەندین لایەن و بۆچوونی جۆراوجۆر.

کـاتێك عـەلیی کوڕی ئـەبووتالب خەلافەتـی گرتـە دەست، چەمکی دەمارگیریی خێزانیی و بنەماڵەیی بە ئـاشکرا خۆی نماییش دەکرد، هێزی دارایـی و سەربـازیی و سیـاسیی یـەکلا بووبوویەوە بۆ خێڵی ئومەییە و ئەوانیش توانییان لەکراسەکەی عوسمان سوودی تەواو وەرگرن و بیکەنە بەڵگە و کێشەیـەکی گـەورە بەدەستیانەوە، لەکاتێکدا کە زۆربەی گەورە هاوەڵان نەمـــابوون و مردبـــوون، هەروەها لـــەوکاتەدا دانـــانی حەدیس بـــەدەم پێغەمبەرەوە لە هەمووڵایەکـەوە بووبوو بەبـاو و بـەسەرکەوتنی ئومەویەکـان وکۆتـایـی هاتنـی سەردەمی خەلافەتی ڕاشدەش، ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەکی سامناك و زیاتر پەرەی سەند.

ئێمە هاوڕاین لەگەڵ هەرکەسێـــکدا کە بـــاوەڕی بەوە ببێت کە دانانـــی حەدیس کارێکی مەترسیدار بوو، چوونکە درۆ هەڵبەستن بەدەم پێغەمبـــەرەوە، وەك درۆ هەڵبەسن نییە بەدەم کەسێکی ئاسایی ترەوە، لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا بە وردیی قسەمان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، بۆیە لێرەدا هەر ئەمەندەی لەسەر دەڵێین، بەڵام بە پێوویستی دەزانم لێرەدا ئاماژە بۆ بابەتێکی مەترسیدارتر لە بابەتی دانانی حەدیس بکەم، کە ئەویش بریتییە لە تەئویل کردن و لێکدانەوەی ئایەتەکان بەشێوەیەك کە لە ئامانجـی ئـایـەتـەکـان دەر دەچێت و لـە ڕەواڵی بابەتەکانیان دەیان قرتێنێت.

باپێکـەوە ئەم گێڕانـەوە و هەواڵـە بخوێنینەوە کـە بوخاریـی لە لاپەڕە ٦٨ ی بەرگی ٩ ی سەحیحەکەیدا دەیگێڕێتەوە: لە سەعیدی کوڕی جوبـــەیرەوە گوتی: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر هاتە لامان و داوای لیێ کردین کە ئامادەبین قسەی چاکمان بۆ بکات، ئامادەبووین و پیاوێك لە ئێمە پێی گوت: ئەی باوکی عەبدولڕەحمان لەبارەی جەنگ و قیتالەوە قسەمان بۆ بکە، ئەوەتا خواوەند دەفەرمووێت: ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ﴾، عەبدوڵڵاش گوتی: لەبار دایك بچیت، ئایا دەزانـــی فیتنە چییـــە؟ ئەوەبـووکە محەممەد (سلاوی لەسەر) لەگەڵ موشریکەکاندا دەجەنگـا و چوونـە نـاو ئـایینـەکەیانەوە فیتنەبوو، ئەمە وەك ئەو جەنـگەی ئێوە نیە کە لەسەردەسەڵات دەیکەن. أهـ.

ئەم پیاوە لە هەواڵەکەیدا ئاماژە و هێما دەکات بۆ ئایەتی ٣٩ ی سورەتی **ألأنفال**: ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ فَإِنْ انتَهَوْا فَإِنَّ اللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾، دێت ئایەتەکە لە ڕەواڵ و سیاقی خۆی دەقرتێنێت، خواوەند لەهەمان سورەت و یەك ئایەت پێش ئەو ئایەتەدا دەفەرمووێت: ﴿قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ يَنتَهُوا يُغْفَرْ لَهُمْ مَا قَدْ سَلَفَ﴾، وە لە درێژەی ئایەتی ٣٩ دا دەفەرمووێت: ﴿وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ فَإِنْ انتَهَوْا فَإِنَّ اللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾.

بە نۆرە واتای ئەو سێ بڕگەی سەرەوە بەم شێوەیە دەکەین:

واتە: بجەنگێن لەتەکیاندا تا فیتنە دروست نەبێت و فەرمان بەرداریی و ئایین هەمووی تەنها بۆ خواوەند بێت، ئەگەر کۆتاییان پێهێنا ئەوا خواوەند بینایە بەوەی کە پێی هەڵدەسن.

واتە: بڵێ بەوانەی کە کوفریان کرد، ئەگەر دەس هەڵگرن لەوەی کە پێشتر کردوویانە چاوپۆشیی دەکرێت لە ئەوەی لەوەو پێشیان.

تێگەیشن و واتای فیتنە و مەبەست لە قیتال و جەنگ، لە چوارچێوەی ڕەواڵ و سیاقی بابەتەکەدا نەبێت، دەسنیشان ناکرێت، خوا ڕەحم بکات بە کوڕی عومەر.

لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، زۆرێك لە پێشینان بۆ تێگەیشتن لە واتای فیتنە، پشتیان بەو تێگەیشتنە بەستووە کە کوڕی عومەر گوتوویەتی، بەچاولێگەرییش زۆرێك لە لێکۆڵەرانی بواری فەرمووودەناسیی شوێنیان کەوتوون، بۆ نموونە: **طه حسین**، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا، **الفتنة الكبرى**.

پێشتر گوتمان ئومەوییەکان بۆ حوکمڕانییەکەیان ڕووپۆشێکی ئایدیۆلۆجییان دانا کە پشتی بە گوێڕایەڵیی وەلی ئەمر دەبەست و دانیی دەنا بە هەل و مەرجێکدا کە خوا بڕیاری لە سەرداوە و نابێت ئەو بڕیارەش ڕەد بکرێتەوە، بۆ ئەمەش پێویست بوو چەمکەکانی قەزا و قەدەر لەقالب بدەن و بەشێوەیەك بیانخەنە ڕوو کە گونجاو بێت بۆ سەپاندن و چەسپاندنی دەسەڵاتەکەیان، بۆیە، فەقیهەکانی سوڵتان دەستوپردیان کرد بۆ دانانی پێناسەیەك کە دەڵێت: قەزای خوا بریتییە لە زانستە ئەزەلییەکەی، قەدەرەکەشی بریتییە لە ڕاپەڕاندنی ئەو زانستە.

واتە: خواوەند هەر لە ئەزەلەوە دەزانێت کە خێڵی ئومەییە ڕۆژێك دەبێت حوکمڕانیی دەگرنە دەس، ئەگەر ئەمە قەزا و بڕیاری خوا بێت، هیچ ڕێگە و دەرفەت و بیانوویەك نییە بۆ وەستاندنی قەدەرێك کە ئەو قەزایە ڕاپەڕێنێت، هەرکەسێکیش دژایەتیی یان جەنگ لەگەڵ

خێڵی ئومەییەدا بکات، دەبێت بزانین ئەوکەسە دژایەتیی و جەنگ لەگەڵ قەزای خواوەند و قەدەرەکەیدا دەکات.

بەم کـارەشیان لەلایەکـەوە ڕەوایەتییـان دەستەبەر کرد بۆ دەسەلآت و حوکمڕانییەکـەیان و لەلایەکی تریشەوە پاساویان درووست کرد بۆ هەموو ئەو ستەمانەی کە دەیانکردن.

هەواڵەکان دەگێڕنەوە کە وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك بە (زُهَري) گوت: ڕات چییە لەبارەی ئەو قسە و بۆچوونەی خەڵکـی شامەوە کـە دەڵێن: ئەگـەر خواوەند یـەکێك لە بەندەکانی کردە کاربەدەس و حوکمڕان بەسەر بەندەکانی تریەوە، چاکەکانی بۆ دەنووسێت و خراپەشی لەسەر نانووسێت؟

زوهەرییش گوتی: ئەی کاربەدەستی بڕواداران ئەوە قسەو بۆچوونێکی پووچوو بێ مانایە، دەپرسم ئـایـا: لـەلای خواوەند، پێغەمبەرێکی خەلیفە و جێنشین بـەڕێز ترە، یان خەلیفە و جێنشینێکی ئاسایی؟

وەلید گوتی: دیارە کە پێغەمبەرێکی خەلیفە و جێنشین بەڕێز ترە.

زوهەریـی گوتـی: خواوەند بـە داوود پێغەمبـەر دەڵێت: ﴿**يَادَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعْ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ**﴾ **ص/٢٦.**

واتە: ئەی داوود ئێمە تۆمان کردە جێنشینی خۆمان لە زەوییدا، لەنێوان خەڵکدا بەحەق و ڕاستیی حوکم بکە و شوێن ئارەزوو نەکەویت گومڕات دەکات، بزانە ئەوانەش کە لە ڕێگەی خواوەند لادەدەن سزایەکی توندیان هەیە بەهۆی ئەوەوە کە ڕۆژی لێپرسینەوە فەرامۆش دەکەن.

زوهەری گوتی: ئەمە هەرِەشەیەکە لە پێغەمبەرێکی جێنشین کراوە، ئاخۆ حاڵی جێنشینێکی ئاسایی کە پێغەمبەریش نیە چۆن بێت؟

وەلیدیش گوتی: ئێ خەتای خەڵکە کە سەرمان لێ دەشێوێنن لە ئاینەکەماندا.

دواجار ئومەویەکان و سەردەمەکەشیان پێچرانەوە و ڕۆشتن، بەلاّم مەخابن ئەو پێناسە شێوێنراوەی کە ئەوان دایان هێنا بۆ قەزاوقەدەر تا ئەمڕۆش کاری پێ دەکرێت.

گوتمان:عەباسییەکان ڕووپۆشێکی ئایدیۆلۆجییان بەکارهێنا بۆ حوکمڕانیی و دەسەلاّتەکەیان، کە پشتی بە بنەمای نزیکیی لە پێغەمبەر و میراتگریەتی ئەو دەبەست.

بەلاّم ئەم ڕووپۆشە ئەگەر سودێکی هەبوبێت، تەنها ئەوەبوو کە بە یارمەتیی خەڵکی خوراسان، توانییان دەس بەسەر ئەو دەسەلاّتەدا بگرنەوە کە ئومەوییەکان لە نەوەی هاشم زەوتیان کردبوو و دەستیان گرتبوو بەسەریدا، هەرچەندە ئەو ڕووپۆشە لە ناکۆکیی نێوان عەباسیی و تالیبییەکاندا هیچ سود و کاریگەرییەکی نەبوو، چوونکە هەردووکیان هاشمیی بوون، بۆیە پێویست بوو عەباسییەکان هەستن بە ئاوەژووکردنیی ئایەتەکانی میرات و ڕاسپاردە و وەسیەت، بەشێوەیەك کە دەس بدەن و بتوانن ببنە ڕووپۆشێکی شەرعیی بۆ حوکمڕانیی و دەسەلاّتەکەیان، بۆیە هاتن واتای (وَلَد)یان وا لێکدایەوە گوایا تەنها کوڕ (وَلَد) ە، سەرەڕای ئەوەی کە ئایەت دەفەرمووێ: ﴿**يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ**﴾ **النساء/٤** .

واتە: خواوەند ڕاتان دەسپێرێت سەبارەت بە منداڵەکانتان، بۆ کوڕ هەیە هێندەی بەشی دوو کچ.

هەرچەندە خوێنەر و بیسەری ئەم قسیە پێویستی بەوە نییە کە بڕوانامەی دکتورای لە زانستەکانی قورئان و زماندا هەبێت ئەوجا تێ بگات کە (وَلَدْ) منداڵ، نێریش دەگرێتەوە

و مێیش دەگرێتەوە، یان بۆئەوەی تێ بگات کە (ڕۆڵە) کوڕیش و کچیش دەگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، وایان لەخەڵك گەیاند کە مێینە و منداڵی کچ، نابێتە ڕێگری کەس لە بەشەمیراتدا، ئەم کارەش تەنها بۆ ئەوەبوو کە (**فاطمة**)و نەوەکانی، پێ بکرێنە دەرەوەی کایەی سیاسییەوە.

پاشان هاتن بناغەی: میراتگر لە بارەی ڕاسپاردەی مردووەوە گوێی لێناگیرێت (**لاوصية لوارث**) یان چەسپاند و دایانە پاڵ پێغەمبەر، بۆئەوەی عەلی و منداڵ و نەوەکانی پێ بکەنە دەرەوەی کایەی سیاسی و حوکمڕانییەوە، بەم کارەشیان بناغەی مەترسیدارترین هەنگاو و کاریان دارششت کە تائێستا مێژووی ئیسلامیی بەخۆیەوە دیبێتی، ئەویش بریتیی بوو لەوەی کە: سوننە و ڕەویەی پێغەمبەر نەسخ کەرەوەو و سڕەرەوەی قورئانە و هێندەی قورئان پێویستی بە سوننە هەیە، هێندە سوننە پێویستی بە قورئان نییە... **تعالى اللهُ عَمّا يَصِفون** .

پێشەوا شافعیی لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانەدایە کە ئەم قسە و بۆچوونەیان هەبووە و کاریان لەسەر کردووە، سەرەڕای ئەوەش کە لە کتێبی **الرّسالة** دا نکوڵیی لە ڕۆڵی گێڕانەوەی (**آحاد**) لەبواری بیروباوەڕدا دەکات، بەڵام لە بواری مێژووی جەنگەکاندا کاری پێ دەکات.

ئەم دژبەرییەی کە شافعیی لەم بابەتەدا لەگەڵ خۆیدا هەیبووە، زیاتر مایەی سەرسوڕمانە لەو دژبەریی و دژبەیەکییەی کە ئەگەر لەگەڵ کەسێکی تردا بوویێتی، بەڵام ئیتر سیاسەت و هاوئاواز بوون و سازانە لەگەڵ حوکڕان و کاربەدەستاندا، ئەو سیاسەتەی کە شافعیی خۆی لە ئاستیدا لەدووریانێکی مەترسیداردا دەبینیەوە.

چوونکە ئەگەر بیگوتایە (وَلَدْ) کچیش دەگرێتەوە و لەمیراتدا وەك کوڕ ڕۆڵی کەنارخستنی کەسانیتر دەگێڕێت، بەلای ئەوانیترەوە، دەبووە، یان دەیانکردە شیعە، ئەگەر بڕیاری ئەوەشی بدایە کە کوڕ و کچ لە بابەتی میرات و واتای (وَلَدْ) دا، وەك یەك وان، بەلای بەرەی

عەباسیەکانەوە، دەبووە، یان دەیانخستە خانەی لە ڕیزدەرچوو و(خَوارِج)ەکانەوە، کە ئەم دوو تۆمەتەش یەك لەیەك تاڵتر و سزای سەختتریان لەسەربوو.

عەباسیەکان بۆ ڕەوایەتیدان بە حوکمڕانییەکەیان، لەلایەکەوە پشتیان دەبەست بە ڕووپۆشکردن و جوانکردنی بە ئایەتەکانی میرات و، لە لایەکی تریشەوە بەو بیروباوەڕەی کەلەناو خەڵکدا بڵاویان کردبوویەوە، گوایا حوکمڕانییەکەیان لەسەر ویستی خواوەند بونیاد ناوەو بەڕێوەی دەبەن.

ئەگەر ئومەویەکان چەمك و تێگەیشتنێکی ئەوتۆیان بۆ قەزاوقەدەر دۆزیەوە کە دەرگای بۆچوونی (جَبريَّة)ی پیێ بکەنەوە، ئەو تێگەشتنەی کە پێی وابوو مەسەلەی حاکم و مەحکووم، بڕێنراوەتەوەو ڕاپەڕاندنیشی ئەرکێکی ئایینییە، ئەوا عەباسییەکان تێگەیشتنێکی تریان دۆزیەوە بۆ ویست و ئیرادەی خوایی و لەوێوە حاکم و کاربەدەسیان پیێ دەرکرد لە سەنگەری ناچار بوون (الجَبرِيَّة)ەوە بۆ پانتایی حوکمڕانیی و فەرمان کردن بەناوی خواوەند و ویستی خواوە.

لەکاتێکدا عوسمانی کوڕی عەففان کە لە خێڵی ئومەییە بوو، ڕووبە نەیارەکانی لەبارەی دەسەڵاتی جێنشینییەوە دەیگووت: سوێند بەخوا هەرگیز کراسێك داناکەنم کە خواوەند لەبەری کردووم، بەم کارەشی بناغەی قەزاوقەدەر و جەبر و ناچارکردنی دارشت بۆ دوای خۆی تا ئومەوییەکان دوای ئەو کاری لەسەر بکەن، لێرەوەیە کە ئەبو جەعفەری مەنسور لە وتارێکدا دەڵێت: ئەی خەڵکینە، من سوڵتان وکاربەدەسی خوام لە سەر ئەرزدا، کاروباری ژیانتان بە پشتیوانیی و یارمەتیی ئەو بەڕێوە دەبەم، هەروەها من خەزێنەداری ئەوم بەسەر داهات و دەسکەوتێکەوە کەپێی بەخشیوین، بەویستی ئەو کاردەکەم و بەخواستی ئەو لێی دابەش دەکەم و بەمووڵەتی ئەو لێی دەبەخشم، منی کردوە بە قوفڵێك بەسەر خەزێنەکەیەوە،

گەر ویستی لەسەر بێت دەمکاتەوە بۆ وەرگرتن و ئەمبارکردنی بەخشین و دەسکەوتەکانتان، ئەگەر ویستیشی ببێت دام بخات ئەوا دامدەخات...).

لە ڕوانگەی ئەم گوتارەیانەوە لەگەڵ خەڵدا، تێدەگەین کە پێیان وایە: حوکمڕانی عەباسی بەو پێیەی کە جێنشینی پێغەمبەرە و یەکێکە لە ئەندامانی بنەماڵەکەی (ئەو بنەماڵەی کە خواوەند ویستی وابوو هەرچی خراپە و ناپەسەندیی هەیە لە ناویاندا ڕایماڵێت و بەتەواوی پاکیان بکاتەوە) بە ویست و خواستی خواوەند کاردەکات و دەبەخشێت، یان دەس دەگرێتەوە لە ئاستی کەسێکدا.

بەڵام لە گوتارەکانیانەوە لەگەڵ تالبییە هاشمیە ڕکابەرەکانیاندا، لەم ئاراستەیەدا هەمیشە پشتیان بە ئایەتەکانی میرات دەبەست، لەوانەیە دیارترین کەسێك کە نوێنەرایەتی ئەم ئاراستەیەی دەکر، ئیمام محەمەد نەفسولزەکییە بێت.

تەبەری لە لاپەڕە ٥٦٦ ی بەرگی ٧ ی مێژووەکەیدا دەگێڕێتەوە کە ئیمام محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا، کە ناسناوی (النَفْسُ الزَكِيَّة) ی هەبوو، لە فەرمان و گوێڕایەڵیکردنی ئەبوو جەعفەری مەنسور دەرچووە و دوای ئەوەی مەنسور تالبییەکانی زیندانیی کردوون و کوشتوونی، نەفسولزەکییە گوێڕایەڵیی کردنی خێڵی عەباسیشی ڕەد کردەوەتەوە، دوای ئەو هەڵوێستەی، مەنسور نامەیەکی بۆ دەنێرێت و داوای لێ دەکات، تەوبە بکات و پەشیمان ببێتەوە، لە بەرانبەرەوە خەلیفە خۆی و هەوادارەکانیشی دەپارێزێت، ئیمام محەمەدیش، وەڵامی دەداتەوە و داوای لێ دەکات، ئەو گوێڕایەڵیی لە فەرمانی ئەم بکات و پەیمان و بەڵێنی بداتێ و لەبەرانبەرەوە دڵنیا بێت لە خۆی و سەروەت و سامانی، لەکۆتایی نامەکەیدا ئیمام دەڵێت: من شایانترم بۆ فەرمانداریی و لەتۆش وەفادار ترم بە بەڵێنەکانمەوە، چوونکە تۆ بەڵێن و دڵنیایت بە من داو پێشتریش داوتە بە کەسانی تر، چ جۆرە دڵنیاییەکم دەدەیتێ: ئەوەی کە دات بە کوڕی هوبەیرە یان ئەوەی باوکی موسلم؟

لە سەرەتای نامەکەشیەوە بەوردیی باسی شانازیی کردن بە ڕەچەڵەك و پەیوەست بوونیەوە بە (فاتیمە و پێغەمبەر و پەیوەست بوونەوەیەوە بە پێشەوا عەلییەوە) دەکات و دەڵێت: باوکمان عەلی، متمانەپێکراو و پێشەوا بوو، باشە ئێوە چۆن ولایەت و دەسەڵاتەکەیتان برد لەکاتێکدا کە (**وَلَدْ**) و ڕۆڵەکانی زیندوو بوون؟

**نَفْسُ الزَکِیَّة**، زیاتر دەڕوات تا دەگاتە ئەوەی تانە و پلار دەگرێت لە مەنسوور و قسەش لە سەر دایکی مەنسوور دەکات و دەڵێت: لە بەربەرەکان بووە و ناوی (**سلامة**) بووە، بەڵام من لە ناوجەرگەی نەوەی هاشمەوە هاتووم و باوکیشم دیارترینی ناویان بووە، ڕەگ و ڕەچەڵەکم بیانیی و عەجەمیی تێنەکەوتووە و دایکی منداڵانیش گێچەڵیان پێ نەگێڕاوم.

مەنسووریش بەنامەیەك وەڵامی دەداتەوە و بە ڕوونیی ئەوە باس دەکات کە عەباسیەکان بۆ چەسپاندنی حوکمڕانیەتەکەیان، پشت بە ئایەتەکانی میرات دەبەسن و دەنووسێت: قەسەکانت بەدەستم گەشتن و نووسراوەکەشتم خوێندەوە، ئەگەر خۆت هەڵدەکێشیت و شانازیی دەکەیت بە نزیکیی ڕەچەڵەکت بەژنانەوە، تا خەڵکی داماو و قەرەباڵغیی دەوروبەرتی پێ گومڕا بکەیت، ئەوا بزانە کە خواوەند ژنانی لە ڕیزی مام و باپیراندا دانەناوە، هەروەها نەشی کردوونەتە ڕەچەڵەك و سەرپەرشتیار، چوونکە خواوەند مامی کردووە بە باوك و لە پەڕاوەکەشیدا پێشی خستووە بەسەر باوکی نزیکدا، وەك چۆن لەبارەی یوسف پێغەمبەرەوە دەڵێت: ﴿**وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَائِي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ**﴾ **یوسف/ ٣٨**.

واتە: شوێن مللەتی باوانم ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب کەوتووم.

بەم بڕگەیە و بە بیانووی نەبوونی جیاوازیی ڕوون لە نێوان (**ألأبْ**) و (**الوالِدْ**) دا و زاڵبوونی هەستی نێرایەتی باو لەو سەردەمەدا، ڕێگە خۆش دەبێت بۆ مەنسوور تا درێژە بە قسەکانی بدات و بڵێت: سەبارەت بەو قسەیەشت کە ئێوە نەوەی پێغەمبەرن، خواوەند لە پەڕاوەکەیدا گوتوویەتی: ﴿**مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ**﴾ **الأحزاب/ ٤٠**.

واتە: **محەممەد** باوکی هیچیەکێك لە ئێوە نییە.

بەڵام ئێوە نەوەی کچەکەین،ڕاستە بۆ نزیکیی، ئەو نزیکترە لەباوکیەوە، بەڵام بەشی سەرەکیی میرات نابات و ولایەت و دەسەڵاتیشی بە میرات پێ نابڕێت، ئیمامەت و پێشەوایەتیشیی درووس نییە، ئیتر چۆن کەسێك بەهۆی ئەوەوە و لە ڕێگەی ئەوەوە، دەسەڵات بە میرات دەبات؟

لەو سوونەتەدا کە هەموو موسڵمانان کۆکن لەسەری هاتووە کە: باوکی دایك و خاڵ و پور لە دایکەوە، میرات نابەن.

پێش ئەوەی کۆتایی بە نامەکەی بهێنێت، دیسان بەرپەرچی شانازییەکەی ئیمام بە ڕەچەڵەکییەوە دەداتەوە و دەڵێت: خواوەند **محەممەدی** کردە پێغەمبەر لە کاتێکدا کە چوار مامی هەبوون، هۆشیاری کردنەوە و بانگی کردن بۆلای بانگەوازەکەی، دوانیان بەدەم بانگەوازەکەیەوە هاتن کە یەکێکیان باوکی من بوو، دوانیشیان پشتیان تێ کرد کە باوکی تۆ یەکێکیان بوو، بەو هۆیەوە خواوەند پەیوەستیی ویلایەتی پێغەبەرەکەی لەگەڵ ئەودا پچڕاند، هەروەها دەڵێت: ئەوەش کە گوتووتە: تۆ ڕەچەڵەکت لە ناوجەرگەی نەوەی هاشمدایە و باوك و دایکت دیارەکانی ناویانن ولە عەجەم و بیانییەوە نەکەوتویتەوە، بیرت دەخەمەوە کە تۆ خۆت بەسەر (ئیبراهیم پێغەمبەردا هەڵ کێشاوە کە باوکیی و ڕەچەڵکیشی لە هی تۆ باشترن و دایکیشی دایکی منداڵان بووە، بژاردەیی نەوەی باوکت کامەیە، بە تایبەت کە خەڵکی خاوەن شکۆی ناویان، ئایا کەسیان هەیە لە دایکی منداڵان نەبن؟

نامە ئاڵگۆڕ پێکراوەکانی نێوان ئیمام **محەممەدی** نەفسی زەکییە و مەنسوور بەهەموویانەوە لە سێ ڕووپەڕ تێناپەڕن، بەڵام دەس دەدەن ببنە ماددەی خاو بۆ چەندین لێکۆڵینەوەی تێرووتەسەل لە بارەی زمانەوانیی و عەقیدە و کۆمەڵ ناسییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەمن ئەوانەی کە لەسەر ئەم نامانە بەوردیی و قوڵیی وەستابن و کاریان تێدا کردبن.

گەر کەسێك سەرنج بدات دەبینێت ئەم دوو پیاوە، بە گیانێکی خێڵەکییانەی نەفامانەی ڕوونـەوە، شانـازیی دەکەن بە ڕەچەڵـەکیانەوە، وەك بڵێـی بەهۆی ململانێکەیانەوە لەسەر دەسەڵات، سەرەتایی ترین ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی پەیامەکەی محەممەدیان بیرچووەتەوە کە دەڵێت: ﴿**إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ**﴾ **الحُجُرات/١٣**.

واتە: بەڕێزترینتان پارێزکارترینتانە لای خواوەند.

هەرکەس مەبەستی بێت دەتوانێت بەووردیی و سەرنجەوە لەسەر قسەکانی مەنسوور بوەستێت بۆ نموونە کاتێك دەڵێت: چوونکە خواوەند مامی کردووەتـە باوك و لە پەڕاوەکەشیـدا بەو دەستـی پێ کردووە، پـاشـان ئایـەتی ٣٨ ی سورەتـی یـوسف یش دەکـاتـە بـەڵگە بۆ، بۆچوونەکەی.

بەڵام سیاق و ڕەواڵی باوکایەتیی لـە ئایەتـەکەدا ڕەواڵـی میللەت و پێغەمبەرایەتیـی و بیروباوەڕە، نەك بـاسـی دەسەڵات و حوکمڕانیـی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە باوکایەتیی بە واتای پەروەرشیاریی، شتێکە و، باوکایەتیش بەواتای ئەوەی کە لەو بووبێـت، شتێکی ترە، بەم هۆیەشەوە دەگەینە ئەوەی کە بەڵگەکەی مەنسوور وەك پێویست نییە.

ئەم بابەتـەش ئەو ئایەتەمان بیـردەخاتەوە کـە هاشمییەکان ڕاهاتبوون هەمیشە بـە ڕووی ئومەوییەکاندا هەڵیان دەبڕیی کە بریتییە لە ئایەتی: ﴿**وَوَرِثَ سُلَيْمَانُ دَاوُودَ**﴾ **النمل/ ١٦**.

واتە: سولەیمان میراتی لە داوود گرت.

هاشمیەکان ئەم ئـایەتەیـان وەك بەڵگـەیەك بۆ ڕەوایەتیـی و مافی خۆیـان بۆ گرتنەدەسی دەسەڵات و حوکمڕانیی هەڵدەبڕی، بێئاگا لەوەی کە ئایەتەکە باسی باوك و کوڕێك دەکات کە هەردووکیـان لە بنەڕەتەوە خۆیـان پێغەمبەر بوون، نەك بەمیراتگریـی بوونە پێغەمبەر، ئەمەش لەگەڵ خواستەکەی ئەماندا ڕێك نەدەهاتەوە و بەڵگەکەیان جێگەی نەدەگرت.

کەسێك بەمەبەستەوە سەرنجی قسەکانی مەنسوور بدات کە دەڵێت: لەو سوونەتەدا کە هەمووان لەسەری کۆکین هاتووە کە: باپیرە و داپیرە و خاڵۆ لە سەری دایکەوە، هیچ بەشە میراتێکیان ناکەوێت.

کاتێك لێکۆڵەر سەرنجی ئەم قسەیە دەدات، خۆی لەبەردەم چەن پرسێکدا دەبینێتەوە:

**یەکەمیان:** بریتییە لەو ئاماژەیەی کە دەیکات بۆلای سوونەت، گوایا لەبابەتی میراتدا سوونەت حاکم و حوکمڕانە بەسەر قورئانەوە، ئەم بابەتەش ئەوەیە کە شافعیش ڕای وابووە لە سەری.

**دووەم:** ئەو نوقڵانە و لاف لێدانەیەتی کە گوایا هەموو موسڵمانان هاوڕا و کۆکن لەسەر ئەوەی کە سوننەت ئەم بڕیارەی داوە، لە کاتێکدا هەموان دەزانن کە: لە سەردەمی مەنسوورەوە تائێستا، ڕێك نەکەوتووە هەموو موسڵمانان لەسەر یەك بابەت، کۆك و هاوڕا و یەکدەنگ بن، لە هەموو مێژووشیاندا ڕێك نەکەوتووە بێجگە لە شایەتومانی ئیسلام و ئیمان، لەسەر هیچ بابەتێك یەکدەنگ و کۆك بووبن، تەنانەت ئێستاش لەسەر نوێژ و ڕۆژوو و حەج و جێبەجێ کردنی سزاکانیش ناکۆکن.

**سێەمیش:** بریتییە لەو ئاماژەیەی کە لە بارەی میراتەوە کردوویەتی بۆ باوکی دایك و خاڵ و پوور لەسەری دایکەوە، لەکاتێکدا کە ئەم خاڵە، جێگەی ناکۆکیی نەبووە لەنێوان عەباسیی و تالیبییەکاندا.

هەروەها پێویستە سەرنج ڕاگرین لەسەر ئەم قسەیەی کە دەڵێت: ئێوە نەوەی کچەکەی پێغەمبەرن، ڕاستە ئەوە نزیکییە لەوەوە، بەڵام کاریگەریی نییە لەسەر میرات و گرتنە دەسی دەسەڵات و کچیش بۆی نییە پێشەوایەتیی بکات!

ئەم قسەیەی چەند ڕوویەك لەخۆ دەگرێت:

**یەکەم:** میراتیی پێغەمبەر بە دەسەڵات و حوکمڕانیـــی پێغەمبەرایەتیی دەزانێت، بیری چووە کە پێغەمبەرایەتی هەڵبژاردنێکی تاکەکەسییـــە لە لایـەن خواوەندەوە و ویستی ئەوە بڕیار دەدات لە بـارەی کەسێکـی دیاریکراوەوە، نەك دەسکەوتێکـی ماددیی بێت و پاش مردنی هەرکەسە و بەشی خۆی لێی ببات.

**دووەم:** ئەو پێـی وایە لە بابەتـــی میراتدا، کچ نابێتە ڕێگر لـەبەشـی کەســـدا و پاشماوەی میراتی پێغەمبەر بەمامی دەبڕێت، بیری چووە کە ئـەم بابەتـە لە بنەڕەتەوە ڕاوبۆچوونـــی فقهزانە عەباسییەکانە و کۆڕا و کۆدەنگیی لەسەر نییە.

**سێیەم:** کچ میرات نابات و ناشێت ببێتە پێشەوا و ڕابەر، سەبارەت بە ویلایەتیش بریتتیە لە کاربەدەستیی و فەرمانڕەوایەتیی، واتە: حوکمڕانیی و دەسەڵات، ئەمەش ناگونجێت چوونکە کچ لەلایەکەوە چ لەڕووی ئایین و چ لەڕووی ژیرییشەوە ناتەواوە و، لەلایەکی تریشەوە کچ نابێتە ڕێگر لەبەردەم مامدا بۆ بردنی میراتی ویلایەت و دەسەڵات.

سەبارەت بە ئیمامەت و پێشەوایەتیش، بریتییە لە جێنشینیی پێغەمبەر بە پێغەمبەرایەتیی و عسمەت و پارێزراویەتیەکەشیەوە لە تاوان، هەرچەندە دەگوترێت ئەم چەمك و دەستەواژەیە بەم واتایەوە کەئێستە هەیەتی، وەك دکتور موسا موسەویـــی دەڵێت: تا سەدەی سێەمیی کۆچیش بەلای ئیمامییەکانەوە دەرنەکەوتبوو، بەڵام ئەم چەمکە بەواتا گشتییەکەی هەر لە سەدەی یـــەکەمەوە باو و بـــەکارهێنـراو بووە، بـــەڵگەش لەســـەر ئەم ڕاستییـــە ئەوەیە کە مەنسووریش بەکاری هێناوە.

هەرچەندە ئـەم چەشنە بەڵگەنامانـە کـەم و دانسقەن، بـەڵام بە وەستان لـەسەریان بە ڕوونیی بۆمان دەردەکـەوێت کـە دەمارگیریی بۆ بنـەماڵە و تیرە و هۆز و ململانێی گرتنـە دەسی دەسەڵات و ڕەوایـەتیـــدان بەو پرۆسەیـــە و گیانـــی نێرسالاریـی و پـەرگیریش، چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکیان هەبووە، ڕۆڵێکی بنەڕەتییان گێڕاوە لە داڕشتنی فیقهی ئیسلامی و هەنگاوە

سەرەتاییەکانی ئەو پرۆسەیەدا، هەروەها چ ڕۆڵێکیان گێڕاوە لە جێگیر کردنی ئەو چەشنە لێکدانەوەیە بۆ ئایەتەکانی ئەحکام، بە شێوەیەك کە قسەی پێغەمبەر توانای سڕینەوەی هەبێت بەسەریاندا، بەهەمان شێوە ڕۆڵیان هەبووە لە تێڕوانینی فیقهزانەکاندا بۆ ئافرەت، بەتایبەت لە بابەتەکانی میرات و حیجاب و باڵادەستیی و قیوامە و گرتنەدەستی پلە و پایەی ڕابەرایەتیی کۆمەڵگەدا.



## ئەو هۆکارانەی بوونەتە خوازیار بۆ خوێندنەوەی هاوچەرخ

ئەو هەموو درێژە پێدانەی سەرەوەمان بۆ ئەوەبوو تا بگەینە ئەوەی کە بتوانین بڵێین: ئەمڕۆ ئێمە بەدەر لە کەلەپوری ئومەویی و عەباسیی، سەرلە نوێ دەسمان داوەتە خوێندنەوەی ئایەتەکانی میرات و ئایەتەکانی حیجاب و باڵادەستیی پیاو و چەمکی سەرپێچیی و لاساریی (نشوز)، بەدەر لە هەموو لێکدانەوە و فیقهێك کە ئامانجیان ئەوەیە، ڕەوایەتیی حوکمڕانیی بۆ هەریەك لەو دەستانە بسەلمێنن.

چەشنێکە لە گەمژەییەتیی ئەگەر کەسێك لەم سەردەمەدا بێت و داکۆکیی بکات لەو جێبەجێ کردنە چەواشەکارییەی کە دەسەڵاتی ئومەویی و عەباسیەکان بە مەبەستی دوورخستنەوەی هاشمیەکان و جارێکی تریش بۆ دوور خستنەوەی تالبیەکان لە دەسەڵات، سەپاندیان بەسەر بابەتی میرات و ئایەتەکانیدا، لەوەش گەمژەتر ئەو کەسەیە کە وابزانێت بە داکۆکیکردنی لەم کارە، داکۆکیی لە ئیسلام دەکات.

ئەوەش کە مایەی گاڵتەجاڕییە ئەوەیە، کەسێك هەبێت تا ئێستاش بە دیدێکی خۆبەزیاد زانینەوە سەیر و مامەڵە لەگەڵ ئافرەت و ڕەگەزی مێینەدا بکات، ئەم هەست و دونیابینییەشی لەو سەردەمانەوە بۆ ماوەتەوە کە گیانی نێرسالاریی زاڵ بووە بەسەریاندا و بە پێی دونیا بینیی ئەو سەردەمانە کە: ژن و سەگی ڕەش و گوێدرێژ، نوێژی پیاویان بەتاڵ کردوەتەوە، گاڵتە جاڕیی لەمەش زیاتر ئەوەیە کە کابرا وابزانێت پابەند بوون بەم بیرکردنەوە و دونیا بینیەوە، پابەندییە بە پەیامی ئاسمانەوە.

ئەگەر فیقهزانەکانی هەواداری سوڵتانەکان لە سەردەمی نوسینەوە و داڕشتنی فیقهدا، لە ترسی مەروان و عەبدولمەلیك و مەنسوردا، وای بۆ چووبن و وایان بەباش زانیبێت کە ئەو بنەمایانە بەو شێوەیە داڕێژن، ئێستە و لەم سەردەمەدا هیچ هۆکارێك نییە تا ناچارمان

بکات پابەندی ئەو بۆچوونانەی ئەوان بین، مەگەر کەسانێك کە بیرکردنەوەیەکی نەخۆشیان ببێت و لەوە بترسن کە شنەبای تازەگەریی، خۆیان و داوو و دەزگاکانیان ڕامالێت.

دەزانم بابەتەکەمان زۆر درێژە پێدا، هۆکاری درێژە پێدانەکەش ئەوە بوو تا ئەو گۆڕانە مێژوویی و سیاسیە ڕوون بکەینەوە کە بووەتە هۆکاری هێنانە کایەی فیقهی ئیسلامیی مێژوویی و بنەما و بناغەکانی کە بە ئێمە گەشتوون و تا ئێستاش پشتیان پێ دەبەستین و جێبەجێیان دەکەین، سەرەڕای ئەوەی کە ئەستەمە لەگەڵ ئەو بنەمایانە و جێبەجێ کردنەکەیاندا ڕاستاندن و گونجانێك بەدیی بکەین لەگەڵ ئەم ئایەتەدا: ﴿**قُلْ يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا**﴾ **الأعراف/ ١٥٨**.

بڵێ: خەڵکینە من پەیامهێنی خواوەندم بۆ لای هەمووتان.

زانستەکان بە گشتیی و بیرکاریی بە تایبەتیی، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە چۆنییەتیی تێگەیشتن و جێبەجێ کردنی ئایەتەکانی میراتەوە.

پێویستە بزانین ئەو گۆڕانە زانستیی و زەمینە مەعریفییە کامە بووە کە لەو دەمەدا زاڵ بووە بەسەر تێگەیشتن و جێبەجێ کردنی ئەو ئایەتانەی میراتدا، بەشێوازێك کە هەریەك لە ئومەویی و عەباسییەکان پێی ڕازیی بوون؟

لە سەردەمی دابەزیندا، زانستی ژمێریاریی بە چوار کردەکەیەوە (+/ - / ×/ ÷) باو و پەیڕە و کراو بووە، سەرەڕای ئەمەش عەرەبەکان ئەهل و خەڵکی ڕەوانبێژیی بوون، نەك ژمێریاریی و بیرکاریی.

تا ئێستاش ئێمە لە جێبەجێ کردنی ئەحکام و فەرمانەکانی میراتدا، نەمان توانیوە لەو چوار کردە ژمێریارییە دەرچین.

بەڵام کاتێك ئێمە بەچاوی سەدەی بیستویەکەوە ئایەتەکانی میراتمان خوێندەوە، بۆ تێگەیشتن و جێبەجێ کردنیان سەرەڕای ئەو چوار کردە ژمێریارییە، پشتمان بەست بە شیکاری بیرکاریی و بیردۆزەی دەستە و کۆمەڵەکان لە زانستی بیرکاریی نوێدا.

ئەگەر کەسێکیش لێم بپرسێت: ئایا عەرەبە موسڵمانەکان پێشتر ئەم زانستانەیان نەزانیوە؟

لە وەڵامدا دەڵێم: شیکاری بیرکاریی لەسەر دەستی نیوتن و لە سەدەی هەژدەیەمدا دامەزرا، بیردۆزەی دەستە و کۆمەڵەکانیش لە سەدەی بیستدا دامەزرا، لەکاتێکدا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، عەرەبە موسڵمانەکان لە سووری متبوون و خەوێکی قوڵدا بوون، زانستەکان بەلای ئەوانەوە بریتیی بوون لە حەڵاڵ و حەرام، تاکە زاناش بەلایانەوە بریتیی بووە لە پیاوانی ئاینیی، ئەو پیاوانەی کە بەوپەڕی ڕووداریی و ڕاشکاوییەوە، بانگەواز دەکەن بۆ دوورەپەرێزیی وخۆلادان لە زانستە دونیاییەکان، چوونکە گوایا لەیادی خوا، دورمان دەحەنەوە و هیچ پێویستیشمان پێیان نییە. [1]

ئەوەش دەدەنە پاڵ پێغەمبەر گوایا گوتوویەتیی: زانست بریتییە لە ئایەتێکی موحکەم یان سوونەتێکی پایەدار یان فەرز کراوێکی داد پەروەرانە.

بۆ جێبەجێ کردنی ئایەتەکانی میراتیش، پشتمان بەستووە بە زانین و زانستە مرۆییەکان بە هەموویانەوە و لە هەموو بوارەکانی فەلسەفە و لۆژیك و زمانەوانیی و دەروونزانیی و کۆمەڵناسییدا بەگشتیی، ئەو زانستانەی کە هەموویان وەك زانستی بیرکاریی، گەشەیان کردووە و داینەمۆی یەکەم بوون کە مرۆڤایەتییان بردە نێو جیهانی سەرسوڕهێنەری زانیارییەکانەوە.

---

[1] ئەبوحامدی غەزالیی دەڵێت: هەموو شەریعەتێك بۆ دەرکەوتنی، پێویستی بە زمانێك بێت، ئەوا فێر بوونی ئەو زمانە دەبێتە ئامرازێك بۆ زانستی پەڕاوی خوا و پێغەمبەرەکەی، هەروەها زانستی نووسینی خەتیش یەکێکە لەئامرازەکان، بەڵام ئەگەر پەیامهێنەکە نەخوێنەوار بێت، ئەو کات زۆر پێویست نییە. **إحياء علوم الدين**، بەرگی ١ لاپەڕە ١٧ .

بۆنموونە: لەم سەردەمەدا قـازیـی و حاکم بۆئەوەی بزانێت دایکی ڕاستەقینەی منداڵێك کێیە و کێ دایکیەتی، پێویستـی بـەوە نییـە (وەك لە مێژوودا هاتـووە)، هەڕەشەی سوتاندنی منداڵەکە لە دوو کەسە ڕکابەرەکە بکات، بەڵکو لە ڕێگەی تاقیگەکانەوە، بەچەند خولەکێك وەڵامی پێویستی دەست دەکەوێت.

هەروەها خوێندکاری بواری فیقهـ، پێویستی بەوە نیە هەموو کتێبەکانی (**الشافية** و **الكافية** و **ألفية إبن مالك** و **حاشية ابن عابدين** و **القرآن الكريم** و کتێبەکانی سوننەتی پێغەمبەر) هەمووی لەبەر بکات، بەڵکو تەنها یەك کرتەی بەسە، بۆئەوەی لە ئامێرەکەی باخەڵیدا هەموو ئەوەی دەسکەوێت کە دەیەوێت.

بەکورتیی دەڵێین: شۆڕشی زانیارییەکان، خوێندکار و فیقهزانی لێکۆڵەری لە توتییەکەوە (بۆ ئەوەی لەبیری نەچێتەوە، سەرەمرە لەبەر خۆیەوە ئەوەی دەوتەوە کەئەزبەری کردبوو)گۆڕیی بۆ خوێنەرێکی توێژەر و شیکارکەر.

ئەگەر زانایانی ئوسوڵ لەڕووی تیۆرییەوە بڕیاریان داوەکە: (فەرمان و حوکمەکان بەپێی کات و سەردەمەکان دەگۆڕێن)، ئەوا ئێمەش پشتـیوان بەخوا چ لەڕووی تیۆریـی و چ لەڕووی کردارییـەوە بڕیـار دەدەیـن و دەڵێیـن: بە پێی سیستەمی مەعریفیی،حوکم و فەرمانەکان دەگۆڕێن، ئەوکات هیچ مایەی سەرسوڕمان نابێت، ئەگەر توانیمان لە سایەی خوێندنەوەی هاوچەرخمانەوە بۆ ئایەتەکانی میرات و لەبەر ڕۆشنایی زانستی بیرکاریی نوێوە، پەی ببەین بە ئاکامگەلێکی تازە و جیا لەوانەی کە لە سەدەی هەشتەمدا پێی گەشتوون.

ئەم بابەتەش سەرتاپای پەیوەندیی نییە بە: زیرەکیـی و نازیرەکیـی و دەبـەنگیی و تـەقوا و پارێزکارییەوە، بەڵکو ڕاشکاویـی مەسەلەکـەو ئەو ئشکالیـەت و دژوارییەیە، کە لەگەڵیدا دەژین و ئەو سیستەمە مەعریفیەیـە کەکـاری لەسەردەکەیـن و ڕێگەمان پێدەدەن پەی بە بابەتگەلێکی ئەوتۆ بەرین کە پێشینان پەیان پێ نەبردووە.

یەکێك لە هاوڕێیان ڕۆژێك بە زەردەخەنەیەکەوە پێی گوتم: کتێبەکانت کێشیان قورسە، تێگەیشتنیش لێیان قورسترە، تۆ شێوازێکت هەیە لە نووسیندا کە ئێمە پێشتر لە کتێبەکانی بیریی ئاینیدا نەمان دیوە، خۆزگە دەتتوانی بەکورتیی و پوختیی، ئەوەت پێدەگوتین کە بانگەوازی بۆ دەکەیت.

پێم گوت: ئەوەی من بانگەوازی بۆ دەکەم بەڕاشکاویی بریتییە لەوەی کە بانگەواز دەکەم بۆ خوێندنەوەی پەیام و پەڕاوی خواوەند بە دیدێکی هاوچەرخانە، هاوڕێکەمان بەبیستنی ئەم قسەیە، دەمووچاوی دا بە یەکداو ڕەنگی گۆڕا!

بۆیە لێم پرسی: چی بێتاقەتی کردی؟ خوێندنەوەکە یان هاوچەرخەکە؟

سەبارەت بە خوێندنەوە، جێگەی شانازییە بۆ خوێندنەوە، کە یەکەم فەرمان بوو، دابەزینی نیگا و وەحیی بەو دەستی پێ کرد بۆسەر دەروونی پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) و پێی گوترا: بخوێنە، گوتی: چی بخوێم؟ پێی گوترا: بخوێنە بە ناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کە بوونی بەدیهێناوە.

خوێندنەوەش بریتییە لە ڕامان و هەست پێ کردن و خستنە ڕوو و شیکردنەوەیەکی ئەو تۆ کە خوێنەرەکەی بگەیەنێتە تێگەیشتن لەوەی کە تێی ڕاماوە، لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا هێشتا ئێوە پێداگریی دەکەن لەسەر ئەوەی کە خوێندنەوە، بریتی بێت لە کردنەوەی خەت و تێگەیشتن لەواتای پیتەکان، گەرچی ئەم تێگەیشتنەشتان، ناتوانێت تەنانەت قەناعەت بە خوێندکارانی پەیمانگە شەرعییەکانیش بکات.

سەبارەت بە هاوچەرخایەتیش، کردارێکە و ڕیشەکەی لە چەرخ و کات و سەردەمەوەیە، بەسە بۆ شانازیی ئەمیش، کە خواوەند لە پەڕاوەکەیدا سوێندی بە سەردەم و کات خواردووە.

لەگەڵ ئەو ڕێز و سەروەریەشدا کە هەیەتی، هیچ شتێك هێندەی نوێگەریی و هاوچەرخایەتیی و گەشەکرد ناتان ترسێنێت، تەنانەت ئەو ئایەتانەشتان بەسەردا دەچەسپێت کە دەفەرمووێت: ﴿قَالُوا حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا﴾ المائدة/ ١٠٤.

﴿قَالُوا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِمْ مُهْتَدُونَ﴾ الزخرف/٢٢.

گوتیان: ئێمە تەنها کارمان بەوەوە هەیە کە باوانمان لەسەری ڕاهاتوون.

گوتیان: ئێمە زانیومانە باوانمان لەسەر شێوازێـــك ژیـــاون و ئێمەش هەر لـــەسەر شوێنەواری ئەوان دەڕۆین.

پەتا و درمی باوانگەرایی، تەنها بەوەوە ناوەستێت کە تەگەرە بخاتە بەردەم تێپەڕبوون بەکات و گۆڕانی مێژوویی و مەعرفییەوە، بەڵکو پاڵ بە تووشبووەکانیەوە دەنێت و هانیان دەدات کە خەڵکانی تر بەکافر بزانن و هەوڵی بەدرۆ خستنەوەشیان بدەن و هەوڵ دەدەن شوێن ئەو هەوا و ئارەزووە بکەون کە لەم ئایەتانەدا ئاماژەی پێ کراوە: ﴿وَإِنْ يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا وَيَقُولُوا سِحْرٌ مُسْتَمِرٌّ، وَكَذَّبُوا وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُمْ وَكُلُّ أَمْرٍ مُسْتَقِرٌّ﴾ القمر/ ٢،٣.

واتە: ئەگەر بەڵگە و نیشانەیـــەك ببینن دەڵێـــن: جـــادوویـــەکی بەردەوامە، هەوڵی بەدرۆ خستنەوەیان داو شوێن ئارەزووەکانیان کەوتن و هەموو شتێکیش لە جێگەی خۆیدایە.

گەر بە سەرپێیـــی بـــەراورد بکـــەین، وا هەست ناکەین پەیوەندییەکی ڕوون هەبێت لە نێوان هەوڵی بەدرۆ خستنەوە و شوێن کەوتنی ئارەزووەکان لەگەڵ ئیشە جێگیرەکە (الأمر المستقر) دا لەلایەکەوە و، لەلایەکـــی تریشەوە لەگەڵ تێپەڕبوو بەکات و گۆڕانی سەرەمەڕەدا، بەڵام ئەم چەند نمونەیەی خوارەوە، ئەو پەیوەندییە بـــە تـــەواوەتـــی ڕۆشن دەکەنەوە و پاڵ بە خوێنەری ئایەتەکەوە دەنێن تا پڕبەگەرووی هاوار بکات و بڵێت: خواوەند ڕاستی فەرموو:

١ـ جاران خولانـــەوەی خۆر بەدەوری زەویدا، لـــەبیر و بـــاوەڕی خەڵك و پێدراوە زانستیـــی و ئایینیەكانیـــاندا، یـــەكێك بوو لـــە پرسە چەسپـــاوەكان، تا كـــابرایەك هات كـە ناوی (كوبر نیكوس) بوو و گوتی: پێچەوانـــــەی ئەم بابەتـــە ڕاستەو زەویی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، بەدرۆیان خستەوە و شوێن ئارەزووەكانیان كەوتن و كابرایان سوتاند.

بۆچیی؟

چوونكە بیری جێگیر لە زەین و خەیـــاڵدان و فامی خەڵكدا، بەتێپەڕبوونی كات چەن دەزگا و دامەزراوەیەكی لێ كەوتوەتەوە كە چەن هامانێك پارێزگاریی لەو دەزگاو دامەزراوانە دەكەن، بە چەشنێك بوونی خۆیان و دەزگا و دامەزراوەكانیش، لە مانەوە و پارێزگاریكردن لە و بیر و باوەڕ و چەسپێنراوانەدا دەبیننەوە.

ئیتر لێرەوە وەك یەكەم پەرچە كردار، بە كافر كردن و بە درۆ خستنەوە، دەس پێدەكات، دواتر پارێزگاریی كردن لە بەرژەوەندییەكان، بەكوشتن و نەفیی كردن و دوور خستنەوە و دەسبەسەرا گرتنی بیر و ژیریی خەڵك و شوێن كەوتنی هەوا و ئارەزووەكانیش، بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

٢ـ پێشتر و لە سەردەمی ئیبراهیم دوە، پەرستنـــــی بتەكان، كار و پرس و بابەتێكی جێگیر و ڕیشە داكوتـــاو بوو بـــەلای قەومەكـــەیەوە، تـا ئیبراهیم هاتـــوو بانگەوازی كرد بۆ پەرستنی خواوەندی تاك و تەنها، ئیتر لەوێوە كەوتنە هەوڵی بەدرۆ خستنەوەی و فام و ئاوەزی خۆیان كلۆم كرد لەئاست قسەو بەڵگەكانیـــدا و دواتریـش خستیـــانە نـــاو ئـــاگرەوە (ئەمەیە شوێن كەوتنی هەواو ئارەزوو).

٣ـ پێشتر بینین بەچاو، بەڵگە بوو لـــەسەر بوونی شتێـــك یـــان گیـــانەوەرێك، ئەمەش بەلای خەڵكـــەوە بووبوە پرسێكـــی چەسپـــاو، تـــا **لویس بـــاستور** هات و ڕایگەیاند كە گیانەوەری وردیلە، بوونیان هەیە و هۆكاری توشبوونی مرۆڤیشن بەنەخۆشییەكان و بەچاویش نابینرێن،

بەدرۆیان خستەوە و شوێن هەوا و ئارەزووەکانیـــان کـــەوتن و شاربەدەریان کرد و لە **پاریس** دەریان کرد.

ئێمەش ئەمڕۆ بانگەواز دەکەین بۆ خوێندنەوەی هاوچەرخ بۆ دابەزێنراوی بەجێ و ئایەتەکانی میرات و حیجاب و باڵادەستیی و قیوامە و چەندیەتیی لە هاوسەر گیریدا و حوکمی سنورە شەرعییەکان و تیکۆشان و جەنگ و هەڵکوتانە سەر و غەزوو کردن، باش دەزانین کە لەمەو دوا ڕووبەڕووی بەکافرکردن و هەوڵی بەدرۆ خستنەوە دەبینەوە، ئەو کەسانەی کە هەوادر و ڕێبواری ڕێبازی باوانگەرایـــی (ألآبائية) ن، دەس دەدەنـــــە هەڵبەستنـــی ئەو تۆمەتانەی کە هەردوولامان دەیانزانیـــن، دەزانین دونیـــامان لێ هان دەدەن و شوێن هەوا و ئارەزووەکانیـــان دەکەون، ئەمەش نەك لەبەر خۆشەویستیی خوا و پێغەمبەرەکەی، بەڵکو بۆ پارێزگاریی لە دەسکەوت و بەرژەوەندییەکانیان و هێشتنەوەی بوون و هەژموونی خۆیان.

ئێمە دڵنیاین ڕۆژێك دێت ئەوەی ئێمە دەیڵێین، بە پێی یاسای گەردوونیی و ویستی خواوەند کە پێشتر ڕای گەیاندووە، دەکەوێتە ناو خـــەڵك: ﴿**فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاءً وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الْأَرْضِ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ**﴾ **الرعد/١٧**.

ئەوانەش کە ستەمکارن ئەوکات دەزانن چ چارەنووسێك چاوەڕێیان دەکات.

## لەبارەی ئەوەوە کەپێی دەگوترێت: زانستی هۆکارەکانی دابەزین

دوو زانست لە زانستە قورئانییەکان هەن، کە هاوملی یەکترن و ناکرێت یەکێکیان بەبێ ئەوی تریــان ببینیت، ئــەو دوو زانستــەش بریتیــین لە: (**أسباب النزول و الناسخ والمنسوخ**)، لە کتێبی دووەمماندا کە ناوی (**الدولة والمجتمع**)ە، باسمان لە بابەتی ناسخ و مەنسوخ کردوە و لێرەدا دووبارەی نــاکەینــەوە، [1] لێرەدا تەنها ئەوەندە دەڵێین: پاش تەواو بوونـــی پرۆسەی دابەزینی پەڕاوە پیرۆزەکـــەی، خواوەند ویستی وابوو بــەو شێوەی ئێستا لە بەردەستماندایە، ئایەت و سورەتەکانی ڕێك بخات و ڕیزیان بکات و پێغەمبەریش (سڵاوی لەسەر)، پابەندی ئەو فەرمانە بوو و بەوشێوەیــەی لێ کرد کــە پێی دەگوترا، ئیتر کەوابێت، پێویست ناکات چەند ئایەتێك کــە سڕراونەتەوە لــە نــاو پــەڕاوەکــەدا بهێڵرێنــەوە و ببنــە هۆی سەرلێشێــوان و دووبەرەکیی لە ناو باوەڕداراندا، چوونکە گەر وابوایە پێغەمبەر دەیتوانی لە دوا داڕشتن و ڕێکخستنەوەیدا بۆ پەڕاوەکە، لایان ببات، هەروەك چۆن خواوەندیش دەیتوانی جێگەکەیان بە بۆشایی بەجێ بهێڵێت، نموونەی ئەم باسە، چیرۆکە بەناوبانگەکەی ئیبنومەسعوودە کە ئەوانەی باوەڕیان بە نەسخ و سڕینەوەی ئایەتەکان هەیە تا ئێستاش پشتی پێدەبەستن، لە کاتێکدا کە زیاتر لە ئەفسانەوە نزیکە.

وادیارە ئــەو هەلومەرج و داخوازیانەی کــە بوونە هۆکــار بۆ سەرهەڵدانـــی زانستی ناسخ و مەنسوخ، هەر ئەوانەش بوونە هۆکار بۆ پەیدا بوونی زانستـــی (**هۆکارەکانی دابەزین ـ أسباب النزول**)، چوونکە ئەوانەی گێڕانەوە و هەواڵەکانیان گێڕاوەتەوە، هەموویان کۆك و هاو دەنگ نین کە پێغەمبــەر، بــە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، ئاماژەیەکـــی بۆ ئەم دوو زانستــە کردبێت، یان فەرمانی پێکردبن، ئەم ڕاستیەش بۆچوونەکەی ئێمە پشتڕاس دەکاتەوە.

---

[1] هەرکەس تالبی زانیاریی زیاترە لەم بــارەیەوە دەتوانێت سەردنـــی کتێبمان **دراسات إسلامية معاصرة ـ الدولة والمجتمع** لاپەڕە ٢٧١ ـ ٣٠١ بکات.

زۆرێرێك لە پێشینان لە بارەی هۆکارەکـانـی دابـەزینەوە نووسیویـانە، بەڵام هەموویان دوای سەردەمی پێغەمبەر لە نوسینەکانیادا ئاماژەیان پێداوە و نەهاتوون کتێبێکی سەربەخۆی لە بارەوە بنووسن، هەروەك چۆن زانای خواناس، جەلالەدینی سیوتیی و پێشەوا ئەبولحەسەن عەلیی کوڕی ئەحمەدی واحدیی نیسابووریی، وایان کرد، بۆیە دوو کتێبەکەیان وەك سیوتیی دەڵێت: بەناوبانگ ترین کتێب لەم هونەرەدا ئێستا، کتێبەکەی واحیدییە وکتێبەکەی خۆشم لـە چەندین ڕووەوە هەیەتـــی بەسەر ئەودا،کە یـەکێکیان: کورتیی و پوختییە، دووەمیشیان" کۆکردنەوەی زیاترە، کە بە دڵنیاییەوە زۆرتر لەوەی واحیدیی بابەتی زیاتری لە خۆ گرتووە.اهـ

ئێمەش بۆیە ئەو دوو کتێبەمان وەك سەرچاوە هەڵبژاردوون بۆ پێناسە و بەڵگە هێنانەوە لە بواری ئەم لێکۆڵینەوەیەماندا، پشتیوان بەخوا دەس پێدەکەین.

واحیدیی دەڵێت: بێجگە لەوەی خواستەکانی ئەم سەردەمە لە بارەی زانستەکانی قورئانەوە هەڵە و ڕاستیان تێکەوتووە و لایـەنە ڕەخنەگرەکانیش ناتوانن پشتگوێیان بخەن، دواجار ناچار بووین بۆ سوود گەیاندن بەو خوێندکارە سەرەتاییانەی کە لەپشت زانستەکانی قورئانەوە وەستاون، هەستین بە خستنەڕووی ئەو هۆکارانەی کە بەهۆیانەوە ئایەت دابەزیوە، ئەمەش باشترین شتە کە لەسەری بوەستین و سەرنجـی بدەین، بۆ ڕێگــەگرتن لە ڕاڤەکردنی ئایەتەکە، بەبێ وەستان لەسەر مەبەستەکەی و ڕوونکردنەوەی هۆکاری دابەزینەکەی. أهـ.

سیوتیش لـە زاری ئیبوتەیمیەوە دەگوێزێتـەوە کـە گوتوویەتـی: زانینـی هۆکاری دابەزین یـارمەتیـدەرە بۆ تێگەیشتن لـە واتای ئایەتـەکان، چوونکە زانیاریـی لەبارەی هۆکارەوە، یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە زانیـاریـی لـەبارەی سەرچاوەی هۆکـارەکەوە، بەلای هەندێك لە پێشینانـەوە واتای هەندێ ئایـەت، بووبوویـە گرفت بەلایاناوە، تا ئاوڕیـان دایەوە بەلای هۆکارەکانی دابەزینی ئەو ئایەتانەوە، ئەوجا گرفتەکەیان چارەسەر بوو. أهـ.

پاشان هەر سیوتیی لە زەرکەشیەوە دەگوازێتەوە کە لە کتێبی **البُرهان** دا گوتوویەتی: زانراوە هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان هەرکات یەکێکیان گوتبێتیان: ئەم ئایەتە لەبارەی فلآنە شتەوە دابەزیوە، مەبەستیان ئەوە بووە کە ئەو حوکمەی تێدا بووە، نەك ئەوەی کە ئەو ڕووداوە هۆکار بووبێت بۆ دابەزینەکەی، ئەمەش لە بابەتی بەڵگە هێنانەوەیە لەسەر ئیش کردن بە فەرمانی ناو ئایەتەکە، نەك گواستنەوەی ئەوەی کە ڕوویداوە.أهـ.

پاش سەرنجدان لەو سێ بڕگەی سەرەوە، خۆمان لەبەردەم ئەم سێ حوکم و فەرمانەدا دەبینینەوە:

١ـ ڕێگە نادرێت بە تێگەیشتن لە واتای هیچ ئایەتێك لەڕێگەی زانینی هۆکاری دابەزینەکەیەوە نەبێت **(الواحدي)**.

٢ـ زانینی هۆکاری دابەزین یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەواتای ئایەتەکان **(إبن تيمية)**.

٣ـ هۆکاری دابەزین، هۆکار نییە و هۆکار نەبووە بۆ دابەزینی ئایەتەکان، بەڵکوو ئەو تەنها بۆ بەڵگە هێنانەوەیە **(الزركشي)**.

بەڵام دەربڕینەکەی زەرکەشی لە کتێبی **البرهان** دا، لەلایەکەوە بیرمان دەخاتەوە کە پێشەوا عەلییش ناوی ئەم زانستەی هێناوە بەڵام بە (**بۆنەکانی دابەزین ـ مناسبات النزول**)، نەك بە (**هۆکاری دابەزین ـ أسباب النزول**)، کە بەلای ئێمەشەوە ئەمە ڕاستە، چوونکە جیاوازیی نێوان دوو ناولێنانەکە بەلای خەڵکی شارەزاوە شاراوە نییە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین سەرنجی خوێنەر بۆ لای ئەو قسەیەمان ڕابکێشین کە دان نانمان بە بوونی هۆکارەکانی دابەزیندا وادەخوازێت، هیچ ئایەتێك دانەبەزیبێت تا هۆکارێك نەبووبێت بۆ دابەزینی، ئەمەش لە باشترین حاڵەتیدا، بێ ئەدەبیەکە لەگەڵ خواوەند و مەبەستەکانی لە دابەزاندنی پەیامەکانیدا، کە گوایا ئەو ڕووداو و هۆکارانە پاڵنەری

سەرەکیی بووبن بۆ ناردن و دابەزاندنی پەیامەکانی، لەوانەیە ئەم دوو نمونەی خوارەوە ڕوونکردنەوەی پێویستیان تێدا بێت لەبارەی ئەو بۆچوونەمانەوە:

سیوتیی لە کتێبی **أسباب النزول** لاپەڕە ٥١ دا دەڵێت: تەبەرانیـــی و حـــاکم و بەیهەقیی و کەسانی تریش، لە ئەبی ڕافعەوە دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی جوبرەئیل هاتە لای پێغەمبەر و داوای چوونە ژورەوەی لێ کرد، ئەویـــش دەرفەتی دا، بەڵام جوبرەئیل خۆگریی کردوو نەهاتە ژوورەوە، پێغەمبەریش (سلاوی لەسەر) خۆی کۆکردەوە و هاتە دەرەوە و پێی گوت: فەرمووماں لێکردی بۆ نایەیتە ژوورەوە؟

ئەویش گوتی: ڕاستە دەرفەتی هاتنە ژورەوەتان پێدام، بەڵام ئێمە ناچینەماڵێکەوە کە وێنە و سەگی تێدا بێت، سەرنجیاندا بینیان لە هەندێ لە ماڵەکانیاندا توتکەسەگێکیان ڕاگرتووە، بۆیە فەرمانی کرد بە ئەبورافع کە سەگ لە شاری مەدینەدا نەهێڵێت و هەمووی بکوژێت.

خەڵکێك هاتنە لای و گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا لەوگیانلەبەرەی کە فەرمانت کردووە بە کوشتنی، چی بۆ ئێمە ڕەواو حەڵاڵە؟ بۆیە ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿**يسْأَلُونَكَ مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْ قُلْ أُحِلَّ لَكُمْ الطَّيِّبَاتُ وَمَا عَلَّمْتُمْ مِنْ الْجَوَارِحِ**﴾ **المائدة/ ٤.**

واتە: پرسیارت لێدەکەن کـە چیـی حەڵاڵ کراوە بۆیـــان، بڵێ: پاکەکان و ئەو گیانلەبـــەرە ڕاهێنراوانەش کە ماڵییتان کردوون.

واحیدییش ئەم هەواڵەی هێنـــاوە و ئـــەو قسەی ئـــەبوڕافعی بۆ زیاد کردووە کە گوتوویەتی: لەکارەکەم بەردەوام بووم تا گەشتمە لای ژنێك کە سەگێکی ڕاگرتبوو پاسی خۆی پێ دەکرد، بەزەییم بۆی جوڵا و وازم لێ هێنـــا، هاتمەوە لای پێغەمبەر و هەواڵەکەم پێگەیاند، فەرمانی پێ کردم بچم ئەویش بکوژم، بۆیە گەڕامەوە و کوشتم.

واحیدییش لــە کتێبــی **أسباب الزول** لاپــەڕە ١٥٣ دەڵێت: ڕاڤــەکــاران گوتوویــانــە: ڕۆژێك پێغەمبەر دانیشت و ئامۆژگاریی خەڵكی كرد و باسی ڕۆژی دوایی بۆ کردن، خەڵکەکە دڵیان گەرم بوو و گریان، دە کەس لە هاوەڵان (بەلای سیوتیەوە حەوت کەسن) لە ماڵـــی عوسمانی کوڕی مەزعونی جەمحیی کۆ بوونەوە کە بریتیی بوون لە: ئەبوو بەکری سددیق، عەلیی کوڕی ئەبوتــالب، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، ئــەبوو زەڕی غەفاریــی، سالمی مەولای ئــەبوحوزەیفە، میقدادی کوڕی ئەسوەد، سەلمانی فــارسیــی، مەعقەلی کوڕی موزەڕ، پێك هاتن کە شەوان بێداریــی بکێشن و بە ڕۆژدا بەڕۆژوو بن و لەسەر ڕاخەر نەخەون و گۆشت و چەوریی نەخۆن و لەخەڵك دابڕێن و پەیوەندییەکانیان پشت گوێ بخەن، ئەم هەواڵە گەشت بە پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) کۆی کردنەوە و پێی گوتن: ڕاستە کە ئێوە لەسەر ئەم کردارانە پێك هاتوون و واتان گوتووە؟

گوتیان: بەڵێ وایە ئەی پێغەمبەری خودا، هیچ مەبەستێکمان نەبووە خەیر و چاکە نەبێت.

گوتی: من فەرمانم پێنـــەکراوە بەو شتانە، نەفسیشتان مافــی هەیـــە بەسەرتــانەوە، ڕۆژوو بەیناوبــەین بگرن، بێداریی بکێشن و بیشخەون، من بێدارییش دەکێشم و دەشخەوم، ڕۆژووش بەیناوبــەین دەگرم، گۆشت و چەوریش دەخۆم، هەرکــەس لــە ڕەویەی من لابدات ئەوە لەمن نییە.

پاشان چووە ناوخەڵك و گوتاری بۆدان و گوتــی: چی دەڵێن لــە بارەی کەسانێکەوە کە ژنان و خۆراك و بۆنی خۆش و خەو و چێژەکانی ژیانیان لە خۆیان حەرام کردووە؟

من فەرمانم پێ نەکردوون ببنە کەشیش و نەشم گوتووە خۆتان گۆشەگیر و کەنار نشین بکەن، چوونکە لــە ئایینــی مندا نیە کە، کەس واز لە خواردنـــی گۆشــت و چێژی ژنان بهێنێت و پەناگایەك بۆخۆی ساز بکات، لە ڕاستیدا ڕۆژوو گرتن،گەشتوگوزاری ئوممەتمە و تێکۆشانیش خۆپارێزییەتی، بۆیە خواوەند بپەرستن و هاوشانی بۆ بڕیار مەدەن و حەج و عومرە و نوێژ

بکەن و زەکات بدەن و ڕۆژووی ڕەمەزان بگرن، لە ڕاستیدا گەلانی پێش ئێوە بەهۆی توندڕەویـەوە تیـاچوون، سەخت گیرییـان کردوو بـەر خەشمی خواوەند کـەوتن، لـە کـەلاوە و پەرسگا کۆنەکاندا شوێنەوارەکانیان ببینن، پاشان ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿**يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ**﴾ **المائدة/٩٠**.

واتە: ئەی باوەڕداران ئەو شتە پاکانەی خواوەند بۆی حەڵاڵ کردوون لە خۆتانی حەرام مەکەن.

سەبارەت بە هەواڵی یەکەم، ئێمە لەبەردەم چەن پرسێکداین:

**یەکەمیان:** جبریل وەك سەردانیکارێك وێنادەکات کە داوای مۆڵەتی چوونە ژوورەوە دەکات و ڕێگەی پێ دەدرێت، وەك بڵێی هاتووە تا دڵنیا ببێتەوە لە تەندروستیی خەڵکی ناو ماڵەکە و ڕەوشی کەشوهەوایان لەگەڵدا تاوتوێ بکات.

**دووەمیان:** ئەو بابەتەیە کە گوایا فریشتەکان ناچنە ماڵێکەوە کە وێنە و سەگی تێدابێت، وەك بڵێیت (ئەگەر گێڕانەوەکەش ڕاس بێت)، یەکـەمجارە کە جبریل دێتـــە لای پێغەمبەر و نیگای بۆ دێنێت!

ئایەتەکە لە مەدینـە دابـەزیوە و هەواڵــی ڕوداوەکەش (دیسان ئەگەر ڕاس بێت) لە مەدینە ڕووی داوە، ژیریی قەبووڵی ناکات جبریل ئەو چەن ساڵەی پێشوو کە چەندین جار هاتووەتە لای پێغەمبەر، ڕێك نەکەوتبێت سەگێك یان وێنەیەك یان پەیکەرێك ببینێت، لانی کەم ١٠ ساڵیان لە مەککە بووە، کە لەو دەمانەدا مەککە بە شاری بت و پەیکەرەکان دەناسرا.

**سێیەم:** بابەتی ئەو تووتکەسەگەی کە لە چەن ماڵێکدا دۆزییەوە، بەبێ ئەوەی دەسنیشانی بکات کە ئەو ماڵانە ماڵی کێ بوون: ئایا لە گەڕەکە جوو نشینەکاندا بوون، یان لە ماڵی باوەڕدارەکاندا؟

یان ئەگەر تووتکەسەگەکە لە یەکێك لەو ماڵانەدا بووە، ئایا دەبێتە ڕێگر لەوەی کە فریشتەکان نەچنە هەموو ماڵەکانەوە؟

قسەکانی پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) ئەوە دەگەیەنن کە: توتکەسەگەکە لەماڵی پێغەمبەردا نەبووە، ئەی کە وایە، بۆ جبریل نەدەچووە ژوورەوە؟

**چوارەمیش:** بوونی توتکەسەگەکە لەو شوێنەدا، ئاماژەیە بۆ بوونی دایك و باوکیشی لە هەمان شوێندا، بەڵام لە هەواڵەکەدا باسیان لێوە نەکراوە، هەروەها باسی ئەوەش نەکراوە کە ئایا توتکە سەگەکە کوژراوە یان نا؟

**پێنجەم:** کوشتنی سەگی ژنەکەیە کە بەمەبەستی پاسەوانی ڕای گرتبوو، چۆن پێغەمبەر فەرمانی کرد بە کوشتنی، لەکاتێکدا کە هەموومان دەزانین کە سەگی پاس و سەگی ڕاوکردن هیچکامیان ناکوژرێن؟

**شەشەم:** ئەو خەڵکەی کە هاتنە لای پێغەمبەر و پرسیاریان کرد لەبارەی گۆشتی ئەو سەگە کوژراوانەوە و ئەو وەڵامەی کە وەریان گرتەوە.

ئەو ئایەتە تەواوکاریی پێش خۆیەتی و باس لەو شتانە دەکات کە خواوەند حەڵاڵی کردوون یان حەرامی کردوون، هەر لە ڕاوەوە بیگرە تا دەگاتە کاتی ڕاوکردن و دواتر باس لە حەڵاڵ بوونی ئەو شکارانە دەکات کە گیانەوەرە ڕاوکەرەکانی وەك هەڵۆ و سەگی ڕاوکردن، ڕاو و شکاریا دەکەن، ئایەتەکان نە لە دوور و نە لە نێزیکەوە باس لە گۆشتی سەگەکان خۆیان ناکەن، وەك بڵێی هیچ پەیوەندیی نییە بەو هەواڵەوە (تەنانەت ئەگەر ڕاستیش بێت) کە واحیدیی و سیوتیی دەڵێن: هۆکاری دابەزینی ئایەتەکانە.

سەبارەت بە هەواڵی دوەمیش ڕووبەڕووی چەن پرسێك دەبینەوە کە زۆر لەوان زیاتر مایەی سەر سوڕمانن:

**یەکەم:** ئەو قسەیەتـــی کە دەڵێت: (ڕاڤەکاران گوتوویانە)، لەوەدا کە هەواڵـــەکەی دایە پاڵ سیوتیی کە دەڵێ: (ئیبنوعەساکر لە مێژووەکەیدا لە ڕێگەی سەدیی بچووکەوە لە کەلبییەوە هێناویەتی، هەروەها لە ئەبیسالحەوە لە ئیبنوعەباسەوە کە گوتوویەتی: ئەم ئایەتە لەبارەی دەستەیەك لە هاوەڵانەوە دابەزیی...) أهـ.

**دووەم:** بابەتی ئەوەی کە پێغەمبەر (سڵاوی لەسەر)، ڕۆژێك دانیشت و ئامۆژگاریی خەڵکەکەی کرد تا خەڵکەکـە کەوتنـــە گریـــان، هەتا سەرانـــی هاوەڵان بڕیـــاریادا واز لە ڕابوردوو و پەیوەندیەکانیان و دونیاش بهێنن.

لێرەدا دەڵێین: ئـــەوە شێوازی پێغەمبـەرانە و محەممەدیی، پێغەمبەر نـەبووە، لە ئامۆژگاریی و ڕاهێنانیدا، چوونکە ئەو لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئایەتەدا ئامۆژگاریی و ڕێنومایی خەڵکی دەکرد کە دەفەرمووێت: ﴿قَالَ عَذَابِي أُصِيبُ بِهِ مَنْ أَشَاءُ وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ﴾ **الأعراف/١٥٦.**

دەڵێت: سزای من تووشی ئەو کەسانەی دەکەم کە ویست و خواستم لەسەری ببێت و سۆزو و بەزەییشم هەموو شتێکی گرتوەتەوە.

تۆقاندن و ترسـانـدن و داخستنـــی هەموو دەرگـــا و ڕێگـــاکـــانی هیوا و سۆز و ڕەحمەتیش، هیچکامیان لە ڕەوشت و ئاکاری پێغەمبەر نەبوون و نین، بەڵکو ڕەوشت و ئاکاری ئەو گوتاربێژ و واعیزانەیە کە گومانی باش نابەن بە خواوەند و سۆز و بەزەییەکەی و بە کرداریی و لە ڕاستیشدا باوەڕیان نییە بەوە کە سۆز و بەزەیی خواوەند هەموو شتێك دەگرێتەوە و گرتویەتیەوە.

**سێیەم:** ئەو دە هاوەڵەی کە بەسەرانی ناسراوی ناو هاوەڵان ناسراون، کە تیایاندایە بەشداریی بەدری کردووە و خواوەند لێی خۆش بووە، هەشیانە لە ژێر درەختە ناودارەکەدا پەیمانی بە پێغەمبەر داوە و بەهەشتی بۆ نوسراوە، کەچی بەپێی گێڕانەوەکە هەروا بەئاسانیی و دوای

کۆبوونەوەیەك، دەوری پێغەمبەر چۆڵ بکەن و بەتەنهای بهێڵنەوە لە ئەرکی بانگەوازەکەیدا و بڕیار بدەن دەس لە دونیا بەردەن و واز لە پەیوەندییەکانیان بهێنن و خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ ڕۆژووگرتنی ڕۆژوو و بێداریی شەو.

**چوارەم:** لەنێوان ئەو دە هاوەڵەدا پێشەوا عەلی هەیە، ئایا واحیدیی بیری چووە کە عەلی زاوای پێغەمبەرە و مێردی فاتیمەی کچیەتی، کە بەپێی چەن گێڕانەوەیەکی بەناوباگ، پێغەمبەر بەهۆی خۆشەویستییەوە بۆ فاتیمەی کچی، ڕێگەی نەداوە بەعەلی، ژنی تر بهێنێت، ئێستە چۆن عەلی بڕیاریدا واز لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ فاتیمەدا بهێنێت و لەگەڵ ئەو هاوەڵانەدا بڕیاری گۆشەگیریی دا؟

**پێنجەم:** بابەتی واز هێنان لە گۆشت و دورکەوتنەوە لە ڕاخەر و نوێنی خەو، بەشێوەیەك کە خوێنەر وا وێنای بابەتەکە دەکات، وا دەزانێت واحیدیی باس لە شازادەکانی کۆشك و تەلارەکانی لویسی پێنجەم دەکات، لە کاتێکدا کە خواردنی ئاسایی و ڕۆژانەی هیچکام لەو دە کەسە، لە نان و خوێ و خورما و تریت، زیاتر نەبووە و مەگەر چۆنها جاروبار گۆشتێکی وشکەوە کراو و گۆشتاوێکیشیان خواردبێت، نوێن و ڕاخەر و پێخەفیشیان لە حەسیرێك زیاتر نەبووە، یان لە پوشوپەڵاش ئەگەر شتێکیان دروست کردبێت.

**شەشەم:** ئەو دەستەیە لە هاوەڵان دوای ئەوەی پێغەمبەر بانگی کردن و ئاگاداری کردنەوە لەوەی کە کارەکەیان هەڵەیە، ئیتر وازیان هێنا لەوەی کە بە نیاز بوون بیکەن، ئیتر بۆچی ئایەت دابەزی وەك ئەوەی کردبێتیان وا باس بکات؟

پاش ئەم خستنەڕوو و شیکردنەوەیە دەگەڕێینەوە بۆلای دەربڕینەکەی زەرکەشیی لە کتێبی **البُرهان** دا کە دەڵێت: لەنەریتی هاوەڵان وا ناسرابوو کە.

ئێمەش وریایـــی دەدەیـــن کـــە هەموو حەدیسەکـــانـــی هۆکاری دابەزین **أسباب النزول** و گێڕانەوەکانی ئەو بوارە، دەگەڕێنەوە بۆلای یەکێك لە هاوەڵان یان یەکێك لە تابعین و شوێن کەوتوانیان، لەو هەموو هۆکار و خوێندنەوانەماندا کە لەو بارەیەوە خوێندوومانەتەوە، یەك قسەشمان بـــەرچا و نەکەوتووە کـــە خاوەنـــەکـــەی لافی ئەوە لێ بدات کـــەوا پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) گوتبێتی و دەسنیشانی کردبێت، ئەو هۆکارە بووەتە هۆی دابەزینی فلانە ئایەت بۆی، لـــەگەڵ ئەوەشدا، ئـــەو گێڕانـــەوە و هەوالانـــەی کـــە هەموویـــان قسەی هـــاوەڵان و شوێن کـــەوتوانیـــانن، ڕووبەرێکـــی بەرچاویان داگیر کردووە لەو کتێبی حەدیس و تەفسیرانەدا کە تا ئێستەش لەبەر دەستماندان.

لە کتێبی **أسباب النزول** لاپەڕە ٤ دا واحیدیی دەڵێت: بێجگە لەگێڕانەوە یان گوێبیست بوون لەو کەسانەی کە لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمی دابەزیندا ژیاون و لەسەر ڕووداوەکان وەستاون و بەمەبەستەوە بەدواداچوونیان کردووە بۆ زانیارییەکـــان، هیچکـــەس مافی ئـــەوەی نییە قسە لەبارەی هۆکارەکانی دابەزینی پەڕاوی خواوەندەوە بکات، لە شەرعیشدا هاتووە کە هەڕەشەی ئاگر کراوە لەو کەسانەی کە نەزانن و بەهەڵەدا چوونیان هەیە لەم زانستەدا.

لە سەعیدی کوری جوبەیرەوە و ئەویش لە ئیبنوعەباسەوە گێڕراوەتەوە کە پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) گوتوویەتی: خۆتان لەقسەکردن بەناوی منەوە لابدەن، دڵنیابن هەرکەس بە مەبەستەوە درۆبکات بەناوی منەوە، با خۆی جێـــگە بۆ خۆی ساز بکـــات لە ئـــــاگردا، هەرکەسیش بە نەزانیی درۆبکات بەناوی قورئانەوە، ئەویش با جێگەی خۆی ساز بکات لە ئاگردا. أهـ.

بابەتەکە بەو شێوەی کـــەئێمـــە مەزەندەی دەکەین و لێـــی تێدەگـــەین، قســـە کردن لەبارەی بۆنەکانی دابەزینـــەوە(ئەم ناولێنانە وردەکارانەترە)، پێویستە تەنها لە کەسێکـــەوە بێت کە خۆی لەگەڵ ڕووداوی دابەزینی ئایەتەکاندا ژیابێت و شایەتی ئەوبۆنەیە بێت کە دابەزینەکە ڕوویداوە.

دەمێنێتـەوە ئەوەی کە پشتبەستنـی واحیدیـــی، بە حەدیسی (**من کـــذب عليَّ متعمداً...**)، پشتبەستنێکی بێجێیە و مەبەست لێی بەهێزکردنی قسەکانی خۆیەتی، بەڵام بەشێوازێکی ترسنۆکانە و شەرمنانە.

سیوتیی لەکتێبی **علوم الحديث** دا لە حاکمەوە دەگێڕێتەوە کە گوتوویەتی: ئەگەر هاوەڵێك کە خۆی لە سەردەمی وەحیی و دابەزیندا ژیابوو و لە بارەی ئایەتێکی قورئانەوە قسەی کرد و گوتی: لەبارەی فلانەشتەوە دابەزیوە، ئەوا قسەکەی پشتڕاس دەکرێتەوە، ئیبنوسەلاح و کەسانی تریش لەسەر ئەمە کاریـــان کردووە، نمونەشیان بۆ ئەم چەشنە، بەوە هێناوەتەوە کە موسلم لە جابرەوە هێناویەتی کە گوتوویەتی: جووەکان دەڵێن: هەرکەس لە دواوە لەگەڵ پێشەوەی ژنەکەیدا جووت ببێت، ئەوا منداڵەکەی خێل و تیل دەردەچێت، خواوەندیش ئەم ئایەتەی نارد: ﴿**نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ**﴾ **البقرة/٢٢٣** .

واتە: ژنەکانتان کێڵگە و شەتڵگەن بۆتان بەچ شێوازێك دڵخوازتانە بچنە ناو کێڵگەکەتانەوە.

هەروەها سیوتیی لە ئیبنوتەیمییەوە دەگێڕێتەوە کە گوتوویەتی: زانایان ناکۆکیی کەوتە بەینیانەوە لـــەسەر قسەی هاوەڵانی پێغەمبەرەوە (**قول الصحابـي**)، کە گوتوویـــانە ئەم ئایەتە لەبارەی فلانە شتەوە دابەزیوە، ئایا ئەم قسەیە وەك پشتڕاسکردنەوە وەردەگیریت، وەك چۆن ئەگەر باسی ئەو هۆکارەی بکردایە کە بەهۆیەوە ئایەتەکە دابەزیوە، یان وەك ڕاڤە و تەفسیرێك کە پشتڕاس نەکراوەتەوە؟ بوخاریی دەیخاتە ڕیزی پشتڕاسکراوەکان و کەسانی تر نایخەنە ئەو خانەیەوە.

لێرەوە هۆکاری دانانی قسە و گێڕانەوەکانـــی هاوەڵان و تابیعیەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەلە مەسانیدەکاندا دانراون و یەك پیت قسەی پێغەمبەریان تێدا نییە، نە بە قسە و نە بە کردار و نە بە بڕیار لەسەردان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مەسانیدانە بە کتێبی حەدیس و قسەی پێغەمبەر دادەنرێن و لـــەوێشەوە ئەو کتێبانـــە وەك سوونەتـــی پێغەمبەر دەناسرێنرێن، دواتریش ئەو

سوونەتی پێغەمبەرەی کەلــە ناو ئەو کتێبانــەدایــە بڕیاردەر و حاکمە بەسەر پەیام و پەڕاوی ئاسمانیدا، دواجاریش دەگوترێت: هێندەی قورئان پێویستــی بــە سوونە هەیە، هێندە سوونە پێویستیی بە قورئان نییــە، بۆیە دەڵێین: خواوەندمان بەسە، چوونکە ئەو باشترین پشتیوان و وەکیلە، حسبنا الله و نعم الوكيل.

## ١ـ هۆکارەکانی پشت دانانی زانستێك کە ناونراوە (هۆکارەکانی دابەزین ـ أسباب النزول).

لە باسی ناسخ ومەنسوخدا گوتمان: زانستێکە دوای سەردەمی پێغەمبەر، لـەدایك بووە و هاتوەتە کایەوە و چەند هۆکارێکیش لە پشت لەدایك بوونیەوە هەبوون، لەوانە:

أ ـ گۆڕینی تێکۆشان و جیهاد بە هەڵکوتانەسەر و غەزوو، وە گۆڕینی بانگەواز لە دانایی و حیکمەت و گفتی شیرینەوە بۆ زەبری شمشێر.

ب ـ گۆڕینی تێگەیشتن لەو کردەوەیەی کە حیساب و لێپرسینەوە و پاداشتی ڕۆژی دوایی لەسەر دەوەستێت و، گۆڕینی بەچەند پێوەرێکی تەموومژاویی، وەك: تکاکردن و شەفاعەت و ویلایەت و نێوەندگیریی و کەرامەت و ڕێزی تایبەت، کە کلیلی ئەم پێوەرانەش بەدەس چەن کەسێکی دیاریکراوەوەیە (هامانەکان).

ج ـ چەسپاندن و داکوتـانی تێگەیشتنـی نـاچارکردن ـ **جَبْر** ـ و پوکاندنەوەی یەکجارەکیی بۆ ڕۆڵی مرۆڤ.

د ـ پەکخستن و لەکـار خستنـی ژیریی و چەسپاندن و کردنە باوی، خۆبەکەسانیتر سپاردن، تا ئەوان لەبری خەڵك بڕیاریان بۆ بدەن.

لەبەر ئەوەی زانستی **أسباب نزول** کرایە جمك و دوانەی زانستی **ناسخ ومنسوخ**، ئەمیش وەك ئەو، چەندین هۆکار هەبوون بۆ لەدایك بوون و سەرهەڵدانی، گرنگترینیان بریتین لە:

**أ ـ چەسپاندنـی بیرۆکـەی دادگەریـی هاوەڵان و دوور بوونیـان لـە تاوان و**، بـە پیرۆز و دوورلەگومان سەیرکردنی ئەوەی کە لەوانەوە گێڕاوەتەوە لەبارەی هۆکارەکانی دابەزینەوە و

دۆزینەوە و دانانی ناونیشانێك بۆ ئەو گێڕانەوانەیان و ناو لێنانی بە پشتڕاسکراوە ـ المُسند، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە چەن بابەتی پڕوپوچ و بێسەروبەریی تێدا بێت.

واحیدی لە کتێبی **أسباب النزول** لاپەڕە ٢٥٠ـ٢٥١ دا هێناویەتی و دەڵێت: هۆکاری دابەزینی ئایەتی: ﴿**تَبَارَكَ الَّذِي إِنْ شَاءَ جَعَلَ لَكَ خَيْرًا مِنْ ذَلِكَ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَيَجْعَلْ لَكَ قُصُورًا**﴾ **الفرقان/١٠**.

واتە: پاکیی بۆ ئەوەی کە ئەگەر ویستی هەبێت باشتر لەوەت بۆ دەکات، باخچە گەلێك کە ڕووبار بەژێریاندا بڕوات و چەندین کۆشکیشت دەداتێ.

واحیدیی نووسیویەتی: ئەحمەد کوڕی محەممەدی کوڕی ئیبراهیمی موقریی، بۆی گێڕامەوە و گوتی: ئەحمەد کوڕی ئەبیفورات بۆی گێڕامەوە و گوتی: عەبدوڵلای کوڕی محەممەدی کوڕی یەعقوبی بوخاریی بۆی گێڕامەوە و گوتی: محەممەدی کوڕی حەمید کوڕی فەرقەد بۆی گێڕامەوە و گوتی: ئیسحاق کوڕی بشر بۆی گێڕامەوە و گوتی: جەوهەر لە زوحاکەوە لە ئیبنوعەباسەوە گوتوویەتی: کاتێك موشریکەکان توانجیان دەدا لە پێغەمبەر گوایە هەژار و کەمدەسە و دەیانگوت: ئەم پێغەمبەرە بۆ خۆراك دەخوات و دەگەڕێت بەناو بازاڕەکاندا، پێغەمبەریش (سلاوی لەسەر) دڵتەنگ بوو و خەفەت دایگرت و جبرەئیل (سلاوی لەسەر) هاتە لای و دڵدانەوەی پەروەردگاری پێگەیاند و پێی گوت: سلاوت لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا، پەروەردگاری شکۆمەند سلاوی هەیە بۆت و دەڵێت: پێش تۆ هەرپێغەمبەرانێکمان ناردبن خواردنیان خواردووە و چوونەتە ناو بازاڕەکان، واتە: بەدەم ژیانیی ئاسایی خۆیانەوە بوون.

دەڵێت: لە کاتێکدا کە جبرەئیل و پێغەمبەر گفتوگۆیان دەکرد لە ناکاو جبرەئیل لە پەلوپۆ کەوت و توایەوە، پێغەمبەر لێی پرسیی بۆ وات لێهات؟ گوتی: ئەی محەممەد دەرگایەك لە دەرگاکانی ئاسمان کرایەوە کە تا ئێستا نەکرابوویەوە، ترسی ئەوەم هەیە کە نەتەوەکەت بەهۆی هەژاریتەوە تانەیان لە تۆ داوە، سزا بدرێن، پاشان هەردووکیان بۆلای یەکتر چوون و

دەسیان کردە گریان، لەو کاتەدا جبرەئیل گەڕایەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی و گوتی: ئەی **محەممەد** مژدەم بدەرێ ئەوە ڕزوانە، دەرگاوانی بەهەشتە و هاتووە مژدەی ڕەزامەندیی پەروەردگارتی بۆ هێناویت، ڕزوان هاتە پێشەوە و سڵاوی کرد و گوڵدانێکیشی پێ بوو کە ڕۆشناییەکی پرشنگداری تێدابوو و گوتی: ئەی **محەممەد** پەروەردگاری شکۆمەند سڵاوی هەیە بۆت ، پەروەردگارت دەڵێ: ئەوە کلیلی خەزێنەکانی دونیایە، لەگەڵ ئەوەشدا بەئەندازەی باڵە مێشوولەیەکیش لە پاداشتت کەم ناکات لە دواڕۆژدا، پێغەمبەر سەیری جبرەئیلی کرد وەك ئەوەی ڕاوێژی پێ بکات، جبرەئیل دەستی دا بە زەویدا و گوتی: مل کەچ بە بۆ خواوەند، بۆیە پێغەمبەر گوتی: ئەی ڕزوان پێویستم پێی نیە و هەژاریم لا خۆشترە، پێم خۆشە بەندەیەکی خۆڕاگری سوپاس گوزار بم، ڕزوانیش گوتی: خواوەند یارمەتیی دایت و پێکات، دەنگێك لە ئاسمانەوە هات و جبرەئیل سەری بەرز کردەوە، بینی دەرگاکانی ئاسمانەکان بەرووی عەرشدا کراونەتەوە، خواوەند نیگای نارد بۆ بەهەشتی عەدن، کە یەکێك لە لقەکانی، جێگەیەکی تەڕوپاراوو و ژورێکی پڕلە سەوزەڵانیی لەسەرە، شۆڕبکاتەوە، ئەو ژوورە حەوت سەد هەزار دەرگای هەیە، کە دەرگاکان لە یاقووتێکی سوور دروست کراون، پاشان جبریل گوتی: ئەی **محەممەد** چاو هەڵبڕە، سەیری کردوو شوێنی نیشتەجێبوونی پێغەمبەران و ژوورەکانیانی بینی، بینیی کە جێگە و شوێنی تایبەتی خۆی، وەك ڕێزێك بۆ گەورەیی و تایبەتمەندیەتی ئەو، لە سەرووی هەموویانەوەیە، وە گوێی لێبوو کەسێك هاوار دەکات و دەڵێت: ئایا ڕازیی بوویت ئەی **محەممەد**؟ پێغەمبەریش گوتی: بەڵێ ڕازیم و ئەوەی کە ویستت لە دونیادا بمدەیتێ، لەلای خۆت بۆم گەنجینە بکەو بۆم بکە بە تکاو شەفاعەت لەڕۆژی دواییدا.

دەگێڕنەوە کە ئایەتەکەی ژمارە ١٠ ی سورەتی فورقانیش ڕزوان هێناویەتی.أه.

سیوتیش لە لاپەڕ ١٥٥ ی کتێبی **أسباب النزول** ەکەیدا هێناویەتی کە ئایەتی: **﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَائِكُمْ﴾ البقرة/١٧٨**.

واتە: ئەوەی کە ئەتانەوێت لە ژنەکانتـــان، لەو شەوانەدا کە ڕۆژەکـــەی بەڕۆژوو بوون حەڵاڵە بۆتان.

لەبارەی هۆکاری دابەزینیەوە سیوتیی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتاب شەوێك دوای ئەوەی کە ڕۆژووی شکاند، خەوی لێ کـەوت، کــە بەخەبەر هــات چاوی کـەوت بەژنەکەی کە پۆشاکی تەواوی لەبەردا نەبوو، بۆیە هەستــی بۆی جولا و حەزی جووت بوون زۆری بۆ هێنا و پڕی دایە ژنەکەی و لەگەڵی جووت بوو، کەلێ بوویەوە، پەشیمان بوویەوە و خۆی شۆرد و دەستــی کردە نوێژ کردن و تا بەیانی گریا، زوو بەزوو ڕۆشتەلای پێغەمبەر و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش گوتی: شتێك لەم بارەیەوە نییە تا وەڵامی تۆی پێ بدەمەوە ئەی عومەر، بۆیە جبریل بەم ئایەتەوە دابەزیــی و گوتــی: ئەی محەممەد بخوێنەرەوە و بزانە کەشەوانــی ڕۆژووگرتن بۆتان ڕەوابوو ئەوەی کە ئەتانەوێ بیکەن لەگەڵ ژنەکانتاندا، بیکەن، وەك ڕێزێك بۆ عومەر و دەرفەتــێك بۆ ئوممەتــی محەممەد، خواوەنــد دەیزانــی کـە خۆتـان ناگرن و سنوور دەبەزێنن، (مەبەست لەم ئاماژەیە عومەری کوڕی خەتاب بوو)، لێتان خۆش بوو، واتە: لە عومەر خۆش بوو، ئێستا و لەمەودوا، دەتوانن بچنە لایان، بۆیە بە شێوەی کۆیش قسەی لەگەڵ کرد تا ڕێزێك بێت بۆی و ڕێگە پێدانێك بێت لە شێوەی فەرمان کردندا... أهـ.

داواکارین خوێنەری بەڕێز بەگەورەیی خۆی بمانبەخشێت کە درێژەمان دا بە بابەتەکە، چوونکە وا دەخوازێت، ئێمە لە بەردەم دوو زانای بەڕێزداین کە دەیانەوێت بە عەقڵمان پێبکەنن، واحیدیی دەڵێت: گوایا هۆکاری دابەزینی ئایەتی ژمارە ١٠ ی سورەتی فورقان، ئەو سیناریۆ ئەفسانەییە بووە کە بۆی گێڕاینەوە، دەیەوێت پێمان بسەلمێنێت کە باوەڕ بە ئیبنوعەباس بکەین کە پێی وایە ئەم ئایەتە ڕزوانی دەرگاوانی کلیل بەدەسی بەهەشت هێناویەتی، نەك جبریـل، سەرەڕای ئــەوەش دەڵێت: گوایـا جبریل لــەترسی ئەوەی کە موشریکــەکـان توانجی هەژارییان لە پێغەمبەر گرتووە، تواوەتەوە و بچوك بووەتەوە تا بەقەد نیسکێکی لێهاتووە، دواتر خواوەند لێیان خۆش بووە و بە ڕزواندا نامە و پەیامێکی بەو واتایەی بۆ ناردوون.

بەمەشەوە ناوەستێت، بەڵکو درێژە بە باسەکە دەدات و هەوڵ دەدات وامان لێ بکـــات باوەڕ بهێنین بەوەی کە ڕزوان لەلایەن پەروەردگاریەوە و لە گوڵدانێکی نورانیدا، کلیلی خەزێنەکانی دونیای هێناوە بۆ پێغەمبـــەر و ئەویش نەیـــزانیوە چیـــی پێ بڵێت و تێڕاماوە، تا جبریل ئاماژەیەکـــی داوەتێ و تێـــی گەیاندووە کە ملکەچیـــی بنوێنێت بۆ خواوەند، وەك بڵێـــی پێغەمبەر کیسرای فارس بێت یان قەیسەری ڕۆم!

ئەگەر جێگەی سەرسوڕمان بێت کە لەسەردەمـی واحیدیـــی و سیوتییدا کەسێك باوەڕی بەم هەموو بێسەروبەریە کردبێت و بەزانستێکی زانیبێت کە لە ڕێگەی ئەم زانستەوە نەبێت نەتوانرێت لە قورئان تێ بگەیت، ئـەوا ئێمە زیـاتر سەرمان سوڕ دەمێنێت لـەوەی کـە لەم سەردەمەدا کەسێك باوەڕی بەم قسە بێمانایانە ببێت و باوەڕیشی وابێت کە هەرکەس ڕەخنە بگرێت یان باوەڕی بەم قسانە نەبێت کافرە.

هەرکەس بیەوێت لە ئـایەتەکە تێبگات، تەنها ئەوەندەی بـەسە کـە سەرنجی ڕەواڵ و سیاقی چەن ئایەتێکی پێشی ئـایەتەکە بدات، لـە ئـایەتی ٧و٨ ی هەمان سورەتی فورقاندا هاتووە: **﴿وَقَالُوا مَالِ هَذَا الرَّسُولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ وَيَمْشِي فِي الْأَسْوَاقِ لَوْلَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَلَكٌ فَيَكُونَ مَعَهُ نَذِيرًا *أَوْ يُلْقَى إِلَيْهِ كَنزٌ أَوْ تَكُونُ لَهُ جَنَّةٌ يَأْكُلُ مِنْهَا وَقَالَ الظَّالِمُونَ إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَسْحُورًا﴾**

واتـە: گوتیـان ئەم پێغەمبەرە چییەتی وا خۆراك دەخوات و بەناو بازاڕەکاندا دێت و دەچێت، دەبوو فریشتەیەك دابەزیبا لەگەڵیی و ئەرکی هۆشیارکردنەوەی خەڵکـــی لە ئەستۆ بگرتایە، یان خەزێنەیەکی لەگەڵدا هەڵدرایە، یان باخێکی هەبوایە و لە بەروو بوومەکەی بخواردایە، ستەمگەرەکانیش گوتیان: بەڕاستی ئێوە شوێن پیاوێك دەکەون کە جادووی لێکراوە.

ئەمە قسەی هۆز و خزم و کەسەکانی محەممەد بوو، لە کاتێکدا کە ئەو پەیامی پەروەردگاری بۆ هێنابوون، خواوەند خۆی لە ئایەتی ١٠ دا وەڵامی دانەوە و گوتی: **﴿تَبَارَكَ الَّذِي إِنْ شَاءَ جَعَلَ لَكَ خَيْرًا مِنْ ذَلِكَ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَيَجْعَلْ لَكَ قُصُورًا﴾** .

پێغەمبەر بە حوکمی بەهێزیی بیروباوەڕەکەی، بۆ دڵنیابوون لە بەڵێن و توانای پەروەردگاری، لەمە زیاتری پێویست نەبوو.

ئەگەر بچینە سەروەختی گێڕانەوە و هەواڵەکەی سیوتیشەوە، زیاتر لەوەی واحیدیی شتی سەیر و سەمەرەی تێدا دەدۆزینەوە.

**یەکەمیان:** ئەو قسەیەتی کە لە بارەی عومەرەوە دەڵێت: کە لێبوویەوە پەشیمان بوویەوە و خۆی شۆرد و دەستی کردە نوێژ کردن و تا بەیانی گریا.

ئێمە لەوە تێدەگەین کە عومەر بێزار و نیگەران بووە و پەشیمان بووە لەوەی کە بە قەدەغەکراوی زانیوە و کردوویەتی و دواتریش بە پەلە چووەتە لای پێغەمبەر و داوای ڕێگەچارەی لێ کردووە، بەڵام ئەوەی کە دەس بداتە نوێژ کردن و تا بەیانی بگریێت، ئەمە لە ڕەفتاری کەسێکی چواردە ساڵە دەچێت، نەك عومەری کوڕی خەتاب.

**دووەم:** ئەو چوارجار جەختکردنەوەیەی کە لە گێڕانەوەکەدا هاتوون، گوایا ئایەتەکە بۆ عومەر دابەزیوە و خواوەند وەك ڕێز و شکۆیەك بۆ عومەر، بە شێوەی کۆ قسەی لەگەڵ کردووە، سوێند بە پیرۆزییەکانم، ئەمە بێڕێزترین شێوە و ڕێگەیە بۆ سەپاندن و چەسپاندنی ڕێزی عومەر بەسەر کەسانی تر و هاوەڵانی تردا لە خەیاڵدانی خەڵکدا، ئەمەش لە سەردەمێکدا بووە کە شەڕی بەراوردکردن و خۆهەڵکێشان بەسەر یەکتردا لە چڵەپۆپەیدا بووە.

**ب ـ سەرکەوتنی مەزەب و پێڕگەرایی ولاف لێدانی ئەوەی گوایا یەکێك لە هاوەڵان فەزڵ و ڕێزی تایبەتیی هەیە:** بەتایبەت لە کتێبەکانی ئەو زانستەدا کە پێی دەگوترێت: هۆکارەکانی دابەزین، هەروەها بەگشتیی لە کتێبەکانی حەدیسدا، دەبینین ئەم کتێبانە وەك ئاوێنەیەك ڕۆڵ دەگێڕن بۆ خستنەڕووی ئەو ململانێ و پێڕگەراییەی کە لەو سەردەمەدا و تائێستاش بە چەشنێك لە چەشنەکان باوو و باڵادەس بووە و هەیە بەسەر ئوممەی ئیسلامییەوە.

ئەم کتێبانــــە چەن بابەتێکیـــان تێدایـــە کە هەندێجـــار پشتیوانیـــی هەوادارانـــی سوننە و هەندێجـــاریش پشتیوانـــی هەوادارانـــی شیعە دەکەن، هەروەهـــا بابەتگەلێکیان تێدایە کە هەندێجار پشتیوانـــی لە هەوادارانـــی ڕووکار بینیـــی **(أهل الظاهر)** دەکەن، و هەندێجـاریش پشتیوانیی لە هەوادارانی هەناو بینـــی **(أهل الباطن)** دەکەن، هەروەها تێیـاندایە لەلایەکەوە بەڵگـــەن بەدەس موعتـەزلـــە و خەوارجەوە و لەلایەکـــی تریشەوە بەڵگەن بەدەس مورجئە و ئەشعەریەوە، تێشیاندایـــە کە باس لـــــە ڕێزی ئەبووبـــەکر دەکەن بەسەر کەسانـــی تردا و تێشیاندایـــە باس لە ڕێزی عەلیـی کوڕی ئەبوتالب و سەلمانـی فارسیی دەکەن بەسەر کەسانی تردا، هەروەها تیایاندایە لافی ڕێزی شافعیـــی و نوعمان یان ئەحمەد و کەسانی تر لێ دەدەن، تیاشیاندایە کە باســـی ڕێزی شارێك یان خاك و ناوچەیەك دەکات بەسەر شوێنێکی تردا، ئەم کارە دەرگای خستوەتە سەر پشت لەبەردەم واعز و دەستەشاراوەکان و بەرژەوەند خوازەکاندا، تا هەرچی بیانەوێت و پێیان خۆش بێت، بیدەنە پاڵ پێغەمبەر و هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان.

ئەگەر دەرفەت هەبوایە نموونەی زۆرترمان لەم بارەیەوە دەخستەڕوو، بۆیە تەنها ئەم چەند نمونەیە دەهێنینەوە:

سیوتیی لە لاپەڕە ١٤١ ی کتێبی **أسباب النزول** دا دەڵێت:

تورموزیـــی و حاکم و ئیبنوجەریر لە حەسەنـــی کوڕی عەلیـــەوە و ئەویش لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە کە گوتوویەتـــی: بەنیئومەییەی پێ نیشان دراوە کە دوای خۆی لەسەر دوانگە و مینبەرەکـــەی ئەو گوتـــار دەدەن و ئەوان دەستـــی بەسەرا دەگرن، پێـــی ناخۆش بووە و بۆ دڵدانەوەی ئەم ئایەتانەی بۆ دابەزیوە: **﴿إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ﴾ الكوثر/١**، و **﴿إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ * وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ * لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَ﴾ القدر١-٣.**

قاسمی حەڕانیی دەڵێت: تەمەنی دەسەڵاتی خێڵی ئومەییەمان ژمارد، دەرچوو کە هەزار مانگی ڕێکە بێ زیادووکەم، موزەننیی گوتووشیەتی کە ئیبنوکەسیر ئەم هەواڵەی زۆر لا ناپەسەند بووە.أهـ.

وەلە لاپەڕە ١٢٤ دا دەڵێت: ئیبنوحاتەم و ئەبوشێخ لە **كتاب العظمة** دا لە عەتاوە هێناویانە کە ڕۆژێك ئەبوبەکر باسی ڕۆژی دوایی و کێشانە و پێوانە و بەهەشت و دۆزەخی کرد و گوتی: خۆزگە منیش سەوزە و گژووگیایەك بومایە لەوانەی کە مەڕومالآت دەیخۆن و هەر دروست نەکرابام، بۆیە ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿**وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ**﴾ **الرحمان/٤٦**.

هەروەها ئیبنوئەبی حاتەم لە ئیبنوشەورەبەوە هێناویەتی کە ئەم ئایەتە لە بارەی ئەبووبەکرەوە دابەزیوە.أهـ.

وەلە لاپەڕە ١٢٢ دا دەڵێت: ئیبنومونزیر لە ئیبنوجەریروە دەگێڕێتەوە کە گوتوویەتی: دەڵێن: گوایا سەلمانی فارسیی دوای نان خواردن ڕاکشاوە و بای کردووە، پیاوێك باسی خواردن و ڕاکشانەکەی کردووە و ئەم ئایەتە دابەزیوە: ﴿**وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا**﴾ **الحجرات/١٢**.

واتە: لەپاشملە باسی یەکتر مەکەن.

بەهەمان شێوە واحیدییش لە کتێبی **أسباب النـزول** لاپەڕە ٣٣١ دا دەڵێت: عەتا لە ئیبنوعەباسەوە دەگێڕێتەوە کە جارێکیان عەلیی کوڕی ئەبوو تالب، بەکرێ ئیشی کردوە بۆ کەسێك و لەبەرابەر کەمێك جۆدا، دارخورمای ئاوداوە بۆ کابرا، دواتر بڕە جۆکەی لێ وەرگرتوو، جۆکەی هاڕیی و کردیە سێ بەشەوە و بەبەشی یەکەمی، خۆراکێکی درووس کرد کە پێی دەگوترا **الخزيرة**، کە خۆراکەکە پێگەشت، هەژارێك پەیدا بوو و خۆراکەکەیان پێدا، پاشان بەشی دووەمی دەرکرد و کە پێگەیشت منداڵکی بێباوك هات و خۆراکەکەیا پێدا، دواتر بەشی سێیەم و کۆتایی دەرکرد و خۆراکی پێ دروست کرد، یەکێك لە دیلە

موشریکەکان هات و خۆراکەکەیا پێدا و ڕۆژەکەیان بەو شێوەیە بەڕێ کرد، پاشان ئەم ئایەتە دابەزیی: ﴿**وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا**﴾ **الإنسان/٨** .أهـ.

واتە: سەرەڕای ئەوەی کەخۆشیا برسییانە و خۆراکەکەیا پێویستە، دەیبەخشن بە هەژارو مندالّی بێباوك و دیل.

**لە نموونەی یەکەمدا، چەند سەرنجێکمان هەیە:**

**یەکەم:** ئەوکەسەی کە بەسەرهاتەکە لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە، حەسەن ی کوڕی عەلیی کوڕی ئەبوتالبە، نازانین ئەو کەسانەی هەواڵەکەیان گێڕاوەتەوە مەبەستیان ئەوەیە کە حەسەن خۆی ئەوەی بینیوە کە پێغەمبەر بینیویەتی یان دوایی بۆی باس کردووە.

**دووەم:** داڕشتنی هەواڵەکە بەشێوەیەکە دەڵێی: حوکمڕانیی و دەسەڵاتی خێڵی ئومەییە بڕیارێکی گەردوونیی و یاسایەکی نووسراوە لە تابلۆی پارێزراو **لوح المحوظ** دا و بەهیچ شێوەیەك دەرفەتی گۆڕانکاریی تێدا نییە.

**سێیەم:** ئەم خاڵەش پەیوەستە بە خاڵی دووەمەوە، کاتێك پێغەمبەر ئەو دیمەنەی پێ ناخۆش بوو و بینی، بەپێی گێڕانەوەکە ئەم ئایەتە دابەزیی: ﴿**إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ**﴾ تا ببێتە دڵدانەوە و هێوەر کردنەوەیەك بۆ دەروونی و قەرەبوو کردنەوەیەك بۆی لە بەرانبەر ئەو کارەوە کە ئاسمان لە ئاستیدا دەیکات.

**چوارەم:** ئەوەی کە ئیبنوکەسیر هەواڵەکەی بەناپەسەند داناوە، لەکاتێکدا کە کتێبی تەفسیرەکەی خۆی جمەی دێت بە هەواڵ گەلێك کە زۆر لەم گێڕانەوەیە سەیروسەمەرەترن.

**سەبارەت بە نموونەی دووەمیش:** خاوەنی گێڕانەوەکە بەمەستەوە ویستوویەتیی لە شکۆی ئەبووبەکر زیاد بکات، بەڵام لە هەڵبژاردنی شێوازەکەیدا بە هەڵەدا چووە، بەوەی کە ئەو

قسەیەی داوەتە پاڵ ئەبووبەکر گوایا ئاواتی خواستووە گیایەك بوایە و ئاژەڵ و مەڕومالاّت بیخواردایە و دروست نەکرایە!

ئایا ئەمە ئاواتی پیاوێکە کە چێژی لە هاوڕێیەتی پێغەمبەر بردووە و ئەم ئایەتانەشی بیستووە و لەبەریشی بوون کە دەڵێن: ﴿**لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ**﴾ **التين/٤**.﴿**وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنْ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا**﴾ **الإسراء/ ٧٠**.

واتە: بەدڵنیاییەوە مرۆڤمان لەسەر جوانترین شێواز بەدیی هێناوە.

واتە: بەدڵنیاییەوە ڕێزمان لەنەوەی ئادەم گرتووە و لەوشکانیی و دەریادا ڕامان گرتووە و ڕۆزیمان داوە و ڕێزمان داوە بەسەر زۆربەی دروسکراوەکانی ترماندا.

ئایا عەقڵ و ژیریی ڕێگە دەدات پاش بیستنی ئەم ئایەتانە، ئەبووبەکری ڕاسگۆی ڕاستانکار و یاری ناو ئەشکەوت، ئاواتی وا بخوازێت کە خۆزگە هەر لە بنەڕەتەوە دروسنەکرایە و وەك بڵێیت: ئەم ڕێز و شکۆیەی کە خواوەند بڕیاری لەسەر داوە، بداتەوە بەڕووی دروسکەر و بەدیهێنەرەکەیدا؟

ئەگەر ئەم گریمانەیە وابێت، ئایا شایانی ئەوەیە کەپاداشت و جێگەی بەهەشت بێت؟ خواوەند مەزنترە لەوەی وا وێنا بکرێت.

**نموونەی سێیەمیش:** ڕوونە بۆ ئەوەیە تا لەو ڕێگەیەوە لە شکۆی سەلمانی فارسیی زیاد بکات، چوونکە بەلای چەن دەستەیەکەوە پێگەیەکی تایبەتیی هەیە و هەوڵیش دەدەن لە ڕێگەی ئەم جۆرە گێڕانەوە و هەوالاّنەوە زیاتر پشتیوانەی بۆ درووست بکەن.

خوا لەسەلمان ڕازیی بێت، وانازانم خۆی ڕازیی بوبێت بەم جۆرە کارانە.

**ئەوەی لە نموونەی سێیەمدا گوتمان لە بارەی سەلمانەوە، لەنموونەی چوارەمیشدا دەیلێین لەبارەی پێشەوا عەلیەوە و دەپرسین:** ئایا ئەگەر ئەو کەسە دووەمەی کە دای لە دەرگای ماڵەکەی عەلی، هەژارێکی تر بوایە چیی، یان ئەگەر لە جاری سێیەمیشدا هەر هەژارێکی تر بوایە چیی؟ ئایا ئایەتەکە بەم شێوەیە دەهات و دەیگووت: **ویطعمون الطعام علی حبه مسکنا ومسکینا و مسکینا؟**

هەرکەسێ سەرنج بداتە کتێبەکانی ئەو بوارەی کە پێی دەگوترێت: زانستیی **أسباب النزول** هەست بە چەن شتێك دەکات:

**یەکەم:** ئەم بابەتە هەموو ئایەتەکانی دابەزێنراوی بەجێ ناگرێتەوە، بۆ نموونە: واحیدیی لە کتێبەکەیدا هۆکاری دابەزینی ئایەتی ١١٢ لە سوورەتی **الأنبیاء** و دوو ئایەت لە سورەتی **طه** باس دەکات، کە سورەتەکە ١٣٥ ئایەتە.

**دووەم:** بریتییە لەوەی کە یەك هۆکار دەهێنێت و دەیکاتە هۆکار بۆ دابەزینی چەندین سورەتی وەك: **الناس/الفلق/الاخلاص/المسد/التصر/الکافرون/الکوثر /الماعون /قریش/الفیل/ التکاثر** .

**سێیەم:** چەن سورەتێك پشتگوێ دەخات و وازیان لێ دەهێنێت گوایا هۆکار نیە لەبارەی دابەزینیانەوە، وەك: **الهمزة/العصر/القارعة/البینة/ التین/ الشرح** .

**چوارەم:** گوایە فلانە ڕووداو هۆکارە بۆ دابەزینی بەشێك لە ئایەتێك، وەك ئایەتی ١٢ ی سورەتی الحجرات: **﴿یَاأَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا کَثِیرًا مِنْ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا یَغْتَبْ بَعْضُکُمْ بَعْضًا أَیُحِبُّ أَحَدُکُمْ أَنْ یَأْکُلَ لَحْمَ أَخِیهِ مَیْتًا فَکَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِیمٌ﴾** دەڵێت: ئەم بەشەی **﴿وَلَا یَغْتَبْ بَعْضُکُمْ بَعْضًا﴾** لە بارەی سەلمانی فارسییەوە دابەزیوە.

لەمانــە هەمووی گرنــگتر کە بــاسمان کـردن، ئەوەیــە کە دان نــان بە بوونیــی هۆکارێکــی دیاریکراودا، ئایەتەکان و حوکم و فەرمانەکانیان و ڕەهایەتیــی و گشتگیرییــان دادەماڵرێن و وایان لێ دەکات قەتیس و تایبەت بن و دەیان بەستێتەوە بــە ڕووداوێکیــی مێژووییەوە، ئەم کارەش دەبێتە هۆی خستنە سەرپشتــی دەرگــا بە ڕووی ئەوکەسانەدا کە باوەڕیــان هەیە بە حەتمییەتی مێژوویی و ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە دەقەکانی قورئان،دەق گەلێکی مێژوویین و پەیوەستن بە قۆناغێکــی مێژووییــەوە، هەروەها باوەڕ بوون بەوەی کە دابەزینــی ئایەتەکـان پەیوەندییــان هەیە بە چەند هۆکارێکــی تایبەتەوە لە چەند کات و شوێن و بەچەند کەسێکی تایبەتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی، ئەوە ڕەت بکرێتەوە کە قورئان بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك دەشێت.

جێی خۆیەتی لەم بوارەدا بەتایبەت، هەڵوێستی یەکێك لە مامۆستاکانی کۆلیژی شەریعە لە زانکۆی دیمەشق تۆمار بکـەین، کــە هەڵوێستەکــەی بە دەسپێشخەرییەکی گرنگی پرشنگدار دەژمێردرێت، کاتێك لە بەرواری ١٣/١/١٩٩٩دا و لە ڕێگەی بەرنامەیەکەوە بەناوی **دراسات قرآنية** وە،کە تەلەفزیۆنی سوریا ڕۆژی چوارشەمەی هەموو حەوتەیەك بڵاوی دەکردەوە، قسەی لەبارەی هۆکارەکانی دابەزین **أسباب النزول** ەوە کرد و شتــــی وای بەدوور زانیــی و دانی پێدا نەنا، پەنجەشی خستە سەر هەموو ئەو هەواڵ و گێڕانەوانەی کە لەو بارەیەوە هەن و هەمووی بە ناڕاس دانا.

ئێمەش پشتگیریی لەوە دەکەین کە هۆکاری دابەزین کەنار بخرێت و دوور بخرێتەوە لە زانستەکانی قورئان و لە بنەڕەتەوە لە ڕیزی ئەواندا ئەژمار نەکرێت، هیواشمان وایە کە ئەوە لای کەسانی پەیوەندیدار ببێتە قەناعەت، کە زانسـی **الناسخ والمنسوخ** یەکێك نییە لە زانستە قورئانیەکان، بەڵکو بابەتێکــە و خزێنراوەتــە ناو زانستــە قورئانییــەکـانەوە و ئەویش لەژێر کاریگەریی تەوەرەکانی تێپەڕبوون بەکات و گۆڕانی سەرەمەرەی ئیسلامدایە، هەر لە نووحەوە تا **محەممەد** (سلاویان لەسەر).

## ٢ـ دەقــی قورئانیــی و ئەوەی پێــی دەگوترێت: هۆکارەکانــی دابەزیـن (بۆنەکانی دابەزین).

بەدڵنیاییەوە ئەوەی کە لە مەنزومەی کەلەپوردا پێـی دەگوترێت **أسباب النزول**، بەلای ئێمەوە (ئەگەر ڕاستیش بێت) هیچ نییە، بێجگە لە چەند بۆنەیەك، چوونکە مێژوویـیەتیـی تێگەیشتن و کارلێکی مرۆیی ڕوون دەکاتەوە لەگەڵ ئایەتەکاندا، لە سەردەمیی دابەزینیاندا.

بەڵام ئەم بۆنانـە هیچ پەیوەندییــان نییە بە ئێمەوە، چوونکە دەقی قورئانیـــی خۆی لە خۆیدا بوونێکی بنەڕەتییـە، داخراوە لەخۆیدا و پێویستیـــی بە هیچ نیە لە دەرەوەی خۆیــەوە، لەبەر ئەوەی تێگەیشتن لەم دەقە لە ژێر کاریگەریی مێژوودایە، بەڵام دەقەکە خۆی لە ژێر کاریگەریی مێژوودا نییە، چوونکە گەشەی مێژوویی توانای نییە ئایەتێك یان حوکمێکی قورئانیی (لەژێر ئەو دروشمەدا کە دەڵێت: حوکم و فەرمانەکان بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێن) بگۆڕێت،چوونکە دەقی قورئانی لە خۆیدا هەم لە زیندووەوەیە بۆ زیندوو و هەم خۆشی زیندووە و هەم خۆی لەخۆیدا بوونێکی بنەڕەتییشە، واتە: لەڕووی تێپەڕبوونی کاتەوە ملکەچی مێژوو نییــە و وەك هەندێ کــەس وا بیر دەکەنــەوە لـەڕووی گۆڕانــی سەرەمڕەشەوە ملکەچـــی ئامانجگەرایی نییە، حوکمەکانی میرات باشترین نموونەن لەسەر مەبەستەکەی ئێمە.

لــەم بـارەیەوە سێ ئــایەت لــە سوورەتی **النساء** هەن کە کاریگەر و یەکلاکەرەوەن لە بابەتی میراتدا کە بریتین لە ئایەتەکانی: ١١و١٢و١٧٦.

لـە بارەی ئەم ئایەتانەوە لـە واحیدییەوە دوو گێڕانەوە هاتوون، لە کتێبی **أسباب النزول** لاپەڕە ١٠٧ دەڵێت: لە بارەی ئایەتــی ﴿**يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُـمْ.... الآية**﴾ عەبدوڵڵای کوڕی عەقیل دەگێڕێتەوە لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە کــە گوتوویەتــی: ژنێك دوو کچـــی خۆی هێنــا و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەم دوو کچە، کچی سابتی کوڕی قەیسن، یان گوتی: کچی

سەعدی کوڕی رەبیع ن، باوکیان لەتەك تۆدا لە جەنگی ئوحددا کوژراوە، مامیان دەستی گرتوە بەسەر هەرشتێکدا کە هەبوە و هیچی بۆ بەجێ نەهێشتوون، تۆ ئەی پێغەمبەری خودا چی بە چارەسەر دەزانی؟ چوونکە من دڵنیام گەر ماڵ و سامانیان نەبێت کەس داوایان ناکات و شوویان بۆ نابێت، پێغەمبەر گوتی: دڵنیام خواوەند دادوەریی دەکات لەم بابەتەدا، دواتر سورەتی **النساء** دابەزیی و ئەم ئایەتەی تێدا بوو کە دەڵێت: ﴿**يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ**... تاکۆتایی ئایەتەکە﴾، پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) بەمامەکەیانی گوت: دوو لەسەر سێی میراتی براکەت بدە بە دووکچە برازاکەت و هەشت یەکیش بدە بە دایکیان و هەرچیش مایەوە بۆ خۆت.أه.

وە لەلاپەڕە ١٣٩ دا دەڵێت: ئیبنوئەبی عەدیی لە هشامی کوڕی عەبدوڵلاوە دەگێڕێتەوە و ئەویش لە کوڕی زوبەیرەوە و ئەویش لە جابرەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: نەخۆش کەوتم و پێغەمبەر هاتە لام و حەوت خوشکم هەبوون، فوی کرد بە دەمووچاومدا و هاتمەوە هۆشی خۆم و گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا وەسیەت دەکەم کە دوولەسەر سێی میراتم بۆ خوشکەکانم بێت، پێی گوتم: واز بێنە و داکەوە، گوتم: نیوەی بۆ ئەوان، گوتی: داکەوە و واز بێنە، پاشان چووە دەرەوە و لەمن دوور کەوتەوە، دواتر هاتەوە ژوورەوە و هاتە لامەوە و گوتی ئەی جابر، من وادەبینم تۆ بەم نەخۆشییە نامریت، دڵنیابە خواوەند نیگای بۆ ناردم و بەشی خوشکەکانتی دیاریی کرد کە دوولەسەر سێیە، جابریش دەیگوت ئەم ئایەتە لەبارەی منەوە دابەزیی: ﴿**يَسْتَفْتُونَكَ قُلْ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ**﴾ .أه.

واتە: پرسیارت لێ دەکەن و داوای ڕوونکردنەوەت لێدەکەن، بڵێ: خواوەند لە بارەی ئەو کەسانەوە کە منداڵیان نییە و باوانیشیان نەماوە، ڕوونکردنەوەتان بۆ دەدات.

ڕێکارەکانی میرات لە سەر بناغەی ئەم هۆکارانە دارێژران، هەروەها لەسەر بناغەی ئەوەی کە لە گێڕانەوەکاندا ڕەویەی پێغەمبەر بەدیی ناکرێت، بۆیە دوو بابەتی جیاواز هاتە بەردەستمان:

**یەکەم:** ئایەتەکانی میرات، بەو شێوەی کە لە دابەزێنراوی بەجێدا تۆمارن، کەمۆرکی مێژوویییان پێوە نیە، (پەند لە گشتگیریی دەربڕینەکەدایە نەك لە تایبەتمەندیی هۆکارەکەدا).

گشتگیریی دەربڕینەکەش لە بنەڕەتدا لە شیکاریی و بەدواداچووندایە، بەو شێوەی کە نەرموونیانیی دەربڕین و لەفزەکە و بۆنەکەی کەتیایدا دابەزیوە(ئەگەر ڕاس بێت) ئەوە گۆڕانە یەکەمە مێژوویی و جوگرافیەکەیە.

**دووەم:** ئەو زانستی فەرائز و میراتەی کە ئێستا باو و پەیڕەوکراوە لە دابەشکردنی میراتی مردووەکاندا و مۆرکێکی مێژوویی پێوەیە.

ئەگەر سەرنجی نووسینەکانی ناو کتێبەکانی بواری میرات و جێبەجێ کردنە زانستییەکانیان بدەین، چەندین ئیشکال و دژواریی نەخوازراویان تێدا بەدیی دەکەین، هەروەها ئەو گرفتانە دەمانخەنە بەردەم یەکێك لەم بژاردانە: یان ئەوەیە دان بەوەدا بنێین کە هەرچی لەو کتێبانەدا هاتووە، بریتییە لە خودی ئەو خواستەی کە لەئایەتەکانی ئەو بوارەدا هاتووە و لەوێشەوە باوەڕ بهێنین بەوەی کە ئایەتەکان مۆرك و ئاکاری مێژوویییان لەخۆ گرتووە.

یان هەوڵی هەموار کردنی کتێبەکان بدەین و ئەو دژواریی و ئیشکالانەیان تێدا نەهێڵین، ئێمەش ڕێك ئەوە بکەین کە ئەوان کردیان لە هەڵوەشاندنەوەی ئایەتەکاندا.

هۆکاری ئەم حاڵەتەش ئەوەیە کە فەقیهەکان وایانکرد کە: مۆرکێکی ئەوتۆیان کرد بەبەری، سوننە و ڕەویەی گفتاریی و گێڕانەوەکانی هاوەڵان و بناغەکانی فیقهدا، وەك ئەوەی ئەو سوننە و گێڕانەوە و هەواڵانە بوونێکی بنەڕەتیی و ڕەهایان ببێت، وەك بڵێی: بەدەر لە

ئایەتەکانی میرات، کتێبەکانی بواری میرات، سەربەخۆییەکی تەواویان ببێت، کە ئەمەش دوورە لەڕاستیەوە!

ئەو ئایەتانەی کە دارای بوونێکی بنەڕەتیی و ڕەهان (ئەوەی کە ناومان لێناوە شەریعەتی ئیسلامیی) شتێکە و، ئەو فیقهە ئیسلامیەش کە بریتیە لە کارلێکی خەڵك و تێگەیشتنیان بۆ ئایەتەکان لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا، شتێکی ترە، چوونکە شەریعەتی ئیسلامیی لە خواوەیە، لە کاتێکدا کە فیقهی ئیسلامیی دەرهاویشتەیەکی مێژوویی و مرۆییە.

بەبێ تێگەیشن و ڕەچاوکردنـی ئەم جیاوازییە، هیچ هیوایەك نییە بۆ دەرباز بوون لەو تەنگژە و تەنگـەبەرییـەی کە تێـی کەوتووین، دەبێت تێبگەین کە: ئیسلام خواییە و فیقهی ئیسلامیـی و ڕاڤە ـ تەفسیـریش، هەردووکیـان مرۆییـن، بەکورتیی جیاوازیی نێوان ئیسلام و موسڵمانان هەر ئەمەیە.

ئیسلام بریتییە لە دابەزێنراوی بەجێ، موسڵمانانیش بریتین لەو کارلێکە مێژوویی و مرۆیی و کۆمەڵایەتییەی کە ڕوویداوە لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێدا، واتە: دەسنیشان کردنی واقعیی و مێژوویی بۆ پەیامی ئاسمان.

بێگومان جیاوازیش هەیە لە نێوان ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوشیاندا.

ئەگەر زانیمان و دڵنیا بووین کە ئەم فیقهە ئیسلامیەی ئێستا لە بەردەستماندایە، بریتییە لە خوێندنەوە و تێگەیشتن و جێبەجێ کردنی یەکەم(دەس نیشان کردنی یەکەم) بۆ دەق و حوکمە ئاسمانییـەکان، ئەوکات ناچار دەبین ڕێگـەی خوێندنەوەیەکـی تر بگرینە بەر، [1] لەکاتێکدا کە

[1] پێویستە قورئان لە هەر سەردەمێدا ڕاڤەیـەکی تازە بکرێت و هەر بوارەو بە پێی پسپۆڕییەکەی خۆی ڕاڤەی بکات، واتە: ئەدیب و یاسانـاس و گەردوون ناس و دەروون ناس و کۆمەڵناس و مێژووناس، بەو پێیەی فەرموودەی خواوەندە، هەریەکەیان و بوارێك و بەڵگەیەکی تێدا دەدۆزێتەوە بۆ پسپۆڕییەکەی خۆی (**علي الطنطاوي، تعريف عام بدين الاسلام**، لاپەڕە ١٨٣).

لەبەر ڕۆشنایی گرفت و سیستەمە مەعریفیە هاو چەرخەكانماندا، پێمان ناوەتە ناو سەدەی بیستویەكەوە.

بەم كارەشمان لەو بنەمایانە دەرناچین كە فیقهزانەكان دایان ڕشتووە و گوتویانە: **العبرة بعموم اللفض لا بخصوص السبب.**

واتە: پەند لە گشتگیریی دەربڕینەكەدایە، نەك لە تایبەتمەندیی هۆكارەكەدا.

بۆیە داوایان لێدەكەین تەنها پابەندی قسە و بنەماكەی خۆیان بن و هیچی زیاتریان لێ داوا ناكەین.

ئەو قسە و دیدگایەی كە پێی وایە تەنها یەكەم خوێندنەوەی دابەزێنراوی بەجێ (كە لە سەدەكانی حەوت و هەشتی كۆچیدا كراوە)، بەسە و پێیان وایە ئەو خوێندنەوە و ڕاڤەكردنەی ئەو سەردەمە، گشتیی و ڕەها و پیرۆزە و دەبێت هەتاهەتایە پابەند بین پێیەوە، ئەم چەشنە قسەو دیدگایە بابەتێكی زۆر مەترسیدارە.

بۆنموونە: لە سورەتەكانی (**النساء، النحل، المؤمنون، النور، الروم، الأحزاب، المعارج**)دا، پانزە ئایەت هەن كە باس لە بابەتی مولكولیەمین دەكەن، ئەم ئایەتانە كاتێك دابەزیوون كە سیستەمی كۆیلایلایەتیی باوبووە لە جیهاندا و لە سەرجەم كۆمەڵگە مرۆڤایەتیەكانی عەرەبیی و ڕۆمیی و فارسیی و هیندیدا پەیڕە و كراوە، ڕاڤەكارەكان و نوسەرانی كتێبەكانی **أسبابُ النزول** لەو خوێندنەوە یەكەمەدا وایان داناوە كە **ملكُ اليَمين** بریتییە لە كۆیلایەتیی، ئەم تێگەشتنەشیان ڕێك دێتەوە لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا كە تیایدا دەژیان.

گومانی تێدا نییە كە ئەوان لەبەردەم ئەو ئشكال وگرفتەدا وەستاوون كە لە خوێندنەوەی ئەم چەن ئایەتەدا هەیە، ئەو ئیشكالەش بریتییە لەوەی كە، لە ڕوانگەی نێرسالاریی ئەو كۆمەڵگایانەوە كە ئەو سیستەمی كۆیلایەتیەیان پەیڕە و دەكرد و ئەو چەشنە تێگەیشتنەی

کە لەو دەمەدا باو بوو، هەروەها لەو ڕوانگەیەوە کە مێینەیان بە چاوێکی کەمتر لە نێرەوە سەیر دەکرد، سیستەمەکە مافی دەدایە پیاو تا چێژی زایەندی و سێکسی لە **ملكُ اليمن** ە مێینەکەی وەربگرێت، بەڵام ئەو مافەی نەدەدایە ژن و مێینە، تا ئەویش هەمان چێژ لە **ملكُ اليمين** ە نێرینەکەی وەر بگرێت، [1] ئایەیتکان بریتن لە: ﴿.... **وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ** ... ﴾ **النور/٣١.**

﴿**لَا جُنَاحَ عَلَيْهِنَّ فِي آبَائِهِنَّ وَلَا أَبْنَائِهِنَّ وَلَا إِخْوَانِهِنَّ وَلَا أَبْنَاءِ إِخْوَانِهِنَّ وَلَا أَبْنَاءِ أَخَوَاتِهِنَّ وَلَا نِسَائِهِنَّ وَلَا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ** ... ﴾ **الاحزاب/٥٥.**

واتە: شۆخیی و جوانیان دەرنەخەن بۆ هیچکەس بێجگە مێردەکانیان و باوکی خۆیان و باوکی مێردەکانیان و منداڵەکانـــــی خۆیان و منداڵانــــی مێردەکانیان، یان برا و برازا و براژنەکانی خۆیان، یان ئەوکەسانەی کە **ملك اليمين** ی خۆیانن...).

واتە: تاوانیان لەسەر نییە لە ئاست باوك و منداڵ و براو برازا و خوشکەزا و ژنەکانیان و ئەو کەسانەش کە **ملك اليمين** یانن.

---

[1] شتێکی سرووشتییە کە زمان و زماناسەکانیش کەوتبنە ژێرکاریگەریـی ئەو هەست و هەلومەرجە نێرسالارییەی کە لەو سەردەمەدا زاڵ و باو بوو لەناو عەرەبەکانی پێش ئیسلامدا، بۆنموونە: دەبینین کرداری (**وطأ**) قەتیس بووە لە یەك بکەردا کە ئەویش بریتیی بووە لە پیاو، ژنیش هەمیشە کارلەسەکراو و(**موطوءة**) بووە. تا ئەمڕۆش ئەم کاریگەریی و بیرکردنەوەیە هەر درێژەی هەیە، زمانەوانەکان دەڵێن: گوایا دواندنـــی مێینە بە داڕشتەی نێرینە، ڕێزلێنانە بۆ مێینەکە و دواندنی نێریش بە داڕشتەی مێینە،سوکایەتیی کردنە بە نێرینەکە، لە نووسینەکانیاندا دەروازەیەکی تایبەتیان کردوەتەوە و ناویان ناوە **التغليب** و لەکاتی دواندنی کۆمەڵە مێینەیەکەدا ئەگەر نێرێکیـــــان لەگەڵدا بوو، ئەوا پێویستە بە داڕشتەی نێرانە بدوێنرێن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ڕێکارانە هەموویان دژ دەوەستنەوە لەگەڵ ئەو یەکسانییەدا کە لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتووە...جا سەرنج بدە!!

گومانی تێدا نییە کە تا ئێستاش ئەوان بە سەرسامییەوە لە بەردەم ئەو ئیشکال و دژوارییەدا وەستاون، ئەو ئیشکالەی کە لەئاکامی مکوڕیی و سەرسەختیی خۆیانەوە، بۆیان هاتووەتە پێش، تائێستاش پێیان وایە کە: **ملك اليمين** هیچ شتێك نییە بێجگە لە کۆیلایەتیی.

ئیشکال و دژوارییەکی گەورەتر لە ئارادایە و ئێستە مەبەستمانە باسی لێوە بکەین، ئەویش بریتییە لەوەی کە سیستەمی کۆیلایەتیی لە هەموو کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکاندا هەڵوەشاوەتەوە و بەتێپەڕبوونی کات پێچراوەتەوە و چووەتە خەیاڵدانی مێژووەوە، ئایا دەبێت ئێمەش هەرچی ئایەتێك (وەك ئەوان دەڵێن)پەیوەندییان بە کۆیلایەتییەوە هەیە بیانپێچینەوە و، بەمەش مل بەو بۆچوونە بدەین کە دەڵێت: قورئان لەژێرباروکاریگەریی مێژوودایە و ئەو قسەیە وەلا بخەین کەڕای وایە: دابەزێنراوی بەجێ، دەگونجێ و گونجاوە بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك و، دانیشین و یەك بەیەك ئایەتەکانی قورئان ببینین بە بەرچاومانەوە هەڵوەرێن و بکەونە ناو ئاشی مێژووەوە و تیا بچن، تەنها لەبەر ئەوەی ڕێگە نادرێت بە خوێندنەوەیەکی تر بۆ ئەو پەیامە پیرۆزە و لەبەر ئەوەی ڕێگە نادرێت بە هیچ کەسێك لە بازنەی ئەو خوێندنەوە یەکەمە دەرچێت؟

# بنەماکانی فیقهی بۆماوە

تا ئێستا قسەمان لە بارەی ئەو نوسین و بابەتانەوە کرد کە لە هەندێ لە کتێبەکانی کەلەپووردا هاتووە، وەك تەفسیرەکان و کتێبەکانی حەدیس و لێکۆڵینەوەکان و ئەدەبیاتە ئیسلامیەکان، بەڵام ئێمە پێمان وایە، ڕۆح و گەوهەر و کرۆکی کێشەکە لەم کتێبانەدا نییە، بەڵکو لەو بنەمایانەدایە کە لە سەدەی دووەمی کۆچیدا، داڕێژران و ڕیشەیان داکوتا و بوونە پێگەی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئەم کتێبانە و چەندانی تریش لەبابەتی فیقهی ئیسلامیەوە بە هەموو بەشەکانیەوە.

ئێمە بەپێویستی دەزانین سەرلەنوێ ئەو بنەمایانە داڕێژرێنەوە و لە ڕیشەوە پێداچوونەوەیان پێدا بکرێت، هەروەها بە پێویستی دەزانین پێداچوونەوە بکرێت بەو ڕەگوورِیشانەدا کە پێشینان بۆچوونەکانیان لەسەر بونیاد ناون، لەکاتێکدا کە ئەم پرۆسەی پێداچوونەوەیە خواستی زۆرێك لەخۆشیان بووە.

لە سەدەی دووەمی کۆچی و سەرەتای سەردەمی عەباسییەکاندا، پرۆسەی دانانی بنەماکانی فیقهی ئیسلامیی، لەسەر دەستی **إمام شافعي** کە لە نێوان ١٥٠ ـ ٢٠٣ ی کۆچییدا ژیاوە و لە کتێبی **الرسالة** دا دەستی پێ کرد، شان بەشانی ئەویش، **سیبَویهْ** زانستی زمانی عەرەبیی، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا دانا و لەوێدا و هاوشان لەگەڵ پێشەنگەکانیدا **خليل و الكسائي،** ئەمیش دانی بە بوونی هاو واتایی **الترادف** دا نا.

گومانی تێدا نییە کە شافعیی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەم بۆچوونی بوونی هاوواتاییەوە، بەڕادەیەك کە شلگیریی کردووە لە وەرگرتن و کارپێکردنی وتە و حەدیسی پێغەمەردا بە دەربڕین و لەفز **رواية الحديث النبوي باللفظ،** هەروەها ڕێگەی بەگێڕانەوەی بەماناش داوە **تجويزه الرواية بالمعنى.**

بەڵام ئەم دژوارییە و ئیشکالە زمانەوانییــە، تاکە هۆکار و پاڵنەر نەبووە لەوەدا کە شافیعیی ببێتە خاوەنی ئەو بیروبۆچوونانەی کە لەنوسینەکانیدا خستوونیەتـــە ڕوو و لـــەکتێبەکانیدا چەسپاندوونی، بەڵکو چەندین ئیشکال و گرفتی تر هەبوون کە لە خوارەوە یەکە یەکە قسەیان لەسەر دەکەین:

## ١ـ دژواریی و ئیشکالی کۆمەڵایەتیی و ئاینیی

شافعیی لەو پێگە و تێڕوانینەوە دەستی داوەتێ، کە پێی وابووە سەردەمی پێغەمبەر و چوار جێنشینەکەی، بریتیی بووە لە سەردەمی ئیسلام و هەموو ئەو بڕیار و ڕێنومایی و فەرمان و ڕێگریانەی کە لەو سەردەمەدا جێبەجێ کراون، بریتیین لە ئیسلام و ئیسلام وەك ئایین لەوانە پێك دێت.

هەروەك چۆن هەر شتێك لە سەردەمی نەفامییدا حەرام و ڕێگیریی لێکراوبوو، دوای هاتنی ئیسلامیش هەر بە حەرامی ماوەتەوە، بەهەمان شێوە هەرچیش لە سەردەمی پێغەمبەر و جێنشینانیدا بڕیاری حەڵاڵ بوونی لەسەر درا حەڵاڵە و هەرچیش ڕێگیریی لێ کرا حەرامە.

لێرەوە تۆوی بیرکردنـــەوەی بە حـــەرام کردن لە عەقڵی عەرەبیـی ئیسلامیدا چەکەرەی کرد و لەسەر ئەم بناغەیـــە پێناســـەی،کیتاب و سوننـە و ئیجماع و قیاس کرا و بەسەرچاوەی یاساسازیی دانران: (کەس مافی ئەوەی نییە و بۆی نییە بە شتێك بڵێت: حەڵاڵ و ڕەوایە یان حەرام و ناڕەوایە لە ڕێگەی زانستەوە نەبێت، ڕێگەی زانستیش هەواڵ و گێرانەوەیەکە لە کیتاب یان سوننە یان ئیجماع یان قیاس) **الرسالة**/ لاپەڕە٩٠.

هەروەها دەڵێت: هەرچی لە پێغەمبەرەوە کەوتبێتەوە لەوەی کە بەڵگەی کیتابـی تێدا نەبێت و هەروەها ئەوەش کە ئێمە لەم کتێبەماندا نوسیومانـــە، لەبارەی ئەوەوە کە خواوەند خۆی ڕژاندویەتی بەسەر بەندەکانیـدا، لە فێربوونی کتاب و حیکمەت و داناییە، هەمووی بەڵگەیە

لەسەر ئەوەی کە حیکمەت و دانایی، بریتییە لە سوننەتی پێغەمبەر... پەسەند کردنی خواوەند ئەوە دەگرێتەوە کە ئەوەی لە پەڕاوی خواوەند و سوننەتی پێغەمبەرەکەیدا هەیە، پەسەند کردن بێت بۆ هەردووکیان. **الرسالة**/ لاپەڕە٣٢ـ٣٣.

لە جێگەیەکی تری ئەم کتێبەماندا بەرپەرچی ئەم قسەیەمان داوەتەوە، دەکرێت سەیر بکرێتەوە. گرفت و ئیشکال لێرەدا بریتییە لەوەی کە: سەردەمی پێغەمبەر و جێنشینەکانی، بە هەموو ڕەهەند و کەلتور و ڕەفتارەکانی ناویانەوە، کراوە بە بەشێك لە ئایین، واتە: کەلتوور کراوە بە ئایین.

هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو تێکەڵ کردن و لێتێکچوونە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان هەردوو چەمکی ئیسلام و ئیمان دا ڕوویداوە، ئەم تێکەڵ کردن و لێ تێکچوونەش لە باوەڕبوونەوەیە بە بوونی **ترادف** و هاوواتایی لە قورئاندا، سەرچاوەی گرتووە، ئەو بیرکردنەوە و باوەڕە بڵاوکراوەتەوە و بووە بە باو کەگوایا: تەنها باوەڕداران بە **محەممەد** و پەیامەکەی موسڵمانن و تاکە ئایینی پەسەند کراویش لەلای خواوەند ئەو ئیسلامەیە کە ئەمان باوەڕیان پێیەتی، بەم کارەش ئیسلام لە ئاینێکی گشتگیر و ڕەحمەت بۆ کۆی مرۆڤایەتییەوە، کرایە ئاینێکی خۆجێیی و جیهانیی بوونەکەی لەدەسدا و ڕەهەندە مرۆییەکەی پوکێنرایەوە، ئەو ئایینەی کە بە نووح دەستی پێکرد و بە **محەممەد** کۆتایی پێهات، ئایینێك کە لە چەن بنەمایەکی ڕەوشتیی و بەهای باڵا پێك هاتووە و هەردەم لە ژێر کاریگەریی کەڵەکەبوون و گەشەسەندندا بووە.

هاوشان لەگەڵ ئەم تێکەڵ کردنەشدا دەوڵەتێکی عەرەبیی ئیسلامیی پێك هات، کە لەو دەمەدا گەورەترین دەوڵەت بوو لەسەر ئاستی جیهان ، بۆیە فیقهزانەکان لەژێر ناونیشانی فیقهی ئیسلامیدا، هەستان بە داڕشتنی مەنزومەیەکی یاسایی تۆکمە، بۆ بەڕێوە بردنی ئەم دەوڵەتە، ئەم مەنزوومەیە بووبە یاسای باری شارستانیی بۆ ئەو دەوڵەتە و لەهەمان کاتدا کەسیش ناچار نەبوو بەپابەند بوون پێیەوە.

## ٢ـ دژواریی سیاسیی و ڕامیاریی

لەکاتی داڕشتن و چەسپاندنی فیقهی ئیسلامییدا، شەڕی نێوان عەباسییەکان و تالیبییەکان لە گەرمەیدا بوو، ئەم شەڕەش بە پشت بەستن بە چەن حەدیس و گێڕانەوەیەك کە پشتگیریی لایەنێك بکەن دژ بە لایەنەکەیتر، کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر داڕشتنی بڕگەکانی (فیقهی دەسەڵات)، ئەم کاریگەرییەش ڕۆڵی گەورەی گێڕا لە چەسپاندنی ئەو بیرۆکە و قسەیەی کە پێی وایە: حەدیسیش وەحیە، بەو پێیەش دوو وەحیی و نیگای ئاسمانیی بوونیان هەیە، ئەمەش هەمووی بۆ چەسپاندن و پشتگیریی کردنی لایەنێك و سەپاندنی دونیابینیەکەی بوو، بەسەر لایەنەکەی تردا.

لەم ڕێگەیەوە بۆنموونە ئەوە جێگیر کرا کە: وشەی (وَلَد) لە ئایەتی میراتدا، واتای تەنها منداڵی نێرینە دەبەخشێت و بوونی منداڵی کچ و مێینە، نابێتە ڕێگر لە بەشە میراتی مام دا، لە کاتێکدا کە سەرەتای ئایەتەکە ڕاسپاردەی پاراستنی مافی منداڵان دەکات بە نێر و مێیانەوە﴿يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ﴾، سەرەڕای ئەمەش زمانی عەرەبیی، وشەی (وَلَد) بۆ نێرینەش و بۆ مێینەش بەکار دەهێنێت.

هەموو ئەمەش تەنها بەهۆ و لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتخوازیدا دەکرا.

سەرەڕای کاڵوکرچ بوونیشی، ئەگەر ئەم دەرچەیە نەبوایە کە شافیعیی دای هێنا و بڕیاری لەسەردا، ڕەوایەتیی لەدەستی بنەماڵەی عەباسییەکان دەردەچوو، لەکاتێکدا کە حوکمڕانیی گەورەترین و دەوڵەمەندترین دەوڵەتی ئەو دەمەیان لەدەستدا بوو، گەر ئەم دەرچە فیقهییە دانەتاشرایە، ئەوا حوکمڕانیی و دەسەڵات ڕاستەوخۆ دەکەوتە دەست بەرەی دژبەر و ناڕازییەکان، واتە: تالبیی و شیعەکان.

بەو پێیـــەی ئەو دژوارییـەی کە مرۆڤ تێیـدا دەژیی و لە ناو ئەو سیستەمە مەعریفیەشدا کە لەو سەردەم و کۆمەڵگەیــەدا پــــەیڕەو دەکرێت، ئەو دژوارییــە کاریگــەرە لــە سەر دید و دونیابینیـــی کەسەکە، لــەم ڕوانگەیەوە و بــەپێـــی ئــەو خوێندنەوە یەکــەمەی کە لە ژێر کاریگەریی ئەو دژوارییانەدا و لەژێر کاریگەریی ئەو دوو دژواریی و ئیشکالیەتە کۆمەڵاتیی و ڕامیارییەی کە لەسەرەوە باسمان کردن، دەسکرا بە دانان و نوسینەوەی ڕاڤەی ئایەتەکانی ئەحکام، هەروەها بناغەماکانــی فیقهـ و پێناسەکانـــی کیتاب و سوننە و ئیجماع وقیاسیش نوسرانەوە و دانران.

لێرەوە پێویستــــە زۆر بە ڕوونیـــی، جیاوازیـــی بکەیــن لە نێوان، ئایەتەکانـــی ئەحکام لە دابەزێنراوی بەجێدا لەلایەك و، تێگەیشتن و ڕاڤەکردن و جێبەجێ کردنی ئەو ئایەتانە کەلە کتێبە فیقهیەکاندا بۆمان ماوەتەوە لە لایەکی ترەوە، هەروەها پێویستە لەسەرمان، زۆر بە وردیـــی و جوانیـــی، جیاوازیـــی بکەیــن لە نێوان ئایەتەکانی عەقیدەوبیروباوەڕ لە قورئاندا لەلایەك و، زانستی کەلام و بنەماکانی بیروباوەڕ کە لە کتێبەکانی کەلەپووردا بۆمان ماوەتەوە لەلایەکی ترەوە، ئەو کتێب و کەلەپوورەی کە لە سایە و ڕۆشنایی ئەو دژواریی و ئیشکالانەدا داڕێژران کەباسمان لێوە کردن.

ئایەتەکانــی ئەحکام و بواری بیروباوەڕ لە پەیامــی ئاسماندا، بریتیــن لە: بوونێکی بنەڕەتیی، لەکاتێکــدا کە ڕاڤە و تەفسیـــر و فیقهـ و زانستەکانـــی بواری بیروباوەڕ و کەلام، بریتین لە: بەرهەمی گۆڕانێکی مێژوویی، دیارە کە جیاوازیی نێوان ئەم دوانەش بەراورد ناکرێت، واتە: ئایەتەکانی میرات لە قورئاندا، شتێکن و، زانستی فەرائزیش لە فیقهی کەلەپوریدا شتێکی ترە.

ئایەتەکانی بواری میرات بوونی بنەڕەتین و زانستی فەرائیزیش بەرهەمی گۆڕانی سەرەمڕیە، کتێبەکانی فیقهـ و تەفسیر و ڕاڤەی قورئان، بریتین لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پەڕاوی خواوەند، بۆ هەموو ئەم ڕاستییانە نموونەیەك لەم ئایەتانەی خوارەوە دەهێنینەوە:

- **﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ﴾ الأعراف/٣٤.**

- **﴿وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ﴾ الصافات/٩٦.**

- **﴿لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ﴾ الرعد/٣٨.**

- **﴿هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ﴾ فاطر/٣.**

ئەم ئایەتانە خۆیان لە خۆیاندا بوونێکی بنەڕەتین، بەڵام ئەوەی کە فیقهـ و فیقهزانەکان پێی گەشتوون و لە ژێر کاریگەریی دژوارییەکانی سەردەمەکەیان و لە ژێر باری ئەوزەمینە مەعریفیەدا نووسیویانە کە تیایدا ژیاون، پێیان وابووە کە مەسەلەی تەمەن یەکلایی کراوەتەوە و ڕزق و ڕۆزیی بەشکراوە و کردەوەکان پێشتر نوسراون، ئەوە ئەو گۆڕانە یەکەمە بووە کە خوێندنەوەی یەکەمی ئایەتەکانی پەیامی ئاسمان تێیدا سەری هەڵداوە و لەنگەری گرتووە.

## ٣- دژواریی زمانەوانیی

فەقیهەکان خۆیان لە هەلومەرجێکـی زمانەوانیـی گشتیـی ئەوتۆدا بینییەوە کە: ئەو هەلومەرجە باوەڕی بە بوونی (تَرادف) و هاو واتاییی لە قورندا و، گێڕانەوەی قسە و حەدیسی پێغەمبەریش بەواتا، هەبوو، ئایەتەکانی قورئانیشی لەسەر شێوازی ڕووکاریی ڕاڤە دەکرد، کە زۆربەیانـی دەخستە ژێر باری دەسنیشان کردنەوە و بۆ تێگەیشتن لە ئایەتەکانیش، سوودی لە هەمان ئەو میکانیزم و ڕێکـارە وەردەگرت کە بۆ تێگەیشتن لـە شیعر و هەڵبەستەکانـی سەردەمـی نەفـامیـی پەیڕەو دەکرا، لـەکاتێکـدا کە جوانترینـی ئەو شیعر و هەڵبەستـانە درۆینەترینیان بوون.

هەربۆیە نەکرا جیاوازیی بکەن لە نێوان: **الكتاب والقرآن/الذكر والفرقان/اللوح المحفوظ والإمام المبين/جاءوأتى/الأم والوالدة/الأب والوالد/الشاهدوالشهيد/العبادوالعبيد/الحظ والنصيب/النهي والتحريم/النبي والرسول/الحرب والقتال/الغزو والجهاد/الفعل والعمل**... ئەم ڕێکارەیان تەنها بە وشەکانـەوە نەوەستـا، بەڵکـو هەندێ جار پەلـی دەهاویشت بۆ ڕستە و پێکهاتەکانی و داڕشتنەکانیشـی، کاتێـك ئەم ئایەتەیـان دەخوێندەوە کـە دەفەرموویێت: ﴿**لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ**﴾ **النساء/١١**.

بەشێوازێك لێی تێگەشتوون و جێبەجێیان کردووە، وەك گوتبێتی: **للذكر مثل حظ الانثى**، یان کاتێك ئەم ئایەتەیان دەخوێدەوە: ﴿**فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ**﴾ **النساء/١١**.

بەشێوازێك لێی تێگەشتوون و جێبەجێیان کردووە، وەك گوتبێتی: **فإن كن نساءً إثنتين فما فوق**.

دانان و نووسینی کتێبەکانی حەدیس و تەفسیرەکان و دامەزراندنی بنەماکانی فیهیی ئیسلامیی، هاوشان و هاوکات بوو لەگەڵ دانان و نوسینی کتێبەکانی زمان و ڕێزمانی عەرەبیی و دانان و دامەزراندنی بنەماکانی نەحو و سەرف، لەو زمانەدا.

بەڵام دواجار هەروەك چۆن قوتابخانەی حەدیس (**شافعیي**)، سەرکەوت بەسەر قوتابخانەی ڕاوسەرجدا (**أبوحنیفة**)، نەقڵ سەرکەوت بەسەر عەقڵدا، هەر بەو شێوەیە، چوارچێوەی نەحو و ڕێزمانیش سەرکەوت بەسەر ئاماژە و مانا و داڕشتن و سەروادا.

تا لە ئاکامدا و کاتێك وا سەیری ڕەوانبێژیی کرا کە بریتییە لە: ڕوویەکی جوانکاریی بۆ دەربڕین و قسەکان و، پەیوەندیی نییە بە ئاماژە و واتاکانەوە، لەوێوە لایەنی ڕەوانبێژیش پشتگوێ و کەنار خراو، [1] بەم شێوەیە هەرکەسیش گرنگی بدایە بە ڕەوانبێژیی ئەویش پشتگوێ دەخرا، لەکاتێکدا کە لە بنەڕەتەوە ئایەتەکان ئاراستەی ئەو کەسە دەکرێن کە گرنگیی بە ڕەوانبێژیی دەدات.

هەرچەندە لە سەردەمی دامەزراندن و نووسینی فقهی ئیسلامی (سەدەی دووەمی کۆچیی) دا بە ئاشکرا هەست بە بوونی، تۆوی زانستی ئاماژە و واتای سەروا و داڕشتنەکان دەکەین، هەروەك لەلای **الجاحظ ١٥٠ـ ٢٥٥**ھ لە کتێبی **البیان والتبیین** و کتێبەکانی تریدا هەست بەو زانستە دەکرێت، بەڵام ئەم لایەنە، بەجوانیی مەشخەڵ و دروشمەکانی دەرنەکەوتن و ڕوون نەبوونەوە و بناغەکانی جێی خۆیان نەگرت، تا دوای ئەو سەردەمە بە ماوەیەکی درێژ (نزیکەی سەدەی پێنجەمی کۆچیی) و لەسەر دەستی پێشەوا **جُرجاني** دائەوجا بەجوانیی خۆی نواند.

---

[1] ئەم پێودانگە گوازرایەوە بۆ ئەدیبەکانی ئەم سەردەمەشمان. **أحمد حسن زیات** خاوەنی گۆڤاری **الرسالة** لە وڵاتی میسر، دەڵێت: (... ئەوانەی سەرەکۆنەی ئەو کەسانە دەکەن کە دەتوانن یاریی و جوانکاریی بکەن لە نێوان وشە و دەنگە تێکهەڵکێشەکاندا، لەڕاستیدا ئەوانە جوانیی ڕەوانبێژیی و جوانیی ڕەوانبێژەکان لە مێژووی عەرەبدا نادیدە دەگرن..)گۆڤاری **العربي**، ژمارە ٤٨٨، تەمووزی ١٩٩٩.

کــاتێــك فەقیه و ڕاڤەکــاران بۆ تێـگــەیشتن لـە ڕستەیەکـی قورئــان، لـە ئاستـــی نەحو و ڕێزمانەکەیدا وەستان، لەڕووی زانستیەوە پابەبەند دەبوون بەوەوە کە زانایانی زمان دەیان گوت، بۆ نموونە پێیان وابوو: قورئان چەندین لەفز و دەربڕینی زیادەی تێدایە، لە جێبەجێ کردنەکانیاندا دانیان بەوەدا دەنا کە قورئان چەندین تێئاخێنراو و(حَشو)ی تێدایە، بەڵام لەڕووی تیۆریی و نەزەریەوە حەشایان لەوە دەکرد کە قورئان یەك پیتی زیادەی تێدا بێت.

بۆ نموونە: کاتێك زانایانی زمان گوتیان:

**إني أفيدكَ فائدة ما بعدَ إذا زائدة**

واتە: قسەیەکت بۆ دەکەم لە گوێی بگرە، هەرچی لەدوای (إذا) وە هات زیادەیە.

فەقیه و ڕاڤەکارەکان پابەنــدی ئەم بەیت و یاسایە دەبوون، بۆ نموونە: ﴿**وَلا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا**﴾ **البقرة/٢٨٢**، یان لێدەبوو بە: ﴿**ولا يأب الشهداء إذا دعوا**﴾، ئــەمە یــەکسان کردنێکی هەڵەو بێمانەیە، کــەمتریـــن شتێك کــە بشێ لە بارەیەوە بگوترێت ئەوەیە کە بڵێین: نوقڵانە لێدانێکی بێمانایە و هەوڵێکی پووچە بۆ گۆڕینی ئایەتەکان بەوشێوەی کە لە قورئاندا هاتوون و وەهم و خەیاڵپڵاوێکە بەوەوە دەبینن کە گوایـا قورئان پیت و وشە گەلێکی زیادی ئەوتۆی تێدایە، کە بە لابردن و دوور خستنەوە، یان پشتگوێ خستنیـــان، واتـــا و بابــەتەکانی نـــاو ئایەتەکان کەموزیاد ناکات و نا گۆڕێت، خواوەند بوڵند ترە لەوەی کە ئێوە دەیڵێن.

## ـ جیاوازیی نێوان (إنْ) و(إذا)

کتێبەکانــی نەحو و سەرف دەڵێن: (إنْ) و (إذا) ئامرازی مەرجن بەڵام یەکلاکەرەوە نین (**أداتا شرط غير جازم**).

زۆربەی نەحووزانەکان بەهۆی سەرقاڵ بوون و ڕۆچوونیــانەوە لــە بواری پسپۆڕیەکەیاندا، زۆر گرنگیان نەداوە بە خستنەڕووی جیاوازیــی ئاماژەکانی نێوان ئەم دوو ئامرازە، بەتایبەت لە دابەزێنراوی بەجێدا.

بەڵام یەکێکیان [1] لەبارەی جیاوازیی نێوان (إنْ) و(إذا) ەوە، بەتەنیشت کتێبی **القرآن الكريم وشرحُ اللمع** ی ئیبنوجەنییەوە، نامیلکەیەکی نووسیوە، لەو نامیلکەیەدا سەرەڕای ئەوەی کە ئەو دوو ئــامرازە لــە لایەنیــی ڕێزمانییــەوە یــەکدەگرنەوە، جیاوازیــی ئاماژە و واتای هەریەکەیانی بە ڕوونی و بەجوانی، جیا کردوەتەوە.

**العكبري** دەڵێت: لە دوای (إذا) وە، کردار دێت و گومان لەهاتنیــدا نییە، بەڵام لەدوای (إنْ) ەوە، ئەگەر هەیە بێت و گومان لە هاتنیدا هەیە.

بۆنمونە سەرنجی ئەم دوو ئایەتە بدە: ﴿**إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ، وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ**﴾ **التكوير**/١و٢.

واتە: ئەوکاتەی کە خۆر و تیشکەکەی کۆکرایەوە، وە ئەستێرەکان هەڵوەرین و پوکانەوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کۆکردنەوەی تیشکی خۆر و پوکانەوەی ئەستێرەکان (**التكوير والإنكدار**) بە بەڵگەی بوونی (إذا) لە پێشیانەوە، بێگومان لە داهاتوودا ڕوودەدەن و دێنەدی.

ـ ﴿**إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ**﴾ **الفتح**/١.

---

[1] ئەویش **أبوالبقاء عبدالله بن حسن بن عبدالله العكبري ٥٣٨ ـ ٦١٦ ه**، فیقهزانی حەنبەلیی و زانای فەرائز و نەحوزانە. سەیری **النجوم الزاهرة**، بەرگی شەشەم، لاپەڕە ١٠٠ بکە.

واتە: ئەوکاتەی کە سەرختنی خواوەند و ئازاد کردن دێت.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە سەرکەوتن و ئازادکردن بێگومان بەرێوەن.

ئەمەش لەحاڵەتێکدایە کە ڕستەی دوای (إذا) واتای هەواڵ گەیاندن بدات.

بەڵام ئەگەر ڕستەکە واتای ئەرکی دەگەیاند،ئەوکات ئەرکی(إذا)دەڕژێتە خانەی جەختکردنەوە لەسەر ئەرکەکە، نەك لە سەر ڕوودان و بەرپابوونی، وەك چۆن لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿**إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا**... ﴾ **المائدة/٦.**

واتە: کە هەستان بۆ نوێژ بشۆن... .

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەستانی باوەڕداران بۆ نوێژ، ئەرکێکی جێگیرە و گومانی تێدا نییە.

- ﴿**يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَدَايَنتُمْ بِدَيْنٍ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى فَاكْتُبُوهُ**... ﴾ **المائدة/٢٨٢.**

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەرکات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو قەرزێکتان کرد یان داتان بە کەسێك بینووسن... .

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە نووسینی گرێبەست و یادداشتێك لەبارەی ئەو قەرزەوە، ئەرکێکی چەسپاوە لەسەر شانی باوارداران و گومانی تێدا نییە.

سەبارەت بە نموونەکانی (إنْ) یش کە ئەگەر هەڵدەگرێت، ئەم ئایەتانەیە:

- ﴿**وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ**﴾ **النساء/٣.**

واتە: ئەگەر ترستان هەبوو و نەتوانن دادگەربن لە ئاست یەتیمەکـــاندا، ئەوا مارە بکەن چەن پێتان خۆشە لە ژنان...

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ترس لە بەرپانەکردنی دادگەریی لە ئاست یەتیمەکاندا، ئەگەری هەیە، نەك دڵنیابین لەوەی کە دادگەریی بەرپا نابێت، لەحاڵەتێکدایە کە بۆی هەیە پایەدار ببێت و بۆشی هەیە نەبێت،خواوەند ڕێنومابییمان دەکات کە لە حاڵەتی بوون و پایەداربوونیدا بۆمان هەیە چیی بکەین.

- ﴿**إِنْ تُبْدُوا الصَّدَقَاتِ فَنِعِمَّا هِيَ وَإِنْ تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ**﴾ **البقرة/٢٧١.**

واتە: ئەگەر خێراتەکان ئاشکرا بکەن کارێکـــی باشە، بەڵام ئەگەر بە نهێنیـی بیانهێڵنەوە و بیاندەنە هەژاران، ئەوە بۆ ئێوە باشترە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە خەیروخەیرات، دوو ئەگەریان هەیە: ئاشکرا کردن و هێشتنەوەیان بە نهێنیی و، دووەمیان باشترە.

ئایەتەکە هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە کە پێداگریی لە یەکێکیان بکات.

- ﴿**وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِيْن مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ**﴾ **آل عمران/١٤٤.**

واتە: **محەمەد** تەنها پەیامهێنێکە و پێش ئەویش پەیامهێنی تر بوون، ئەگەر مرد یان کوژرا، دەگەڕێنەوە سەر ئەوەی کە پێشتر لەسەری بوون.

دیسانەوە لێرەشدا خواوەند دوو ئەگەر دادەنێت بۆ کۆتایی تەمەنی مرۆڤ: مردن یان کوژران، هەرکامیان بگری بۆی هەیە ڕووبدات.

**العكبري** نامیلکــەکــەی بە سەرنج و تێچینێکـــی خۆش کۆتایـــی پێهێناوە و لەو تێچێن و سەرنجەیدا ئاماژە بەو گفتوگۆیــــەی نێوان عیسای مەسیـــح و پەروەردگاری دەکات کە لەم

ئایەتەدا هاتووە: ﴿وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَاعِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّي إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَق إِنْ كُنتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ﴾ المائدة/١١٦.

واتە: كاتێك خواوەند گوتی: ئەی عیسای كوڕی مەریەم، ئایا تۆ گوتووتە بەخەڵك من و دایكم بكەنە دووپەرستراوی جیا لەخواوەند، گوتی: بێگەردیی بۆ تۆ، من بۆم نییە شتێك بڵێم كە مافی گوتنی ئەو شتەم نەبێت، ئەگەر گوتبێتم، ئەوا بێگومان دەتزانی.

دواتر ئەلعەكبەریی دەڵێت: وای بەحاڵی مەسیح، ئەگەر لە جێی (إنْ)دا، بیگوتایە (إذا)، ئەوكات سەری دونیای لێ دەهاتە یەك و زەوی قوتی دەدا!.

نموونەیەكی تر ئایەتێكی قورئانەو (إنْ و إذا) یشی تێدایە: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمْ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ﴾ البقرة/١٨٠.

واتە: لەسەرتانە كە یەكێك لە ئێوە گەشتە دۆخی مردن، ئەگەر خەیر و چاكەیەكی جێهێشت، ڕاسپاردە بۆ دایك و باوك و نزیكەكانە.

سەرنجی ئەوە بدە چۆن ناوی دیاردەی مردنی لەدوای (إذا) وە بردووە،چوونكە هەردەبێ ببێت و ڕووبدات، بەڵام ناوی، چاكە و خێر و میراتی مرۆڤەكەی، وەك دیاردەیەكی ئەگەریی (واتە دەگونجێ شتی ببێت و لە دوای بەجێ بمێنێت و ئەشگونجێت هیچی لەدوا بەجێ نەمێنێت)، لە دوای ئامرازی (إنْ) ەوە هێناوە.

## - (ما) ی زیادە

دەگەڕێینەوە بۆ سەر باسی بابەتی (ما) ی زیادە، دەبینین ئەهلی نەحو و صەرف، لە چەندین جێگەدا بەزیادەی دەزانن:

- لەدوای (إذا) وە، وەك ئەم بڕگەیــە لەم ئایەتە: ﴿وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا﴾ البقرة/٢٨٢.

- لەدوای (إنْ)ی مەرجەوە، وەك ئەم بڕگەیە لەم ئایەتە: ﴿إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ﴾ الإسراء/٢٣.

- لەدوای وشەی (كثيراً)، وەك ئەو قسەیەی کە بە کەسێك دەڵێـــی: (كثيراً ما نصحتك ) واتە: زۆرم پێ گوتی.

- لەدوای وشەی (قليلاً)، وەك ئەم بڕگەیە لەم ئایەتە: ﴿قَلِيلًا مَا تَشْكُرُونَ﴾ المؤمنون/٧٨.

- لەدوای وشەی (أيّانَ)، وەك ئەم شعرە: إذا النعجةُ العجفاءُ كانت بِقُفرَةٍ    فأيّانَ ما تعدلُ به الريحُ تنزِلِ

- لەدوای وشەی (أينَ) و (بَينَ) و (دونَ).

لەدوای (أيُّ ـ الجارّة)، وەك ئەم بڕگەیــە لــەم ئــایــەتە: ﴿أَيَّمَا الْأَجَلَيْنِ قَضَيْتُ فَلَا عُدْوَانَ عَلَــيَّ﴾ القصص/٢٨.

لەدوای (إنَّ) و خوشکەکانی، وەك ئەم بڕگەیە لەم ئایەتە: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾ الحجرات/١٠.

هەروەها لە شعرەکانی (امرىء القيس والنابغة الذبياني والفرزدق) دا چەندین نموونە هەیە.

- لەنێوان (الجار والمجرور) دا، وەك ئەم بڕگانە لەم ئایەتانە: ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنْ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ﴾ آل عمران/١٥٩. ﴿ مِمَّا خَطِيئَاتِهِمْ أُغْرِقُوا﴾ نوح/٢٥.

یان وەك کە دەڵێیت: عمّاقريبٍ ننتصر.

نەحوییەکان لەبارەی زیادەیی (**ما**)وە، بەم نموونانەشەوە نەوەستاون، بەڵکو سەریان کێشاوە بۆ قسەیەکی تریش کە پێی دەڵێن: نیوچە زیادە (**شبه الزائد**)، بۆنموونە: ئەگەر لەدوای (حاشا) وە مەجرورێك هات، هەروەها دەڵێن: چەن پیتێکی تریش زیادن، [1] ئەم چەند نموونەیەیان لیَ دەخەینە ڕوو:

- (ب)ی زیادە، لە خەبەری (لیسَ) دا، وەك ئەم بڕگە لەم ئایەتەدا: ﴿**أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ**﴾ **التين/٥١.**

- (ف)ی زیادە، کاتێك پەیوەست بێت بە (إذا)ی ناکاویی و فوجائیەوە، وەك ئەم بڕگە لەم ئایەتەدا: ﴿**وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَإِذَا هُمْ مِنْ الْأَجْدَاثِ إِلَى رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ**﴾ **يس/٥١.**

- (**أنْ**)ی زیادە، کاتێك لەدوای (**لمّا**)ی کاتییەوە دێت، وەك ئەم بڕگە لەم ئایەتەدا: ﴿**فَلَمَّا أَنْ جَاءَ الْبَشِيرُ أَلْقَاهُ عَلَى وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيرًا**﴾ **يوسف/٩٦.**

- (**إنْ**)ی زیادە، لەدوای (**ما**)ی پشتگوێخراوەوە بەواتای (**ليس**)، وەك لە قسەی ئەم شاعرەدا هاتووە:

**بَنِي غُدانةَ ماإنْ أنتمُ ذَهَبٌ ولا صَرِفٌ ولكِنْ أنتُمُ الخَزَفُ**

- (کان)ی زیادە، کاتێك بکەوێتە نێوان (ما)ی سەرسوڕمان و کردارەکەیەوە، وەك: **ماكان أجملَ الربيع!**

هیتریش زۆرن بەڵام دەرفەتەکە هەر ئەوەندە بوار دەدات.

[1] **الرازي** لە **أبي عبيدة** دەگێڕێتەوە کە لە بارەی شیکاری **إذ** ە وە لەم ئایەتەدا: ﴿**إِذْ قَالَتْ إمْرَأَةُ عِمْرَانَ**﴾ گوتوویەتی: زیادو بێمانایە. **الزجاج** یش دەڵێت: لەم بابەتەدا ئەبوعوبەیدە هیچی نەکردووە، چوونکە نابێت یەك پیتیش لە پەڕاوی خواوەند لەکار بخرێت و بۆ زەرورەت نەبێت نابێت یەك پیت لە پەڕاوی خواوەند کەنار بخرێت. سەیری **تفسير الرازي** بەرگی ٨ لاپەڕە ٢٢ بکە. ئێمەش دەپرسین: ئەو زەروورەتە چییە وا ڕێگە دەدات پیتێك لە پەڕاوی خواوەند کەنار بخرێت؟ وەڵام بەجیَ دەهێین بۆ لێکۆڵەران.

ڕێزمان و قاڵبە زمانەوانیی و نەحویەکان، هێندە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر موفەسیر و ڕاڤەکارەکان، بۆنموونە: هی وایان هەبوە گوتوویەتی: (إبليس) لە فریشتەکانە و بۆ ڕاستاندنی ئەم قسەیەشیان پەنایان بردوەتە بەر چەند گێڕانەوەیەك کە پشتیوانیی لە بۆچوونەوەکەیان دەکەن و هەروەها پشتیان بەم ئایەتەش بەستووە کە لە فریشتەکانی جیا دەکاتەوە، وەك دەڵێت: ﴿**فَسَجَدَ الْمَلَائِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ*إِلَّا إِبْلِيسَ اسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ**﴾ **ص/٧٢و٧٣.**

جیاکراوە پەیوەست نەبێت نابێت، واتە: **إبليس** لە فریشتەکانە، بە بەڵگەی جیاکردنەوەکەی.

پەرچ دانەوە و پوچاندنەوەی ئەم قسەیە بە دوو شێوە دەبێت:

سەرەتا لەبارەی گێڕانەوە و حەدیسەکانەوە، پێغەمبەر ناتوانێت بڵێت: **إبليس** لە فریشتەیە، لەکاتێکدا ئەم ئایەتە لە بەردەمیدا بێت: ﴿**إِلَّا إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ الْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ**﴾ **الكهف/٥٠.**

سەبارەت بەو قسەیەش کە دەڵێ: جیاکراوە پێویستە پەیوەست بێت، جاری واهەیە دابڕاویش دەبێت، وە ڕێك دەکەوێت جیاکراوەکە لە ڕەگەزی جیالێکرەوەکە نییە و ڕەگەزێکی ترە، وەك ئەم بڕگە ئایەتە: ﴿**مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ**﴾ **النساء/١٥٧.**

هەروەها ئەم بڕگەیە: ﴿**وَإِنْ نَشَأْ نُغْرِقْهُمْ فَلَا صَرِيخَ لَهُمْ وَلَا هُمْ يُنقَذُونَ *إِلَّا رَحْمَةً مِنَّا وَمَتَاعًا إِلَى حِينٍ**﴾ **يس/٤٤،٤٣.**

ئەگەر لەبەر درێژ کردنەوە نەبوایە، نموونەی زۆرتر هەن، بەڵام بەم ئەندازەیە دەس هەڵدەگرین.

ئێمە لەو پێگەیەوە هەنگاو هەڵدەگرین کە: دابەزێنراوی بەجێ وەحیی و نیگایەکی ئاسمانیی و دارِشتنێکی خواییە و دروسکەری ئەم گەردوونە سەرسورِهێنەرە دایرِشتووە، بۆیە وادەخوازێت وردەکاریی لە دارِشتنیدا لە ئاستی گەورەیی و وردەکاریی دارێژەرەکەیدا بێت.

لەم سۆنگەیەوە و بەلای ئێمەوە، هیچ دەرفەتێك بۆ ئەوقسەیە نەماوەتەوە کە هیچ پیتێك زیادەبێت لە قورئاندا، چوونکە ئەم پەرِاوە تاکە پەرِاوە کە (**لفظ**) و دەربرِین تیایدا پرِاوپرِە لەگەڵ (**كلمة**) وشەدا، قسە و (**كلام**) یش پرِاوپرِە لەگەڵ (**قول**) دا، شێوەی رِێزمانیی رِستە پرِاو پرِە لەگەڵ ناواخنە رِەوانبێژییەکەیدا.

لەو پێگەیەشەوە هەنگاو هەڵدەگرین کە، دامەزراندنی پایەکانی نووسینەوە و دارِشتنی رِێزمان، بەدوای زمانی عەرەبیی و بەدوای دابەزینی پەیامی ئاسماندا هاتوون، نەك پێشی ئەوان.

ئەگەر سیبەوەی گوتبێتی کە کردار پێویستە هاوشێوەی بکەرەکەی بێت،واتە: ئەگەر بکەرەکە تاك یان دوان یان کۆبوو، ئەبێ کردارەکەش وەك ئەو وابێت، بەڵام ئێمە ئەم برِگە ئایەتە دەخوێنینەوە کە دەڵێت: ﴿**هَذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا**﴾ **الحج/١٩**.

ئەگەر گوتیشی دەبێ کردار لە نێرومێدا(**في التذكير والتأنيث**) هاوشێوەی بکەر بێت، ئێمەش ئەم ئایەتەمان لە بەردەسدایە و دەیخوێنینەوە کە دەڵێت: ﴿**إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ**﴾ **المتحنة/١٢**.

ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئایەتەکە لەبەردەم رِێزمانەکەی سیبەوەیدا هەڵەیە، یان سیبەوەی لەکاتی دارِشتنی یاساکانیدا هەڵەی کردووە؟

ئەمە رِاڤەی ناکۆکیەکانی نێوان قوتابخانە نەحویەکانمان بۆدەکات کە لەسەدان شوێندا ناکۆکییان هەیە.

ئەگەر لەڕووی گومان بردنی باشەشەوە بڵێین: ئەگەر سیبەوەی و کەسانی تریش لە نەحوزانەکان کاتێك دەڵێن: **ذهب و مضى و بارح و إنطلق و غدا**، هەموویان بەیەك واتا دێن، ئەوە مەبەسیان لایەنە زمانەوانیەکەی ئەو ئامراز و وشانەیە، نەك ئاماژەکانیان لەڕووی ڕەوانبێژییەوە، چوونکە ئەو هێز و واتایەی کە لە(**إنطلاق**)دایە، لە(**ذهاب**)دا بەدی ناکرێت، هەروەها لە(**المبارحة والغدو**)دا، ئاماژەیەك هەیە بۆ کات کە لە(**ذهاب و الانطلاق**)دا بەدی ناکرێت.

کاتێك دان بەبوونی چەن پیتێکی زیاددا دەنێن، ئاماژە بۆ سڕینەوە و نەبوونی کاریگەریی و جێکەوتەکانی ئەو پیتانە دەکەن لە پەیکەر و داڕشتەی ڕێزمانیی ڕستەکەدا، نەك، نەبوون و سڕینەوەی ئاماژە و مانا تیایاندا. [1]

لەم سۆنگەیەوە، لای ئێمە ئامەژە و واتاکان لە پێشترن تا بواری ڕێزمان و نەحو، هەروەها واتا لە پێشترە بەلامانەوە لە (**صرف**)، ڕەوان بێژیی و(**بلاغة**)ش لەپێشترە بەلامانەوە تاڕووکار و (**بديع**).

لەم سۆنگە و ڕوانگەیەوە دەڕوانینە دابەزێنراوی بەجیّ، بۆ ئەوەی تێبگەی لەم ئایەتانە:

- **﴿وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا﴾ البقرة/٢٨٢.**
- **﴿فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى﴾ البقرة/٣٨.**
- **﴿إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ﴾ الإسراء/٣٣.**
- **﴿أَيْنَمَا تَكُونُوا يُدْرِكُّمْ الْمَوْت﴾ النساء/٧٨.**

---

[1] **عبدالله بن هشام الانصاري** لە کتێبی **شرح قطر الندى وبل الصدى** لاپەڕ ١٣٨ دوای ئەوەی باس لە **كان** ی زیادەوە دەکات، دەڵێت: کە دەڵێین زیادەیە،مەبەستمان ئەوە نییە کە هەرهیچ واتایەکی نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ئەو ئامرازە بۆ پشتیوانی پێش یان پاشی خۆی نەهێنراوە.

- ﴿لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوا إِذَا مَا اتَّقَوْا وَآمَنُوا﴾ المائدة/٩٣.

ئەگەر کرداری دوای (إذا) هەواڵدان و ڕوودانی ئەرکێکی یەکلایی بوو و کرداری دوای (إن) یش کردارێك بوو کە گومان لە ڕوودانیدا هەبوو، ئەوکات بە دوور لە لاف و قسەی نەحویەکانە کەدەڵێن: زیادەیە، ئەو ئاماژە تازەیە چی دەبێت کە ئەو (ما) یە دەیبەخشێت و زیادی دەکات کە لە دوای (إذا) و لەدوای (إن) ەوە دێت؟

سەرنجی ئەو ئایەتانە و ئەو پارچە هەڵبەستانەمان دا کە لە کتێبە نەحوییەکاندایە، بینیمان (ما) کە، نزیکە لەواتای نکوڵییکردن (النفي) ەوە، بینیمان کرداری (إنَّ) ڕادەگرێت و نکوڵیی لێ دەکات، وەك ئەم ئایەتە: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾ الحجرات/١٠، واتای جەختکردنەوە ڕووتەکە، دەگۆڕێت بۆ جەختکردنەوە و قەتیسکردنی برایەتیی لە نێوان باوەڕداراندا بەتەنها.

کەواتە: ئیتر (ما) ی دوای (إذا) و (إن) چی دەسڕێتەوە و نکوڵیی لەچی دەکات؟

خواوەند دەفەرمووێت: ﴿قُلْنَا اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعًا فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ البقرة/٣٨و﴿فَأَمَّا الْإِنسَانُ إِذَا مَا ابْتَلَاهُ رَبُّهُ فَأَكْرَمَهُ وَنَعَّمَهُ فَيَقُولُ رَبِّي أَكْرَمَنِي، وَأَمَّا إِذَا مَا ابْتَلَاهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُ فَيَقُولُ رَبِّي أَهَانَنِي﴾ الفجر/١٥و١٦.

زەمەخشەریی لە **الكشاف** دا لەسەر ئەم بڕگەیە وەستاوە کە دەڵێ: ﴿فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى﴾، پێی سەیرە کە خواوەند هاتنی هیدایەت و ڕێنموونیی خۆی پەیوەست بکاتەوە بە (إن)وە، کە ئەگەری هەیە و گومان هەڵدەگرێت، لەکاتێکدا کە هێنان و ڕەوانەکردنی ڕێنمایی ئەو حەتمیە و بێگومانە کە دێت.

سەیری کاریگەریی قسەی نەحوییەکان بکە بەسەر پێشەوایەکی وەك زەمەخشەرییەوە، کاتێك نەحویەکان دەڵێن: (ما)ی شوێن (إن)زیادەیە، ئاوڕی نەداوەتەوە بەلای ئەو پیتە زیادەیەوە کە وەڵامی دژواریی و ئیشکالیەتەکەی لە نکوڵیی و سەرسوڕمانەکەی، تێدایە.

بەڵام ئەگەر سەرنجی بدایە و بیزانیایە کە هەرچەندە (**ما**)، لەڕووی نەحو و سەرفەوە زیادەیە، بەڵام کاتێك بەدوای (**إن**) دا دێت، مانا و واتای نکوڵیی هەرئەگەر و(**إحتمال**) یێك لەسەر (**إن**) هەڵدەگرێت، ئەوکـــات هەستـــی بەوە دەکرد و دەیزانـــی کە هاتنـــی هیدایەت و ڕێنمونیی بابەتێکی حەتمیی و یەکلاکراوەیە، بەڵام نەك وەك دڵنیایـی و یەکلابونەوە و حەتمییەتی (**إذا**)، بەهۆی پەیوەست بوونی بابەتەکەوە بە خواوەندەوە لەلایەك و هەروەها پەیوەست بوونیەوە بە نزا و خواستی کەسەکەوە بۆ وەرگرتنی هیدایەتەکە لە لایەکی ترەوە.

دەپرسین ئایا: (**ما**) ی شوێن (**إذا**) لەم دوو ئایەتی ١٥و١٦ ی سورەتی **الفجر** دا، چیی دەسڕنەوە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: ئێمە دەزانین کرداری شوێن (**إذا**) ڕوودانی کردارەکە و چەشنەکەشی، یەکلا وحەتمیـــە، خستنـــەژێربار و(**إبتلاء**) ش ڕوودانـــی یەکلاکراوەیـــە، بەڵام چەشنی ئیبتلاکەی نەداوینەتـــیّ، هەندێجـار خستنەژێربـــار و(**إبتلاء**)، بەناز و نیعمەت ڕژاندن بەسەر کەسەکەدا ڕوودەدات، هەروەها هەندێجاریش بەکەم کردنەوەی ڕۆزیی و سنوردار کردنی ڕوودەدات، بۆیە بۆ لادانی ئەو حەتمیەت و یەکلابوونەوەیـە لە ڕوودانـــی کردارەکەدا، دەبیّ (**ما**) هاوملی (**إذا**) بێت.

چوونکە (**إذا**) حەتمیەت و یەکلاییەتـــی (**إبتلاء**) وخستنەژێربارەکـــەمان دەداتـــیّ و (**ما**) ش ئەگەرییەتی چەشنی خستنە ژێربارەکەمان دەداتیّ.

لەبارەی (**إن**)ی پەیوەستیشەوە بە (**ما**)وە، لەم بڕگـە ئایەتـــەدا، هەمـــان قسە دەکەین: ﴿**إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا**﴾ **الإسراء/٢٣.**

دەزانین کە کرداری شوێن (**إن**) ئەگەری هەیە ڕووبدات، بۆیەش (**ما**) هاتووە، تا ئەو ئەگەرە لە کرداری گەشتنی پیریی هەڵگرێت و ئەگەرەکە لەوەدا بهێڵێتەوە کە یەکێك لە باوك و دایك

یان هەردووکیان لای مندالّەکەیان بمێننەوە، لەگەلّ ئەمەشدا ئەو ئاماژەیەی تێدایە کە ڕوودان و هاتنـــی کردار لەدوای (**إن**)ی پەیـــوەست بە (**ما**)وە، یـــەکسـان نییـــە بە حەتمیـــەت و یەکلایەتی(**إذا**)، چوونکە گەیشتن بەپیریی(کەبابەتی ئایەتەکەیە)، بە ملکەچیی بۆ ئەگەرەکان دەهێلّێتەوە، لە سەرووی هەموو ئەو ئەگەرانەشەوە، چاودێریـــی تەندرووستیـــی و چارەسەری پزیشکییە.

سەبارەت بەو ئایەتەش کە دەفەرموویێت: ﴿**أَيْنَمَا تَكُونُوا يُدْرِكُّمْ الْمَوْتُ**﴾ **النساء/٧٨**، ئێمە نەفی و نکولّیی لێکردنێکی تێدا دەخوێنینەوە بۆ سنورەکانی کات و شوێن، هەروەها ئاماژەیەکی تێدایە بۆ ئەوە کە، مردن وەك یاسایەك لە تابلۆی پارێزرا و **لوح المحفوظ** دا، ملکەچ و ژێربار نییە بۆ یاساکانی کات و شوێن.

بەلاّم لەم ئایەتەدا: ﴿**وَلَا يَأْبَ الشُّـــهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا**﴾ **البقرة/٢٨٢**، ڕۆلّ و کـــاری (**ما**) لێرەدا، لادانی ڕوخسە و دەرفەت و بیانووە.

چوونـــکە لەحـــالّەتـــی داواکـــردن و بانـگێشت کردنـــی شەهیـــدەکان (ئەوکەسانەی کە بە هەستەوەرەکانی بینین و بیستن و بەرکەوتـــن لەگـــەلّ ڕووداوێکدا ژیاون)، ئەرکی سەرشانیانە وەلاّمـــی ئەو باگێشت و داوەیە بدەنەوە و بەدەمیـــەوە بچن و ئامادەبـن و هیچ بیانو و مل نەدانێکیان بۆ نییە.

چۆن دەبوو ئەگەر بیگوتایە: {**یاأیها الذین آمنوا إذا (ما) قمتم إلی الصلات فاغسلوا وجوهكم**}، یان ئەگەر بیگوتایە: {**إذا (ما) نودي للصلاة من یوم الجمعة فذروا البیع**}، گەر ئاوای بگوتایە، هەرچیـــی ڕوخسە و بوار و بیانوو هەیە هەمووی هەلّ دەوەشاندەوە، بەلاّم دەبینین گوتوویەتی: ﴿**إِذَا قُمْتُمْ**﴾ و﴿**إِذَا نُودِي**﴾.

دواجار دەگەینە لای ئەم ئایەتەی کە دەفەرموویّت: ﴿**لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوا إِذَا مَا اتَّقَوْا وَآمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ثُمَّ اتَّقَوْا وَآمَنُوا ثُمَّ اتَّقَوْا وَأَحْسَنُوا وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ**﴾ **المائدة/٩٣.**

واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە، هیچ تاوانێك لە ئەستۆیاندا نییە لەوەدا کەشتێکیـــان خواردوە، بەمەرجێـك ئەگەر پارێزکار بن و کردەوەی چاکیان کردبێت و پاشانیش هەر پارێزکــار و باوەڕدار و دیسـانیش پارێزکار و چاکەکــاربن، چوونکــە خواوەند چاکەکارانی خۆش دەوێت.

پێشتر و لە کتێبـی **ألإسلام والإيمان** دا ئەم ئـایەتـــەمان ڕاڤە کـردووە و لەوێ ئاماژەمان بەوە کردووە کە دوو باوەڕ (إيمان) ی تێدایە:

**یەکەم:** باوەڕی خۆڕادەسکردن، کە بریتییـــە لە باوەڕهێنـــان بە خواوەند، کە دەبێتـە باوەڕی ئیسلام.

**دووەم:** باوەڕی ڕاستاندن و تصدیق، کە بریتییە لە باوەڕ هێنان بە **محەمەد** پێغەمبەر.

هەروەهـــا ئـــاماژەمان بـــەوە کردووە کە، **تقوى** و پارێزکاریی یەکەم، بریتییە لە پارێزکاری ئیسلام، کە خواوەند لەم ئایەدا مەبەستیەتی: ﴿**يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ**﴾ **آل عمران/١٠٢**، دووەمیش، پارێزکاریی باوەڕە، سێیەمیش، پایزکاریی ئیحسان و چاکەکاریی.

هەروەها لەوێ ڕوونمان کردوەتەوە کە وەصایا و ڕاسپاردەکان و پابەندیی بە ڕێگە ڕاستەکەوە، بەشێکە لە پایەکانی ئیسلام.

لێرەدا تێدەگەین کە ڕۆڵی (**ما**) ی شوێن (**إذا**) لە ئایەتەکەدا، بریتییە لە ڕامالّینی دەرفەت و بیانوو لە پارێزکاریـــی و(**تقوى**)ی ئیســـلامدا، ئاماژە و هێمایـــەکە بـۆ ئەوەی کە وەصایا و

ڕاسپاردەکان و ڕێگە ڕاستەکە، هیچ بواری خۆلادان و بیانووێکیان تێدا نییە و پێویستە مرۆڤ پابەندیان بێت.

هەروەك چۆن لە شەریك و هاوتا بڕیاردانداا بۆ خواوەند، هیچ بوار و بیـــانویەك نیە و ناخوات، هەروەها لە شکاندنی سوێند و مارەکردنی مەحارم و کەسە نزیکەکاندا و لەخراپ ڕەفتارکردن و عەزیەتدانی باوك و دایکیشدا هیچ بوار و بیانوویەك ناخوات.

ئەمانە هەموویان لە تەقوا و پارێزکاریی ئیسلامن.

بەڵام لە تەقوا و پارێزکاری ئیماندا، کە هەندێ لە پایەکانی بریتین لە سرووت و دوروشمە ئاینییەکان، بۆ نموونە: باوەڕدار بۆی هەیـــە بـــەبێ هەستان، نوێژ بکات لەکاتی بوونی بیانو و عوزرێکدا، هەروەها کـــاروانچی و موسافر بۆی هەیـــە بەڕۆژوو نـــەبێت لە سەفەرەکەیدا، ئەو کەسەش کە ئاوی دەسناکەوێت، بۆی هەیە تەیەموم بکات.

لە باسی ئەو هەلومەرجەدا کە نەحووسەرفی تێدا دارێژرا و نوسرایەوە گوتمان: ئەو پرۆسەیە لە دوای پەیدابوونی زمان و ئاخاوتنەوە بووە نەك لە پێشیەوە.

هەرکەس سەرنجی ئەو ڕێزمان و بنەما و بنـــاغە زمانـــەوانیانە بدات، هەست بەوە دەکات کە پاشکۆی دەقەکانن و ئەوان چۆن بجوڵێن، ئەمانیش دوایان دەکەون، بەڵکو هەر لە بناغەوە بۆ ئەوە دارێژراون تا لە جوڵـــەی ئەو دەقانە دەر نەچن و بڕیاری کۆتایی و بنەمای ڕاست ئەوەیە کە دەقەکە بڕیاری لەسەر دەدات و پەیڕەوی دەکات، نەك ئەوەی عەرەب دەیڵێت، یان ئەوەی لێی بیسراوە.

خەریکە بڵێم: بە دیاریکراویی نازانین کەی ئەم چەمك و تێگەیشتنانە ئاوەژووکران و وێنەکە هەڵگەڕێنرایەوە و دەسەڵات درایەوە بە بنەماکانی نەحووسەرف و ئەوان کران بە حوکمڕان و

بڕیار بەدەست بـــەسەر دەقـــەوە و، بەلاغـــە و ڕەوانبێژیش بووبە داڕشتنی دەنگەکان و لێك ئالاندنی وشەکان و ڕێکخستنی ناوبڕەکان.

بەڵام هیچ مایەی سەرسوڕمان نییە، کاتێك ئەو زیهنیەت و تێگەیشتنەی دانی بە حاکمیەتی حەدیسی پێغەمبـــەردا نا بەسەر دەقـــی قورئانیـــدا، لاشـــی ئاسایی و ئاسانە کە ئەو دەقە قورئانیانە بخاتە ژێر بار و ڕکێفی حاکمیەتی بنەما و بناغەکانی نەحووسەرفەوە.

ئەمانە هەمووی دەسمان دەگرێت و بەرەو بابەتێکی مەترسیدارترمان دەبات کە کاریگەریی هەیە لەسەر تێگەیشتنمان لە دابەزێنراوی بەجێ و، ڕامان لە ئایەتە پیرۆزەکانی، ئەویش بریتییە لە پووچگەرایی.

ئایەتەکانـــی ناو دابەزێنراوی بەجێ پێش هەموو شتێـــك، دارای ڕاستاندن و میصداقییەتن، واتە: هەموار و پڕاوپڕ گونجاون لەگەڵ واقع و هەلومەرج و سروشتـــی مرۆڤدا، دووەم شتیش، دارای بایەخی هەواڵدەرین و پەیامێکیان هەڵگرتووە.

گوێگر و قسەلـــەگـەڵکراویش، پێش هەموو شتێـــك بایەخ بە هەواڵێك دەدات کە زانیاریی و بابەتێك زیاد بکات بۆ زانراوەکانی خۆی، بەهەمان شێوە ئەوەشی بەلاوە گرنگە کە بزانێت ئەم هەواڵە چەند ڕاست و گونجاوە و گونجان هەیە لەنێوان ئەوەدا کە دەیبیسێت و ئەوەدا کە دەیبینێت.

هەر لەبـەر ئەوەش بوو کە (مُسَیلَمة) ناو نرا بە موسەیـــلەمەی درۆزن، کاتێك گوتی بەخەڵك کە: فیل لوت و خەرتوومێکی درێژ و کلکێکی کورتی هەیە.

ئەم قسەیە لەڕووی گونجاوییەوە لەگەڵ واقع و هەلومەرج و ژینگەکەیاندا ڕاست بوو، بەڵام لەو ڕووەوە کە هیچ شتێکـــی تازەی تێدانەبوو بۆیان و هیچـــی زیـــاد نەکرد بۆ زانراوەکانـــی

خەڵکەکە، بۆیە خەڵکەکە لایان ڕوون بوو کە ئەم بابەتە هیچ پێوویستی بە وەحیی و سروشی ئاسمانیی نییە.

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ڕاڤەکار و فەقیھ و زانـا بەڕێزەکـان، لەڕووی تیۆریی و نەزەرییەوە دەڵێن: دابەزێنراوی بەجێ خاڵییــە لە زیادە و شتـی بێمانا، پاشان دێن و باوەڕیان وایە کە چەن پیتێکی زیادەی تێدایە.

هەروەها دەڵێن: پەیامی ئاسمان بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك لەبار و گونجاوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نکوڵیی دەکەن لەو گۆڕان وگەشەیەی کەهاتوە و دێت بەسەریدا.

هەروەها دەڵێن: پەند و عیبرەت لــە گشتگیریی گوتەکــەدایە، نەك لە تایبەتمەندیــی هۆکاردا (**العبرة بعموم اللّفظ لا بخصوص السّبب**)، کەچی دێن و وەك خۆیان دەڵێن، هۆکارەکانی دابەزین، دەکەنە زانستێکی ئەوتۆ کە بەبێ ئەو، تێگەیشتن لە دابەزێنراوی بەجێ چەشنێك بێت لە ئەستەم.

لەڕووی تیۆریی و نەزەریشەوە دەرگای نوێخوازیــی و ئیجتیهاد و تەقەللا کردن دەکــەنەوەو، پاشانیش بە یاسای لێوەگــەڕیی و مەرجەعیــەت و سەلەفیــەت و کەلەپوور، لێ پێچینەوە و دادگایی ئەوانە دەکەن کە هەوڵ و تەقەللای تێگەیشتن و نوێخوازیــی و نوێگەریی دەدەن و لە سۆنگەی **لااجتهادَ في النص** ەوە، حوکمی ئەوەیــان دەدەن بـەسەردا کە: قسەیــەکیـان کردوە تائێستــا کەس قسەی وای نــەکردووە، لــەکاتێکدا کە ئیجتهاد و هەوڵی تێگەیشتنی تازە، لەدیدی ئێمەوە و بە پێــی پێوەرە لۆجیکیــەکانیش، لەدەقدا نەبێت لە هیچی تردا ناکرێت (**لایکون إلاّ في النص**)، ئەو بوارەی کە دەقێکــی لە بــارەوە نەهاتووە، بوارێکـی کراوەیە و لە بنەڕەتەوە پێویستی بە ئیجتیهاد نییە.

پێشیان وایە کە، دەق و ناواخن و واتاکـــەشـــی جێگیـــرن، پاشان ڕێگــە دەدەن بە نەسخ و سڕینەوەی چەن ئایەت و چەن حەدیسێکی پێغەمبەریش.

هەندێکیان پێیـــان وایە و ڕێگە دەدەن بەوەی کە لە توانای حەدیسدا هەیە ئایەت بسڕێتەوە و لــەکـــاری بخـــات، لــە کتــێبەکـانـی بواری **النـــاسخ والمنسوخ** دا قســەی سەیروسەمەرە و سەرسوڕهێنـــەریـــان کردووە، ئاوڕیـــان نەداوەتەوە بــەلای ئەوەوە کە پشت بەستن بە هۆکاری دابەزین و باوەڕ بوون بە نــاسخ و مەنسوخ، پەڕاوەکـــەی خواوەند دەکەنە پەڕاوێکی مێژوویی و حوکم و فەرمانەکانیشـــی دەکەنە فەرمانـــی کاتیی و تایبەت بە سەردەمێکەوە و بەو هۆیەشەوە گونجاویەتیی ئەو پەڕاوە بۆ هەموو سەردەم و کات و شوێنێك دەدات بەدەم باوە.

## ٤ـ دژواریی خوێندنەوەکان لە دابەزێنراوی بەجێدا

دوابابەت ئەمەیە و ئاماژەی بۆ دەکەین، هیوادارین توێژەر و لێکۆڵەرە ئیسلامیەکان گرنگیی پێ بدەن و جێگەی بایەخیان بێت، ئەویش بابەتی خوێندنەوەکانی دابەزێنراوی بەجێیە، کەسی وا هەیە دەڵێت: خوێندنەوەکان حەوتن، هەیشە دەڵێت: دە دانەن و هەشیانە دەڵێت: چواردەن، هەموو ئەمانەش لەبەر ڕۆشنایـــی ئەو گێڕنەوەیـــەوە دەگوترێـــن کە (ئەگەر ڕاست دەرچێ) پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) گوتوویەتی: **(نزل القرآن على سبعة أحرف) البخاري/٢٢٤١.**

هەروەها بابەتی پەیوەندیـــی ئەم حەدیسە بە خوێندنەوەکانەوە (ئەگەر بیشبێت)، وە ئایا وەك هەندێك دەڵێن: مەبەستـــی لە زاراوە ناودار و بەناوبانگەکانی ناو عەرەبەکانە، ئایا پێغەمبەر مۆڵەتی داوە بەکەس کە بەو زاراوانە قورئان بخوێننەوە؟

سەرنجی ئەوەمان داوە، جیاوازیی خوێندنەوەکان بەلای سیوتییەوە کەلە کتێبی **الدرّ المنثور** دا باسی لێوە کردوون، چەند جیاوازییەکی کەمن و لەبواری سەروبۆر و نوقتەدانان و ڕێزماندان و لەخوارەوە چەند نمونەیەکیان دەخەینەڕوو:

| زنجیره | خوێندنەوەی ١ | خوێندنەوەی٢ | سورەت | ئایەت |
|---|---|---|---|---|
| ١ـ | يخادعون | يخدعون | البقرة | ٩ |
| ٢ـ | فأزلّهُما | فأزالهما | = | ١٠ |
| ٣ـ | خطيئته | خطيئاته | = | ٨١ |
| ٤ـ | أسرى | أسارى | = | ٨٥ |
| ٥ـ | تفدوهم | تفادوهم | = | ٨٥ |
| ٦ـ | تقاتلوهم | تقتلوهم | = | ١٩١ |
| ٧ـ | يقاتلوكم | يقتلوكم | = | ١٩١ |
| ٨ـ | قاتلوكم | قتلوكم | = | ١٩١ |
| ٩ـ | تمسوهن | تماسوهن | = | ٢٣٦ |
| ١٠ـ | فرهانٌ | فرهن | = | ٢٨٣ |
| ١١ـ | وكتبه | وكتابه | = | ٢٨٥ |
| ١٢ـ | يطْهرن | يطَّهرن | = | ٢٢٢ |
| ١٣ـ | ننشرها | ننشزها | = | ٢٥٩ |
| ١٤ـ | الملَكين | الملِكين | = | ١٠٢ |
| ١٥ـ | بما وضعتْ | بما وضعتُ | آل عمران | ٣٦ |
| ١٦ـ | ملَكين | ملِكين | الأعراف | ٢٠ |
| ١٧ـ | بُشراً | نُشراً | = | ٥٧ |
| ١٨ـ | لا أيمان | لا إيمان | التوبة | ١٢ |
| ١٩ـ | عملٌ غيرُ صالحٍ | عملَ غير صالحٍ | هود | ٤٦ |

نموونەکانی: لە یەکەوە تا دە ١ـ١٠ جیاوازییەکە تیایـاندا چڕ دەبێتەوە لە زیادکردنی (ألف ـ أ)ێك لە یەکێکیاندا، ئەوەش لە نموونەکانی: ٤، ٥، ١٠ دا، بە هیچ شێوەیەك شتێك ناگۆڕێت

لەواتادا، بەڵام لە نموونەکانی ٣، ١١ دا تـاك دەگۆڕێت بەکۆ، وەلە نموونەکانی: ٦، ٧، ٨ دا، ماناکە دەگوێزێتەوە بۆ بوارێکی تر، چوونکە بۆ نموونە: وەك لای شارەزایانی ئەم بوارە ڕوونە، **(قتال)**شتێکــەو،**(قتل)**یش شتێکــی تر، هەروەها لەنموونەی ٩ دا،**(المسّ)**بەرکەوتــن شتێکەو، **(التماس)**و پەیوەست بوونیش، شتێکـی ترە، جیاوازی نێوانیشیان وەك جیاوازیی نێوان **(اللّمس و التلامُس)**وایە، **(اللّمس)**واتە: بەرکەوتن، هەندێ جار خۆنەویستانە ڕوودەدات، بەڵام **(إلتماس والتّلامس)** واتە: پێك گەیشتنی بەمەبەست، کە دەسنوێژ دەشکێنێ و جیاوازە و شتێکی ترە.

هەر ئەم جیاوازییە لە نموونەی ٢ شدا هەیە، چوونکە ئەو جیاوازیی مانایەی کە لەنێوان **(أزلّ)** و**(أزال)** دا هەیە، گەورەترە لەوەی جیاوازیی شێوەزارەکانی عەرەب داپپۆشێت.

ئەگەر پەسەند کردنی جیاوازیەکــە لـە نموونەکانی: ٤، ٥، ١٠ دا بۆمان ڕەوا و ڕێگە پێدرا و بێت، ئایا لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕوونکردنەوەیەدا کە کردمان، لە هەموو نموونەکانی تریشدا ڕەوا و ڕێگە پێدراوە؟

لێرەدا وەك گوتمان: خاڵێکی هاوبەش هەیە لە نێوان هەموو نموونەکاندا کە ئەویش (أ) ە.

ئێمە دەزانین کە جوان نووسەکانــی عەرەب، وا ڕاهاتوون کە(أ) ێکی چەماوەی کورت لەسەر پیتی پێش ئەو(أ) ەوە دادەنێن کە لەڕووی نووسینەوە، لادراو و حەزف کراوەوە، بەڵام لەڕووی دەربڕینەوە گوێ پێ دەکرێت، وەك لەم نموونانەدا دەیبینین: **(أولئك، هذا، هذان.... الخ)** .

ئەگەر ئەو نوونانە بەو شێوەیە بنووسینەوە کە گوێیان پێ دەکەین، ئەو کات پێوویستە بەم شێوەیە بیان نووسینەوە: **(أولائك، هاذا، هاذان)** .

دەپرسین ئایا ئەگەری ئەوە هەیە، هەندێ لەو جیاوازیانە لە خوێندنەوەکاندا، تەنها هەڵە نوسینەوە و هەڵە خوێندنەوەیەك بووبێت و لەسەردەمی نووسینەوەی پەڕادا، دزەی کردبێتە ناو زانستی خوێندنەوەکانەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەجێ دەهێڵین بۆ لێکۆڵەران و توێژەران.

لەنموونەکانی ١٣، ١٧ دا سەرنجی ئەم ئایەتانە بدەین: ﴿**وَهُوَ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ**﴾ **الأعراف/٥٧**. ﴿**وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا**﴾ **البقرة/٢٥٩**.

دەبینین پێشەوا ڕازیـــی لە **التفسير الكبير** بەرگی ١٤ لاپەڕە ١١٣ دا و لە ڕاڤەی ئایەتـــەکەی سورەتـی **الأعراف** دا هاتووە کە: ئیبنوکەسیر و حەمزە و کەسائیی بە (**الريح**) و بەشێوەی تاك خوێندویانەتەوە، ئەوانـــی تریش بە (**الرياح**) و بەشێوەی کۆ، خوێندویانەتەوە، هەرکەس بە کۆ و بە (**الرياح**) خوێندبێتیەوە چاکی کردوە، چوونکە وەسفـی بە (**بُشْراً**) کردوە، کە وەسفی کۆی بەکـــۆ کردووە، هەرکـــەسیش بە تـــاك و بە (**الريح**) خوێندبێتیـــەوە، ئەوا (**بُشُراً**) ی بەکۆ خوێندوەتەوە، چوونکە مەبەستی لە (**الريح**) زۆریی بووە.

بەڵام (**نُشْراً**) چەندین خوێندنەوەی لە بارەوە هەیە:

- (**نُشُراً**) لەسەر کێشی (**رُسل و كُتب**) واتە: بەو شێوەی کە (**الفرَّاء**) دەڵێت.
- (**نُشْراً**) بەو شێوەی کە (**إبن عامر**) دەڵێت.
- (**نَشْراً**) بەشێوەی چاوگ، وەك (**حمزة**) دەڵێت.
- (**نَشَراً**) بەشێوەی کارپێکراو (**مفعول**) وەك (**الزمخشري و مسروق**) دەڵێن.
- (**بِشْراً و بَشْراً**) وەك (**الزمخشري و عاصم**) دەڵێن.

هەروەها دەبینین بـەلای پێشـــەوا ڕازییشەوە لـــە ڕاڤەی ئایەتەکـەی سورەتـی (**البقرة**) دا و لـــەهەمـــان سەرچـــاوەی پێشوودا و لە بەرگـــی ٧ لاپەڕە ٣٢ دا هاتووە: کە خوێندنەوەی (**نَنْشُرُها**) ی لا پەسەند بوە و پشتی پێ بەستووە، ئەمە قسەی (**فرّاء**) یشە.

بـــەڵام **حمزة و الكسائـــي** بـــە (**نُنْشِزُهـــا**) خوێندویـــانـــەتـــەوە، **النخعـــي** ش بـــە (**نَنْشُزُهـــا**) خوێندویەتیەوە کە ئەمە قسەی **ألأخفش** یشە.

ئەوەی کە گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە، ئەم بەڕێزانە هەموویان پێشەوایانی بواری زمان و زمانەوانیی بوون و نە لەسەر ئاستی پارێزکاریی و نە لە سەر ئاستی زانیاریی زمانیشەوە، جێگەی گومان و پرسیار نەبوون لای هیچ کەس.

بەڵام ئێمە سەرنجی جیاوازیی نێوان (**ننشزها**) و (**ننشرها**)، هەروەها جیاوازیی نێوان (**بُشراً**) و (**نُشراً**) دەدەین و دەبینین، جیاوازییەکەیان تەنها لەو (.) خاڵەدایە کە: (ز) ی کردوە بە (ر) و (ب) ی کردووە بە (ن).

هەمووشمان دەزانین کە پرۆسەی دانانی سەرو بۆر و خاڵدانانی سەر پیتەکانی پەڕاو (**إعجام حروف المصحف**)، لە سەردەمی حەجاجی کوڕی یوسف دا ئەنجام دراوە و پێش ئەو سەردەمە پەڕاو و پیتەکانی، هیچ سەروبۆر و خاڵێکی لەسەر نەبووە (**وكان قبله مهملة**)، هەروەها دەشزانین کە دابەزێنراوی بەجێ بەشێوەی گۆکراو و بیسراو دابەزیوە، نەك بە شێوەی نووسراو و خوێنراو، هەروەها دەشزانین کە جیاوازیی خوێندنەوەکان ڕێگە پێدراوە، بە مەرجێك، واتای وشەکان نەگۆڕێت و تاك نەکاتە کۆ، یان کۆ نەکاتە تاك، دەشزانین کە گرفت و کێشەی جیاوازیی خوێندنەوەکان بەهۆی جیاوازیی شێوەزاراوەکانەوە، لەسەردەستی ئەو ئەنجوومەنەدا چارەسەر کراوە کە لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففاندا پێنج دانە لە پەڕاویان نووسییەوە، هەروەك چۆن پێشتریش لە سەردەمی ئەبووبەکر و عومەردا و لەسەر دەستی چەن کەسانێکی جێمتمانەوە دابەزێنراوی بەجێ لەیەك پەڕاودا کۆکرایەوە و هەر ئەودەم (وەك دەگوترێت) بە شێوەزاری قوڕەیش نووسرایەوە.

لێرەوە و پاش باوەڕهێنانمان بەو ڕووداوانەی سەرەوە، ئێمە تێناگەین و هۆکارێکیش بەدی ناکەین بۆ پابەند بوونمان بەو شێوە خوێندنەوەیەوە کە ئیبنوعەباس ئەم ئایەتەی پێ خوێندوەتەوە کە ئەم ئایەتەی سەرەتای سورەتی **النساء** ی: **﴿... وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوْ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ﴾ النساء/١٢.**

ئەو وشـەی (من أمٍ)ی بۆ زیـاد کردووە واتـە: بـەم شێوەی لـێ کردوە و بـەم شێوەیە خوێندوەتەوە: (**وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوْ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ مِن أمٍ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ**) .

لەکاتێکـدا کە هەموو ئومەمە لـەسەر پەڕاو و مەسحەفەکـەی عوسمـان پێك هاتوون و کۆکن لەسەری، ئەمە بێجگە لەوەی کە بۆی هەیە، هەندێ کەس شوێـــن خواستەکانیان کەوتن، هیچیتر هەڵناگرێت.

لەهەموو ئەم هۆکارانەوە هەنگاو هەڵدەگرین و دەپرسین: ئایا لە سایەی ئەم هەلومەرج و ئەگەرانەدا، ئەگەری ئەوەش نیە کە هەنـدێ لەو خوێندنەوانـە، تەنها تێخزێنراوێك بووبێتن و لەکاتی خاڵ و سەروبۆر دانانـی پەڕاودا، خۆیـان خزاندبێتـە ناو زانستی خوێندنەوەکان؟ دیسانەوە وەڵام بەجێ دەهێڵین بۆ لێکۆڵەران.

دواجار دەگـەینـە مەترسیـدارترین تێبینییـەك کـە لـەکـاتـی تێڕامانمانـدا بۆ جیاوازیی خوێندنـەوەکـان کردوومانـە و سەرنجـی نموونـەکـانی ١٤و١٥و١٦و١٨و١٩ دەدەین و ئەم ئایەتانەش دەبینین:

- **﴿... وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ﴾ البقرة/١٠٢.**

- **﴿فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنْثَى وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَى﴾ آل عمران/٣٦.**

- **﴿... وَقَالَ وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ إِلَّا أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنْ الْخَالِدِينَ﴾ الأعراف/٢٠.**

- **﴿... فَقَاتِلُوا أَئِمَّةَ الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لَا أَيْمَانَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنتَهُونَ*أَلَا تُقَاتِلُونَ قَوْمًا نَكَثُوا أَيْمَانَهُمْ...﴾ التوبة/١٢،١٣.**

- ﴿قَالَ يَانُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ﴾ الهود/٤٦.

سەرەتا بەئایەتی ١٠٢ی سورەتی **البقرة** و ٢٠ ی سورەتی **ألأعراف** و جیاوازیی خوێندنەوەکان لەوشەی: **الملَكين** دا، دەس پێ دەکەین، (**بفتح اللاّم والجمع ملائكة، وبكسر اللاّم وجمع مُلوك**).

پێشەوا ڕازیی لە ڕاڤەی ئەم دوو ئایەتەدا، پشت بەو خوێندنەوەیە دەبەستێت کە ئایەتەکە بەو شێوەیە دەخوێنێتەوە کە: لامەکە، سەرە (**فَتحَة**)ی هەبێت، واتە: (**مَلَكَين**)، و هارووت و ماروت بە زاناترین و خۆپارێز ترین و پابەند ترینی ناو فریشتەکان دادەنێت، هەروەها وای دادەنێت کە ئیبلیس وای لە ئادەم و حەووا گەیاندووە کە ئەگەر لەو درەختە بخۆن، دەبنە فریشتە، وایش دادەنێت کە ئەو خوێندنەوەیە تایبەت و(**مُتَواتِر**)ە و شتی تایبەتیش لە هەڵبژاردندا، پێش دەخرێت بەسەر شتی گشتییدا.

لەپێشەوا **الواحيدي** شەوە دەگێڕێتەوەکە: ئیبنوعەباس و حەسەن و زەحاك، بە(**مَلِكَين**) خوێندویانەتەوە، هەروەها ئیبنوعەباس دەڵێت: ئەو دوانە چاویان لەوە نەبووە ببنە فریشتە، وەگەرنا جیاوازییەك نەدەمایەوە لە نێوان ئەم دوو بڕگەیە لەم ئایەتەدا: ﴿**إِلَّا أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ**﴾ ﴿**أَوْ تَكُونَا مِنْ الْخَالِدِينَ**﴾ **الأعراف/٢٠.**

بەڵکو ئیبلیس لەو ڕووەوە هەوڵی لەگەڵ داون کە بیانکاتە خاوەنی موڵك و سامان، بەڵگەش لەسەر ئەمە، ئەم ئایەتەیە: ﴿**هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَا يَبْلَى**﴾ **طه/١٢٠.**

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیەکە پێشەوا ڕازیی، کاتێك وەڵامەکەی ئیبنوعەباس بەلاواز دادەنێ، ئاوڕ ناداتەوە بەلای بەهێزیی و مکۆمی وەڵامەکەی و هێزی بەڵگە قورئانییەکەیدا، بەڵکو تەنها ئەوە دەڵێت کە: خوێندنەوەی یەکەم (**مُتَواتِر**)ە و ناکرێت تانەی لێ بدرێت و ڕەخنەی لێ بگیرێت.

بۆیە ئێمە دەپرسین: ئایا لە خوێندنەوەکانیشدا (**مُتَواتر و آحاد**) هەیە، وەك لەحەدیسا هەیە؟!

هەروەها دەپرسین: ئەگەر وەك چۆن ڕازیی دەڵێت: ئەگەر خوێندنـــەوە بە (**مَلَكِين**)، (**مُتَواتِر**)ە، ئایا خوێندنەوە بە (**مَلِكِين**)، تەنها ئیجتیهاد و بۆچوونێك بووە لە ئیبنوعەباسەوە؟

وە ئـــایــا ئیبنوعەبـــاس جورئـــەت و بوێـــریی ئەوە ئەکات کـــە، نەیاریـــی و دژبەریی لەگەڵ خوێندنەوەیەکـــدا بکـــات کە بە (**تَواتُر**) لە پێغەمبەرەوە گەشتبێت و چەسپا بێت، (ئەگەر لە بنەڕەتەوە خوێندنەوەیەکی لەو چەشنە هەبێت)؟

ئەگەر شتی وا نییە، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئەو بۆچوونە پشتڕاس بکاتەوە کە پێی وایە: ئەم جیاوازییە لە خوێندنەوەکانـــد، هەڵە و بەلاڕێـــدا بردنێکـــە لە شێوەی نوسینەوە و شیکار و (**إعراب**)دا و لەکاتی داڕشتن و نووسینـــەوەی ڕێزمان و ئیعراب و سەروبۆر و خاڵـــداناندا بۆ پەڕاو، لەسەر دەستی ئەبوو ئەسوەدی دوئەلیدا، لەوکاتەدا دزەی کردبێتە ناو ئەو بوارەوە؟ بۆ جاری سێیەم، وەڵام بەجێ دەهێڵین بۆ توێژەران.

دواتر دەچینە سەر ئایەتی ژمارە ٣٦ لە سورەتی **آل عمران**، لەوێش دەبینین ڕازیی دەڵێت: ئەبوبەکر لە عاصم و ئیبنوعامرەوە بەم شێوەیە ئایەتەکە دەخوێنێتەوە(**وضَعْتُ**) بەو پێیەی کە ئـــەو دەستەواژەیـــە قسەی ژنـــەکـــەی عیمرانـــە و وەك عوزرخواییەك گوتوویەتی، لەوەی کە ویستبێتـــی خواوەنـــد ئاگـــادار بـــکات لە شتێـــك کە خۆی ئاگـــای لێیەتـــی، دەبینین کە ئیبنوعەباس و ئەوانـــی تریش بە (**وضَعَتْ**) خوێندویانەتەوە و پێیـــان وابووە کە ڕستەکە، لە ئایەتەکەدا، ڕستەیەکی لابەلایی (**إعتراضية**).

بـــەڵام گرفت و دژوارییـــەکـــە لێرەدا نییـــە، بـــەڵکو دژواریـــی و(**مشكل**)ە کە لە درێژەی ڕستە لابەلاییەکەدایـــە کە دەڵێت: (**وَلَيْسَ الذَكَرُ كالأنثى**)، پێشتر ڕاڤـــەی ئەم بڕگەیە و کاریگەریی کۆمەڵگە لە سەر تێگەیشتنی دەقی قورئانییمان کرد.

ئێمە لە کۆمەڵگەیەکـــی نێرسالاریداین کە تێڕوانینی بۆ ژن لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە: ژن لەڕووی ڕەوشت و ژیریی و ئایینەوە ناتەواوە، هەروەها پێی وایە کە ئەگەر ژن لاساریی کرد، پێویستە، بە لێـــدان و کوتـــەك و تێبەربوون تەمێ بکرێت، و پێی وایە: بوونی مێینە نابێتە ڕێگر لە بەشە میراتـــی مامدا، ئەوجا خۆی لە بەردەم ئەم ئایەتەدا دەبینێتەوە کە ڕاشکاوانە ڕای دەگەیەنێت: بە ڕەهایی مێینـــە باشترە لە نێرینە، ئایا چ ڕێگەیەك هەیە بۆ دەرچوون لەم تەنگەبەرییە؟ لێرەدا سەرەی نەحوزان و فەقیهەکانە تا بێن و ڕای بگەیەنن کە ڕستەی : ﴿**وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَى**﴾ **آل عمران/٣٦**، ڕستەیەکـــی لابەلایـــی نییـــە و بڕیاری خواوەندیش نییـــە، بەڵکو قســـەی ژنەکـــەی عیمرانـــە، بۆ ئەوەی ئەو مانایە لە ئایەتەکە هەڵێنجێنین کە قسەی ژنەکەی عمرانە، نەك قسەی خواوەند، ئەوەش وا دەخوازێت کە پیتی (ت) لە ئایەتەکەدا جوڵەی ُ بۆرەی لەسەر دا بنرێت و بە (**وضَعْتُ**) بخوێنرێتەوە، تا لەوێوە لە تەنگژە و تەنگەبەرییەکە دەرباز بین!

ئێمەش دەپرسین: ئایا لە خوێندنەوەکانـــی دابەزێنراوی بەجێـــدا، دوو خوێندنەوەی دژ بەیەك هەردووکیان ڕێگە پێدراون؟!

یان ئایا بابەتەکە لـــە بنـەڕەتدا بـــابەتـــی جیاوازیـــی خوێندنەوەکانە، یان تەنها دەرچەیەکی زمانەوانییـــە و دوای کۆچی دوایـــی پێغەمبەر (سلاوی لـــەسەر) و دوای ڕووداوی (**فَدَك**) دزەی کردوەتە ناوەوە؟

سەبارە بە ئایەتـی: ﴿... **فَقَاتِلُوا أَئِمَّةَ الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لَا أَيْمَانَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنتَهُونَ**﴾ **التوبة/١٢**، پێشەوا ڕازیی دەڵێت: نافع و ئیبنوکەسیر و ئەباعەمر، وشەکەیان بە (**أيِمَّة**) خوێندوەتەوە، کە خۆی لە بنەڕەتدا دوو (أ)ن و یەکێکیـــان گۆڕدراوە و کراوە بـــە (ي)، چوونکـــە بە باش نەزانراوە دوو هەمزە کۆبکرێنـــەوە لە یەك وشەدا، ئەم بژاردەیە بـــەلای هەموو نـــەحوزانەکانەوە پەسەند بووە، بەڵام زەمەخشەریـــی لە **الكشـــاف** دا گوتوویەتـــی: (بەدانانـــی دوو هەمزەکەش، هەر

خوێندنەوەیەکـــــی بە ناوودەنگ و مەشورە، هەرچەندە بەلای بەسرەییەکانەوە پەسەند نییە، بەڵام دەربڕین و دان نان بە ي دا، نە خوێندنەوەیـــە و نە ڕێگەشی پێ دراوە وا بخوێنرێتەوە، هەرکەسیش وا بیخوێنێتەوە بالۆرە بێژێکی چەواشەکارە).أهـ.

پێشەوا ڕازییش دەڵێت: ئیبنوعامر بە **لاإیمان لهم** خوێندوویەتیـــەوە، ئەوانی تریش ئەلفەکەیان بە سەرە خوێندوەتەوە.

هەرکەس سەرنج بداتە قسەکانی زەمەخشەریی لە **الكشاف** ەکەیدا دەبینێت:

١ـ چەند خوێندنەوەیەکی بەناوودەنگ و مەشوور هەن کە، پەسەندن بەلای هەندێکیانەوە و بەلای هەندێکی تریشیانەوە ناپەسەندن.

٢ـ خوێندنەوە بە (ي) لادان و وەرچەرخانە.

٣ـ خوێندنەوەی نافع و ئیـــبنوکەسیر و ئەبـــوعەمر، هەر خوێندنـــەوە نییـــە و ناشکرێت بە خوێندنەوە ناو ببرێت.

٤ـ چەند خوێندنەوەیـــەك هەن کـــە، خۆیـــان خوێندنـــەوە نین، بـــەڵام تێکەڵ کراوە لـــەگـــەڵ خوێندنەوەکاندا.

ئـــەم تێڕوانین و بۆچوونانە کـــە قسەی پێشەوایـــەکی زمانزان و خـــاوەنی تەفسیرێکە، بۆچوون گەلێکی مەترسیدارن.

دواجار دەگەینـــە سەر باســـی ئایەتـی: ﴿**قَالَ يَانُوحُ إِنَّـــهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ إِنَّـــهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ**﴾ الهود/٤٦، دەبینین **الرَّازي** لە بەرگی ١٨ لاپەڕە٣ـ٤ ی تەفسیرەکەیـــــدا دەڵێت: خوێندنەوەی **الكسائي** کە لەسەر شێوە و داڕشتەی ڕابوردوو گۆڕیویەتـــی بە فەتحە و سەرە و بەم شێوەیـــە خوێندوویەتیەوە: **إنە عمِلَ غيرَ صلح**، واتاکەشی، دەبێتە ئەوەی کە: کوڕەکەت کارێکی ناباشی

کردووە، واتـــە: هاوەڵـــی بڕیارداوە بۆ خواوەنـــد و درۆی کردووە، ئەوانـــی تریش بە(**عملٌ**) خوێندویانەتەوە.

هەندێکیشیـــان گوتوویانـــە کە ڕانـــاوی (**إنه**)، بۆ داواکە دەگەڕێتـــەوە، واتە: داوای نووح لە پەروەردگاری کە کوڕەکەی دەرباز بکات (تەنها لەبەر ئەوەی کە کوڕی ئەوە) دوای ئەوەی کە بڕیاری یەکلاکەرەوە درابوو کە کافران دەرباز بوونیان بۆ نییە، کارێکی نابەجێ و ناباش بووە.

هەندێکیشیـــان لە مانای: ﴿**إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَـالِحٍ**﴾ دا دەڵێـــــن: ئەو کوڕە منداڵ و بەرهەمی داوێن پیسییە، ئەم قسەیە بە تەواوی پووچ و بەتاڵە.أهـ.

جارێـکی تر دەڵێیـــن: گرفتەکە تەنـــها لە (**عملٌ**) یان (**عمِلَ**) دا نییـــە، یـــان لە ڕاناوی (**إنه**) دا نییـــە، کە ئایا ڕاناوەکە بۆلای کێ دەگەڕێتـــــەوە (بۆ لای ئەوە دەگەڕێتەوە کە نووح بیری خوای خستوەتەوە کە، کەسە ژێرئاوکەوتووەکە لە خاندانـــی ئەوە، یان بۆ لای کوڕە خنکاوەکە بووە)، گرفتەکە لە (**عصمة**) و لە هەڵە پارێزراوی پێغەمبـــەران و پەیامهێناندایە، کە ئایا ئەو سیفەت و ئاکارەیان هەیە یان نا؟

بێجگە لەمە، نۆرەی ئەو وەڵەفە لێدانە نەحوی و زمانەوانیی و ڕێزمانیانەیە، کە هەریەکەیان بەدوای ڕوماڵکەرێکەوەن تا ڕوماڵی دیدگای خاوەنەکانیانی پێ بکەن.

گرفتەکە لە (**آل**) و (**أهل**) ی پێغەمبەران و عیصمەت و دوورییاندایە لە تاوانەوە.

گرفتەکە سەرەتا لەگەڵ ژنەکەی نووحدا و لەم ئایەتـــەوە سەری هەڵدا: ﴿**ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِلَّذِينَ كَفَرُوا امْرَأَةَ نُوحٍ وَامْرَأَةَ لُوطٍ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَالِحَيْنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنْ اللَّهِ شَيْئًا وَقِيلَ ادْخُلَا النَّارَ مَعَ الدَّاخِلِينَ**﴾ **التحريم/١٠**.

ژنەکەی نووح نموونەیە بۆ کافرەکان، کە هاوسەربوونـــی مێردەکـەی لـە بەرانبەر خواوەنددا هیچی پێ نەکرا بۆی، چوونکە ناپاك بوو، چووە ئاگرەوە، مادام سەرەنجامەکەی بەرەو ئاگرە،

ئیتر زۆر گرنگ نییە کە ناپاکییەکەی لەڕووی جەستەییەوە بووە کە خراپەکاریی کردووە، یان لەڕووی بیروباوەڕەوە کە کوفری کردبێت.

کوڕەکەی نووحیش منداڵێك بوو، دووجار سەرپێچی فەرمانی نووحی کرد، جارێك وەك باوك و جارێکیش وەك پێغەمبەر، بەکەمیش سەیری کار و فەرمانی خواوەندی کرد و سەرکەشانە وایدەزانی کە کێوەکــە دەیپارێزێت، تــا دواجار چووە ڕیزی خنــکاو و ژێرئاو کەوتووەکانەوە، ئیتر زۆر گرنگ نییە کە ئایا نەوەی ناپاکیی و زینایە، یان نا، وە هیچ لە بابەتەکان ناگۆڕێت کە ڕاناوی(إنه)وەکە، بۆلای کوڕەکە دەگەڕێتەوە یان بۆ لای کەسی تر، چوونکە ئەو،دواجار لە خانەی خنکاوەکاندا بوو، هەروەها مادام مەبەستە خواییەکە بەلای هەموو کەسێکی خاوەن ژیرییەوە ڕوون و ئاشکرا بوو و ڕوونـــــی کردەوە کە نزیکیی لە پێوەرە خواییەکاندا، نزیکیی ئایین و پابەندییە بە ئایینەوە،نەك پەیوەندیی خزمایەتیی و ڕەچەڵەك، هەروەها ڕوونی کردەوە کە ئال و ئەهلی پێغەمبەران و پەیامهێنان، ئەو کەسانەن کە باوەڕیان پێ دەهێنن، نەك تەنها ژن و منداڵ ومامەکانیان، بۆنموونە: نووح لە بەرانبەر فەرمانی خواوەندا، هیچی پێ نەکرا بۆ ژنەکەی و کوڕەکەی.

مەبەست و مەرامی دووەمـــی خواوەندیش لە ئایەتەکاندا، بریتییە لەوەی کە پێغەمبەران و پەیامهێنـــان خۆیـــان بـــەدوور و پـــارێزراو نین لە هەڵە و تاوان، بەڵکو تەنها لە گەیاندنی پەیامەکەیاندا بێ هەڵە و مەعصومن.

کاتێــك ئێمە لــەو مەبەستـــە خواییـــە تێ دەگەین و کـاری پێ دەکەیــن، ئەو تێگەیشتن و کارپێکردنـــە، هیچ بێڕێزیـــی و سووکایەتییەکـــی تێدا نییـــە بۆ پێغەمبەران و پەیامهێنان، هەروەك چۆن هەندێك وا پێیان خۆشە و وا وێنا و بیردەکەنەوە کە یـــــەکێك لە درووسکراو و بەندەکانی خوا، بکەنە شەریك و هاوبەشی خوا لە بێگەردیـــی و مانەوەیدا، هەر بەمەشەوە

ناوەستن، بەڵکو ئەو مافە درێژدەکەنەوە بۆسەر ئەندامانـــــــی خاندانەکەی و ژن و منداڵ و نەوەکانی، یان بۆ سەر هاوەڵەکانی... **تعالى الله عما يُشركون.**

دیسانەوە دەپرسینەوە: ئەگەر ڕاڤەکارەکانی پێشین، (بەو پێیەی لە سەردەم و کۆمەڵگەیەکدا ژیاون کە نزیکیی و حزمایەتیی پێغەمبــەر، لە ژن و مام و منداڵەوە بیگرە تا دەگاتە نەوە و ئامۆزا و پورزا، زاڵ بووە بەسەریانــدا و ئەوان حوکمڕانــی ئەو کۆمەڵگایــانە بوون و لەژێر دروشمی خزمایەتیدا، لەو کۆمەڵگایانەدا خوێن ڕژاوە و شەڕ و ئاژاوەیان تێدا بەرپا کراوە)، بیانوویـــان هەبووە و نەیـــان توانیـــوە لەو جۆرە دەرەنجام و بـــەرداشت و پێکەوە گرێدانانە بکۆڵنەوە، ئایا ئێمەش لـــەم سەردەمەدا کە شمشێر و ڕم و تیرەکانـــی (عەباسیی و تالبیی و زوبەیریی و ئومەویی و فاتمیی و حەمدانییەکان) لەسەر گەردنـــی خەڵك هەڵگیراون، هەر ئەو بیانوەمان هەیە کە بەردەوام لەسەر ئەو چەشنە تێگەیشتنانە بمێنینەوە و وەك بناغەی دین و ئایین سەیر و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین؟

باوەڕمان وایە ئەو ڕاڤە و شیکارەی کە کردمان بۆ خوێندنەوەکان، بەس بێت بۆ دەمکوت کردنی شافیعیی، لە پشت بەستنیدا بە گێڕانەوەی هەمەچەشن، لە ژێر بیانووی خوێندنەوەی جیاوازدا بۆ ئەو گێڕانەوانە، لە ڕێگەی ئەو لێکۆڵینـــــەوە و شیکـــاریەدا کـــە کردمان، ڕوون بوویەوە کە ئەو کارانە هیچ نین بێجگە لە ڕێگەیەك بۆ خۆ دەرباز کردن بۆ پشت بەستن بە جیاوازیی گێڕانەوەکان، تەنانەت لە حەدیسە **مُتَواتِرە**کانیشدا، وەك حەدیسی: **(من كذب علي متعمداً...)** کە موتەواترە و پانزە گێڕانەوەی هەیە.

ئـــەو قسەیـــەش کـــە دەڵێ: دابەزێنراوی بـــەجێ بـــەزمانـــی قورەیش دابەزیوە، قسە فڕێدان و پرۆژەیـــەکـــە کـــە ڕۆژهەڵات نـــاسەکـــان پێداگرییـــان لـــەسەر کردووە، چوونکە پێیان وابووە پێغەمبەر قورئانی داناوە و ئەویش قورەیشییە.

بەڵام ئێمە ڕامان وایە و دەڵێین: لە دەرەوەی کەسایەتیی پێغەمبەرەوە، دابەزێنراوی بەجیٚ بەزمانێکی عەرەبیی پارا و دارێژراوە و بەشێوەی گۆکراو (**مَنطوق**)، نەك نووسراو (**مَخطوط**)، هاتووە بۆ پێغەمبەر: ﴿**وَمَا يَنْطِقُ عَنْ الْهَوَى**﴾ **النجم/٣**، و﴿**نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ * عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنْ الْمُنذِرِينَ *بِلِسَانٍ عَرَبِي مُبِينٍ**﴾ **الشعراء/ ١٩٣- ١٩٥**.

خستنە ڕوو و بۆچوونی دابەزینی دابەزێنراوی بەجیٚ، بەزمانی قورەیش و هەروەها خستنە ڕوو و بۆچوونی خوێندنەوە جیاوەزەکانیش، بۆچوونێکی لاوازن.

ئەو قسەیەش کە دەڵیٚ: عەرەبەکان پاش ئەوەی ئایەتەکانیان بیستووە و پێغەمبەر مولەتی داون تا بە شێوەزارە جیاوازەکانی خۆیان گۆی بکەن و بیخوێننەوە، ئەم بابەتە بابەتێکی مرۆڤانەی ڕووتە و ئێمە وای دەبینین کە: تێگەیشتن و چەمك و زاراوەی خوێندنەوەکان (**القراءات**)، لەم ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتبێت و دەرکەوتبێت، وەحیی و نیگاش، هیچ پەیوەندیەکی بەم بابەتەوە نییە.

ئەگەر پێویستیمان زۆر بێت بەوەی کە بە چاوی خۆمان و بە فامی سەردەمەوە، پەڕاوی خواوەند و کتێبەکانی تەفسیر و حەدیس و ژیاننامەی پێغەمبەر و کتێبە مێژووییەکان بخوێنینەوە، ئەوا بێگومان پێویستیمان بە پێداچوونەوە بەو بنەما و پێگانەدا زۆرتر و زیاترە کە لە ڕوانگەیانەوە ئەو پرۆسەی خوێندنەوەیە ئەنجام دەدەین. چوونکە گەر بمانەوێت و هەوڵ بدەین پەیامی ئاسمان، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بنەما و پێوەرانەدا بخوێنینەوە کە لە سەدەی دووەمی کۆچیدا و لەسەر بنەمای{باوەڕبوون بە (ترادف) و هاوواتایی و باوەڕبوون بە نەسخ و هۆکاری دابەزین و بوونی وشەی بێمانا و تێسمڕاندنی وشە و زاراوەکان} داهێنراون و نووسراونەتەوە، پەی بەهیچ شتێکی زیاتر لەوە نابەین کە پێشینەکانمان زانیویانە و پەییان پیٚ بردووە و بەو ئاستەش زیاتر ناگەین کە ئەوان پێی گەشتوون. هەروەها گەر بمانەوێت جارێکی تر خوێندنەوە بۆ حەدیسەکانی پێغەمبەر و کتێبەکانی سیرە و مێژوو

بکەین و لە سەر هەمان بنەمای جاران و بەو چاوەوە بڕوانین کە لە هەڵسەنگاندنی کەسەکان و زنجیرەی کەسایەتیەکانی ناو گێڕانەوەی حەدیسەکاندا، پشت بە پێڕبازیی و دەستە گەریی دەبەستێت و لەو ڕوانگەیـــەوە چـــاکیی و لاوازیـــی حـــەدیسەکـــان دەسنیشان بکـات و لەو پێگەیەوە هەنگاو هەڵگرین کە دوو وەحیی و نیگا بوونیان هەیە و باوەڕمان ببێت بەوەی کە حەدیس لە توانایدا هەیە قورئان نەسخ بکاتەوە و لەکاری بخات و باوەڕمان وابێت کە پەیامی ئاسمان زیاتر پێویستی بە حەدیسە تا حەدیس بەو، لەباسی سەردەمی پێغەمبەریشدا، بەبێ جیاوازیی کردن لە نێوان ڕۆڵیـــدا وەك پەیامهێنێـــك و وەك پێغەمبەرێك و وەك مرۆڤێکی ئاسایـــی، جەخت لەوە بکەینـــەوە کە پێغەمبـــەر **معصوم** و پارێزرا و بووە لەهەموو هەڵەو تاوانێك، لە سەردەمەکانی دواتریشدا جەخت لەوە بکەینەوە کە ئەو (**عصمة**) و پارێز بەندیە، هەندێ جار بەهۆی خزمایەتیـی و نزیکیـــەوە و هەندێ جاریـــش بەهۆی زانست و دادگەریی و... تاد، بەمیرات مابێتەوە بۆ کەسانیتر. بۆیە دەڵێین و دووبارەی دەکەینەوە: نەك تەنها جارێـــك بەڵکـــو ئـــەگەر سەد جـــاریـــش بەم شێوەیـــە و لەم چوارچێوەیـــەدا، حەدیس و گێڕانەکان بخوێنینەوە، ناتوانین هیچ لەوە زیاتر بکەین کە پێشتر کراوە و ناتوانین هیچ لەوە زیاتر بڵێین کە پێشتر گوتراوە. لەم ڕوانگەیـــەوە ئێمە وادەبینین: گـــەر بمانەوێت فیقهێکی ئیسلامیی تازە بـــەرهەم بهێنین، پێویستـــە لەسەرمان و ئەرکـــی سەرشانمانە، چەند بناغـــە و بنەمایەکـــی هاوچەرخی تازە دابڕێژیـــن، هەروەها لەم پرۆسەیـــەدا پێویستـــــە هەردەم لە بیرمان بێت، ئـــەوەی ئێمەش دەمانەوێت بیـــکەین و واخەریکین دەیـــکەین، تەنـــها خوێندنەوەیەکی دووەمە، نەك کۆتا خوێندنـــەوە بێت (و ئیتر کەس بۆی نەبـــێت لە دەرەوەی ئەم خوێندنەوەیـــەوە بیر بکاتەوە)، چوونکە بەردەوام ڕۆژگار لە گەردوخولدایە و ناوەستێت، چاوی خوێنەریـــــش، بەپێی گۆڕانی سەردەم و کات و پێگە و ئاستە مەعریفییەکان، ئەویش سەرەمڕە لە گۆڕاندایە. ئەوەش کە هەردەم جێگیر و نەگۆڕە و هەبووە و هەر دەشمێنێتەوە، تەنها پەڕاوەکەی خواوەند و خواوەند خۆیەتی. ئەو گۆڕانە سەرەمڕەیەش کە دواجار ئێمە پێی دەگەین، سبەینێ دەبێتە مێژوو و کات بەجێی دەهێـــڵێت و تێـــی دەپەڕێنێت، خەڵـــك سبەی ڕۆژ، ڕێگەی پرۆسەی گۆڕانێکـــی تری تازە دەگرنەبـــەر، بەڵام ئاکامـــی کۆتایـــی، ئەو ڕۆژەیـــە کە خواوەند تیایـــدا میراتگری زەوی و هەبووەکانی ناویشیەتی.

## بناغە و بنەڕەتەکانی خوێندنەوەی هاوچەرخ

لە خوارەوە چەند خاڵێك دەخەینە ڕوو، کە دەشێ ببنە هەوێن و ناووك بۆ داڕشتنی چەن بنەمایەکی هاوچەرخ **أصول معاصرة:**

١ـ دابەزێنراوی بەجێ لە دەربڕین و داڕشتەکانیدا، خاڵییە لە (**ترادف**) و هاوواتایی وشەکان.

بۆنموونە: (**لوح المحفوظ**) جیایە لە (**الإمام المبين**)، (**ألأولاد**) جیایە لە (**ألأبناء**)، نە(**الفؤاد**)یانی (**القلب**)و، نە(**القلب**)یش واتای (**الفؤاد**)ە، وە(**للذكر مثل حظ الأنثيين**) ئەوە ناگەیەنێت کە(**للذكَر مِثلا حَظِّ الأنثى**).

٢ـ دابەزێنراوی بەجێ خاڵییە لە تێخزاندن و وشەی زیادە و بێواتا (**الحَشو واللَّغو والزّيادة**)، ئەوەش کە نەحوویەکان و زمانناسەکان بە زیادەیان داناوە لە نەحوودا، پێویستە بزانین لەواتا و ئاماژەکاندا زیاد نییە.

٣ـ دابەزێنراوی بەجێ لە ئاستێکی بەرزی ئەوتۆی ڕەوانبێژیدایە کە، بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین: لەم ڕوانگەیەوە تاکە پەڕاوە لە هەموو ئایەتەکانیدا خاڵی جیاکەرەوەی ئەوەیە کە: نەهێندە درێژەی داوە بە باسەکانی کە خوێنەری ماندوو بکات و نە هێندەش کورتە کە زیان بە واتای بابەتەکانی بگەیەنێت، بۆیە پێویستە لە سەرمان، ئەوەش بخوێنینەوە کە ڕەوانبێژیی و بەلاغە دەیخوازێت، بۆ نموونە: لە ئایەتەکانی میراتدا، بێدەنگ بووە لە ئاست ناوهێناندا، وەك ئەم ئایەتە: ﴿**وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ**﴾ هەروەها: ﴿**فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ**﴾ **النساء/١١**.

٤ـ دابەزێنراوی بەجێ لە داڕشتن و واتاکانیدا زۆر وردەکار و بە دیقەتە، وردەکارییەکی ئەوتۆ کە هیچی کەم نییە لەو وردەکارییەی کە لە کیمیا و فیزیا و پزیشکیی و بیرکاریدا هەیە، ئەمەش دیاردە و کارێکی سروشتییە.

چوونکە درووستکەر و بەدیی هێنەری ئەم گەردوونە، لە بچووکترین گەردیلەیەوە بیگرە تا دەگاتە گەورەتریـــن کەشکەشان، وە بەدیهێنـــەری مرۆڤ بە هۆش و دەماغیـــەوە و بە خوێن هێنەر و خوێن بەر و ئێسك و گۆشت و پێست و قژ و کۆئەندامەکانی بیستن و بینین و هەست کردنیـــەوە، هەمان ئەو سەرچاوەیـــە کـــە خاوەنـــی ئـەم دابەزێنراوەیـــە و پێویستە یەکتایی بەدیهێنەر و یەکتایی ئەو سیستەمـــەی کـــە گـــەردوون بەڕێوە دەبـــات، لـــە هەموویـــاندا بدرەوشێتەوە.

هەموو پیت و وشەیەك کە لەم پەڕاوەداهەن، ئەرکێکیان لە ئەستۆدایە: ﴿**وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ**﴾ **النساء/١١**. هەرگیز واتای ئەوە نییە کە: (**ولوالديه لكل واحد منهما السدس**).

بۆیە گەشەی ئاستی وردەکاریی ئێمە، زۆر بـــەرزترە لـــە ئاستی وردەکاریی پێشینانمان، ڕاستە گەردوون هەر ئەو گەردوونەی سەردەمی ئەوانە، بەڵام ئاستی وردەکاریی و تێڕامانی ئێمە لە ئێستادا لە بواری لێکۆڵینەوە لە گەردوون، زۆر بەرزترە تەنانەت لەو ئاستەی کە لە سەدەی ڕابووردووشدا هەبووە.

بۆیە بەکار هێنانی وردەکاریی ئەم سەردەمە بناغەی خوێندنەوەی هاوچەرخە.

**٥- دابەزێنراوی بەجێ**، ڕاستاندن و بـــایەخدان (**المصداقية والأهمية**) لەخۆ دەگرێت، خۆی ڕاست و پڕاوپڕە لەگەڵ هەلومەرجـــی ژیان و یاسا سروشتییەکاندا، هاوشان لەگەڵ ئەم ڕاستییەیشدا خاڵییە لە بێ هوودەیی.

بۆیە کاتێك دەڵێت: ﴿**وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ قَلِيلًا مَا تُؤْمِنُونَ**﴾ **الحاقة/٤١**، ﴿**وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنْبَغِي لَهُ**﴾ **يس/٦٩**، ئەمە هەواڵکی ڕاستە، بەڵام گرنگی و بایەخەکەی لەکوێدایە، چوونکە هەرکەس لە ماوەی ئەو چل ساڵەی تەمەنیدا لەگەڵ پێغەمبەردا ژیابێت، دەزانێت کە شاعر نەبووە؟

بۆیە دەڵێین: گرنگیەکەی لەوەدایـــە کە خواوەند هۆشـــداریمان دەداتـــێ تا بە چاوی شیعر و هەڵبەستەوە نەڕوانینە دابەزێنراو و پەیامەکەی، یان بەو شێوەیە هەڵسووکەوت نەکەین لەگەڵ ئایەتەکانیدا و وەك بەستەی شیعریـــی مامەڵەیـــان لەگەڵدا نەکەیـن، چوونکە شیعر وەهم و خەیاڵە و هەوادارەکانی لە هەموو دۆڵێکدا خەیاڵی پێوە لێ دەدەن، بەڵام دابەزێنراوی بەجێ واقع و هەبوویەکە، شعریش خەیاڵێکی بێ کردارە، دابەزێنراو ڕاسگۆییە و شعریش خەڵکانی بێئاگا و هەوادارانی ڕابواردن شوێنی دەکەوون، بەڵام دابەزێنراوی بەجێ، باوەڕدارانی خاوەن ژیریی و تێڕوانین و تێگەیشتن، شوێنی دەکەون.

خواوەند ڕوو بەو موشرکانەی کە دەیانگووت: قورئان شعرە، دەڵێت: مادام هەمووتان دەزانن و دانی پێدا دەنێـن کـە پێغەمبەر شاعر نییـە، هەر بـەو شێوەیەش بزانن کـە دابەزێنراوی بەجێش شعر نییە و باوەڕی پێ بکەن و دانی پێدا بنێن.

لـە هەمان کاتـدا ڕوو بـە بـاوەڕدارانـیش دەڵێت: وریابن وەك شعر هەڵـسوکەوت لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێدا نەکەن.

ئەمەش بەرزترین و کەشخەترین ئاستی ڕەوانبێژییە.

بەداخەوە تـا ئەمڕۆش دابەزێنـراوی بەجێ لـەگـەڵ شعردا بـــەراورد دەکرێت و دەگوترێت دابەزێنراو مەیدانبازیی شعردەکات و بۆ ئەوە هاتووە، ئەمەش دوورە لە ڕاستیەوە و ئەو بۆ (تحدی) و مەیدانبازیی هەموو خەڵکی سەرزەوی هاتووە نەك تەنها شاعرەکان.

٦ـ دابەزێنراوی بەجێ ڕێنماییـــە بۆ خەڵك بـەگشتیی، لـەم ڕوانگەیەوە پێویستە بزانین کە مۆرکێکی مرۆیی هەیە، نەك مۆرکێکی عەرەبیی، بۆیە پێویستە ڕاستاندن و **مصداقية** ی لە سەرانسەری جیهاندا ببینین، نەك تەنها لە کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا، هەروەها لە هەموو کات و سەردەمەکاندا، نەك تەنها لە سەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵانیدا.

٧ـ دابەزێنراوی بەجێ لە دوو توێـــی خۆیدا پەیامـی پێغەمبەرایەتیی **محەممەد** (سڵاوی لەسەر)، چ وەك پێغەمبەر و (**النبي**)، چ وەك پەیامهێن (**الرسول**)، لەخۆ دەگرێت.

لەم ڕوانگەیەوە، دابەزێنراوی بەجێ و ئایەتەکانـــی، ئایەتەکانی **نبوة** و پێغەمبەرایەتیی لەخۆ دەگرن کە ڕاڤـــەی یاسا گەردوونیـــەکـان دەکەن و ڕاستانـــدن و بەدرۆخستنـــەوە (**التصدیق و التکذیب**)یش لـــەخۆ دەگرن، هەروەها ئایـــەتەکانـــی دابـــەزێنراوی بەجـــێ، ئایەتـەکانی پەیایـش (**الرسالة**)، لەخۆ دەگرن کە ئایەتەکانـــی پێغـەمبەرایـــەتیش،حوکمەکان و فەرمان و ڕێگرییەکان ڕاڤەدەکەن و گوێڕایەڵیی و سەرپێچیی (**الطاعة والمعصیة**) ش لەخۆ دەگرن.

ئایەتەکانی پێغەمبەرایەتیش بریتین لە: ئایەتە لێکچوو(المتشابهات)ەکان، کە ژێر باری یاسای جێگیریی دەق و جووڵەی ناوەڕۆکن(**ثبات النص وحرکة المحتوی**)،دەشێ لەبەر ڕۆشنایی گەشەی زەمینەی مەعریفـــی و لە هەموو کات و سەردەمەکاندا سەرلەنوێ خوێندنەوەیان بۆ بکرێت.

ئایەتەکانـــی **الرّسالة** و پەیامهێنیش، بریتیـــن لـە ئایەتـــە فەرماندار**المُحکَمات** ەکان، کە تەنها لە حاڵەتی (**الحدودیة والحنیفیة**)دا بۆ هەمووکات و سەردەمێك دەشێن، مەبەست لەم دوو چەمکـــەش ئەوەیـــە کـــە: بـــە نـــەرموونیـــانییـــەوە توانـــای گونجانیـــان تێـــدا بێت لـــەگەڵ گۆڕانکارییـــەکانی هەموو کـــات و شوێنەکـــاندا، واتـــە: دەس بدەن بۆ ئیجتیهاد و تێڕامان و بەراورد کردنیان لەگەڵ هەلومەرجە بابەتییە تازەکانی ناو کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا.

بۆیە، ئیجتیهاد و تێڕامان، لەدەقدا نەبێت ڕوونادات، لە دەرەوەی دەقیشەوە چیت پێباشە ئەوە بکە.

٨ـ بابەتـــی ئەوەی کە ئایەتەکانـــی ئەحکام باس لە کۆمەڵـێ سنوور دەکەن، لە سنوورەکانی خواوەندا، بەرجەستە دەبێت.

دووچەشنیان تێدا دەناسینەوە:

**یەکەم:** سنورگەلێك کە ناکرێت ونابێت پێشێل بکرێن، بەڵکوو دەکرێت و دەشێت لەلێواریاندا بوەستینەوە، وەك سنوورەکانی میرات، کە لەم ئایەتانەدا باسیان لێوە کراوە: ﴿**تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ*وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ**﴾ **النساء/١٢ـ ١٤.**

**دووەم:** سنور گەلێکن کە نابێت نزیکیان کەوینەوە و نابێت لەسەر لێوارەکانیان بوەستین، وەك سنوورەکانی ڕۆژوو کە لەم ئایەتەدا ئاماژەی پێ کراوە: ﴿**وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمْ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنْ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنْ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا**﴾ **البقرة/ ١٨٧.**

لێرەوە تێدەگەین کە ڕۆژوو، بوار و کێڵگەیەکە سنوور و سەرحەدی سەرەتاکەی بریتییە لە جیاکردنەوەی تاڵەدەزووی سپیی لە تاڵەدەزووی ڕەش، وە سنوور و سەرحەدی کۆتاییشی بریتییە لە داهاتنی شەو.

بەڵام خواوەند لێرەدا ڕێنوێنیمان دەکات بۆ ئەوەی خۆمان دوور بگرین و نزیك نەکەوینەوە لە سنوری سەرەتا و کۆتاییەکەی و پێویستە پێوەیان نەلکێین، بەڵکو دەبێت ناوچەیەکی دڵنیایی بەچەن خولەکێك پێش فەجر و دوای خۆرئاوابوون بهێڵینەوە.

هەروەها سنوور و سەرحەدی زینا، ئەویش یەکێکە لەو سنوورانەی کە بەرگەی لە سەروەستان و لە سەر لێوار وەستان ناگرێت، چوونکە وەستان لە لێواری زینادا، خۆی زینایە، بۆیە پێویستە ناوچەیەکی دڵنیایی بهێڵینەوە، کە دابوو نەریتەکانی هەرکۆمەڵگەیەك ڕادە و ڕێژەی ئەو ناوچەی دڵنیاییە دەسنیشان دەکەن.

٩ـ لەناو مەسحەفی بەڕێزدا، ناسخ و مەنسووخ نییە، هەر ئایەتێك بواری تایبەت بەخۆی هەیە، هەموو فەرمانێکیش بواری تایبەت بەخۆی هەیە و کاری تێدا دەکات.

ڕاستاندن و میصداقیەتی ئەو فەرموودەی خواوەندیش کە دەڵێت: ﴿**مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ**﴾ **البقرة/١٠٦**، لەوەدایە کە ئەو نەسخ و لابردنە لە شەریعەتەکاندایە، نەك لەم کتێبەی بەردەستمان و دوا پەیامدا.

چوونکە چەندین حەرام و قەدەغەکراو هەبوون کە شەریعەتی موسا قەدەغەی کردبوون، دواتر عیسای مەسیح هات و حەڵاڵی کردن، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستییە ئەم بڕگە ئایەتەیە: ﴿**وَلِأُحِلَّ لَكُمْ بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ**﴾ **آل عمران/٥٠**.

واتە: بۆ ئەوەی هەندێ لەوەی کە لێتان حەرام کرابوو حەڵاڵ بکەم بۆتان.

دواتر **محەممە**دیش هات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پەیامەکەیەوە، هەندێ لەوەی کە لە پەیامەکەی موسادا هاتبوو بسڕێتەوە، وەك بەدڕەفتارییەکان **الفواحش** و بیگۆڕێت بە چەند فەرمانێکی تر و چەن حوکم و فەرمانێکی تر زیاد بکات کە پێشتر نەهاتبوون، وەك: وەسیەت و ڕاسپاردن و میرات.

بەڵام نەسخ بە واتا و تێگەیشتنە باوەکەی کە ئەمڕۆ لەناو خەڵکدا هەیە و پێی وایە ئایەتە نەسخ کراو و لابراوەکان و هەڵوەشێنراوەکان خۆیا دەدەن لە چەن سەد ئایەتێك و جیهادی تێدا دەگۆڕێت بۆ غەزو و هەڵکوتانەسەر و، شمشێر لە جێگەی ئامۆژگاریی چاکدا دادەنێت، ئەو چەشنە تێگەیشتن و واتایە، لای ئێمە بایەخی نییە.

بەلای ئێمەوە نەسخ، هیچی کەمتر نییە لە دابەزینی یەکەم جاری ئایەت و حوکمەکە، هەروەها پێمان وایە کە ئەو ڕێوشوێن و ڕێکارانەی کە ئەنجومەنەکانی کۆکردنەوەی ئایەتەکان لە سەردەمی ئەبووبەکر و عومەر و عوسماندا گرتیانە بەر، پێویستە هەر پەیڕەویی لەو ڕێکارانە بکرێت لە دەسنیشانکردن و دان پێدانانی بابەتی نەسخیشدا لە پەڕاوی خواوەنددا، هەروەها پێویستە ئەوەشمان لەبیر بێت کە تەنها خاوەنی پەیامەکە خۆی، ئەو

مافەی هەیە نەسخ و لەکارخستنیشی تێدا بکات و تەنها گوێزەرەوەی پەیامەکەش کە (جبریل) ە، بەرپرسە لە ڕاگەیاندنی هەرچەشنە گۆڕانکارییەك تیایدا، ئەمە لەکاتێکدایە کە بێجگە لە چەن هەواڵکی پەرشوبڵاو هیچ گێڕانەوە و هەواڵێکی چەسپێنراو نییە کە نەسخ و گۆڕین پشتڕاس بکاتەوە، ئەو هەواڵە پەرش و بڵاوانەش شایستە نین بۆ ئەوەی پشتیان پێببەسرێت لە بابەتێکـــی بنەڕەتیـــی وەك نەسخدا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نەبوونی گیانی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتیی لەو کەسانەدا کە ئەم بابەتانە دەگێڕن.

١٠ـ کۆدەنگیـــی و ئیجماعیش، بریتییـــە لە کۆدەنگیـــی کەسانێکـــی زیند وو، لەبارەی: فەرمانێـــك، ڕێگرییـــەك، ڕێگـــە پێدانێك، ڕێگیری کردنێـك (**أمر/نهي/سماح/منع**) و هیچ پەیوەندییەکی نییە بە چوارده حەرام کراوەکەوە، بۆ نموونە: جگەرە کێشان، پاش ئەوەی کە زیانەکانـــی ڕوون بوونەوە، دواتر دەکرێت لە ڕێگـــەی ڕاپرسیـــی و ئەنجوومەنە میلیـــی و پەرلەمانەکانـــەوە، ڕێگیریـــی لەکێشانـــی بکرێـــت، یان قەدەغە بـــکرێت، یان وەك: چەند هاوسەرگیریی(**تعدد الزوجات**)،کە ئەشێ ڕێگەی لـــێ بگیرێت، نەك حەرام بـــکرێت، ڕێگە لێ گرتنەکەش دەکرێت لە ڕێگەی ڕاپرسیی و پەرلەمانەکانەوە بێت.

١١ـ قیاس و بەراورد کردنیش، پێویستە لەسەر بنەما و بەڵگەی ماددیـــی و زانستیی بێت و لە لایەن زانـــا و پسپۆڕانـــی بوارەکانی سروشتنـــاسیـــی و کۆمەڵایـــەتیـــی و سەرژمێریـــی و ئابوورییەوە بێت.

لە ڕاستیدا زانایانـــی ئەم بوارانە، ڕاوێژکارانی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی سیاسین، نەك زانایانی ئاینیی و دامەزراوە و ئەنجومەنەکانی فەتوادان.

پاش بەراوردی بەڵگە و زانراوەکـان و بەپێی ئەو بەڵگانـــە، پرۆسەی ڕێگە پێدان، یان ڕێگریی لێ کردن ئەنجام دەدرێت، نەك حەرام کردن و حەڵاڵ کردن.

١٢ـ ڕوون کردنــەوەی جیاوازیـــی کردن لە نێوان: حەرام کردن **التحريم** لەلایەك و ڕێگریـــی و قەدەغەکردن **النهي والمنع** یش لەلایەکی ترەوە، هەروەها لە نێوان: فەرمان پێـــکردن و ڕێگە پێدان **(الامر والسماح)**، و زانین و ڕوون کردنـــەوەی ڕۆڵـــی خوایـی و فەرمانــە خوداییەکان و ڕۆڵی کاربەدەستان و خەڵکیشە لە هەریەکەیاندا.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا کە (چواردە قەدەغەکراوەکە)، لەخانـەی ئیجتیهاد و ئیجماع و قیاسدا نین و ناچنە ژێرباری ئەوانەوە، دەتوانرێت گوتاری ئیسلامیی هاوچەرخ، وەك سۆز و بەزەییەك بۆ هەموو جیهان، لە جوغز و گێژاوی ناوچەگەریـــەوە دەرباز بـــکرێت بۆ خولگە و ئاراستەی جیهانیی.

١٣ـ تێگەیشتن لە ڕۆڵی پێغەمبەریش{کە لە سەردەمی خۆیدا و بە تێڕامان و ئیجتیهادی خۆی لە بواری حەڵاڵدا لەلایەکەوە بە مەرجدارکردن و لەلایەکیشەوە بە ڕەهاکردنی، لە پێناو بونیاد نانی کۆمەڵگە و دەوڵەتێکی مێژوویی و لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکاریەکانی کات و شوێن (مێژوو و جوگرافیا) دا}، تاکە ڕێگەیە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو قسەیەی زانایانی ئصوڵ کە گوتوویانە: حوکم و فەرمانەکان دەگۆڕێن بە پێی گۆڕانی کات و شوێنەکان، ئەمە ئەو کارەیە کە ئێمە بە هەنگاوێکی بنەڕەتیی دەزانین بۆ دەربازکردنی گوتاری ئیسلامیی لە چوار چێوەی شوێن (نیوچە دورگەی عەرەبیی) و لە چوار چێـــوەی کات (سەدەی حەوتەمـی زاینیی) ەوە، بۆ مەودای فراوانی جیهانیی و هەموو خەڵك بە گشتیی.

١٤ـ سوننەتـی پێغەمبـەر، چ وەك پێغەمبـــەر و چ وەك پەیامهێن (**السنـــة النبوية والسنة الرسوليـــة**) بابەتێکـــە و، کتێبەکانـی حەدیس وموەوتەئەکـان وسەحیحەکان و سونەنەکان و موستەدرەکەکان و ڕاڤەکانیشیـــان بابەتێکـی ترن. دواتر باس لە تێگەیشتنی هاوچەرخمان بۆ هەریەك لە دووبەشەکەی سوننەت دەخەینە ڕوو.

ئەمانە دیــار ترین ئەو خاڵانە بوون کــە ئێمە بەشیاویـــان دەزانین، بکرێنە خاڵی دەسپێك بۆ خوێندنەوەی دووەم بۆ پەڕاو و سوننەت (**الكتاب والسنة**)، بەڵام بە مەرجێك کە لە بیرمان بێت ئەم خوێندنەوەیەش، نابێت بکرێتە کۆتـــا خوێندنەوە، بۆ ئەوەی ئێمەش وەك پێشینگـــەرا و ئابائییـــەکان (**السلف والسلفيون والآباء والآبائيون**)، نەکەوینـــە ئەو هەڵەیـــەوە کە ئەوان تێـــی کەوتوون.ئەو کەسەش کە لافی ئەوە لێ دەدات کە بە تێگەیشتنێکی ڕەها لەکۆی ئامانج و واتاکانـــی پەڕاوی خواوەند لە سەرەتای دابەزینیەوە تا کۆتایـــی تێگەشتووە، ئەوە با بزانێت لافی هاوتایەتیـــی و شەریکایەتیـــی خواوەند لە زانینیدا لێ دەدات، بەڵگەی ئەم تێگەشتن و بۆچوونـــــەشمان ئەم ئایەتەیە: ﴿**وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَسْتَ مُرْسَلًا قُلْ كَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَمَنْ عِنْدَهُ عِلْمُ الْكِتَابِ**﴾ **الرعد/٤٣**. واتە: ئەوانەی کوفریان کرد، بەتۆ دەڵێن: تۆ نێردرا و نیت، بڵێ: خواوەند بەسە گەواه و شایـــەد بێت لە نێوان من و ئێوەدا، هەروەها ئەو کەسەی کە زانیاریی پەڕاوی لایە.کێ زانیاریی پەڕاوی لایە؟(١)

(١) نووسەر لەم تێزەیدا مەبەستی ئەوەیە کە، لە هەر سەردەمێکدا مرۆڤایەتیی بەپێی ئاستی مەعریفیی ئـەو سەردەمە (کە مەگەر خواوەند خۆی بزانێت چەند جۆر تێگەیشتنن)، چەشنێك تێگەیشتنـــی تایبـــەت بەخۆیان و سەردەمەکـەیان دەبێت بۆ پەیام و پەڕاوەکەی خواوەند، کەواتە: کۆی ئەو هەموو تێگەیشتنانـــە پێکەوە، ئەوجا دەبێتە تێگەیشتنی تەواو لەو پەیامە. بەو پێیە، خواوەند خۆی نەبێت، هیچ کەس کۆی ئەو تێگەیشتنانەی لانییە کە **علم الكتاب** پێکدەهێنن. (وەرگێڕ)

# پوختە و کۆتایی لێکۆڵینەوە و بابەتەکە

ئێمە ئێستا لە سەدەی بیستویەکداییـــن و چواردە سەدە تێپـــەڕیوە بەسەر پەیامەکـــەی محەممەددا، ئێمە زۆر زۆرتر و زیاتر لە پێشینـــان دەزانیـن لە بارەی جیهان و گەردوونەوە، ئەم ئایەتانەشمان لە بەردەسدایە کە دەڵێن: ﴿قُلْ يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا﴾ الاعراف/١٥٨و﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ الروم/٣٠.

بڵێ: ئەی خەڵکینە، من نێردرا و پەیامهێنی خواوەندم بۆ لای کۆی ئێوە و هەمووتان.

واتە: ڕووی خۆت ڕاگرا بە ئاراستەی ئایینی ڕاستـی هەردەم لـەگـەشە، سروشت و داڕشتەی خوایی، ئەو داڕشتـەی کە هەموو خەڵکی لەسەر داڕشتووە، بەدیهێنانی خوا گۆڕانکاریی تێدا ناکرێت، ئەوە ئایین و بەرنامەی خواوەندە، وەلێ، زۆرێك لە خەڵك نافامن.

ئایا پاش ئەم ماوە زۆرە، مافـی خۆمان نییە بپرسین: ڕاستاندن و میصداقییەتی ئەو جیهانی بوونەی پەیامە محەممەدییـەکە، کوا و لە کوێدایـە، هەروەها بپرسین ڕاستاندن و میصداقیەتی ئەوەی کە دین و ئایینەکەمان ئایینی سروشت و فیترەتە و ئایینی ڕاست و دروستە، کوا؟

ئایا مافی ئەوەمان نییە بپرسین: جیهانیـی بوون و گونجانی ئەو دینە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا لەکوێدایە، لە کاتێکدا دەبینین کە فیقهـی ئیسلامیـی پێ لەسەر خۆجێیـی بوونی دینەکە دادەگرێت و گوفتار و گوتاری خواوەند دادەبڕێت لە خەڵك و قەتیسی دەکات لە عەرەبدا، گۆی زەویش کورت و خڕ دەکاتەوە لە نیوچە دورگەی عەرەبیدا، مێژووش کورت دەکاتەوە و دەیخزێنێتە سەردەمـی پێغەمبەرایەتییـەوە، هەڵسووکەوتـی مرۆییانەش کورت دەکاتەوە و دەیگێڕێتـەوە بۆ ئەو کۆمەڵـە ڕەوشتانـەی کە ئەو سەردەمـە لە شاری یەسربدا هەبوون و باوبوون؟

ئێمە وەك هەندێ کەس وا گومان دەبەن، ناڵێین و داوای ئەوە ناکەین کە، ڕەگ و ڕیشەی مێژوویيمان ببڕین ، چوونکە ئەوە قسەو بۆچوونی کەسانی دەبەنگ و نەفامە.

بەڵکو ئێمە دەڵێین: لە باتی ئەوەی لەسەر چەند ڕەگێکی مێژوویی بژین کە خاوەنەکانیان مردوون، وەرن با ئێمەش ڕیشەیەکی تازە درووست بکەین بۆ خۆمان و لە سەری بژیین، وەرن با بە چاوی خۆمان سەیری جیهانی خۆمان بکەین، نەك چاویلکەکانی شافیعیی و مالیك و ئەبوحەنیفە بخوازین و لە ڕێگەی ئەوانەوە بڕوانینە جیهانی سەردەم، لە کاتێکدا کە ئەوان کەسانێك بوون، ڕۆژێك لە ڕۆژان نەهات بە خەیاڵیاندا چاویلکەی کەس بخوازن و لەچاوی بکەن.

کاتی ئەوە هاتووە کە بیرکردنەوە لە ڕابووردوو تێپەڕێنین و بیر لە داهاتوو بکەینەوە، ئەمەش لە ڕاستیدا یەکێکە لە نەخۆشییەکانی عەقڵی عەرەبیی کە هەمیشە بیر لە ڕابووبردوو دەکاتەوە و لە ڕابوردوودا دەژی.

هەروەها وەك هەندێ کەسیش بەوە تۆمەتبارمان دەکەن، ئێمە ناڵێین: سوننەتی پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) وەلا بنرێت، [1] نەفام و گەمژە ئەو کەسەیە کە باوەڕ بە پەیامێك دەهێنێت و دواتر داوای کەنار خستن و پشتگوێ خستنی هەڵگری پەیامەکە دەکات.

ئێمە سوپاس بۆ خواوەند،باوەڕمان بە خواوەند و پەیامهێنەکەی و پەیامەکەشی و باوەڕیشمان بە ڕۆژێك هەیە کە هەمووکەس بەپێی کردەوەکانی پاداشت دەکرێت تیایدا.

گوتیان: سوننە ڕاڤەکاری پەڕاوە و ڕۆشنکەرەوەی فەرمان و حوکمەکانیەتی، ئێمەش دەڵێین: ئادەی ئەگەر ڕاسدەکەن کوان بەڵگەکانتان، بیانخەنەڕوو؟

[1] هەندێکیش زیاتر پەڕگیرییان کرد و ئەوەیان بە دەممانەوە بەست، گوایا ئێمە هەوڵی ڕووخاندنی پەڕاوی خواوەند و سوننەتی پەیامهێنەکەی دەدەین. ئەوەی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بەرگەی ئەم توانجانە بگرین ئەوەیە کە، هاوشێوەکانی ئەم کەسانە زۆرتریان گوتوە بەو کەسەی کە لە ئێمە باشترە، بۆیە **لاحول ولا قوة إلا بالله!**

لە چوارچێوەی ١١٤ سورەتدا، ٦٢٣٦ ئایەتمان هەیە، لە باشترین حاڵەتدا پێغەمبەر لە ١٥٪ زیاتری ڕاڤە و ڕوون نەکردوەتەوە، بەڵگەی کتێبەکانی **صِحاح** و زۆربەی ئەو ڕوون کردنەوانەش، تێچێن و سەرنجن، نەك ڕاڤە و ڕۆشن کردنەوە.

چۆن سوننە ڕاڤەکاری پەڕاوە، لە کاتێکدا کە چەندین سوورەت هەن، پێغەمبەر تەنانەت پیتێکیشی لەبارەوە نەگوتوون؟

یان چۆن تێبگەین و باوەڕ بهێنین کە ئەرکی پێغەمبەر ڕاڤەکردن و ڕۆشن کردنەوەی دابەزێنراوی بەجێیە، پاشان دەیان تەفسیر و کتێبی تر بەناوی تەفسیرەوە، خراونەتە بەردەستمان، کە زۆربەی ئەو کتێبانە ئەگەر لە ئایەتێکدا هاوڕابن، لە چەندینی تردا ڕای جیاوازیان هەیە و ناکۆکن؟

ئەگەر شیکار و ڕاڤەی دابەزێنراوی بەجێ، یەکێك بووە لە ئەرکەکانی سەرشانی پێغەمبەر (سلاوی لەسەر)، باشتر بوو ئەم ئایەتەی شیکار و ڕاڤە و ڕۆشن بکردایەتەوە کە، ئەمسەر و ئەوسەری پەڕاوی خواوەند پێکەوە گرێ دەدات: **﴿هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ﴾ آل عمران/٧.**

لەکاتێکدا کە ئەو هیچی لەبارەوە نەگووتووە، بەڵام ئەگەر کتێبەکانی تەفسیر بکەینەوە چەندین ڕاو بۆچوون دەبینین لەبارەی ئایەتەکەوە.

هەروەها خۆشەویست واتای: (**ألمص، ألم، يس**) و هاوشێوەکانیشی بۆ نەکردووین.

هەروەها گوتیان: سوننــــە حاکم و فەرمانداره بــەسەر پەڕاوه و بڕیاردەر و هەڵوەشێنەرەوە و ناسخیشە بۆی، گوتیشیان: هێندەی قورئان پێویستی بە سوننەیە، سوننە پێویستی بە قورئان نییە.[1]

ئێمەش بەو بەڕێزانە دەڵێین: سنوربەزێنــی و سەرکێشیتان وای لیّ کردوون، تەنانەت سادەترین بنەماکانی ژیریی و لۆژیکتـــان بیر چووەتەوە، چوونکــە هەموان دەزانن کــە، نابێت بەش و وەچی، هیچ شتێـــك زاڵ ببێتەوە و حوکمـــی شتەکــە خۆی بکـــاتەوە(**فالفرع لايمكن أن يحكم الأصل**)، هەروەها بە پیرۆز زانینی پێشینـــان و کەلەپوور، وای لیّ کردوون بەبێئەوەی بەخۆتان بزانن، تەنانەت خواوەندیش لە ئایەتەکانیدا بە درۆ بخەنەوە.

چوونکە لەکاتێکدا (قورئان) ڕوون و ڕۆشن و تەواو و بێکـەم و کوڕیە و ڕێنمایی و وردەکاریی هەموو شتێکی تێدایە، کەچـــی ئێوە دەڵێین: ناتەواوە، چوونکە ئەگەر پێتان وابوایە تەواوە، نەتان دەگوت: پێویستی بە کەسی ترە تا ڕوونی بکاتەوە، ئەمەش ڕێك،بەڕاست نەزانینی ئەم ئایەتەیە کە دەڵێت: ﴿**الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا**﴾ **المائدة/٣.**

واتە: ئەمڕۆ من ئایینەکەی ئێوەم تەواوکرد بۆتان و تەواوی نیعمەت و بەخششەکانی خۆمم تەواو کرد بەسەرتاندا و ڕازیی بووم بە ئیسلام وەك دینێك بۆتان.

هەروەها گوتیان: زانـایان میراتگـری پێغەمبــەرانن (**العلماء ورثة الأنبياء... الترمذي/٢٦٠٦**)، زانایانیش ئــەو پیاوە ئایینیيـــانەن کە شارەزان لە بابەتـــی میرات و فەرز کراو و سرووت و دروشمەکاندا، دواجار هەموو ئەمەشیان داوەتە پاڵ پێغەمبەر.

---

[1] جێگەی داخە ئەم دەستەواژانە بوونەتــە بنێشتــە خۆشـــەی سەرزمانی پیـــاوانی ئایینیی بەڕێز و لە هەموو کۆنیشت و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەیانڵێن و دەیانڵێنەوە.

ئێمەش دەڵێین: پێشتریش ئەم قسەیەتان داوەتە پاڵ پێغەمبەر(سڵاوی لەسەر)کە گوایا گوتوویەتی: (**نحن معشر الانبیاء لا نرث ولا نورث**)، ئێمە دەستەی پێغەمبەران، نەمیرات لە کەس دەگرین و نە کەسیش میراتمان لێ دەگرێت، باوەڕ بوون بە هەریەك لەم دوو قسەیە، ئەوی تریان پووچەڵ دەکاتەوە، هەرکەسیش باوەڕی بە هەردووکیان پێکەوە هەبێت، هەم خۆی گەمژەیە و هەم خەڵکیش بە گێل دەزانێت.

گوتیان: پێغەمبەران غەیب دەزانن و لەهەموو قسە و کردەوەکانیاندا مەعصوم و پارێزراون لە هەرچەشنە هەڵە و تاوانێك و پێشەوایان و ئەولیا و زانایانیش بەو پێیەی کە میراتگری پێغەمبەرن، ئەوانیش غەیب دەزانن و مەعصوم و بەدوورن لە هەڵە و تاوان لە قسە و کردەوە و ڕەفتاریاندا.

ئێمەش دەڵێین: ئەمە قسەیەکی حەق و ڕاستە، بەڵام نیاز و مەرامێکی خراپ و بێمانا لە پشتیەوە هەیە، بۆ نموونە: غەیب لە بنەڕەتەوە تایبەتە بە خواوەند و تەنها ئەو دەیزانێت، هەر لێرەشەوەیە کە لە چەندین ئایەتدا و بەنموونە: لە سورەتی **المائدة/١٠٩** بە: ﴿**عَلاّمُ الغُيُب**﴾ و لەسورەتی **الجن/٢٦** بە: ﴿**عَالِمُ الْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَى غَيْبِهِ أَحَدًا**﴾ ناو و وەصف و پەسنی هاتووە.

بەڵام خواوەند، کاتێك پێغەمبەرانی هەڵبژارد، هەندێ زانیاریی نهێنیشی پێدان، کە گەل و نەتەوەکانیان نەیان دەزانیی، ئەمەش بووە هۆکار بۆ چەسپاندن و سەلماندنی پەیام و پێغەمبەرایەتییەکەیان، بەڵام ئەو زانیارییانە، هیچیان غەیب و نەزانراوی داهاتوو نەبوون.

ئەمەش ڕێك ئەو ڕاستییەیە کە ئەم ئایەتە، لەسەر زاری پێغەمبەری عەرەبییەوە دەگێڕێتەوە کە ڕووبە خەڵکی سەردەمەکەی گوتوویەتی: ﴿**قُلْ لَا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنْ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِي السُّوءُ...** ﴾ **الاعراف/١٨٨**.

بلّێ: ئەوە نەبێت خواوەند ویستی لەسەر بێت، من هیچم بەدەس نیە لە سوود و زیان بۆ خۆم، ئەگەر غەیبم زانیبا، خێر و خێرات و باشەی زۆرم دەبوو و ناخۆشیی و نەخوازراوییش ڕیشی نەدەگرتم.

ئەوەش کە هەواڵی داونەتێ لەبارەی بوونی خواوەند و ڕۆژی دواییەوە، ڕاستە غەیبە، بەڵام خواوەند خۆی پێی گوتووە و ئاگاداری کردووە لە بوونیان.

ئەوەش کە پێغەمبەران (سلاویان لەسەر) حوکمیان دابێت بەسەر کەسێکا کە بەهەشتییە یان بەسەر کەسێکی تردا کە ئەهلی دۆزەخە (وەك هەندێ کەس وا تێدەگەن)، هیچ نوقلانە لێدان و غەیب زانینێکی تێدا نەبووە، بەڵکوو ئەوە ژیریی و حیکمەتی پێغەمبەرانەیان بووە و لەو ڕێگەیەوە ڕەفتار و کردارەکانی ئەو کەسانەیان خوێندوەتەوە و لێکیان داوەتەوە کە ئەو ڕێگەی ئەم کەسانە گرتوویانەتە بەر، کۆتاییەکەی بەرە و بەهەشت، یان دۆزەخیان دەبات، ئەم بوارە بابەتێکە و مەسەلەی زانینی غەیبیش بوار و بابەتێکی ترە.

بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستییە، ئەم ئایەتانەیە کە یەکەم: لەسەر زاری فریشتەکانەوە دەڵێت: ﴿**سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا**﴾ **البقرة/٣٢**و دووەمیش: لەسەر زاری مووسا پێغەمبەرەوە لە وەڵامی پرسیارێکیدا لە بارەی سەدەکانی ڕابووردووەوە، ڕووبە فیرعەون گوتی: ﴿**عِلْمُهَا عِنْدَ رَبِّي فِي كِتَابٍ لَا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى**﴾ **طه/٥٢**.

واتە: پاکیی بۆ تۆیە، هیچ زانیارییەکمان نییە، ئەوە نەبێت کە تۆ فێرمان دەکەی.

واتە: زانیاریی ئەو بابەتە لای پەروەردگارمە لە پەڕاودا، پەروەردگارم نە بە هەڵەدا دەچێت و نە هیچیشی بیر دەچێت.

دوای ئەوەی سەلما کە پێغەمبەران بەگشتیی غەیبیان نەزانیوە، ئەسڵیش ئەوەیە کە نەزانن، ئەوا بەشێوەی ڕوونتر و ڕاستر ئەسەلمێت کە پێشەوا و ئەولیا و زانایان،هیچی لەبارەوە نازانن.

سەبارەت بە (**عِصْمة**) و پارێزراویـــی و دووربوون لە هەڵە و تاوانیش، بۆ پێغەمبەران لە چوار چێوەی پەیامەکەیاندا، ڕوونە کە مەعصوم بوون، مەرام و مەبەستـــی خواییش لەم بوارەدا بۆ هەموو لێکۆڵەرێك ڕوونە.

پێغەمبەران (سلاویان لەسەر) لە گەیاندنـی پەیامەکەی پەروەردگاریاندا بەخەڵك، پارێزراو بوون لە دەستی خەڵك، لەوەدا کە بکەونـــە ژێر کاریگەریـــی فشارێکـــەوە یان بچنـــە ژێرباری بۆچوونێکی دیاریکراوەوە، هەروەها پارێزراوبوون لە دەروونی خۆشیان، بۆ ئەوەی هیچ زیاد و کەمێك لە گەیاندنی پەیامەکانیاندا نەکەن، یان پاش و پێشێکی تێدا نەکەن، یان شتێك لە پەیامەکەیان لە بیر بچێت یان لە کاری بخەن، یان تێکەڵی بکەن یان بەگومان بن لێی.

ئەمانە هەموو بۆ ئەوەن کە ببنە ڕاستاندن بۆ ڕاستیـــی و وەصف و پەسنی پەیامەکەی و ئەو ڕاستییە بچەسپێت کە پەیـــام و پەڕاوەکـــەی، هیچ چەشنـە گومانێـــك هەڵ ناگرێت: **﴿ذَلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ البقرة/٢.**

واتە: ئەو پەڕاوەی کە گومانی تێدا نییە.

ئەگەر وانەبوایە، پوچەڵکاران و گێچەڵکاران، چەندین گومانیان لەسەر درووست دەکرد.

هەروەها ئەوەش کە پاکیزەگی و پارێزراویـــی پێغەمبەران ڕوون دەکاتەوە ئەوەیە کە: خواوەند گوێڕایەڵیی پێغەمبەرانی، لە لایەکـــەوە بەستوەتەوە بـــە گوێڕایەڵیـی خۆیەوە و، لە لایەکی تریشەوە سەربەخۆ فەرمانی کردووە بە گوێڕایەڵیـــی لە پێغەمبەران، گوێڕایەڵیی کردنێك کە بەبێ بوونی پارێزبەندیی و (**عصمة**) ناکرێت بوونی ببێت.

ئەگەر پارێزبەندیی و (**عِصمَة**)، چەسپاو بێت بۆ پەیام هێنان (**الرُّسُل**)، ئایا بۆ پێغەمبەران (**الأنبياء**) یش لە سنووری پێغەمبەرایەتییەکەیاندا هەر چەسپاوە؟

پێشتر گوتمان: (پەیام ـ **الرسالة**) چەند حوکم و فەرمانێکن، لە بارەی حەڵاڵکردن و حەرامکردن و فەرمان پێکردن و قەدەغەکردنەوە، بوارەکەشی (بکە) و (مەکە) یە.

لەم ڕوانگەیەوە پارێزبەندیی و **عِصمة** وەك پێوەرێك، تا هیچ گومانێك لە ڕاست بوون و ڕاسگۆبوونی پەیامەکەیدا نەمێنێتەوە، پێویست و زەرورەت بوو بۆ ئەو کەسەی کە دەبێتە هەڵگر و گەیەنەری پەیامەکە، هەروەها بۆ ئەوەی کە بتوانرێت بەپێی ئەو پێوەرە، کەسی گوێڕایەڵ و کەسی سەرپێچیکار لە پەیامەکە، دەسنیشان بکرێت.

بەڵام پێغەمبەرایەتیی و **نبوة**، دوای ئەوەی کە پەیامەکە بواری حەرام و ڕێگیریلێکراوەکان دەسنیشان دەکات، بریتییە لە چەن زانیاریی و دانایی و ڕێنومایی وتێڕامانێك لە بواری حەڵاڵدا.

بواری زانیارییەکانیش (بەڕاستی بزانە ـ صدِّق) یان (بەراستی مەزانە ـ **لاتصدِّق**)ە، بواری تێڕامان و **ألإجتیهاد** یش ڕاست و هەڵە (**الصواب و الخطأ**)ە، ئالێرەوە، لە سەرزەنشتی خوایی بۆ پێغەمبەران تێدەگەین، کاتێك لە تێڕامان و لێکدانەوە و **إجتهاد**ەکانیاندا بەهەڵەدا دەچن، وەك چۆن خواوەند بە ئیبراهیمی گوت: ئایا باوەڕ ناکەی؟ ﴿**أَوَلَمْ تُؤْمِنْ**﴾ **البقرة/٢٦٠**، هەروەها وەك چۆن گوتی بە نووح: من ئامۆژگاریت دەکەم و وریات دەکەمەوە لەوەی کە لە پێڕی نەزانان بیت! ﴿**إِنِّي أَعِظُكَ أَنْ تَكُونَ مِنْ الْجَاهِلِينَ**﴾ **هود/٤٦**، وەك چۆن گوتیشی بە موسا: مەترسە چوونکە پەیامهەڵگرانی من نابێ بترسن، مەگەر کەسێك ستەم بکات پاشان بیگۆڕێ لەخراپەوە بە باری چاکەکاریدا، ئەوکات من لێبوردەی بە بەزەییم، ﴿**لَا تَخَفْ إِنِّي لَا يَخَافُ لَدَيَّ الْمُرْسَلُونَ، إِلَّا مَنْ ظَلَمَ ثُمَّ بَدَّلَ حُسْنًا بَعْدَ سُوءٍ فَإِنِّي غَفُورٌ رَحِيمٌ**﴾ **النحل/١١،١٠**، هەروەها وەك چۆن گوتی بە عیسا: ئایا تۆ گوتووتە بە خەڵك، جیاواز لە خواوەند، من و دایکم وەك دوو خوا بناسن؟ ﴿**أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّي إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَّهِ**﴾ **المائدة/١١٦**، وەك چۆن

گوتی: بە محەممەدی عەرەبیی: ئەی پێغەمبەر بۆ شتێك حەرام دەکەیت کە خواوەند بۆی حەڵاڵ کردوویت؟ ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ﴾ التحريم/١.

سەبارەت بە ڕاکێشان و درێژکردنەوەی پارێزبەندیی و **عصمة** و نووری پێغەمبەرایەتیی و گێڕانی بەسەر ئیمامان و ئەولیا و زانایاندا، پارێزبەندیی دابین نەکراوە و نەسەلماوە بۆ پێغەمبەران خۆشیان، چ بگات بەوەی بەمیرات بمێنێتەوە بۆ ئەمان!

پێغەمبەرایەتیی شمەکێك نییە تا قسە لەسەر ئەوە بکرێت کە ئایا بەمیرات دەمێنێتەوە بۆ کەسانێك یان نامێنێتەوە، بەڵکو پێغەمبەرایەتیی، خۆی لەخۆیدا و لە بنەڕەتەوە و بەدەر لە ڕۆڵی مرۆڤەکان، پالاوتن و ڕێزلێنان و هەڵبژاردنێکی تایبەتە لەلایەن خواوەند خۆیەوە، بە چەند پێوەرێکی خوایی بۆ جێبەجێ کردنی چەند مەبەستێك کە خۆی ویستی لەسەریانە.

لەم ڕوانگەیەوە تێدەگەین کە پێغەمبەرایەتیی نەبە میرات وەردەگیرێت و نەبە میراتیش بۆ کەس دەمێنێتەوە.

ئەوەش کە بۆ پاڵپشتیی بۆچوونەکەیان، پشتیان بەستووە بەم ئایەتانە: ﴿فَهَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا ،يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ وَاجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا﴾ مريم/٥،٦، زمانی عەرەبیی خۆی بەرپرسە لە پوچەڵ کردنەوەی ئەم لاف لێدانە.

چوونکە ئایەتەکە دەڵێت: ﴿وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ﴾، لێرەدا پیتی جەڕ، بۆ هەندیەتی (**تبعيض**) و لادانی گشتاندن و ڕەهایەتیە لە میراتدا،تا هەموو شتێك نەگرێتەوە، بە پێغەمبەرایەتیشەوە.

هەروەها گوتیان: **قسەکردن** لە بارەی ئایین و پەڕاوی خواوەندەوە، **بەبێ زانیاریی** نادرووستە و نابێت بکرێت.

ئێمەش دەڵێین: ئێوە هیچ بەهیچکەس ڕەوا نابینن، تەنانەت لە پرۆگرام و مەنهەج و وانە گوتنەوە و کۆبوونەوەکانیشتاندا، پێداگریی دەکەن لەسەر ئەوەی کە قوتابیەکانتان بکەنە نەوارێکی تۆمارکارو و بەکەڕ و کوێریی و لاڵیی، ئەوە دوبارە بکەنەوە و بڵێنەوە کە پێشتر گوتراوە و ئێستەش دەگوترێتەوە،پێداگریی دەکەن لە سەر ئەوەی کە قوتابی و هەوادارەکانتان والێبکەن، وەك کەم کالْفامێك، لە هەموو کار و بڕیارێکیاندا لە: کڕین و فرۆشتن و هاوسەرگیریی و جیابوونەوە و مانەوە و سەفەر و هاتووچۆ و زانین و نەزانینێکیان و لە ماڵ و خوێندنگە و کارگەکانیاندا، تەنها ئەوە بکەن کە لەگەڵ ئێوەدا لەسەری ڕێك کەوتوون و ئەوە بڵێن کە پێیان گوتراوە، ئەمە هەمووی تەنها لە بارەی قسەی گشتییەوە.

لەبارەی قسەکردن لە ئاین و پەڕاوی خواوەندیشەوە بە تایبەت، ئەوە تاوانێکی گەورەیە و لەقسەکردنەکەیدا پێکابێتی یان نا، بەلای ئێوەوە خاوەنەکەی ڕووبەڕووی کافرکردن دەکاتەوە، چوونکە بەلای ئێوەوە، گوتن و دەربڕینی ڕاوبۆچوون، خۆی بۆ خۆی لەبنەڕەتەوە تاوانە و پێتان وایە کە مرۆڤ نابێت بە هیچ شێوەیەك خاوەنی ڕاوبۆچوون بێت!

ئەگەر بێتو ڕۆژێك لە ڕۆژان کەسێك ڕاوبۆچوونێك بێت بە خەیاڵیدا، پاسەوانەکانی شەریعەت، بە هەڕەشە و نەفرەت کردن و پەلاماردان لێی ڕادەپەڕن و لە بەهەشت بێبەریی دەکەن و ڕوە و دۆزەخ بەڕێی دەکەن، وەك بڵێیت ئەوان سێبەری خوابن لەسەر ئەرزدا، دەیسپێرن بە فریشتەکانی سزادان و مەگەر خوابزانێت چ سزایەکی بۆ بڕیار دەدەن.[1]

---

[1] هەندێك لەوانەی کە لافی ئەوە لێدەدەن گوایا ئەوان پاسەوانی شەریعەتن و دەیپارێزن لە تێکدان و ڕووخان، شەرم ناکەن و دێن و لەکتێبەکانیاندا بەڕاشکاویی دەنووسن: خوا لەخەودا فلاّنە شتی پێ بەخشیون یان نیگای بۆ ناردوون و ئەو ئەرکە قورسەی خستوەتە ئەستۆیانەوە، بۆیە دیسان دەڵێین: **لاحول ولا قوة إلاّ بالله.**

ئەوەش کە دەڵێن: **بەبێ زانیاریی**، ئێمە دەپرسین: بەدیاریکراویی مەبەستتان لە زانیاریی و زانست چییە؟

زانستی ناسخ و مەنسوخ، یان زانستی هۆکارەکانی دابەزین، **أسباب النزول**؟

ئەگەر مەبەستتـــان لە زانست ئەوەی سەرەوە بێت، ئایـــا پێتان وایە کە، بۆ نموونە: ناتوانین لەئایەتی : **﴿خُذْ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنْ الْجَاهِلِينَ﴾ الأعراف/١١٩**، تێبگەین، تا نەزانین کە بژاردەی لێبوردن و گوێنەدان بە نەفامان (**أن الأخذ بالعفو والإعراض عن الجاهلين**)، نەسخ بوونەتەوە و، فەرمان کردن بە چاکە، تاکە ڕێنومایی خواییە بۆ دوای جەنگ؟

یان ئایا پێتان وایە کە کاتێك خواوەند دەفەرمووێت: **﴿وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ﴾ النور/٢٣** ، تا نەزانین، وەك **الواحدي** دەڵێت: ئایەتەکە لە بارەی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیەوە دابەزیوە کە گوتوویەتی بە کە نیزەکێکی: بڕۆ بزانە شتێکمان بۆ پەیدا ناکەیت، پێتان وایە تا ئەم چیرۆکە نەزانین، ئەستەمە لە ئایەتەکە تێبگەین؟

ئێمە لە کاتێکدا کە ئاماژە بۆ مەترسیی ئـەوە دەکەیـــن کە ئەگەر ئەم دووانە بە زانستی قورئانی لەقەڵەم بـدرێن، مەبەستمان مەترسیـــی، زانستـی نـاسخ و مەنسوخە لـە گۆڕینی پەیامی محەممەد ییەوە، لە پەیامی ڕێنومایی و سۆز و بەزەیی بۆ هەموو جیهانەوە، بۆ ئایینی شمشێر و سەر پەڕاندن، هەروەها مەترسیی ئەوەمان هەیە بنەماکانی ئامۆژگاریی چاکە و گفتوگۆی نەرموونیان و ڕاو ڕای بەرانبەر، بپێچرێنەوە و پێچەوانەکەیان پەیڕەو بکرێت.

هەروەها مەبەستمان لە مەترسیی زانستی **أسباب النزول** ئەوەیە کە، ببێتە هۆی سڕینەوەی مۆرکی جیهانیی بوون بە پەیامی محەممەدییەوە و قەتیس کردنی لە چەن سنورێکی خۆجێییدا، مەترسیی ئەوەشمان هەیە کە بە بیانووی ئەم زانستـــەوە، دەرگا بکەوێتـە سەر پشت بەڕووی

ئەوانــەدا کــە دەڵێــن: پەڕاوی خوا مۆرکێکــی مێژوویـــی هەیە و بە تێپەڕبوون و نەمانـی هۆکارەکانی دابەزینی، خۆیشی باوی نەماوە و کۆن بووە.

دیسانەوە دەپرسینەوە: بە دیاریی کراویی مەبەستتان کام زانستەیە، ئایا مەبەستتان زانستی زمانی عەرەبییە؟

ئەگەر مەبەستتان ئەوە بێت، ئایا پێتان وایە: ناتوانین لە سورەتی: ﴿**قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ * اللَّهُ الصَّمَدُ * لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ * وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ**﴾ تێبگەیـــن تا هەلومەرجەکانـــــی کرداری داهاتوو (**فعل المضارع**) نەزانین؟

یان پێتان وایە لە ڕێگەی لەبەرکردنی (**الشافية و الكافية و ألفية إبن مالك**) ەوە نەبێت ناتوانین کۆد و ژمارە نهێنیەکانی تێگەیشتن لەم ئایەتە بکەینـــەوە و لێی تێبگەین کە پێمان دەڵێت: ﴿**يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ**﴾ **المائدة/٦**؟

یان ئایەتەکانی ڕۆژوو و حەج و جەنگ، مەتەڵ و تەلیسمەکانیان هێندە سەختن، لەسەردەسی کەسێکدا نەبێت کە بە باشیی ئیعراب و شیکاری (**ضرب زيدٌ عمراً**) بزانێت، ناکرێنەوە؟

لەئاکامــی سەرنجدانمانەوە لەئایەتەکانـــی دابەزێـــنراوی بەجـــێ، بۆمان ڕوون بوەتەوە کە لە زۆربەیاندا، بۆ تێگەیشتن لێیان پێویست بەوە ناکات، چەندین مانگ و ساڵ تەرخان بکرێت بۆ زانینی ئەوەی کە کوفییـــەکان و بەصرەییەکان گوتویانە، یان بۆ زانینی ئەوەی کە سیبەوەی نەیزانیوە لە بارەی (**حتى**) وە، هەروەها بەشێکـــی تریشی بێجگە لە زانیارییەکی گشتیی لە زمان، هیچی تری پێویست نییە تا فێرخواز بتوانێت جیاوازیی بکات لە نێوان: ناو و کردار و پیت (**الاسم و الفعل و الحرف**) دا، ئیتر نازانین ئەم هەموو شڵەژان و ترسە بۆ؟

واز لەمانــە هەمووی بهێنن و با وەك کەسە سادە و ئاساییــەکان پرسیارێك بکەیــن: ئایا خوێندنەوە و تێگەیشتن لــە پــەڕاوی خواوەند فەرز نییــە لەسەر هەموو باوەڕدارێك بە نێر و مێیەوە؟

ئەگــەر وەلاّم، بەڵــێ یــە، بۆ واز نــاهێنن لــە بەندەکانی خواوەند تــا خۆیــان پەڕاوەکەی پەروەردگاریان بخوێننەوە، باهەڵەبکەن و لێیەوە فێری ڕاستەکەی ببن، با تێڕامێنن و بە دوای ڕاستیدا بگەڕێن، خۆیان ڕاو بۆچوونەکانی پێشینان ببینن و چییان بە گونجاو زانی وەریگرن و چیشیان بەگونجاو نەزانی بیخەنە لاوە؟

بۆچی پەڕاوی خواوەند دەکەنە چەن زانستێك، کــە کەس بۆی نەبێت بچێتــە گۆڕەپانی ئەو زانستانەوە، تا مولّەتنامەیەك لە: هند و پاکستان، یان ئەزهەر، یان تەکیەی سولەیمانیە لە دیمەشق، یان لە نەجەفی ئەشرەف، وەرنەگرێت؟

ئایا ئەمە بێجگــە لە: خۆ فەرزکردن بەسەر خەڵــــك و پەڕینەکۆڵیــان و سودمەند بوون لەو هەموو دەسکەوت و تایبەتمەندیانەی کە تەنیا خوا و شارەزایانــی بوارەکــە ئەزانن چەندن، بێجگە لەوە، چ ناوێکی تری لێ دەنێن؟

بیهێننە بەرچاوتان ڕۆژی لێپرسینەوە، کەسێك لەبەردەمی لێپرسینەوەدایە و خواوەند لێی دەپرسێت: بۆچی قورئانت نەدەخوێندەوە؟

لەوەلاّمدا دەڵێت: پەروەردگارم، دەنگم ناخۆش بوو، دوای ئەوەش بابەتــی خوێندنەوە جۆراو جۆرەکان کە ژمارەیان چواردە جۆر بوون، سەریان لێ شێوانـــدم و نەمدەزانی بەپێی کامیان بیخوێنمەوە، لە نێوان خوێندنەوەکانــی هەریەك لە: **ورش و عاصم و ابن عامر و إبن مسعود** دا گیرم خواردبوو.پاشان لێی دەپرسێت: ئەی بۆ نوێژت ندەکرد؟

ئەویش دەڵێت: پەروەردگارم، نەمدەزانـــی دەس بگرم، یـــان دەس بەر بـــدەم لە نوێژەکەمدا، نەمدەزانی لە دوای ئیمامەوە، بیخوێنم یـــان بێ دەنگ بم، نـــەمدەزانی دوعای تەشەهود بەو شێوەیە بخوێنم کە ئیبنوعومر دەیلێت، یان بەو شێوەی کە عائیشە دەیلێت، یان بەو شێوەی کە ئیبنومەسعود دەیلێت.

پەروەردگارم تۆ ئاگاداری کە، من لـە ڕۆژا دوو دەوامم دەکرد، واتە: ڕۆژانە ١٦ سەعات کارم دەکرد، لەڕاستیشدا سەرگەردان بووبووم لە مەسەلەی کۆکردنەوەی نوێژەکانمدا، کە ئایا بە کۆکردنەوە و پێشخستن بیانکەم، یان بە کۆکردنەوە و دواخستن، هەروەها گرفتی ئەوەم هەبوو لە کاتی دەوامی فەرمی کارەکەمدا چۆن کاتێکم دەسکەوێت تا نوێژەکانمی تێدا بکەم.

هەندێ لە زانایان ڕێگەیان پێدەدا و هەندێـــکیشیان ڕێگـــەیـــان نەدەدا، هەندێـکیشیان بڕێ مەرجیان بۆ دادەنا کە ئەستەم بوو لەگەڵ هەلومەرجی ژیاندا جێبەجێ بکرێن.

ئەمە بێننە بەرچاوتان، پاشان بپرسن لە زانایـــانـــی بەڕێز، ئەوانـــەی کە خۆیان بە پاسەوانی شەریعەت دەزانن و بانگەواز بۆ پیرۆزیی کەلەپوور و پێشینان دەکەن، لەبارەی ئەم کەسە و هاوشێوەکانیەوە چی دەڵێن؟

# بەشی سێیەم

# پەیامی پێغەمبەرایەتیی

# (الرسالة)

## پەیامی پێغەمبەرایەتیی و ئەو بابەتانەی کە لە خۆی گرتوون

ڕەویەی بۆماوەیی و کەلەپوریی،لە ڕاڤە و لێکۆڵینەوە بۆ دابەزێنراوی بەجێ، ئەو دژواریە گەورەیەیە،کە ئیسلامی بە ئاقارێکی هەڵەدا بردووە، چوونکە لە تەفسیر و ڕاڤەی ئایەتەکانی پەڕاودا، ڕاڤەی ئایــەت بەئایــەت پەیڕە و کراوە، ئەمەش بووەتە هۆی پچڕاندنی بابەتەکان و بەش بەش کردنیان و جیاوازیی واتاو لێکدانەوەی وشەکان، لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر، بەپێی ئەوەی کە ڕاڤەکارەکە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو واتایەی کە مەبەستی بووە پێی بگات، بە پێویستی زانیبێت.

ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەم چەشنە ڕاڤەکردنە، لە زەمینەیەکی مەعریفیی ئەوتۆدا چەقیوە کە چەندین سەدەی بەسەردا تێپەڕیوە، هەروەها پەیڕەوکردنی بنەمای هاوو واتایەتی **الترادف** یش، لەپەڕاو و قسە و مەبەستەکانی خواوەندا، بووەتە هۆی تێکەڵ کردنی باش و نباش، بەسەریەکدا.

یەکەم دەرهاویشتەی ئەو تێکەڵ کردنە، ئەوەبووە کە: (**الكتاب**)یان بە (**القرآن**) زانیوە و وای لێ تێگەشتوون کە یەك شتە، بەهۆی ئەمەشەوە لێ گۆڕانێکی تریان بۆ هاتوەتە پێش، کە بریتی بووە لە تێکەڵکردنی واتای هەریەك لە (**النبوة و الرسالة**)، لەوێشەوە بۆ تێکەڵ کردن و لێك ئاڵاندنی واتای ئەوەی کــــە جێگیرە و، ئەوەی کە بزواو و لەجوڵەدایە (**الثابت والمتحرك**)،

واتە: ئەوەی کە مێژووییەو تەنها پەندی لێوەردەگیرێت و، ئەوەش کە بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك گونجاوە.

هەرکەس سەرنج بداتە دابەزێنراوی بەجێ دەتوانێت سەرنجی ئەوە بدات کە پەڕاوێکی تێر و تەسەلە، ناکرێت وەك کتێب و پەڕاوێکی یەکێك لە زانستەکان، یان وەك کتێبێکی مێژوویی، یان وەك کتێبێکی ڕێنمایی یان یاسازیی، سەیر بکرێت، چوونکە بابەتەکانی وەك ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ بەیەکداچوون.

هەروەها وردەکارییەکی بێ کۆتایی لە ناو یەك سیستەمدا تێدایە، ئەمەش ئەگەر بەڵگە بێت لەسەر شتێك، بەڵگەیە لەسەر یەکتایی بەدیهێنەر.

ئەو وردەکارییەی کە لە دابەزێنراوی بەجێدایە، ڕێگە نادات بە بوونی هاو واتایی وشەکان (**الترادف**)، بۆنموونە: (**ألأب**) جیایە لە (**الوالد**)، وە (**النبأ**) جیایە لە (**الخبر**)، هەروەها (**الكتاب**) جیایە لە (**القرآن**)، ئەگەر وا نەبوایە خواوەند نەیدەگوت: ﴿**الر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ وَقُرْآنٍ مُبِينٍ**﴾ **الحجر/١**، وە لەبارەی (**القرآن**)ەوە، نەی دەگوت: ڕێنومایـــــــی بۆ خەڵك (**هدى للناس**): ﴿**شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ**﴾ **البقرة/١٨٥**، لە بارەی (**الكتاب**)یشەوە نەی دەگوت: (هدى للمتقين): ﴿**ذَلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِلْمُتَّقِينَ**﴾ **البقرة/٢**، دەشزانین کە هەموو پارێزکارەکان (المتقين)، بەشێکـــــن لە خەڵك، بەڵام هەموو خەڵك (**الناس**) پارێزکار و (**متقي**) نین.

بۆیە: بێجگە لەوەی کە لە (**القرآن**)دا هاتووە بۆ هەموان، لە پەڕاو و (**الكتاب**)دا، بابەتــــــی تایبەت بە پارێزکاران (المتقين) ەوە هاتووە و هەیە.

ئەگەر ئەم ئایەتانە بخوێنینەوە:

- ﴿هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُوا الْأَلْبَابِ﴾ آل عمرا/٧.

- ﴿الر كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِنْ لَدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ﴾ هود/١.

- ﴿اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُتَشَابِهًا مَثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُضْلِلْ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ﴾ الزمر/٢٣.

ئەگەر ئەم ئایەتانە بخوێنینەوە و بەراوردی جیاوازیی نێوان(کتاب) و (الکتاب) بکەین و ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە وشەی **(الکتاب)**، بە ناسراوی **(معرّف)** ی و بە ئەلف ولام، واتای ئەوە دەدات بە دەستەوە کە بریتییە لە: کۆکردنەوەی چەن شتێك بۆلای یەکتر تا مانایەکی واتابەخشیان لێدەر بهێنێت، لە کاتێدا کە وشەی **(کتاب)**، بە نەناسراوی و بەبێ ئەلف ولام، پێویستی بە پێناسەیەکە، کە تایبەت بێت بە خۆیەوە، دەبینین ئەم ئایەتە: ﴿كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ﴾ واتە: پەڕاوی ئایەتە فەرماندار و موحکەمەکان لەگەڵ شیکردنەوە و درێژەکەیاندا، کە لە بارەیانەوە گوتوتویەتی: ﴿هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ﴾، بەڵام **(الکتاب المتشابە)** واتە: لێکچووەکان **(المتشابهات)** .[1]

[1] بۆ درێژەی زیاتر لەم بارەیەوە، دەکرێت بگەڕێیتەوە بۆ لای کتێبمان **الکتاب والقرآن**.

دابەزێنراوی بەجێ دوو جۆر پەڕاو و(**کتب**) لەخۆ دەگرێت:

**یەکەم:** بریتییە لە پەڕاوی ڕەفتار(**المحکم و تفصیله**)، ئەوەی کە پەیامەکەی **محەمەد** ی تێدایە و پێویستە لەسەر باوەڕداران، شوێنی بکەون، مایە و جێگەی گوێڕایەڵیی و سەرپێچیی (**الطاعة و المعصیة**) شە.

**دووەم:** بریتییە لە کتابی یاساکانی گەردوون و بەدیهێنان و زیندووبوونەوە و کۆکردەوە و پاراستنی کردەوە و ڕووداوەکان و مێژوو(**المتشابە و تفصیلە**)، ئەمە بۆ هەموو خەڵکە، پێغەمبەرایەتیش لەمەدایە و مایە و جێگەی بەڕاست زانین و بەڕاست نەزانین (**التصدیق و التکذیب**) یشە، ئەرکی سەرشانی باوەڕدارانیشە بە زانست و زانین، تێبکۆشن بۆ چەسپاندنی ڕاستاندنی (**لتصدیقە**).

هەروەها چەندین ئایەتی (**تفصیل الکتاب**) یش هەن کە پێڕستن بۆ ئایەتەکانی دابەزێنراوی بەجێ، بێجگە ئەم دوو پەڕاو و کتابەش (**سبع المثاني**) یش هەیە: ﴿**وَلَقَدْ آتَيْنَاكَ سَبْعًا مِنْ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنَ الْعَظِيمَ**﴾ **الحجر/٨٧**، بریتین لە حەوت بڕگەی دەنگیی کە سەرەتا و کلیلی سورەتەکان پێک دەهێنن: ﴿**الم**﴾، ﴿**المص**﴾، ﴿**کهیعص**﴾، ﴿**یس**﴾، ﴿**طه**﴾، ﴿**طسم**﴾، ﴿**حم**﴾، هەریەکەیان بۆ خۆی ئایەتێکی سەربەخۆن و بەشێکن لە پەڕاوی لێکچوو(**الکتاب المتشابە**): ﴿**اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُتَشَابِهًا مَثَانِيَ**﴾، نوقڵانە لێدان و قسەی زۆر کراوە لەبارەیەوە، بەڵام ئەوەی یەکلاکراوە و ڕوونە، ئەوەیە کە ژمارەی پیتەکانی (**سبع المثاني**)، لە هەر زمانێکی مرۆڤییدا، لانیکەمی ژمارەی دەنگەکان پێك دەهێنێت.

هەروەها بەپێی (**المحکم و المتشابە**) و بە جیاکردنەوەی ئایەتەکانی پەڕاو لەیەکتر، گەشتووین بەوەی کە ئایەتە موحکەمەکان و درێژە و (**تفصیل**) ەکەشیان، کە ژمارەیان نزیکەی هەزار ئایەتە، کەمێك زیادوکەم دەکەن بەپێی ئەگەری بوونی هەڵەی مرۆڤیی، واتە: یەك لەسەر شەشی ئایەتەکانی دابەزێنراو پێك دەهێنن، کە بریتییە لە پەیامی پێغەمبەرایەتی **محەمەد**

بۆ **(العالمین)**، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ڕوداوەکانی بەپێغەمبەربوونی **محەممەد** (سلاوی لەسەر)، وەك هەموو چیرۆك و بەسەرهاتەکانی پێشووتر، دەچنە خانەی ئەرشیفی مێژووەوە و بەشێك نین لە پەیامی پێغەمبەرایەتیی.

قورئانی پیرۆزیش ئەو تایبەتمەندیەی هەیە کە دەقەکەی جێگیرە و واتاو ناواخنەکەی بەردەوام لە جوڵەدایە(**ثبات النص و حركة المحتوى**)، واتە: لێکدانەوەی ئایەتەکانی گرێدراو و پەیوەستە بە تێپەڕبوونی نەشونمای مرۆڤایەتییەوە بەرە و زانست و زانین و مەعریفە، چوونکە لێکداوەوەی واتای وشەکان بە پلەبەندیی بەردەوام لە ڕوون بوونەوەدایە تا ڕۆژی دوایی: ﴿**لِكُلِّ نَبَإٍ مُسْتَقَرٌّ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ**﴾ **الانعام/٦٧**، بۆ ئەوەی تێبگەین لە بابەتێکی دیاریکراو، پێویستە لە سەرمان هەموو ئەو ئایەتانە بەوردی و سەرنجەوە بخوێنینەوە و پێداچوونەوەیان بۆ بکەین کە تایبەتن بەو بابەتەوە و پەیوەستن پێکەوە، ئەم خوێندەوە و (ترتیل) ەش، بەو واتایە نا کە لە ناو کریستیانەکاندا باوە، بە ئاوازێکی خۆشەوە بیانخوێنینەوە، بەڵکوو بەواتای ڕێك خستنیان بە پێی بابەتەکانی کە قسەی لەبارەوە دەکەن، بۆیە دەبینین ئەم ئایەتە ڕووبە پێغەمبەر دەڵێت: ﴿**أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلْ الْقُرْآنَ تَرْتِيلًا**﴾ **المزمل/٤**.

ئایەتەکانی **أم الكتاب** یش، کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەمانن، تێیاندایە ئایەتی فەرماندار وموحکەمن و موحکەمیەکەشیان هێندە داخراوە کە هەتاهەتاییە و لەهیچ سەردەمێکدا تێگەیشتن لێیان و واتایان ناگۆڕێت، وەك: ﴿**حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ...**﴾ **النساء/٢٣**، ئەم حەرام کردنە هەتاهەتاییە و ناگۆڕێت، لەو کاتەوە دابەزیوە، هەتا ڕۆژی دوایی، هەروەها(**أُم الكتاب**)، وردەکاریی و درێژەی موحکەمیشی تێدایە و مرۆڤ و دامەزراوەکانی یاساسازیی،دەتوانن کاری تێدا بکەن و یاسای تری لێ بەرهەم بهێنن، وەك ئەم ئایەتە: ﴿**وَلْيَخْشَ الَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَافًا خَافُوا عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا اللَّهَ وَلْيَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا**﴾ **النساء/٩**، ئەم ئایەتە وردەکاریی و درێژەی باسی ڕاسپاردە و وەصیەتی تێدایە، بەشێوەیەك سەرنجی ئامۆژگاریکراو و قسەلەگەڵکراوەکەی ڕادەکێشێت، تا ئاگای لە منداڵە

لاوازەکان بێت، هەرکەســـە و دۆخ و هەلومەرجــی تایبەت بە خۆی هەیـە، هەروەها هەموو سەردەمێك کەسانی لاوازی خۆی هەیە و هەلومەرجی تایبەتی خۆیان هەیە.

بەو پێیەی کە ئیسلام باوەڕهێنانـــە بە خواوەنـــد و ڕۆژی دوایـی و کردەوەی چاکە، وەك ئەم ئایەتە دەڵێت: ﴿**إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئُونَ وَالنَّصَارَى مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ**﴾ **المائدة/٦٢**، واتە: ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و جوەکان و سابیئە و نەسرانیەکانیش، هەرکەسیـــان باوەڕی بـە خواوەند و ڕۆژی دوایی ببێت و کردەوەی چاکەش بکات، ترسیان لەسەر نییە و هیچ نیگەرانیش نەبن.

هەروەهـــا: ﴿**وَمَنْ أَحْسَـــنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَـــا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِـــحًا وَقَالَ إِنَّنِـــي مِنَ الْمُسْلِمِينَ**﴾ **فصلت/٣٣**، واتە: قســـەی کێ لەوە چاکترە کە بانگـەواز دەکات بۆ لای خواوەند و کردەوەی چاکە دەکات و دەڵێت: من لە موسڵمانانم؟

بنەما بنەڕەتیەکانی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خواوەند و کردەوەی چاکـــەش، لەو**أم الكتاب و تفصيلها** دا هەن، کە *محەممەد* لەناو پەیامەکەیدا هەڵیگرت.

لەمەولا بەپێـی بەشەکانـی **الرسالة** و پەیامـــی پێغەمبەرایەتیـــی، ئەو ئایەتە موحکەمانە دەخەینە بەرباس کە ژمارەیا نۆزدە ئایەتە.[1]

---

[1] بۆ درێژەی زیاتر لەم بارەیەوە، دەکرێت بگەڕێیتەوە بۆ لای کتێبمان **أم الكتاب و تفصيلها** .

## بەشەکانی پەیامی پەیامهێنەرایەتیی

- **گوێڕایەڵیی (الطاعة) :** ئایین لەسەر گوێڕایەڵیی و دڵخوازیی دادەمەزرێت، کە تۆ باوەڕ بە ئایینێك دەهێنی، واتە: تۆ بەخواستی خۆت، گوێڕایەڵیی دەکەیت لە هەموو ئەو شتانەی کە لەو ئایینەدا هاتوون.

پەیامی محەممەدییش دوو بابەتی تەوا و گرنگ رێك دەخات:

**یەکەم:** لە سەرمانە لە گوێڕایەڵییەکی پەیوەست بە خواوەندەوە، گوێڕایەڵیی پەیامهێن **الرّسول** ەکەی بکەین لەبارەی لە ئەستۆگرتنی پەیامەکەیەوە.

**دووەم:** ئەرك و بەرپرسیارییەتیی پەیامهێن بۆ ئێمە، بریتییە لە گەیاندنی پەیامەکەی، لە بەدواداچوونی دواتردا باسی پەیوەندیی ئێمە بە سوننەتی ڕەسولییەوە دەکەین.

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە ئەو ئایەتانەی کە هەموو ئایەتە فەرماندار و **مُحكَم** ەکان ڕێك دەخەن، ئەم دوو ئایەتە موحکەمەی خوارەوەن:

- **﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ آل عمران/١٣٢.**

- **﴿وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ واللهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ﴾ المائدة/٩٩.**

واتە:

- گوێڕایەڵیی خواوەند و پەیامهێنەکە بکەن تا ڕەحمتان پێبکرێت.

- هیچ لە سەر پەیامهێن نییە بێجگە لە ڕاگەیاندنی ڕۆشن، خواوەند زانایە بەوەی دەری دەخەن و بەوەش کە دەیشارنەوە.

ـ پەرستش و داوای پشتیوانیی كردن: پەیوەندیشمان بە خواوەندەوە، پەرستش و داوای پشتیوانیی كردن حوكمڕانە بەسەریدا، ئێمە بەو پێیەی موسڵمانین خواوەند دەپەرستین و پشتی پێ دەبەستین، ئەو ئایەتەش كە لە بابەتـــی ئەم پەیوەندیـــەدا ڕۆڵ دەگێڕێـــت ئەم ئایەتە موحكەمەیە: ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ **الفاتحة/٥.**

ـ **حەرام كراوەكان:** بێجگـە لەو پەیوەندییـــە بەندایەتییـــەی كە هەمانـــە لەگەڵ خواوەنددا، پەیوەندییەكی تری ئاسۆییشمان هەیە لەگەڵ دروسكراوەكانیدا و گەر بمانەوێت گوێڕایەڵیی خواوەند بكەین، پێویستە بەباشی پابەند بین پێوەی، ئەم پەیوەندییەش، چەن ڕێگیریی لێكراوێكی كەم ڕێـــكی دەخات، كـــە بریتین لە حەرام كراوەكان، حەرامیش هەمیشیـــی و داگرندە و داخراوە و لە دەسەلاتی خواوەند خۆیدایە بە تەنها، هیچ مرۆڤێك مافی ئەوەی نییە لافی ئەوە لێ بدات كە ڕێگەی پێدراوە شتێك حەرام بكات.

حەرام و ڕێگیریی لێكراوەكانیش چەن دانەیەكی دیاریكراون، نۆ دانەیان ئەو ڕێگە ڕاستە پێك دەهێنن كە ئێمە ڕۆژانە داوا دەكەین و دەپاڕێینەوە لە خواوەند تا ڕێنوماییمان بكات بۆلای، ئەو ڕێگە ڕاستەی كە كۆی دانیشتوانی سەر گۆی زەویی، بە باوەڕدار و بێباوەڕیانەوە، كۆكن لەسەری، ئەو ڕێگە ڕاستەی كە هەرگیز نە دەخرێتە دەنگدانەوە و نە گفتوگۆشی لەسەر دەكرێت، چوونكە تەوەرەی بەها مرۆڤایەتیەكانە، ئەو ڕێگیریی لێكراو و حەرامكراوانەش حاكمیەت و فەرمانڕەوایی خواوەند پێك دەهێنن، دوای ئەمان هەرچی تر بێت، دەشێت قسەی تێدا بكرێت و ببێتە جێگەی ئیجتیهاد و یاسازیی، پێویستیشە بزانین كە ڕێگیریی لێكراو و حەرامكراوەكان، نیوچە حەرامیان نییە و یەكپارچەن و بەش بەش ناكرێن، بۆ نموونە: پارێزكاریی **التقوى** یەك پارچەیە و دەس نادات بۆ بەش بەش كردن، لە خوارەوە ڕێگیریی لێكراوەكان و ئەو ئایەتانە دەخەینە ڕوو كە تایبەتن پێیانەوە:

١ـ شەریك و هاوبەش دانان بۆ خواوەند: ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا... ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ الانعام/١٥١.

٢ـ خراپ ڕەفتار كردن و عەزیەت دانی دایك و باوك: ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ... ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ الانعام/١٥١.

٣ـ كوشتنی منداڵ لە ترسی بژێوی: ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ مِنْ إِمْلَاقٍ... ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ الانعام/١٥١.

٤ـ نزیك كەوتنەوە لە بێ ئاڕوویی: ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ مِنْ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ... ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ الانعام/١٥١.

٥ـ كوشتنی كەسی بێتاوان: ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ مِنْ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ [1] مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَق ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ النعام/١٥١.

٦ـ خواردنی ماڵی مندالّی بێ باوك: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ... ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ الانعام/١٥٢.

٧ـ ناپاكیی و فڕوفێڵ لە كێشانەو پێوانەدا: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ... ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ النعام/١٥٢.

٨ـ شایەتی دانی ناڕەوا و دوور لە ڕاستیی: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى... ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ الانعام/١٥٢.

---

[1] دواتر هەر لەم كتێبەدا دێینە سەر باسی بەدرێژیی بەدڕەوشتییەكان **الفواحش** .

٩- هەڵوەشاندنەوەی پەیمان: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى وَبِعَهْدِ اللَّهِ أَوْفُوا ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ الانعام/١٥٢.

١٠- تاوان و سنوربەزاندنی ناڕەوا: ﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ الاعراف/٣٣.

١١- حەرامکراو و ڕێگیریی لێکراوەکانی بواری هاوسەرگیری و مارەکرد: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالَاتُكُمْ وَبَنَاتُ الْأَخِ وَبَنَاتُ الْأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللَّاتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ مِنَ الرَّضَاعَةِ وَأُمَّهَاتُ نِسَائِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللَّاتِي فِي حُجُورِكُمْ مِنْ نِسَائِكُمُ اللَّاتِي دَخَلْتُمْ بِهِنَّ فَإِنْ لَمْ تَكُونُوا دَخَلْتُمْ بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ وَأَنْ تَجْمَعُوا بَيْنَ الْأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا*وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ كِتَابَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَأُحِلَّ لَكُمْ مَا وَرَاءَ ذَلِكُمْ أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُمْ بِهِ مِنْ بَعْدِ الْفَرِيضَةِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ النساء/٢٣،٢٤.

١٢- ڕێگیریی لێکراو **محرّمات**ەکانی بواری خۆراك: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَنْ تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ ذَلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِي الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ المائدة/٣.

١٣- سووخۆریی **الرّبا**: ﴿الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا فَمَنْ جَاءَهُ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّهِ فَانْتَهَى فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ وَمَنْ عَادَ فَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ البقرة/٢٧٥.

١٤ـ قسه هەڵبەستن بەدەم خواوەندەوە: ﴿**قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّي الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ**﴾ **الاعراف/٣٣.**

ـ فەرمان و ڕێگرییەکان **الاوامر و النواهي**: ئامانج و هۆکاری بنەڕەتیی لە فەرمان و ڕێگریەکاندا، بریتییە لە فەرمان بەچاکە و ڕێگریی لە ناپەسەند، بەپێی هێڵێکی ڕێکخەر کە بریتییە لە یاسا مرۆڤایەتییەکان (بەند و باو و دابوو نەریت ـ **العرف**)،واتە: ئەوەی کە پەسەند و دانپێدانراوی کۆمەڵ بێت، ئەو دوو ئایەتەش کە تایبەتن بە ڕێکخستنی ئەم بوارە بریتین لە:

١ـ ﴿**وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ**﴾ **آل عمران/١٠٤.**

٢ـ ﴿**خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ**﴾ **الاعراف/١٩٩.**

ـ ئەرك و تەكلیفەکان: بریتین لەو ئەرکانەی کە لە دەرەوەی سروشتی مرۆڤەوەن، چوونکە ئەنجام دان و جێبەجێ کردنیان سەرێشە و ماندووبوونی دەوێت، بۆیە خواوەند بەڵێنی داوە بەو کەسانەی کە پێیان هەڵدەسن و جێبەجێیان دەکەن، پاداشت و خەڵاتیان بکات، چوونکە نایەوێت شتێکیان بدات بەسەردا کە نەتوانن پێی هەستن، ئەرکەکانیش بەپێی توانستی مرۆڤن، بۆیە ئایەتی ڕێکخەری ئەرك و تەكلیفەکان پێمان دەڵێت: ﴿**وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ**﴾ **الاعراف/٤٢.**

ڕێوڕەسم و دروشمە پەرستشیەکانیش لە چوارچێوەی ئەم ئەرك و تەكلیفانەدان:

١ـ بەرپا کردنی نوێژ و بەجێ گەیاندنی زەکات: ﴿**وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ**﴾ **النور/٥٦.**

٢- بەڕۆژوو بوون: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ البقرة/١٨٣.

٣- حەج کردن: ﴿فِيهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ مَقَامُ إِبْرَاهِيمَ وَمَنْ دَخَلَهُ كَانَ آمِنًا وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ﴾ آل عمران/٩٧.

ئەرك و تەکلیفەکانی تر:

٤- ڕاسپاردن **الوصية**: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ﴾ البقرة/١٨٠.

٥- تێکۆشان **الجهاد**: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَابْتَغُوا إِلَيْهِ الْوَسِيلَةَ وَجَاهِدُوا فِي سَبِيلِهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ المائدة/٣٥.

٦- بەشەڕهاتن **القتال**: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ البقرة/٢١٦.

شایانی ئاماژە بۆکردنە هەموو ئەو ئایەتانەی کە باس لە: وردەکاریی هاوسەرگیریی و دەسلێك بەردان و تەڵاق و کاری بەدرەفتاریی و میرات، دەکەن، لە چوارچێوەی درێژەی ئایەتە فەرماندار و موحکمەکاندان، بۆیە بە پێی هێڵکی سەرەکیی، جێگەی یاساسازیی مرۆڤین، ئەو هێڵە سەرەکیەش بریتییە لە ئایەتە موحکەمەکەی کە پەیوەندیی بەو بوارەوە هەیە، پێویستیشە بزانین کە: پۆلێن کردنی ئایەتەکان بۆ **محكم** و **تفصيل المحكم**، خوێندنەوەیەکی سەرەتایی مرۆڤە و ڕاست و هەڵەشی لێ چاوەڕێ دەکرێت.

## سەبارەت بە پوختەکان و پۆخڵەکان (الطيبات و الخبيثات)

لەوانەیە کەسێـك بڵێت: خواوەند بەپێـی ئەم بڕگە لەم ئایەتـە، ناپاك **الخبائث** ەکانی حەرام کردووە: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾ **الأعراف/١٥٧**، منیش دەڵێم: (**خبائث**) و ناپاکیەکان خۆیان، خودی حەرامکراو و بەدڕەفتاریەکان (المحرمات و الفواحش) نین، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستییە ئەم ئایەتەیە: ﴿وَنَجَّيْنَاهُ مِنْ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَتْ تَعْمَلُ الْخَبَائِثَ﴾ **ألأنبياء/٧٤**.

واتە: دەربازمان کرد لەو ئاواییەی کە خەڵکەکەی **خبائث** یان دەکرد.

ناپاکیی و **خبائث** ەکانیش بریتین لە: هاوەڵ بڕیاردان بۆ خواوەند و مارەکردنی **محَارِم** و کەسە نزیکەکان و سووخواردن، هەروەها بەدڕەفتارییەکانی وەك: زینا و هاوڕەگەزبازیی و بواریی تریش دەگرێتەوە.

لێرەدا لەسەر ئەو بڕگەیە لە ئایەتەکەدا دەوەستین کە دەڵێت: ﴿.... وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ﴾ **الاعراف/٣٣**، واتە: خراپە و سنوربەزاندنی ناحەق و نابەجێ.

لە سەری دەوەستین، بۆ ئەوەی تێبگەی کە، وەك چۆن خراپە و سنوربەزاندن **الإثم والبغي** ی ناحەق و نابەجێ هەن، بەهەمان شێوە **ألإثم والبغي** بەحەق و بەجێیش هەن، بە بەڵگەی بوونی وشەی: خراپە و سنوربەزاندنی بە ناحەق لە ئایەتەکەدا

ئەگەر لەناو هەموو حەرام کراوەکاندا، یەك دانەیان هەبێت، کە کەس بۆی نەبێت بە بێ بوونی حەق و ڕەوایەتیی بیبەزێنێت، کە ئەویش بریتیە لە: کوشتنی کەسێك **قتل النفس**.

بە هەمان شێوە ئەگەر لە حەرام کراوێکی تریشدا، ڕێگەمان پێدرا، ناچاریی و **الإضطرار** ڕەچاو بکەین، ئەوکات دەتوانین حەرام کردنەکە تێ بپەڕێنین.

بەڵام بە هیچ شێوەیەك **فواحش** و ڕەفتارە ناپەسەندەکان، بەحەق و بەناحەقیان تێدا نییە.

لەم بارەوەیەوە دەبینین: ئەم ئایەتە دەفەرموویێت: ﴿**وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا**﴾ **النساء/٤٨**، کە ئەوە خراپە و **إثم** ی بەناحەقە و حەرامکراوە.

واتە: هەرکەس هاوەڵ بڕیار بدات بۆ خواوەند، ئەوە خراپەیەکی گەورەی هەڵبەستووە.

بەڵام خراپە و **إثم** ی بەحەق، کە بەلای ئێمەوە حەرامکراو نییە، بۆ نموونە: مەی، خواوەند دەفەرموویێت: ﴿**يَسْأَلُونَكَ عَنْ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِمَا**﴾ **البقرة/٢١٩.**

واتە: پرسیارت لێ دەکەن لە بارەی مەی و قومارەوە، بڵێ: زیان و خراپەیەکی زۆر و کەڵکیشیان تێدایە بۆ خەڵك، زیانەکەیان گەورەترە لە کەڵکەکەیان.

بەپێی ئایەتەکەی ٣٣ ی سورەتی **ألأعراف**، تێدەگەین کە، مەی، خراپەیەکی گەورەی تێدایە، ئەی ئیتر بۆ خواوەند ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە بەتەنیشت خراپە گەورەکەوە، سوود و کەڵکیشی تێدایە بۆ خەڵك؟

دەڵێین: خواوەند ئاماژە دەکات بۆ ئەو خراپە ڕەوایەی **ألإثم بالحق** کە بکەرەکەی هیچی لەسەر نیە و بە تاوان لەسەری نانوسرێت.

ئەگەر سەربازێك لە گۆڕەپانی جەنگدا، کە ئامێری سڕکەر و هۆڵی نەشتەرگەریی ئامادە نین، گوللەیەکی بەرکەوت و بریندار بوو، ئایا ڕەوایە، مەی دەرخوارد بدەین تا سەرخۆش ببێت و دواتر گولەکە دەر بێنین لە جەستەیدا؟

ئێمە دەڵێین: لەلایەکەوە لەڕووی ناچاریی **ألإضطرار** ەوە و، لە لایەکی تریشەوە کە ئەمەیان گرنگترە، پشت بەستنمانە بە تایبەتمەندیە باشەکـــەی، مەی، کە خواوەند ئەو تایبەتمەندیە باشەی خسوەتە ناوی و لە ئایەتەکەشدا ئاماژەی بۆ کردووە، بە دڵنیاییـــــــەوە ڕەوا و ڕێگە پێدراوە.

ئا ئەمەیە خراپەی ڕەوا **ألإثم بالحق**، چوونکە ئــەو کــەســەی خۆی سەرخۆش و مەست دەکات خراپەی کردوە، (جیاوازە لەوەی کە سەرخۆش و مەست دەکرێت).

هەمووشمان دەزانین قۆناغ و سەردەمانێك هەبووە مرۆڤایەتیی، مەی و ماددە کحولییەکانیان، وەك ماددەی سڕکەر لە بواری پزیشکیی و نەشتەرگەرییەکانیاندا بەکار هێناوە، ئەمەش سوود و کەڵك بووە بۆ خەڵك.

بۆیە فەرمانی نەخواردنەوەی، مەی، بە شێوەی ڕێگریی **نهي**، هات و گوتی: ﴿**فَهَلْ أَنْتُمْ مُنتَهُونَ** ﴾ **المائدة/٩١**، واتە: ئایا ئێوە واز دەهێنن؟، نەك حەرام کردن.

بەهەمان شێوە لە بارەی هەموو ماددە سڕکەر و هۆشبەرەکانی تریشەوە،بەبێ گوێدانە ئەوەی کە چۆن بە کاردەهێنرێن و دەکێشرێن(بەدەم یان بە دەرزی لێدەدرێن یان بۆنیان هەڵدەمژرێت) یان هەر ناوێکیان لێ بنرێت وەك: (هێرۆیین، کۆکایین، حەشیش... تاد)، ئەمانە هەموویان، هاوشان لەگەڵ خواردنەوە کحولیەکاندا، دەچنە خانەی، مەی **الخمر** ەوە، دواتر و لە باسی سوننەی پەیامهێنیی و سوننەی پێغەمبەرایەتیی (**السنّة الرّسولية و السونّة النّبوية**) دا، سەرنج دەدەین بزانین، پــەیامهێن چۆن ڕەفتــار و هەڵسوکــەوتــی کردووە لــەگــەڵ کـەسی مەست و سەرخۆشدا ؟

لێرەوە دەتوانین لەم ئایەتانە تێبگەین کە دەڵێن: ﴿**إِنْ تَجْتَنِبُوا كَبَائِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُمْ مُدْخَلًا كَرِيمًا**﴾ **النساء/٣١**، ﴿**الَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ إِلَّا اللَّمَمَ إِنَّ رَبَّكَ وَاسِعُ الْمَغْفِرَةِ**﴾ **النجم/٣٢.**

واتە: ئەگەر خۆتان بە دوور بگرن لەو ڕێگریی لێکراوە گەورانەی کە ڕێگریتان لێ کراون، ئەوا خراپە و تاوانەکانتان لێ دەوەرێنین و دەشتانخەینەی جێگەیەکی خۆشنودەوە.

واتە: ئەوانەی کە خۆیان بەدوور دەگرن لە خراپە زەق و گەورەکان و بەدڕەفتارییەکان، بێجگە لە وردە تاوان، ئەوا ڕەحم و سۆزی پەروەردگارت فراوانە.

سەرنجی ئەم ئایەتانە بدەین دەبینین: ڕێگریە گەورەکان و خراپە گەورەکان و بەدڕەفتارییەکان (**كبائر النواهي و كبائر الإثم و الفواحش**)، بریتن لـە: چواردە ڕێگیریـی لێکراوەکـە **المحرّمات**، ئەوەش کە هەندێ کەس دەڵێن: حەرامکراوەکان لە حەوت سەدەوە نزیکن، لای ئێمە هیچ بایەخێکی نییە.[1]

وەك دەبینین، ڕێگیریـی لێکراو و حەرامکراوەکـان، واپێویست دەکـات کـەم و سنوردار بن، چونکە خواوەنـد خاوەنی حەق و ڕاستیی و ڕەوایەتییە و تەنها خۆی مافی ڕێگیریی لێکردن و حەرام کردنی هەیە، لە پەڕاوەکەیدا ڕوونی کردونەتەوە و مۆرکی داگرندەیی و هەتاهەتایی و ڕەهایەتیشیان هەیە.

ڕوخسەت و دەرفەتەکانیش لە هەندێکیاندا، دیسان پێویستە لە سنورگەلێکی تەسکدا بن.

داگرندەیی **الشمول** لە ڕێگیریی لێ کراوەکاندا کات و شوێن لەخۆ دەگرێت.

ڕێگیریی لێکراو حەرام، حەرامە، چ لە مەککە بێت یان دیمەشق یان تۆکیۆ یان دلهی، حەرام هەر حەرامە لە هەموو وڵاتانی سەر ڕووی زەویی، لە سەدەی حەوتی میلادیی و لە سەدەی دەیەم و لە سەدەی چلیشدا، تا ڕۆژی دوایی.

---

[1] سەیری **أبی داوود** بەرگی ٣ لاپەڕە ٢٩٥: پیاوێك گوتـــی: ئەی پەیامهێنی خوا گوناهە گەورەکان کامانەن؟ گوتی: ئەوان نۆدانەن.

ئەم قسەیە بەراوورد بکە لەگەڵ حەرامکراوەکانـی سورەتی **الأنعام** دا: **قُل تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكم عَلَيْكُمْ** ، دەبینی ئەوانیش نۆ دانەن.

ڕەهایەتیش لە حەرام کراوەکاندا، پێویستە جیاکاریی **الاستثناءات** ەکان تیایاندا کەم و دەسنیشانکراوبن، پێویستە لە بیریشمان بێت کە دەرفەت **الرخص** ەکان، پەراوێزیین، بەشێوەیەك خەریکە، بێجگە لە بواری خۆراکەکاندا، نزیك بکەونەوە لە نەبوون.

هەروەها دەتوانین لە گۆشەنیگای ڕەهایەتیی و داگرندەییەوە، هەنگاو هەڵگرین و بڕیار بدەین کە: حەرامکردن تەنها لە دەسەڵاتی خواوەند خۆیدایە و هیچ هاوبەش و هاوتایەکی نییە، چوونکە تایبەت مەدیی حەرامکردن، پێویستی بەوە هەیە کە خاوەن دەسەڵاتی حەرامکردنەکە، زانین و زانیاری تەواوی دیار و نادیار (الغیب والشهادە) ی هەبێت و کات و شوێنیش، زانین و زانیاریەکەی سنوردار نەکەن، ئەمەش تەنها لە خواوەند خۆیدا نەبێت لە کەسی تردا بوونی نییە، تەنانەت نە لە پەیامهێن و نە لە فەقە و نە لە هیچ کۆدەنگیی و نە لە هیچ پەرلەمانێکیشدا بوونی نییە.

کەسی وا هەیە لافی ئەوە لێ دەدات کە: وێنە گرتن یان تۆمار کردنی گرتەی ڤیدیۆیی حەرامە، کەسێکی تر دەڵێت: مۆسیقا و گۆرانی حەرامن، یان دەڵێن: پەیکەر تاشیی حەرامە، ئەگەر پێشی بڵێین: هەموو خەڵکی سەرزەوی ئامێری وێنە گرتن و تۆمار کردنی گرتەی ڤیدیۆییان هەیە و ئەو کارانە دەکەن و وێنەش یەکێکە لە پێداویستیەکانی مامەڵە کارگێڕیەکانی وەك: پاسپۆرت و مۆڵەتی شۆفێریی، بەخوێن ساردیەکەوە وەڵامان دەداتەوە و دەڵێت: **الضَرورات تُبیح المَحظورات** واتە: لە حاڵەتی ناچاریدا ڕێگە بە قەدەغەکراوەکان دەدرێت.

ئەمەش بەلای ئێمەوە هەرا و هوریایەکە و پێویستە خۆمانی لێ بەدوور بگرین.

لەم بارەیەوە ئەم ئایەتەمان هەیە کە دەڵێت: **﴿وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُمْ مَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ...﴾ الأنعام/١١٩.**

واتە: هەرچی ناوی خواوەندی لەسەر برا، ڕەوایە بۆتان، هەرچی ڕێگیریی لێکراو و حەرامیش هەیە، بە وردیی بۆی ڕوون کردوونەتەوە، مەگەر شتێك کە ناچاربن و دابمێنن بۆی.

ئەوەی کە بەڕوون و ئاشکرایی لەم ئایەتەوە تێدەگەین ئەوەیە کە: هەرچی حەرام و ڕێلێگیراو هەیە، بە ڕوونیی و بە وردیی، بۆی ڕوون کردووینەتەوە، ئێمەش هەر بەوشێوەیە و بە ڕوونی دەیبینین، وەك چۆن ئایەتەکانمان پێشتر خستنە ڕوو، وە تێدەگەین کە مافی حەرامکنی هەرشتێك تایبەتە تەنها بە خواوەند خۆیەوە، چوونکە تەنها خۆی تاسەر دەمێنێتەوە و مافی ڕەهای ڕێگیریی و حەرامکردنیش تا ڕۆژی دوایی هەر هی خۆیەتی.

ئەگەر هەرچی پێغەمبەر هەیە هەموویان و یار و خاوخێزانیشیان لەگەڵیاندا کۆببنەوە و بیانەوێت بڕیاری حەرام کردنی شتێك بدەن، گەر خواوەند پێشتر بڕیاری حەرام کردنی ئەو شتەی نەدابێت، ئەوان بۆیان نییە حەرامی بکەن، ئەم قسەیەش لە کاتێکدا دەکەین کە ئەم ئایەتانەمان بە دەستەوەیە: ﴿**قُلْ أَرَأَيْتُمْ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ لَكُمْ مِنْ رِزْقٍ فَجَعَلْتُمْ مِنْهُ حَرَامًا وَحَلَالًا قُلْ أَاللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى اللَّهِ تَفْتَرُونَ**﴾ یونس/٥٩، ﴿**وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلَالٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ**﴾ **النحل/١١٦.**

واتە: بڵێ ئایا ئەبینن ئەوەی خواوەند بۆی دابەزاندوون لە ڕزق و ڕۆزیی، بە مەیلی خۆتان لێی حرام و حەڵاڵ دەکەن، بڵێ: ئایا خواوەند موڵەتی ئەوەی پێداون، یان بەدەم ئەوەوە قسە هەڵ دەبەسن؟

واتە: ئەوەی کە زمانی درۆتان دەیڵێت، ناوی مەنێن و مەڵێن ئەوە حەرامە و ئەوە حەڵاڵە، بۆ ئەوەی بەدەم خواوەندەوە درۆ هەڵبەسن، ئەوانەی بەدەم خواوەندەوە درۆ هەڵدەبەستن بەختەوەر نابن.

ئێمە ئەمە دەڵێین و لەو سۆنگەیەشەوە پێمان وایە کە: حەرامکردن دوو لایەنی هەیە: **یەکەم:** خوایی و **دووەم:** مرۆڤیی.

لەلایەنە مرۆڤیەکەوە، پیاوکوژێك بواری بۆ دەرەخسێت کەسێك بە ناحەق بکوژێت، پاشان تاوانەکەش بەناوی بکەرێکی نادیار و نەناسراوەوە تۆمار بکرێت.

ئایا ئەو تاوانبارە لە تۆڵە و سزای تاوانەکەی ڕزگار و دەرباز دەبێت؟

وەڵام: بەدڵنیاییەوە نەخێر.

چوونکە کوشتنی کەسێك یان نەفسێك، حەرام و ڕێگە پێنەدراوە، حەرام کردنەکەشی لەلایەن خواوەندەوەیە، ئەمەش لایەنە خواییەکەیە لە حەرامکراو و ڕێگەلێگیراوەکاندا.

خواوەند بڕیاری هەیە و لە چاوەڕوانیدایە بۆ لێ پێچینەوە لە کردەوە و تاوانی تاوانبارەکە، وەك دەفەرمووێت: ﴿**فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَه*وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَه**﴾ **الزلزلة/٧،٨.**

واتە: هەرکەس بە قورسایی گەردیلەیەك چاکە بکات دەیبینێتەوە و هەرکەسیش بە قورسایی گەردیلەیەك خراپە بکات دەیبینێتەوە.

هەرکەسیش کارێك لە حەرامکراوەکان و ڕەفتارە ئابڕووبەرەکان بکات و بە هەر هۆیەکەوە بێت،لە لێ پێچینەوەی کۆمەڵگە دەرباز ببێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە،لە لێ پێچینەوەی خواوەند دەرباز نابێت، مەگەر تەوبە بکات و چاکەکاریی بکات بەدوایدا،ئەم بابەتە بە تەواویی جیایە لە سەرپێچیی و بەزاندنی یاسا مرۆڤییەکان، لە دەرەوەی حەرام کراوە خواییەکان.

بۆ نموونە: کەسێك سەرپێچیی هێمایەکی هاتووچۆ دەکات بەبێ ئەوەی کە پێی بزانێت و کەس ببینێت و ئاگای لێبێت، هەروەها سەرپێچیەکەشی نەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە کەسێکی تر، ئەوا لە کردەوەکەی و هەموو لێکەوتەکانی دەربازی دەبێت.

لێرەوە دەگەینە ئەم ئاکامەی کە ئێمە بە بنەمایەکی بنەڕەتیی دەزانین و بریتییە لە: ڕێگە لێگیراو و حەرامکراوەکان، دەیاریکراو و دەسنیشان کراوون، خواوەند دیاریی و ڕوونی

کردوونەتەوە، هیچ شتێکی تریان لەگەڵدا بەراورد ناکرێت، چوونکە ئەو حەرامکراوانە، ڕەهاو داگرندە و هەتاهەتایین و پەیوەستن بە بنەما بنەڕەتیەکانیانەوە و بە ویژدانی مرۆڤایەتیەوە.

لێرەدا خاڵێکی نازدار هەیە و کەمێك لەسەری دەوەستین، بریتییە لەوەی کە: فەقیهە بەڕێزەکان بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، بەو لاف و نوقلآنەیەی کە لێیاندا، خراپەیەکیان کرد دەرحەقی پێغەمبەر و ڕەویە و سوننەتەکەی.

چوونکە ڕیسالە و پەیامی محەممەدیی بۆ ئەوەهات تا ئەو کۆت و بەندەی کە خرابوویە ئەستۆی خەڵکەوە بیکاتەوە و باری شانی خەڵك سوك بکات و کاریان بۆ ئاسان بکات، نەك ئەوەندەی تر کۆتوبەندیان لەسەر زیاد بکات و لە هەپوگۆیان بخات و جوڵەی ژیانیان پەك بخات.

بۆنموونە: دەوڵەت هیواخوازە لە ڕێگەی گەشەی یاساسازییەوە لە کۆمەڵگەدا، دەست تێوەردانەکانی خۆی کەم بکاتەوە و کەمتر دەس وەرداتە ژیانی تاکەکان و بڕیارەکانیانەوە، بە پێچەوانەی ئەو فەقیهانەوە کە چەندین سەدەیە لە هەوڵی ئەوەدان دەسوەردەن لە هەموو ورد و درشتێك، بۆ ئەم کارەشیان، لە لایەکەوە پشت بەو تێگەیشتنەی خۆیان دەبەستن بۆ سوننەتەکانی پێغەمبەرو، لە لایەکی تریشەوە پشت بەوە دەبەستن کە گوایا میراتگری پێغەمبەرانن.

ئێمە کاتێك ئەم ئایەتە دەخوێنینەوە، ئەوەی لێ تێ دەگەین کە فراوان کردنی بازنەی حەرام کردن تۆڵە و سزایە، کاتێك خواوەند سزای جوەکانی دا، بازنەی حەرامکراوەکانی لێ فراوان کردن و شتی تازەی لێ حەرام کردن، ئەمەش ئەو بابەتەیە کە فەقیهە بەڕێزەکان لێی حاڵی نەبوون: ﴿**وَعَلَى الَّذِينَ هَادُوا حَرَّمْنَا كُلَّ ذِي ظُفُرٍ وَمِنْ الْبَقَرِ وَالْغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ شُحُومَهُمَا إِلَّا مَا حَمَلَتْ ظُهُورُهُمَا أَوْ الْحَوَايَا أَوْ مَا اخْتَلَطَ بِعَظْمٍ ذَلِكَ جَزَيْنَاهُمْ بِبَغْيِهِمْ وَإِنَّا لَصَادِقُونَ**﴾ **الأنعام/١٤٦.**

گرفت و گرێــی هەموو گرفتەکــان لە فیقهی ئیسلامیــی مێژووییدا، ئەوەیە کە: سنووردار کردنی، ڕەهایی حەڵاڵی، ڕەها کردووە {**تقييد المطلق (الحلال) مطلقا**}، ئەگەر سنوردار کردنەکە لە پێغەمبەر و پاشان لە هاوەڵانیەوە بێت، ئەمەش شتێکی لێکەوتەوە و ناو نرا: ڕەهای ڕەها (**مطلق المطلق**)، سەرەڕای ئەوەی لە هەموو دونیادا شتێك بەم ناوەوە نییە، ئەمەش بوویە هۆی ئەوەی کە ببێتــە خەیــاڵپلاۆێك و شیتکی نــاهەموار لەگەڵ ژیاندا و کردیە ئاستێك کە لە ڕەهەندی گۆڕانی سەرەمرەدا بوونی نەبێت و جێی نەبێتەوە، هەروەها کردی بە خستنەڕو و پێدراوێك کە جێبەجێ کردن و پەیڕەویــی لێ کردنی بەدەستێوەردانــی ناوەکیــی و دەرەکیی نەبێت، ئەستەم بێت، واتــە: دژی سروشتی مرۆڤایەتیــی، چوونکــە وردەکاریــی کەلتووری عەرەبیــی لــە بــواری کــۆمەڵایەتیــی و ئابووریــی و سیاسیــی لە سەدەی حەوتــەمدا، کردە شەرعێکی ئیسلامیی، حەرامیش لەو شەرعەدا لەبری حەڵاڵ، کرا بە بنــاغەی ژیان، دواتریش فیــکر و بیــری عەرەبیــی ئیسلامیی بوبــە برێکی حــەرامکەر و حەڵاڵــکاری ئەوتۆ کە دونیابینیی حەرامکار، باڵی کێشا بەسەریدا و تا ئێستاش بەردەوامە.

ئەگەر مرۆڤی عەرەبی موسڵمان شتێك لەبارەی ئینتەرنێتەوە ببیسێت، پێش ئەوەی بپرسێت چییەو چۆن دروست کراوە، یەکسەر ئەوە دێت بە خەیاڵیدا و یەکەم قسەی ئەوەیە کە دەپرسێت: ئایا ئیتەرنێت حەرامە یان حەڵاڵ؟

ئەم پرسیارە، لەسەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ، سەدان هەزارجار کراوە.

## له بارەی سوو (الرِّبا) و خێرات (الصَّدَقات) ەوە

لەسەر حەرام کراوی نمرە ١٣ کە سووخۆرییە دەوەستین، بۆ ئەوەی پشتڕاسی بکەینەوە کە سوو و **الرِّبا** ی حەرام، سووی خێراتە، چونکە کەم دەسەکان ئەو هاوکارییانە وەك خێراتێك وەردەگرن کە گێرانەوەی ناوێت، یان وەك قەرزێك کە بە شێوەی کراوە وەریدەگرن و کاتی گێڕانەوەی دەسنیشان ناکرێت، ئەمەش ئەو چەشنەیە کە پێی دەگوترێت قەرزی بەکاربەر (الاستهلاكـي)، کـە بــە بــێ بــەرانبەر یان بەبێ زیادەخستنەسەر، دەدرێت بەو کەسانەی کە شایستەی خێراتن: ﴿**وَإِنْ كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ**﴾ **البقرة/٢٨٠.**

واتە: ئەگەر وەزعی خراپ بوو، چاوپۆشیی لێ بکرێت تا دەرووی لێ دەکرێتەوە.

بەڵام قەرزەکانی کەسانی ئاسایی، واتە: ئەوانەی کە خێراتیان پێ ناشێت، کە پێی دەگوترێت قەرزی وەبەرهێنان و دەدرێت بەو کەسانەی کە کەمدەس نین، وەك جوتیاران و پیشەوەران و بازرگانان، لە سەرەتای وەرگرتنی قەرزەکەوە تا کۆتایی دانەوە و گێڕانەوەی، نابێت کۆی ئەو زیادەیەی کە خاوەن پارەکان دەیخەنە سەر قەرزەکە لە هێندەی قەرزەکە تێپەڕێت: ﴿**يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا الرِّبَا أَضْعَافًا مُضَاعَفَةً وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ**﴾ **آل عمران/١٣٠.**

واتە: ئەی باوەڕداران چەن بەرابەر سوو لە قەرزەکانتان مەخۆن،پارێزکاربن لە ئاست خواوەندا تا بەختەوەر بن.

بەڵام ئەی بۆ خواوەند دەڵێ: ﴿**وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا**﴾ **البقرة/٢٧٥.**

لە کاتێکـــدا کە کڕیـــن و فرۆشتن لە بنەڕەتەوە حەڵاڵ و ڕێگە پێدراوە و پێش دابەزینی نیگا و وەحیش حەرام نەبووە؟

کاتێك وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوون دەبێتەوە کە حەرام کردنی سووخۆریی **الرِّبا** لە ئایەتی ٢٧٥ ی سورەتی (**البقرة**)، پەیوەست بکەینەوە بە جێگەی خۆیەوە لە ئایەتی ٢٧٦ لە هەمان سورەتدا، کە دەڵێت: ﴿**يَمْحَقُ اللَّهُ الرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ**﴾.

ئەوجا تێدەگەین کە مەبەست لەو سووخۆریەی کە حەرام و ڕێلێگیراوە، وەك پێشتر باسمانکرد، سووی خێرات و **ربا الصدقات** ە، دواجار تێدەگەین کە کڕین و فرۆشتن بۆ کەسانی شایستە بە خێرات، ڕەوا و حەڵاڵ و ڕێگە پێدراوە، چوونکە کڕین و فرۆشتن بە گشتیی قازانج و (زیادە نرخ) ی تێدایە، بەڵام سوو، داهاتی، زیادە نرخەکەی تێدایە، [1] واتە:

١- پێدانی قەرزێك بە سوودێکەوە بە کەسانی شایستەی خێرات، هەرچەشنێك بێت، حەرام و ڕێگە پێنەدراوە﴿**حَرَّمَ الرِّبَا**﴾.

٢- کڕین و فرۆشتنی کەسانی شایستەی خێرات بە قازانجەوە حەڵاڵ و ڕێگە پێدراوە: ﴿**أَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ**﴾.

پەیوەندیی نێوان سووخۆریی و خێراتیش، لە ئایەتی ٢٧٦ دا ئاگاداریی پێداوین لە بارەیەوە، ڕاستەوخۆ دوای حەڵاڵکردنی کڕین و فرۆشتن و حەرام کردنی سوو لە ئایەتی ٢٧٥ دا، بۆ ئەوەی تێبگەین کە کام کڕین و فرۆشتنە حەڵاڵە و کام سووەش حەرامە.

---

[1] ئەگەر قەرزێکماندا بەیەکێك لەو کەسانەی کە ئەهلی خێراتن و بڕی قەرزەکە بریتیی بوو لە ١٠٠ درهەم، بەسوودی ١٠٪، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دوای ساڵێك دەبێ ١١٠ درهەم بداتەوە بەخاوەن قەرزەکەو قەرزەکەی ببژێرێتەوە. بەڵام ئەگەر ١٠٠ درهەمما وەك خێر پێدا، ئەوکات نان و گۆشت و پۆشاکی پێ دەکڕێت و لەو ڕێگەیەوە، فرۆشیاری نان و گۆشت و پۆشاکەکەش لەماوەی چەن خولەکێکدا، بۆنموونە: بە بڕی ١٠٪ قازانج دەکات کە ئەمەش قازانجی فرۆشتنە و ڕێگە پێدراویشە.

ئەگەر ئەو پەیوەندییە نەبوایە کە چاوساغیمان دەکات بۆ ئەم قسەیەی کە کردمان، مانایەك نەدەمایەوە بۆ حەڵاڵ بوونی کڕینوفرۆشتن بۆ هەموو دانیشتوانی گۆی زەویی بە گشتیی، لە کاتێکدا کە خۆی حەڵاڵە و پێشتر حەرام نەکراوە.

ئەگەر خواوەند ئاگاداریی نەدایە لەبارەی حەڵاڵ بوونی کڕینوفرۆشتن بۆ کەمدەسەکان و قازانج کردن تیایدا، ئەوکات پرسەکە ئاڵۆز دەبوو و کردەی کڕین و فرۆشتنیش لە کۆمەڵگەدا تەگەرەی تێ دەکەوت، دەبوو هەر فرۆشیارێك کڕیارەکانی پۆلێن و جیا بکردایەتەوە، تا لە ناو کڕیارەکانیدا، کەمدەسەکانیان بناسێتەوە و بەمایەکەی خۆی کاڵایان پێبدات، کە ئەمەش ئەستەم دەبوو.

بەڵام ئەم ئاگارکردنەوەیە تەمومژەکەی ڕەواندەوە و ئاماژەی کرد بۆ ئەوەی کە خەڵك بەگشتیی و بە هەژارانیشەوە، لە قازانجی مامەڵەی حەڵاڵدا یەکسانن، هەروەها ئاماژەشی تێدابوو بۆ ئەوەی کە خێرۆمەندەکانیش دەتوانن خێر و دەسگرۆییەکانیان بە جیا لە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنەکانیان بەجێ بگەیەنن، هەروەها دەشتوانن چ بە کاش و نەقدیی یان بەشێوەی شمەك، خێر و دەسگرۆییەکانیان بکەن، بۆیە، خواوەند بەشێکی دیاریکراوی لە خەیر و خێرات دیاریی کردوە بۆ ئەوکەسانەی کەئیش لە پرۆسەی کۆکردنەوە و دابەشکردنیدا دەکەن، واتە: چەن کەس و دامەزراوە هەن کە هەڵدەسن بە کۆکردنەوە و دابەشکردنەوەی کۆمەك و خێر و خێرات بەسەر خانەکانی بێسەرپەرشتان و کۆمەڵە خێرخوازیەکان و خانەی بەساڵاچوان و کەم ئەندامان و... تاد، ئەمەش ڕێك ئەو کارەیە کە زۆربەی دانیشتوانی سەرگۆی زەوی بەسروشتی خۆیان بەردەوام پێی هەڵدەسن.

لێرەدا ئاماژە دەکەین بۆ خێراتە فەرزکراوەکان، کە خواوەند خۆی ئەوکەسانەی دەسنیشان کردوە کە ئەم خێراتەیان پێ دەشێت و شایستەی ئەوانە، بۆیە: پەیوەیوەندی بە باجەکانەوە نییە و لانی کەمی هەیە، زۆربەی کات دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی

سەروکاریی ئەم چەشنە خێراتە دەکەن و هەڵدەسن بە کۆکردنەوە و دابەش کردنەوەی بەسەر ئەو کەسانەدا کە شایستەن و خواوەند دەسنیشانی کردوون، بڕی شایستە و(نصاب) یشیان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەك دەگۆڕێت، چوونکە هەلومەرجی ژیانی هەژارێك لە سوریا، جیاوەزە لە هەژارێك لە فەرەنسا.

- **خێری ئیسلام و خێری باوەڕ (صدقة الإسلام وصدقة الإيمان):** لێرەدا بابەتێك هەیە، پێویستە ئاگامان لێی بێت، ئەویش ئەوەیەکە: دوو چەشن خێر و خێرات هەیە.

**یەکەم:** خێراتی ئیسلام، واتە: بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئەو کەسانەی کۆمەك دەکرێن، پەیڕەوی پەیامی **محەممەد**ین یان نا، دەشێت بدرێتە هەموو دانیشتوانی سەر ڕووی زەویی.

**دووەم:** تەنها دەدرێتە موسڵمانانی باوەڕدار، ئەوانەی کە پەیڕەوی پەیامی **محەممەد**ین.

بۆئەوەی ئەم دوو چەشنە خێراتە لێك جیا بکەینەوە، ئەم دوو ئایەتە دەخەینە ڕوو:

- **﴿لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ﴾ البقرة/١٧٧.**

- **﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ التوبة/٦٠.**

ئەگەر سەیری ئایەتی ١٧٧ بکەین، دەبینین ناوی شەش توخم و ڕەگەز و دەستەی بردووە:

١- کەسانی نزیك، ٢- منداڵانی بێباوك **اليَتامى**، ٣- هەژاران **المَساكين**، ٤- ڕێبواران، ٥- داواکاران و دەرۆزەکاران، ٦- بەندیەکان **وفي الرِّقاب**.

دوای ئەم شەش توخم و دەستەیەش باسی دانی زەکات دەکات ﴿وَآتَى الزَّكَاةَ﴾.

لە کاتێکدا کە زەکاتیش یەکێکە لە پایەکانی باوەڕ و لانی کەمی بەخشین **الإنفاق** ە و بەخشینیش لە ئیسلامەوەیە، دانی زەکاتیش لە دوای ئەم ڕەگەز و دەستانەوە باس کراوە، وەك ئەوەی پێمان بلێت: ئەم ڕەگەزانە جیان لە زەکات.

هەروەها گەر سەرنج بدەین، تێدەگەین کە ئەم شەش ڕەگەز و دەستەیە بەبێ پرسیارکردن لەوەی کە پەیڕەوی چین، لە باوەڕدارانن یان نا، دەکرێت هاوکاریی دارایییان پێ بدرێت.

ئەگەر سەرنجی ئایەتی ٦٠ یش بدەین، دەبینین هەشت ڕەگەز و دەستەی تێدایە و دابەزێنراوی بەجێ دەسنیشانی کردوون:

١ـ کەمدەسەکان **الفقراء**، ٢ـ هەژاران **المساكين** ٣ـ ئەوکەسانەی کار لە پرۆسەکەدا دەکەن، ٤ـ ئەوانەی دڵنەوایی دەکرێن، ٥ـ بەندیەکان، ٦ـ قەرزارەکان، ٧ـ ئەوانەی خۆبەخشانە و لە ڕێگەی خوادا کاردەکەن، ٨ـ ڕێبواران.

دەبینین ئەم دەستە و ڕەگەزانە ئەوانەن کە شایستەی پێدانی زەکاتی باوەڕ و ئیمانن، ئەو زەکاتەی تایبەتە بە پەیڕەوانی پەیامی **محەممەد**ەوە (باوەڕداران ـ **المؤمنون**).

گەر سەرنج بدەین دەبینین: کە سێ دەستە و ڕەگەز هاوبەشن لە هەردوو بوارەکەی (زەکاتی باوەڕ و بەخشینی ئیسلام) دا:

١ـ ڕێبواران، ٢ـ هەژاران **المساكين**، ٣ـ بەندییەکان.

هەروەها دەبینین کە: سێ ڕەگەزیش لە بەخشینی ئیسلامدا هەن و لە ئایەتی خەیراتدا بوونیان نییە:

١ـ بێباوکان، ٢ـ کەسە نزیکەکان، ٣ـ بەندییەکان.

واتە: کۆمەك و یارمەتیی ئەوکەسانە دەدرێت بەبێ پرسیارکردن لە پابەندیی و پەیڕەوییان و بێئەوەی پرسیار بکرێت کە: باوەڕدارن یان نا.

بەڵام پێنج ڕەگەزەکەی تر کە لە ئایەتی خەیراتی سورەتی **التوبة/٦٠** دا هاتوون، تەنها بە پەیڕەوانی پەیامی *محەمەدیی* دەدرێن واتە: باوەڕداران بەو پەیامە، کە بریتین لە:

١ـ کەمدەسان، ٢ـ ئەوکەسانەی کار لە پرۆسەکەدا دەکەن، ٣ـ ئەوانەی دڵنەوایی دەکرێن، ٤ـ قەرزارەکان، ٥ـ ئەوانەی خۆبەخشانە و لە ڕێگەی خوادا کاردەکەن.

بەو هۆیەوە، لە ئایەتی ١٧٧ ی سورەتی **البقرة** شدا، دوای ناوهێنانی ڕەگەزەکانی بەخشین دەڵێت: ﴿**وَآتَى الزَّكَاةَ**﴾.

ـ **دەرفەتەکانی حەرامکردن:** دەگوێزینەوە بۆ سەر باسی خۆراکە حەرامکراوەکان، حەرام و ڕێلێگیراوی ژمارە ١٢، تا ببینین، تاکە ڕێلێگیراو و حەرامکراوە، کە خواوەند دەرفەت و بوارێکی پێداوین لە بارەیەوە کە دەفەرمووێت:

ـ ﴿**فَمَنْ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ**﴾ **البقرة/١٧٣.**

واتە: هەرکەس بەبێ پاڵنەری سەرکێشیی و سنووربەزاندن، پێگیرا، تاوانی لەسەر نییە.

ـ ﴿**فَمَنْ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فلا إِثْمَ عَلَيْهِ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَحِيمٌ**﴾ **الأنعام/١٤٥.**

ـ ﴿**فَمَنْ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ**﴾ **النحل/١١٥.**

ـ ﴿**فَمَنْ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ**﴾ **المائدة/٣.**

ـ ﴿**وَقَدْ فَصَّلَ لَكُمْ مَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ**﴾ **الانعام/١١٩.**

سەرنجی ئەوە ئەدەین کە هەمیشە دەرفەت **الرخصة** کە، لەسورەتی (**البقرة و الانعام و النحل**) دا لەگەڵ حەرامکردندا هاتووە.

وەك ئێمە تێدەگەین خوێنی حەرامکراو، تەنها ئەو خوێنەیە کە دەڕژێنرێت، واتە: خوێنی ڕژێنراو، هەروەها وای دەبینین کە حەرامکراو لە بەراز **الخنزیر** دا، تەنها گۆشتەکەیەتی و ڕێگە دراوە بە سوود وەرگرتن لە تووك و پێست و ددانەکانی.

لێرەوە قسەی ئەوکەسە دەکەوێت کە دەڵێت: پەیامهێن بۆی هەیە لەلایەن خۆیەوە حەلاڵ و حەرام دیاریی بکات، بۆ پشت ئەستوریی ئەم بۆچوونەشی، پشت بەوە دەبەستێت کە پەیامهێن، سپڵ و جگەری حەلاڵ کردوون، چوونکە هەر لە بنەڕەتەوە ئەو دوانە لە حەرامکراوەکانی خوێنی ڕژاو نەبوون.

ئەوەش کە هەندێ کەس وای بۆدەچن کە گوتەی: **الضرورات تبیح المحضورات**، مەودای گشتییە و دەی گشتێنن و وەك بەڵگەیەك بۆ ڕاستبوونیشی، ئەم ئایەتە دەهێننەوە: ﴿**فَمَنْ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ**﴾.

ئەمەش بەلای ئێمەوە مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، لەبەر دوو هۆ:

**یەکەم**: لە دابەزێنراوی بەجێدا، سنوردارکراو **المحظور**، لەبواری خۆیدا باسکراوە و جیایە لە بواری: حەرامکردن و فەرمان و ڕێگریکردن (**التحریم و الامر و النهي**).

وشەی قۆرخ (**محظور**) یش، تەنها یەك جار لە پەیامی ئاسماندا هاتووە کە دەفەرموێت: ﴿**كُلًّا نُمِدُّ هَؤُلَاءِ وَهَؤُلَاءِ مِنْ عَطَاءِ رَبِّكَ وَمَا كَانَ عَطَاءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا**﴾ **الاسراء/٢٠**.

**دووەم**: پێگیران **الاضطرار**، لەبواری دەرفەت و ڕوخصەدا، لە دابەزێنراوی بەجێدا پێنج جار هاتووە، هەموویان تەنها لە بواری خواردندان، هیچکامیان دەرفەتی ئەوەیان تێدا نیە تا لە بواری حەرامکراوەکانی تردا بەکار بهێنرێن یان بگشتێنرێن بەسەر بواری تردا.

بەواتایەکی تر: ئایا شایەتیدانی ناڕەوا، یان خواردنی ماڵی یەتیم، یان خواستن و نیکاح کردنی کەسە نزیکەکان، یان کوشتنی نەفسێك، دەسدەدات و ڕەوایە بۆ کەسی پێگیراو؟

وەڵام: نەخێر بەهیچ شێوەیەك ڕەوانییە و دەس نادات بۆ هیچکەس.

لێرەوەیە کە خواوەند حەرامکراوەکانی خستوەتە خانەی پایەکانی ئیسلامەوە و دەفەرمووێت: ﴿**يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ**﴾ **آل عمران/١٠٢**.

﴿**وَأَنْ اعْبُدُونِي هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ**﴾ **يس/٦١**.

لێرەدا پێویستە جیاوازیی بکەین لە نێوان پێگیران و ناچارکردندا(**الإضطرار و الإكراه**)، هەرچەندە لەلایەکەوە مانای هاوبەش هەیە لە نێوانیاندا، بەڵام لە لایەکی ترەوە جیاوازیی هەیە لە نێوانیاندا.

پێگیران **الإضطرار**، هەلومەرجێکی بابەتیی و بژێوییە کە دێت بەسەر مرۆڤدا و ناچاری دەکات کارێکی دیاریکراو بکات، وەك ئەوەی پێبگیرێت و هەموو دەرگاکانی لێ بگیرێت، بۆ دەربازکردنی گیانی خۆی، پەنا بۆ خواردنی گۆشتی بەراز ببات، چوونکە لە بەردەم یەك ئەگەردایە، بیخوات یان بمرێت.

بەڵام ناچارکردن **الإكراه**، لەگەڵ پێگیران **الإضطرار**دا، تەنها لە بابەتی(یەك ئەگەر)دا هاوبەشن، لەوەشا لێك جیاوازن کە، کەسەکە بەزۆری زۆرداریی لەلایەن کەسانی ترەوە، ناچار بکرێت بە ئەنجامدانی حەرامکراوێك، بۆنموونە: بەدڵنیاییەوە هەڕەشەی کوشتنی لەسەربێت، ئەگەر شایەتیەکی ناڕەوا نەدات.

پوختەی جیاوازیی نێوان پێگیران و ناچارکردن ئەوەیەکە: یەکەم، لە هەلومەرجی بابەتیی و بژێوییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام دووەم، لە فشاری خەڵك و ئەوانی ترەوە سەرچاوە دەگرێت.

لێرەوە بەجوانی لە بنەمای: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾، تێدەگەین.

دەبین خواوەند لە سۆنگەی دادپەروەریی خۆیەوە، تاوانی: هەموو هەڵە و بیرچوون و زۆرلیٚ کردنێکی لە ئەستۆی سەرجەم دانیشتوانی سەرگۆی زەویی لابردووەو، هەڵوێستی مرۆڤ لە بەرانبەر ناچارکردن و زۆرلیٚ کردن **الاكراه** دا، هەڵوێستێکی تاکە کەسییە و پەیوەستە بە رادەی باوەڕی کەسەکە و ڕێژەی خۆڕاگریی خۆیەوە، کە ئەم بابەتەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و جیاوازیی هەیە.

لەوانەیە باشترین نموونەی ئەم بوارە، جیاوازیی هەڵوێست و ڕادەی خۆڕاگریی هەریەك لە: بلال و عەمماری کوڕی یاسر بێت، کاتێك هەردووکیان زۆریان لێکرا و ناچار کران کە واز لە باوەڕبوون بە خوا و پەیامهێنەکەی بێنن، یەکەمیان خۆی ڕاگرت و دووەمیان خۆی پیٚ ڕانەگیرا.

دەبینین لەم جۆرە حاڵەتانەدا هیچ پێوەر و پێودانگێك نییە بێجگە لەوەی کە خواوەند دەیفەرموویێت: ﴿بَلْ الْإِنسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ، وَلَوْ أَلْقَى مَعَاذِيرَهُ﴾ القيامة/١٤، ١٥.

واتە: مرۆڤ خۆی ئاگادار و بینایە بەسەر دەرونی خۆیدا، هەرچەندە بیانوەکانیشی بخاتە ڕوو.

## سنووری پەیامی محەممەدیی

قسەکردن لە بارەی سنووری پەیامی محەممەدییەوە، واتە: بواری جێبەجێ کردنی ئەو پەیامە، بریتییە لە ژیانی مرۆڤانەی مرۆڤ، چ وەك تاك و چ وەك کۆمەڵ، ئەو پەیامە لە نێوان لانیکەم و لانی زۆری ئەو سنورانەدا، چەن کێڵگە و بوارێك دەسنیشان دەکات و نەخشەیان دادەڕێژێت، کە بواری چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤن وەك: کوشتن، میرات، هاوسەرگیریی، جیابوونەوەوتەڵاق، کڕین، فرۆشتن، زینا، پۆشاك، چەندیەتیی لە هاوسەرگیرییدا.

ئەم کێڵگە و بوارە نەخشەڕێژ کێشراوانە، کە لە گۆڕەپانی یاریی تۆپی پێ دەچن، بواری تێفکران **إجتهاد** و هەڵسوکەوتی مرۆڤن، ئەوکات موجتەهید و کەسی ڕامانکار، بە گیانێکی سازشکارانەوە و بەپێی گونجانیان لەگەڵ هەلومەرجە کاتیی و جوگرافییەکانی خۆیدا کە تیایاندا دەژیی، دەجولێت و دێت و دەچێت لە نێوان لای سەرووی سنوورەکان و لای خوارووییاندا.

بەڵام لەڕووی **نسخ** ەوە، نەسخ تەنها لە نێوان شەریعەتە ئاسمانیەکاندا ڕوو دەدات.

پەیامی محەممەدیی هات بۆ ئەوەی هەندێك لەو یاسا و ڕێسایانەی کە لە شەریعەتەکانی پێش خۆیدا هاتبوون بهێڵێتەوە و جێگیریان بکاتەوە لە پەیامەکەی خۆیدا، نموونەی ئەو ڕێسایانەی کە هێشتنیەوە و جێگیری کردنەوە لە خۆیدا: کوشتنی ئەنقەس و ناڕەوا، دەبینین سزای ئەم تاوانە، وەك چۆن لە شەریعەتی مووسادا هاتبوو، لەم پەیامەشدا مایەوە، بەڵام کرایە، لای سەرووی سزاکە و، یاساساز و **مُشَرِّعْ** دەتوانێت، لەوە دابەزێت بۆ هەر ئاستێك کە بە گونجاوتری بزانێت و لەگەڵ سۆز و میهرەبانیی پەیامەکەدا گونجاوتر بێت، هەروەها نەسخ بۆ ڕاسکردنەوەی هەندێك یاسا و ڕێنومایی هات، تا ئاسانیان بکات و بیانگۆڕێت بە

یاساگەلێکی تر کە زیاتر میهرەبانانە بن، وەك: سزای زینا، کە لە شەریعەتی موسادا، بەردبارانکردن بوو، بەڵام لە شەریعەتی محەممەدیدا بووبە قامچیی، بەڵام بە مەرجی ئەوەی ئەگەر تاوانەکەی بە ئاشکرا ئەنجام دابێت، دواجار بۆ ئەوەبوو کە چەند یاسا و حوکمێك زیاد بکات کە پێشتر بوونیان نەبوو، وەك حوکمەکانی میرات.

ئەمە ئەو تێگەیشتنەیە کە ئێمە لەم ئایەتانە تێگەیشتووین: ﴿**مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِنْهَا أَوْ مِثْلِهَا**﴾ **البقرة/١٠٦**.

﴿**وَإِذَا بَدَّلْنَا آيَةً مَكَانَ آيَةٍ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ**﴾ **النحل/١٠١**.

لەو سۆنگەیەوە ئەم تێگەیشتنەمان بۆ درووست بووە کە واتای وشەی **آية**، بریتییە لە: پەیامی ئاسمانیی، نەك ڕستەیەکی قورئانیی (وەك هەندێ کەس دەڵێن).

لەم ڕوانگەیەوە وا دەبینین کە، گەشەی ئیسلام بە درێژایی مێژوو، لە نووحەوە تا محەممەد (سلاویان لەسەر)، ڕۆڵێکی بنەڕەتیی گێڕاوە لە پێك هێنانی ویژدانی مرۆڤایەتیدا.

بۆیە ئێمە کە ئێستا لە قۆناغی دوای پێك هێنان و پێگەیشتنی ویژدان، یان لە قۆناغی دوای کۆتایی هاتنی پەیامەکاندا دەژین، کە ئەم قۆناغە، قۆناغێکە مرۆڤایەتی تیایدا زیاتر لە قۆناغی کۆتایی پەیامەکان، پێگەیشتووە و وای لێهاتووە لە پرۆسەی یاسازیدا، پشت بە خۆی دەبەستێت، هەروەك چۆن پێگەیشتنی ویژدانی مرۆڤایەتیی خۆی لە یاساکانی مافەکانی مرۆڤدا بەرجەستە کرد.

## لە بارەی: (نزیك مەكەونەوە ـ لاتقربوا) و(خۆتان بەدوور بگرن ـ إجتنبوا) وەوە

١ـ **نزیككەوتنەوە ـ ألإقتراب**: لە زمانی عەرەبیدا (قرب: **القاف و الراء والباء**)، بناغەیەكی ڕاستە و ئاماژەیە بۆ پێچەوانەی دووریی، وەك ئەم ئایەتە: **﴿إِنَّهُمْ يَرَوْنَهُ بَعِيدًا، وَنَرَاهُ قَرِيبًا﴾ المعارج/٦،٧.**

واتە: ئەوان بە دووری دەبینن و ئێمەش بە نزیكی دەبینین.

دەشگوترێت: ئەو ئیشە نزیك ناكەوێتەوە و نزیك ناخرێتەوە، تا هەنگا و بەرەوڕووی هەڵنەگرێت و خەریكی نەبێت.

لەم ڕووەوەیە كە لە زمانی عەرەبیدا، بە دەسكی شمشێر دەگوترێت: **قراب السَيف**، یان بەدەسەودایرەی پاشا دەگوترێت: **قرابة الملِك**، یان بە لاكەلەكەی كراس، دەگوترێت: **قربُ الثَّوب**، چوونكە نزیكە لە جەستەوە.

ئەم بناغە زمانەوانییە بەخۆی و داڕشتەكانی تریەوە لە ٩٦ جێگەی دابەزێنراوی بەجێدا هاتووە، گەر سەرنجی بدەینێ لە هیچیاندا لەو مانا بنەڕەتیەی تێناپەڕێت، كە بریتییە لە:

أ ـ پێچەوانەی دووریی، وەك:

**ـ ﴿وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ﴾ البقرة/٣٥.**

**ـ ﴿هُمْ لِلْكُفْرِ يَوْمَئِذٍ أَقْرَبُ مِنْهُمْ لِلْإِيمَانِ﴾ آل عمران/١٦٧.**

ب ـ بۆ نزیك كردنەوەی شتێكی زانرا و كەبە دوور بزانرێت، وەك:

**ـ ﴿اقْتَرَبَتْ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ﴾ القمر/١.**

- ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ﴾ البقرة/١٨٦.

- ﴿وَاقْتَرَبَ الْوَعْدُ الْحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَاخِصَةٌ أَبْصَارُ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ الانبياء/٩٧.

ج ـ بۆ نزیك كردنەوەی شتێكی نەزانراو كە هێشتا ڕووی نەداوە، وەك:

- ﴿وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ قَرِيبٌ﴾ هود/٦٤.

- ﴿قُلْ إِنْ أَدْرِي أَقَرِيبٌ مَا تُوعَدُونَ أَمْ يَجْعَلُ لَهُ رَبِّي أَمَدًا﴾ الجن/٢٥.

- ﴿وَيَقُولُونَ مَتَى هُوَ قُلْ عَسَى أَنْ يَكُونَ قَرِيبًا﴾ الاسراء/٥١.

د ـ وەك ئاماژەیەك بۆ نزیكیی ڕەچەڵك، وەك:

- ﴿قُلْ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَى﴾ الشورى/٢٣.

- ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى﴾ الانعام/١٥٢.

- ﴿فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى﴾ الانفال/٤١.

هـ ـ بۆ ڕێگریكردن لە كردنی شتێكی دوور كە بەردەست نەبێت، وەك:

- ﴿وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ الاسراء/٣٤.

- ﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا﴾ الاسراء/٣٢.

- ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى﴾ النساء/٤٣.

**٢ـ خۆبەدوورگرتن و خۆلادان (الاجتناب):** جنب (الجيم و النون و الباء) دوو بناغەی نزیك لەیەكن، یەكێكیان لاشان (الناحية) یە و ئەوی تریشیان دووریی (البعد).

**سەبارەت بە لا و قۆڵ (الناحية)، بریتییە لە:** تەنیشت و جیایی، وەك دەگوترێت: لەو قۆڵەوە، واتە: لەو لایەوە، یان لەو ڕووەوە.

(الجار الجُنُب)یش بەو دراوسێیە دەگوترێت كە نزیك بێت لێتەوە، بەڵام لە تیرە و هۆزێكی تر بێت، نەك لە ئەندامانی خێزانەكەت یان لە بەرەبابی خۆت.

**بەڵام دووریی (البُعد)، بریتییە لە: الجنابة**، واتە: دووریی، وەك بەو كەسەش دەگوترێت كە لەگەڵ هاوسەریدا جووت دەبێت، واتە: بەو كارە، لە شتێك دوور دەكەوێتەوە كە كەسی تر لێی نزیكە، وەك نوێژ.

ئەم دوو مانایە لە ٣٣ جێگەی دابەزێنراوی بەجێدا هاتوون، هیچیان لەواتای: قۆڵ و دووریی **الناحیة والبعد**، دەر ناچن.

ئەوەی كە بە مانای ڕوو و لا (**الناحیة**) ە دێت، وەك:

- **﴿الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ﴾ آل عمران/١٩١.**

- **﴿أَفَأَمِنتُمْ أَنْ يَخْسِفَ بِكُمْ جَانِبَ الْبَرِّ أَوْ يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا ثُمَّ لَا تَجِدُوا لَكُمْ وَكِيلًا﴾ الاسراء/٦٨.**

- **﴿وَنَادَيْنَاهُ مِنْ جَانِبِ الطُّورِ الْأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَاهُ نَجِيًّا﴾ مريم/٥٢.**

لەواتای دووربیشدا، وەك ئەم ئایەتانە:

- **﴿رَبِّ اجْعَلْ هَذَا الْبَلَدَ آمِنًا وَاجْنُبْنِي وَبَنِيَّ أَنْ نَعْبُدَ الْأَصْنَامَ﴾ إبراهيم/٣٥.**

- **﴿وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا﴾ المائدة/٦.**

- **﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنْ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ﴾ الحجرات/١٢.**

بەڵام ئەگەر كەسی ورد، سەرنج بداتە هێزی داڕشتەی زمانەوانی لە ئایەتەكانی دابەزێنراوی بەجێدا، ئەوا هەست بە ئامێتە بوونی واتای (لاشان، دووریی ـ **الناحیة والبعد**) دەكات، تەنانەت دوای ئامێتە بوونیشیان، هەست بە واتای سێیەمیش دەكرێت، كە هیچكام لەو

دووانە بەجیا ئەو واتایە نادەن کە لە ئاکامی ئامێتەبوونیانەوە درووست دەبێت، وەك ئەم ئایەتە: ﴿وَقَالَتْ لِأُخْتِهِ قُصِّيهِ فَبَصُرَتْ بِهِ عَنْ جُنُبٍ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ القصص/١١.

واتە: بە خوشکەکەی گوت: دوای بکەوە و شوێن پێی هەڵگرە، ئەویش لە دورەوە چاودێری کرد، بەشێوازێك ئەوان هەستیان نەدەکرد.

لێرەوە تێدەگەین کە (إجتنبوا)، فەرمانە بۆ دوورکەوتنەوە لە شتێکی نزیك، هەروەها فەرمانە بۆ وازهێنان لە شتێك کە بەردەس بێت بۆ مرۆڤ.

دەشبینین فەرمانی دوورکەوتنەوە، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بە هەلومەرجی قسەلەتەك کراوی فەرمانپێکراو و ژینگەکەیەوە.

ئەو دایکەی کەماڵی لە جێگەیەکی دوور لە خوێندنگەی منداڵەکەیدایە و چەند کەند و کۆسپێك لە سەر ڕێگەی نێوان ماڵەکەی و خوێندنگەی منداڵەکەیدایە، ئامۆژگاریی منداڵەکەی دەکات و پێی دەڵێت: کاتێك دەچی بۆ خوێندنگەکەت، خۆت بپارێزە و وریابە نەکەویتە ئەو چاڵانەوە کە لەسەر ڕێگەکەتن.

بەڵام ئەو دایکەی کە ماڵەکەی بە تەنیشت خوێندنگەکەوەیە و هیچ ڕێگەیەکی دژوار ناکەوێتە نێوان ماڵ و خوێندنگەی منداڵەکەیەوە، هیچ فەرمان و ڕێنوماییەکی لەم چەشنە ناداتە منداڵەکەی، ئەگەر شتی واش بکات، منداڵەکەی سەری سوڕ دەمێنێ و نازانێت باسی چیی دەکات و لەمەبەستی تێناگات.

ئێمەش کاتێك لە دابەزێنراوی بەجێدا، سەیری سنورەکانی خواوەند دەکەین، دەبین دابەشن بەسەر دوو بەشدا:

**بەشێك:** کە ناکرێت و ناشێت ببەزێنرێن، وەك ئەمەی کە باس لە سنورەکانی میرات دەکات و دەڵێت: ﴿**وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا**﴾ **النساء/١٤**، دواتر باس لەوەش دەکەین کە: بەشە سنورییەکانی لەبواری میراتدا کامانەن، کە لە ئایەتی ١٢ ی سورەتی **النساء** دا باسیان لێوە کراوە، هەروەها ئەو ئایەتەش کەباس لە سنورەکانی تەڵاق دەکات و دەفەرموێت: ﴿**وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ**﴾ **الطلاق/١.**

**بەشی دووەمیش:** کە نەك هەر ناکرێت ببەزێنرێت، بەڵکو ناکرێت لە سەریشی بوەستیت و ناکرێت لێشی نزیك ببیتەوە، وەك لەم ئایەتەدا باس لە سنوورەکانی ڕۆژوو دەکات و دەڵێت: ﴿**تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا**﴾ **البقرة/ ١٨٧**، هەروەها لە بارەی سنورەکانی زیناوە دەڵێت: ﴿**وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا**﴾ **الاسراء/٣٢.**

ئەگەر پێوشوێنی چەن ئایەتێکیش بگرین کە فەرمان بە خۆ بەدوورگرتن دەکەن، دەبینین بەم شێوەی خوارەن:

- ﴿**إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ**﴾ **المائدة/٩٠.**
- ﴿**فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الْأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ**﴾ **الحج/٣٠.**
- ﴿**وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنْ اُعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ**﴾ **النحل/٣٦.**
- ﴿**يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنْ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ**﴾ **الحجرات/١٢.**

لەم ئایەتانەدا دەبینین کە خۆبەدوورگرتن و خۆپاراستن (**الاجتنـــــــاب**)، واتای دوور کەوتنەوە دەدات، ئەمە لـە لایەکەوە، لە لایــەکی تریشەوە ئەوە دەگەیــەنێت ئەو پرس و بابەتانەی کە فەرمانمان پێکراوە خۆمانیان لێ بە دووربگرین، لەبەردەم و لە سەرەڕێگەماندان و نزیکن لێمانەوە و لەبەردەسماندان.

بەلای ئێمەوە ئەمە یەکەم جیاوازیی نێوان (**إجتنبوا**) و (**لاتقربوا**)ە.

لە ئایەتی ٩٠ ی سورەتی **المائدة** دا هاتووە: ﴿**إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ**﴾.

واتە: دڵنیابن کە: مەی و قومار و سەکۆکانی سەربڕینی قوربانیی بەردەم پەیکەرەکان و فاڵ گرتنەوە، هەموویان تێکە و لێکە و **رِجْس** ن.

دەزانین کە **رجس** یش بە واتای تێکەڵ بوونی بابەتەکان بەناویەکدا، دێت، هەروەها دەبێت لە بیریشمان بێت کە، ئەم چەشنە تێکەڵ بوونە، بەشێوەی خۆیی و لە ناو دەماغ و مێشکیشدا نەبێت، ڕوونادات.

بۆ نموونە: **رجس** و تێکەڵبوونی (**خَمْر** ـ مەی) بریتییە لە: مەست بوون و سەرخۆش بوون، هەروەها تێکەڵ بوون و **رجس** ی قومار و گرەوەکانیش، بریتیە لە دەسختنی ناڕەوا یان دۆڕان، سەرمەستی و قوماریش دەبنە هۆی سەرهەڵدانی دوژمنایەتیی و ئاژاوە لە ناو خەڵکدا.

**رِجْس** و تێکەڵ و پێکەڵیی، یاد بوود و سەکۆی بەردەم بت و پەیکەرەکان یش، بریتییە لە سەربڕینی ئاژەڵ و قوربانییەکان لە سەریان، تێکە و لێکەی فاڵگرتنەوە و بەخت و یانسیبەکانیش، بریتییە لە: سوێن لەسەر خواردن و دڵ پەیوەست بوون پێیانەوە.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین هەرچەندە سەربڕینی ئاژەڵەکان لەسەر تەخت و سەکۆی بەردەم پەیکەر و یادەوەرەکاندا و سوێن خواردن بە فاڵ و بەخت خوێندنەوەکان، لە خانەی حەرامکراوەکاندان، وەك ئەم ئایەتە ڕوونی دەکاتەوە: ﴿**وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَنْ تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَ**﴾ **المائدة/٣**، بەڵام چوونکە ئەم دوو کارە: سەربڕین لە بەردەم یادەوەر و پەیکەرەکاندا و فاڵ گرەوە و بەخت گرتنەوە، نابنە هۆی کەوتنەوەی دوژمنایەتی و ناکۆکیی لە ناو خەڵکدا، خواوەند جیای کردوونەوتەوە لە مەی و قومار، وەك لەم ئایەتەدا دەفەرمووێت: ﴿**إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنتَهُونَ**﴾ **المائدة/٩١**.

واتە: شەیتـــان دەیەوێت لە ڕێگـــەی مەی و قومارەوە دوژمنـــایەتیـــی و ڕقەبەرایەتیی بخاتە ناوتانەوە و ڕێتان لێ بگرێت لەیادی خوا و نوێژ و پەیوەندیی، ئایا ئێوە دەس هەڵدەگرن؟

لەمەی کە ڕابوورد تێدەگەین کە خواوەند، سەربڕینی سەر سەکۆی بەردەم پەیکەرەکان و سوێند خواردن بە فاڵەکانـــی، لێ حەرام کردووین و فەرمانی پێ کردووین کە دووربکەوینەوە لە و خراپــە و رِجْسَ ەی کــە لە سەرمەستیی و مەی دایــە و هەروەهــا دوورکــەوینەوە لەو تێکەولێکە و گرەو و قومارەی کە دەکەوێتە ناو یاریەکانەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە داوامان لێ دەکات دوورکەوینەوە لە خراپ بەکار هێنانی سەکۆی یادەوەریەکان و ئاژەڵ و قوربانییان لەسەر، سەر نەبڕین، هەروەها پێمان دەڵێت: دورکەونەوە لە سوێند خواردن و باوەڕبوون بە فاڵ و فاڵگرەوەکان، کارێك کە لەگەڵیدا زۆر بە ڕوونی دەبینین کە خۆبەدوور گرتن، پەیوەندیی نییە بە حەرامکردنەوە، هەروەها تێدەگەین کە خواوەند خۆبەدوور گرتنی وەك خستنەڕوو و وێنا کردنی ئەو چوار کارە و وەك ئاماژەیەکیش بۆ ئەوەی کە ئەو بابەتانە، نزیکن لێمانەوە و لە بەردەسماندان.

بۆنموونە: خواردنەوە ڕۆحیی و کحولییەکان، شاراوە و دوور نین لە چاوی خەڵکەوە و لەچەن شوێنی وەك دووکانە گشتییەکان و خواردنگە و گازینۆ و فرۆکەخانە و ئوتێلەکاندا، هەن و دانراون، بە هەمان شێوە یاریەکانـــی تاوڵە و شەترەنج و وەرەقە و پێشبڕکێ وەرزشیەکانیش، بەردەسن و بوونیـــان هەیـــە، هەروەها ئـــاژەڵ و قوربانییـــە سەربڕراوەکان و پەیکەر و گۆڕ و مەزارگەی پیاوچاکان، بە شێوەی بەربڵاو لە دەوروپشتماندا بوونیان هەیە.

بەڵام بــە دڵنیاییـــەوە ئــەم کــارانە، هەرگیز وەك زیــنا و بــەدڕەوشتـــی نین، کە، ئەمیان، دەبێت: پێشتر بەرنامەی بۆ دابڕێژیت و دواتر بۆی بگــەڕێیت و لــە شوێنـــی تــایبەتی خۆیدا پەیدای بکەیت، بۆیــە لــەم ڕوانگــەیەوە فەرمان کراوە بــە ڕێگیریی کردن لە: تەنانت نزیك کەوتنەوەش لە زینا، نەك تەنها خۆ پاراستن و خۆلادان لێی.

ئەمەش لــە دیــدی ئێمەوە، دیوێکـی ترە لە دیــوو و ڕووەکانـی جیاوازیــی نێوان: **إجتنبوا** و **لاتقربوا**.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە ئەوەی کە ئـاماژە و هێمایــەك بکــەین بۆلای ئەوەی کە: فەرمانـــی خۆپارێزیی و **ألإجتناب**، خراپــەی مەی و یاریـــــەکان و سەکۆکانــی سەربڕگە و فاڵ گرتنەوە دەگرێتەوە، واتە: ئێمە فەرمانمان پێکراوە کە خۆمان بپارێزین لە سەرمەست بوون و قومار و گرەوکردن، بەو پێیەی کە **نهي** و ڕێگرییان لێکراوە، هەروەها دوورکەوینەوە لە قوربانیی کردن و کوشتنەوەی ئاژەڵان لە بەردەم پەیکەر و یادگەکاندا و دوور بکەوینەوە لە باوەڕهێنان بە فاڵ و فاڵگرتنەوە، چوونکە ڕێگیریلێکراو وحەرامکراون.

سەبارەت بەو قسەیەش کە پێی وایە: خراپە و(**رجس**)، گڵاوە و پیسە، یان پێیـــــان وایە کە خراپە و **رِجْس** ی مەی، مەیەکە خۆیەتی، بەلای ئێمەوە ئەو قسە و بۆچوونە هیچ بایەخێکی نییە، چوونکە خواوەند بە ڕوونی پێی گوتووین: **﴿ذَلِكَ وَمَنْ يُعَظِّمْ حُرُمَاتِ اللَّهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَهُ عِنْدَ رَبِّهِ وَأُحِلَّتْ لَكُمُ الْأَنْعَامُ إِلَّا مَا يُتْلَـى عَلَيْكُـمْ فَاجْتَنِبُــوا الرِّجْسَ مِنَ الْأَوْثَــانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ﴾ الحج/٣٠.**

واتە: هەرکەس حەرام کراوەکانی خواوەند بە گەورە سەیربکات، بەلای پەروەردگاریەوە ئەوە باشترە بۆی، ئاژەڵەکانتان بۆ حەڵاڵ کرا، بێجگە ئەوەی دەخوێنرێتەوە بەسەرتاندا، خۆتان بەدوور بگرن لە خراپە و **رِجْس** ی بتەکـان و خۆشتان بەدوور بگرن لە قسەی نابەجێ و ساختە.

دەبینین بە ڕاشکاویی فەرمانمان پێ دەکات بە خۆبەدوورگرتن لە خراپەی بتـــــەکان و قسەی نابەجێ و ساختە.

ئەوەی کــە پێشتر لە پێنــاســـەی هەریــەك لە وشەکانی: **ألإجتناب** و **الرِّجْس**، دا گوتوومانە، لێرەش هەر ئەوە دەڵێینەوە و پێویست ناکات دووبارە بینووسینەوە.

ماوەتەوەی ئەوەی بڵێین کە: بت پەرستیی دیاردەیەکی، هەم کۆن و هەم نوێشە، پان و بەرینە، لە ژێر چەندین ناوو و ناونیشاندا بڵاو دەبێتەوە و لە ژێر چەندین ڕەنگ و پەردە و دەمامکی جۆراوجۆردا خۆی دەشارێتەوە.

پەرستنی دیاردە گەردوونیەکان، بت پەرستییە، پەرستنی ئەستێرەکان، بت پەرستییە، پەرستنی ئەندامی زاوزێی نێرینە و مێینە، بت پەرستییە، هەروەها پەرستنی ئاگریش، هەر بت پەرستییە، بە هەمان شێوە پەرستنی ماددە و سەرمایەش، بە تێگەیشتنە سەردەمیانە تازەکەی، هەر بت پەرستییە، پەرستنی ڕۆحەکانیش دیسان هەر بت پەرستییە، پەرستنی باوباپیران و پێشینانیش هەر بت پەرستییە، دواجار پەرستنی پەیکەر و بتەکانیش هەر بت پەرستییە.

ئەگەر هەندێك لەو دیاردە و ڕواڵەت و دەمامکانە، کات تێی پەڕاندوون و داپۆشیوون، یان خەریکە تێیان بپەڕێنێت و دایان پۆشێت، ئەوا هەندێکی تریان شانبەشانی هەندێك لە ڕواڵەت و دەمامك و دیاردە کۆنەکان، لەسەر شێوازی سەردەم و هاوچەرخانە لەدایك بوون.

خراپە و تێکەولێکەی بتەکەکان یان، **رِّجْس ألأوثان** و خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو شێواز و مۆدێلەکانی بت پەرستی، بریتییە لە: هاوبەش و شەریك بڕیاردان بۆ خواوەند، یان هاوبەش و شەریك لە ئاکار و سیفاتەکانیدا، کە ئەویش بریتییە لە وەهم و خەیاڵپڵاویی،بوونی دەسگر و تکاکارێك کە گوایا نزیکمان دەکاتەوە لە خواوەند، یان تکاکاردەبێت بۆمان لەلای ئەو.

ئەمە ڕێك ئەو وەهم و خراپەیە کە خواوەند فەرمانی پێ کردووین خۆمانی لێ بەدوور بگرین.

ئەو قسەیەش کە پێی وایە: خراپەی بتەکان، بریتییە لە بتەکان خۆیان، ئەم قسەیەش وەك هاوشێوەکانی تری، هیچ بایەخێکی نییە بەلامانەوە، ئەگەر وابێت چۆن وازبێنین و خۆمان

بەدوور بگرین لە خۆر، کە ئەویش لەسەردەمـــی ئیبراهیم پێغەمبەردا (سلاوی لەسەر) کراوەتە بت و پەرستراوە؟

سەبارەت بە خۆبـــەدوور گرتـــن لــە قسەی نـــابـەجـــێ و ساختەش، ئێمە لێرەدا هەریەك لە: شایەتیدانـی ساختـــە، کـــە لـــەم ئایـــەتـــەدا هاتووە: ﴿**وَإِذَا قُلْتُـمْ فَاعْدِلُـوا وَلَـوْ كَانَ ذَا قُرْبَى**﴾ **ألأنعام/١٥٢**، و قسەی نابەجێ و ساختە، کە لە ئایەتەکەی سەرەوەدا هاتبوو، دەکەین.

**قَوْلِ الزُّور** وەك قسەی نابەجێ و ساختە و وەك دیاردەیەکی ناپەسەند و بەربڵاو لە پیاهەڵدانی کـــاربەدەستان و لـــە کڕین و فرۆشتنەکـــانـی بـازاڕەکاندا و لە ناو خەڵکدا بە گشتیی بڵاوە و هەیە، تەنانەت وشەی (خوا وەکیلە)، بـــەیـــانیان و ئێواران لـــە هەموو بوارەکانی ژیاندا و بە حەق و ناحەق هەمیشە لەسەر زاری خەڵکە.

لێرەوە تێدەگەین کە ئێمە فەرمانمان پێکراوە خۆمان بەدوور بگرین لە قسەی نابەجێ و ساختە و هەموو خراپە و **رِجْس** ێك کە ئەو قسە نابەجێ و ساختەیە لە خۆی دەگرێت، ئەمەش ئەو مەبەستەیە کە لەو قسە و لێکدانەوەماندایە کە دەڵێین: خۆبەدوورگرتن لە خراپە و **رِجْس** ی شتێك، مانای خۆبەدوورگرتن ناگەیەنێت لە شتەکە خۆی.

لە سوورەتی **النَحْل** ئایەتی ٣٦ دا هاتووە: ﴿**أُعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ**﴾، تێدەگەین کە فەرمانمان پێدەکات بەندایەتی خۆی بکەین و خۆمان بەدوور بگرین لە بەندایەتیی تاغووت و ملهۆڕان، وەك ئـــەوەی پێمـــان بڵێـــت: (**اعبـــدوا الله واجتنبـــوا عبـــادة الطاغوت**)، ڕێـــك وەك تێگەیشتنمان بۆ: **واسألِ القَرية** ،کاتێك دەفەرمووێت: ﴿**وَاسْأَلْ الْقَرْيَةَ الَّتِي كُنَّا فِيهَا**﴾ **یوسف/٨٢.**

لەکۆتاییـــدا دەگوێزیـــنـــەوە سەر باســـی ئایـــەتی ١٢ لە سوورەتی **الحُجُرات**، لەوێ فەرمانمان پێدەکات بە خۆبەدوورگرتن لە زۆرێك لە گومانەکان (**الكَثير مِن الظَّن**).

گومان بریتیە لە: پێچەوانەی دڵنیایی و یەقین، گومانیش بریتییە لەو حوکم و بینینەی کە لەسەر چەن بەڵگەیەکی پەرت و بڵاو و یەکلانەبوەوە، بونیاد دەنرێت، وەك قسەی قسەکەر کە دەڵێت: بیستم... وەك پێم گەشتوە... ئەگوترێت... ئایا لەم سەردەمەدا هیچ دیاردەیەك هێندەی گومان، بەربڵاوە؟

بۆیە خواوەند دەفەرمووێت: ﴿**إجْتَنِبُوا**﴾ واتە: واز بێنن و دوورکەونەوە.

بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە: (إجتناب و البعد ـ وازلێهێنان و پارێز کردن و دوورکەوتنەوە) واتای حەرامکردن ناگەیەنن، ئەوەیە کە ناوی لێناون: (هەندێ گومان) و بە (**إثم** ـ تاوان) ناوی بردوون و ناوی نەناون (**كبائر الإثم** ـ تاوانە گەورەکان).

پاش ئەم تاوتوێیە دەگەینە ئەوەی کە: هەرکەس بڵێت: **إجتناب** حەرامکردنە، یان گەورەترە لە حەرامکردن، ئەوە ئەو کەسە دەیەوێت زیادکردن و(**مزايدة**) بکات بە سەر خواوەنددا و قسەکەشی نابەجێیە.بەپێی تێگەیشتن و دیدگای ئێمە، **إجتناب** لەگەڵ حەرامکردندا بەکار دەهێنرێت، وەك چۆن لە باسی: **الأنصابُ و الأزلام** دا بینیمان، لەگەڵ ڕێگریی و **النَّهي** یشدا بەکار دێت، وەك چۆن لە باسی: مەی و قوماردا بینیمان، هەروەها لەگەڵ تاوانە گەورەکانیشدا بەکاردێت وەك: ﴿**إِنْ تَجْتَنِبُوا كَبَائِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ**﴾.

## خوێندنەوەیەك بۆ ئایەتی: دزیی ـ السرقة

نموونەیەك لــەبەردەماندایە لەسەر واجب بوونــی خوێندنـــەوەی دووەم بۆ پەڕاوی خواوەند، ئەویش سزای ئەوکەسەیە کە دزیــی دەکـــات، بەهۆی خوێندنـــەوە دووەمەکـــەی ئێمەوە بۆ ئایەتەکە، ڕۆشن دەبێتەوە کە ئەو سزایە، سزایەکی سنووردارە، نەك سزایەکی توندی ئەوتۆ کە هیچ دەرفەتێك نەهێڵێتەوە، واتە: لای ژوروو و لای خوارووی هەیە، هەروەها زۆرینەی دانیشتوانی سەر ڕووی زەویی بەسروشتی خۆیان و بە بێئەوەی ئەم ئایەتەش ببیسن، پابەند دەبن بــەو سنوورانەوە، هەروەها یاساسازیی و تەشریعــی شارستانیی ئیسلامییش لە چوار چێوەی ئەو سنورانــەدا دێــت و دەچێــت و سەروخوار دەکـات، لــەم بــارەیەوە دەفــەرمووێت: **﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ * فَمَنْ تَابَ مِنْ بَعْدِ ظُلْمِهِ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ اللَّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ المائدة/٣٨، ٣٩.**

سەرەتــا بە کردەی **قَطْع**، دەس پێ دەکــەین، چوونکــە ئـاستەنگ و دژوارییەکە لەم وشەدایە، دەڵێین: **(القاف و الطاء والعین)** بناغـەیەکی درووستە و ئاماژەیە بۆ ڕژدیی و پێداگریی و دابڕان و جیابوونەوەی شتێك لە شتێك.

بڕینی شتێك واتە: دابڕان و نەمان و جیابوونەوەی شتێك لە شتێك، بۆ نموونە: بڕینی نوێژ، بریتییە لە دابڕین و بەتاڵ کردنەوەی، هەروەها بڕینی قسە، بریتییە لە کۆتایی پێهێنانی بە پێداگرییــەوە، هەروەهــا ئەگوترێت: مافـــی خۆی بڕی، واتە: لەخۆی دابڕ کرد، دەشگوترێت: ڕووبارەکەی بڕی لەوێوە، دەگوترێت: زمانی بڕیـــی، واتە: بە چاکـــە کردن لەگەڵیدا بێدەنگی کرد، دەگوترێت: قسەی بڕیــی، واتــە: بــەبــەڵگە بەزاندی، **قطیعة** ش باجێکە ئاغا دەسەپێنێت بەسەر کۆیلە و ڕەعیەتیدا، دەگوترێت: ئەرزەکەی بۆ بڕیەوە، واتە: پێـــی بەخشیی، بەخۆی و هەرچی لەسەرە و هەرچیشـی تێدایە، یان دەگوترێت: دەسەکە بڕدرا واتە: لە دەردوودایەك کە ڕووبەڕووی بووبوویەوە دەربازی بوو، دەگوترێت: فلانەکەس خۆی بڕیی یان بڕرا، کە ئەخنکێت

بەشتێك [1]، یان کاتێك کابرا ئاژەڵێك دەفرۆشێت، دەگوترێت: **قطع عنق دابته** ـ ملی وڵاخەی بڕیی، یان کاتێك کاتێك ئـــەستێڵك کە خاوەنـــەکەی تا نیـــوە ئاوی تێدەکـــات و پـاشان ئاوەکەی لێدەبڕێت، بەم کارەش دەگوترێت: **قطع الحوض**، دەگوترێت: **وقطعني الثوب**، واتە: کراسەکەی بڕیی بەبەرما و بەشی کردم، سەیری **القاموس** ی فەیروزئابادیی بکە.

سەرنجی ئەوە دەدەین کە لە هەموو ئەم واتایانەدا، وەك **إبن فاس** دەڵێت، هەموویان لە یەك ڕیشەی ڕاستــەوە هاتوون کــە بریتییە لە: **الصرم والبتر والإبانة** ـ بڕشت و بڕینی تیژ وقرتاندن و جیاکردنەوە، بەڵام مەرج نییە بە ئامێرێکی بڕەری تیژ بێت.

بۆنموونە: ئەو کەسەی ڕێگە دەبڕێت، یان ڕەحم دەبڕێت، یان ڕێڕەوی ڕووبارێك دەبڕێت، یان لـەبەر هۆکارێك نوێژەکـەی دەبڕێت، خۆ هیچکـام لـەمانـە لـەو کرداری بڕینــەدا کــە پێــی هەستاون، بۆ بڕینی ئەو شتانە، چەقۆ و قەمەیـــان بەکـــار نـەهێناوە، ئەمە بێجگە ئەو ماناو واتایانەی کە خاوەنی قامووسەکان زیادیان کردووە بۆ واتای ئەم وشەیە وەك: **قطع** ـ باع/**قطع** ـ **کفی**/ **قطع** ـ **إختنق**.

سەرەڕای ئـەمەش هێشتــا فوقەهــا و ڕاڤەکـاران و نووسەری کتێبەکـانی **أسباب النزول** دێن و پێداگریی دەکەن لەسەر نادیدەگرتنی ئــەم هەموو واتایـــانە و تـــەنها پشت دەبەستن بە تاکـە واتایەك کە ئەویش بریتییە لە: (**البتر** ـ بڕینی تیژ).

پرسیار کارێك لێم دەپرسێت: کوا بڕینەوە (**البتر**) لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتووە، ئەگەر بەهۆی کرداری بڕین و **قطع** ەوە نەبێت؟

---

[1] **﴿مَنْ كَانَ يَظُنُّ أَنْ لَنْ يَنصُرَهُ اللَّهُ فِــي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى السَّمَاءِ ثُمَّ لِيَقْطَعْ فَلْيَنظُرْ هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُ مَا يَغِيظُ﴾ الحج/١٥.** واتە: هەرکەس واگومان دەبات کە، خوا پەیامهێنەکەی لە دونیا و دواڕۆژدا سەر ناخات، با لە ڕێگە هۆکارێکەوە هەوڵ بدات بگاتە ئاسمان و پـاشان خۆی بخنکێنێت و بزانێت هیـــچ دادی دەدات. (سەیری **التفسیر الکبیر** ی **الرازي** بەرگی ٢٣ لاپەڕە ١٦ بکە).

لە وەڵامدا دەڵێم: بەڵێ لە ئایەتە تیژەکاندا بە واتای بڕینی تیژ هاتووە وەك: ﴿**فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً وَآتَتْ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتْ اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ**﴾ **يوسف/٣١.**

واتە: کاتێك لەبارەی مەکر و فێڵ و قسەکانیانەوە شتی بیستەوە، ناردی بەدوایاندا و نشینگە و خوانێکی شایانی بۆ ئامادە کردن و هەریەکە چەقۆیەکی دا بەدەسیانەوە و گوتی: بڕۆرە ناویانەوە، کە بینیان و پێی سەرسام بوون دەستی خۆیانیان بڕیی.

لەم ئایەتەوە تێدەگەین کە ژنی سەرداری میسر، میواندارییەکی ڕێك خستووە و ئەو ژنانەی بۆ ئەو بۆنەیە بانگێشت کردووە کە لۆمە و ڕەخنەی ئەوەیان لێ گرتووە کە چۆن چاوی بڕیوەتە یوسف و گێچەڵی تێ پێچاوە، کاتێك ئامادە بوون، فەرمان دەکات تا ئەو خۆراکانەیان بۆ دابنێن کە لە خواردنیاندا پێویستیان بە چەقۆ دەبێت، وەك گۆشت یان پرتەقاڵ و سێو یان هەرشتێکی تری لەو بابەتە، لە کاتێکدا کە ئەوان سەرقاڵی بڕین و تویکڵ گرتنەوەی خۆراکەکان بوون، خاتوون بە یوسفی گوت: بڕۆرە ناویانەوە، کە بینییان خۆی ڕازاندبوویەوە و کەشخە و جوانی دەنواند، بیریان بەلای ئەوەوە نەما کە چەقۆیان لەبەردەستدایە و دەستی خۆیانیان بڕیی! کە ئەمەش کارێکە ڕۆژانە لە هەزاران ژن دەقەومێت، کاتێك سەرقاڵی کاری ڕۆژانەیانن لە چێشتخانەکانیاندا، کاتێك سەرقاڵی جنینی پیاز و شتی لەو بابەتەن و پێشهاتێك ڕوو دەدات، دەست و پەنجەی خۆیان زامار دەکەن، ئەوەی کە ڕووی داوە، تەنها زامار کردنێکی بچووك بوە بۆ یەکێك لە پەنجەکانی، بەڵام هەموومان دەچین بەدەمیەوە و دەڵێین: دەستی خۆی بڕیوە، خۆ ئەم قسەیە مانای ئەوە نیە کە مەچەك یان ئانیشکی خۆی لێ کردبێتەوە.

لێرەوە دەگوازینەوە بۆ لای ئایەتێکی تر کە لەسەر زاری فیرعەونەوە باس لەم بابەتە دەکات و دەڵێت: ﴿**لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ مِنْ خِلَافٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ**﴾ **الشعراء/٤٩.**

لێرە ناگونجێت ئەو بڕینی دەست و لاقە بریتی بێت لە بڕینی تیژ و قرتاندن و لێکردنەوە، چوونکە گەر وابێت دوای بڕینەوەی چوارپەلی کابرا، مانایەك بۆ هەڵواسینەکە نامێنێتەوە، چۆن جەستەیەکی بێ دەست و بێ لاق هەڵدەواسرێت؟ یان هەڵواسینی جەستەی کەسێك کە بەهۆی بڕینەوەی چوارپەلیەوە مردووە، چ واتایەکی هەیە؟

بۆیە ئەمە دەڵێین، چوونکە لەئایەتەکەدا کرداری **صَلْب**، گەڕێنراوەتەوە بۆ سەر کرداری **التقطيع**، ئەمەش بە تەواویی جیاوازە لەم ئایەتە: **﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنفَوْا مِنَ الْأَرْضِ﴾ المائدة/٣٣.**

تەنها لێرەدا دەتوانین بڵێین: **قَطَعَ**،بەواتای بڕینەوە و **بَتْر**، دێت، بەهۆی بوونی ئامرازی (أو) کە لە نێوان ئەو چوار بڕاردەیەدا هاتووە، دەبین سزای جەنگەرانیی (**الحرابة**) و خراپەکاریی لە سەرزەویدا، واتە: سنوور بەزاندنی ناڕەوا بە بەکارهێنانی توند و تیژیی وەك: هەڵکوتانە سەری چەکدارانە، سزای ئەم چەشنە ڕەفتار و تاوانانە، یان بەکوشتن، یان هەڵواسین و لە داردان، یان بڕینەوەی چوارپەل، یان دوور خستنەوەی بۆ جێگەیەکی دوورەدەس، دەبێت.

خراپ نابێت ئەگەر بە خێراییش بێت، چاوێك بگێڕین بەسەر ئەو ئایەتانەدا کە وشەی **قَطْع** یان تێدا هاتووە و مانا و واتای وشەکەش هیچ پەیوەندییەکی نییە بە بڕین و بڕینەوە بە چەقۆ و قەمەوە:

- **﴿لِيَقْطَعَ طَرَفًا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَوْ يَكْبِتَهُمْ فَيَنْقَلِبُوا خَائِبِينَ﴾ آل عمران/١٢٧.**
- **﴿وَيُرِيدُ اللَّهُ أَنْ يُحِقَّ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَيَقْطَعَ دَابِرَ الْكَافِرِينَ﴾ ألأنفال/٧.**
- **﴿وَالَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِنْ بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ﴾ البقرة/٢٥.**

ـ ﴿وَلَا يُنفِقُونَ نَفَقَةً صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً وَلَا يَقْطَعُونَ وَادِيًا إِلَّا كُتِبَ لَهُمْ﴾ التوبة/١٢١.

ـ ﴿فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُوا وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ ألأنعام/٤٥.

ـ ﴿قَالَتْ يَاأَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّى تَشْهَدُونِ﴾ النمل/٣٢.

ـ ﴿وَفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ، لَا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ﴾ الواقعة/ ٣٢، ٣٣.

ـ ﴿فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِنْ اللَّيْلِ وَاتَّبِعْ أَدْبَارَهُمْ وَلَا يَلْتَفِتْ مِنْكُمْ أَحَدٌ وَامْضُوا حَيْثُ تُؤْمَرُونَ﴾ الحجر/٦٥.

ـ ﴿أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ وَتَقْطَعُونَ السَّبِيلَ وَتَأْتُونَ فِي نَادِيكُمْ الْمُنكَرَ﴾ العنكبوت/٢٩.

کاتێك دەفەرمووێت: ﴿لِيَقْطَعَ طَرَفًا مِنْ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ واتە: هەندێکیان لەناو بچن.

یان کاتێك دەڵێت: ﴿وَيَقْطَعَ دَابِرَ الْكَافِرِينَ﴾ واتە: دوا دانەیان لە ڕیشەوە دەربێنێت.

یان: ﴿وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ﴾ بەواتای ئەوە دێت کە: بە مافەکانی خزمایەتی و نزیکایەتیی هەڵناسن.

دەشفەرمووێت: ﴿وَلَا يَقْطَعُونَ وَادِيًا﴾ واتە: بە دۆڵێکی بەریندا تێناپەڕن.

کاتێکیش دەڵێت: ﴿فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ ﴾ واتە: لەپەل و پۆیان بخات.

دەشڵێت: ﴿مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْرًا﴾ واتە: بڕیاری یەکلاکەرەوە نادەم.

لە بارەی میوەکانەوە دەڵێت: ﴿لَا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ﴾ واتە: بەهۆی وەرزەکانەوە دواییان نایەت و هەمیشە بەردەستن و هەن.

ئەوەش کە دەڵێت: ﴿فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِنْ اللَّيْلِ﴾ بەواتای: لە دوا بەشی شەودا خێزان و بنەماڵەکەت بخەرێ و بیانبە.

کە دەشڵێت: ﴿**أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ وَتَقْطَعُونَ السَّبِيلَ**﴾ بەلای **الرّازي** لە **التفسير الكبير** بەرگی ٢٥ لاپەڕە ٥٨ دا، واتە: ئێوە ئارەزوە زایەندییەکانتان بە پیـــاوان و نێرینەکانتان تێر دەکەن، ئەم کارەش دەبێتە هۆی ڕێگریتان بۆ جووت بوون لەگەڵ ژناندا کە مایەی هێشتنەوەی ڕەگەزی مرۆڤە.

بەلای سیوتیشەوە لە **تفسيرالجلالين** لاپەڕە ٥٢٨ دا، بەواتـــای ئەوە دێت کـــە: بەهۆی ڕەفتـاری خراپتانەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە بە لاتاندا تێدەپەڕن ڕێگە لە هامۆشۆکەران دەبڕن.

لێکدانەوە و ڕاڤەکەی سیوتیـی بایـەخـی نیە بەلامانـــەوە، چوونکـە بەو لێکدانەوەیە بێت، ئایەتەکە لە ڕەواڵ و سیاقـی بـابەتەکە دەردەچێت و بابەتــەکە دەبێتە تێکەڵەیەکی نەساز کە ژیریی پەسەندی ناکات، ئەمەش لە کاری خواوەندەوە دوورە.

وەك بینیمان دابەزێنراوی بەجێ کرداری **قَطْعْ** ی بەچەن مانایەك بەکارهێناوە کە پەیوەندییان نییە بەو بڕین و بڕینەوە و **بَتْرە**وە کە هەندێ کەس بێجگە لەو واتایە لە هیچی تر تێناگەن، وەبە چەند مانایەك بەکاری هێناوە کە هیچ پەیوەندییەکیان نییە بە چەقۆ و قەمەوە، ڕاستە بۆ مانای ئەو چەشنـــە بڕین و بڕینـــەوە و **بَتْرە**ش هەر وشـــەی **قَطْع** ی بەکـــار هێناوە، بەڵام تەنانەت لەو بەکار هێنانەشدا وشەکە ڕەها نەبووە.

داڕشتەی جەخت کردنـــەوە و دووبـــارە کردنەوە، کە لە لاواز کردنی کرۆکی کرداری سیانیەوە سەرچاوە دەگرێت، بنـــەمایەکـی گشتییـــە و هەموو کردارەکـــان دەگرێتـــەوە بە کرداری **قَطَعَ** یشەوە، بە هەموو ماناکانیەوە کە پێشتر باسمان کردن.

فەرموو لەگەڵ چەند ئایەتێك لە پەڕاوی خواوەند، کە کرداری **قَطع** یان تێدا هاتووە و هیچ واتایەکیش نادەن بەدەستـــەوە کە پەیوەنـــدی بە بڕین و بڕینـــەوە بە چەقۆ و ئـامرازە تیژ و بڕەرەکانەوە ببێت:

. ﴿فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ تَوَلَّيْتُمْ أَنْ تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ﴾ محمد/٢٢.

. ﴿وَلَوْ أَنَّ قُرْآنًا سُيِّرَتْ بِهِ الْجِبَالُ أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ الْأَرْضُ أَوْ كُلِّمَ بِهِ الْمَوْتَى بَلْ لِلَّهِ الْأَمْرُ جَمِيعًا﴾ الرعد/٣١.

. ﴿هَذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِنْ نَارٍ﴾ الحج/١٩.

. ﴿لَقَدْ تَقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُمْ مَا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ﴾ الانعام/٩٤.

.﴿إِذْ تَبَرَّأَ الَّذِينَ اتُّبِعُوا مِنْ الَّذِينَ اتَّبَعُوا وَرَأَوْا الْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمْ الْأَسْبَابُ﴾ البقرة/١٦٦.

. ﴿وَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ كُلٌّ إِلَيْنَا رَاجِعُونَ﴾ الانبياء/٩٣.

. ﴿لَا يَزَالُ بُنْيَانُهُمْ الَّذِي بَنَوْا رِيبَةً فِي قُلُوبِهِمْ إِلَّا أَنْ تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ﴾ التوبة/١١٠.

. ﴿وَقَطَّعْنَاهُمْ اثْنَتَيْ عَشْرَةَ أَسْبَاطًا أُمَمًا﴾ الاعراف/١٦٠.

بڕینی ڕەحمەکان بەمل نەدان بە مافی خزمایەتیی، بڕینی زەویی بە ڕۆیشتن پیایدا، بڕینی پۆشاك بەو شێوەی کە بەکەڵکی لەبەرکردن بێت، بڕینی نێوانی یەکتر بە دوورکەوتنەوە، بڕینی هۆکارەکان بە نائومێدبوون لە بوونی هۆکاری پێوویست، بڕینی کار و پرسێك بە گرتن و لێك دانەوەی هەموو لایەن و ڕووەکانی، بڕینی دڵەکان بە خنکاندنیان و بڕینی نەتەوەیەك بەدابەشکردنیان بەسەر چەند تیرە و هۆزێکدا... هەموو ئەم بڕینانە پێویستیان بە چەقۆ و قەمە و ئامێری تیژی بڕەر نییە.

لەوانەیە وەستان لەسەر ئایەتی ٩٤ ی سورەتی الأنعام بە دیاریکراویش لەسەر بڕگەیەی: ﴿لَقَدْ تَقَطَّعَ بَيْنَكُمْ﴾، بەسوود بێت.

هەندێ کەس وشەی (بَينَ) بە سەرە (بالنّصب)، دەخوێننەوە و ئەوەش بە ڕەواتر دەزانن، هەندێکیش بە بۆرە (الرّفع)، دەیخوێننەوە و بەلایانەوە بەوشێوەیە ڕەوانترە.

ئەوانەی بە سەرەوە(**بينَكم**) دەیخوێننــەوە بــە دەفر (**ضَرف**) ی دادەنێن و ناوێکی نادیاریش لە پێشیــەوە دادەنێن (**إعتبروه ظرفا قدَّروا وجود إسم قبله**)، ئــەوانــەش کــە بــە بۆرەوە(**بَينُكم**) دەیخوێننەوە و بە پشت بەستن بــەوەی کــە لە گوتــە دژبەیەکــەکان (**الفاظ الاضداد**)ە، بەناوی دادەنێن (**إعتبروه إسما**).

کەواتە: جیاوازیی لێکدانــەوە لە نێوان ئەم دوو خوێندنەوەیەدا، ڕەوا و ڕێگە پێدراوە و لە دوو واتای درووست بەدەرنییە، ئەی بۆچی لە **قَطْع** دا کە چەندین مانا و واتای هەیە و هەمووشیان ڕاست و درووستن، جیاوازیــی لە لێکدانــەوەی واتاکاندا ڕێگە پێدراو نییە؟ یان ئەو پێداگرییە حەیابەرەیە لەسەر پشتبەستن بە تاکە واتایەك و بەکافرکردنی هەرکەسێکیش کە کار بەو واتا دیاریکراوە نەکات، لە پای چیی؟

پاش ئەم هەمووە ڕوونکردنەوەیە، دیسان دەگەڕێینەوە بۆ لای ئایەتی ٣٨، ٣٩ ی سورەتی **المائدة**: ﴿**وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنْ اللَّهِ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ * فَمَنْ تَابَ مِنْ بَعْدِ ظُلْمِهِ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ اللَّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ**﴾، سەرنج دەدەین کە ئەو (و) ە ی کە لەسەرەتای ئایەتەکەوەیە، بڕگەی دوای خۆی هەڵوەدا (**عطف**) دەکاتەوە بۆسەر ئایەتی ٣٣ ی پێشخۆی، کە دەڵێت: ﴿**إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ**﴾ هەمووشمان دڵنیایین کە هەڵوەداو (**عَطف**) کردنەوە، یەکپارچەیی بابەتەکە بەهێزتر دەکات.

چوونکــە ئایەتــی ٣٣ باس لە سزای ئەوانــە دەکــات کە دژبەریــی و دژایەتیــی خواوەند و پەیامهێنەکەی دەکەن، ئایەتی ٣٨ یش باسی سزای دز (بەهەردوو ڕەگەزەوە) دەکات.

ئەگەر سەرنجی گوتەی (**السارق**) بدەین، دەبین بە داڕشتــەی ناوی بکەر هاتووە، کە لە کرداری (**سَرق**) یە، کە ئاماژەیە بۆ درێژەپێدان و بەردەوامیی بکەر لەسەر ئەو کردار و ڕەفتارە، وەك چۆن دەڵێین: (**كاتِب**).

لەو ڕوانگەیەوە تێدەگەین كە خواوەند مەبەستی ئەو دزەیە، كە بەردەوامە و درێژە ئەدات بەكرداری دزیی كردنەكەی، تا ڕادەیەك بەلای خەڵكەوە دزیكردن، وەك پیشەی ئەوكەسە سەیر بكرێت، بۆیە لەوێوە سزای دەسبڕینی بۆ دیاریی دەكات، ئیتر جیاوازیی نییە دزەكە نێرە یان مێ.

تێدەگەین كە هەرگیز خواوەند مەبەستی كەسێك نییە كە یەك جار پەنای بردبێتە بەر دزیی كردن، چوونكە ئەگەر مەبەستی ئەوە بوایە دەیگوت: هەركەس دزیی بكات (**وَمَن يَسرِق**)، ڕێك وەك چۆن باسی كوشتنی كەسێك دەكات و دەڵێت: ﴿**وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ...** ﴾ **النساء/٩٣**، یان: ﴿**وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ**﴾ **النساء/٩٢.**

نابینین تەنها یەكجار كوشتن بەسە بۆ ئەوەی سزا بسەپێنرێت بەسەر بكوژەكەدا؟

ئێستەش دەچینە سەر باسی بڕگەی (**فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا**)، دەبینین لێشاوێكی زۆر لە بۆچوون و لێكدانەوە و فەرمانی جیاواز هەیە لەم بارەیەوە و هەریەكەشیان بەڵگەی خۆی هەیە لە پشت ئەستوور كردنی بۆچوونەكەیدا، سەیری **التفسیر الكبیر**ی ڕازیی بەرگی ١١ لاپەڕە ٢٢٣ ـ ٢٢٩ بكە.

ئەوانەش كە لەسەر ڕا و بۆچوونی بڕینەوە و (**بتر**)ن و پێیان وایە كە ئەگەر كەسێك دزیی كرد واجبە دەستیی ببڕێتەوە، ئەوانە لە ڕوكاری گشتیی ئایەتەكەوە دەڕواننە بابەتەكە بەمەرج و سزاكانیشیەوە.

لەكاتێكدا كە واجب بوونـــی دەسبڕینەكـــە، دەستەكـان بەگشتیی دەگرێتەوە، بەڵام گرێدانی كۆدەنگیی (ألإجماع)، ئایەتەكـــەی لە گشتگرییـــەكەیەوە دەرهێنـاوە بۆ تایبەتیی و كرداری دەسبڕینەكەی گۆڕیوە بۆ: سەرەتا بڕینەوەی دەستی ڕاست، نەك دەستەكان بەگشتیی!

بەڵام لە دیاریکردنی مانا و واتـــای وشەی (اليَد)دا، ناکۆکیـــی کەوتوەتـــە نێوانیـان، هەیانە دەڵێت: یانی پەنجەکان، هەشیانە دەڵێت: یانی پەنجەکان و لەپی دەس و تا ئانیشك، هەشیانە سنووری واتای وشەکە درێژ دەکاتەوە تا دەگاتە شانەکان.

پاشان هەریەك لەو بەڕێزانە ڕای خۆی هەیە لەبارەی ڕێژەی ئەو شتەوە کە دەبرێت و بەهۆی بردنیەوە کردارەکە ناو دەنرێت، دزیی، دوو مەرجیشیان داناوە بۆ واجب بوونی بڕینەوەکە، ئەو دوو مەرجەش لەبارەی: (**النصاب و الحرز**)ە وەیە، واتە: ڕێژەی شت و **شمەکە** دزراوەکە و شوێنی هەڵگرتن و پاراستنی.

هەندێکیان وای بۆ دەچن کە: ڕێژە و بڕی دزراوەکە جێگەی بایەخ نییە و کەم بێت یان زۆر، حسابی لەسەر ناکرێت، مادام دزیکردنەکـــە ڕوویداوە ئیتر بڕینەوەکـە واجبە، چوونکە کەمی بێبایەخی بەردەستـــی دەوڵـــەمەند، زۆر و بەبایـــەخە بـــەلای هەژاری نـاچار و پێگیراوەوە، هەندێکی تریشیان پێیان وایە: شوێنی هەڵگرتن و پاراستنی شتەکە، جێگەی بایەخ نییە و حسابی لەسەر ناکرێت و دزیکردن یانی دەسبردن بۆ ماڵ و سامانی کەسێك بەبێ ئاگاداریی و ڕەزامەندیی خۆی، هیچ جیاوازیی نییە، ئەو شتە لە شوێنی تایبەتی پاراستن و هەڵگرتنیدا بێت یان نا.

ڕای جیاوازیشیان هەیە لە بارەی بڕی دزراوەکەوە، هەندێجار سێ درهەمە و هەندێجار پێنج و جاری واش هەیە دە درهەم، هەشیانە دەڵێت: چارەکە دینارێکە و هەشە دەڵێت: شتێکی کەم نرخە.

پاشان ڕای جیاوازیـــان هەیە لەبـــارەی ڕەوایەتیـــی چەن بارە بوونـــەوەی کرداری بڕینەوە و لێکردنەوەکە، لەگەڵ دووبارە بوونەوەی ئەنجامدانی دزیکردنەکەدا. پاشان ڕای جیاوازیان هەیە لە بارەی ئەوەوە کە: ئایا سەید و ئاغا، مافی ئەوەی هەیە ئەم سزایە جێبەجێ بکات بەسەر ڕەعیەت و خزمەتکارەکانیدا؟

هەیانە ڕێگەی پێداوە، وەك: شافیعیی و، هەشیانە ڕێگەی پێنەداوە، وەك: نوعمان.

پاشان ڕای جیاوازیان هەیە لە بارەی ئەوەوە کە ئایا: دەسبڕین و غەرامەکردن پێکەوە کۆدەکرێنەوە؟ هەیانە ڕێگەی داوە بە کۆکردنەوەی غەرامەکردن و پێبژاردن لەگەڵ بڕینەوەکەدا، هەشە ڕێگەی پێنەداوە.

ئەوانەش کە دان نانێن بە بڕینەوەکەدا، کە پێشەوا ئەبو موسلمی خۆراسانیی یەکێکە لەوان، خەریکە بڵێین: لە چەند دەستەواژە و دێڕێکی کەمی پرش و بڵاودا نەبێت، شوێنەواری ڕاوبۆچوونەکانیان لە کتێبەکانی کەلەپووردا بەدی ناکرێن، لەوانەیە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەوکەسانە بە ئەرکی نووسینەوە و تۆمارکردنی شوێنەوار و بەرهەمەکانی زانایان هەستاون، بەهۆی ئەوەوە کە لەلایەکەوە ئەم بۆچوونانە لەگەڵ ڕاوبۆچوونی زۆرینەی زانایانی دەرباردا سازگار نەبوون، خۆیان لە نووسینەوە و تۆمار و پاراستنیان، لادابێت و لە لایەکی تریشەوە مەترسی ئەوەیان بووبێت کە خەڵك ڕوو لەم ڕاو بۆچوونانە بکات و پەسەندیان بکات، چارەنووسی ئەم ڕاوبۆچوون و نوسراوانەش وەك چارەنووسی نووسراوەکانی موعتەزیلە و قەرامیتە و خەواریجەکان بووە.

ئایا بڕین لە کرداری **فاقطعُوا** دا، بڕینەوەیە بە چەقۆ و قەمە؟

وە ئایا وشەی **اليَد** لە ئایەتەکەدا، بریتییە لەو لاقەی سەرەوەی مرۆڤ کە بە پێنج پەنجە کۆتایی هاتووە؟

ئەگەر وایە، ئایا کۆتایی دەس و ئەو سنوورەی کە نابێت لە بڕینەوەدا تێ بپەڕێنرێت، بریتییە لە: لەپی دەست، یان مەچەك، یان ئانیشك، یان شان؟

ئایا مەبەستی خوایی لەوەدا کە لە ئایەتەکەدا دەفەرمووێت: **أيديهم**، بریتییە لە گشتاندن و گشتگیریی؟ یان ئایا دارشتە و سیغەی کۆ، وەك شافعیی پێی وایە، ئاماژەیە بۆ

چەنبارەبوونەوە و دووەم و سێیەم و چوارەمی ئەو کرداری دزیەی، کە ئەو کەسەی بەهۆی دزیکردنی یەکەمجاریەوە دەستی بڕاوە، پێی هەڵدەسێت؟

چوونکە بەلای شافیعییەوە وایە کە ئەگەر کەسێك دزیی کرد، یەکەمجار دەستی ڕاستی لە مەچەکیدا دەبڕێتەوە، لەجاری دووەمی دزیکردنیشیدا، قاچی چەپی لە قولەپێیدا دەبڕێتەوە، لە جاری سێیەمی دزیکردنیشیدا، دەستی چەپی، لە جاری چوارەمیشدا، قاچی ڕاستی دەبڕێتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی کە خوا دەفەرمووێت: **(فقطعوا أيديهم)** وشەی: **ألأيدي** ش کۆیە و لانی کەمی سیانە.

دەچینە سەر ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت: **﴿فَمَنْ تَابَ مِنْ بَعْدِ ظُلْمِهِ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ اللَّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ المائدة/٣٩.**

لێرەدا دەبینین ئەوانەی پێیان وایە ئایەتەکە گشتییە و ئەوانەش کە پێیان وایە تایبەتە، ئەگەر لە ئایەتی پێشوودا بوارێکیان دەسکەوتبێت بۆ ناکۆکییەکەیان، ئەوا لێرە و لەم ئایەتەدا هیچ بوارێکیان دەسناکەوێت بۆ ناکۆکیی و ڕاجیاییەکەیان.

تەوبەی چاکەکارانە و پەسەند کردنی تەوبەکەش، لەلایەن خوای لێبوردەی بەبەزەییەوە، پرسێکی گرنگە و هەرچەندە بە دوای بابەتێکی تایبەتیشدا هاتووە کە دزیی کردنە، بەڵام هەموو چەشنەکانی ستەم دەگرێتەوە، بە هاوەڵ بڕیاردانیشەوە.

دیسانەوە دەبینینەوە کە فەقیهەکان جارێکی تر ناکۆکیی دەکەوێتەوە نێوانیان، کە ئایا تەوبە کردن و پەشیمان بوونەوەکە، بڕینەوەکە ڕادەگرێت یان نا، بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە تۆبەکردنەکە ڕێگە پێدراو و درووستە دوای بڕینەوەکە!

بۆیە جارێکی تر دەپرسینەوە: ئەوکەسەی کە دەستی ڕاستی بڕاوەتەوە، چۆن و بە چ شێوەیەك خۆراك بخوات، وە ئایا چۆن بەراورد بکەین لە نێوان دۆخی ئەم کەسە و ئەو فەرموودەیەدا کە دەڵێت: تۆبەکار لە تاوان وەك ئەوە وایە هیچ تاوانی نەبێت؟

ئەگەر وابێت ئیتر سوودی ئەو ڕەحمەتە چییە کە لە کۆتایی ئایەتەکەدا هاتووە؟

ئایا ئەرکی بەخێوکردن و دابین کردنی بژێویی ژیانی ئەم کەسە قۆڵ و قاچ بڕاو و ئەتك کراوەی کە تۆبەی کردوە، خەرجیی ماڵ و خێزانی دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵگە؟

ئەگەر ئەو حەدیسەی پێغەمبەر وەربگرین کە دەڵێت: هەموو منداڵێك لەسەر فیترە و سروشتی پابەندیی لەدایك دەبێت و دواتر باوك و دایکی بەرەو جوولەکەیی یان گاوریی یان مەجوسییەتی دەبەن، کە بە ڕوونیی ئاماژە بۆ کاریگەریی خێزان و بنەماڵە و کۆمەڵگە دەکات لە دارشتنی ڕەفتار و بیروباوەڕ و دونیابینیی مرۆڤدا، لە بەرچاوگرتنی واتای ئەم حەدیسە تا چەن کاریگەریی دەبێت لەسەر تێگەیشتنمان بۆ ئەو ئایەتەی کە باسی دزیی و بڕین دەکات؟

کۆی ئەو زانایانەی کە باوەڕیان هەیە بە بڕینەوەی پەلەکان، پابەندن بەو ڕاڤەیەوە کە بەو شێوەیە پێناسەی وشەی: الیَد، دەکات کە بریتیی بێت لە لەپی دەست و مەچەك.

ئێمە دەپرسین: باشە ئەو بەڕێزانە بۆ لەو لێکدانەوە سادە و سەرەتاییەدا چەقیون، لە کاتێکدا ئەم ئایەتانە لە بەردەستایاندا بووە:

- ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ﴾ الفتح/١٠.
- ﴿وَجَعَلْنَا مِنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا﴾ يس/٩
- ﴿وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنْكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُمْ﴾ الفتح/٢٤.

دەبینین **الیَد**، واتای باڵادەستی و سەرکەوتن و پاراستن دەگەیەنێت، وە دەبینین، **الیَد**، واتای پێشەوا و ڕابەر دەگەیەنێت کە دەبێتە هێز و دامەزران و لە دەست گرتنی جڵەوی حوکمڕانیی، دەشبینین دەسگرتن و**کَفُ الیَد**، واتای ڕێگریکردن دەگەیەنێت، نەك ئەو لەپەی دەسەی کە پەنجەکانی پێوە بەندە.

ئیتر بۆ لەم گۆشە نیگایەوە ئەو بڕگە لە ئایەتەکە، لێك نەدەینەوە و لێی تێ نەگەین؟

تێناگەین ئەو پێداگرییەی ئەو چەشنە زانایانە لەسەر چییە، کە دەیانەوێت سزای دزیکردن ببەسنەوە بە سزای جەنگەرانیی (**الحِرابة**) ەوە و وەك ئەو دای بنێن؟

ئایا ڕێی تێ دەچێت دزییش، هەر بریتیی بێت لە جەنگەرانیی و حیرابە، وەك گوتەبێژەکانی خواوەند و ڕاڤەکارانی ئەحکام و پەیامەکەی دەڵێن؟!

پێویستە دیسان ئەو ڕاستییە بڵێینەوە کە پەیامی **محەممەد** بۆ ئەوە هاتووە تا گونجاو و لەبار بێت بۆ هەموو جێگە و سەردەمێك، گونجاو بوونیشی بەندە بەوەوە کە بتوانێت لەگەڵ ڕەوتی گەشەسەندنی زانین و مەعرفەی مرۆڤایەتیدا، ئەویش گەشەبکات و پێبەپێ لەگەڵیدا بڕوات و ڕەچاوی بیرۆکەی ڕێکار و حەددەکان لە سروشتی مرۆڤایەتیدا بکات، چوونکە یاسازیی ئیسلامیی، تەشریع و یاساسزییەکی مرۆیی و شارستانییە و بە نەرم و نیانیی و هەردەم گەشەسەندووە و هەمیشە لە نێوان لای سەرو و لای خواروی سنورەکانی خواوەندا دێت و دەچێت.

بۆ پشتڕاسکردنەوەی هەموو ئەمانەش تەنها ئەم ئایەتە بەسە: **﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ الروم/٣٠.**

واتــە: ڕووت ڕابگرە بۆ ئــەو ئـایینە هەردەم گـەشەسەندو و سازگارە، سروشتی خواوەند، ئەو سروشتەی کە خواوەند خەڵـکی لــەسەر داڕشتووە و هیچ گۆڕانێکیش نایــەت بەسەر خەلق و بەدیهێنــان و داڕشتنەکانـی خواوەندد‌ا، ئەوە ئایینــە پایەدارەکەیــە، بەڵام زۆربـەی خەڵکی نازانن.

لەم ڕوانگەیەوە و بەم هۆیەوەیە کە سزای دزیکردن، بوارێکی زۆر گەورەیـــە و لە چاوپۆشیی و لێبوردنەوە لە ئەنجامدەرەکــەی، دەس پێدەکـات و سەردەکـەوێت تا دەگاتە زیندانیکردنی هەتا هەتایی، ئەمەش بەپێی چەشن و ڕادەی تاوانەکە دەسنیشان دەکرێت و دەشکرێت لە ماوەی زیندانیکردنەکەدا، سەرنجی ڕەفتاری کەسەکە بدرێت: ئەگەر گۆڕانکاریـی هات بەسەر ڕەفتاریدا، ئازاد دەکرێت، پێویستە ئەوەش بزانین کـە ئەم چەشنــە لە سزاکـان، بۆ سەرکێشـی بە ناحەقە، (**للبغـــي بغيـــر الحق**)، بە بێ بەکارهێنانی توندوتیژیی بە هەموو چەشنەکانیەوە، وەك هەڵکوتانەسەری ناچەکدارانە، بەنموونە.

بەڵام ئایەتی ٣٣ ی سورەتی **المائدة**، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتـــەوە کە حاڵەتـی سەرکێشــی بە ناحەق، بە بەکارهێنانی توندووتیژیی و چەك، وەك هەڵکوتانە سەری چەکدارانە و بە بارمتە گرتنی چەند کەسێك، لەم حاڵەتانەدا سزاکە دەگاتە زیندانیی کردنــی هەمیشیی و لە سێدارە دانیش: ﴿**إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ**﴾ **المائدة/٣٣.**

کەسانێکی زۆر هەن ئەم بارودۆخەی ئێمە کە ئێستـــە لە سەدەی بیستویەکدا دەژین، بەراورد دەکەن لـەگەڵ سەردەمـی ڕاپــەڕین و گــەشەسەندنــی ئەورووپادا، بـــەو کەسانــە دەڵێم: ئەم بەراوردەتان نابەجێیە، چوونکە گرفتەکەی ئێمە هیچ لەو گرفتەی ئەورووپییەکان ناچێت کە لە سەردەمی گەشەسەندن و ڕوناك بوونەوەدا هەیان بوو.

گرفت و دژوارییەكە لەوێ و لەو سەردەمەدا، لە نێوان كەنیسە و خەڵكدا بوو، تەنگژە و كێشەیەكی زانستیی بوو لە بارەی لێكدانەوە و ڕاڤەی تەوراتییەوە بۆ گەردوون، گاورەكانی ئەورپا دانیان بەو لێكدانەوەیەدا نابوو، وەك چۆن لە سەردەمی كۆن **(العهد القديم)**دا هاتبوو، بە بێ ئەوەی پەیڕەویی لە شەریعەتەكەی موسا بكەن كە هەر لە هەمان پەڕاوی سەردەمی كۆندا هاتبوو.

گرفت و تەنگژەكەی نێوان كەنیسە و خەڵك لەوێ، لە بواری یاسازیی و تەشریع و وا بكە و وا مەكەدا نەبوو، بەڵكو لە بواری بوون و نەبوون دا بوو، بۆ نموونە: ئایا زەویی شێوە گۆ و خڕە، یان تەختە؟ یان ئایا زەویی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە یان خۆر بەدەوری زەوییدا؟

بەڵام گرفت و تەنگژەی ئێمە لەگەڵ دامەزراوەی ئایینیدا، ڕێك پێچەوانەی ئەمەیە.

دەبینین پیاوانی ئایینی بە شەرمێكەوە ئەو لێكدانەوە زانستییانە پەسەند دەكەن كە لە سایەی پێشڕەوتی زانستیی سەدەی بیستەوە، دەكرێن بۆ ئایەتەكانی قورئان، لە هەمان كاتدا بەبێ ئەوەی هەوڵی بژاركردن و پاككردنەوەیان بدەن پێداگریی دەكەن لەسەر پیرۆزیی ئەو تەفسیر و ڕاڤە كردنە كەلەپووریانەی، كە دژ دەوەستنەوە لەگەڵ ژمارەیەك ڕاستیی و چەسپاوی زانستیدا، بۆیە دژواریی و گرفتی ئەم بەڕێزانە لە فیقە و یاسازیی و فەلسەفە و زانستە مرۆڤایەتیەكاندایە بە گشتیی.

گرفتەكە لەوەدایە كە خۆیان هەست بە فشۆڵی و كارتۆنی بوونی خستنەڕوو و تەرحەكانیان دەكەن و لەوێوە خەمی ئەو ئیسلامەیان لێ نیشتووە كە ئەوان نوێنەرایەتیی دەكەن و دەترسن بڕوخێت، لەم پرۆسەیەشدا خەڵكی ئاسایی و نیوە ڕۆشنبیر، بەهۆی نییەت پاكیانەوە و خەڵكی بەرژەوەند پەرست و مێشك داشۆراویش، بە نیازی خراپەوە، شوێنیان دەكەون.

چەکی هەمیشە سازی دەستیشیان ئەو کافر کردن و ئەو تۆمـــەتە ئـــامادانەیە کە ئامادەیان کردوون بۆ هەر کـــەسێـــك کە، نیـــازی ئـــەوەی هەبێت لــــە ژێر ڕکێفـی ئەوان دەربچێت، تا تۆمەتباری بکـــەن بە زەندەقـــە و کافر بوون و بـــەکرێگیراویـــی، بەوە تانـــەی لێ بدەن کـــە دەیەوێت ئیسلام بڕوخێنێت و گوایا جنێو بە هاوەڵان دەدات و ئینکاریی سوننەت دەکات.

بەڵام ئێمە دڵنیاین لە کـــارەکـــەمان بە پشت بەستن بەو ئایەتەی کـــە دەفـــەرمووێت: ﴿**كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاءً وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الْأَرْضِ**﴾ **الرعد/١٧.**

ئێمە بە تەواوی مانا دڵنیاین و دڵنیاییش دەدەینە ئەو کەســـــانەی کە باوەڕیان بە خواوەند و خۆڕادەسکردن بەو هەیە، دڵنیـــایـــان دەکـــەینەوە کە خواوەند نابەزێت و ئیسلامیش شکست ناناسێت، چوونکە خواوەند لە سروشتی مرۆڤدا بوونی هەیە، ئیسلامیش لە کەلتوری هەموو گەلانی سەرزەویدا بوونی هەیە. ئەو لایەنەی کە لە داهاتودا شکست دەهێنێت، بریتییە لـــەو فیقهە مێژووییـــە چەقبـــەستووە و زێوان و هـــامان و دامەزراوەکـــانی، وە تاکە شتێکیش کە شکست دەخوات و دەبـــــەزێت، ئـــەو بیروڕا و تێگـــەیشتنـــانـــەمـــانـــە کـــە ئاڵاندومانن بە پیرۆزکردنی ئەو کەسانەوە کە بـــە بێتاوان و بە مەعسومیان دەزانین، بوون و مانەوەی باوەڕەکـــەمـــان بەندکردوە بە مانەوەی ئەوانەوە و ڕیشە داکوتانـــی هەژمونـــی باڵادەستـــی نـــەوە و وەرەسەی پێغەمبـــەرانەوە، تاکـــە لایەنێکیش کە دەبەزێت و شکست دەخوات بریتییە لە عەقڵیەتی حەرامکردن، بەڵام خواوەند و ئیسلام هەرگیز نابەزن.

# بەشی چوارەم

## سوننەتی پەیامهێنیی و سوننەتی پێغەمبەرایەتیی

## (السنة الرّسولية و السنة النّبوية)

ئـەم ناونیشانەم لە کتێبێکمەوە وەرگرتووە کە ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن **دارالساقي** ەوە چاپ کراوە.

پێم خۆشە لێرەدا ئاماژە بکەم بۆ ئەوەی کە لەم بارەیەوە خوێندنەوەی تازەترم هەیە لەم بابەتەدا، ئەویش ئەوەیە کە لەوێ و ئەوکات، تێڕوانینم بۆ پێگەی پەیامهێنیی و ڕەسولیەت قەتیس بوو لە چوارچێوەی تـەنها گەیـاندنـدا و پێم وابوو هەرچـی ئیـجتهاد و لێکدانەوەی پەیـامهێن و ڕەسول هەبـووە بۆ کۆمەڵگـەکـەی، هەموویان لــە پێگەی پێغەمبەرایەتیی و نبووەتــەوە بووە نەك لـــە پێگەی پەیامهێنیــەوە، بــەڵام دوای ســـەرلەنوێ خوێندنەوەمان، بینیمان و تێگەیشتین کە ڕەسول و پەیامهێن وەك یەکەم موشەڕیع و یاساساز لە پێگەی پەیامهێنیی و ڕەسولییەتەوە، دەسەڵاتی یاسازیی بەکار هێناوە و یاسای داڕشتووە.

بۆیە دەبینیـــن باس لە گوێڕایەڵیــی کردنــی سەربــەخۆی ڕەسول کراوە: **أطیعـوا الله وأطيعوا الرسول**، بەڵام لەپـەڕاودا نابینیـــن لە هیــچ جێگەیــەکدا گوترابێت: **أطيعوا النبي**، بۆیە دواتر بەوردیی دید و تێڕوانینی تازەمان لەم بارەیەوە دەخەینە ڕوو.

پێش ئـەوەی قسە لەبـارەی سوننەتەوە بکەیـــن، پێمان باشـــە گەر بەخێراییش بووە چاوێك بگێڕین بەسەر چەن پێناسەیەکدا کە لە دابەزێنراوی بە جێدا هاتوون.

ـ **البيان:** بریتیە لە پێچەوانــەی شاردنــەوە، بەهیچ شێوەك پــەیوەندی نییە بە ڕاڤە و شەرح کردنەوە، بەڵـگەش بۆ ئەم ڕاستییــە ئــەم ئایەتانەیە: **﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنْ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِنْ بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُوْلَئِكَ يَلْعَنُهُمْاللَّهُ وَيَلْعَنُهُمْ اللَّاعِنُونَ ﴾ البقرة/١٥٩.**

**﴿وأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفكَّرُونَ﴾ النحل/٤٤.**

واتە: ئەوانەی کە هەڵدەسن بە شاردنەوەی ئەو بەیینات و بەڵگە ڕوون و ڕێنماییانەی کەدامان بەزاندوون و لە پەڕاوەکــەشدا ڕامان گەیــاندوون بۆخەڵك، ئــەوانە خواوەنــد و نەفرەتکــاران نەفرەتیان لێ دەکەن.

واتە: ئێمە زیکرمان بۆ دابەزاندوی تا ئەوەی کە دابەزیوە بۆ خەڵك، بۆیان ڕابگەیەنی، بەڵکو بیرێك بکەنەوە.

پەیامهێنیش هەموو ئەوەی کــە بۆی دابەزیوە ڕای گــەیاندووە و هیــچی لــێ نەشاردوەتەوە، بەشێوەی دەنگیی ڕای گەیاندووە و لە بەردەمی خەڵـکدا خۆی نوتق و گۆی پێ کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ بەشێکــی ڕاڤــە و شەرح کردبێت، ئــەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە: ئــەو ئەرکــی ڕاگەیاند و بەیان کردنی پێ سپێردراوە و ئێمەش ئەرکی بیرکردەنەوە و تێڕامان.

ـ **البلاغ:** بریتییە لە کردە و پرۆسەیەك کە بەهۆیەوە مــــەبەستی قسەکەر دەگات بە گوێگر، بەلاغە و ڕەوانبێژیش لەوەوە وەرگیراوە، وەك لەم ئایەتــــەدا هاتووە: **﴿وَقُلْ لَهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلًا بَلِيغًا﴾ النساء/٦٣.**

واتە: قسەیەکیان پێ بڵێ کاریگەریی هەبێت لە ناو دەرونیاندا.

ئەم بەلاغە و ڕەوانبێژییەش پەیوەندیی نییــە بە جوانی گفتولفتەوە، چەند ئاستێکیشی هەیە، وەك دەبینین کەمترین ئاستی بریتییە لــە زمانی کەڕولاڵەکــان، زمانــی ئاماژە: **﴿قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا﴾ آل عمران/٤١.**

واتە: گوتی بەڵگە و نیشانەی تۆ ئەوەیە کە سێ ڕۆژ بە هێما نەبێت، قسە نەکەیت لەگەڵ خەڵکدا.

پاشان سەر دەکەوێت تا دەگاتە بەرزترین چەشنی، کە لە دابەزێنراوی بەجێدا دەیبینین، چوونکە ڕەوانبێژیی لەو پەیامەدا لە ئاستێکی ئەوتۆدا هاتووە تا بە کەمترین وشە و بەبێ هاوواتایی و تەرادف و تێترنجاندنی وشەکان، واتا و مەبەستەکەی بگاتە گوێگر یان خوێنەری، بۆیە دەڵێت: **﴿مَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ﴾ المائدة/٩٩.**

**﴿يَاأَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَه﴾ المائدة/٦٧.**

**﴿وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾ النور/٥٤.**

واتە: پەیامهێن و ڕەسول هیچی لەسەر نییە بێجگە لە گەیاندن.

(بەڵام وەك لە پێناسەکەدا گوتمان، گەیاندنێك کە: وەرگر ـ بیسەر و خوێنەر ـ لە مەبەستی قسەکەر تێبگات).

**ـ النبأ**: بریتییە لەو هەواڵ و زانراوەی کە، هەم ڕاستیی و هەم دڵەڕاوکەش هەڵبگرێت، وەك ئەم ئایەتە ڕوونی دەکاتەوە: **﴿وَكُلًّا نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ وَجَاءَكَ فِي هَذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ هود/١٢٠.**

واتە: هەموو ئەوەی بۆت دەخەینە ڕوو لە هەواڵ و زانینەکانی پێغەمبەران، بۆ ئەوەیە دڵی تۆی پێ جێگیر و دامەزراو بکەین، لەمەشدا ڕاستیی و ئامۆژگاریی و بیرخستنەوەت بۆ هاتووە بۆ باوەڕداران.

تایبەتمەندییەکانی هەواڵ و زانراو و نەبەئیش ئەوەیە کە گشتیی و کورت و پوختە و پەنهان و غەیبە، ئیتر پەنهانی ڕابووردوو بێت، یان هی ئێستا، یان هی داهاتوو، بەڵام ئامادەبوون

لە هەواڵ و زانراو و نەبەئدا بوونی نییە، چوونکە هەڵگر و گێڕەرەوەیەکی هەیە نەك خەبەردەر و ئاگاداریکەرێك، پێغەمبەریش هەڵگری چەند هەواڵ و زانراو و نەبەئێك بوو نەك ئاگارداکەر بێت بۆ چەن دەنگوباسێك.[1]

باسکردن و(**الإنباء**)یش لە پێگەی پێغەمبەرایەتیی و **نبوة** وەیە، نەك لە پێگەی پەیامهێن و **رسولية** ەوە.

**القرآن** یش بریتییە لە پەڕاوی نبوەت و پێغەمبەرایەتیی **محەممەد** (سلاوی لەسەر) چیرۆك و گێڕانەوە و خستنە ڕووە قورئانییەکان لە خۆ دەگرێت کە هەموویان هەواڵ و زانینی ڕابوردوون وەك لە خۆیدا هاتووە: **﴿كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَاءِ مَا قَدْ سَبَقَ﴾ طه/٩٩.**

واتە: بەو شێوەیە لە هەواڵ و زانراوی ئەوەت بۆ دەخەینە ڕوو کە تێپەڕیوە.

هەروەك چۆن هەواڵ و زانراوی داهاتووشی تێدایە وەك: دوارۆژ و بەهەشت و ئاگر و... تاد. وەك دەفەرموویت: **﴿وَلَقَدْ جَاءَهُم مِّنَ الْأَنبَاءِ مَا فِيهِ مُزْدَجَرٌ﴾ القمر/٤.**

واتە: هەندێ هەواڵیان بۆ هاتووە کە ئەوەیان تێدایە بە توندی دەس لە خراپە هەڵگرن.

[1] جیاکاریی لە نێوان خەبەر و نەبەئدا کەمێك وردەکاریی دەوێت بۆیە بەپێویستم زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە بنووسم: نموونەی (النبأ) ئەوەیە کە من هەواڵێکم لابێت بۆ نموونە: دوێنێ منداڵێك لە سەر بانێك کە ئەوەندە مەتر بەرز بوو، کەوت و مرد، یان من ئاگادارم ئێستا براکەم لە ماڵی باوکمە، یان من زانیاریم هەیە بەیانی براکەم دێت بۆ ماڵمان، ئەمانە هەمووی بەلای گوێگرەوە نادیارن و لە من وەریان دەگرێت، ئەم چەشنە هەواڵانە لە سروشتیان نییە لەو کاتەدا بێنە ئاراوە و حزوور پەیدا بکەن.

بەڵام دەنگوباس (الخبر) نموونەی ئەوەیە کە: من چاوم لێبێت وا منداڵێك خەریکە دەچێتە سەر لێواری سەربانەکەو گەر بڕوات ئەکەوێت، بۆیە خەبەری لێدەدەم بە دایکی تا فریای بکەوێت و بە بینینی دایکی بۆ منداڵەکە، ڕوداوەکە حزوور و ئامادەیی پەیدا دەکات.(وەرگێڕ)

ـ **الخبر**: بریتییە لەو دەنگوباسەی کە ڕاستیی و ناڕاستیی و هەڵە بوون و ڕاست بوون، هەڵدەگرێت، چوونکە ڕوداوەکە خەبەر دەرێکی هەیە خەبەری لێداوە.

سروشتی خەبەریش وایە بە پێچەوانەی نەبەئەوە درێژە و وردەکاریی هەیە، پێویستە گێڕەرەوەکەشی ئامادەبێت و بەچاوی خۆی ڕووداوەکە ببینێت، (وەك نزیك بوونەوەی مندالەکە لە لێواری سەربانەکە)، وەك چۆن موسا گوتی بە مالباتەکەی: هەستم بە بوونی ئاگرێك کردووە و ئێستا خەبەرێکتان لێیەوە بۆ دێنم: ﴿إِذْ قَالَ مُوسَى لِأَهْلِهِ إِنِّي آنَسْتُ نَارًا سَآتِيكُمْ مِنْهَا بِخَبَرٍ﴾ النمل/٧.

## سوننەت لە کەلەپووردا

**السنة:** بریتییە لە ساز بوون و وەرێکەوتن بە ئاسانی، **سنَّ عليه الماء** واتە: ئاوەکەی ڕۆ کرد و بە نەرمی ڕژاندی بەسەریدا، کە دەشگوترێت: **امض على سننك**، واتە: بڕۆ بەڕێگەی خۆتا، **وجاءت الريح سنائن**، ئەگەر باکە لە یەك لاوە دەهات. سەرچاوە کتێبی **لسان العرب**.

تێدەگەین کە سوننە لە بواری توێژینەوەکەی ئێمەدا بریتییە: لەو نموونە و ئەو ڕێچکەی ژیانەی کە کۆمەڵگە بە ئاسانیی و نەرمونیانیی لەسەری دەڕوات، لە کەلەپوری ئاینیدا سوننە دوای پەڕاوی خواوەند بە سەرچاوەی دووەمی یاساسازیی دادەنرێت، لە زۆر کاتیشدا بۆی هەیە پێشی بکەوێت، هەروەها بە پێی کەلەپوور سوننە بریتییە لە کۆی ئەوەی کە لە محەممەدی کوڕی عەبدوڵڵاوە کۆکراوەتەوە و پێمان گەشتووە لە قسە و کردار و بڕیارلەسەردان و ڕەویەی ڕەوشتیی و تەنانەت هەیئەت و ڕوخساریش، لەوەش بەولاوەتر دەگوترێت هەڵس و کەوتی تەنانەت پێش و پاشی بە پێغەمبەربوونیشی، ئەم پێناسەیە لە سەرێکی ترەوە بەرپرسە لە زۆربەی کاروباری موسڵمانانی ئەم سەردەمە، ئێمە بەبێ جیاوازیی کردن لە نێوان ژیانی تاکەکەسی و لە چیی خۆشی هاتووە و لە چیی خۆشی نەهاتووە لە خۆراك و پۆشاك و... تاد، پێبەپێ، شوێن ڕەویەکەی دەکەوێن لە هەموو بوارەکاندا، پابەندی شێوازی ژیانی دەبین بە بێ گوێدانە ئەوەی کە هەلومەرج و کات و شوێنی ژیانی ئەو، بەسەر ژیانی ئێمەدا ناچەسپێت، بێئاگا لەوەی کە ئەمە لە لایەکەوە پێچەوانەی هێڵی ڕەوتی مێژووە و بەرەو پاشەوەمان دەگێڕێتەوە و لە لایەکی تریشەوە ئەو پەیامەی کە جیهانییە و بۆ هەموو مرۆڤایەتیی هاتووە، دەیگۆڕێت بۆ پەیامێکی خۆجێی کە لە سەدەی حەوتی زاینیدا بۆ دانیشتوانی نیوچەدورگەی عەرەبیی هاتووە،هەروەها ئەو چەشنە تێگەیشتنە لە سوننەت، دەبێتە هۆی ئەوەی دەرگا بخرێتە سەرپشت بۆ قسە هەڵبەستن بەدەمی خواو پێغەمبەر و پەیامهێنەکەیەوە، پاشان دەبێتە هۆی داهێنانی چەندین گێڕانەوە و ناونانیان بە حەدیس کە

بگونجێن لەگـەڵ بەرژەوەندیـی حـوکمڕانـەکـان و هامانـەکانـی دەوروپشتیـان لە هەموو سەردەمێکدا، تا دواجار ئایینێکی تازە دادەڕشت بەو شێوەیەی کە بەدەستی ئێمە گەیشتووە و لە سەردەمی عەباسییەکاندا دارێژراوە، کە دەبینین ئەو ئایینە تازەیە بە شێوەیەکی گشتیی جیاوەزە لـە پەیـامەکـەی **محەممەد**، لەو ئـایینە تازەیـەدا پەیـامهێن چەند تایبەتمەندییەکی زۆری هەیە لەوانە:

ـ کەسایەتی پەیـامهێن چەق و ناوەنـدی ئیسلامە، نـەك خواوەند و پـەڕاوەکەی، ئەمەش هەڵەیەکی قورس و نابەجێیـە، چوونکـە ئیـسلام بریتییـە لە باوەڕبوون بە خواوەنـد و ڕۆژی دوایی و هاوکات لەگەڵ ئەم باوەڕەدا کـردەوەی چاکەش، بەبێ گوێدانە ئەوەی شوێنکەوتـەی **محەممەد**ی یان نا، ﴿**إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالنَّصَارَى وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ**﴾ **البقرة/٦٢.**

واتە: بە دڵنیاییـەوە ئەوانـەی باوەڕیـان هێنـاوە و جووەکـان و گاورەکان و سابیئەکانیش، هەرکەس لەوانە، باوەڕی هێنا بە خواوەند و ڕۆژی دوایی و کردەوەی چاکـەی کرد، ئەوا لەلای پەروەردگاریان پاداشتی خۆیانیان هەیە و هیچ ترسێکیان لەسەر نییە و نیگەرانیش نابن.

تەنها بە گۆڕینی ئەم پایانەی ئیسلام بە پایەی باوەڕ بە **محەممەد**، بە پشت بەستن بە حەدیس و گێڕانەوەی: **بني الاسلام علی خمس**، ساختە کارییەکە بەرپرسە لە کەنار کەوتـن و گۆشەگیر کەوتنی ئەم سەردەمەی (موسڵمانان) و ڕەگەز پەرستیی نواندنیان بەرانبەر گەلان و پەیڕەوانی ئایینەکانی تر، کە لە هەندێ کاتدا ئەم ڕەگەزپەرستییە، دەگاتـە ئاستێك کە ڕژاندنی خوێنی ئەوانیتر بە ڕەوا دەزانێت.

ـ پەیامهێن هەر لە بنەڕەتەوە مەعسوم و پارێزراوە لە هەڵە و لەم ڕوانگەیەشەوە جیاوازە لە ئێمەی مرۆڤ کە هەڵگری ئـاکار و ڕەفتاری وەك: دڵبۆلێدان و بەهەڵەداچوون و ڕقلێبوونەوە و ئیرەیی بردن و هەڵەکردنین، بەم هۆیەشەوە ئەم ئایەتە بە ڕەهایی لێك درایـەوە و گشتێرا

بـەسەر هەموو قسە و لێدوانێـکی پـەیامهێندا: **﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنْ الْهَوَى، إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾ النجم/٣، ٤.**

بەو هۆیـەوە گوترا کـە هەموو ڕەفتار و کردەوەکانیشی سـەرچاوەیەکی خواییان هەیە، ئەمە بێجگە لەوەی کـە، واش وێنـا کرا کە خاوەنـی بڕیـاری خۆی نییـە و هەرچی چاکـەکاریی و خۆپارێزیش لە کردەوەی خراپە بکات، دەستی خۆی تێدا نییە و لەسەریەتی وابکات.

ـ پەیامهێن دەسەڵاتی تکاکردن و شەفاعەتی هەیە و دەتوانین و بۆمان هەیە هـانای بۆ ببەین تا ڕازیی بێت لێمان و لەوێوە تکامان بۆ بکات لای خواوەند.

ـ پەیامهێن زانایە بە پـەنهان و غەیـب، ئـەمەش ڕێـگە خۆشکەرە بۆ داتـاشینی چەندین گێڕانەوە بە ناوی ئەوەوە و بەبێ کۆتایی و بەدرێژایی کات بەردەس دەبن.

ـ پەیامهێنیش وەك هەندێ لە پێغەمبەرانی تر،چەن پەرجو و موعجیزەیەکی مـاددیی دیاری هەیە، تەنانەت پەرجووەکانی وەك پیـاوێکی ئەفسانەیی وێنـای دەکەن کە مـردوو زیندوو دەکاتەوە، مانگ کـەرت دەکـات، نەخۆش چـاك دەکاتـەوە، لە نێوان پەنجەکانی دەستیەوە کانیاو هەڵدەقوڵێت.

ئەمە بێجگە ئەوەی کە چەندە لەڕووی کاتەوە لـە پەیامهێن دوورکـەوینەوە، پێـوەلکاندن و بەدەمەوە هەڵبەستن بۆ پەرجووەکانـی زیاتر دەبێت، کەوتنـە ژێرکـاریـگەری موسڵمانان بۆ فەرهەنگەکانی تر، وای کردووە کە ڕازیی نابن پەیامهێنەکەیان کەمتر لـــە کەسیتر پەرجو و موعجزەی ببێت، بۆیــە لەژێر کاریگەری گاور و میلەلـەکانی تردا، هاتـن پەرجووگەلێکی ئەوتۆیان بۆ هۆنییەوە کـە زیاتر لـە پـەرجووەکـانی عیـسای مەسیح، کاریـگەر تر و سەرسوڕهێنەرتر بن، پەیـڕەوانی مەزهـبی شیــعە بەمەیشەوە نـەوەستان بــەڵکو چەندین پەرجوویان دایە پاڵ ئیمامەکانیشیان.

بەهۆی هەموو ئەمانەوە و لە ئاکامدا، تانە و لەتمەی گەورە درا لەکەسایەتی پەیامبەری مەزن و چەند ئاکارێکی درایە پاڵ کە شیاو و گونجاو نین لەگەڵ کەسایەتیی ئەودا، وەك دوا پێغەمبەری خواوەند، وێنای پیاوێکی هەوەسبازیان دایە پاڵ، کە ئامانجی ڕابواردن و سێکس بێت و لەڕێگەی چەند گێڕانەوەیەکەوە، کە دایانە پاڵی وەك پیاوێکی خوێن مژ و تینوی خوێن ڕشتن ناساندیان.

لەسەر ئاستی ئیسلامیش بەگشتیی، ئەم هەڵە وێنا کردنە بوویە هۆی ترازانی ئایینەکە لە ئامانجەکانی و ئەوەی کە بۆی هاتبوو بەگشتی، بۆیە پێویستە سەرلەنوێ ئایینەکە بگەڕێنرێتەوە سەر ڕێڕەوی بنەڕەتیی خۆی و، پەیامهێنیش بخرێتەوە پێگە شیاوەکەی خۆی بەو شێوەی کە لە دابەزێنراوی بەجێدا باسکراوە و ناسێنراوە، وە بە پێی ئەو ئاکارە کاریگەرانەی کە پێی بەخشیوە، کە بە جیا کردنەوەی سێ پێگەکەی دەس پێدەکات، وەك: پیاوێکی ئاسایی، وەك: پێغەمبەر و نەبییەك، وەك: پەیامهێن و ڕەسولێك.

## سوننەت لە دابەزێنراوی بەجێدا

### یەکەم: محەممەد وەك پیاوێکی ئاسایی

ئەو پیاوێکی ڕەوشت بەرزە: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ **القلم/٤**

دەخوا و دەخواتەوە و هاوسەرگیریی دەکات، هەڵە دەکات و ڕاستیش دەکات: **﴿عَبَسَ وَتَوَلَّى، أَنْ جَاءَهُ الْأَعْمَى﴾ عبس/١، ٢.**

پەروەردگاری سەرزەنشتی دەکات: **﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاةَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ التحريم/١.**

دەروون و سنگی دادەگیرێت و خەمبار دەبێت: **﴿فَلَعَلَّكَ تَارِكٌ بَعْضَ مَا يُوحَى إِلَيْكَ وَضَائِقٌ بِهِ صَدْرُكَ أَنْ يَقُولُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ كَنزٌ أَوْ جَاءَ مَعَهُ مَلَكٌ إِنَّمَا أَنْتَ نَذِيرٌ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ﴾ هود/١٢.**

دەشمرێت: **﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُمْ مَيِّتُونَ﴾ الزمر/٣٠.**

هیچ پەرجوویەکی بەرجەستەی ماددیشی نییە: **﴿وَقَالُوا مَالِ هَذَا الرَّسُولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ وَيَمْشِي فِي الْأَسْوَاقِ لَوْلَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَلَكٌ فَيَكُونَ مَعَهُ نَذِيرًا، أَوْ يُلْقَى إِلَيْهِ كَنزٌ أَوْ تَكُونُ لَهُ جَنَّةٌ يَأْكُلُ مِنْهَا وَقَالَ الظَّالِمُونَ إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَسْحُورًا﴾ الفرقان/٧، ٨.**

پەنهان و غەیبیش نازانێت: **﴿قُلْ لَا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنْ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِي السُّوءُ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ الاعراف/١٨٨.**

دەسەڵاتی تکاکردن و شەفاعەتیشی نییە و شەفاعەت بەگشتیی و بەپلەی یەکەم دەسەڵاتی خواوەند: **﴿قُلْ لِلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعًا لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ الزمر/٤٤.**

چەشنێکی تری تکاکردن هەیە، ئەویش بۆ کەسێکە، خواوەند خۆی مۆڵەتـی بدات و بیهێنەتە گۆ: ﴿يَوْمَئِذٍ لَا تَنفَعُ الشَّفَاعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ الرَّحْمَانُ وَرَضِيَ لَهُ قَوْلًا﴾ طه/١٠٩.

محەممەد داوای نەکردوە لـە پەیڕەوانی تـا لــە خواردن و خواردنەوە و پۆشاکدا چــاوی لێبکەن، گەرشتی واش ڕووی دابێت، هانی نەداوە لەسەر بەردەوامیی، هەرچیش لــە سەردەمـی خۆیدا بەردەس بووبێت لێی خواردووە و خۆی قەتیس نەکردووە تەنــها لە خواردنی خورمادا، ئەگەر لەو سەردەمەی ئەودا فلچە و هەویری ددان شوشتن هەبوایە، بە دڵنیاییـــەوە بەکاری دەهێنا و سەعاتیشی دەکردە دەستی چەپی، تا بە ئاسانی بیخوێنێتەوە و بزانێ کـات چەندە، ڕەوشتی بەرزیشی ڕێگەی لێ دەگرت لە بەردەم هاوەڵەکانیدا باسی پەیوەندیی تایبەتیـــی و سۆزداریی خۆی و هاوسەرەکانی بکات، ئەگەر بیشمایە ڕازیی نەدەبوو بەوەی کە لەم بوارەدا و لــەبارەی هاوسەرەکانیەوە دەگوترێت و گوتراوە و گوێزراوەتەوە، ئەو وەك پیاوێك لاویەتیـی خۆی لەگەڵ خەدیجەی هاوســـەریدا بــەســـەر برد، کــە چەند ســـاڵێکیش لـە خۆی بەتەمـــەنتر بوو، تـا ئەو بەڕەحمەتی خوا نەچوو هاوسەری تری نەخواست، ئەم ڕاستییـــەش وێنەیەکی تەواو جیاواز لەوەی کە گێڕانەوەکان بۆمان وێنا دەکەن، دەخاتە ڕوو.

**دووەم: محەممەد وەك پەیامهێن**

پەیامی محەممەدیی بۆ ئەوە هات تا ئەو ئیسلامە تـەواو بـكات كـە لـەگـەڵ نووح دا دەستی پێكرد و تێپەڕی بە پەیامـی پێغەمبـەر و پەیـامهێنانی تردا تا گەشتە سەردەمی خاتەم: ﴿**قُولُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ**﴾ **البقرة/١٣٦.**

ئیسلام هەموو بەها مرۆڤایەتیەكانی بە ڕیزبەندیی و پلەبەندی تێدابوو بۆ ئـەوەی بـگونجێت لەگەڵ گەشەی مرۆڤایەتیی و سـەركەوتنی مرۆڤ بـە پەیژەی شارستانیەتەكاندا و تـا بـە دوابڕگەی تەواو ببێت، كە بریتیی بوو لـە شەریعەتەكـەی محەممەد: ﴿**الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا**﴾ **المائدة/٣.**

دەبینین ئایەتەكە بە ڕوونیی ڕای دەگـەیەنێت كە: ئـایین كامڵ و نیعمەتیش تـەواو كراوە، هەروەها پێمان دەڵێت: ئەو ئیسـلامەی كە خواوەنـد وەك ئایین پێی ڕازییە بۆ بـەندەكانی ئەوەیە كە وەك، كۆتا ئایین دابـەزێنراوە بـۆ محەممەد: ﴿**مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا**﴾ **الاحزاب/٤٠.**

بەڵام بۆ هـەموو خـەڵك: ﴿**قُلْ يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا**﴾ **الاعراف/١٥٨**، نەك تەنها بۆ دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئەویش لە سەردەمێكی دیاریكراودا، بـەڵكو بۆ كۆی دانیشتوانی سەرزەویی تا ڕۆژی دوایی.

دابەزێنراوی بەجێش بە پلەبـەندیی و بە درێژایی سـاڵەكانی پێغەمبەرایەتـی، بە كۆكراوی دابەزێنراوەتە سەر دڵی پێغەمبەر (سلاوی لەسەر)، جبریل گۆی كردووە و پەیامهێنیش لـەبەر و ئەزبـەری كردووە: ﴿**نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ، عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنذِرِينَ،بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُبِينٍ**﴾ **الشعراء/١٩٣-١٩٥**، پەیامهێنیش ڕێـك بەو شێوەی كە بیستوویەتـی لـە بەردەمـی

هاوەڵەكاندا گوێی كردوەتەوە، خواوەندیش بەڵێنی پاراستنی ئەو پەیامەی داوە: ﴿**إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ**﴾ **الحجرات/٩**، پێویستە بیــشزانین كە **الذكر** بریتییــە لــە داڕشتــەی گۆكراو (**الصيغة المنطوقة**) ی دابەزێنراوی بەجیێ، پەیامهێنیش تـەنها لە بواری ڕاگەیاندنی ئەو پەیامەدا وەك خۆی، پـارێزراو و مەعسوم بووە: ﴿**يَاأَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنْ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ**﴾ **المائدة/٦٧**، ئەویش بە تەواویی و بە جوانترین شێوە ئەو ئەركەی ڕاپەڕاند كە خرابوویە ئەستۆیەوە.

ئەو ئایەتەش كە دەڵێ: ﴿**وَمَا يَنْطِقُ عَنْ الْهَوَى، إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى**﴾ **النجم/٣، ٤**، تـایبەتە بە بواری پاراستنی ئــەو داڕشتە گۆكراوەی كــە بۆی هاتووە (**الذكر**)، نەك هیــچ بــوارێكی تر، نابێت ڕابكێشرێت و بگشتێنرێت بەسەر هەموو ئەو قسانەدا كە لە ژیانیدا كردوونی، ئـەگینا لێمان تێكەڵ دەبێت و نازانین كــامە وەحیی خوایە و كــامە قسەی ئەوە، چوونكــە ناگوجێت بڵێین: (**قال رسول الله قل هو اللـه أحد**) یــان (**قال تعالى: الجنة تحت أقدام اللامهات**)، پــەیـامهێن دابەزێنراوی بەجێی وەك خۆی و چۆن بۆی هاتووە ئــاوا گۆیكردووە، ئیتر بێجگــە ئەوە، وەك هەركەسێكی ئاسایی چی پێخۆش بووبێت گوتوویەتی، ئەوەش كە ئەگوترێت هەرچــی گوتووە هەموو وەحیە، لە دیدی ئێمەوە ویستوویانە وەك گاورەكان بكەن، چوونــكە كاریگەربوون بە مەسیحیەتەوە، بەوەوە نەوەستاون كە پەرجوو هەڵبــەسن بۆ پەیامهێــن و كێبركێی پێبكەن لەگەڵیاندا، بەڵكو فەقیهە بەڕێزەكان پێویستیان بەوەبوو كە بیرۆكــەی خــاوەنی، دوو نیگا (**صاحب الوحيين**) یشی بۆ هەڵبەسن، گوایا دابەزێنراوی بەجیێ نیگای یــەكەمە و (**حديث**) یش نیگای دووەم، ئەگەر ئەمە بۆ حاڵەتی مەسیحیش ڕاس بێت كــە كاتێك كۆرپــەلە بووە لە سكی دایكیدا، نیگای بۆ هاتووە، ئەوكات پەیڕەوانــی وادادەنێن كە: (**قال الرب**) هــاوشێوەی (**قال يسوع**)ە، ئەمە لەگەڵ دۆخی **محەممە**ددا ناگونجێت، چوونكە لــە تەمــەنی چل ســاڵیدا نیگای بۆ هاتووە و مرۆڤێكی ئاسایی بووە لە دەرەوەی نیــگاوە: ﴿**قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ**﴾ **الكهف/١١٠**، ئیتر هەر قسەیەك غەیری ئەمە، سوكایــەتیی و كەمكردنەوەیە لە پلەی

ئەو، نەك ڕێز لێگرتــن و بەرز کردنــەوەی پێگـەی، واتە: پێویستە دڵنیـا بین کە بێجگــە لە دابەزێنراوی بەجێ، هیچ نیگایەکی بۆ نەهاتووە و خۆیشی هەرگیز لافی ئەوەی لێنەداوە.

لەوایە کەسێك بپرسێت: ئەی چی دەڵێی لەبارەی ئەو چیرۆکەوە لەگەڵ هاوسەرەکانیدا، کە لەم ئایەتەدا باســـکراوە: ﴿وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَنْ بَعْضٍ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنْبَأَكَ هَذَا قَالَ نَبَّأَنِي الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ﴾ التحريم/٣، ئایا خواوەند نەبوو کە هەواڵی پێدا؟ ئەگەر بە نیگا و وەحیی نەبووە، چۆن هەواڵـــی پێداوە؟ ئێمەش لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێین: با پێکەوە ئەم ئایەتە بخوێنینــــــەوە: ﴿فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ﴾، تێدەگەین کە هاوسـەرەکەی پـەیامهێن بـە نهێنی هــــەواڵەکەی داوە بە کەسێك (یەکێکی تر لە هاوسەرەکانی)، خواوەند دەری خستووە، واتە: ئــەو کـەسەی تر زۆر بەئاسانی درکاندی، ئەم چەشنە حاڵەتانە لە ژیانی ڕۆژانەمــاندا زۆر ڕوودەدات و پێویستیشی بە نیگا نییە، هەروەها ئەوەی کە دەڵێ: ﴿نَبَّأَنِي الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ﴾، ئەوە ناگەیەنێت کە نیگایەکی لە لایەن خواوەندەوە بۆ هاتبێت.

لەگەڵ پەیامەکەی محەممەد دا خواوەند کۆتایی بە حەرام و ڕێگیریی لێـکراوەکان هێنـــا، دوای ئەوەی کە ڕاسپاردەکانی ناو شەریعەتی موسا سەرکەوتن بۆ حەرامکراو لە شەریعەتی محەممەد دا: ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْــرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ مِنْ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ، وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى وَبِعَهْدِ اللَّهِ أَوْفُوا ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ، وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُــلَ فَتَفَــرَّقَ بِكُــمْ عَنْ سَبِيلِــهِ ذَلِــكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُــمْ تَتَّقُونَ﴾ الانـعام/١٥١-١٥٣، چەن حەرامکراوێکی بۆ زیاد کرا بۆ ئەوەی ببنە چواردە دانەی تەواو و داخراو کــە هیچکەس بۆی نییە، نە بۆیان بۆ زیاد بکات نە لێشیان کەم بکاتــەوە: ﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ

**هَذَا حَلَالٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ﴾ النحل/١٦٦**، بۆیە هەر حەرامکردنێکی تازە و زیادە، پەیامهێن و ڕەسولێکی تازەی دەوێت، ئەمەش هەرگیز ڕوو نادات، چوونکە ڕاگەیەنراوە کە محەممەد کۆتا پێغەمبەرە و ئیسلامیش بە پەیامەکەی ئەو کۆتایی پێهاتووە.

ئەگەر ڕاسپاردەکان سەرکەوتبن بۆ ئاستی حەرامکردن، لەوانەیە پرسیارێك بێتە ئاراوە و بپرسێت: ئەو ڕەحمەتەی کە باسی دەکەن لەم ئیسلامەدا هەیە لە کوێدایە؟ دەڵێین: محەممەد خۆی ڕەحمەتە بۆ جیهانیان: **﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ الانبياء/١٠٧**، لەڕێگەی سوککردن و کەم کردنەوەی سزاکانەوە، دوای ئەوەی کە یاساسازیی و تەشریعەکان دەسنیشانکراو و توند بوون (کە زیاتر لە سێسەد بڕگە بوون لە شەریعەتی موسا)، لە دابەزێنراوی بەجێدا بەشێوەیەك سنووردار کران کە: کوشتنەوە سزای تەنها یەك تاوانە کە ئەویش کوشتنی کەسێکە بە ناڕەوا، لەسەر ئەم بنەمایە لەم ئایەتە تێدەگەین: **﴿الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنْزِلَ مَعَهُ أُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ الاعراف/١٥٧**، سنووردار بوونی پەیامەکە تایبەتمەندیی ئەوەی پێ بەخشیوە کە هەردەم زیندو و لە گەشەی بەردەوامدا بێت، بە شێوەیەك کە یاساساز دەتوانێت لە نێوانی لای سەرو و لای خواروی سنورەکاندا بێت و بچێت و بەدرێژایی مێژوو بە شێوەیەك یاساکان دابڕێژێت گونجاوبن لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵگەکاندا، وەك دەفەرموویێت: **﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ الروم/٣٠**، **﴿فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا﴾**، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم ئایینە چەندە ئامادەیی تێدایە تا بگونجێت هەموو خەڵك لە ئامێزی بگرن، نەك پێچەوانەکەی.

پەیامی **محەممە**دیی بازدانێکی نەوعیی هێنایە کایەوە لە ڕێڕەوی مێژوودا، چ لــەسەر ئـاستی کۆمەڵایەتیی و چ لەسەر ئاستی ڕامیاریش، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە ئەو ڕەوتــە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر،دیسان جارێکی تر بە خێرایی گەڕایەوە بۆ سەر ڕێڕەوە سروشتییەکەی خۆی، مرۆڤایەتیی نەگەشتــە ئەو ئاستــەی کە دابــەزێنراوی بــەجێ بۆی دەسنیشـــان کردبوو و پەیامهێنیش لە ژیانیدا جێبەجێی کرد، تا دوای چەندیـن سەدە ئەوجا جارێکی تر مرۆڤایەتی قەڵەمبازەکەی دایەوە و گەشتە ئەو ئاستەی کە دەبوو زووتر پێی بگات.

ئەی ناونیشانە سەرەکییەکانی ئەو قەڵەمبازە کامانەن؟

**أـ تاکیی و تاکانەیی تەنها مافی خواوەندە:** لای خوێنەری دابـەزێنراوی بەجێ شاراوە نییە کە سەر و کرۆکی ئیسلام، باوەڕهێنانە بە خواوەندی تاقانـە، وەك پێشـــتر گوتمان: ئـــەگەر بەها باڵاکان لە شەریعەتەکاندا هەبوون و بە شێوەی پلەبەندی دەخرانە ڕوو، بـــەڵام پێغەمبـەران و پەیامهێنـــان، هەموویـــان دروشمیـی تـــاکپەرستیـی و تاقانــەیـی خواوەندیان هــەڵگرتووە و تاکپەرستیی ڕاسپاردە و ئامۆژگاریی هاوبەش بووە لە نێوان هەموو پــەیامەکانیاندا، دەبینین پێغەمبەران (سلاویان لەسەر) گەل و نەتەوەکانیان بانگێشت دەکەن بۆ سەر ئەو دروشمە:

ـ **﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَاقَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ النحل/١١٦.**

ـ **﴿وَإِبْرَاهِيمَ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاتَّقُوهُ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ العنكبوت/١٦.**

ـ **﴿وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَاقَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾ الاعراف/٦٥.**

ـ **﴿وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَاقَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ﴾ الاعراف/٧٣.**

ـ **﴿وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَاقَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ﴾ الاعراف/٨٥.**

- ﴿أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِنْ بَعْدِي قَالُوا نَعْبُدُ إِلَهَكَ وَإِلَهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾ البقرة/١٣٣.

- ﴿وَقَالَ الْمَسِيحُ يَابَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ﴾ المائدة/٧٢.

- بە هەمان شێوە خواوەند بە موسای گوت: ﴿إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمْ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي﴾طه/١٤.

- محەممەدیشی ڕاسپارد بڵێت: ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا﴾ الانعام/١٥١.

بەکورتی هەموویانی ڕاسپارد تا ئەو پەیامە بگەیەنن وەك دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنْ اُعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُمْ مَنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُمْ مَنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾ النحل/٣٦.

پەرستنی خواوەند و یەکتا پەرستیش هەر ئەوە نییە لەبەر خۆمانەوە شایەتومانێك بڵێینەوە، بەڵکو پێویستە لە بیر و ڕەفتارماندا ڕەنگ بداتەوە و بدرەوشێتەوە و لە ژیانی ڕۆژانەشماندا پەیڕەویی لێبکەین، ئەو پرۆسەیەش سەرەتا بە کفر کردن و پشت هەڵکردن لە ستەمگەر و تاغووتەکان دەبێت: ﴿اُعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾ واتە: هەموو وێنە و شێوە و شێوازەکانی ستەمگەریی و نادادیی، پاشان باوەڕهێنان بە ئازادیی وەك بەهایەکی بنەڕەتیی و باڵا: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنْ الغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدْ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لَا انفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ البقرة/٢٦٥، ئەو پایەو تەکیەگا و هێزە نەپساوەش (العروة الوثقى)، کە دەستی پێوە دەگریت و پشتی پێدەبەستیت و پچڕانی نییە، بریتییە لەوەی کە باوەڕت بە ئازادیی خۆت و ئازادیی کەسانی تریش هەبێت، ئەویش سەرەتا باوەڕبوونە لە ناخی خۆتا و دواتریش لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پەیڕەویی لێبکەیت،

ئەمەش ئەو ڕاستییەیە کە لەم ئایەتـەدا هاتووە: **﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ یونس/٩٩.**

واتە: گەر پەروەردگارت بیویستایە، هەرچی لە ئەرزدایە هەموویان باوەڕیان دەهێنا، ئـایا تۆ ڕق لە خەڵك هەڵدەگریی تا باوەڕ بهێنن؟

دواجار تێدەگەین کە کۆیلەگەریی بۆ هیچکەس نییە، تەنانەت خواوەند داوای نـەکردووە ببینە کۆیلەی خۆیشی، تابگات بە غەیریی خۆی، بەڵکو داوای بەندایەتیی لێ کردوین، واتە: پێویستە ئازاد بیت،پڕبەدڵی خۆت و بە ویستـی خۆت گوێڕایەڵیـی دەکـەیت یان سەرپێچیی، پاشان دەبێت شانیش بدەیتە ژێر بـەرپرسیارییەتی ئەو بژاردەیـەی کـە هـەڵی دەبژێری، بەهۆی ئەم خەسڵەتەوە دەبیتە شایستەی ئەوەی، ببیتە جێگەی جیلوەگـای خواوەند لەسەر زەویدا، چوونکە خواوەند تۆی هەڵبژارد و بەشێك لە ڕۆحی خۆی کرد بە بەرتا تـا بەو ئەرکە هەستیت.

تێشدەگەین کە باوەڕبوون بە تاکانەیـی خواوەند، پێویست بەوە دەکـات کـە بـاوەڕمان بە جیاوازیی یەکتریش ببێت، ئەمەش ئەو بژاردەیە کە خۆی بۆخەڵکـی هەڵبژاردووە: **﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ﴾ هود/١١٨**، بەهەمان شێوە ئەو ڕاستیەیـە کە لێرەشدا باسـی کردووە: **﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَى وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ الحج/١٧**، ئـەم ئایەتـە ڕاگەیاندنێکی ئاشکرایە لەلایەن خواوەندەوە کە هەموو میلەل و پەیڕەوانی شـەریعەتـەکانی تری پێ پەسەندە و تەنیا خۆی مافی ئەوەی هەیە ڕۆژی دوایی جیاکاریی بکات لە نێوانیاندا، بەڵام دەبێت تێبینیی ئەوە بکەین نـاوی (**مُسلمِین**) ی نـەهێنـاوە و نـەی گوتووە: **والمسلمین**، هەروەها نەشی گوتووە: **الکافرین**، لـەبەر ئـەوەی ئـەوانـەی کـە ناوی بـردوون، کـافر و موسڵمانیشیان تێدایە و هەردووکیانی لـەخۆ گرتووە، چوونکـە ئیسلام خۆی بـاوەڕبوونە

بە خواوەند و ڕۆژی دوایی و کردەوەی چاکـە، بەڵام کوفر زمـانی حاڵــە و پێویستـە جێگەی دەسنیشان بکرێت.

خواوەند ئازادیی خەڵکیشی پشتگوێ نـەخستووە لــە ئـەنجامدانی سرووتەکانیاندا بەو شێوەی کە خۆیان دەیانەوێت: ﴿**وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ**﴾ **الحج/٤٠**، بە ڕەچاوکردنـی ئەوەی کە یاسـا و سونەنی خواوەند ئەوەیە کـە ئـــەو سرووت و شەعائرانە لەسەر یەك ڕەنگ و ڕوخسار و شێوە نــەبن و بــەو مەرجەش کـە باوەڕێـکی دیـــاریـکراو زاڵ نـــەبێت بــەسەر بیروباوەڕەکانی تردا.

بۆیە نابینین پەیڕەوانی هیچ پێڕێك، ڕێژەیان لە ٤٠٪ ی دانیشتوانی سەرزەویی تێ بپەڕێت، چوونکە گەر لەو ڕێژەیە زیاتر بن، ستەم دەکەن لە یەکتر.

باوەڕبـــوون بە خواوەنــد و دوورەپەرێزیــی لە هاوتـادانان و شرك، واتە: باوەڕبوون بە گۆڕان و ئاڵوێڵ، بێجگــە لــە خواوەنــد، هیچ جێگیر و چەسپـاو نیە: ﴿**وَدَخَلَ جَنَّتَهُ وَهُوَ ظَالِمٌ لِنَفْسِهِ قَالَ مَا أَظُنُّ أَنْ تَبِيدَ هَذِهِ أَبَدًا، وَمَا أَظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً وَلَئِنْ رُدِدْتُ إِلَى رَبِّي لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِنْهَا مُنقَلَبًا، قَالَ لَهُ صَاحِبُهُ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلًا، لَكِنَّا هُوَ اللَّهُ رَبِّي وَلَا أُشْرِكُ بِرَبِّي أَحَدًا**﴾ **الكهف/٣٥-٣٨**، ئەو باوەڕەی کە کەسی یەکەمیان هەیبوو بەوەی کە باخەکەی لە ناو ناچێت، دوەمیان ئەو باوەڕبوونەی بە هاوەڵدانان و شرك بۆ خواوەند دانا، دواجار ئاکامی کارەکەش ئەو بۆچوونەی بەڕاست سەلماند: ﴿**وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِ فَأَصْبَحَ يُقَلِّبُ كَفَّيْهِ عَلَى مَا أَنفَقَ فِيهَا وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا وَيَقُولُ يَالَيْتَنِي لَمْ أُشْرِكْ بِرَبِّي أَحَدًا**﴾ **الكهف/٤٢**.

هەرچی لە دوونیادایە لە ڕێگەیدایە بەرەو تیاچوون، بەڵام خواوەند، ئەوەی بەسەر درووست کراوەکانیدا جێبەجــێ دەبێت، بەسەر ئــەودا نـــابێت: ﴿**كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ**﴾ **الرحمان/ ٢٦، ٢٧**.

پەیامی **محەممە**دییش کە کۆتایی بە پەیامەکان هێناوە، ڕای گەیاندووە کە تاکانەیی و **(أُحادية)** تانها هی خواوەنـــدە و هیـــچ کەســی تر بنـــاغەی بوون و ژیان نییـە، دابەزێنراوی بەجێش هۆشداریی داوە بە کۆمەڵگە تاکڕەو و تاکگەراکان کە: یان تیاچوون چارەنووسیانە، یان سزای سەخت، ئەمەش ئەو ڕاستیـــەیـــە کە بە وشەی **(القری ـ گوندەکان)** دەری بڕیوە: ﴿**أَفَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَنْ يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا بَيَاتًا وَهُمْ نَائِمُونَ**﴾ **الاعراف/٩٧**، دەبێ دڵنیابین کە ناشێ خواوەند مەبەستی لە وشەی **(القری)**، دێهاتەکان بێت بەگشتیی، بەڵکو مەبەستی ئەو کۆمەڵگانەیە کە فرەیی و جیاوازیی قەبوڵ ناکەن و لەسەر یەك ڕەنگ و ڕەواڵ بونیاد دەنرێن و بەڕێوە دەبرێن و فرەییان پێ پەسەند ناکرێت، واتە: تایبەت بن بەیەك ڕەنگ و شێوە ژیانەوە، وەك دەگوترێت: گوندی ئۆڵۆمپی، دەزانین مەبەست پێی ئەو شوێن و کەمپەیە کە تایبەتە بە وەرزشەوە.

ئەگەر بچینە سەر ئەو نموونانەی کە لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتوون لە بارەی ئەو گوندانەوە کە لەناو براون، دەبینین ئەو کۆمەڵگایانەبوون کە جیاوازیی و فرەییان تێدا پەیڕەو نەکراوە و پێیان پەسەند نەبووە، بۆ نموونە: قەومی **لوط**، بڕیاریان دا خۆی و کچەکانی وەدەرنێن لە گوندەکەیاندا: ﴿**وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلَّا أَنْ قَالُوا أَخْرِجُوهُمْ مِنْ قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ**﴾ **الاعراف/٨٢**، تەنها لـەبەر ئەوەش ئـەم بڕیارەیان دەرکرد، چوونکە خۆی و ماڵباتەکەی بەوە ڕازیی نەدەبوون کە ئەوان دەیانکرد.

بەڵام لە بــەرانبــەرەوە دەبینین خواوەند فرعەونی نـاردە دەرەوەی شارەکــەیەوە تا لەوێ و لە دەرەوەی شارەکەیانەوە خۆی و شوێنکەوتەکانی لە ناو ببات، چوونکە فرعەون ڕەخنەی ئەوەی نەگرت لە جادوگەرەکان کە بۆچی باوەڕتان هێناوە بە موسا، بەڵکو ڕەخنەی ئەوەی لێ گرتن کە بۆچی چاوەڕێی موڵەت و فەرمانی ئەویان نەکردوە و بێ پرسی ئەو باوەڕیان هێناوە: ﴿**قَالَ فِرْعَوْنُ آمَنتُمْ بِهِ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ إِنَّ هَذَا لَمَكْرٌ مَكَرْتُمُوهُ فِي الْمَدِينَةِ**﴾ **الاعراف/١٢٣**، واتە: لە ناو شاردا نەیار و کەسانێك هەبوون کە جیاواز لەو بیریان کردوەتەوە، ئەم ڕاستییە لەم ئایەتەشدا

جارێکی تر ڕۆشن دەبێتەوە: ﴿وَقَالَ رَجُلٌ مُؤْمِنٌ مِنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَانَهُ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَنْ يَقُولَ رَبِّيَ اللَّهُ وَقَدْ جَاءَكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ مِنْ رَبِّكُمْ وَإِنْ يَكُ كَاذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُ وَإِنْ يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُمْ بَعْضُ الَّذِي يَعِدُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ﴾ غافر/٢٨.

بۆیە خواوەند شار و ئاوەدانییەکەی وێران نەکرد.

خوێنەر دەتوانێت بە وردی سەرنجی جیاوازیی نێوان گوند و شار هەست پێ بکات لە ناو دابەزێنراوی بەجێدا و ببینێت و تێبگات کە (القرية ـ گوند) ناوو و هێمایە بۆ تاکڕەویی و (المدينة ـ شار) یش ناوو و هێمایە بۆ فرەیی و جیاوازیی و فرە ڕەنگیی، لەوێوە خوێنەر دەتوانێت لەوەش تێبگات کە بۆچی خواوەند هەڕەشەی تیاچوون و(هلاك) لە گوندەکان دەکات نەك هەڕەشەی مردن، چوونکە تیاچوون و لەناوبردن جیایە لە مردنێك کە ئیتر لەدوایەوە ژیانی دونیا نامێنێت: ﴿مَثَلُ مَا يُنْفِقُونَ فِي هَذِهِ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَثَلِ رِيحٍ فِيهَا صِرٌّ أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ فَأَهْلَكَتْهُ وَمَا ظَلَمَهُمُ اللَّهُ وَلَكِنْ أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ آل عمران/١١٧، چوونکە کێڵگە و شینایی ئەگەر تیایش بچێت، دەگونجێت جارێکی تر سەوز ببێتەوە و ببوژێتەوە، گوندەکانیش هەروەها: ﴿وَإِنْ مِنْ قَرْيَةٍ إِلَّا نَحْنُ مُهْلِكُوهَا قَبْلَ يَوْمِ الْقِيَامَةِ أَوْ مُعَذِّبُوهَا عَذَابًا شَدِيدًا كَانَ ذَلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا﴾ الاسراء/٥٨، بەڵام خواوەند لەبەردەم بژاردەیەکی تردا دەرگای بەکراوەی هێشتوەتەوە، کە ئەویش بوون بە شارە، واتە: گەر ببن بە شار و ڕێگە بدەن بە بوونی فرەیی و جیاوازیی، کە ئەویش بژاردەیەکە، دەتوانن بەوە خۆیان لە، لەناوچوون بپارێزن، وەك لە کۆتایی ئایەتەکەدا بەم ڕستەیە ئاماژەی پێداوە: ﴿كَانَ ذَلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا﴾.

ئێستا لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین لە واتاکانی کۆچکردنەکەی پەیامهێن تێبگەین کە لە مەککەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە، کاتێك خەڵکە بتپەرستەکانی مەککە جێیان پێ لێژ کرد: ﴿وَكَأَيِّنْ مِنْ قَرْيَةٍ هِيَ أَشَدُّ قُوَّةً مِنْ قَرْيَتِكَ الَّتِي أَخْرَجَتْكَ أَهْلَكْنَاهُمْ فَلَا نَاصِرَ لَهُمْ﴾ محمد/١٣، هەرچەند بەسەرکەوتوویش گەڕایەوە بۆ مەککە، بەڵام نەمایەوە تیایدا، بەڵکو مەککە وەك

هێمایەك بۆ یەكانەیی و تاكانەیی خواوەند مایەوە، بۆیە دابەزێنراوی بەجێش ئەو شارەی ناونا: دایكانەی گوندەكان ـ أم القرى : ﴿**وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِتُنْذِرَ أُمَّ الْقُرَى وَمَنْ حَوْلَهَا وَتُنْذِرَ يَوْمَ الْجَمْعِ لَا رَيْبَ فِيهِ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ**﴾ **الشورى/٧**، بەو بڕیارەش بووبە تاكە گوندێك كە بەهۆی گوند بوونیە لە ناو ناچێت و خەڵك كە دەچنە ناویەوە یەك چەشن پۆشاك دەپۆشن و جیاوازیی نییە لە نێوان سپی پێست ڕەش پێستدا و هەموان سرووتە ئایینییەكانیان لە ناو نەزەرگە و حەرەمێكدا كە پەیامهێنی بەڕێز بۆی دیاریی و دەسنیشان كردوون ئەنجام دەدەن، بەڵام دەوڵەتەكەی لە دووری ئەو جێگەیەوە بونیاد نا، هەوانتە و بێ واتاش نەبوو كە ناوی ئەو شوێنەی لە یَثرِبْ ەوە گۆڕیی بۆ (**المدينة المنورة**)، بەڵكو وەك دەسپێشخەرییەك ئەو كارەی كرد كە دواتر و پاش چەندین سەدە ئەوجا شارە پێشكەوتوەكانی جیهان پێی گەشتن، چوونكە ئەو دەوڵەتەكەی لەو شارەدا لە سەر بنەمای باوەڕبوون بە فرەیی بونیاد نا، دانیشتوانی شارەكە لە میللەت و پێڕی جیا جیا، پێك هاتبوون و بیروباوەڕی جیا جیایان هەبوو، هەیان بوو باوەڕیان بەو هێنابوو و شوێنی كەوتبوون، جوو و گاوریشی تێدا بوو و هەروەها بت پەرست و دوڕووشی تێدابوو، هەریەكەو چ سرووتێكی ئاینی پێخۆش بوایە ئەوەی ئەنجام دەدا، نە لێی بینراوە و نەلێشی بیسراوە ڕقی لە كەسێك هەڵگرتبێت لەسەر نەكردنی نوێژ، یان نەگرتنی ڕۆژووی ڕەمەزان، بەڵام سزای دزی داوە، واتە: لێ پێچینەوەی لەگەڵ خەڵك كردووە لەسەر پێشێلكردنی بەها و بنەما ڕەوشتییەكان، نەك لەسەر سرووتە ئاینییەكان.

كە ئەم ئایەتەش دەخوێنینەوە: ﴿**مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ**﴾ **الحشر/٧**، تێ دەگەین و دەزانین خواوەند ڕێگەی داوە بە پەیامهێن تا بجەنگێت لەگەڵ (گوندەكانی) دەوروبەریدا، واتە: كۆمەڵگە تاكڕەو و تاك جەمسەرەكان، ئەم ئەركە تا ئەمڕۆكەش بە ئەركێكی شەرافەتمەندانە ماوەتەوە و پێویستە یارمەتیی گەلان بدرێت تا

سەربەخۆیی بەدەست بهێنن و ئازادانە بژین و ئازاد بن لە هەموو چەشنەکانی ستەمگەریی، چ سیاسیی بێت یان فیکریی یان کۆمەڵایەتیی.

پەیامهێن بە گواستنەوەی لە مەککەوە بۆ شاری مەدینە، سەردەمی شارستانی و شارنشینیی و بونیاد نانی شاری دەس پێکرد، هەروەها لە چوارچێوەی سنورە خواییەکاندا یاسای شارستانی پەیڕەو کرد لە کۆمەڵگەکەیدا، ڕێکخستنی حەڵاڵ و ڕێگەپێدراو، پێویستی بە نیگا و وەحیی نییە، ئەویش وەك یاساسازێك فەرمان و ڕێگریی دەکرد و ڕێگیریی ومەنع و قەدەغەشی دەکرد، وەك دەسەڵاتی جێبەجێکار، هەموو پەرلەمانەکانی جیهانیش لەم سەردەمەدا هەر ئەمە دەکەن، پێغەمبەریش هیچی حەرام نەکرد، چوونکە حەرامکردن مافی تەنها خواوەندە.

**ب ـ کۆتایی هێنان بە سەردەمی نێرسالاریی و دەسپێکردنی سەردەمی یەکسانیی:** زۆرجار پرسیاری ئەوە دەکرێت، بۆچی پێغەمبەر و پەیامهێنینان لە ژنان هەڵنەکەوتوون، وە ئایا خواوەند بەو کارە ڕێزی لە پیاوان گرتووە؟

بەڵام ڕاستیەکە ڕێك پێچەوانەی ئەم بۆ چوونەیە، لە قۆناغی یەکەمی گەشەی مرۆڤایەتیدا و پێش ڕەوانەکردنی پەیامهێنان، سەردەمی دایکانەیی بوو، دایك قسە ڕۆیشتو و کاربەدەست و گەورە بوو، تەنانە خواکانی ژیارە دێرینەکان لە ڕەگەزی مێینە و ژن بوون: ﴿**إِنْ يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ إِلَّا إِنَاثًا وَإِنْ يَدْعُونَ إِلَّا شَيْطَانًا مَرِيدًا**﴾ **النساء/١١٧**، وادەردەکەوێت کە خواوەند فریشتەی لەسەر سیمای مێینە ناردوە، تا وای لێهاتووە خەڵك وێنای فریشتەی بە مێینە کردووە: ﴿**أَفَأَصْفَاكُمْ رَبُّكُمْ بِالْبَنِينَ وَاتَّخَذَ مِنَ الْمَلَائِكَةِ إِنَاثًا إِنَّكُمْ لَتَقُولُونَ قَوْلًا عَظِيمًا**﴾ **الاسراء/٤٠**.

بۆیە خواوەند ئەو بیروباوەڕەی ڕەخنە کردن و لەوەڵامیاندا فەرمووی: ﴿**أَمْ خَلَقْنَا الْمَلَائِكَةَ إِنَاثًا وَهُمْ شَاهِدُونَ**﴾ **الصافات/١٥٠**.

واتە: ئایا فریشتەکانمان بە مێینەیی دروس کردوون و ئێوە شایەتی ئەوەن؟

لــە سەرەتای سەردەمی نووحەوە، ئیتر سەردەمی باوکسالاریش دەستی پێکرد، تا دواجار نێر بووبە گەورە و سەروەر و کۆمەڵگەکان لەڕووی ئابوورییەوە پشتیان پێ دەبەست (لە هەندێ حاڵەتی کەمدا نەبێت ڕۆڵی خۆی پاراست)، بەرە بەرە ڕۆڵی دایك کز بوو، تا وای لێهات ڕۆڵی قەتیس کرا لە خستنەوەی منداڵ و خزمەتی پیاودا.

بەو هۆیەوە بیرۆکەی چێژ وەرگرتن لە ژن لــە نــاو کۆمەڵگەدا ڕیشەی داکوتا و بووبە باو، لە دۆخی ئاوا و لە ژێر کاریگەریی ئــەو بیرکردنەوانــەدا، نەدەگونجــا لە ژنانیش پێغەمبەر و پەیامهێن ڕەوانــە بــکرێت و هەڵبژێررێــت و قەبــوڵ بـکرێت، بە تایبــەت پێغەمبــەران و پەیامهێنان، بیروباوەڕی جیــا لــە بیر و باوەڕی ناو خەڵکەکـەیان هەڵدەگرت، بۆیە ڕووبەڕووی دژایەتیی و نەیــارییکردن دەبوونەوە لە کۆمەڵگــەکانیانەوە، چوونکــە خەڵك پێی خۆشبوو لــەسەر ئـەو بیروبــاوەڕە بمێنێتـەوە کە لـە سەری ڕاهاتبوو، نەك بیروڕایەك پەسەند بکات کە پێچەوانەی بیروباوەڕەکەی خۆی بێت، زمانــی حاڵیــان ئەوەی دەگوت کــە ئەم ئایەتە لێیان دەگێڕێتەوە و وێنای دەکات: ﴿**وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ الشَّيْطَانُ يَدْعُوهُمْ إِلَى عَذَابِ السَّعِيرِ**﴾ **لقمان/٢١**، ئـەگـەر ئــەمە حاڵ و هەلومەرجــی پێغەمبەران بێت کــە پیاو و نێرینــە بوون، بــەدوور دەزانرێت ئـەو کۆمەڵگایانە پێغەمبەری مێینە پەسەند بکەن.

بەو پێیەی کــە هەموو پــەیامە پێشووەکـان تا دەگاتــە پەیامی **محەممەد**یــی، هەموویان ئەو دۆخەیان ڕەچاو کردووە کە لە کۆمەڵگەکاندا باو بووە،دەبینین دۆخی مێینە لە شەریعەتەکەی موسادا تەواو جیاوازە لــە دۆخی نێرینە، دەبینین لە شەریعەتی موسادا باوك لەکاتی نەبوونی و نــەداریدا بۆی هەیــە کچەکـەی بفرۆشێت (**الخروج ٧/٢١**)، مێینەش لــەو شەریعەتەدا دوو ئەوەندەی نێرینە ناپاکە: **(إذا حبلت المرأة وولدت ذكراً، تكون نجسة سبعة أيام. كما في أيام طمث علتها تكون نجسة* وفي اليوم الثامن يختن لحم غُرلَتِهِ* ثم تقيم ثلاثة وثلاثين يوما في دم تطهيرها. كل شيء مقدس لا تمس، وإلى المقدس لا تجيء حتى تكمل أيام تطهيرها) اللاويين ١٢/٢-٥**.

واتە: ئەگەر ژن سکپڕ بوو و نێرینەی بوو، وەك ڕۆژانی بێنوێژیەکەی بۆماوەی حەوت ڕۆژ ناپاکە، ڕۆژی هەشتەم منداڵەکەی خەتەنە دەکرێت، پاشان سی و سێ ڕۆژی تر دەمێنێتەوە تا لە خوێن پاك دەبێتەوە.

نابێت بەر هیچ شتێکی پیرۆز بکەوێت و نابێت ئاموشۆی هیچ جێگەیەکی پیرۆزیش بکات تا پاك دەبێتەوە.

لە برگەی ٣/٢٧-٥ ی اللاويين یشدا هاتووە، باس لە بەهای خوێنی کوژراو دەکات و لەوێشدا نزیکەی نیوە بەنیوە خوێکی مێیینە بەهای کەمترە لە هی نێرینە.

بەداخەوە تا ئەمڕۆش فیقهی ئیسلامیی بۆماوە، پشت بەم ڕێکار و بڕیارانە دەبەسێت، وەك دەبینین: لە زۆربەی یاساکانی باری کەسییەتیی ولاتانی عەرەبیدا، بەهای خوێنی نێرینە دوو ئەوەندەی بەهای خوێنی مێینەیە، بەڵام لە میراتدا، بوونی منداڵی نێرینە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم بەشی منداڵی مێینەدا.!

یەکێك لەو شتانەی کە بۆ شەریعەتی موسا دێتە ئەژمار ئەوەیە کە، ئەگەر منداڵی نێرینە نەبوون، ئەوا میرات گرتن دەبێتەوە بە مافی کچان، نەك مامەکان: **(أيما رجل مات وليس له إبن، تنقلون ملكه إلى إبنته) العدد ٢٧/٨.**

لە نیوچە دورگەی عەرەبییدا پێش سەردەمی پێغەمبەرایەتیی **محەممەد**، مێینە مایەی نەنگیی و سەرشۆڕیی بوو، بۆیە بۆ خۆدەربازکردن لەو نەنگییە، پەنایان دەبردە بەر زیدەبەچاڵ کردنی.

هەرچەندە عەرەبەکانی نیوچە دورگە، پەیکەری **(اللاّت)**یان دەپەرست کە پەرستراوێکی مێینە بوو، بەڵام کاریگەر بوونیان بە جولەکەوە زۆر ڕوون و دیار بوو، ژنان میراتیان نەدەگرت، بەڵام خۆشیان و هەرچیشیان لێ بەجێ بمایە، بە میرات دەگیران، کوڕانی مێردەکەی لە گەڵ شمەکەکاندا ئەویشیان بەمیرات دەگرت، هەروەها باوك بۆی هەبوو بەبێ ئاگاداریی و

ڕەزامەندیی کچەکەی، بیدات بەشوو، بە هەرکەس بیویستایە، دواتر مێردەکەشی بۆی هەبوو چەندی حەز لێبێت ژنی تر بهێنێت.

هەلومەرجی ژیانی مێینە لە ژیار و کەلتورەکانی دەوروبەریشدا، لە هەلومەرجی ناو دورگەی عەرەبیی باشتر نەبوو، لە ئەوروپا تەنانەت تا ئەم دواییانەش ژن و مێینە بەدەس نادادیەوە دەینالاند و دەچەوسایەوە و مافی موڵکداریی و میرات گرتنیشی نەبوو، لەناو زۆرێك لە گەلانیشدا وەك وەیشوومەی شەڕ و هێمای شەیتان وێنا و سەیر دەکرا.

لەم ڕوانگە و سۆنگەیەوە، پەیامی **محەممەدیی**، بە قەڵەمبازێکی کاریگەر و ڕیشەیی دادەنرێت کە پێش سەردەمی خۆی کەوت و کۆتایی هێنا بە سەردەمی نێرسالاریی/ باوکایەتی و پێش نزیکەی هەزار و دووسەد ساڵ بەر لە گەیشتنی مرۆڤایەتی بەو ئاستە، ئەو پەیامە، سەرەتای سەردەمی یەکسانیی دەسپێکرد.

هەرچەندە دارشتەی گوتار لە دابەزینراوی بەجێدا بەوپێیەی لە کۆتایی سەردەمیی نێرسالاریدا دابەزیوە، لە زۆربەی حاڵەتەکانیدا نێرانەیە، بەشێوەیەك کە تەنانەت هەندێك لە کەسانی ئەو سەردەمە وایان دەزانی خواوەند نێرە ﴿**هُوَ اللّه**﴾ **الانعام/٣**، بەڵام خواوەندی باڵادەست بەشێوەیەك یەکسانیی کرد لە نێوان هەردووڕەگەزدا کە جێگەی گومانی تێدا نەبێتەوە و ڕای گەیاند کە لەڕووی خولقاندن و بەدیهێناوە یەکسانن: ﴿**يَاأَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَتَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا**﴾ **النساء/١**، ئەمەش هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە ژن و مێینە لە پەراسوی پیاو دروست کرابێت، بەڵکو، ئەو تاکە نەفسە، کرایە دووکەرتەوە بۆ ئەوەی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پێك بێنێت، ئیتر هەموو ئەو چیرۆکانەی کە باس لە خەوپێداکەوتنی ئادەم لە ژێر درەختەکەدا و دواتر بۆدڵدانەوەی ئادەم گوایا حەووا لە پەراسوی لاری ئەو دروست کراوە، پاشان تاوانبار کردنی حەووا بە سەرلێشێواندنی ئادەم و

دواتر توڕە بوونی خواوەند لێی و دەرکردنـــی لە بەهەشت، ئەمانە هیچی لە دابەزێنراوی بەجێدا بنەمایەکیان نییە، هەروەها لەبارەی ڕێز لێگرتنیشەوە دەفەرمووێت: ﴿**يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ**﴾ **الحجرات/١٣**، یـان لـە بـارەی کـردەوەی چاکـەوە دەبینین ڕووی گوتـار بـەیەکسانیـی لە هەردوو ڕەگەزە: ﴿**إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَـــاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا**﴾ **الاحزاب/٣٥**، یان لەبارەی پاداشتەوە لە ڕۆژی دواییدا: ﴿**وَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا**﴾ **النساء/١٢٤**.

لە واقعی کردەییشدا، دابەزێنراوی بەجێ بناغەیەکی تازەی داڕشت بۆ هەلومەرجی مێینە، سەرەکۆنەی ئەو چەشنە پێشوازییەی کرد کە خەڵکی ئەو دەمە دەیانکرد لە منداڵی مێینە و بە هاتنی نیگەران دەبوون: ﴿**وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ**﴾ **النحل/٥٨**، هەروەها: ﴿**وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ، بِأَيِّ ذَنْبٍ قُتِلَتْ**﴾ **التكوير/٨، ٩**، ئەم نموونانە، ئامەژەن بۆ تووڕەیی خواوەند لە ئاست ئەو ڕەفتاری زیندەبەچاڵ کردنەدا کە لەودەمەدا باوبوو.

لە بەرانبەریشەوە لە میرات برندا لە زۆر حاڵەتدا یـەکسانیـی کرد لەگەڵ نێرینە و پیاودا و مافـی میرات بردنیشـی پێ بەخشـی، دەزانین کە وەسیـەت کردنیش ئـەسڵ و بنـاغـەی گواستنەوەی موڵکدارییە، هەروەها ڕای گەیاند کە سزای مێینەی زیناکاریش هەروەك سزای نێرینەی زیناکارە، قیوامە و باڵادەستیشی بۆ ژن دابین کرد، وەك چۆن بۆ پیاویش دابینی کرد، چوونکە لە بناغەدا، باڵادەستیی و بەڕێوەبەرایەتی ماڵ، بۆ کەسێکە کە شایستەیی و توانا و لێزانینی زیاتر بێت (دواتر و لە بەشەکـانی داهاتوودا، ئـەم بـابـەتە بەدرێژیی باس دەکەین)، هەروەها لە هاوسەرگیریی و جیابوونەوە و فرەهاوسەریدا، ڕێوشوێنێکی ئەوتۆی داڕشت کە مافی مێنە و شکۆ و خواستەکانی وەك مرۆڤ، پارێزراو بن.

دابەزێنراوی بەجێ ڕێگەی دابە پێغەمبەر پەیمان ببەستێت لەگەڵ ژناندا و بەیعەیان لێوەر بگرێت: ﴿**يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَنْ لَا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَادَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ**﴾ **الممتحنة/١٢**، تا ئێستاش زۆرێك لە کۆمەڵگەکان بەردەوام هەنگاو بەرەو ئەم ئاستە هەڵدەگرن و پێشی ناگەن، تەنانەت کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیش، پێش نزیکەی سەد ساڵێکە پێی گەشتوون.

بۆیە دەتوانین بڵێین: لە کاتی هاتنی پەیامی **محەممەدییەوە**، لەڕووی تیۆرییەوە، سەردەمی نێرسالاریی، کۆتایی هات و سەردەمی یەکسانیی دەستی پێکرد، بۆ ئەوەی مرۆڤایەتیی و هەمووان بە نێر و مێیانەوە ئازاد بن، ئیتر بەندایەتیی بۆ هیچکەس نەکرێت، مرۆڤ خاوەنی خۆی بێت و سەروەریی پارێزراو بێت، بینا لەسەر ئەمە دابەزێنراوی بەجێ بەردی بناغەی دانا بۆ هەڵوەشاندنەوە و کۆتایی هێنان بە کۆیلایەتیی، بەڵکو لەوەش زیاتر، کاری کرد بۆ ئەوەی بەکرداریش هەڵی بوەشێنێتەوە، بەڵام مرۆڤایەتیی لەو دەمەدا هێشتا ئامادەی هەڵگرتنی هەنگاوێکی لەو چەشنە نەبوو،ئەم هەڵوەشاندنەوەیەش لە ڕێگەی خستنەڕووی سیستەمێکەوە بوو کە بتوانێت جێگەی هەموو ئەو ئەرکانە بگرێتەوە کە کۆیلایەتیی ڕای دەپەڕاندن، بەڵام بەبێ سوکایەتیی کردن بە ئازادیی و شکۆی کەسەکان، بەڵکو پشتی بە چەند گرێبەستێك دەبەست کە جێگەی ڕەزامەندیی هەردوولا و وەڵامدەرەوەی خواست و پێداویستییەکانی هەردوولایەنی گرێبەستەکە بێت، ئەمەش ئەو شتەیە کە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی لەم سەردەمەدا پشتی پێ دەبەستن.

ئەو سیستەمەش لە دابەزێنراوی بەجێدا، لەژێر ناونیشانی (**ملك اليمين**) دا هاتووە، لە گەڵ ئەوەدا پەیامی **محەممەدیی** ئاماژەشی کردووە بۆ چۆنییەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو کۆیلەییەتیەدا کە لەو سەردەمەدا باو بوو، لە لایەکەوە سەرچاوەکانی وشك کرد و لە لایەکی تریشەوە ڕێگەی دەرباز بوونی خستەڕوو بۆ ئەو کەسانەی کە لەو دۆخەدا دەژیان و هێشتا

کۆیلە بوون (لەبەشی داهاتوودا دێینە سەر باسی بابەتی ـ ملك اليمين )، بەڵام بەداخەوە! لە دیدی فیقهی بۆ ماوەوە ـ ملك اليمين ـ هەر وادانرا کە کۆیلایەتییە، هەوڵی بە کۆیلە کردنی خەڵك بە نێر و مێوە بەناوی ئیسلامەوە درا، بەشێوەیەك کە کەنیزەك کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا لە بازاڕەکانی **النَّخاسة** ـ نەخاسە و کەنیزەك فرۆشتنـــدا و سەودا بە جەستەیەوە دەکرا، گوایا حەڵاڵ و ڕێگە پێدراوە.

## ت ـ کۆتایی هاتنی سەردەمەکانی ڕێساسازیی و تەشریعی خوایی و سەرەتای سەردەمی یاساسازیی و تەشریعی مرۆڤیی:

لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەردەمی نێرسالارییدا، خواوەند، وەك ئاگاری کردووینەتەوە، کۆتایی بە پەیامە ئاسمانییەکانیش هێنا، شایستەیی و لێوەشاوەیی مرۆڤیشی ڕاگەیاند کە دەتوانێت بە بێ پەیامی تر، درێژە بەژیانی بدات، بۆیە دوای **محەممەد** (سڵاوی لەسەر) ئیتر پەیامهێنی نەنارد و ڕاستەوخۆش خۆی دەس وەرناداتە ژیانی خەڵکەوە.

دابەزێنراوی بەجێ، بە ئایەتە فەرماندار و موحکەمەکانـــی، هێڵە سەرەکییەکانی پەیامەکەی داڕشت (بە حەرامکراو و فەرمان و ڕێگریی و ئەرکەکانەوە)، بەڵام دەبێت دڵنیا بین کە حەرام شمولیی و داگرندە و داخراو و هەتا هەتاییـــە، وانـــازانم مرۆڤ پێویستـــی بەخۆ مانـدووکردن ببێت تا تێبگات کە: هەموو دانیشتوانی گۆی زەویی بە هەموو پێڕ و ڕەنگ ئایین و بیر و باوەڕێکیانەوە، یەکدەنگ و هاوڕان لەسەر حەرامکراوەکان.

تا ئێستاش ڕێك نەکەوتووە پەرلەمانێك حەرامکراوێکی وەك: (چاکە لەگەڵ باوك و دایك، یان نەخواردنی ماڵی منداڵی بێباوك، یان کوشتنـی نەفسێك بەبێتاوان، یان غەش و فڕوفێڵ، یان بەدڕەوشتی) بخاتە دەنگدانەوە، بە مەبەستی ڕێگە دان بە پێشێلکردنیان.

تەنانەت لە حەرامكراوەكانی بواری خۆراكیشدا بژاردەكانی تر لەبەردەسدایە بۆ كەسێك كە بیەوێت پابەند بێت یان نا، ئەركی دەستە و دامەزراوە یاساداڕێژەرەكانیش بریتییە لەوەی كە دەتوانن لە بواری وردكردنەوە و شیكاری موحكەمەكاندا كار بكەن، كە بوارێكی زۆر فراوانە، بۆ نموونە: كوشتنی نەفس حەرامە، یاساساز بۆی هەیە لە نێوان لێبوردن و كوشتندا بەپێی حاڵەتەكە سزای بۆ دیاریی بكات، هەروەها غەش و فرۆفێڵ حەرامە و موشەڕیع و یاساساز بۆی هەیە بەرچاوكردنی دۆخی تاوانبارەكە سزای بۆ دیاریی بكات.

بەڵام لە بواری ڕێگری لێكراوەكاندا (**النواهي**) خواوەند بوارەكەی سپاردووە بە مرۆڤایەتی تا

لە بڕگەی ڕێلێگیراو (**المنهي عنه**) دا، لایەنی حەرامكردنەكەی دەسنیشان بكات، بۆ نموونە دەفەرمووێت: **﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ وَلَا تَقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا﴾ النساء/٢٩.**

دەبینین خۆكوشتنی لە خانەی ڕێگریی لێكراوەكاندا، داناوە، كە لەوێ دەرگای بەكراوەیی هێشتوەتەوە بۆ چەن حاڵەتێك كە یاسا دانراوەكان بتوانن قسەی تێدا بكەن و ڕای خۆیانی لە بارەوە بڵێن، وەك حاڵەتی نەخۆشییەكی قورس كە هیوایەك بۆ چاكبوونەوەی نەبێت و لە بەرانبەریشەوە نەخۆشەكە ئازارێكی زۆر و قورسی هەبێت، وەك لە هەندێ وڵاتتدا پێی دەگوترێت كوشتنی بەبەزەییانە، لەم چەشنە حاڵەتانەدا یاساكان بۆیان هەیە بە پشت بەستن بە ڕوونكردنەوەی پزیشكەكان ڕێگە بدەن بە حاڵەتێكی وا.

پوختەی باسەكە ئەوەیە كە پەیامی **محەممەد**یی، مرۆڤایەتیی گواستەوە بۆ قۆناغی یاسازیی مرۆڤیی، پێگەی پەیامداریەتیش ڕێگەخۆشكەربوو بۆ **محەممەد** (سڵاوی لەسەر) تا ببێتە یەكەم موشەڕیع و یاساساز بۆ دەوڵەتەكەی كە لە شاری مەدینەدا بونیادی نا، ئەویش هاوكات لەگەڵ ڕاگەیاندی پەیامەكەیدا، بە پێی هەلومەرج و پێداویستییەكانی سەردەمەكەشی و بە شێوەیەك كە بگونجێت لەگەڵ دەوروبەریدا، هەستا بە داڕشتنی تەشریع و ڕێساگەلێكی

پێویست تا وەك چەند یاسایەکی شارستانیی کۆمەڵگەکەیان پێ بەڕێوە ببرێت، لەم پرۆسەیەشدا پشتی بەم بنەمایانە بەست: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ **آل عمران/١٥٩**، ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾ **الشورى/٣٨**، پەیام هێنیش بۆنموونە: وەك یاسایەکی شارستانیی لە دەوڵەتەکەیدا و بەبێ ئەوەی لافی ئەوە لێبدات کە خواوەند فەرمانی پێکردوە بەو کارە هەستا و ئەو یاسایەی دارشت کە: نابێت ئافرەت و مێینە بە تەنها و بەبێ هاوڕێیەتی کەسێکی مەحرەم و نزیکی سەفەر بکات و بچێتە کاروان، **(لاتسافر المرأة إلا مع ذي محرم) البخاري/ ١٧٦٣**، ئەم یاسایەش لە سەدەی حەوتیی زاییینیدا زۆر پەسەند بوو، خەریکەبڵێین: لەوانەیە لە هەموو جێگەیەکی ئەوسەردەمەشدا پەسەند بوو بێت، چوونکە هۆکاری گواستنەوە، وەك ئێستە نەبوو، هەر سەفەر و کاروانێکیش چەندین شەو و ڕۆژی دەخایاند،بەڵام ئەو یاسایە بە پێی هەلومەرجەکان دەگۆڕێت، مەرجیش نییە بەسەر هیچ دەوڵەتێکی ترەوە کە هەلومەرجی ژیان تیایدا جیاوازبێت لەو هەلومەرجەی ئەوکاتەی ئەوێ، ئیتر جیاوازیی نییە لەڕووی کاتەوە بێت یان لەڕووی شوێنەوە.

بۆ هەموو شەرع و یاساکانی تریش کە بۆ ئەو سەردەمە بەپێویستی زانیون ئەم لێکدانەوەیە دەشێ دروست بێت، بۆ نموونە: خواوەند ڕێگریی کرد لە مەی: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ﴾ **المائدة/٩١**، واتە: لایەن و ڕوویەکی هەیە کە زیان دەگەیەنێت، ئەویش مەست کردن و سەرخۆش کردنەکەیەتی، لە کاتێکدا کە بەکارهێنانی مەی لە بواری پزیشکیدا ڕوون و ئاشکرا بوو، گێڕانەوەی **(ما أسکر کثیره فقلیله حرام)** یش ڕاس نییە و ناتوانێت تاسەر بڕ بکات، چوونکە لە لایەکەوە پەیامهێن حەرامی نەکردووە و لە لایەکی تریشەوە ئەو ئازارشکێنانەی کە بەڕێژەی کەم بۆ شکاندنی ئازار، هەموو خەڵك بەکاریان دەهێنێت و ڕێژەی زۆر و زۆر بەکار هێنانیشیان دەبێتە مایەی سەر مەستی، ناکرێت بگوترێت ڕێژە کەمەکەشیان هەر حەرامە.

ئەگەر سەرنجی ئەو ئایەتەش بدەین کە بەدوای ئایەتی ڕێگریی و نەهیدا هاتووە دەبینین دەڵێت: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَاحْذَرُوا فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُوا أَنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾ **المائدة/٩٢.**

واتە: هەروەها گوێڕایەڵیی خواوەند و پەیامهێنیش بکەن و وریابن ئەگەر سەرکێشیی بکەن بزانن پەیامهێنمان تەنها گەیاندن و ڕاگەیاندنی لەسەرە.

دەبینین فەرمان کردن بە گوێڕایەڵیی پەیامهێن، بە جیا لە گوێڕایەڵیی خواوەند هاتووە، بەو واتایەی کە گوێڕایەڵیی پێغەمبەر بەوپێیەی کەلە ژیاندا بووە و وەك موشەڕیع و یاسادانەرێك یاسای شارستانیی داڕشتووە.

بەپێی ئەوەش کە لە کەلەپووردا هاتووە، پێغەمبەر سزای شیلاقلێدانی سەپاندووە بەسەر سەرخۆشدا: **(أن النبي ضرب في الخمر بالجريد والنعال) البخاري**، **(وأن النبي أتى برجل شرب الخمر فضربه بجريدتين نحواً من أربعين) البيهقي**، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەو یاسایەی کە دایناوە بۆ سەردەمەکەی، بریتیی بووە لە چل قامچیی، ئەمڕۆش هەموو یاساکانی شارستانیی لە جیهاندا سزای سەرخۆش لە نێوان پێبژاردنی ماددیی و زیندانیی کردندا، دادەنێن، ئەمەش ئەوە پشتڕاس دەکاتەوە کە مرۆڤایەتی بەپێی ئەو سروشتەی کە خواوەند لەسەری دروستی کردووە، بەردەوام بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵدەگرێت.

ئەگەر گوێڕایەڵیی پەیامهێن تایبەت بێت بە خۆی و جیا بێت لە گوێڕایەڵیی خواوەند، ئەوا بە مردنی خۆی و تێپەڕینی سەردەمەکەی کۆتایی دێت، ئەی لە بارەی ئەو گوێڕایەڵیی کردنەیەوە کە پەیوەستە بە گوێڕایەڵیی خواوەندەوە چی بکەین؟

لەم بارەیەوە ئەم ئایەتە دەخوێنینەوە: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ **آل عمران/١٣٢**، دەبینین ئەم ئایەتێکی موحکەمە و ڕێکخەری بواری گوڕایەڵیی کردنە، ئێمە

گوێڕایەڵیی خواوەند دەکەین و گوێڕایەڵیی ئەو پەیامەش دەکەین کە پەیامهێن هەڵیگرت و پێی گەیاندین کە گونجاو و لە بارە بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك تا ڕۆژی دوایی، گوێڕایەڵییش لە گوێبەفەرمان بوونەوەیە، واتە: بەبێ زۆرەملێ و ڕووگیریی، پەیوەستە بە گوێڕایەڵیی خواوەندەوە و بە مردنی پەیامهێن کۆتایی نایەت، بۆ نموونە: کاتێك پابەند دەبین بە یاسای هاتوچۆوە و گوێڕایەڵیی پۆلیسەکە دەکەین، واتە گوێڕایەڵیی ئەو یاسایە دەکەین کە ئەو هەڵی گرتووە، نەك کەسایەتی خۆی، ئەم یاسایەش لەبارەی پەیامی خواییەوە هەتاهەتاییە و سوننەتی خواوەندە بۆ خەڵك بە گشتیی، خۆی لە هەموو ئەو شتانەدا دەبینێتەوە کە لە ناویدان بە حەرامکراوەکان و فەرمان و ڕێگرییەکان و سرووت و شەعائرەکانەوە.

جیاوازیی گوێڕایەڵیی پەیوەستیش لەگەڵ گوێڕایەڵیی ناپەیوەستدا(**الطاعة المتصلة والطاعة المنفصلة**)، ئەوەیە کە یەکەم: گوێڕایەڵیکردنی ئەو یاسایانەیە کە لە پەیامەکەدا هاتوون، دووەمیش: گوێڕایەڵیکردنی ئەو یاسا شارستانیانەیە کە پێغەمبەر وەك یەکەم موشەڕیع و یاساساز لەم پەیامەدا، تەنها بۆ کۆمەڵگە و سەردەمەکەی خۆی داینان، واتە: ئێمە ناچار نین بە گوێڕایەڵیی کردنی یاساکانی کە بۆ ئەو دەمەی داڕشتن، بەڵکو ئەوکەسانە پابەندی بوون کە لەو سەردەمەدا دەژیان.

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بکەین بۆ گوێڕایەڵییەکی تایبەتی پەیامهێن کە تەنها یەك جار لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتووە و بریتییە لەم ئایەتە: ﴿**وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ**﴾ **النور/٥٦**، ئەویش لەبارەی ئەنجامدانی نوێژ و زەکاتەوەیە، کە دوو سرووت و شەعیرەن لە دابەزێنراوی بەجێدا فەرز کراوون (سورەتی نوور فەرزکراوەکان)، بەڵام خواوەند دیاریکردنی فەرزەکەی بەجێ هێشتووە بۆ پەیامهێن (سڵاوی لەسەر)، لە هیچ سەردەمێکیشدا ڕووی نەداوە باوەڕداران لە ئەنجامدانی نوێژ و ڕاپەڕاندنی زەکات دابڕابن، بۆیە ئەو دوو سرووتە بە دڵنیایی کرداریی (**التواتر الفعلي**)، گەشتوون بە ئێمە و بۆ

ڕاڤەکردنیشیان پێویستمان بە کۆکاریی و مەوسوعەی حەدیس و کتێبەکانی فیقهـ و بابەکانی عیبادات نییە، دەبێ بزانین کە سرووتەکان درووشمی ئوممەن، ئێمە بە باوەڕ بوونمان بە خواوەند و ڕۆژی دوایی و کردنی کردەوەی چاك، بووینەتە موسڵمان، بە شوێن کەوتن و پەیڕەویی کردنیشمان لە **محەممەد**، بووینەتە باوەڕدار، چوونکە سرووتە ئایینییەکانمان بە پێی ڕێنمایی ئەو و لەسەر شێوازی ئەو ئەنجام دەدەین، ئەگەر بچیتە شارێکەوە و دەنگی بانگ ببیستی تێدەگەیت کە ئەو شارە باوەڕدارانی **محەممەدیی** تێدا دەژیی.

لەوانەیە لە بارەی بابەتی سوننەتەوە ئەو ئایەتەی کە زۆرترین بێنەوبەرەی لەسەر بێت و فەقیهە بەرێزەکان و شوێنکەوتوانیان پشتی پێ دەبەستن بۆ گێڕانەوەمان بۆ سەدەی حەوتی زایینیی، ئەم ئایەتە بێت: ﴿**وَمَا آتَاكُمْ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا**﴾ **الحشر/٧**، تا دواجار وای لێهات هەرچی حەدیس و قسە و کرداری پێغەمبەر هەیە خرانە بازنەی ئەوەوە کە بۆی هێناوین (**وما آتاكم**) و لەوێشەوە پێویست کرا لەسەرمان کاری پێ بکەین، بەو پێیە: زیادکردنی زیاتر لە سێیەك لە وەسیەت کردندا و سەفەر کرنی مێینە بە بێ هاوڕێیەتی کەسی نێرینەی پلە یەك و پۆشینی حەریر بۆ پیاوان و جوانکردنی برۆی ئافرەتان و چەندین بابەتی تریش کە لە ئەژمار نایەن و خواوەند باسی لێوە نەکردوون، حەرام کران لەسەرمان.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر باسی ئایەتی ژمارە حەوتی سورەتی حەشر، دەبینین لە بنەڕەتەوە دابڕێنراوە لە ڕەواڵ و سیاقەکەی خۆی، ئایەتەکە پەیوەندیی بە دەسکەوتی جەنگەوە هەیە: ﴿**مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ وَمَا آتَاكُمْ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ**﴾ **الحشر/٧**.

واتە: ئەوەی کە لە سایەی خوا و پەیامهێنەکەیەوە دەستتان کەوتووەتەوە لە ماڵ و سامانی خەڵکی گوندەکان، بۆ خواوەند و پەیامهێنەکەی و کەسە نزیکەکان و بێباوکان و هەژاران و ڕێبوارانە، بۆ ئەوەی قەتیس نەبێت لە دەستی دەوڵەمەندەکانتاندا، هەرچی پەیامهێن پێتانی

دا، وەریگرن و لە هەرچیش ڕێگریی لێ کردن، خۆتانی لێ بەدوور بگرن، پارێزکار بن و بیشزانن کە خواوەند تۆڵەی توند دەسێنێت.

وشەی **(الفيء)** لە زمانی عەرەبییدا واتە: گەڕانەوە **(الرجوع)**، و **﴿مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى﴾**، واتە: ئەوەی کە بۆیان گەڕاوەتەوە لە ماڵ و سامانی نەیارەکانیان، خواوەندیش ڕێنمایی پەیامهێن دەکات و تێی دەگەیەنێن کە کێن ئەوانەی شایستەن لەم داهاتەیان بەرکەوێت، تا بە پێی لێزانیی خۆی دابەشی بکات بەسەریاندا، ڕوونیشە کە **﴿وَمَا آتَاكُمْ﴾**، لە ڕیشەی (آتی) وەیە، هەرکەس بیەوێت دەتوانێت سەرنجی ئەوە بدات و بزانێت کە لەڕووی زمانەوانییەوە جیاوازیی هەیە لە نێوان: **(جاء)** و**(أتی)**دا، لە پێشەکی ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا پێناسەی ئەو دوو دەستەواژەیەمان ڕوون کردوەتەوە.

ئەگەر سەرنجی ئەو ئایەتانە بدەین کە کرداری (جاء) یان تێدا هاتووە، دەبینین ئەوەی کە هێنراوە لە دەرەوەی بازنەی بابەتەکەوەیە، وەك: **﴿وَلَقَدْ جَاءَكُمْ مُوسَى بِالْبَيِّنَاتِ﴾ البقرة/٩٢**، موسا بەڵگە و بەییناتەکەی لەلایەن خواوەندەوە هێنا، نەك لە باخەڵی خۆیەوە، هەروەها ئایەتی: **﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمُ الرَّسُولُ بِالْحَقِّ مِنْ رَبِّكُمْ﴾ النساء/١٧٠**، دیسان ڕوون دەبێتەوە کە پەیامهێن ئەو پەیامەی لە دەرەوەی بازنەی خۆیەوە هێناوە.

بەڵام (أتی)، هەر لە چوارچێوەی ئەو واتایەدا لەم ئایەتەشدا هاتووە: **﴿كَذَلِكَ مَا أَتَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا قَالُوا سَاحِرٌ أَوْ مَجْنُونٌ﴾**، پەیامهێنی هەر گەلێك یەکێکە لە خۆیان، هەروەها ئایەتی: **﴿وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ﴾ النساء/١٥**، واتە: ئەو کەسەی بەدڕەوشتیەکەی کردووە، بەجەستەی خۆی کردوویەتی نەك بە شتێك لە دەرەوەی خۆیەوە.

ئایەتی: **﴿يَاأَبَتِ إِنِّي قَدْ جَاءَنِي مِنَ الْعِلْمِ مَا لَمْ يَأْتِكَ فَاتَّبِعْنِي أَهْدِكَ صِرَاطًا سَوِيًّا﴾ مريم/٤٣**، هەردوو دەستەواژەی **(جاء)** و **(أتی)** ی لە یەك ئایەتدا کۆ کردووەتەوە، ئەو زانیارییەی کە

هات بۆ ئیبراهیم، لــە دەرەوەی بــازنــەی زانین و مەعریـفەی خۆیـەوە بوو، باوکیشـــی لەو چەشنە زانین و زانیارییەی نەبوو.

ئــەگــەر بگەڕێینــەوە سەر: ﴿**وَمَا آتَــاكُمْ الرَّسُولُ فَـخُذُوهُ وَمَا نَــهَاكُــمْ عَنْــهُ فَانْتَهُوا**﴾، دەبیــنین پەیامهێن بەسەلیقە و لێکدانەوەی خۆی (نەك بە بڕیاری خوایی) دەسکەوتە جەنگیەکەی کە دەستیان کەوتووە، دابەش دەکات بەسەر ئەو کەسانەدا کەلەگەڵیدا ژیاون، نەك بەسەر هەموو بــاوەڕدان لــە هەموو سەردەمەکانـــی دوای خۆشیـــدا، ئــەو وەك موشەڕیع و یـاساسازێکی سەردەمەکەی خۆی، بۆی هەیە ئەو دەسکەوتە بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی پەروەردگار، بەو شێوەیە دابەش بکات بەسەر کەسانێکدا کە خۆی بەشیاویان بزانێت.

لەباشترین حاڵەتدا دەتوانین ئایەتەکە بگشتێنین بەسەر هەموو ئەو بڕیارانەدا(کە وەك یاساساز و موشەڕعێك) لەو سەردەمەدا دەریـــکردوون و لـــەسەر ئەوکەسانـــەش پێویست بووە کە لەو سەردەمەدا لەگەڵیدا ژیاون، پابــەندی ئەو بڕیارانـــە بنن وەك یاسای دەوڵەتی ئەو سەردەمە، بەڵام بەهیچ شێوەك ناگونجێت ئایەتەکە لە ڕەواڵ و سیاقی خۆی دەر بێنین و بیسەپێنین بەسەر هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا.

لەوانەیە کەسێکیش بڵێت: ئەی لەبارەی ئەم ئایەتەوە چی دەڵێیت: ﴿**قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ**﴾ **التوبة/٢٩**، ئێمەش دەڵێین: ﴿**مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ**﴾، بریتییە لە هەموو ئەوەی کـە لــە پـــەیامـــی محەممەدیدا هاتووە، بە تێبینی ئەوەی، ئەوانەی کە ئـایەتەکــە داوای جەنــگ و کوشتاریـــان دەکات، ئەو کەسانەن کە لە ئیسلام و گوێڕایــەڵیـی پێغەمبــەر وەك بڕیـــاردەر و کـــاربـــەدەست (نـــەك وەك کەسێکـــی ئـــاسایی) دەردەچن، ئیسلامیش بە سێ کۆڵەکە سەرەکیەکەیەوە (باوەڕ هێنان بە: خواوەند، ڕۆژی دوایی، پابەند بوون بە بەها مرۆڤایەتیەکانەوە).

ئەوەش کە دەفەرمووێت: ﴿**الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنزِلَ مَعَهُ أُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ**﴾ **الأعراف/١٥٧**، ئەو شتە باش و بەکەڵکانەی (**الطيبات**) کە پەیامهێن ڕێگەی پێدان و حەلاڵی کردن، هەروەها ئەو شتە خراپ و بێکەڵکانەش (**الخبيثات**) کە ڕێگەی لێگرتن و حەرامی کردن، هەموویان لە چوارچێوەی ئەو کۆت و بەندانەدا بوون کە لە گەردنی پەیڕەوانی تەورات و ئینجیلدا بوو، چوونکە پەیامهێن وەك کەسێکی ئاسایی حەرامی حەلاڵ نەکردووە و حەلاڵیشی حەرام نەکردووە، بەڵکو لە چوارچێوەی ئەو پەیامەدا بووە کە بۆی هاتووە، واتە: ئەو یاسای دەرکردووە بۆ ڕێك خستنی ڕێگەپێدراو و حەلاڵەکان، ڕێگەپێدان و ڕێگریی کردنیشی هەر لە هەمان چوارچێوەدا بووە.

ئەمڕۆش پەرلەمانەکان دەتوانن ڕێگە بدەن، یان ڕێگری بکەن لە هەر شتێك کە خۆیان بە شیاوی بزانن بۆ سەردەم و کۆمەڵگەکەیان، بۆ نموونە: ئەگەر زانییان جگەرە کێشان و بەکار هێنانی مادده هۆشبەرەکان، لە شت و ڕەفتارە خراپ و بێکەڵك و (**الخبيثات**) ن، یان قەدەغەیان دەکەن یان یاسایان بۆ دادەڕێژن، بەڵام نابێت و ناگونجێت شێخ و مامۆستایەکی ئایینی یان کاهنێك، لەخەڵك پەیدا ببێت و بۆ نموونە بڵێت: جگەرە کێشان حەرامە، چوونکە وەك پێشتر باسمان کرد حەرامکردن پێوستی بەوەیە کە پەیامهێنێکی تازە بێت و وەك بەڵگەیەك، ڕاگەیەنراو و پەیامێکی خوایی بەدەستەوە بێت، کە ئەمەش هەرگیز ڕوو نادات.

دەکرێت لێرەدا کەمێك لەسەر چەمکی (ألأسوة)، بوەستین، کە لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتووە: ﴿**لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا**﴾ **ألأحزاب/٢١**، ئەم چەمکە لەڕووی زمانەوانییەوە بریتییە لە: تیمار کردن و چاککردنەوە،

ئەو پێوشوێن و شێوازەش کە **محەممەد**ی پەیامهێن گرتییە بەر، زۆرێك چاككردنــی تێدا بوو بۆ هەرکەسێك کە ڕەزامەندیی خوای مەبەست بێت.

بە هەمان شێوە پێش ئەویش پێڕەو و پێوشوێـن و شێوازی ئیبراهیم: **﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنْكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ إِلَّا قَوْلَ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَا أَمْلِكُ لَكَ مِنَ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ رَبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾ الممتحنة/٤**، ئیبراهیم و **محەممەد**(سلاویان لەسەر) هەردووکیان حەشا و تـەبەڕایان کرد لە ڕەفتاری ئــەو کــەسانەی هــاوەڵیان بۆ خواوەند بڕیـار دەدا، بەڵام ئەم حەشا لێکردنــە، نــەبووە ڕێگر لە بەردەم ئیبراهیمدا تا داوای لێبـووردن بـکات بــۆ باوکــی، ئـایەتـەکانی هەردوو سوورەتی **(الأحزاب، الممتحنة)** ش ڕەویە و پێڕەوی ئیبراهیـــم و **محەممەد** (سلاویان لەسەر) ڕوون دەکەنەوە لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ناحەزو نەیارەکانیاندا، بــەشێوازێك پیایاندا هەڵدەدات کە لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان وڵاتاندا،چ لە جەنگ و چ لە ئاشتیدا، شایانی چاولێکردن و شوێنپێ هەڵگرتنن.

بەهەمان شێوە خواوەند، جارێك فەرمان دەکات بە شوێن کەوتنی پەیامهێن: **﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ آل عمران/٣١**، جارێکیش فەرمان بە شوێن کەوتنی ئیبراهیم دەکات: **﴿قُلْ صَدَقَ اللَّهُ فَاتَّبِعُوا مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ آل عمران/٩٥**، جارێکی تریش فەرمان دەکات بە شوێن کەوتن و پەیڕەو کردنی ڕێگە ڕاستەکە: **﴿وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ الانعام/١٥٣**، هەموویان یەك ڕێگەن، شوێنکەوتن و پەیڕەویـــــی کردن لە ئیبراهیم و **محەممەد** لە سەر ڕێگــە ڕاستــەکە، ناگونجێت، گەر خەڵك لەسەر سرووشتی خۆیان ئازاد نەبن، ئەو سروشتەی کە ئازادیی جوڵەی نێوان سنورەکانیان پێ دەبەخشێت و ئازادییان بۆ دابین دەکات، بەشێوازێك کە کۆی مرۆڤایەتی بە خۆیان بزانن یان نا، دەتوانن

جێبەجێی بکەن بە بێ ئەوەی لەو سروشت و ڕەواڵە دەرچن کە خواوەند لە سەری دروستی کردوون، دەشتوانین بەدەوروبەری خۆماندا،لەو ڕاستییە دڵنیا ببینە وە و دڵنیاشین کە خواوەند ڕاستی فەرمووە.

بەم پێیە دەگەینە ئەوەی کە **محەممەدی** پەیامهێن (سلاوی لەسەر)، بێجگە لە ئەرکی گەیاندن و ڕاگەیاندنی دابەزێنراوی بەجێ، لە پێگەی پەیامەکەیەوە دەوڵەتێکیشی دامەزراندووە و وەك یەکەم یاساسازیش لە دانانی یاسای مرۆڤایەتیدا، هەستاوە بە ڕۆڵی دەسەڵاتی یاسادانانیش لە دەوڵەتەکەیدا، ئـەوەش کـە مرۆڤایەتـی لـە کۆمەڵگـە پێشکەوتوەکانـی ئەمڕۆدا پێی هەڵدەسن، لاسایـی کردنـەوە و شوێن پێ هەڵگرتنی ئەوە، پەرلەمانەکان هەڵدەسن بە ڕۆڵی دەسەڵاتی یاسادانان، پێویستە ئەوەش بزانین کە، زۆربەی پەرلەمانەکانی جیهان سنوورەکانی خواوەند نابەزێنن، بۆیە دەڵێین: زۆربەیان، چوونکە دەبینین هاوڕەگەزبازییش کراوە بەیاسا، کە ئەمە دەرچوونە لە سنوورەکانی خواوەند، بێجگە لەمە، لە هەموو شت و بوار و بابەتەکاندا ئەسڵ ڕێگـە پێدراویی و ئاچوخ بوونە، ئەو بوار و شتانە نەبێت کە خواوەند حەرامی کردوون، تائێستاش نەبیسراوە لە هیچ پەرلەمانێکدا حەرامکراوەکان، خرابنە بەر دەنگدان و دەنگ بۆ پێشێل کردنیان درا بێت.

یاسازەکان بەبێ دەستێوەردانی خوایی و بەبێ ئەوەی بەناوی خواوەندەوە بیکەن،بۆیان هەیە و دەتوانن لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گشتیدا، هەستن بە ڕێگەپێدان و ڕێگە لێگرتنی هەر شتێك کە خۆیان بە شیاو و پێویستـی بزانن بۆ کۆمەڵگـەکـانیان و هەلومەرجی ژیانیان، هەر دەستێوەردانێکی لـەم چەشنەش بـەناوی خواوەنـدەوە، قسە هەڵبەستن و درۆکردنـە بەناوی ئەوەوە، خوا ڕێگەی بەکەس نەداوە تا بەناوی ئەوەوە قسە بکات و بڕیار بدات، ڕاستە ئایین، شتێك حەرام دەکات، بەڵام دەسەڵاتی نـاچار کردنی کـەسی نییـە بۆ کردن یـان وازهێنان لە شتێك: **﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ البقرة/٢٥٦**، دەوڵەتیش ڕێگە دەدات، یان ڕێگە دەگرێت لە کارێك یان شتێك، بەڵام ناتوانێت و نابێت حەرام بکات.

**سێیەم: محەممەد وەك پێغەمبەر**

ئەگەر پەیامهێن یاساساز بووە، ئەی ڕۆڵی پێغەمبەر چییە؟

لای خوێنەر ڕوونە کە پەیامهێنان (**الرُسُل**)، هەموویان پێغەمبەر (**الأنبیاء**) یش بوون، بەڵام پێچەوانەکەی وا نەبووە، واتە: هەموو پێغەمبەران پەیامهێنیش نەبوون، هەندێکیان تەنها پێغەمبەر بوون و هیچ پەیامێکیان پێ نەبووە، وەك، ئیسحاق و یەعقووب: ﴿**فَلَمَّا اعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَكُلًّا جَعَلْنَا نَبِيًّا**﴾ مريم/٤٩، هەندێکیشیان پێغەمبەر بوون و لە هەمانکاتدا پەیامهێنیش بوون، وەك، ئیسماعیل: ﴿**وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولًا نَبِيًّا**﴾ مريم/٥٤، وەك، موسا: ﴿**وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مُوسَى إِنَّهُ كَانَ مُخْلَصًا وَكَانَ رَسُولًا نَبِيًّا**﴾ مريم/٥١، وەك عیسا: ﴿**إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللَّهِ**﴾ النساء/١٧١، وەك، محەممەد: ﴿**مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا**﴾ **الأحزاب/٤٠.**

خواوەند هیچ پەیامهێنێکی تەکلیف نەکردووە بە ئەرکی پەیام هەڵگرتن و گەیاندنی، تا پێشتر نەیکردبێتە پێغەمبەر، واتە: پێغەمبەرایەتیی پێشرە تا پەیام و پەیامداریی، **محەممەدیش**(سلاوی لەسەر) پێشتر پێغەمبەر بووە و دواتر ئەرکی پەیامداری خراوەتە ئەستۆ: ﴿**يـأيها النَبي إنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا**﴾ **الاحزاب/٤٥**، تایبەتمەندییەك کە **محەممەد** جیادەکاتەوە لە پێغەمبەران و پەیامهێنانی تر ئەوەیە، ئەو تاکانەیەك بووە کە هاوشان لەگەڵ پێغەمبەرایەتیی و پەیامهێنیدا، دامەزرێنەری دەوڵەتیش بووە، هەرچەندە داوود و سولەیمان بە دەسنیشانکردنی خوایی پاشا و مەلیك بوون، بەڵام پەیامهێن و خاوەنی پەیام نەبوون: ﴿**فَهَزَمُوهُمْ بِإِذْنِ اللَّهِ وَقَتَلَ دَاوُودُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ**﴾ **البقرة/٢٥١**، ﴿**وَاتَّبَعُوا مَا تَتْلُو الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ**﴾ **البقرة/١٠٢**، هیچکامیان پەیامهێن نەبوون، بەڵکو نموونەیەك بوون لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، موسا پەیامهێن و خاوەنی پەیام بوو

بەڵام دەسەڵاتی نەگرتوەتە دەس و وازی لێهێناوە بۆ فرعەون، عیساش بە هیچ شێوەیەك خۆی نەداوە لەقەرەی دەسەڵات.

خواوەندیش بەشانوباڵی پێغەمبەرایەتیدا هەڵی داوە و پەسنی کردووە: ﴿**إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا**﴾ **الأحزاب/٥٦**، ئەمەش لوتکەی ڕێزلێنان و بەگەورە زانینە بۆ پلەی پێغەمبەرایەتیی.

پێغەمبەرایەتیش لە هەواڵی گرنگەوەیە (**النبوة من النبأ**) و پەیوەندی بە جیهانی ڕەهاوە هەیە، **محەممەد** پێغەمبەریش (سلاوی لەسەر)، قورئانی پیرۆزی هێنا بە هەموو ئەو غەیب و شاراوە مێژوویی و گەردونیانەوە کە لەخۆی گرتبوون، بۆیە ناونرا پێغەمبەر (**النبي**)، نەك (**المُخبِر**)، چوونکە خەبەر پێویستی بە ئامادە بوونە، واتە: پێویستە خەبەر لێدراوەکە ئامادە بێت، بەڵام هەواڵ (**النباء**) وانییە.

پێغەمبەر هەڵگری چیرۆك و بەسەرهاتی پێشینان بووە، بەبێ ئەوەی لە ناویاندا ژیابێت، وەك: چیرۆك و بەسەرهاتی یوسف: ﴿**ذَلِكَ مِنْ أَنْبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ أَجْمَعُوا أَمْرَهُمْ وَهُمْ يَمْكُرُونَ**﴾ **يوسف/١٠٢**، وەك بەسەرهاتی مەریەم: ﴿**ذَلِكَ مِنْ أَنْبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ وَمَا كُنْتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَامَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنْتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ**﴾ **آل عمران/٤٤**، و بەسەرهاتی موسا: ﴿**وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ الْغَرْبِيِّ إِذْ قَضَيْنَا إِلَى مُوسَى الْأَمْرَ وَمَا كُنتَ مِنْ الشَّاهِدِينَ**﴾ **القصص/٤٤**، ﴿**وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ الطُّورِ إِذْ نَادَيْنَا وَلَكِنْ رَحْمَةً مِنْ رَبِّكَ لِتُنذِرَ قَوْمًا مَا أَتَاهُمْ مِنْ نَذِيرٍ مِنْ قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ**﴾ **القصص/٤٦**، ئەگەر خواوەند هەواڵی پێنەدایە لەبارەیانەوە، ئەو غەیب و پەنهانە مێژووییانە، نە خۆی و نە هاوەڵەکانیشی نەیان دەزانین.

هەروەها چەندین هەواڵی هێنا لە بارەی گەردوون و دروسکراوەکانی تر و ڕۆژی دواییەوە، هەندێکیان تەئویل و لێکدانەوە و شیکارەکەیان دەرکەوتووە و هەندێکیشیان بەڕیزبەندیی و یەك لەدوای یەك، پێش بەرپابوونی ڕۆژی دوایی دەردەکەون، هەندێکیشان کەس لێکدانەوەیان

نازانێت خواوەند خۆی نەبێت: ﴿**هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُوا الْأَلْبَابِ**﴾ **آل عمران/٧**، ئەم شاراوە و پەنهانە گەردوونیانە، پێغەمبەر نە لێکدانەوەی بۆ کردوون و نە لێشیان تێگەشتووە، چوونکە زەمینەی مەعریفیی سەردەمەکەی ڕێگەی بەو کارە نەدەدا، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەگەر بیشی زانیبان، دەبووە هاوەڵی خواوەند لە زانیاریەکەیدا.

نموونەیەکی زۆر ڕوون هەیە لەم بارەیەوە کە دەفەرموویێت: ﴿**ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ**﴾ **المؤمنون/١٤**، ئایا دەگونجا پێغەمبەر ئەم ئایەتە لێك بداتەوە؟

لە شوێنەواری پێشیناندا لەم بارەیەوە و بەو واتایە شتێك شك نابەین، بەڵام ئەمڕۆ ئەم ئایەتە زانستێکی تەواو پێك دەهێنێت، کتێبی گەورەی لەبارەوە دەنووسرێت کە پێی دەگوترێت: زانستی کۆرپەلە ناسیی، ئەم زانستە دەتوانێت لێکدانەوە و شیکار و تەئویلی ئایەتەکە بکات.

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین لەوە تێبگەین کە خواوەند چەندە ڕێز و شکۆی داوە بە پێگەی پێغەمبەرایەتیی (النبوة)، ئەو سەڵەواتەی داواکراوە لێمان، پەیوەندیمانە بەو پێگە شکۆدارەوە، بە زانین و زانیارییەکان (**المعارف و العلوم**) یشەوە، دەبێت لە ڕێگەی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و تاوتوێ کردنەوە ئەو پەیوەندییە بەرقەرار بکەین، ئیتر جیاوازیی نییە، زانین و زانیارییەکان، مێژوویی بن، یان گەردوونیی، یان پزیشکیی. بەڵام بەداخەوە ئەمەمان وازلێ هێناوە بۆ ئوممەتەکانی تر، وادەزانین بابەتەکە بریتییە لە چەند وتەوتێك کە لەژێر لێوەوە بیلێینەوە و بە تەسبیح بیژمێرین و ناوی بنێین: سەڵەوات لەسەر پێغەمبەر، لەوەش زیاتر

ئەوە جێگەی داخە کە، وا دەزانین چەن ئەو وتەوتە لە ژێر لێوەوە زیاتر بلێینەوە، ئەوەندە زیاتر لە خواوەند نزیك دەکەوینەوە.

پەیامهێنیش کە لـە پێگەی پەیامداریی **(الرسالة)** ەوە ڕۆڵـی دەسەلاتـی یاسادانانی دەگێڕا، لە پێگەی پێغەمبەرایەتیی و(نبوة) یشەوە، دەسەلاتی جێبەجێ کردنیـی دەگێڕا، لەم بارەیەوە دارشتەی **(یاأَیُّهَا النَّبِيُّ)** هاتووە:

**- لە جەنگەکاندا:**

**- ﴿یاأَیُّهَا النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللَّهُ وَمَنْ اتَّبَعَكَ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ﴾ الانفال/٦٤.**

**- ﴿یاأَیُّهَا النَّبِيُّ جَاهِدْ الْكُفَّارَ وَالْمُنَافِقِينَ وَاغْلُظْ عَلَيْهِمْ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ التوبة/٧٣.**

**- ﴿یاأَیُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضْ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ وَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِائَةٌ يَغْلِبُوا أَلْفًا مِنْ الَّذِينَ كَفَرُوا بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَفْقَهُونَ﴾ الأنفال/٦٥.**

**- ﴿لَقَدْ تَابَ اللَّهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ الْعُسْرَةِ مِنْ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ إِنَّهُ بِهِمْ رَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾ التوبة/١١٧.**

هەریەك لـەم ڕێنماییانە تـایبەتـن بە هەلومەرجێکەوە کە پەیوەست بووە بە، ڕوداوێك یان داستانێکی جەنگییەوە، بۆ نموونە کە دەفەرموویێت: **﴿جَاهِدْ الْكُفَّارَ وَالْمُنَافِقِينَ﴾**، پەیوەستە بە چەند کافر و دوڕوویەکی دەسنیشان کراوەوە کـە پێغەمبەر هەموویـانی دەناسیی، هەروەها: **﴿حَرِّضْ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ﴾**، دیسان بەهەمان شێوە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بووە و هەموویانـی ناسیوە، بۆیە هاندانی باوەڕداران و جەنگاندنیان،لە تایبەتمەندیـی دەسەلاتی یاسادانـان نییـە، بۆیـە نابێت یـاسایـەك دابنرێـت خـەلك هان بدات لەسەر بەشەڕهاتن و جەنگاندن، چوونکە گەر شتی وا ببێت، دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ: **﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا**

تَعْلَمُونَ﴾ البقرة/٢١٦، دەبینین (الكتاب ـ بڕیاردانی بوونی جەنگ لەژیاندا)، باوەڕدار دەخاتە بەردەم بژاردەیەکی ترەوە، ئەویش لێرەدا بریتییە لە شەڕنەکردن و نەجەنگان، بۆیە شوێن ئەو ڕێنماییە دەکەوێت کە دەڵێت: ﴿وَإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ الأنفال/٦١، ﴿لَقَدْ تَابَ اللَّهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ الْعُسْرَةِ مِنْ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ إِنَّهُ بِهِمْ رَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾البراءة/١١٧، بەڵگەیە لەسەر بوون و ڕوودانی هەڵەیەك لە جێبەجێ کردندا، کاتێك پێغەمبەر ڕێگەی دا بە دووڕووەکان تا لە جەنگ دوا کەون.

**ـ لە جیابوونەوە و دەس لێك بەردان (الطلاق) دا:**

﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ لَا تَدْرِي لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَلِكَ أَمْرًا﴾ الطلاق/١، فەرمان کردن بەوەی کە ئەگەر پیاو ویستی لە هاوسەرەکەی جیا ببێتەوە، لەو حاڵەتەدا نابێت ژن دەربکرێت لە ماڵەکەیدا، ئەمە پێویستی بە یاسا نییە، بەڵکو چەند ڕێنماییەکی ڕاپەڕاند و (تنفیذ)ی دەوێت کە ڕاستەوخۆ جێبەجێ دەکرێن، هیچ پێویست بە بڕیاری دادوەر و دادگا ناکات (دواتر لە باسی تەڵاقدا ئەم بابەتە زیاتر تاوتوێ دەکەین).

**- لە بارەی پەیمان وەرگرتنەوە لە ژنان (مبايعة النساء):**

﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَنْ لَا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَادَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ المتحنة/١٢، پێغەمبەر وەك ڕێبەری دەسەڵاتی جێبەجێکار لە دەوڵەت و کۆمەڵگەکەیدا، پەیمانی لە ژنان وەرگرت و بابەتەکە پێویستی بە یاساو تەشریع نەبووە، بەڵکو وەك بابەتێکی سروشتیی سەیرکراوە.

**- لە ژیانی تایبەت و تاکەکەسیی خۆیدا و لەهەر جێگەیەکدا کە پەیوەندیی بە خۆیەوە بوویێت، وەك ڕێز لێنانێك لە پێگەکەی لە لایەن خواوەندەوە، بە داڕشتەی (ياأَيُّهَا النَّبِيُّ) گوتاری ئاراستە کراوە:**

- ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاةَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ التحريم/١، لەم ئایەتەوە وەك پێشتریش گوتمان، تێدەگەین کە پێغەمبەر بۆی نەبووە تەنانەت لەسەر خۆیشی، شتێك حەرام بکات.

- ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ اللَّاتِي آتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّاتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَالَاتِكَ اللَّاتِي هَاجَرْنَ مَعَكَ وَامْرَأَةً مُؤْمِنَةً إِنْ وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النَّبِيُّ أَنْ يَسْتَنْكِحَهَا خَالِصَةً لَكَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِي أَزْوَاجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ الأحزاب/٥٠.

- ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ إِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا﴾ الأحزاب/٢٨.

- ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ الأحزاب/٥٩، پۆشاکی ئافرەت لەو سەردەمە و هەر سەردەمێکی تردا، پێویستی بە داڕشتنی یاسا و دەستێوەردانی دەسەڵات نییە.

- ﴿النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ﴾ ألأحزاب/٦.

پوختەی ئەم بابەتە ئەوەیە، دەگەینە ئەوەی پێغەمبەرایەتیی (النبوة) دووبەش بووە:

**یەکەم:** بریتیە لەو شاراوانەی کە لە (قورئان) دا هاتوون و هەڵسوکەوتمان لە تەکیاندا بە تاوتوێی ئەو لایەنە دەبێت کە پەیوەستە بە بەدیهێنان و بەدیهێنراوەکان و گەردوونەوە، واتە:

زانین و زانیارییەکان، هەروەها بە چەسپاندن و ڕاستاندنی ئەوەی کە لەودا هاتووە، لە ڕێگەی ئەوەوە کە زانست پێی گەشتووە، کە هەر سەردەمە و بە پێی ئەو زەمینە و ئاستە مەعریفییەی کە پێی دەگات، دەس دەداتە تەئویل و شیکار و لێکدانەوەی ئەو شاراوانەی کە لە قورئاندا هاتوون و دەس دەکات بە توێژنەوەی لایەنی مێژوویی تا پەند و ئامۆژگاریی لێ وەربگرێت، ئەمەش بەسەر هەموو چیرۆکە قورئانییەکاندا دەچەسپێت: ﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُوْلِي الْأَلْبَابِ﴾ یوسف/١١١.

**دووەم:** بریتییە لەوەی کە پێغەمبەر فەرمانی پێکردووە لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانەدا کە وەك سەرکردەیەکی سەربازیی و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی، بەدیاریکراویی بۆ سەردەمەکەی خۆی دای ڕشتبوون، ئەم بەشە لە فەرمان و ڕێنماییەکانی، بۆ هاوسەردەمەکانی خۆی و ئەوانەی لەتەکیدا دەژیان خەبەرێك بوون، بەڵام بۆ ئێمە بوون بە هەواڵ و (نبأ) یێك، ئەم بەشە دەچێتە خانەی چیرۆکە محەممەدییەکانەوە، وەك هەموو چیرۆکە قورئانییەکانی تر سەیر و مامەڵەی لە گەڵدا دەکرێت، تەنها پەند و ئامۆژگاریی لێوەردەگیرێت، نەك هیچی تر، بەو واتایەی ئەگەر قسەیەکی پێغەمبەر بە دەنگ و ڕەنگ و وێنەشەوە، پێمان بگات (کە ناگات و ئەمە تەنها وەك نموونەیەك باس دەکەین)، لەو حاڵەشدا ئێمە مەجبوور نین ئەوە جێبەجێ بکەین کە لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا جێبەجێ کراوە.

ئەو حەدیس و گێڕانەوانەش کە ئێستە لەبەردەستماندان و دەدرێنە پاڵ پێغەمبەر، سەرەتا پێویستە ئەوە بزانین کە خۆی ڕێگریکردووە لەو کەسانەی کە ویستوویانە قسەکانی بنووسنەوە

و نــەی هێشتووە بــینووسنــەوە، دوای دوو ســەدە پاش کۆچی دوایــی خۆی، ئەوجا پرۆسەی نووسینەوەی قسەکانی کەوتوەتەڕێ و دەستــی پێکردووە، هەروەها گشتاندنــی حاڵــەتێکــی تایبەت کە لەوانەیە وەڵامــی پرسیارێکــی تێدا بێت، هەڵەیەکی لۆجیکیــی و مەنتقییە، ئەو ژیاننامانەش کە لە ڕێگەی جەنگنامەکانەوە پێمان گەشتوون لەڕووی وردەکارییـــەوە لاوازن، هەندێ هەڵەی ئەوتۆیان تێدایە کە وێنای ئیسلام بەگشتیی و پێگەی پێغەمبەرایەتیی بە تایبەت دەشێوێنن و زیانیان پێ دەگەیەنن، شیاوی ئەوەنین لە ناوەندەکاندا بخوێنرێن و وەك بەشێك لە ئیسلام پشتیان پێ ببەسرێت و بکرێنە پێوەر و پێشەنگ.

وەك دان نــانیش بــەڕاسیــدا و بــەویژدانــەوە بڵێین: هــەندێ لــەو حەدیس و گێڕانەوانــە هیچ دژایەتییان نییە، نە لەگەڵ ناواخنی دابەزێنراوی بەجێداو، نە لەگەڵ بەها مرۆڤایەتییەکانیشدا وەك حەدیسی: (مَنْ لاَ يَرْحَمْ لاَ يُرْحَمْ).

## پوختەی باس و بابەتی سوننەتی پەیام هێنیی و سوننەتی پێغەمبەرایەتیی

* ئێمە پێویستە لەسەرمان گوێڕایەڵیی پەیامهێن بکەین لەوەدا کە لە پەیامەکەیدا و لە چوارچێوەی دابەزێنراوی بەجێدا پێی گەشتووە، واتە: بەها ڕەوشتییەکان.

* وەك باوەڕدارێك بە پەیامی محەممەدیی، پێویستە لەسەرمان لە ئەنجامدان و ڕاپەڕاندنی سرووت و شەعائرە ئاینییەکاندا گوێڕایەڵیی پەیامهێن بکەین، بەم کارەشمان پاداشت دەکرێین و چاکەمان بۆ دەنووسرێت، دەبێ بیشزانین کە ئەمە لە خانەی ئەرکەکاندایە و بە ئەندازە و بەپێی توانا ئەنجام دەدرێن.

* پێویستە لەسەرمان شوێن پەیامهێن بکەوین و پەیڕەویی لە سوننەتەکانی بکەین، وەك هەنگاو و قەڵەمبازێکی کەم وێنە و کەم چەشن کە تایبەتمەندیی پەیامەکەیەتی، دواجار پێویستە تێبکۆشین بۆ جێبەجێ کردنی:

- لەناوبردنی تاکجەمسەریی و تاکڕەویی بە هەموو شێوە و چەشنەکانییەوە، جێبەجێ کردنی دادگەریی لە هەموو بوارەکاندا، سەرەتا لەو ڕا و بۆچوونانەوە دەسپێبکەین کە بەرانبەریان پێ قەبوڵ ناکرێت، تا بگات بەو سیستەمە دکتاتوریانەی کە نەیارەکانیان پایەماڵ و نابوود دەکەن و ناهێڵن سەر دەر بێنن، پاشان کارکردن بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگەکان لە قۆناغی گوندبوونەوە بۆ بوون بەشار (بەواتا قورئانییەکەی)، گەر وا نەکەین ڕووبەڕووی تیاچوونی گوند (القُری) ەکان دەبینەوە و هیچ دادیان نادات.

- چەسپاندنی یەکسانیی بە هەموو چەشنەکانیەوە، جیاکاریی نەمێنێت لە نێوان خەڵکدا نە لەڕووی ڕەگەزەوە و نە لەڕووی ڕەنگ و ڕەچەڵەکەوە و نە لەڕووی باڵادەست و بندەست و ئاغا و نۆکەرەوە.

ـ پشت بەستن بەو دەستورانەی کە گرنگیی تەواو دەدەن بە دەسەڵاتـــــی یاسادانان، چوونکە دارِشتن و بەرهەمهێنانی یاسا و رێسای گونجاو و سازگار لەگەڵ هەلومەرج و کات و شوێنـــی کۆمەڵگەکاندا، یـــارمەتیدەر دەبێت بۆ ئـــەوەی، بـــە پشت بەستن بە زانیاریـــی و وردەکارییە زانسیتییەکان، بڕیاری ڕێگە پێدان یان ڕێگریکردن لەهەر شتێك بدرێت.

* شوێنکەوتنی پەیامهێن بەوە دەکرێت کە وەك ئەو بکەیت و پابەندی ئەو شێواز و ڕەویە بیت کە ئەو دەیگرتە بەر لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ خەڵکدا، بۆ نموونە: جیاوازیی بیروباوەڕ لەگەڵ کەسانێکدا واتای ئەوە نییە و نابێت پاڵنەر بێت بۆ جەنگان و بەشەڕهاتن لەگەڵیاندا. هەروەها حەشا کردن لە بیروباوەڕی کەسانێك، مانـــای ئـــەوە نییـــە کە ئیتر نابێت بەجوانـی ڕەفتار و هەڵسوکەوتیـــــان لەگەڵدا بکەیت، پێویستـــــە بزانین و هەردەم لە بیرمان بێت کە، جیـاوازیـــی سوننـــەت و بڕیـــاری خواوەندە لـە دروسکراوەکانیـــدا، و هەروەهاش بەرێکردن و شانشانێنی نێوان دروسکراوەکانش (**سُنة التدافع**)،هەر بڕیاری خۆیەتی و دەبێت بەردەوام بێت.

* قورئان پەرجوو و موعجزەی **محەممەد**ە و لێکدانەوەش لەبارەی شاراوەکانیەوە بە پلەبەندیی بەردەوامە، سەڵەوات دانیشمان بۆ سەر پێغەمبـــەر، بـە بـەهێز کردنــی پـــەیوەندیمـان دەبێت لەگەڵ ئەو هەواڵ و نبووەتەدا کە لە قورئاندایە لـە زانین و زانیاریـــی، هەروەهـــا بە کارکردن بۆ ڕاستاندن و چەسپاندنی ڕاست بوونیشیان لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی زانستیەوە لە هەموو بوارەکانی پزیشکیی و گەردوون ناسیی و مێژوویی و... تاد.

لە کۆتایدا واباشە ئاماژەیەك بکەین بۆ ئەوەی کە سەردەمی پێغەمبەرایەتیی **محەممەد**، هەزار و چوارسەد ساڵ و وردەیەك تێپەڕیوە و نەشیاوە بە لۆژیك و دونیابینـی ئەمڕۆوە دادگایی ئەو سەردەمە بکەین، ئیتر لەڕووی یاسازییـــەکەیـــەوە بێت، وەك پەیـــامهێنێك (**الرَّسول**)، یان لەڕووی جێبەجێ کردنە کرداریەکانیەوە بێت، وەك پێغەمبەرێك(**النَّبي**)، تازە ئەو سەردەمە بووە بە مێژوو و هەلومەرجی تایبـــەت بە خۆی هەبووە، هەرکـــەسیش بە ژیریـــی و لۆژیك و

دونیابینیـی سەدەی بیستویەکەوە دادگایی ئەو سەردەمە بکات،یاسای سەیروره و تێپەڕبوونی کـات، نادیـدە دەگرێـت، هەرکـەس وابکـات، ڕێـك وەك ئەو کـەسە وایـە کـە دەیەوێت مەرجەکانـی سەدەی حەوتەمـی زاینیـی بسەپێنێت بەسەر ئێستادا، هەردووکیان هەڵەن و لە ئاراستەیەکی هەڵەشدا کار دەکەن.

هەروەها وەك موسڵمانانـی پـەیڕەوی **محەممەد** (سڵاوی لەسەر)، پێویستە لەسەرمان بەئەندازەی پێویست هەست بە بەرپرسیارییەتیی بکەین لە ئاست گەڕانەوەمان بۆلای ئەو پەیامەی کە بۆی هات، با لـە خۆمانەوە دەست پێبکەیـن و خۆمان بڕازێنینـەوە بە ئەندازێکـی باش لە ڕەوشت بەرزیـی، تا لەوێوە شایستە و شیاوی ئەوە بین ببینە شوێنکەوتە و پەیڕەوکاری ئەو کەسەی کە وا وەسف و پەسن دەکرا کە لەسەر ڕەوشتێکی بەرزە (**كان على خلق عظيم**).

# بەشی پێنجەم

## یەکسانیی و هاوتابوون

## کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی و یەکسانیی

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی میرات و چۆنیەتی دابەشکردنی، وەك ئەوەی کە لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتووە، کەمێك دەوەستین و هەوڵ دەدەین واتای چەمکێکی زۆر گرنگ لە بواری میراتدا دیاریی بکەین، ئەویش چەمك و دەستەواژەی یەکسانیی **المساواة** ە، بەتایبەت کاتێك کە لە چەندین بواری تری وەك، یەکسانیی ژن و پیاو، یەکسانیی کرێکار و خاوەنکار و چەندین بواری تری کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسیدا بەکاری دەهێنین.

کەواتە یەکسانیی چییە؟

کاتێك دان دەنێین بە بوونی یەکسانیی لە نێوان دوو شتدا، بەتایبەت لە بوارە کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسییەکاندا، پێویستە ئەو ڕووە دیاریی بکەین کە ئەو دوو شتە تیایدا یەکسانن، واتە: پێویستە تایبەتمەندییەك بۆ ئەو یەکسانییە زیاد بکەین تا بە هۆیەوە بناسرێتەوە و لێی تێبگەین.

بۆ نموونە: یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، نابێ بەرەهایی و گشتیی وەر بگیرێت، چوونکە چەند لایەنێك هەیە یەکسانییان تێدا نایەتەدی، وەك لایەنە فیزیۆلۆجی و جەستەییەکان، بۆیە داوای یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە بواری دەسخستنی هەلی کار و کرێ و حەق دەس و مافی هەڵبژاردن و... تاد، دەکەین.

لەم ڕوانگەیەوە ئێمە جیاوازیی دەکەین لە نێوان دوو چەشن یەکسانیدا:

**١- یەکسانیی ژمارەیی:** وەك ئەوەی بڵێین: ٢+٢=٤، ئەم هاوکێشەیە چەن ژمارەیەك لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە: ٢، ٢، ٤، بەڵام چەن ژمارەیەکی ڕووت و پەتین لە هەرچەشنە تایبەتمەندیی و ئاکارێك، یان زیادەیەك یان واتایەك، بۆیە تەنها لەڕووی ژیریی ڕووتەوە دەتوانین لەم ژمارانە تێبگەین، یان واتایەکی ڕۆشنکەرەوەیان بکەین بەبەردا، وەك ئەوەی بڵێین: ٢سێو+٢سێو =٤ سێو.

بەبێ ئەمە، ژمارەکان وەك ژمارەی هێمایی دەمێننەوە و تەنها ئاماژە و واتایەکی لۆژیکییان دەبێت.

ئەو هاوکێشەیەش کە یەکسانیی نێوان (٢+٢) و٤، لەخۆ دەگرێت و بریتییە لە یەکسانیەکی ژمارەیی لۆژیکیی ڕووت، ناتوانین جێبەجێی بکەین بەسەر کۆمەڵگەکاندا، ئەگەر بیشکرێت، کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان دەگۆڕێن بۆ چەند ژمارە و کۆمەڵەیەکی ڕووت و پەتیی و هیچ واتایەکیان نامێنێت.

بەو هۆیەوە لە پرۆسەی سەرژمێریە گشتییەکانی دانیشتواندا، بۆ نموونە دەڵێین: ژمارەی دانیشتوانی شاری دیمەشق چوار ملیۆن کەسە، بەڵام ناتوانین تەنها بڵێین: چوار ملیۆن کەس، بەبێ هیچ زیادکردنێك، بەڵکو پێویستە لەو برە زۆرە، لایەن و ڕووی چۆنیەتیش ڕۆشن بکەینەوە و ئەو کۆمەڵە و دەستانەش بژمێرین کە ئەم چوار ملیۆن کەسە پێك دەهێنن، چوونکە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکانیش هەرچەندە لە تاکەکان پێك دێن و هەریەك لەو تاکانەش خاوەنی کەسایەتیی و منیەتی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام دوای کۆبوونەوەیان لە دەوری یەکتر چەند دەستە و کۆمەڵەیەکیان پێك هێناوە، کۆمەڵەکانیش کۆمەڵگەیان پێك هێناوە، لەم سۆنگەیەوە پێویستە لەسەرمان لەسەر بناغەی کۆمەڵە و دەستەکان مامەڵە بکەین لەگەڵ کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا.

**٢ـ یەکسانیی لە کۆمەڵگەکاندا:** لێرەدا یەکسانیی لەنێوان دەستە و کۆمەڵەکان و ئەندامانی هەرکۆمەڵەیەك لەناوخۆی خۆیدا دەبێت، لە هەموو کۆمەڵەیەکدا بە پێی چەندییەتیی و چۆنییەتی.

دەتوانین کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی هەر لە سەرەتاوە دابەش بکەین بەسەر دوو کۆمەڵەدا بە پێی ڕەگەز و بڵێین: کۆمەڵەی نێر و کۆمەڵەی مێ.

لە هەریەك لەو کۆمەڵانەشدا چەند کۆمەڵەیەکی تر بەدیی دەکەین کە دەشێت کۆمەڵە یان دەستەبن.

لە کۆمەڵەی نێرەکاندا، کۆمەڵەی پیاوان بەدیی دەکەین (کە بریتین لە پێگەیشتو و باڵغەکان)، لەناو کۆمەڵەی پیاوەکانیشدا، کۆمەڵەی هاوسەرگرتووەکان و کۆمەڵەی ڕەبەن و هاوسەر نەگرتووەکان دەبینین، لەناو کۆمەڵەی هاوسەرگرتووەکانیشدا باوکان و... تاد.

لە کۆمەڵەی مێینەکانیشدا، کۆمەڵەی هاوسەرگرتوو و کۆمەڵەی هاوسەرنەگرتوو دەبینین، لەناو هاوسەرگرتووەکانیشدا، دایکان و وەجاخ کوێرەکان دەبینین.

سەرنجی ئەوەش دەدەین کە هەموو کۆمەڵە لاوەکییەکان لەناو کۆمەڵە سەرەکییەکانی پێش خۆیاندا بوونیان هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە وانییە.

هەموو پیاوێك نێرە، بەڵام هەموو نێرێك پیاو نییە.

هەموو مێینەیەکی هاوسەردار، ژنە، بەڵام هەموو ژنێك، هاوسەردار نییە.

تێدەگەین کاتێك دابەزێنراوی بەجێ، نێر و مێ دەدوێنێت، ئەو دواندنە هەموو نێرینەکان، بە پیاو و منداڵانی نێر و باوك و کوڕ و هاوسەردار و بێهاوسەر، دەگرێتەوە، هەروەها بەو

گوتـــارە، هەموو مێینـەکان دەدوێنێت، بـــە ژنـــان و منداڵانـــی مێینـــە و دایکان و کچان و هاوسەرگرتوو و ڕەبەن و هاوسەرنەگرتووەوە.

ئەگەر بمانەوێت بە دوای یەکسانییدا بگەڕێین و لەبارەیەوە بکۆڵینەوە، پێویستە بە سەرنجەوە بڕوانینە کۆمەڵگەکان و ئاستی کەلتوریی و مەعریفییانەوە، ئەگەر باس لە یەکسانیی نێوان نێر و مێ بوو، تێدەگـــەین لێرەدا یـــەکسانییەکـــە لـــە ئاستـــی یەکەمدایە و لەڕووی حوکمەوە هەرچی ئاستی خوار خۆی هەیە دەیگرێتەوە.

بـــەڵام ئەگـــەر سنووری یەکسانییەکـــە باســـی لە هاوسەران دەکرد، ئەوکات یەکسانییەکە لە ئاستی سێیەمدایە و تێدەگەین باس لـە ژنان و مێینەی هاوسەرداره و ئەشزانین کە هەموویان دایك نین.

هەروەها ئەگەر باسی یەکسانیی نێوان دایکانمان کرد، ئەوا بە دڵنیاییەوە تێدەگەین و دەزانین کە هەموو دایکێك پێشتر شووی کردوە و ژنیشە و هەروەها مێینەیە و منداڵیشی هەیە.

یەکسانیی کاتێك کە دەگاتە ئاستی یەکسانیی لە نێوان دوو کۆمەڵەی جیاواز کە گەشتبنە ئاستی دەستە (الزمرة)، ئیتر تەواو وردەکاریی تێدەکەوێت.

لەسەر ئاستی یەکسانیی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا نابێت و ڕەوا نیە هانای یەکسانیی نێوان نێر و مێ هەڵبڕین، بەڵکو وا باشترە باس لە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو بکەین.

ئەگەر پاش ئەم پێشەکییە کورتە بگوێزینەوە بۆ بناغەکانی میرات لە دابەزێنراوی بەجێدا و لەوێوە سەیریان بکەین، تێدەگەین کە ئەم بناغە و بنەمایانە بۆ کۆی دانیشتوانی سەر ڕووی زەویـــی دانراون (دژواریـــی و گرفتـــی جیهانیـــی بوون)، دەبینین لەسەر بناغەی ئاستی یەکەم دانراون (نێر، مێ).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە: ئاستی یەکەم لەڕووی حوکمەوە هەموو ئاستەکانی خوارخۆی دەگرێتەوە، هەروەها ئەوەش دەگەیەنێت کە: یەکسانییەکی پایەدار هەیە لە نێوان دوو کۆمەڵەی جیاوازدا.

لێرەوە دەتوانین بڵێین: هیچکات پێویست نییە بەشە میراتی یەک نێرینە لە کۆمەڵەی یەکەمدا، هەردەبێت یەکسان بێت لەگەڵ بەشی مێینەیەک لە کۆمەڵەی دووەمدا، چوونکە ئەوە ژمارەی هەموو تاکەکانی ناو هەردوو کۆمەڵەکە دەگرێتەوە.

ئەگەر کۆمەڵەیەکی نێرینە بەنموونە وەرگرین و یەکسان بێت بە ١ یەک و کۆمەڵەیەکی مێینەش یەکسان بێت بە ٤ چوار و یەکسانیی بکەین لەنێوان هەردوو کۆمەڵەکەدا، واتە: بەشی نێرەکان = بەشی مێینەکان، لەم حاڵەتەدا بەشی نێرێك دوو هێندەی بەشی مێینەیەک دەکات (مێینەکان شەریکن لە سێیەکدا)، ئەم ئاکامە بەسەر هەموو ئەو کۆمەڵانەدا دەچەسپێت کە ژمارەی مێنینەکان تیایاندا چوارقاتی ژمارەی نێرینەکانە لە کۆمەڵەی نێرەکاندا ١/٤، ٢/٨، ٦/٣، ئەگەر کەسێك ڕەخنەی گرت و گوتی: حاڵەتی یەك نێرینە و چوار مێینە، یەکسانیی نییە لە نێوان دوو کۆمەڵەی جیاوازدا، بەو پێیەی کە ئاستی یەکەم بریتییە لە یەك، ئێمەش دەڵێین: لانی کەم لە کۆمەڵەکەدا یەکە، (بگەڕێرەوە بۆ ڕیازیاتی هاوچەرخ)، جیاوازیی نێوان ژمارە یەکیش، وەك کۆمەڵەیەك و وەك ژمارە یەکیش وەك تاکە کەس، بریتییە لە ژمارە یەك وەك کۆمەڵەی ژمارەیەکی پێناسە کراو، بەڵام ژمارە یەك پێناسە نەکراوە.

بەڵام ئەگەر ژمارەی کۆمەڵەکە یەکسان بوو بە سفر، ئەوە هەر لە بنەڕەتەوە کۆمەڵە نییە، واتە: حاڵەتی یەك ڕەگەز، وەك ئەوەی بڵێین: ژمارەی نێرەکان یەکسانە بە سفرە و ژمارەی مێینەکان یەکسانە بە ٢ دوو، ئەم حاڵەتە لە دابەزێنراوی بەجێدا بە هیچ شێوەیەك نەهاتووە،

چوونکە لەو پەڕاوەدا تەنها باسی حاڵەتی نێر و مێ و یەکسانیی نێوان کۆمەڵەکانیان هاتووە.

بەشە میراتی تاکەکانیش لە هەر کۆمەڵەیەکدا لەڕووی حوکمەوە یەکسانن.

دواجار ئەو کەسەی کە دەمرێت و تەنها نێرینەی لێ بەجێ دەمێنێ، یان تەنها مێینەی، لێ بەجێمابێت میراتەکەی بە یەکسانیی لە نێوانیاندا دابەش دەکرێت.

ئیتر نە مام و نە پووری سەری باوك هیچیان ناکەوێت.

بۆ دەسخستنی وردەکاریی و بەڵگەی زیاتر سەرێك بدە لە ڕاڤەی ئایەتەکانی میرات لەم کتێبەدا.

سەرنجی ئەوەش دەدەین کەژمارەی کەسەکان لە کۆمەڵەکاندا تەنها ژمارەی تەندرووست دەبن (**لاتکون إلاّ أعدا صحيحة**).

بەڵام ڕێژە و ڕێژەکاریی لە نێوان کۆمەڵەیەك و کۆمەڵەیەکی تردا، دەگونجێت ژمارەیەکی تەندرووست یان کەمەك بێت (**فقد يكون عدداً صحيحاً أو كسرياً**).

وەك ئەوە بڵێین: کۆمەڵەیەکی نێرینەکان کە دوو نێری تێدایە و کۆمەڵەیەکی مێینەکان کە پێنجی تێدایە، ئەوکات کۆمەڵەی یەکەم ژمارەیەکی درووستە و کۆمەڵەی دووەمیش هەر ژمارەیەکی درووستە.

بەڵام ڕێژەی مێینەکان بۆ لای نێرەکان، دەبێتە ژمارەیەکی ناتەواو و شکاو(**عددٌ كسري**) ٥/٢ = ٢,٥.

بەوشێوەیە تێدەگەین کە جیاوازیی نێوان(سەرەوە ـ **فوقَ**) و (زۆر ـ **أكثر**) و (زۆرتر ـ **فأكثر**)، تەنها بۆ ژمارە (دروست ـ **صحيح**) ەکان بەکار دێت، بەڵام (سەرەوە ـ **فوق**) بەکاردێت بۆ

ژمارە درووست و تێك شکاوەکانیش پێکەوە (**تُستَعمَل للأعداد الصحيحة و الكسرية معاً**)، وەك ئەوەی بڵێین: پەرلەمان دەنگیدا لەسەر پرۆژەیاساکە بە زۆرینەی ٦٠ بۆ ٥٠ دەنگ، ڕێژەکەش لەسەرووی ٥٠٪: ٦٠/١١٠= ٥٤,٥٤٪ .

بەلاّم ئەگەر کۆمەڵەیەکی نێرەکانمان وەرگرت کە ژمارەی کەسەکانی یەکسان بوو بەژمارەی کۆمەڵەیەکی مێینەکان، بەشی کۆمەڵەی یەکەمیش یەکسان بوو بە بەشی کۆمەڵەی دووەم، ئەوکات بەشی مێینە یەکسان دەبێت لەگەڵ بەشیی نێردا، هەروەها لەم حاڵەتەدا، ئەوە دێتەدی کە: ئەگە تەنها یەك مێینە بوو، ئەوە نیوە، بەشی ئەوە ﴿**وَان كانَتْ واحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ**﴾، واتە: کۆمەڵەیەك لەنێرەکان کە کەسەکانی یەکسانە بە ١ (یەك نێر) و کۆمەڵەیەکی مێینەکان کەسەکانی یەك مێینەیە و نێوانیان یەکسانە.

بەڵام ئەگەر کۆمەڵەیەکی بێوەپیاو و کۆمەڵەیەکی بێوەژن وەرگرین، یەکسانیی بکەین لە بەشی هەریەك لە دوو کۆمەڵەکەدا (واتە: بەشی کۆمەڵەی بێوەپیاوەکان = بە بەشی کۆمەڵەی بێوەژنەکان)، وەژمارەی بێوەژنەکان دووهێندەی بێوەپیاوەکان بێت، ئەوکات بەشی بێوەژنێك، یەکسان دەبێت بە بەشی بێوەپیاوێك.

دوای ئەمە دەگەینە ئەوەی بەڕوونیی تێبگەین کە ئایەتەکانی میرات بۆ خەڵکی سەر ڕووی زەویی بەگشتیی هاتوون، بە بەڵگەی ئەوەی کە بەئاستی یەکەم دەستی پێکردووە (نێر/مێ)، وە بەم شێوەیە دەستی پێکرد: ﴿**يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ**﴾، هەرگیز وەك شەعائر و سرووتی ئایینیی نەهاتووە، بۆنموونە: ڕۆژووی ڕەمەزان تەنها بۆ شوێنکەوتوانی پەیامی **محەممەد**دییە و بەم شێوەیە دەستی پێکرد: ﴿**يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُو**﴾، لەکاتێکدا کە ئایەتەکانی میرات بەو شێوەیە دەسیان پێنەکردووە، ئایەتەکان بەشی کەسەکان و کۆمەڵکانیان دەسنیشان کردووە، ئەو بەشانەی کە وەك گوتمان بەپێی گۆڕانی ژمارەی کەسەکان لە هەردوو کۆمەڵەکەدا کەم و زیاد دەکەن: هەروەها نوێنەرایەتیی چەن حاڵەتێکی دیاریکراوی میرات ناکەن، چوونکە

بوونی حاڵەتێکی نموونەیی کە بنەماکانی دابەشکردن (وەك ئەوەی کە لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتووە) جێبەجێ بکرێت بەسەریدا ئەستەمە.

دواجار دەگەینە ئەوەی تێبگەین کە، بیرۆکەی کۆمەڵەکان چەند ئاسۆیەکی تازەیان لێ کردینەوە لە خوێندنەوەی کۆمەڵگەدا، چەن گۆشەنیکایەکی تازەشیان پێمان بەخشی لە خوێندنەوەی ئایەتەکانی میراتدا بەخوێندنەوەکی هاوچەرخانە.

وەك چۆن ئایەتەکانی میرات مرۆڤ دابەش دەکەن بۆ چەند کۆمەڵەیەك کە لەڕووی ڕەگەزەوە چەند ئاستێکیان هەبێت، یان نێر یان مێ، هەروەها لەڕووی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیشەوە، هاوسەرداره یان ڕەبەن، یان جیابوەوە، یان بێهاوسەر (بێوەپیاو بێت یان بێوەژن)، بەم شێوەیە بیرۆکەی کۆمەڵەکان بەشەکانی تری کۆمەڵگە ڕۆشن دەکاتەوە.

هەروەها لەسەر بناغەی ئاینیی، بۆ نموونە: کۆمەڵگە دابەش دەبێت بۆ موسڵمانان و بێباوەڕان، موسڵمانانیش دابەش دەبن بۆ باوەڕداران و گاور و جولەکە، وە گاورەکانیش دابەش دەبن بۆ کاسۆلیك و ئەرسەدۆکس و پروتستان... تاد.

بەهەمان شێوە لەسەر بناغەی پیشە، کۆمەڵگە دابەش دەبێت بۆ چەند کۆمەڵەیەك، ئەندازیار و پزیشك و کرێکار و جوتیار، دەبینین لەوێشەوە دابەش دەبن بۆ ئەندازیاری شارستانیی و بیناسازیی و کارەبایی، لەوانەیە لە ئاستێکی تریشدا دابەش بن بۆ چەن کۆمەڵەی تریش.

ئەگەر سەرنجێکی کۆمەڵگەکانیش بدەین کە لە ڕێگەی کۆمەڵەکانەوە، لەسەر بناغەی هەمەچەشن، دابەش دەبن بەسەریاندا ـ کە ژمارەیەکی زۆرن ـ، بەڕوونی لەو چەمکی پلەبەندیە (الدرجة)،تێدەگەین کە ئەم ئایەتە ئاماژەی بۆ کردووە: **﴿نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا سُخْرِيًّا وَرَحْمَةُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ﴾ الزخرف/٣٢.**

پلەبەندیی لەنێوان کۆمەڵەکاندا و لەنێوخۆی یەك کۆمەڵـەشدا، بەڵام بۆهەر کۆمەڵە و پلەیەك ڕۆڵێکی تایبەت هەیە کە بەبێ ئەو، کۆمەڵگە ناتوانێت بکەوێتە سەرپێ و بەڕێوە بچێت.

بۆشمـان ڕوون دەبێتـەوە کـە کۆمەڵەکـان لـە کۆمەڵگـەدا و پلـەبەندییش لـە کـۆکۆمەڵە و کۆمەڵگەکاندا سونەن و ڕێسای خوایین لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییـەکاندا، بەشێوەك کە هەرگیز واتای ئەوە نادات بەدەستەوە کە گوایا خواوەند لە ئەزەلـەوە لـە چارەی فلانەکەسـی نووسیوە ببێتە ئەندازیار، بەڵکو ئەندازەگیریـی کۆمەڵـەکان و جیاوازییەکانیانـی کردووە لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا.

بەم شێوەیـە و بە ڕوونیـی، واتـای بەرژەوەندیـی تایبەت (PrivateInterest) مان بۆ ڕوون دەبێتەوە  کە لە کۆمەڵەیەکەوە بۆ کۆمەڵەیەکی تر دەگۆڕێت، نەك هەر ئەوەش، بەڵکو لە ناو هەمان کۆمەڵەدا لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر دەگۆڕێت.

هەروەك چۆن بەرژەوەندیـی تایبـەت بـە کۆمەڵـەی جوتیـاران، جیاوازە لەگەڵ بەرژەوەندیی تایبەت بە پزیشکان و ئەندازیاران و کرێکاران، هەروەها بەرژەوەندیی تایبەت بە جوتیارانی لۆکـە، جیـاوازە لـەگەڵ بەرژەوەندیـی تایبەتـی جوتیـارانی گـەنم و باخدارەکان و ئەوانەی سەوزەوات دەچێنن.

لـە کۆتاییـدا دەگەینـە ئەوەی بە چـاوی خۆمـان ببینیـن، سیـاسەت (Politics) بـەپێی پێناسەکەی خۆی، کە بریتییە لە: بەڕێوەبردنـی بەرژەوەندییە لێك ئاڵاوەکان، ببینین چۆن ئەو بەرژەوەندییە لێکئاڵاوانە بـەڕێوە دەبـات، هەنـدێ جار هـاوبەش و هەندێ جاریش ناکۆك و دژبەیەکن، دەبینین چۆن سیاسەت ئەو بەرژەوەندییـانە لە ناو یەك دەوڵەت و یەك کۆمەڵگەدا بەڕێوە دەبات و ڕێکیان دەخات، بەشێوەیەك کە بەرژەوەندیـی هیچ کۆمەڵەیەك یان ئاست و پلەیەکیان، زاڵ نەبێت بەسەر بەرژەوەندیـی کۆمەڵە و ئاست و پلەیەکی تریاندا یان نەی

سڕێتەوە، چوونکە هەر چەشنە زاڵ بوون یان سڕینەوەیەك لە بابەتی بەرژەوەندیی کۆمەڵەکاندا، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژیی و گەندەڵیی.

گرنگیی و بایەخ و نهێنیی بوونی گیانی دیموکراتیی و ئازادیی ڕۆژنامەوانیی و کۆمەڵگەی شارستانیی و یەکسانیی نێوان هەموو کۆمەڵەکان لە بەردەم یاسا و مافی هاونیشتیمانی بوون، لێرەدایە.

پاشان دەبینین ئابووریی شادەماری سیاسەتە، سیاسەتیش لە دەوڵەتدا پێویستە لەسەر بنەمایەکی ئابووریی ڕوونی ئەوتۆ بونیاد بنرێت کە بتوانێت ڕۆڵ و ئاست و داهات و ئەرك و مافی هەر دەستەیەك دەسنیشان بکات، لێرەوە ڕۆڵ و واتای چەمك و بواری سەندیکا و حزبەکان لە کۆمەڵگەیەکدا دەردەکەوێت کە لەسەر بنەمای فرەیی بونیاد نرابن.

لەڕێگەی گردبوونەوەی ئەو کۆمەڵانەوە کە بەرژەوەندییەکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، واتای چەمکی حزبە سیاسیەکان دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە.

حزبیش بریتییە لە دامەزراوەیەك کە نوێنەرایەتیی چەشنێك لە خەڵك یان چەند کۆمەڵەیەك دەکات کە بەرژەوەندیی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، حزب هەڵدەسێت بە یارمەتیدانی پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە و هەوڵ دەدات نەهێڵێت بەرژەوەندییەکانی حزبێکی تر (کە ئەویش کۆمەڵە کەسانێکی تر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان پێکیان هێناوە)، زاڵ ببێت بەسەریاندا.

لێرەوە هەست بەگرنگی ڕۆڵی حزب دەکەین و تێدەگەین کە ڕۆڵی حزبێکی چالاك لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا گەورەتر و کاریگەرترە لە ڕۆڵی سەندیکایەك، چوونکە چالاکییەکانی سەندیکا زیاتر پیشەیین نەك سیاسیی،واتە زیاتر کاردەکات بۆ ڕێکخستنی تایبەتمەندییەکان و ئاستی ئەنجامدانی پیشەیی، سەندیکاکان گرنگیی بە لایەنی پیشەیی دەدەن، حزبەکانیش

گرنگی بە لایەنی سیاسیی دەدەن، بەڵام حزب لە هەوڵەکانیدا بۆ پاراستن و داکۆکی کردن لە بەرژەوەندیەکانی، یەکێك لەم دوو ڕێگەیە دەگرێتە بەر:

١ـ یان بە تەواویی مافی دەستە و حزبەکانی تر پشتگوێ دەخات و دانیان پێدا نانێت و ڕێگە بە چالاکیی سیاسییان نادات، بەمەش کۆمەڵگە دەکات بە کۆمەڵگەی تاك حزبیی.

ئەمەش هۆکاری سەرهەڵدانی تاکڕەویی چینایەتییە بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە، ڕێك ئەو کارەیە کە حزبە شیوعییەکان کردیان کاتێك هەستان بە سڕینەوە و دان پێدانەنانی یەکجارەکیی ئەوەی کەپێیان دەگوت، چینە بورجوازیی و دەرەبەگایەتیی و سەرمایەدارییەکان و حوکمی تاکڕەویی چینایەتیی و، دەوڵەتی علمانیی ستەمگەریان ڕاگەیاند.

ئێمە وای دەبینین، ئەو سڕینەوە و دان پێدانەنانەی ناو مارکسییەتی لینینی لە سەدەی نۆزدەیەم، لە ئاکامی نەبوونی بیرکاریی سەردەمیی (**الرياضيات الحديثة**) لەگۆڕەپانی زانستی ئەو سەردەمەدا ڕوویداوە، کە کۆمەڵگە دابەش کراوە بەسەر چەند چینێکدا کە دانیان بە بوونی یەکتردا نەناوە، هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی ئەو یاسا و ڕێسا ئابوورییە گەردوونیانەش دراوە کە هەرگیز هەڵناخەڵەتێنرێن.

بەم شێوەیە، تێگەیشتن و چەمکی چینایەتیی، بە تێگەیشتن و دیدگایەکی لێڵەوە هاتە کایەوە و جێگەی تێگەیشتن و چەمکی کۆمەڵەکانی گرتەوە، لەم سڕینەوە و نادیدە گرتنەشدا و لە ئەزموونێکی ناڕوون و خەیاڵاویی شکست خواردودا کە ئامانجی سڕینەوەی مێژووی مرۆڤایەتیی بوو، توندوتیژیی بە نامرۆڤانە ترین شێوە جێبەجێکرا و ئامانجگەرایی مێژوویی لە ئەزموونی کۆمەڵگەی سوشیالیستیدا خرایە ڕوو و مرۆڤایەتی خۆی، خۆی نادیدە گرت و هەوڵی سڕینەوەی خۆیدا.

مێژوو پێکەنی بەم ئەزموونە، لەکاتێکدا ئەوان دایان نابوو بەمێژوو پێبکەنن، واتە: مێژوو فریویدان.

بۆیە هەرکەس سیاسەتیی کرد پێویستە ئاگای لە مەکر و فێڵی مێژوو و ژیریی و عەقڵی مرۆڤایەتیی بێت، بزانێت کە نە ڕەوڕەوەی مێژوو دەوەستێت و نە ژیریی مرۆڤیش لەکار دەکەوێت، عەقڵ و ژیریی مرۆڤ دەبێت لە هەلومەرجی بابەتیی و تێگەیشتن و شیکارکردندا کار بکات، ئەگەر ئەمە نەکات، لە ئەگەرە عەقڵییە ڕووت و پاکتاوکراوەکاندا (**الممكنات العقلية المجرّدة**) ئیش دەکات، ئەمەش ڕێك ئەوەبوو کە لە سەردەمەکانی تێکشکاندا ڕوویدا، کاتێك کە عەقڵی عەرەبیی سەرقاڵ بوو بە ئەگەرە عەقڵییەکانەوە و دەستی کێشایەوە لە شیکاری هەلومەرجی ژیانی بابەتیی گەردوون و کۆمەڵایەتی و ڕەهەندی گۆڕانی سەرەمرە (**الصيرورة**) ی ون کرد و لەدەستیدا.

٢ـ یان بەرژەوەندیی دەستە و حزبەکانی تر ڕەچاوبکات و نادیدەیان نەگرێت و ڕێگەی چالاکییان لێ نەگرێت، ئەم حاڵەتەش بریتییە لەو دیمکراتییەتەی کە بونیاد دەنرێت لەسەر بنەمای فرەیی سیاسیی و دەساودەس کردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و هەڵبژاردن و ئازادیی ڕادەربڕین و ڕاو ڕای بەرانبەر و ئازادیی ڕۆژنامەوانیی و ئازادیی وشە و بیر، ئەمەش لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی شارستانیدا دێتە دیی کە ئاگایی و ڕۆشنبیریی ڕاستەقینەی خەڵکیی، بە هەموو پێکهاتە و ڕەنگاڵەکانیەوە تێدا بەرجەستە ببێت و مافی بڕیاردانیش بەدەستی هاوڕایی زۆرینە بێت، بەمەرجێك تایبەتمەندیی کەمینەکان(هەرچەشنە کەمینەیەك، پیشەیی بن یان نەتەوەیی یان ئایینیی) پارێزراو بێت، هەروەها مافی بوون و ڕادەربڕین و چالاکیی سیاسیشیان پارێزراو بێت.

بەڵام ئەگەری دووەم بۆ ئەوەی پایەدار بێت، پێویستی بە کۆمەڵگەیەکە، کە لەڕووی ئابوورییەوە چالاك و لەڕوو زانستیی و تەکنەلۆجیشەوە پێشکەوتوو بێت و هەست بە بایەخی

هۆشیاریی هاونیشتمانییەکانی بکات لەبەرانبەر کۆمەڵگەوە و هەست بە گرنگیی هەڵبژاردن و ڕای گشتیی بکات و تێبگات کە دەسەڵات شتێك نییە جیابێت لە گەل، وە دەبێت بزانێت شتێك نییە ناوی بەرژەوەندیی دەوڵەت بێت و لە بەرانبەریشەوە شتێك ناوی بەرژەوەندیی خەڵك، بەڵکو یەك بەرژەوەندیی لە ئارادایە، ئەویش بەرژەوەندیی ئەو کۆمەڵگەیە کە لە ڕێگەی دامەزراوە شارستانییەکانیەوە (کە لەوانەیە سەدان دامەزراوە بن) ئاراستەی دەوڵەت دەکات.

فەرمانڕەوا لە کۆمەڵگەیەکی شارستانی لەم چەشنەدا، چاوی لەسەر هاووڵاتییەکانیەتی و لێیان دەترسێت، چوونکە بە پێچەوانەی سیستەمە تاکڕەو و دیکتاتۆرەکانەوە، ئەوان ئەم ئاراستە دەکەن.

سیاسەتیش لە دەوڵەتێکدا کە هاونیشتیمانی لەم چەشنەی ببێت، لەسەر بنەمای ملدان بەداواکانی یەکتر و گۆڕینەوەی بەرژەوەندییەکان لە نێوان کۆمەڵەکاندا، کاری دەبێتە هەوێنی پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەکەدا.

پەرلەمانیش بەوپێیەی تاکە نوێنەری هەموو دەستە و کۆمەڵەکانە، نەك چەند دانەیەکیان، دەبێتە ئەو تاکە جێگەیەی کە بەرژەوەندییەکانی تێدا تاوتوێ دەکرێت و بەرژەندییە دوولایەنەکانیشی تێدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت، کە ئەمە دەبێتە کرۆکی دیمکراتییەت.

دیموکراتییەتیش کاتێك بەرهەمی دەبێت کە ئابووریی و سیاسەتی ئابووریی، هەردووکیان شادەماری جوڵەپێکەری بڕیاری سیاسیی بن، چونکە غایەلە و خەمی ئابووریی (ئاستی بژێویی/داهاتی تاك/دابینکردنی ئاسایشی تەندروستیی و خۆراك... تاد) خەمی هاوبەشی نێوان هەموو دەستەکانی کۆمەڵگەن بەهەموو ئاست و کۆمەڵەکانیەوە بەبێ جیاوازیی، خەمێك کە پشتگوێ خستنی یان نادیدەگرتنی یان تێکشکاندنی ئەستەمە.

ئەگەر بێتو بڕیاری سیاسیی، بەئاگایی بێت یان بێئاگا، ئەم خەمە پشتگوێ بخات و بیەوێن نادیدەی بگرێت یان تێکی بشکێنێت، دەبینین ئەو خەمە لە ڕێگەیەکی ترەوە و بەشێوازێکی ناتەندروست، سەر دەر دەهێنێتەوە و بە خراپترین شێوە لە گەندەڵی کارگێڕیی و ڕەوشتیدا خۆی دەنوێنێتەوە (داوێن پیسیی/بەرتیل/دەوڵەمەند بوونی نامەشروع).

لەسایەی دەوڵەتی دیموکراتیی و کۆمەڵگەی شارستانیدا، تایبەتمەندیی و کەلتووریی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە بەهەموو پێکهاتەکانیەوە بە گەورە و بچووکیانەوە، دەردەکەوێت.

بەڵام ئەگەر هەوڵ بدەین دیموکراتییەت بچەسپێنین بەسەر کۆمەڵگەیەکدا کە دابەش بووبێت بەسەر چەند کۆمەڵەیەکدا کە بەرژەوەندییە ئابووریی و بژێوییەکان و بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییەکان، خەمی بنەڕەتیی و سەرەکیی خەڵکەکەی نەبن، دیموکراتیەتێکی سەقەت و شێوێراو و ناشیرینمان بۆ دێتە پێش.

ئەمەش ئەو شتەیە کە بەڕوونیی دەیبینین لە دەوڵەتە بنەماڵەیی و خێڵکیی و ئایینیەکاندا، کاتێك لەباتیی ئەوەی کۆمەڵگە دابەش بکەن بەسەر چەن کۆمەڵەیەکدا کە سروشتێکی ئابووریان هەبێت و لە یەك کۆمەڵەدا بەرژەوەندیی هاوبەشیان ببێت و لە ڕێگەی کۆمەڵەکانی ترەوە کێبڕکێی لەسەر بکەن، دێن کۆمەڵگە دابەش دەکەن بەسەر چەن کۆمەڵەیەکی خێڵەکیی و هۆزگەریی و ئایینیدا.

کاتێك کە خێزان و هۆز و تیرە و خێڵ، دابەشبوونە کۆمەڵایەتیەکانی وەك خۆی وەرگرت و ڕاهات لەسەریان، ئەوجا کۆمەڵگەی نێرسالاریی هاتە کایەوە و دەرکەوت (کۆمەڵگەی بەترەکیی ـ باوك سالاریی).

لەسەردەمی بەپێغەمبەربوونی پێغەمبەریشدا، لەناو عەرەبەکاندا ئەم چەشنە سیستەمە باو و باڵادەس بوو، هەموو کێشە و ئیش وکارە سیاسییەکان لەسەر بناغەی ( بنەماڵە و هۆز و

تیرە و خێڵ) چارەسەر دەكران، سیستەمێك كە لەگەڵیدا و بەهۆیەوە تێدەگەین كە، بۆچی بەلای عەرەبەكانەوە ژن ڕەگەزێكی لاوەكیی و پلەدوو بووە و هەمیشە پاشكۆ و پەیوەست بووە بە كۆمەڵگەی باوك سالارییەوە و خاوەنی خۆی و ویستی خۆی نەبووە، هەروەها تێدەگەین بۆچی ئەم داڕشتە كۆمەڵایەتییە، بەردەوام زاڵ و باو بووە تا سەردەمی نووسینەوە و تۆماركردن (**عصر التدوين**) و گەشەسەندنی مێژوویی فیقهی ئیسلامیی، هەروەها تێدەگەین كە بۆچی پاش تێپەڕبوونی چواردە سەدە لەمێژوو و تەنانەت تائێستاش هەر لەو دۆخەدا دەژین.

لەم ڕوانگەیەوە دواجار تێدەگەین، هۆكاری زاڵ بوونی نێرسالاریی و باوكسالاریی بەسەر فیقهیی ئیسلامیدا لە سەردەمی نووسینەوە و بەبەڵگە كردنی فیقهی ئیسلامیدا، چی بووە و تائێستاش بەردەوام زاڵە بەسەر بیری فیقهیماندا... وەك عەرەب دەڵێت: **إذا عُرِفَ السببُ، بَطَل العجب.** واتە: هەركات هۆكار زانرا سەرسوڕمان پوچەڵ دەبێتەوە.

ئەمانە هەموو ئەوەمان بۆ ڕوون دەكەنەوە كە چیی ڕویدا لە كەپرەكەی خێڵی ساعیدە و جەنگی جەمەل و صەففەیندا، هەرئەوەش بەڕوونی ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر زانستی میرات، كە شكۆی نێرینەی داوە بەسەر مێینەدا و بەوەش پاساویان بۆ ئەم كارە هێناوەتەوە كە نێر لە برا و مام، بەرپرسیاریەتیی لە ئەستۆدایە و بەو هۆیەوە بەشێكی گەورەتر دەبات، ئەمەش یەكێكە لە دژوارییە مێژووییەكانی میرات.

ئەوەش كە لە ئاژاوە گەورەكەدا ڕوویدا، ئەو ڕۆژەی كە بڕیاری دانانی فەرمانڕەوا لەسەر بناغەی بنەماڵە و هۆز و تیرەوە دەدرا و ئەو گیانە زاڵ بوو بەسەر كۆمەڵگەدا (كۆچبەران، پشتیوانان، ئەوس، خەزرەج، پێشەوایان هەر دەبێت لە قوڕیش بن)، لەو سەردەمەدا گرنگی كارتێكەر(**العامل**)ی ئابووریی لە پلە دوو دادەنرا، چوونكە كارتێكەری عەقیدە و بیروباوەڕ بەهێزتر بوو لە كارتێكەری دەسكەوتی جەنگ و تالانیی، تا سەردەمی عوسمانی كوڕی

عەفان، ئینجا کارتێکەری ئابووریی هێواش هێواش شوێنی خۆی گرت و شانبەشـــان لەگەڵ کارتێکـــەری تیرە و هۆز و بنەماڵـــەدا، ڕۆڵی خۆی دەگێڕا، ئەمەش ئەوە دەگەیـەنێت کە ئەو ڕوداوە سیاسییـــەی کەلــە سەردەمی پێغەمبــەرایەتی و جێنشینانــی ڕاشدینــدا ڕوویان داوە، ڕووداو و بڕیــارگــەلێکی سیاسیی بوون و ناچنــە خانـەی موسڵمانانەن (**لا تخضع للأسلمة**) و دەسیش نادەن بکرێنە پێوەرو، ڕووداوی ئەم سەردەمەیان پێ بەراورد بکرێت، دانانی ئەو ڕووداوانە لە سیاق و ڕەواڵە مێژووییەکەی خۆیادا،یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی شەرم نەکەین، دان بنێین بەوەدا کە ڕوویداوە، بەم کارەش ڕزگارمان دەبێت لە ئەرکـــی داکۆکیکردن و هێرش کردنە سەر هەندێ لە هاوەڵان و دادگایی کردنیان.

بەڵام کاتێك کۆمەڵگەکان لەسەر بنەمای ئایینی بەش بەش کران، واتە: باوەڕداران، گاور، جوو، بوزیــی، بەراهیمە، ئــاگر پەرست، پاشان باوەڕدارانیش بۆ: سوننە و شیعــە، گاورانیش بۆ: ئەرسەدۆکس، کــاسۆلیك، پرۆتستــانت، دواتر دابــەش کردنـی سوونــەکان بۆ: شافعیی، مالکیــی، حەنابلــە، ئــەحناف، هەروەهـا هەموو پێڕە ئـایینیەکانی تریش بەش بەش کران، دەوڵــەت بووبــە دەوڵــەتێکی ئــایینیــی و دیسانــەوە کــارتێکــەری ئــابوریی و بژێویی و خۆشگوزەرانیــی خەڵك پــاشەکشــەی کردەوە بۆ پــلــەی سێیـەم و چوارەم و چەوساندنەوە و ستەمگەری باڵی کێشا بەر کۆمەڵگەکاندا.

لە دەوڵەتێکی لەو چەشنەدا هەڵبژاردن بکرێت یان نەکرێت، جێبەجــێ کردن و پایەدار کردنی دیموکراتییەت دەس نادات، چوونکە ئەگەر دەسەڵات بە زەبری هێز کەوتە دەس حوکمڕانیی پێڕێکی دیــاریکراو، یەکســەر هەوڵـی سڕینەوەی ئەوانیتر دەدات و جارێك لە پشت پەردەی (**حاكمية الله**) و جارێکــی تــریش لــەژێر پــەردەی کۆدەنگیــی زانایان (**هكذا أجمع العماء**) ەوە دەسدەگرێت بەسەر بڕیاری سیاسیی و دەسەڵاتی یاسادانانداا، یان دەسەڵاتـی دەوڵەت بکەوێتە دەستی حوکمڕانی پێڕێکەوە کە زۆرینە پێك بهێنن، ئەوکات هەڵبژاردن بەکار دەهێنرێت وەك

بیانوێك بۆ ڕەوایەتیدان بە سڕینەوە و کەنارخستنی ئەوانیتر و گرتنە دەستی بڕیاری سیاسیی و دەسەڵاتی یاسادانان و سەپاندنی تاکڕەویی زۆرینە لەژێر ناونیشانی سەیروسەمەرەدا.

لەهەموو حاڵەتەکاندا دەبینین ماڵ و سامان و دەسەڵات و چالاکیی ئابووریی، قەتیس کراوە لەدەس فلانە پیر یان پیرێکی تردا، ئەوەش کە ئەم قسەیەمان لە بارەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان ماڵ و سامان و دەسەڵاتەوە پشتڕاس دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەم دوو کارتێکەرە، ئەگەر بیشمانەوێت لێکیان جیا بکەینەوە، لێك جیا نابنەوە.

دواجار کاتێك لەسەر بناغەی نەتەوەیی و نەتەوەپەرستی کۆمەڵگە دابەش دەکرێت و یەکێك لەو نەتەوانە دەسدەگرێت بەسەر وڵاتدا و یەکلای دەکاتەوە بۆ خۆی، دەوڵەت نەتەوەکانی تر دەسڕێتەوە و دان بە بوونیاندا نانێت، بەو هۆیەوە تاکڕەویی و دکتاتۆریەتی نەتەوە دەردەکەوێت و دێتە کایەوە.گرفتەکە لەوەدایە کە نەتەوە بوونێکی بابەتیی هەیە و دەوڵەتی نەتەوەش بەکردار بوونی هەیە.

نەتەوە، هەڵگر و خاوەنی کەلتووری تایبەت بە خۆیەتی، زمانی هەر نەتەوەیەکیش میکانیزمی بیرکردنەوە و دونیابینی ئەو کەسانە دەسنیشان دەکات کە پێی دەدوێن.

لەم ڕوانگەیەوەیە دەڵێین: (کەلتوری عەرەبیی)، واتە: ئەو کەلتورەی (بە چاوپۆشی لە نەتەوەی نووسەرەکەی) کە بە عەرەبیی نوسراوەتەوە.

چوونکە نەتەوە وەك گوتمان: بوونێکی بابەتییە، ئیسلامیش،بیروباوەڕ و ڕەفتارە، بۆیە دەڵێین: کەلتوری عەرەبیی ئیسلامیی (**الثقافة العربية الإسلامية**).

## کۆمەڵگەی مەدەنیی چارەسەرە

دوای ئـەمەی کـەڕابورد، لـەوانەیـە بێت بەخەیاڵی کەسێکدا و بپرسێت: لەکـاتێکدا کە پێڕگەرایی و تائیفییەت هەیە و نەتەوەکان هەن و گرفتە دەرەکییەکان بوونیان هەیە ودژبەریی بەرژەوەندییە ناوخۆییەکان بەهەموو شێوازەکانی نەتەوەیی و دەستەگەرایـــــی و ئابوورییەوە بوونیان هەیە، لەم هەلومەرجەدا چارەسەر چییە؟

ئێمەش دەڵێین: چارەسەر لە کۆمەڵگە و دەوڵەتی مەدەنیی و شارستانییدایە.

ئەگەر کۆمەڵگە خۆی لە بنەڕەتەوە لـەسەر ئاستـی ئایینیـی، لەچەند کۆمەڵەیەك و لەسەر ئاستـی نەتەوەیـی لـە چەن کۆمەڵەیـەك و لـەسەر ئـاستی پیشە و ئیشوکـار و داهات و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیش لەچەن کۆمەڵەیەك پێك هاتبوو، پێویستە هێڵێکی هاوبەش ببێت کە ئەم کۆمەڵانە کۆبکاتەوە و یەکیان بخات لە یەك کۆمەڵەدا، ئەو هێڵە هاوبەشەش بریتییە لە هاونیشتمانی بوون.

بەبوونی ئەو هێڵە هاوبەشەش کە بتوانێت تاکەکانی هەموو کۆمەڵەکان پێکەوە پەیوەست بکـات، چەمك و تێگـەیشتنی یەکسانیـی لەنێوان تاکەکـانی هەموو کۆمەڵەکاندا سەر هەڵ دەدات و دێتــە کـایــەوە، هەموان لەیـەك کۆمەڵــەدا یەکدەگرنـەوە کە ئەویش کۆمەڵەی هاونیشتمانی بوونە، خۆی لەتێگەیشتن و چەمکـی گەلدا خۆی دەنوێنێت و بەرجەستە دەبێت و پـەیوەنـدی جـەدەل و بـگرەوبەردەش تیـایدا بەرجەستـە دەبێت لــە نێوان (من) ی هاو نیشتمانیی تاك و (ئێمە) ی هاونیشتیمانیی ناو کۆمەڵەکەدا.

ئەو هێڵە هاوبەشە گشتییە کۆکارە یەکگرتووە، پێویستە ناسێنراو و پێناسە کراویش بێت، بۆ پایەدار کردنی یەکسانیش لەنێوان تاکەکانـی کۆمەڵگە لە ماف و ئەرکدا، پێویست بە بوونی یاسایەکی شارستانیی ئەوتۆ دەبێت کە هەموان تیایدا بەبێ جیاوازیی،یەکسان بن و ملکەچی

لێپرسینەوە بن، هەروەها پێویست بە چەند پێوەر(CodeEthics) و چەند بەهایەکـــــی بالاّ دەبێت کە هەموان ملی پێبدەن.

بـــەو پێیـــەش کە پێوەرە ڕەوشتییـــەکان پایـــەکانی ئیسلامن، بەم تێگەیشتنەوە ناتوانرێت و ناکرێت ئیسلام لە کۆمەڵگە و دەوڵەت جیا بکرێتەوە، بەبێ بوونی ئەو پێوەرانەش کۆمەڵگە دەبێتە جەنگەڵ و دەوڵەتیش دەبێتە دڕندەیەکی مەترسیداری تۆقێنەر.

ئیسلام چەن پایە و کۆڵەکەیەکی هەیە کە دابەزێنراوی بەجـێ، ڕاڤە و شیکاری کردوون، بەها بالاّکان و ڕاسپاردە ڕەوشتییەکان، پایەیەکی سەرەکیی ناو پایەکانیەتی، ئەوە پێك دەهێنن کە من ناوم ناوە بەڵێننـــامەی ئیسلام (**میـــثاق الإسلام**)، کـە ئەوانیش چەند بەهایەکی ڕەوشتیی مرۆڤدۆستـــانـەی گشتـین کـــە بـــە نـــەبوون و لەدەست دانیان، دەوڵـــەتیش بوون و ڕەوایەتی ئەخلاقیـی بوونـــی خۆی لـــەدەست دەدات، لـــە سەرانسەری گۆی زەویدا هیچ کەسێك و هیچ کۆمەڵەیەك ناتوانێت لەو بەها گشتیی و ڕەوشتییانە دەرچێت: ئەمە لایەنـــی جیهانیی بوونی ئیسلامە و ڕاستاندنی ئەو فەرموودەی خواوەندە کە لە زاری پێغەمبەرەوە دەڵێت: ﴿**إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعً**﴾ **الاعراف/١٥٨.**

پێشتریش گوتمان و بەردەوامیش دەیڵێینەوە، ئیسلام بەوشێوەیـــەی کە لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتووە، تاکە ئایینە لەلای خواوەند کە ڕازیـی نـــابێت لەبەندەکـــانی بەهیچ جێگرەوەیەکی تر جێگەی پڕ بکەنەوە.

گوتومانـــە و بـــەردەوامیش دەیڵێینەوە کـــە ئیسلام بەنووح دەستـــی پێکردوە و بەهەموو ئەو پێغەمبەر و پەیامهێنـــانەدا تێپەڕیوە کە لە دابەزێنراوی بەجێدا ناویان هاتووە و بەمحەممەدیش کۆتایی هاتووە.

گوتومانە و بەردەوامیش دەیڵێینەوە کە پایە و کۆڵەکەکانی ئەو ئیسلامەش چەن بەها و بنەمایەکی ڤرۆڤ دۆستانە و ئەخلاقیی باڵا لەخۆ دەگرێت کە لە پەیامی پەیامهێنەکادا وەك ڕاسپاردە و ئامۆژگاریی هاتوون، ئەو بنەما و بەها بەرزانە هێڵی ڕێڕۆیشتن و چۆنیەتی ژیانکردن و چی بکات و چی نەکات، دەکێشن بۆ مرۆڤ لە هەر کوێ بێت (ڕێگە ڕاستەکە ـ **الصراط المستقيم**).

ئەوکەسەی سەرنج بدات لە ئایەتەکانی نیگا و سروش (**الوحي**) ی پیرۆز، تێدەگات و دەبینێت کە چەن ڕاسپاردە و ئامۆژگارییەك هاتوون بۆ نووح کە هەموویان لە چوارچێوەی ئەوەدان کە بە وەحیی و سروش و نیگا هاتووە بۆ **محەممەد** (سلاوی لەسەر)، هەرهەمان ئەو ئامۆژگاریی و ڕاسپاردانەن کە نێردراون بۆ ئیبراهیم و موسا و عیسا، ئەو ڕاستییەش لەم فەرموودەی خواوەندا ڕوون دەبێتەوە کە دەفەرمووێت: ﴿**شَرَعَ لَكُمْ مِنْ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى**﴾ **الشورى/١٣.**

ئەو بەها باڵاو ڕەوشت و یاسا مرۆییانە، لەلای نووح و ئیبراهیم و موسا و عیسا تەنها ڕاسپاردە و ئامۆژگاریی بوون وەك چۆن دەفەرمووێت: ﴿ **ذلكم وصاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ**﴾ **الأنعام/١٥١،١٥٢،١٥٣**، پاشان لە پەیامی **محەممەد**یدا پلەیان بەرز کرایەوە و بوونە حەرامکراوەکان(**المحرّمات**)، وەك دەفەرمووێت: ﴿**قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ**﴾ **الأنعام/١٥١.**

حەرامکراوەکان لە دابەزێنراوی بەجێدا چواردە حەرامکراون، نۆدانەیان لە سورەتی **ألأنعام** دان و خواوەند ناوی لێناون ڕێگە ڕاستەکە: ﴿**قل تعالوا أتل ما حرّم ربكم عليكم ألا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ مِنْ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ * وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى وَبِعَهْدِ اللَّهِ أَوْفُوا ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ**﴾

ألأنعام/١٥١،١٥٢، دەیەمیشیان کە حەرامکراوی بواری نیکاح و هاوسەر گیرییە ئەمەیە: ﴿حرّمت عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ...﴾النساء/٢٣، یانزەیەمیشیان باس لە حەرامکردنی سووخۆریی دەکات و دەفەرموویێت: ﴿حرّمت عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَنْ تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ ذَلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِي الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا فَمَنْ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ المائدة/٣، سیانزەیەمیش بریتییە لە تاوان و سنوور بەزاندن: ﴿قل نَّما حَرَّمَ رَبِّي الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا﴾ ألأعراف/٣٣، چواردەیەم و کۆتاییش بریتیە لە قسە هەڵبەستن بەدەمی خواوەندەوە وەك خۆی دەڵێت: ﴿وأن تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ الأعراف/٣٣، درێژەی ئەم حەرامکراوانەش مەبەستە لەم ئایەتەدا: ﴿وما لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُمْ مَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ﴾ ألأنعام/١١٩.

لەسەر ئایەتی ١٥٣ ی سورەتی **ألأنعام** دەوەستین، ئەو ئایەتەی بەشوێن ئەو حەرامکراوانەدا هاتووە کە، لە پەڕاوە پێشوەکاندا وەك ڕاسپاردە هاتوون: ﴿وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾.

تێدەگەین کە ڕێگە ڕاستەکە (**الصراط المستقيم**) بریتییە لە پابەند بوون بەو ڕاسپاردانەوە کە لە هەردوو ئایەتی ١٥١ و ١٥٢ دا هاتوون، بۆیە بەشێوەی تاك پێمان دەڵێت: (**فاتبعوه**) شوێنی بکەون.

بەڵام دەرچوون لەو ڕێگە ڕاستە بەشێوەی کۆ، باسی لێوە کردووە، کە دەفەرموویێت: شوێن ڕێگاکان مەکەون ﴿وَلَا تَتَبِعُوا السُّبُلَ﴾.

چوونکە ڕاسپاردەکان پێکەوە نەبن و پێکەوە شوێنیان نەکەویت، نابنە ڕێگەی ڕاست، واتە: یەك پاکێجن و بەش بەش ناکرێن.

دەرچوونیش لێی، ناکرێت بە یەکجاریی و یەك پارچەیی بێت، چوونکە ئەستەمە مرۆڤێك ببینین: بکوژی مرۆڤ بێت و باوك و دایکی عەزیەت بکات و بیانچەوسێنێتەوە و سوێند بشکێنێت و خیانەت لە بەڵێن و پەیمان بکات و شایەتی ناحەق بدات و مافی بێباوکان بخوات و بە ئاشکرا و نهێنیش داوێن پیسیی بکات، لە سەروو هەمووی ئەمانەشەوە هاوەڵ بۆ خواوەند بڕیار بدات و بەیەك جاریی لەڕێگە ڕاستەکە دەرچێت بە ورد و درشتییەوە.

دەگونجێت مرۆڤێك ببینین هاوەڵ بڕیار بدات بۆ خواوەند و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ باوك و دایکیدا چاك ڕەفتار بکات، یان غەش و خیانەت بکات و لە هەمان کاتدا شایەتیی ناحەق نەدات، یان بەچاکیی سەرپەرشتیی بێباوکان بکات و لەولاشەوە لەکێشانە و پێوانەدا بەلای خۆیدا بیشکێنێت، دواجار دەکرێت ببینین: مرۆڤێك بەدڕەوشتیی بکات و یەکێکی تر شایەتی ناحەق بدات و یەکێکی تر مەی بخواتەوە و یەکێکی تر قومار بکات، بەڵام ئەستەمە کەسێك ببینین بەیەك جار لە هەموو ئەم ڕاسپاردانە دەرچێت و پێچەوانە و دژیان ڕەفتار بکات، ئەمە مانا و واتای ئەو بەکۆ ناوبردنەیە کە دەڵێت: شوێن ڕێگەکان مەکەون **(وَلاَ تَتَبِعُوا السُّبُلَ)**.

دەگەڕێینەوە و سەرنج دەدەین لەو ڕاسپاردانەی کە خواوەند ناوی لێناون ڕێگە ڕاستەکە و ئێمەش ناومان ناون: یاسای ڕەوشتیی ڕێکخەری کردەوەی چاکە، دەبینین پەسەندە بەلای هەموو دانیشتوانی سەرزەوییەوە،بەهەموو ئایین و مەزەب و نەژاد و زمان و ڕەنگێکیانەوە، هەروەها دەبینین کۆمەڵگەکان پابەندی ئەم ڕاسپاردە و ڕێنماییانەن بەبێ گوێدانە ئەوەی لای ئەوان و لەیاساکانیاندا قەدەغە کراین یان نا، واتە: تەنانەت ئەو کەسەش کە باوەڕی بە بوونی خواوەند نییە، ناتوانێت، بەبێ تاوان خەڵك بکوژێت و سوێندی درۆ بخوات و لە

کێشانەوپێوانەدا بەلای خۆیدا بکێشێت بە بیانووی ئەوەی گوایا مولحید و نکوڵیکاری بوونی خواوەندە و ئەم شتانە لای ئەو حەرام نین.

هەروەها دەبینین ئـەم ڕاسپاردانـە سرووشتین و لـەگەڵ مرۆڤبوونـی مرۆڤدا ڕێـك دێـنەوە و دەسازێن لەگەڵ سروشتیدا، لێرەوەیە کـە دەڵێین: کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتیی وەك دابەزێنراوی بەجێ نەخشەی کێشاوە، کۆمەڵگەیەکی ڤرۆڤانەی شارستانییە و بناغەکەی یاسای ڕەوشتییە و ڕێگە ڕاستەکەیە، گوتەزا و مەقولەی دەوڵەتـی دینیش کـە هەندێ بەڕێز بەکاری دەهێنن، گوتەزایـەکی تەواو نـامۆیە و لەو دابەزێنراوی بـەجێیەوە سەرچاوە ناگرێت کە خواوەند وەك پـەڕاوێك بۆ کـۆی مرۆڤایەتیـی نـاردوویـەتی، نـەك تەنها بۆ پێڕێـك یان هۆز و خێڵێکی دیاریکراو.

لەوەڵامی ئەو کەسەشدا کە دەپرسێت: ئەی لەبارەی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان (أولي الأمر) ەوە چی دەڵێیت کە لە دابەزێنراوی بەجێدا گوێڕایەڵیی کردنیان هاوشانە لەگەڵ گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەردا؟

لـەوەڵامدا دەڵێین: بوونی کـاربـەدەس و حوکمڕان، پرسێکـە و لێبوونەتەوە لە باسکردنـی، چوونکە لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونـی حوکـمڕان پێویستـە، وەگەرنا ئەو کۆمەڵگەیە بەبێ حوکمڕان دەبێتە ڕانی بێشوان.

بەڵام خواوەند ئـەرکی دەسنیشانکردنـی ئەو حوکمڕانانەی دەوڵەت و دەسەڵاتی، نەخستوەتە ئەستۆی خۆیەوە، چوونکە بابەتی حوکمڕانیـی، گرێبـەستێکە لـە نێوان خەڵك و ئەوکەسانەدا کە ئەوخەڵکە پێیان ڕازیی دەبێت بیانکاتە حوکمڕانی کۆمەڵگەکەی.

لەم ڕوانگـەیەوە بوو ئەو تێگـەیشتن و چەمکـە سەری هەڵـدا کـە دەڵێت: دەوڵە لـەگەڵەوە سەرچاوە دەگرێت و لەپێناوی گەلـدا کاردەکات و بەنـاوی ئەویشەوە حوکم دەکات، هەر لەم

ڕوانگـەیەوە بوو دەسەڵات دابـەشکرا بۆ سێ نـاوەند: دەسەڵاتـی یـاسادانان و دادوەریی و جێبەجێکار.

ئەگەر ئەمە هاتەدیی،هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت گوایا ئیتر ئەو دەوڵەتە بەهای باڵای نییـە، یان ئیتر گـەل ئایینی نییــە، یــان پێشێلکارییـەك ڕوویداوە لەو ڕێگەڕاستەدا کە لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتووە.

بەکورتیـی دەڵێین: دامەزراوەکانی دەوڵـەت، دامەزراوەی بێلایـەنن و ڕۆڵی ئـاوێنەی باڵانما دەگێڕن بۆ کـەلتووری ڕاستەقینـەی گـەلی وڵاتەکـەیان و پەیوەندییان نییە بە هیچ ئایین و دابەزێنراوێکەوە.

لەبارەی سرووت و شەعائرەکانـی وەك نوێژ و زەکـات و ڕۆژوو و حەج و پەیوەندیشیانەوە بە دەوڵەتـی مەدەنیـی و شارستـانیەوە دەڵێین: ئـەو بـەها باڵا مرۆییانەی کە حوکمی دەوڵەتە شارستانییـەکـە دەکـەن، لـەدێر زەمانــەوە بوون و کـەوتوونـەتە ژێر کاریگەریی مێژووی مرۆڤایەتییــەوە و ئێستــاش هەر هەن، بــەڵام سرووتە ئایینیەکان کەوتوونەتە ژێرکاریگەریی گۆڕانکاریی چەشنییەوە، بەڵام بەدوور لە کاریگەریی ڕێڕەوی مێژوو.

ئەو ڕۆژوەی ئێمە دەیــگرین هەر هەمان ئەو ڕۆژووەیە کە گەلانــی تر گرتویانە، بەڵام هەندێ حاڵەتی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە: هەندێ کەس قسەناکەن و ئێمەش خۆراك و خواردنـــــەوە ناخۆین، هەندێ لە ڕۆژووگرتنەکەیاندا پابەندی شەو و ڕۆژ نابن و ئێمە تەنها بەڕۆژدا بەڕۆژوو دەبین، هەندێك لە کاتی ڕۆژووگرتنەکەیاندا پابەندی مانگێکـــــی دیاریکراو نابن و ئێمەش مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو دەبین، هەندێ لە ڕۆژوەکەیاندا خۆیان لە چەن خۆراکێــك دەگرنەوە و ئێمە خۆمان لە هەموو خۆراك و خواردنەوەیەك دەگرینەوە، هەندێ وا تێدەگەن لە ڕۆژوو کە بەیەکجاریی پشت هەڵکەیت لە هەرچیـی چێژو خۆشیـی هەیە، ئێمە تەنها بەڕۆژدا خۆمان

دەگرینەوە لەو چێژ و خۆشیانە و هەرچییان ڕێگە پێدراوبن بەشەوا چێژیـــــان لێوەردەگرین، هەشە هەر لە بنەڕەتەوە بەڕۆژوو نابێت، هەروەها بۆ نوێژ و حەجیش.

ئەنجامدانی سرووتەکـــان و کاریگـــەر بوونیـــان بە گۆڕینی چەشنـی ئەنجامدانیانەوە، لە پێڕ و میللەیـــەکی ئاینیـــەوە بۆ پێڕێکی تر جیـــاوازیی هەیە، ئەم ڕەواڵ و شکڵەش کە ئێمە ئێستا لەسەری بەردەوامین، لەسەر دەستی پەیامهێنی مەزنەوە (سلاوی لەسەر) داڕێژراو ئەم شێوازەی وەرگرت.

ئێمە ئێستــە بــەڕۆژوو دەبین و نوێژ دەکــەین و حەجیش دەکــەیــن، ڕێك وەك ئــەوەی کــە پەیامهێنی مەزنمان کردوویەتی و پێی هەستاوە، بەهۆی ئەمەوە شوناس و پێناسەمان ڕوونە و دەناسرێینەوە کە ئێمەش لە پەیڕەوانی **محەممەد**ین (سلاوی لەسەر) و باوەڕدارین بە پەیامەکەی ئەو، هەروەها بەم هۆیەشەوە بەردەوامیی دەدەین بە باوەڕبوونمان بە پەیامەکەی و پاراستنی ئەو شوناسەی کە تەنها لە سوننەتـی کرداریی ئەوەوە وەرمانگرتووە، کاتێك کە خۆی سرووتە ئاینییەکانی، لە دەوڵەت و دەسەڵاتـی دەوڵــەت جیــاکردەوە و لــەو سەردەمەوە گرنــگترین بناغەی کۆمەڵگەی مەدەنیی داڕشت، کــە بریتیـــی بوو لە خۆبەدوور گرتن لە دەستێوەردانی دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت لە کاروباری نوێژ و ڕۆژوو و حەجــدا، چوونکە دەوڵەت واتە: دەسەڵات، دەسەڵاتیش واتە: سەپاندن و بەزۆر پێکردن و سزادانی سەرپێچیکاران.

پێغەمبەر بە هیچ شێوەیەك دەسەڵاتی دەوڵەتی لە سرووت و شەعائرەکاندا بەکار نەهێناوە، بەڵکو بەتەواوەتی جیای کردوونەتەوە لەیــەکرت، تەنها لە زەکاتدا نەبێت کە لەو سەردەمەی ئەودا تاکــە سەرچاوەی دارایـــی دەوڵــە بریتیـــی بووە لە زەکـــات، دواتر و کاتێك دەرگای تر کراونەتەوە بۆ دابینکردنی داهات بۆ دەوڵەت، ئەویش جیاکراوەتەوە لە دەسەڵاتی دەوڵەت.

هەندێ کەسیش ڕەواج دەدەن بەو قسەلۆکەی کە دەڵێت: دەوڵەتی مەدەنیی واتە: دەوڵەتی بێ دین و ئایین، کە ئەمەش ڕاست نییە.

بەکورتیــی دەوڵەت بەشێکــە لە گەل و خەڵکــی هەروڵاتێك، بۆیە هەرکات گەل بێ ئایین بوو دەوڵەتەکــەشــی بێ ئایین دەبێن، بەڵام واقعــی حاڵــی دەوروبــەرمان شتێکــی تر دەڵێت، گەر سەرنج بدەین لە تەواوی جیهاندا گەلێك نادۆزینەوە کە ئایینی نەبێت، ئەگەر لانی کەمی دینداریش بێت هەر هەیەتی.

لانی کەمی دینداریش بریتییە لە بەها بــاڵاکان، ئایا لە ئێستە و ڕابووردودا گەلێکتان دیوە بەها باڵاکان بوونیان نەبێت لە ناویاندا؟

دەوڵەتی مەدەنیی خەڵك بەپێوەری سرووتە ئایینییەکان هەڵ ناسەنگێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا نە ڕێگەیان لێ دەگرێت لە ئەنجامدانیاندا و نە ناچاریشیان دەکات تا ئەنجامیان بدات.

لەگەڵ ئــەوەشدا کاتێك سەیری دونیــا دەکەین، دەبینیــن خەڵك نوێژ دەکەن و ڕۆژوو دەگرن و خێروخەیراتیش دەکــەن، بــەڵام هەرکەسە و بــەپێی ڕێنمایــی مللە و پێڕە ئاینیەکەی خۆی، هەروەها دەبینین مزگەوتەکان و کــەنیسەکان وکنێستەکــان و پەرسگاکان بەگشتیــی، پڕن لە خەڵك و جمەیان دێت لە زیارەتکارانیان، ئەمەش بەڵگەی سەلماندنی ئەو بۆچوونەیە کە ئێمە هەمانە لەبارەی سرووتەکانەوە لە ئاییندا.

دیسانەوە پرسیارکار دێتەوە و دەپرسێت: ئەگەر ئایین بریتیی بێت لەو بەها باڵا مرۆییانەی کە هەموو خەڵکی سەر ڕووی زەویی، بەسروشتی خۆیان پەسەندیان بکەن و ئەگەر سرووتەکان پــەیوەندییــان نــەبێت بــە دەوڵــەتەوە و مرۆڤ ئــازاد بێت لــە هەڵبژاردنــی شێوە و شێوازی ئەنجامدانی سرووتە ئایینیەکانیدا، ئیتر گرفت و دژواریەکە لەکوێ و لە چیدایە؟

منیش لەوەڵامیدا دەڵێم: گرفتەکە لە تەشریع و یاسازیدایە.

یاسازیی بریتییە لە حوکم و فەرمانەکان، حوکم و فەرمانەکانیش ئەو ئایەتانەن کە نەخشە دەکێشن بۆ مرۆڤ و ڕێنمایی دەکەن تا لەبواری کڕین و فرۆشتن و هاوسەرگیریی و جیابوونەوە

و میرات و سزاکـــاند، چیی بکـــات و چیـــی نەکـــات، کە نـــاکرێت ئەم بوارانە لە دەوڵەت جیا بکرێنـــەوە، جیاوازیـــی نییـــە دەوڵـــەتەکـــە مەدەنیی بێت یان ئایینـــی، پاشایەتیی بێت یان کۆماریی، دیموکراتیی بێت یان دکتاتۆریی، نەتەوەیی بێت یان ئومەمیی.

ئایین وەك پێشتر گوتمان سێ ڕوو و لایەنـــی هەیە: لایەنـــی بەهـــا باڵاکان، کە ناکرێت نە لە دەوڵەت و نە لە کۆمەڵگە جیا بکرێتەوە، لایەنی سرووتە ئایینیەکان کە پەیامهێنی مەزن لە سەردەمی خۆیدا جیای کردەوە لە دەوڵەت، لایەنی یاسازیی و حوکمەکان کە لە ژیانی تاك و دەوڵەت و کۆمەڵگەدا نەخشەی سنوورەکانی خواوەند دەکێشێت.

گرفتەکە لەم لایەنە سێیەمەدایە، هەر لـــە سەردەمی نووحەوە تـــا سەردەمـــی **محەممەد** (سلاویان لەسەر) هەموو شەریعەت و ڕێسا ئاسمانییەکان گەشەیان کردووە، هەندێکیان سڕاونەتەوە و هەندێکیشیان هەموار کراونەتەوە، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە من پێی دەڵێم: نەسخی نێوان شەریعەتەکان (لەم بارەیەوە سەیری کتێبمان الدولة والمجتمع لاپەڕە ۲۷۱ و دواتر بکە، لەبارەی ناسخ و مەنسووخەوە).

نەسخیش بەم واتایە، بێجگـــە لـــە گـــەشەکردن لـــەسەر تـــەوەرەی تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی سەرەمڕە، هیچی تر نییە. ئەگەر سەیری پەڕاوی موسا بکەین، دەبینین زیاتر لە شەشسەد برگـــەی یاسازیـــی و تەشریعیـــی تێدایـــە، بەڵام لە دابەزێنراوی بەجێدا دەبینین زۆر کەمتر لەوانەی تێدایـــە، هۆکارەکەش ئەوەیە کە لە شەریعەتی موسادا ڕێسا و تەشریعەکان تایبەت و دەسنیشانکراون و بـــۆ چەن حـــاڵـــەتێکی تـــایبـــەت هـــاتوون کـــە گونجاون لەگەڵ پەیام و سەردەمەکەی موسادا، بەڵام لـــە دابەزێنراوی بـــەجێدا ڕێسا و تـــەشریعەکـــان بە گشتیەتیی هاتوون و تایبەت و دەسنیشانکراو نین و لەسەر بیرۆکەی سنورەکانی خواوەند دارێژراون. واتە: ڕێساسازیی لـــە دابەزێنراودا لـــە ژێر ناونیشانی سنورەکانـــی خواوەنددا هاتووە، بە لای کەم و لای زۆریانەوە، ئەرکی موجتەهید و لێکۆڵەریش ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئەو سنورانە و لە

نێوان ئەو، لای كەم و لای زۆرەی سنورەكاندا، ڕێگەچارەی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ ئەو پێشهاتانەی كە دێنە پێش بۆی: ئائەمە ئەو حەنەفییەت و بەردەوامییەیە كە باسی دەكەین و پێویستە لە ڕێساسازیی و تەشریعدا ببێت، پەیامهێنیش وەك یەكەم ڕێساساز و موشەریع هەر ئەمەی كردووە لە دەوڵەتەكەیدا. ڕێساسازیی و تەشریعی ئیسلامیی بریتییە لە ڕێساسازیی شارستانیی، لە ناو سنورەكانی خواوەندا دێت و دەچێت و ئەوە هەڵدەبژێرێت لە فەرمان و حوكمەكانی كڕین و فرۆشتن و هاوسەرگیریی و جیابوونەوە و میرات، كە گونجاو و ساز بێت لەگەڵ سەردەم و شوێنەكەدا كە تیایدا دەژی، پەرلەمانەكانی دونیایش هەر ئەمە دەكەن.

## شورا و دیموکراتییەت و چەمك و تێگەیشتنی کۆدەنگیی (ألإجماع)

پێشتر گوتمان: بەها باڵاّ ئیسلامییەکان کۆکەرەوەی کۆمەڵگەن، چوونکە چەند بنەماو بەهایەکی مرۆیی ئەوتۆن کە هێچ کۆمەڵگەیەك بەبێ ئەو بەهایانە ناتوانێت ببێت و بژیێت، گوتیشمان: ئەو بەهایانە دەسنادەن تێکەڵی سیاسەت بکرێن و بخرێنە ناو سیاسەتەوە و هەروەها ملکەچی ڕاوڕای بەرانبەریش نابن.

خەڵك هەمووی یەکدەنگە لەبارەی حەرامبوونی: خواردنی ماڵی یەتیم، غەش کردن لە خستنەڕووی کاڵا، کوشتن، شایەتی دانی ناڕەوادا، چوونکە بابەتگەلێکی مرۆیی گشتین.

بەڵام پێویستیان بە چاودێریی و پاراستن هەیە و کۆمەڵگە خۆی بەرپرسە لە چاودێریی کردنیان، بە زرێپۆش و تۆپ و تانك، پارێزگاریی ناکرێن، بەڵکو بە سیستەمێکی دیموکراتیی ئەوتۆ کە بتوانێت دەستەبەری ئازادیی ڕادەربڕین و ڕاوڕای بەرانبەر و ئازادیی وشە و ڕۆژنامەگەریی بکات.

بەم کارە و لەم ڕێگەیەوە فەرمان بەچاکە و بەرگریی لە خراپە، بە کردار ئەنجام دەبدرێت، سەرەتا هەرکەس بەها باڵاکان پێشێل بکات ئاشکرا دەکرێت، پاشان هەرکەسیش یاساکانی خواوەند پێشێل بکات دەردەکەوێت.

واتە: بوونی ڕاوڕای بەرانبەر و دەسەڵات و بەرهەڵستکاریی دەسەڵات، بوونیان پێویستە بۆ پارێزگاریی کردن لە تەندروستیی کۆمەڵگە و بەهاکانی و ئارامیی و ئاسایشیی.

سیستەمی دیمکراتیش لەدیدی ئێمەوە سیستمێکە پێویستی بە دەوڵەتێکی مەدەنیی هەیە، کۆمەڵگەی ئیسلامیش کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی و شارستانیی مرۆییە و پارێزگاریی لە بەها باڵاکان دەکات.

گوتمان: پەیامهێن لەڕێگەی جیاکردنەوەی سرووتە ئایینیەکانەوە لە دەوڵەت، بناغەی کۆمەڵگەی شارستانیی داڕشت، لەم سۆنگەیەشەوە پێویستە سرووتە ئایینیەکانی هەموو دەستە و پێڕە ئایینییەکانی تریش، لە لایەن دەوڵەتەوە ڕێگەپێدراو و جیاکراوەبن لە دەوڵەت و هەروەها مەزەبگەراییش وەك دیاردەیەك کە ناکرێت حسابی بۆ نەکرێت، پێویستە لەدەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەتدا بێت.

بوونی کەنیسە بە تەنیشتی مزگەوتەوە لەیەك ولاتدا، دیاردەیەکی تەندرووست و پەسەندە، چوونکە هەموویان باوەڕیان هەیە بە خواوەند و ڕۆژی دوایی.

بەها بالاَ ئیسلامییەکانیش وەك بەشێك لە پایەکانی ئیسلام، بەلای هەمووکەسەوە پەسەندن، تەنانەت بەلای ئەوانەشەوە کە دان بەبوونی خواوەندیشدا نانێن.

ئەو مولحید و نکولێکارانەش دەزانن کە کۆمەڵگەکان بەبێ سیستەمێکی ڕەوشتیی، ناتوانن بژین، هەروەها دەزانن کە سیستەمە ڕەوشتییەکان گەشەیان کردوە و کەڵەکەبوون، هەر لە سەردەمی سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە، تاسەردەمی پێغەمبەرایەتی محەممەد کە ئەو گەشەسەندنە تیایدا کۆتایی هات و لە دوای ئەو سەردەمەشەوە دەرگای دانایی بەکراوەیی مایەوە و هەر بەکراوەییش دەمێنێتەوە تا ڕۆژی دوایی.

دوای ئەمانە هەمووی، یەك بابەت لەبەردەمماندا دەمێنێتەوە کە ئەویش ڕێساسازیی و تەشریعە.

گوتیشمان ڕێساسازیی ئیسلامیی ڕێساسازییەکی سنوورداڕێژە، ڕێگە پێدراویش تیایدا ڕەها و کراوەیە و سنورەکانی خواوەند ڕەنگڕێژیان کردووە بۆ ڕێگە پێدراو و ژینگەیەکیان بۆ دیاریی کردووە تا تیایدا جوڵە بکات.

گوتیشمان زۆربەی ڕێساسازییەکانی دونیا، ئەگەر نەڵێین هەموویان، کار دەکەن بۆ مەرجدارکردنی ڕەها و ڕێگە پێدراو (**تقييد المطلق**)، یان ڕەها کردنی لە چوارچێوەی سنورەکانی خواوەندا.

پەیامهێنیش هەر ئەمەی کردووە و سنوورەکانی خواوەندی نەشکاندووە، حەرامیشی نەکردووە، بەدەر لەوەش کە خواوەند چەن دانایییەکی پێ بەخشیوە، هەوڵیداوە لە ناو سنوورەکانی بازنەی حەڵاڵدا لێکۆڵینەوە بکات.

لەم ڕوانگەیەوە دەبینین ئەوەی پەیامهێن کردی، پێویستە هەموو پەرلەمان و ئەنجومەنە خۆجێیی و ئەنجومەنی شارەوانیەکانیش بیکەن، لەپابەند بوون بە سنورەکانی خواوەندەوە لە حەرام و مەرجدارکردنی ڕێگەپێدراو و پاشان ڕەها کردنەوەی مەرجدار کردنەکە دا، هەروەها لە پەڕینەوە لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر لەناو سنورەکانی خواوەندا.

هەموو ئەمەش لەسەر دەستی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنانە و لیژنە ڕاوێژکارییەکانیان لە بوارە پەیوەندیدارەکاندا دەکرێت، ئەو لیژنانەی کە هەڵدەسن بە پێشکەش کردنی ئەو زانیاریی و ڕوونکردنەوانەی کە بە پێویستیان دەزانن.

خوێندنەوەی یەکەمیش بۆ دابەزێنراوی بەجێ کە لە سەردەمی هاوەڵانەوە دەستی پێکرد و سێ سەدە بەردەوام بوو، فەتوا و فەتوادانی لە فیقهیی ئیسلامیی مێژوویيدا لێوە بەرهەم هات، بەڵام لەو خوێندنەوە دووەمەدا کە ئێمە داوای دەکەین، پێویستە ڕۆڵی موفتیی و پرۆسەی فەتوادان لە ڕێساسازیی و تەشریعدا لەکار بخرێت و بگۆڕدرێت بە ڕاپرسییەکی پەرلەمانیی و خۆجێیی کە لەسەر بنەمای ئازادیی ڕا و ڕای بەرانبەر و ئازادیی ڕۆژنامەوانیی و بوونی بەرهەڵستکاریی سیاسیی بونیاد نرابێت.

**واتە: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئایەتەکانی ئەحکام ــــــــ فەتواو فەتوادان.**

**خوێندنەوەی دووەم بۆ ئایەتەکانی ئەحکام ــــــــ ڕاپرسیی و دەنگدان لە پەرلەمان.**

قسە و بێنەوبەرەی زۆرکرا لەبارەی شورا و دیموکراتیەتەوە گوایا دژبەکن، یان هەریەکەیان ئەوی تر هەڵدەوەشێنێتەوە و ڕۆڵی ناهێڵێت، بابەتەکە بەلای ئێمەوە هیچیی وانییە کە باسدەکرێت.[1]

شورا و ڕاوێژکردن بەهایەکی مرۆڤایەتییە و پێویستە وەك چۆن لەڕووی ڕاپەڕاندنی سرووتە ئاینییەکانەوە باوەڕمان بە نوێژ هەیە و لەڕووی بژێوییەوە وەك بەهایەکی مرۆیی باوەڕمان بە واجب بوونی بەخشین هەیە، ئاواش باوەڕمان بەڕاوێژکردن ببێت، وەك ئەم ئایەتە پشتڕاستی بۆچوونەکەمان دەکاتەوە: **﴿وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ﴾ الشورى/٣٨.**

ئەو سێ بەهایە **(صلاة، شورى، إنفاق)** لەسەدەی حەوتەمی زاییندا بوونیان هەبوو و خەڵکیش باوەڕی پێیان هەبوو، بەردەوام و لەسەدەی بیست و یەکیشدا بوونیان هەیە و خەڵکیش باوەڕی پێیان هەیە، بەڵام لایەن و ڕوویەکی تەکنیکیان هەیە کە بە پایە و کۆڵەکەکانی بەها و سرووتەکان دادەنرێت.

لایەنی تەکنیکیی لە ڕاپەڕاندنی صەلات و نوێژدا، بریتییە لە پاکییەتیی جەستە و دەسنوێژ ونییەت و ڕووکردنە قیبلە و خوێندنی فاتحە و ڕکوع و سوجدە بردن و... تاد.

مادام ئەنجامدانی نوێژ لە پایەکانی باوەڕە، لایەنی تەکنیکیش لە ئەنجامدانەکەدا زۆر گرنگە، چوونکە هەواداریی ئەوکەسە بۆ پەیامی محەممەدیی دەسنیشان و ڕوون دەکاتەوە، بەو شێوەش

---

[1] وەرگێڕی ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٨ کتێبێکی لەم بارەیەوە، لەژێر ناونیشانی (شورای ئیسلامیی و سەرنجێك لە دیموکراتییەت) دا بڵاو کردوەتەوە، خوێنەر دەتوانێت ئەویش ببینێت.

نوێژمان پێگەشتووە کە پەیامهێن خۆی فێری کردوویـــــن و تائێستا و بەردەوامیش هەروەك خۆی ماوەتەوە، چوونکە گۆڕانکاریی تیایدا بیدعە و لادانە (**لأن الإبداع فيها بدعة**).

لەم سۆنگەیـــەوە نوێژ مۆرکـــی جێگیریـــی و نەگۆڕیـی وەرگرتوو، پەیامهێنیش لەکۆمەڵگەی شارستانیدا جیـــای کردووەتـــەوە لە دەسەڵات، چوونکـە دەسەڵات و کۆمەڵگە بەردەوام بۆیان هەیە گەشە و گۆڕانکاریی ڕووبدات تیایاندا.[1]

شورایش هەروەها، بەهایەکـی مرۆڤانەی پێویستـــە لە ڕاپەڕاندنـی کاربەدەستییدا، بەتایبەتە لەو بوارانەدا کە پەیوەستن بە حوکمڕانیی و سیاسەت و یاساو ڕێساسازییەوە.

بەڵام دەرکردنـــی فەرمان و حوکمدان تەنها پەیوەندی بە قەزاوە هەیە، بۆیە سەرۆکی دەوڵەت بـــەلای عەرەبەکـــانەوە، بە ئـــەمیر ناو دەبرێت و لـــەوێوە سەرۆکی هەر دەستەیەك، ئەمیر و فەرماندەی ئەو دەستەیەیە.

فەرمانداریی و میرایەتیش لە چاوگی (**ألأمر**) ەوە وەرگیراون، بۆیە خواوەند فەرموویەتـــــی: ﴿**وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ**﴾ **الشورى/٣٨**، ﴿**وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ**﴾ **آل عمران/١٥٩**.

بەڵام ئەو حوکم و فەرمانـــە قەزاییانەی کە خواوەند لەم ئایەتەدا ئاماژەی بۆ کردوون: ﴿**فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ**﴾ **النساء/٦٥**، پێغەمبـــەر واجبـی نـــەکردووە لەسەر خەڵك کە دەبێت، ئەو حوکمیان بکات و کێشەکانیان ئەو بۆیان چارەسەر بکات، واتە: بەزەبری هێز خۆی نەکردووەتە قازیـــی و حـــاکم و دادوەر بـــەسەر خەڵکەوە، بەڵکو خواوەند لە پەیامەکەیدا داوای کردووە لە خەڵك و باوەڕداران تا ئەو بە حاکم و دادوەر قەبووڵ بکەن و حوکمیان بکات.

---

[1] بۆزانیاریی زیاتر خوێنەر دەتوانێت سەر بدات لە کتێبمان **الدين والسلطة**.

تێدەگەین کاتێك ئەو زیندوو بووە، خەڵك وکەسانێك کێشەیان بردووەتە لای و دادوەریی کردووە لە نێوانیاندا، خەڵکانێکیش هەبوون کە نەیان ویستووە و نەچوونەتەلای.

حوکمە قەزایی و دادوەرییەکانیش، بریتین لە فەرمانی ناکۆکییەکانی خەڵك لە نێوان خۆیاندا، واتە: تەواو تایبەتن بە کات و شوێنەوە و پەیوەستن بەو داواکار و داوالێکراو و بەڵگەیەی کە لەو کاتەدا لە ئارادا بووە.

ئەی لایەن و ڕووی تەکنیکیی بواریی شورا و ڕاوێژ کردن چییە؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گرنگە، تا واتا و مانای دیمکراتییەت تێبگەین و بزانین لەگەڵ شورادا، هیچ دژبەریی و ناکۆکییەك نییە لە نێوانیاندا.

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی وەڵامی ئەو پرسیارە، پێشەکیی ئەم نموونەیە دەخەینە ڕوو: پێش ماڵیی کردنی وڵاخ، مرۆڤ بۆ ڕێڕۆیشتن لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر، سوودی لە قاچی خۆی وەرگرتووە، بەڵام بەهۆی ماڵیی کردنی وڵاخەوە، مرۆڤ لەو بوارەدا هۆکارێکی تازەی دەسکەوت، دواتر و پاش دۆزینەوەی بیرۆکەی دروسکردنی دۆڵاب و کابینە، وەك هۆکاری سێیەم عەرەبانەشی زیاد کرد بۆلای دوو هۆکارەکەی پێشووی، دواتر و پاش دۆزینەوەی بزوێنەری هەڵمیی، شەمەندەفەریش وەك هۆکار و ئامرازی چوارەم زیادکرا بۆلای هۆکارەکانی پێشوو، پێنجەم هۆکار، ئۆتۆمۆبێل و ماشین داهات و دواجایش فڕۆکە.

هەریەك لەم قۆناغ و هۆکارانەش چەندین شێواز و مۆدێلیان لەخۆگرتبوو، بۆ نموونە: ڕێڕۆیشتن بە پێ، لەسەرخۆ ڕۆیشتن و قونە کردن و ڕاکردنی لە خۆ دەگرت، وڵاخیش، ئەسپ و گوێدرێژ و گاجووت و حوشتری لەخۆ دەگرت، عەرەبانەش هەیانبوو دوو دۆڵاب وکابینەی لەخۆ دەگرت و هەشیانبوو چواری لەخۆ دەگرت، شەمەندەفەریش هەڵمیی و تەقێنراو و کارەبایی لەخۆ گرت، هەروەها ئۆتۆمۆبێل و فڕۆکەش دەیان و سەدان چەشنی لەخۆ گرت.

هەموو ئەم شێواز و مۆدێلانە لەو هۆکارانەدا،تەنها بۆ مەبەستی گواستنەوە و جێگۆڕکێ بوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، مرۆڤیش ئازادە لەوەدا کە کامیان گونجاو و لەبارە لەگەڵ هەل ومەرج و کات و شوێنی ئەودا، دەتوانێت ئەوەیان هەڵبژێرێت و سوودی لێوەر بگرێت، بۆنموونە: بۆ ڕۆیشتن لە هۆدە و ژوورێکەوە بۆ هۆدەیەکی تر، پیادەڕۆیی گونجاوترینە، جێگۆڕکێ لە کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی تر، ئەسپ سواریی گونجاوترینە، سەیارە و ئۆتۆمۆبێلیش بۆ نێوانی شارەکان گونجاوترینە، تەیارە و فڕۆکەش بۆ بڕینی نێوان کیشوەرەکان گونجاوترینە، هیچ ڕێگرێکیش نییە لەوەدا بۆ بڕینی نێوان شارەکان فڕۆکە و بۆ بڕینی نێوان کێڵگەکانیش ئۆتۆمۆبێل بەکار بێت.

هەموو ئەم بژاردە و شێواز و ڕێکارانە، بریتییە لە لایەنی تەکنیکیی کرداری گواستنەوە.

بەهەمان شێوە لە بواری پزیشکیدا، مەبەست و ئامانج لە پرۆسە نەشتەرگەرییەکان و تەداویی کردن و دەرمان بەکار هێناندا، بریتییە لە دەسخستنی شیفا و چاکبوونەوەی نەخۆشەکە، بەڵام ئەم ئامانجە لایەنێکی تەکنیکیی هەیە کە بریتییە لە تاوتوێکردنی جەستەی مرۆڤ لەڕووی پێکهاتەی ئەندامیی و کۆئەندامیی و فیزیۆلۆجیەوە، هەروەها تاوتوێی تایبەتمەندیی هەریەك لە ماددەکان و تایبەتمەندییەکانی لەڕووی کیمیایەوە.

ئەم بوارە فراوانە بریتییە لە: ڕوو و لایەنی تەکنیکیی بواری پزیشکیی و پێویستە ڕەچاو بکرێت.

هەموومان دەزانین کە پرۆسەی دەسخستنی شیفا و چاکبوونەوە و پەڕاندنی ماکی نەخۆشییەکان و تەکنیکی بواری پزیشکیی بە درێژایی چەندین سەدە، چۆن گەشەی کردووە، لە بواری نەشتەرگەریی دڵدا، چەندین شێوازی نەشتەرگەریی هەبوون، کەوتن و شێوازی تازە جێگەی گرتنەوە، چەندین ڕێکاری پزیشکیی هەبوون، گوم بوون و لەجێگەیاندا ڕێکاری تازە هاتنە کایەوە.

بەهەمان شێوە دەبینین لایەنی هەر تەکنیکیی،بەهایەکی مرۆیی دیاریکراو، بەکەڵکە بوونی گۆڕانکارییەکان ئەو لایەنە تەکنیکییەش گەشەی کردووە و تازەکەش کۆنەکەی هەڵ نەوەشاندوەتەوە و نەشی سڕیوەتەوە، بەڵکو کۆنەکە لەسەرووی خۆیەوە یان بە تەنیشتییەوە بوار دەدات بە تازەکە تا ئەویش ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، ڕێك وەك قاچەکانی مرۆڤ و فڕۆکە، خۆ فڕۆکە ڕۆڵی قاچەکانی مرۆڤی لەکار نەخستووە، بەڵکو فڕۆکەش بەتەنیشتی قاچەکانی مرۆڤەوە و لەو بوارانەدا کە قاچەکان ناتوانن ڕۆڵ بگێڕن، فڕۆکە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت.

ئەگەر بەنموونە شورا و ڕاوێژ کردن وەك بەهایەکی مرۆیی وەرگرین، دەبینین لایەنی تەکنیکی تیایدا بەچەندین شێوە گەشەی کردوە و لە ڕێگەی ئەو گەشەکردنەوە چەندین بواری تازە هاتوونەتە کایەوە، کە پێشتر لە شێوازە کۆنەکەی ڕاوێژ کردندا بوونیان نەبوو و بەردەست نەبوون.

پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) وەك بەهایەك، باوەڕی بەڕاوێژکردن هەبووە و بەپێی ئەو شێوازەی کە لەو سەردەمەدا بەردەس و باو بووە جێبەجێشی کردووە، کە خواوەند کورتی کردووەتەوە لەم ڕستەیەدا و فەرمانی پێکردوە وابکات: ﴿**وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ**﴾.

ئەمە ئەو لایەنە تەکنیکیەیە کە پێغەمبەر لەچوارچێوەی ئەو شێوازە باو و بەردەسەی ئەو سەردەمەدا لەڕووی مێژووییەوە پەیڕەوی کردووە: واتە:

**ئیشەکەیان بە ڕاوێژە لە نێوانیاندا (وأمرهم شورى بينهم) ـــــــ ئەمە بەهایەکە.**

**لە ئیشەکەدا ڕاوێژیان پێبکە (وشاورهم في الأمر) ـــــــ لایەنی تەکنیکی ئەو بەهایەیە و دەچێتە ژێرباری گەشەی مێژویی کۆمەڵگەکانەوە.**

پرسیارکردن لە سەرۆك هۆز و ناوداران و سەرکردە دیارەکانی ئەو سەردەمە، چەشن و ڕادە و ڕێژەی، ئەو میکانیزم و پێداویستیانە ڕوون دەکەنەوە کە لەو سەردەمەدا بەردەست بوون،

لەوسەردەمەدا سندوقی دەنگدان و هەڵبژاردنی كاربەدەسی شار و سەرۆكی دەوڵەت و ڕاپرسیی، ئەمانە هیچیان لەبنەڕەتەوە نەبوون و بەردەست نەبوون، چوونكە ئەم بابەتانە هێشتا نەچووبوونە بازنەی گرنگیی پێدانی خەڵكەوە لەو سەردەمەدا.

ئەوەش كە پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) كردی، ئەوەبوو كە بەكردار و لە چوارچێوەی ئاستی هۆشیاریی و تێگەیشتنی خەڵكی ئەو سەردەمەدا، لەبابەتەكەدا ڕاوێژی پێكردن **(وشاورهم في الأمر)**.

ئەگەر لەم سەردەمەدا سەرۆكی دەوڵەتێك بیەوێت لە بابەتێكدا ڕاوێژ بەخەڵك بكات، پەنا دەبات بۆ ڕاپرسیی و سوودی لێوەر دەگرێت، پرۆسەی ڕاپرسیی و گشتپرسیش، هەر ئەو ڕاوێژ پێكردنەیە كە لە وەرگرتنی بڕیارێكی گرنگ و چارەنووسسازدا، ڕای هەموو خەڵكی لەبارەوە وەردەگیرێت، وەك دانان بەدەستوور و پەسەندكردن، یان هەمواركردنەوەی بڕگەكانی.

لایەنی تەكنیكیی پرۆسەی ڕاوێژ كردن و شورا، لەسەر دەستی هەموو مرۆڤایەتیی گەشەی كردوە و بەم ئاستەی ئێستا گەشتووە، تا گەشتوەتە ئاستی دەوڵەتی شارستانی و مەدەنیی و دیموكراتیی، واتە: دیمكراتییەت باشترین تەكنیك و میكانیزمە و تا ئەمڕۆ دوا وێسگەیە كە مرۆڤایەتی لە پەیڕەو كردنی ڕاوێژ و ڕاپرسیدا پێی گەشتووە.

بەڵام بە دڵنیاییەوە بە تێگەیشتنی گشتی، باشترین و كۆتا وێسگەش نابێت، واتە: تائێستا باشترین تەكنیك و میكانیزمە لە ناو ئەو تەكنیكانەدا كە مرۆڤایەتیی بۆ ڕاوێژكردن پێیان گەشتووە.

لەم ڕوانگەیەوە واتای ئەو تێكەڵ كردنە تێدەگەین كە لە ئاكامی دانانی شورا و ڕاوێژ، لەبەرانبەر دیمكراتییەتەوە، یان بە پێچەوانەوە، هاتوەتە كایەوە، شورا و ڕاوێژ، بەهایەكە لەناو جیهانی بەهاكاندا، دیمكراتییەتیش قۆناغ و دۆخێكی تەكنیكیە لە ژیانی ڕۆژانەدا.

کەسی واش هەیە پێی وایە و دەڵێت: دەوڵەتی مەدەنیـــــی و دیموکراتییەت، یانی دژایەتیی ئایین، یان لانی کەم نائایینیە، ئەمەش ڕاس نییە.

بەوکارەش تێکەڵ کردنێك دەکەن لە نێوان دەوڵەتی مەدەنیی یان علمانیدا و لەگەڵ دەوڵەتی ستەمگەر و نادادپەروەردا.

ستەمگەریی و نادادی دیاردە و حاڵەتێکە دەگونجێت لە دەوڵەتێکـــــی علمانیشدا ڕووبدات، وەك یەکییەتی سۆڤیەتی جاران، بە هەمان شێوە دەگونجێت لە دەوڵەتێکــی ئیسلامیشدا ڕوو بدات کە درووشمی **(لا إله إلاّ الله محمد رسول الله)** شی بەرز کردبێتەوە وەك ئێران و (سعودیە).

ئـــەمەش ئەوە دەگـــەیەنێت کـــە ستەمگەریـی وەك دیاردەیەك، دەگونجێت علمانیەکان لەژێر دروشمی علمانییەت و پێشکەوتنخوازیدا بیـکەن، خەڵکی تریش لەژێر دروشمی حاکمیەتی خوا و حوکمی شەرعدا پیادەی بکەن.

بۆیە دەبینین هەردوولا، پەیڕەویی لە فێرگەیەك دەکەن کە ئەویش ستەمگەرییە، یەکەمیان، لــەژێر درووشمی زانست و پێشکـــەوتن و شۆڕشگێڕیـدا، خەڵك دەسگیردەکـات و دەسدەگرێت بەسەر ئازادیەکانیدا و دەیانکوژێت، لەڕاستیشدا دوژمنی گەل و شۆڕشیشە.

دووەمیش، لەژێر دروشمی هەڵگەڕانەوە و کوفر و زەندەقە و ئیلحاد و جەنگەرانی **(الحِرابة)** دا، خەڵك دەسگیر دەکات و ئازادیەکانیان زەوت دەکات و دەشیان کوژێت.

بۆیە هەرچەندە هەردووکیـان لــەسەرچاوەی ستەمگەرییـــەوە ئاودەخۆنـەوە، بەڵام هەر بەدوور نـــازانرێت هەردوولا بەتوندیی دژایەتیـــی یەکتر بکـەن، هەریەکەیـان دەیەوێت دەست بگرێت بەسەر دەسەڵاتـدا و لەژێر ئـــەو درووشمە خەڵەتێنەرانـەی سەرەوەدا، دەسەڵات قۆرخ بکات بۆ خۆی.

بەدوور لەمانە هەمووی و بە گەڕانەوە بۆ بنەڕەت و بنەوان، دەبینین لەم تەکنیکە دیموکراتییەدا، کۆمەڵێك دەسکەوت بەدەس هاتوون و پێویستە بیانپارێزین و پابەندیان بین و کاریش بکەین بۆ گەشە پێدانیان کە بریتین لە:

١- بنەمای ڕاوڕای بەرانبەر و ئازادیی وشە و ئازادیی ڕۆژنامەوانیی و ئازادیی بەر هەڵستکاریی سیاسیی.

٢- بنەمای لێ پێچینەوە و لێپرسینەوە و پێداچوونەوە بە بنەمای پارێزبەندیدا.

٣- بنەمای دەساودەسکردنی دەسەڵات و هەڵبژاردنە دەورەییەکان.

٤- بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەسنیشانکردنی دەسەڵاتەکانی هەریەکەیان.

٥- تێپەڕاندنی هەڵاوێرکردنی پێڕگەرایی مەزهەبیی و نەتەوەیی لە پلەباڵاکانی دەوڵەت و گرتنەدەسی ئەرکەکاندا، هەروەها پشت بەستن بەو بنەمایەی کە لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿**قَالَتْ إِحْدَاهُمَا يَاأَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنْ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ**﴾ **القصص/٢٦**، واتە: بنەمای حوکمڕانیی کردنی خەڵك و گرتنە دەسی دەسەڵات، بەبێ گوێدان بەوەی کە ئەوانەی دەسەڵاتیان ڕادەس دەکرێت سەربە چ بۆچوونێکن، بریتییە لە: لێهاتن و ئەمانەت پارێزیی و دەسپاکیی و هیچی تر.

ئەم دەسکەوتانە لە دەوڵەتی مەدەنیدا نەبێت بەدەس نایەن، دەوڵەتێك کە پێڕگەرایی و تائیفیەت تێپەڕێنێت و لەسەر بنەمای هاونیشتمانی بوون پێك بهێنرێت.

مەدەنیی بوونی دەوڵەتیش ئەوە ناگەیەنێت کە لەگەڵ ئیلحاددایە و دژی ئایینە، یان لەگەڵ ئایینادایە و دژی ئیلحادە، هەروەها ئەوەش ناگەیەنێت کە دەوڵەتێکە کەسانێك بەبێ بەها باڵاکان و بەها ڕەوشتییەکان حوکمی دەکەن.

دەوڵەتی مەدەنیی، دەوڵەتێکە نوێنەرایەتی هاونیشتمانییەکانی دەکات، بەهەموو کەلتورە جیاوازەکانیانەوە کە لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دەردەکەون.

لەم ڕوانگەیەوە تێدەگەین کە ترسەکە لە دیموکراتییەت خۆی نییە، وەك باشترین تەکنیك بۆ ڕاپەڕاندنی شورا و ڕاوێژکردن، بەڵکو ترسەکە لە ستەمگەرییەکەیە، نەك لە دەوڵەتی مەدەنیی یان علمانیی، چوونکە ستەگەرەکە دەگونجێت مولحیدێك بێت و دەشگونجێت ئاینداریك و ئاین پەروەریکیش بێت.

هەندێ کەس خەمی بەها باڵا ئیسلامیەکان دەخۆن، ئێمەش دەڵێین: لەم حاڵەتەدا هیچ پێویست بە ترس ناکات.

بەها باڵا ئیسلامییەکان بەهای مرۆیین و کۆمەڵگە بە گشتیی ئەرکی پاراستنیان لە ئەستۆ دەگرێت، بەڵام ئەو حاڵەتە پێویستی بە ئازادیی ڕادەربڕین هەیە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بتوانێ ئەو کەسانە بدۆزێتەوە کە هەوڵی پێشێل کردنی ئەو بەهایانە دەدەن و سزایان بدات، ئەمەش کاتێك دەبێت کە توانای وشە و دەربڕین، لە توانای چەك و تفەنگ بەهێز تر بێت.

ئەگەر لەوڵاتێکی وەك میسردا سیستەمێکی دیموکراتیی تەندرووست دامەزرا، مانای ئەوە نییە کە خەڵکی ئەو وڵاتە بوونەتە خاوەنی کەلتورێکی فەرەنسیی یان ئینگلیزیی، بەڵکو میسر بە عەرەبیی دەمێنێتەوە و گەلەکەشی هەر بە خاوەنی کەلەپوورێکی ڕیشەداری عەرەبیی ئیسلامیی دەمێننەوە.

تەنها ستەمگەرییە هەوڵی سەپاندنی کەلتورێکی نامۆ و جیا لە باو، دەدات بەسەر گەلاندا، بەڵام دیمکراتییەت وانیە و واش ناکات.

باشترین نموونەش بۆ ئەم ڕاستیە، توونس و ئێرانن، لە توونس سیستمە حوكمڕانەكان بە زەبری هێز، سفور و پۆشاكی مۆدەیان سەپاند بەسەر خەڵكەكەیدا (ستەمگەریی)، لە ئێرانیش حجاب و باڵاپۆشیی بە زەبری هێز سەپێنراوە بەسەر خەڵكی وڵاتەكەدا (ستەمگەریی).

لە دیدی ئێمەوە هیچ جیاوازییەك نیە لە نێوانیاندا، وەك پێشتر گوتمان هەردووكیان لە یەك سەرچاوەوە ئاو دەخۆنەوە كە ئەویش ستەمگەرییە.

ئەو دروشمە زرقوبرقانەش نەت خەڵەتێنێت كە یەكەم بەناوی پێشكەوتن و شارستانیی بوونەوە و دووەمیش بەناوی شەرع و ئیسلامەوە بەرزیان دەكەنەوە.

كەسانی وایش هەن باسی پەرلەمانی هەندێ لەو وڵاتانە دەكەن كە، دانیان ناوە بە هاوڕەگەز بازیدا و لەڕووی یاساییەوە ڕێگەیان پێداوە، یان ئەو پەرلەمانانەی كە لەڕووی یاساییەوە دانیان ناوە بە: بوونی حەب و دەرمان و پێداویستیی ڕێگە گرتن لە سكپڕبوون،لە خوێندنگەی كچاندا و لافی ئەوە لێدەدەن كە ئەوە لە بەرهەمەكانی دیموكراتییەتە.

ئێمەش دەڵێین: هەر كۆمەڵگەیەك تایبەتمەندیی و سروشتی خۆی هەیە، خەڵكی هەر وڵاتێك خۆیان بڕیار دەدەن چییان دەوێت، ڕەوا نییە ئێمە ئەوە بكەینە بیانوو بۆ دژایەتیكردنی دیموكراتییەت وەك ئامرازێك بۆ جێبەجێ كردنی شورا و ڕاوێژ كردن و ئاوێنەیەكیشە بۆ نواندنی كەلتوور و ڕەوشتی گەلان.

ئەگەر كەسێك یان دەستەیەك هەوڵی دا كە بابەتی هاوڕەگەزبازیی بباتە پەرلەمانی یەكێك لەوڵاتە عەرەبییە یان ئیسلامییەكانەوە، ئایا ڕێژەی نەیاریی و دژبەریی ئەو پێشنیارە چەند دەبێت؟ گومان لەوەدا نییە كە بە دەیان ملیۆن كەس دژی دەوەستنەوە، چوونكە كەلتووری عەرەبیی و ئیسلامیی، بە حەرامكراو و بەها باڵاكانیشەوە، دوای زیاتر لە چواردە سەدە، بوونەتە بەشێك لە ئاگایی و ویژدانی خەڵكی ناوچەكە.

لەم ڕوانگەیەوە من وای دەبینم کە هەچ سیستەمێکی دیموکراتیی لەهەر وڵاتێکی عەرەبیی و ئیسلامیدا حوکم بگرێتە دەس، کار دەکات بۆ زیاتر ڕیشەداکوتانی ئەو کەرلتوورەی کە خەڵکەکە هەیەتی، ئیتر ترسی ناوێت و هیچ کات هاوڕەگەزباز و مولحیدەکان نابنە هەڕەشە لەسەری.

لەوانەیە کەسێك بپرسێت و بڵێت: ئەی ئەگەر بەزەبری هێز کەلتوورێکی نامۆ سەپێنرا؟

منیش دەڵێم: لەو حاڵەتەدا دەگەڕێینەوە سەر گرفت و کێشە بنەڕەتییەکەمان، کە بریتییە لە ستەمگەریی و نادادیی.

جەنگی گەورەمان لە بنەڕەتدا لەگەڵ ستەمگەریدایە، بۆ لەناوبردن و بنبڕ کردنی لە ناو دەوڵەتی مەدەنیی و دیمکراتیدا، ئیتر جیاوازیی نییە ستەمگەریی و نادادیی ئایینیی بێت یان علمانیی.

لەدیدی ئێمەوە، لێرەوە چەمك و تێگەیشتنی دژبەریی و بەرهەڵستکاریی وەك بناغەیەك بۆ ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا سەرهەڵدەدات.

بەرهەڵستکاریی (**المعارضة**) و پیادەکرنی لە ژیاندا، یەکێکە لە چەمکە سیاسییە جەوهەرییەکان لە بیروباوەڕ و عەقیدەی ئیسلامییدا.

بەرهەڵسکاریی وەك بنەما و بەهایەیەك، بریتیە لە فەرمان بەچاکە و ڕێگریی لە خراپە، بەڵام ئەمیش وەك هەموو بنەما و بەها باڵاکانی تر، لایەنێکی تەکنیکیی هەیە.

ئەو لایەنە تەکنیکیەش کە بەرهەڵستکار لە ڕێگەیەوە کارەکەی ئەنجام دەدات، وەك هەموو لایەنە تەکنیکییەکانی بەهاباڵاکانی تر، ئەمیش ملکەچی گەشەی مێژووییە.

چوونکە فەرمان بەچاکە و ڕێگریی لە خراپەش چەن ئاستێکی هەیە.

چاکە و مەعروف ئەوەیە کە خەڵکی شوێنەکە بەچاکەی بزانن و وای بناسن، هەموو شتێکی حەڵاڵی ڕێگە پێدراو دەگرێتەوە کە بەلای خەڵکەکەوە پەسەند بێت، مونکەر و ناپەسەندیش بەرفراوانترە لە حەرام، مونکەر و ناپەسەندو، حەڵاڵ و قەدەغە و حەڵاڵی نەخوازراو، لەلایەن کۆمەڵگەوە (ئەوەی جیاوازبێت لە بەند و باوەکان) دەگرێتەوە، هەموو حەرامێکیش مونکەر و ناپەسەندە، بەڵام هەموو مونکەر و ناپەسەندێك حەرام نیە.

سەیری فەرموودەی خواوەند بکە لە بارەی هاوڕەگەزبازیی ئاشکرا و دەستەجەمعییەوە (گەلی لوط) کاتێ کە ناپەسەندێکیان دەکرد: **﴿وَتَأْتُونَ فِي نَادِيكُمْ الْمُنكَرَ﴾ العنکبوت/٢٩.**

بۆیە تێگەیشتن و چەمکی فەرمان بە چاکە و ڕێگریی لە خراپە،وەك ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتیی سیاسیی، هاتە ناوەوە و گشتگیر ترە لە فەرمانکردن بە حەڵاڵ و ڕێگریی لە حەرام، ئەمەش ئەرکی سەرەکیـــی و بنەڕەتیی بەرهەڵسکارییە، چوونکە بەشێك لە ئەرکەکانی، دژوەستانەوە و ناڕازیی بوونە بەو سیاسەتانەی کە لە ئاراستەی دروستا نین.

هەروەك چۆن بەبێ سندوقی دەنگدانیش شورا لە خێزاندا بوونی هەیە، بە هەمان شێوە فەرمان بە چاکە و ڕێگریی لەخراپەش لە خێزاندا بوونی هەیە، ئەمانەش هەموو کاری خۆیان دەکەن، بەبێ ڕۆژنامە و ڕێپێوان و ناڕەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندان.

بەڵام لە کۆمەڵگەدا و لەسەر ئاستی ڕێساسازیی و ئابووریـــــی، تەکنیکی فەرمان بەچاکە و ڕێگریی لە خراپە لە ژمارەی حزبەکاندا دەبێت.

حزبی سیاسیی باشترین تەکنیك و میکانیزم و ڕێکارە کە مرۆڤ پێی گەشتووە بۆ ڕاپەڕاندن و پیادەکردنی فەرمان بەچاکە و ڕێگریکردن لەخراپە، بەگشتیی لە ناو کۆمەڵگەدا.

لەم ڕوانگەیەوە باشتر لەو فەرموودەی خواوەند تێدەگەین کە دەفەرمووێت: **﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنْكَرِ﴾ آل عمران/١٠٤.**

واتە: باواتان لێبێت و ببنە ئوممە و گەلێك کە، بانگەواز بۆلای باشە بکەن و فەرمان بکەن بە چاکە و ڕێگریی بکەن لە خراپە.

بەو پێیەش کە لە هەمووکەس زیاتر، ئەو کەسانەی دەسەلآت و بڕیارە کۆمەلآیەتیی و ئابووریی و سیاسییەکانیان بەدەستە، بۆی هەیە هەستن بە پێشێل کردنی بەها بالآکان و خراپ بەکارهێنانی دەسەلآت، واتە ئەو حزبانەی کە حوکمڕانی بەدەستی خۆیانە یان زۆرینەی پەرلەمانی هی ئەوانە، بۆیە پێویستە (پێویستە نەك باش وایە)،هێزێکی بەرهەلستکار بوونی هەبێت بۆ پەردەلادان و ئاشکرا کردنی پێشێل کارییەکانی ئەوکەسانەی کە سەربە دەسەلآتن و بەها بالآکان پێشێل دەکەن (کۆد و ژمارەی نهێنیی ڕەوشتیی)، هەروەها بۆ ئاشکراکردنی هەلەکانیان لە سیسەتەکانیاندا لەبوارەکانی ئابووریی و کۆمەلآیەتیی و سیاسەت و بواری دادوەریی و ڕێساسازیی و تەواوی بوارە گشتیەکاندا.

بەبێ ئەمە، فەرمان بەچاکە و ڕێگریی لە خراپە، وەك دروشمێکی جوانی بەتالکراوە لە واتاکانی، دەمێنێتەوە و لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆنەکان و گوتارەکانی ڕۆژانی هەینیەوە هەر دەیلێین و دەیلێینەوە، یان دەبێتە دروشم بۆ کۆمەلە چەکدارە نهێنییەکانی دەرەوەی یاسا.

بەوپێیەی کە ڕێساسازیی و ئابووریی و سیاسەت، لەسەر پێگەی مەرجدارکردنی حەلآلْ دەوەستن، بەدلنیاییەوە بەرژەوەندییەکان لێك دەئالێن و ڕێی تێدەچێت، بگرە و بەردە و ناکۆکیی لەنێوان تاکەکانی ئەو کۆمەلآنەدا سەرهەلْ بدات کە باوەڕیان هەیە بە بەها بالآکان و سرووتە ئیمانیەکانیش ئەنجام دەدەن.

ئەو بەرژەوەندییانەی کە کرۆك و تەوەرەی سیاسەتن، کۆمەلگەیەکی مرۆڤایەتیی نییە ئەو بەرژەوەندییانەی تێدا نەبێت، هەر ئەو بەرژەوەندییانە بوون، کە پاش کۆچی دوایی پەیامهێن (سلاوی لەسەر) لە پشتی ڕووداوەکانی کەپرەکەی خێلی ساعیدەوە خۆیان نواند، ئەوەش

دیاردەیەكی سروشتیی ناو هەموو كۆمەڵگەیەكە وهیچ چەشنە نەنگییەكی تێدا نییە، ئەگەر بەو شێوەیەش لێی تێنەگەین، وەك ئەوكەسەمان لێ بەسەر دێـت كەسەری دەكات بەناو خۆڵدا و لاشەی بەدەرەوەیە و وادەزانێت ئیتر خەڵك نایبینن.

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە كە پێویستی هەر سیستەمێكی فەرمانڕەوایی، تەنها بوونی بەرهەڵستكارێكی ئاسایی نییە كە پێشێلكاریی و هەڵەكان ئاشكرا بكات و فەرمان بكات بەچاكە و ڕێگریی بكات لە خراپە، بەڵكو هەموو سیستمێكی حوكمڕان، پێویستی بە بەرهەڵستكارێكە كە هاوسەنگیی بەرژەوەندییە جێناكۆكییەكانیش بپارێزێت.

ئەمە ئەو لایەنە بوو كە یەكیەتیی سۆڤیەت دوای شۆڕشی بەلشەفیەكان، نەك هەر نادیدەی گرت، بەڵكو تێكی شكاند بەسەر یەكدا، كاتێك بەرهەڵستكاریی لەناوبرد و لەبەریەكی هەڵوەشاند و بەها باڵاكانی مرۆڤایەتیشی كەنار خست و وای دانان كە بەها و بنەماگەلێكی بورجوازیی و دژ بە مرۆڤایەتین، هەروەها كاتێك دانی نا بە تەنها یەك كۆمەڵە و دەستەدا و ئەوانی تری نادیدەگرت و دانی بە بوونیاندا نەنا و لەڕووی ماددیی و نامادديشەوە هەوڵی سڕینەوەی دان، تا دواجار خۆیشی و كۆمەڵگەكەشی هەڵوەشاند.

یەكییەتی سۆڤیەت بە ئاشكرا و بێ پەردە و لەژێر دروشمی دكتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا، بانگەوازی ڕقلێبوونەوەی بەرز كردەوە، وەك ئەوەی كۆمەڵگە بەبێ دكتاتۆریەت و تاكڕەویی نەتوانێت ببێت و بژیەت.

بەها و بنەما ئیسلامییەكان، بەها و بنەماگەلێكی مرۆیین و دەس دەدەن بنە لێوەگەڕ و مەرجەعی ڕەوشتیی بۆ هەر دەستورێك، ئەو بەها ئیسلامیانە هەروەك چۆن لەخەمی بەرهەڵستكاریدان، بەهەمان شێوە لە خەمی دەسەڵاتی حوكمڕانیشدان، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە لەسەر هەریەك لە دەسەڵات و بەرەی بەرهەڵستكار كە لەیەكتر تێبگەن و هاوكاریی

یەکتر بکەن بۆ دۆزینـــەوە و ئاشکراکردنـــی ئەو کەسانـــەدا کەلەهەوڵـی پێشێل کردنی بەهاو بنەماکاندا بن.

چوونکە هیچکەس وەك بـــەرەی بەرهەڵستکـاریی، کــە بەرزترین ئاستـی فەرمان بە چاکە و ڕێگریـــی لە خراپەیە، نـــاتوانێت هەستێت بە دۆزینـــەوە و پەردەلـەسەر هەڵماڵین لـەسەر ئەو پێشێلکاریانەی کــە لە سیاسەتـــی ناوخۆیـــی و دەرەکیـــی و بواری ئابوریـــی و ڕێساسازییدا ڕوودەدەن.

دروشمەکانی باوەڕیش، بەهای ڕەوشتیی نین، بەڵکو سرووتی ئیمانیی و باوەڕدارین.

نـــوێژ کـــردن و ڕۆژوو گرتـــن و حەج و زەکـــات پرسگـــەلێکن، بەرهەڵستـکـــار نایـان کات و دەستیشیان تێدا وەرنادات، چوونکە لەسەر ئاستی پەروەردەیی و تاکە کەسیدان، بۆ نموونە: بەرهەڵستکار بۆی نییە و مافی ئەوەی نییە لێ پێچینەوە لەگەڵ خەڵکدا بکات لەسەر نوێژ و ڕۆژوو، چوونکە هیچ پەیوەندییەکیان نییە بە بڕیارە ئابووریی و سیاسیی و ڕێساییەکانەوە، بەڵکو پێویستە لەسەری لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا بکات لەسەر باش ئەنجامدانی ئەرکەکانیان و تایبەتمەندییـــەکانـی بەرهـــەمهێنـــان لە کـــارەکانیاندا: ﴿**وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيـــــزَانَ بِالْقِسْطِ**﴾ **الأنعام/ ١٥٢**، ئەرکـــی سەرشانیـــەتـــی لێپرسینـــەوە و لـــێ پێچینەوە بکات لەسەر ئاستی دادپەروەریـــی و دادوەریـــی: ﴿**وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ**﴾ **النساء/٨٥**، ئەرکیانە بەدواداچوون بکەن لەبـــارەی مافەکانـــی خەڵکـــەوە: ﴿**وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ**﴾ **هود/٨٥**، هەروەها لەبارەی ڕادەی پابەندبوون بە بەڵێن و پەیمانەوە و لەسەرو هەمووشیانەوە بە پەیمانی خواوەندەوە، هەروەها بەدوادا چوون بکەن لەبارەی پابەندیی کاربەستان و خەڵکیشەوە بە ڕاسگۆییان لە شایەتیدانەکانیاندا و لە ڕادەی جێبەجێ کردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و یەکسانیی لە ڕەخساندنی هەلەکانی کار و خوێندن و ..تاد.

ئەمانە هەمووی لە کرۆکی کار و ئەرکەکانی بەرهەڵسکاری و ئوپوزسیونن، هەرچەندە مەزەبی ئایینی و پێڕ و دەستە لە کۆمەڵگەدا زۆر بن، چوونکە یەك کەس ناتوانێت، باوەڕدار بێت یان گاور یان جوو یان موڵحید، نارەزایەتی لەئاست بەها باڵاکاندا دەرببڕێت و ڕێگە بگرێت لە داکۆکیی کردنی خەڵك لێیان، چوونکە هەرکەس کاری وا بکات خۆی لەبازنەی مرۆڤایەتی دەخاتە دەرەوە.

بەڵام سرووتەکان و پایەکانی باوەڕ، وەك گوتمان تاکەکەسین.

لێرەوە دەتوانین لەو تێکەڵکردنە تێبگەین کە ڕوویداوە لە نێوان پایەکانی ئیسلام (بەها باڵاکان)و پایەکانی باوەڕ(سرووتە ئایینییەکان)دا و لەوەش تێدەگەین کە لە ئاکامی ئەو تێکەڵکردەنەوە هاتوەتە کایەوە.

پایەکانی ئیسلام بناغەی کاری بەرهەڵستکاریی و پرۆسەی بەرهەڵستیی و فەرمان بە چاکە و ڕێگریی لە خراپەن، پایەکانی باوەڕیش بە هیچ شێوەیەك ڕووبەڕوو ناوەستنەوە لەگەڵ ستەمگەریدا، چوونکە بۆ ستەمگەر گرنگ نییە خەڵك نوێژ دەکات یان نا، لەوەش زیاتر، هەندێ جار، ستەمگەر نوێژیش دەکات لەگەڵیاندا و ئەگەر دەستیش بدات خۆی دەکاتە ئیمام و پێشەواشیان.

بۆیە دەڵێین: ئەوانەی داوای جیا کردنەوەی سرووتە ئایینییەکان لە دەوڵەتداری دەکەن، لەسەر حەقن، چوونکە بەرپا کردنی ئەو سرووتانە، نەك هەر دژی دیمکراتییەت ناوەستێتەوە، بەڵکو پشتگیریشی دەکات و زیاتریش دەی چەسپێنێت.

پایەکانی ئیسلام و بەهاباڵاکانیشی (یاسای ڕەوشتیی)، بەشێوەی شاولیی، دژ دەوەستنەوە بەرووی ستەمگەریدا، چوونکە ستەمگەریی، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان، ئەگەر نەڵێین، تاکە هۆکارە بۆ بڵاو بوونەوەی گەندەڵیی و پیسخۆریی لە کۆمەڵگەکاندا.

بۆیە ئەوانەی پێیان وایە ئەرکی فەرمان بەچاکە و ڕێگریی لە خراپە، قەتیس دەبێتەوە لە ناچارکردنی خەڵکدا تا نوێژ بکەن و ڕۆژوو بگرن، یان وازیان لێبهێنن و تەرکی بکەن، ئەوکەسانە بە هەردوو دیوەکەدا بەهەڵەدا چوون و خەڵەفاون و گرنگترین بەهای مرۆییان ئەتک کردووە کە بریتییە لە ئازادیی. مرۆڤ نوێژ بەویستی خۆی دەکات و ڕۆژووش بە خواستی خۆی دەگرێت و بەهیچ شێوەك جێگەی زۆرلێ کردنیان تێدا نابێتەوە.

پێویستە هەموو هەوڵەکانمان لە سەدەی بیستویەکدا لەو ئاراستەیەدا بن کە هەوڵ بدەین دەوڵەتی مەدەنیی و شارستانیی و دیموکراتیی بونیاد بنێین، دەوڵەتێك کە کەلتووری ئومە و بەها باڵاکانی بەشێوەیەکی سروشتیی و بەبێ هیچ زۆر لێ کردنێك تیایدا دەرکەون، دەوڵەتێك کە دامەزراندن و گرتنەدەستی ئیش و ئەرك تیایدا لەسەر بنەمای (بەهێزی دەسپاك ـ **القوي الأمين**) بێت، واتە: لێهاتوویی و دەسپاکیی، دەوڵەتێك لەسەر بنەمای چاودێریکردن و پاراستنی بەرژەوەندییە جێناکۆکەکانی هەموو کۆمەڵەکان دابمەزرێت.

خوێنەری خۆشەویست، ئێستا کاتی ئەوەیە هەموومان نزا بکەین و بپاڕێینەوە لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی شارستانیی هاوچەرخدا، دەوڵەتی زۆرکاریی نییە لە ئاییندا و زۆرکاریی نییە لە بیر و باوەڕدا، دەوڵەتێك کاربکات بۆ هێنانە خوارەوەی ئاستی دەستێوەردان لە ژیانی خەڵکدا بۆ خوارترین ئاستەکانی دەستێوەدان.

سوپاس بۆ خواوەندی خاوەن، کاتژمێر هەشتی سەر لەئێوارەی ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/١٥ پاش شەونخوونیی و کات دانەوە دەم یەکێکی زۆر، لە وەرگێڕانی ئەم بەرگە و تایپ کردنی بوومەوە.